**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 71

**ساڵی/ 2011 – بەرگی حەفتاو یەك**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی 2012**

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2011)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 71
چاپی یەكەم: 2012
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: سروە هادی، شرمین خدر، سازان سلیم، تارا رشاد، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست

پـــرۆتۆكۆلی دانیشـــتنی ژماره (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/8/8 ل

5

پـــــرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/8/9 ل

71

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/8/17 ل

85

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4) ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2011/8/18 ل

173

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2011/8/25 ل

183

پـــرۆتۆكـــۆلی دانیشـــتنی دەسپێك خولی سێیـــەمی هەڵـــبژاردن – دوو شەممە 2011/9/12 ل 265

پـــرۆتۆكـــۆلی دانیشتـــنی ژمـــاره (1)ی خولی سێیەمی هەڵـــبژاردن – دوو شەممە 2011/9/19 ل

273



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی**

**دووشەممە رێکەوتی 8\8\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی

## دووشەممە ڕێکەوتی 2011/8/8

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/8/8 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/8/8 دا بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆ کردن لەبارەی تۆپبارانی جمهوریەتی ئیسلامی ئێران بۆ ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (1)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2011/8/8، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمی برگە (1)ی ماددە (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نێوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 8/8/ 2011دا بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆ کردن لەبارەی تۆپبارانی جمهوریەتی ئیسلامی ئێران بۆ ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگەو لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەین کەرەم بکەن بۆ سەر مەنصە، زۆر سوپاس.

بەڕێزان، ماوەیەکە هەموومان ئاگادارین کۆماری ئیسلامی ئێران تۆپبارانی ناوچە سنووریەکان دەکات، تۆپبارانەکانیش گەیشتۆتە سەر گوندەکان و زۆر جێگای مەدەنی زەرەرو زیانی پێ گەیشتووەو شەهیدمان داوە، بریندارمان داوە، هاووڵاتیان ئاوارە بووینە، کشتوکاڵ تێکچووە، ئاژەڵ کوژراون، خەڵکەکە دەربەدەر بووە، لەم ماوەیە زۆر لە سەرۆکایەتی پەرلەمان حەرەکەتێکی بەقوەتمان کردووە، بەداخەوە ڕێزمان بۆ

ڕاگەیاندنەکان هەیە لەزۆر جار باس دەکرێت کەئەنەما پەرلەمان هیچی نەکردووە، هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێزو خەڵکی کوردستان لەو ماوەیەی کە تۆپبارانەکە دەستی پێ کردووە، من خۆم شەخصی وەك سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ برای بەڕێزم کاك دکتۆر ئەرسەلان بایز لە پەیوەندی بووینە، لەگەڵ ڕێزدار سەرۆك کۆماری عێراق، ئێمە لە بیدایەتەوە پەیوەندیمان کردووەو قسەمان لەگەڵی کردووە دەربارەی ئەو وەزعە، لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پەیوەندی بووینە تاکو گەیشتە ئەوەی کە لیژنەیەکی موشتەرەك لە لیژنەی دیفاع و خارجیەشیان بێنە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگەو لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان سەردانی مەیدانی بکەن، پاشان ڕاپۆرتی خۆیان بنووسن، لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئێمە بەردەوام لە پەیوەندی بووینە، بۆ ئەوەی چارەیەکی دیبلۆماسی سیاسی زوو بۆ ئەم کارە بدۆزرێتەوە، لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت لە پەیوەندی بووینە، بەردەوام لەگەڵ کاك دکتۆر بەرهەم و کاك ئازاد بەرواری لە پەیوەندی بووینە، هەوڵمان داوە کە ڕێگایەك بدۆزرێتەوەو زەحمەت لە بەغدا بکرێت، لەگەڵ وەزیری خارجیەی عێراق کاك وشیار زێباری لە پەیوەندی بووینە، داوامان لێ کردووە کە تەدەخول بکەن لە ڕێگای وەزارەتی خاریجیەوە، کە کاری خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی ئەو تۆپبارانە کۆتایی بێتن و موباشیر لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دانیشتووین، لەگەڵ چەند قونسوڵیان، لەگەڵ نوێنەریان کە لە تارانەوە هاتووە، ئێمە بەردەوام لە پەیوەندی بووینە لە موناسەباتی موختەلیفیش ئیدانەمان کردووە، چونکە هەرچی بێ موبەریر، موبەریر ئەوە نییە تۆ گوند بۆردومان بکەیت و مزگەوت برووخێنی و قورئان بسووتێنی و خەڵك شەهید بکەیت و خەڵك بریندار بکەیت، لە هەمان کات ئێمە ئیحتیرامی سنووری سیادەی دەوڵەتەکانی جیران دەگرین و بۆ هیچ کەسێك نییە ئیستیفادە لە سنوورمان بکات و زەرەر بە لایەنەکەی تریش بگەیەنێت، لە موناسەباتی موختەلیف وەك گوتم ئیدانەمان کردووە، لە موقابەلاتی تەلەفزیۆنی و لەگەڵ ڕۆژنامەکان، وەفدی لیستەکانی موختەلیفی ناو پەرلەمانی کوردستان لە گشت لایەنەکان لە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن سەردانی مەیدانیان کردووەو خەڵکەکانیان بینیوە، لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیستیقبالی وفودمان کردووە، کە بۆ ئەو موناسەباتانە هاتوونە، کە ڕێگایەك بدۆزرێتەوە، یەعنی ئەوە نییە پەرلەمانی کوردستان هەر حەرەکەتێك بکاتن ناچێت ئیعلانی بکاتن، بەلاَم لەمانەش زۆرتر کە بۆ ئێوەی بەڕێز باسمان کردووە، ئێمە بەردەوام لەسەری بووینەو، ئێستاش دەبێت کار بکەین، بۆ ئەوەی ڕێگایەك بدۆزینەوە، ئەو تەعدایە، ئەو زوڵمە لە خەڵکی ئێمە کۆتایی پێ بێت، ئێمەش خاوەنی خەڵکی خۆمانین و دەڵێین خەڵکەکەمان لە ئەمان بژین، لە ئیستیقرار بژین و باوەڕیان بەوە هەبێت کە تەعدایان لێ ناکرێت و زوڵمیان لێ ناکرێت، ئێستاش ئەم کۆبوونەوەیە کە ئەنجام درا لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بوو، کە داوایان کرد کە جەلسەیەکی نائاسایی بکرێت، هەروەها پێشنیاری لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگەو لیژنەی مافی مرۆڤیش بە هەمان شێوە، ئێستا داوا دەکەین لیژنەی یاسایی ناوی ئەو بەڕێزانە بخوێنن، کە داوای دانیشتنی نائاساییان کرد بوو، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ داواکاری کۆبوونەوە**

ئێمە وەکو کۆمەڵێك ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، کە ناو و واژوومان لە خوارەوە کردووەو هاتووە، داوای سازدانی کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان دەکەین، بۆ گفتوگۆ کردن لەبارەی ئەو هێرشە تۆپبارانەی وڵاتی ئێران بۆ سنووری هەرێمی کوردستان، هەروەها پێشنیاری لیژنەی مافی مرۆڤ بە نووسراوی ژمارە (36) لە 2011/7/19.

ناوی ئەو ئەندامانەی کەوا داوای دانیشتنی نائاساییان کردووە:

1- سەرگوڵ رضا حسن.
2- زکیە سید صالح.
3- صبیحە احمد مصطفی.
4- تارا تحسین ئەسعەدی.
5- هاژە سلیمان مصطفی.
6- بکر کریم محمد(ئاسۆ).
7- سمیرە عبداللە اسماعیل.
8- سالار محمود مراد.
9- حمدیە معروف احمد.
10- بەفرین حسین خەلیفە.
11- ایوب نعمت قادر(ئارام).
12- صباح محمد نجیب.
13- احمد سلیمان عبداللە(بلال).
14- ناسك تۆفیق عبدالکریم.
15- نەریمان عبداللە قادر.
16- عمر عبدالعزیز بهاءالدین.
17- حمە سعید حمە علی.
18- بەیان احمد کۆچەری.
19- د.رێباز فتاح محمود.
20- هاوڕاز شێخ احمد.
21- کاردۆ محمد پیردواد.

22- كاروان صالح احمد.

23- عدنان عثمان محمد.

24- د.احمد ابراهيم على(وەرتى).

25- ڤيان عبدالرحيم عبدالله.

26- پەيمان عزالدين عبدالرحمن.

27- پەيام احمد محمد.

28- سيوەيل عثمان احمد.

29- عبدالله محمد نورى.

30- عظيمة نجم الدين حسن.

31- شێرزاد عبدالحافظ شريف.

32- پەيمان عبدالكريم عبدالقادر.

33- عبدالرحمن حسين ابابكر.

34- نەسرين جمال مصطفى.

35- ئاشتى عزيز صالح.

36- على حسين.

ئەو بەڕێزانە بوون کەوا داوای دانیشتنی نائاساییان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش ئەگەر راپۆرتەکەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

بابەت/ راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان

رۆژی 2011/7/21 وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان، کە پێکهاتبوو لە لیژنەکانی (ناوخۆ و پێشمەرگەو مافی مرۆڤ) بە یاوەری وەفدێکی پەرلەمانی عێراقی کە پێکهاتبوو لە لیژنەکانی (ئاسایش و بەرگری و پەیوەندییەکانی دەرەوە) بە سەرپەرشتی (حسن سنيد)، وەفدەکە سەردانی هەردوو دەڤەری باڵەکایەتی و پشدەری کرد، جگە لە دانیشتنی فەرمی و بینینی دامودەزگا ئیداری و فەرمیەکانی هەردوو دەڤەرەکە لە نزیکەوە ناوچە تۆپبارانکراوەکانی بەسەر کردەوە، دوای گوێگرتن و پرسیار کردن لە دانیشتوانی ناوچەکەو خەڵکی ئەو گوندانەی کە ئاوارە بوون، لیژنەکەمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا سەرنج و تێبینی و پێشنیار بۆ بارودخی ناوچەکە روون دەکاتەوە، بەم جۆرەی خوارەوە:

خاڵی یەکەم:

1- ماوەی مانگ و نیویێکە تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران رۆژانە تۆپبارانی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش بۆتە مایەی ئاوارە بوونی گوندنیشینانی سنووری ناوچەکای باڵەکایەتی و پشدەر، تۆپباران کردنەکە ئەو گوندانەشی گرتۆتەوە کە زیاتر لەبیست کیلۆمەتری زەمینی دوورن لە سنووری وڵاتی ئێران و هەرێمی کوردستانەوە، بۆ نموونە (گوندی سوونییێ و پردی بەردینەو ئاریەرەش و سێوکەو سەرخان و ناوچە کوێستانەکانی گوندی رەزگە، کە دەکەوێتە سنووری ناوچەی ژاراوەی قەزای پشدەر لە دەڤەری پشدەرەوە، هەروەها گوندەکانی ئێنێ و وێزەو کانی سپی لە دەڤەری باڵەکایەتی).

2- زیانی گەورە بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ناوچەکە گەیشتووەو زیانی ماددی و مەعنەوی زۆری لێکەوتۆتەوە، جگە لە شەهیدو بریندار بوونی چەندین هاووڵاتی، هەروەها ئاوارە بوونی دانیشتوانی گوندەکان و سووتانی سەدان هێکتار زەوی کشتوکاڵی و رەزو باخ، کە زیانی ئاژەڵی و کشتوکاڵی زۆر زۆرە، لەبەر ئەوەی دەڤەرەکە دەڤەرێکی لەبارە بۆ ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کردن، هەروەها لەناوچوونی سەدان سەرە مەڕو بزن و چەندین کوورە هەنگ.

3- ئیدارەی هەردوو قەزای چۆمان و پشدەر بە روونی و بە تێرو تەسەلی بۆ لیژنەکەیان روون کردەوە، کە چەندین ساڵەو لە ماوەی پانزە ساڵی رابردوودا ساڵانە لەم وەرزەدا ناوچەکانیان رووبەڕووی پەلاماری تۆپخانەکانی وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێتەوە، بەتایبەتیش لەم وەرزەدا، کە وەرزی چاندن و چنینەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و ئاوەدانی گوندەکان و هاتنی ماڵە کۆچەریەکانە، بە مەبەستی خۆ ژیاندن و بەرهەمداری.

4- خەڵکی دەڤەرەکە پێیان راگەیاندین کە ئەو ناوچانەی تۆپباران دەکرێن لەناو خاکی هەرێمی کوردستان هیچ بارەگایەکی (پژاك) و بوونی چەکداری ئەو رێکخراوەی لێ نییە، ئەگەر هەبێت لە چیای قەندیل و ئەو ناوچە شاخاویە سەختانەن کە هیچ ئاوەدانیەکی لێ نییە.

5- خەڵکە ئاوارە بووەکە لە بارێکی دژواری مرۆیدا پێویستیان بە هاناوە چوونی بە پەلە هەیە، گەرچی رێکخراوی (UNHCR) و رێکخراوی (IOM) کەل و پەلی فریاگوزاری بەسەر بەشێك لە ئاوارەکانی دەڤەری پشدەر دابەش کردووە، بەڵام ناوچە زەرەمەندەکە بەگشتی پێویستیان بە هاناوە چوونی خێرا هەیە.

خاڵی دووەم:

1- بەپێویستی دەزانین پەرلەمانی کوردستان بە فەرمی لەگەڵ پەرلەمانی عێراقدا، حکومەتی ئیتیحادی رابسپێرن بۆ چڕکردنەوەی هەموو هەوڵێکی دبلۆماسی، بۆ راگرتنی تۆپبارانەکان و دۆزینەوەی میکانیزمی مەدەنی، بەپێی رێزگرتن لە سیادەی هەردوو وڵات، بۆ کۆتایهێنان بەو بارودۆخە نائارامە.

2- داواکاری سەرەکی خەڵکەکە راگرتنی تۆپبارانەکان و ئاسانکارییە بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدو لەوەرگاو گوندەکانیان.

3- بەردەوام بوونی ئەم دۆخە ئەگەری مەترسیداری لێ دەكەوێتەوەو كاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندی نێوان (عێراق و هەرێمی كوردستان و كۆماری ئیسلامی ئێران)، ئەمەش لە قازانجی هەرێمی كوردستان و بێگومان هیچ لایەكی تری تێدا نییە.

4- پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان تیمی مەیدانی پێك بهێنێت، بۆ بەهاناوە چوونی زیان لێكەوتووان و ئاماركردنی ئەو زیانە ماددی و مەعنەویانەی لە ئەنجامی ئاوارە بوون بە تۆپباران كردن بەر خەڵكەكە كەوتووە.

5- لیژنەكەمان هەڵسەنگاندنی ئیجابی هەیە بۆ هەردوو قائیمقامیەتی قەزای چۆمان و قەزای پشدەرو هێزەكانی پاسەوانی سنوور، كە تا ئێستا بە گیانی بەرپرسیارانەوە لەگەڵ ئەو دۆخە مامەڵەیان كردووە.

6- لەبەردەوام بوونی تۆپبارانەكاندا بە پێویستی دەزانین سەرۆكایەتی پەرلەمان دیراسەی كۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان بكات، بۆ دیاری كردنی هەڵوێستی هەرێمی كوردستان و هەوڵدان بۆ كۆتایی هێنان بەو دۆخە نالەبارە.

بەڕێزان، دوای سەردانمان بۆ قەزای پشدەرو قەزای چۆمان، لە دوا جار تۆپباران دەستی پێ كرد لە سنووری قەزای سۆرانیش، بەتێبینی ئەوەمان نووسیوە، كە لە قەزای سۆران و ناحیە سیدەكانیش دیسان تۆپباران دەستی پێ كردووەو، دیارە تا دوای نووسینی ئەو راپۆرتەش تۆپبارانەكان بەردەوام بوون، ئەمە زیانگەیاندن و ماڵی زیاتری بە دوای خۆیەوە هێناو، لەوانە دوو شەهیدو بریندار بوونی چەند هاووڵاتیەكی تر لە دەڤەری سیدەكان سەر بە قەزای سۆران و شەهید بوونی منداڵێك لە دەڤەری سۆران و چۆڵ كردنی بە تەواوەتی كوێستانەكانی دەڤەری سیدەكان لەلایەن رەوەندەكانەوە، لەبەر ئەوە داواكارین بەزووترین كات مامەڵەی شەهیدەكان بۆ ئەو شەهیدانە بكرێت، واتا وەكو شەهید حیسابیان بۆ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، بەڕێزان، ئێستا وا بۆ ئێوەی بەڕێزە، ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر ئەم بابەتە بدوێن ناویان دەنووسین، كێ دەیەوێت لەسەر ئەم بابەتە قسە بكات؟ ئەم بەڕێزانەی كە ناویان نووسیوە دەیانەوێت موداخەلە بكەن، دەیخوێنینەوە، كێ ناوی نەنووسرا بێت پاشان ناوی دەنووسین، رێزداران (كاردۆ محمد، دڵشاد شهاب، هاژە سلیمان، ئارام قادر، عبدالقادر بازرگان، د.احمد وەرتی، عمر عبدالعزیز، فازل حسن، حمە سعید، بەفرین حسین، بلال سلیمان، گوڵیزار قادر، خەلیل عوسمان، بێریڤان سەرهەنگ، ئاسۆ كەریم، پەیمان عبدالكریم، عەزیمە نجم الدین، عبدالله ملا نوری، كاروان صالح، سیوەیل عوسمان، كاوە محمد امین، سمیرە عبدالله، بەیان احمد، عەونی بەزاز، نەریمان عبدالله، نەسرین جمال، عدنان عوسمان، پەیمان عزالدین، ڤیان عبدالرحیم، عبدالرحمن حسین، ئاشتی عزیز، دلێر محمود، گۆران ئازاد، فازل بەشارەتی، عمر نورەدینی، ئاسك تۆفیق، ئامینە زكری)، كەسی تر هەیە؟ فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەڕای ئەوەی كە هەوڵی لیژنەكانی ناوخۆ و مافی مرۆڤ و پێشمەرگە دەنـرخێنین، هـەروەها سـەرۆكایەتی بـاس لـەو هەوڵانـە دەكـات، بـەڵام بەڕاسـتی ئـەم كۆبوونەوەیـە، یـان ئـەو دانیشـتنە، ئـەو دانیشـتنەیە كـە دواكـەوتووە لەگـەڵ ڕووداوەكانـدا، كـە دەبوایـە لـەكاتی خـۆی پەرلـەمان بـە ئـەركی خـۆی هەڵبسـتێت، كـە هەمووما‌ن دەگرێتەوە، بۆ ئەو ڕووداوانەی كە ساڵانە لەسەر سـنوور دووبـارە دەبێتـەوە، بـەبێ ئـەوەی هـیچ گۆڕانێك لە واقیعی سنوورو كوردستان ڕوویـدا بێـت، ئێمـە لەكاتێكـدا پەیوەندییـەكی بـەهێز هەیـە لـە زۆر ڕووەوە، هەر لەڕووی ئابووری، سیاسی، ئەمنی، لەگەڵ وڵاتانی دراوسـێ، كـە دەتـوانین فشـاری زیـاتر بكـەین، بەڵام بە داخەوە لە ئاست ئەو ئەركانە دابووین بەتایبەتی موئەسەساتە ڕەسمیـەكان، بەتایبـەتی حكومـەتی هەرێم زۆر جار داوا لە دەوڵەتی عێـراق دەكـەین، چونكە دەڵـێین ئـەم كێشـانەو تۆپبارانـەی كـە سـاڵانە لـە وەرزی بەرهەمهێناندا بە خەڵكەكە دەكەوێت و، خەڵك شەهید دەكات و بریندار دەكـات و، زەرەرو زیـانێكی زۆر دەدات، وەكو وایە لە وڵاتێكی دراوسێ داوا لە عێراق بكەین پێویستە تۆ سـنوورەكان بپـارێزی و فشـاری سیاسـی و یاسـایی و دەسـتووری خـۆت بـەكار بـێنی بـۆ ئـەو وڵاتانـە، وەكـو وایـە ئێمـە هاوبـەش نـەبین لـەو حكومەتـە، نوێنـەرانی ئێمـە لـەوێ نـەبن كـە بتـوانن بەتایبـەتی ئەوانـەی كـە پەیوەنـدی بـە وەزارەتـەكانی خارجیەوە هەیە، پەیوەندی بە سەرۆك كۆمارەوە هەیە، پەیوەنـدی بـە پەرلەمانـەوە هەیـە، پەیوەنـدی بـە هەموو ئەو دامودەزگا ڕەسمیانەوە هەیە، كـە ئێمـە داوا دەكـەین پێویسـتە ئیدانـەی ئـەم تۆپبارانـە بكرێـت، پێویستە پشتگیری لێ بكرێـت، پێویسـتە هەوڵـەكانی خۆتـان بخەنەگـەڕ، لـە كاتێكـدا سـاڵانە ئـەم ڕووداوانـە لەسەر خەڵكی كوردستان، بەتایبـەتی لەناوچـە سـنوورییەكان دووبـارە دەبێتـە، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی كـە ئێمـە نـەمانتوانیووە لـە ڕووی حكومیـەوە ئـەو هێـزەی خۆمـان، یـان ئـەو بەرژەوەندییـە هاوبەشـانەی كـە پەیوەندی بە سەدان كۆمپانیای ئەوان، سەدان ملیارات بازرگانی ئەوان لەو وڵاتەی ئێمە هەیە بەكار بێـنین، بـۆ ئـەوەی پشـتگیری لـەو ڕووداوانـە بكـەین، كـە بـە زەرەرو زیـانێكی زۆر بـۆ سـەروەری وڵاتەكـەمان، بـۆ هەرێمەكـەمان، بـۆ خـەڵكی هـەژارو كـەم دەرامـەت، كـە هـەموو سـەروەت و سـامانیان ئەوەندەیـە، كـە كـۆی دەكەنەوە، كەچی لە كاتی وەرزی بەدیهێنان و بەرهەمهێنانیدا تووشی ئەو ڕووداوانە دەبـن، بۆیـە پێویسـتە ئێمە هەندێ شتی عەمەلی بكەین:

یەك/ سەرەڕای ئەو لیژنە ڕەسمیانەی هەیە بە ئەركی خۆیان هەڵدەستن، لیژنەیـەكی ئیستیسـنائی دروسـت بكەین لەم لیژنانە بۆ بەدواداچوون، ئایا حكومەت چی كردووە لـە ڕووی دیبلۆماسـی، لـە ڕووی سیاسـی، لـە ڕووی ئەمنیەوە، لە هەوڵەكانی خۆی؟ لە كاتێكدا ئێمە ئاگادارین بەهۆی ئەم بەڵگەنامانەی كـە لـەم دواییـە لەنێوان ئێران و هـەرێم دروسـت بـوو، ئەگـەر ڕاسـت بـن، یـان ڕاسـت نـەبن، بـەس پێویسـتە حكومـەت لـەم بارەیەوە ڕوون كردنەوە بدات بۆ بەڵگەنامەكانی و، بـەكارهێنانی پەیوەندییـەكانی خـۆی بـۆ ڕێ گـرتن لـەم ڕووداوانەی كە كێشـەیەكی گـەورەی لـە هـەرێمی كوردسـتاندا دروسـت كـردووە، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی كـە

پەرلەمان ئەو لیژنەی خۆی چۆن موتابەعەی حکومەت دەکات؟ کێ لێرەیە لە حکومەت جوابی ئێمە بداتەوە؟ ئێمە پرسیارمان هەیە لە حکومەت، کە حکومەت چی کردووە بۆ ئەم خەڵکە؟ چی کردووە لەگەڵ ئێران؟ چی کردووە لەگەڵ عێراق؟ کێ جوابی ئێمە دەداتەوە؟ بۆ حکومەت ئامادە نییە بێتە پەرلەمان و پەیوەندییەکی تەندروست لەناو ئەو دامودەزگا رەسمیانە پێك بێت؟ کە هەر کاتێك ئێمە داوامان کرد بەرپرسیاریەتی حکومەت کێیە لە ئاست ئەو رووداوانەدا، یان ئەم کێشانە؟ کە پێویستە بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن، بێن لێرە جوابی پەرلەمانتاران بدەنەوە، بزانین پەیوەندییەکان چۆنن، کێشەکان چین، گۆڕانکارییەکان چی بوون، هەوڵەکان چی دراوە؟ تا ئێمە پتشگیری لەو وەزعە بکەین، ئەمە سەرەڕای ئەوە پەرلەمان خۆی بودجەیەکی هەیە بۆ هەندێ شتی فریاکەوتن دەتوانێت تەرخانی بکات بۆ ئەو ئاوارانەی کە ئێستا وەکو پێویست بە هانایانەوە نەچووین، بۆیە من پێم باشە هەم لیژنەکە پێك بێت، یەعنی ئەم لیژنەی پەرلەمان بۆ بەدواداچوون، هەم بانگی بەرپرسیاراتی حکومەت بکرێت، هەم نوێنەرانی خۆمان لە بەغدا، جارێك بێنە ئێرە بۆمان روون بکەنەوە، کە ئەم رووداوانە چیە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی حکومەتی عێراق، راستە لیژنە دروست دەکرێت، بەڵام هەڵوێستێکی رۆشنیان هەبێت، نوێنەرانی ئێمە لەبارەی ئەم کێشانەی کە رووبەڕووی کوردستان دەبێتەوەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دڵشاد شهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سەرەتا پرسەو هاوخەمی خۆمان بە کەسوکاری شەهیدان و لێ قەومان و زیان لێکەوتووان رادەگەیەنین، ئەوانەی کە لە دەرئەنجامی ئەو هێرشە ناڕەوایانە کەوتوونەتە بەر زیانی گیانی و ماڵی و سەرو ماڵیان و ژیانیان لێ شێواوە، بەتایبەتی لە سەرو بەندی ئامادەسازی بۆ مانگی پیرۆزی رەمەزان، دڵنیاشیان دەکەین کەوا ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان ئێش و ئازارو مەینەتیەکانیان دەکەین و هەموو هەوڵێك و هەموو توانایەکیش دەخەینە گەڕ، بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئێش و ئازارەی کەوا پێیان گەیشتووە.

بەڕێزان، دووبارە بوونەوەی ئەم کارە نادروستە، ئەم تەعدا ناڕەوایە، ساڵانە لە وەرزی کۆچ کردن و، یاخود لە وەرزی چوونی هەمی کۆچ بەرانی خەڵکی خاوەن مەڕو ماڵات بۆ ناوچە سنوورییەکان، هەم لە دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان، کە وەرزی بەرهەمی ماندی بوونی چەند مانگیانە، ئەم دەستدرێژییە بۆ سەر خەڵکی بێ دیفاع بەبێ هەبوونی هیچ موبەریرێکی یاسایی، کە رێگا بە شەرعیەت بەم کارە بدات و، بەتایبەتی لە کار گەیشتنە سەر ئەوەی کەوا دەست درێژ کردن لەسەر گیانی خەڵکی و خوێنی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە هەدەر بدرێت و بە رەوا بزانرێت، کە ئەمە بە دیتنی من دژی هەموو بەها مرۆییەکان و دژی هەموو پەیوەندییەکانی دراوسێیەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتی و تەنانەت دژی بەها

پیرۆزەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، بەتایبەتی لە سەرو بەندی ئەم مانگە پیرۆزەدا لەلایەن دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، هەروەها بە پێویستی دەزانم کەوا رۆڵی لیژنەکانی پەرلەمان، ئەوەی کە ئاماژەی پێ کرا بەرز بنرخێنین لە ئامادە بوونیان لەکاتی رووداوەکان و، هاوکارانمان لەو لیژنانە دەم و دەست بە ئەرکی خۆیان هەڵستان لە بەسەرکردنەوەی ئەو خەڵکانەو سەردانی کردنی ئەو ناوچانە، هەروەها بە بەرز نرخاندنی بەشداری کردنی وەفدی ئەندامان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەشداری کردنی ئەو بەسەرکردنەوەیەو لێکۆڵینەوە لەو رووداوانەی کە هەن، بۆیە لەبەرامبەر ئەو رووداوە گەورانەدا داوا دەکەین هەرچی زووە کۆماری ئیسلامی ئێران دەست بەجێ و بۆ دواجار دەست لە تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکان و هەروەها دەوڵەتانی تری دراوسێش لە رێزگرتن لە دراوسێیەتی چاك و پەروەردە کردنی گیانی پێکەوە ژیان، چونکە بێگومان ئەمە لە ئایندەدا رەنگدانەوەی بەسەر پەروەردەی داهاتووی جیلەکانی ئێستاو داهاتووش دەبێت، بەتایبەتی کە ناوچە سنوورییەکانی ئێمە بەرژەوەندی هاوبەش و پێکەوە ژیان و تەنانەت تێکەلاٚو بوونی کۆمەلاٚیەتی و خزمایەتی و دراوسێیەتی لەنێوانیاندا هەیە، کە ئەمانە هەمووی دەکەونە ژێر مەترسییەوە، جگە لە مەترسیەکانی تری سیاسی و ئابووری بەسەر ئەو وەزعانەی کە هەن، داوا لە رێکخراوی مرۆیی و نەتەوە یەکگرتووەکان و خەڵکانی دۆست و لایەنەکان دەکەین، بەتایبەتیش داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و جیهانی ئیسلامی دەکەین، کە رێ و شوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی بێ دیفاع و بێ دەسەلاٚتی مەدەنی و زەمانەتی ئەوە بکەین، کەوا چیتر دەست بۆ سەر گیانی خەڵکی و سەروەت و سامانی ژیانی خەڵکی بێ دیفاع دەست درێژیان نەکرێتە سەریان، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو تواناییەکی دیبلۆماسی خۆی لە کەناڵەکانی پەیوەندییەکاندا بخاتەڕوو، من پشتگیری ئەو گوتنانەی هاوکاری بەڕێزم کاك کاردۆ دەکەم، لەوەی کە پێویست وایە هەنگاوەکانی حکومەت، ئەگەر برادەرانی لیژنە، ئەوانەی کەوا بەدوای چووینە زانیاریان دەربارەیان هەبێت بۆمان بخەنە ڕوو، ئەگەرنا پەرلەمان داوا لە سەرۆکایەتی حکومەت بکات، کەوا هەنگاوەکانی بە فەرمی پەرلەمانی لێ ئاگادار بکاتەوە، چ ئەو هەنگاوانەی کەوا لە رووی پەیوەندییەکان و دیبلۆماسی نێردراون، چ ئەو هەنگاوانەی کەوا بۆ بەهاناوە چوونی ئەو خەڵکەی کەوا لێی قەوماوە، داوا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش دەکەین کەوا توانای خۆیان بخەنەگەڕ لە پاراستنی سەروەری خاکی عێراق، چونکە ئێمە لەم مەسئوولیەتەدا هاوبەشین، بە دەرەجەی یەکەمیش ئەمە مەسئوولیەتی حکومەتی فیدراڵی و هی ئەنجومەنی نوێنەرانە، کەوا بەپێی دەستوور، بەپێی یاسا کارپێکراوەکان، بەپێی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان هەنگاوی پێویست و رێ و شوێنی پێویست بگرنە بەر، بۆ پاراستنی سەروەری خاکی عێراق، کە لە رێگای سنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوەیە، داواش لە حکومەتی فیدراڵ دەکەین بەو توانا دیبلۆماسیانەی هەیە، بەو توانا دارایی و ئیمکانیەتەی کە لەبەردەستە هەوڵ بدات بۆ کەم کردنەوەو، یاخود هەنگاو بنێت بۆ کەم کردنەوەی ئازارو مەنیەتیەکانی ئەم خەڵکە، لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمانیش، من لەگەڵ ئەوەدام کەوا بەردەوام بەتایبەتی لەو ماوەیەدا چاودێری

بەڕێوەچوون و بەدواداچوونی هەنگاوەکان بکەن، هەم لە تەرەفی حکومەتەوە، هەم لە چاودێری کردنی تەواوی وەزعەکەو هەرچی لە توانای ئێمەشدا بێت وەکو پەرلەمان بخەینە گەڕ، بۆ فشار خستنە سەر پەیوەندیدارەکان، بۆ بەهاناوە چوونی ئەو خەڵکە لێ قەوماوانە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە سلیمان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سەرەتا ئێمە لە لیستی ئازادی و عەدالەتی و کۆمەڵایەتی ئیدانەی تۆپبارانی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، کە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە لە وەرزی هاویندا ئەم تۆپبارانانە دووبارە دەبنەوە، کە بوونە هۆی شەهید بوون و بریندار بوونی چەند هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردستان و زەرەر گەیاندن بە رەزو باخ و ماڵاتی هاووڵاتیان.

لەڕاستیدا ئەو پاساوانەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەیهێنێتەوە بۆ تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکان، پاساوی یاسایی نین، ئەو شەئنە شەئنێکی ناوخۆیی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، دەتوانێت لە ڕێگای دیالۆگ لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی خۆی یەکلایی بکاتەوە، نەوەك بەوەی هێرش بکاتە سەر وڵاتە دراوسێیەکانی، ئەو هەنگاوانەی کە زۆر گرنگە ئێمە لە ئێستادا بنێین، بۆ ئەوەی تۆپبارانەکان رابگیرێت، هەرچەندە لەو چەند رۆژەی رابردوو تۆپبارانەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان وەستاوە، بەڵام ئەوەی کە پێویستە بکرێت، بۆ ئەوەی تۆپبارانەکان بەشێوەیەکی یەکجارەکی رابگیرێت، ئەوەیە کە ئێمە بەڕاستی پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراقی، بەپێی ئیختیصاصات لە بابی چوارەم ئیختیصاصاتی سوڵتەی ئیتیحادی لە بڕگەی دووەمدا ماددەی (110) دەڵێت (وضع سياسة الامن الوطني وتنفيذها بما في ذلك انشاء قوات مسلحة وادارتها لتأمين حماية وضمان امن حدود العراق والدفاع عنه)، یەعنی بە ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەر حکومەتی فیدراڵی عیراق بۆ پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، کە سنووری دەوڵەتی عیراقن، ئەوەی تر بەڕاستی تاوەکو ئێستا عیراق لە ژێر بەندی ماددەی 7 ی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە، کە پێویست دەکات بەپێی ئەو بەندە، هێزەکانی هاوپەیمانان سنوورەکانی حکومەتی عیراق لە هەموو دەست درێژیەکانی دەرەوەو، وڵاتانی دراوسێ بپارێزن، کە بەڕاستی تاوەکو ئێستا هێزەکانی هاوپەیمانان هیچ هەنگاوێکیان نەهاوێشتووە، بۆ ئەوەی کە پارێزگاری لە سنوورەکانی عیراق بکەن، خاڵێکی تر کە هەنگاوێکی تر بۆ ئەوەی بتوانین ئەو تۆپ بارانە ڕابگرین ئەوەیە، کە دەبێ ڕێ و شوێنی یاسایی لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بگرینەبەر، چونکە هەریەك لە وڵاتی عیراق و ئێران ئەندامی هەمیشەیین لە نەتەوە یەکگرتووەکان، واژویان کردووە لەسەر چەند ڕێکەوتن نامەیەك، لەوانە ڕێکەوتنامەی پاراستنی سنوورەکانی یەکتری، بۆیە پێویست دەکات ڕێ و شوێنی یاسایی لە

ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بگیرێتە بەر، بەڕاستی ئێمە پشتگیری دەکەین کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەو ماوەیەدا کردوویانە، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێمە کە ئەو چالاکیە مەدەنیانەی کردوویانە، بۆ ئەوەی کە بەهەرشیوەیەك لە شێوەکان، هەوڵێك بدەن بۆ ئەوەی کە فشارێك بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ڕاگرتنی تۆپ بارانەکە، هەروەها پێویست دەکات کە ئێمە بەڕاستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێداچوونەوەیەك بە هەموو ئەو پەیوەندیە بازرگانی و ئابووریانە بکەین، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، چونکە بەڕاستی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، هەموو دەروازە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان والآن و لەسەرپشتن بۆ ئەوەی کە ئەو پەیوەندیە بازرگانی و ئابووریانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەبێ، بۆیە پێویست بەوە دەکات کە ئێمە پێداچوونەوەیەك بەو پەیوەندیانە بکەین، ئەوەی زۆر گرنگە خاڵی کۆتایی من ئەوەیە کە ئێمە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەرکی سەرشانی حکومەتە کە قەرەبووی ماددی و مەعنەوی هەموو ئەو هاووڵاتیانەی کە چ شەهید بوون، یان ئەوانەی کە بریندار بوون، یان ئەوانەی کە ئاوارە بوون، چونکە بەڕاستی تاوەکو ئێستا بە پێی زانیاریەکانی من هیچ قەرەبویەك نەکراونەتەوە، هیچ هاوکاریەکی حکومەتی هەرێم نەگەیشتووە بەوانە، بۆیە پێویست دەکات کە حکومەتی هەرێم لە زووترین کاتدا هاوکاری بگەیەنێت بە هەموو ئەو ئاوارانەی کە بە سەبەبی ئەو تۆپ بارانە ئاوارە بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئارام کەرەمکە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژی 6/8 کۆبووینەوە بۆ هەمان مەبەست، بەڵام وا ئەمساڵ 8/8 ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەڕاستی حکومەتی هەرێم بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵنەستاوە بۆ چارەسەرێکی ڕیشەیی ئەم کێشەیە، کە ساڵانە دووبارە ئەبێتەوە، هەروەها کەم تەرخەمی نوێنەرانی کوردیش لە بەغداد دەردەخات بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە، لەکاتێکدا کە کورد لە بەغدا بووەتە هەوێن بۆ پێکهێنانی حکومەتی ناوەندی، بەڵێ، ئێمە دەڵێین ئەرکی سەرشانی حکومەتی ناوەندیە لە ڕووی یاساییەوە، بەڵام بەڕاستی ئەمە ئەرکی حکومەتی هەرێم کەم ناکاتەوە لەو بوارەوە، لەبەر ئەوە من چەند پێشنیارێك دەکەم بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەم کۆبوونەوەیەدا تەنها لە چوار چێوەی ئیدانە کردن و، بەیان دەرکردنێکدا هەڵوێستی سنووردار نەبێ، بەڵکو پێویستە هەڵوێستێکی دیاریکراو دەربڕین، ئەویش بە دەرکردنی کۆمەڵێك بڕیار یاخود کۆمەڵێ تەوسیەی مولزەم بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاڵی یەکەم، ئەویش بریتیە لە دەست نیشان کردنی میکانیزمێك لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانمان لە بەغدا، تاوەکو ئێستا هیچ میکانیزمێك نیە، لە کاتێکدا ئەوان کەمتەرخەمی دەنوێنن، یاخود بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵناستن، هیچ لێپرسینەوەیەك بەڕاستی نیە، لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، لە

چوار چێوەی ئـەوەی کـە پەرلـەمانی کوردسـتان بڕییتیـە لـە بـەرزترین دەسـەڵاتی سیاسـی لـە کوردسـتاندا، هـەروەها پێشـنیار دەکـەم کـە لـەم کۆبوونەوەیـەدا بڕیـاری ئـەوە بـدرێت کـە وەفـدێکی حکومـەتی هـەرێم، سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکات، بۆ ئەوەی کە هەوڵی چارەسەرێکی سیاسی و یاسایی ئەم مەسـەلەیە بـدات، بـۆ ئـەوەی کـە لـە چـوار چـێوەی پەیوەندیـە حیزبیـەکان دەربچـێت، وەبەشـێوەیەکی شـەفافانە هاووڵاتیانی کوردستان، هەوڵی حکومەتی هەرێم بزانن بـۆ کۆتـایی هێنـان بـەم کێشـەیە، پێشـنیاری سـێیەم ئەوەیە کە داوا لە حکومەتی هەرێم بکرێت کە قەرەبووی ئـەو زیـان لێ کەوتوانـە بکاتـەوە کـە لـە ئـەنجامی تۆپ باران زیانی ماددی و مەعنەویان لێ کەوتووە، هەروەها ئەرکێکی تری حکومـەتی هـەرێم، کـە پێویسـتە ئێمە داوایان لێ بکەین، ئەوەیە کـە کۆمـەڵێك ڕێکخـراوی مرۆیـی لـەناو کوردسـتان و عیراقـدا هەیـە، خاچـی سوور، مانگی سوور، نەتـەوە یـەکگرتووەکان کـە بەڕاسـتی بەشـێوەیەکی شـیاو بـە ئـەرکی سەرشـانی خۆیـان هەڵنەستاون، داوایان لێ بکرێت، کە ئەوانیش بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵبشتن بەرامبەر بە هاووڵاتیانی کوردسـتان، هـەروەها پێشـنیاری کۆتـایم ئەوەیـە کـە داوا بکرێـت لـە حکومـەت لیژنەیـەك لـە وەزارەتـە پەیوەندیدارەکان پێـك بهێنـدرێت، بـۆ ئـەوەی کـە سـەردانی مەیـدانی ناوچـە سـنوورییەکان بکـات، هـەروەها بەدواداچوون بۆ ئەو کێشەیە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عبدالقادر بازرگان.

**بەڕێز عبدالقادر اکرام جمیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تۆپ بارانەکانی ئەم دواییـەی هێزەکـانی جمهـوری ئیسـلامی ئێـران، جێگـای ئەسـەفە، چونکە لەناو خاکی هەرێمی کوردستان خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون و مـاڵ و سامانیان لـە دەسـت داوە، یـەعنی ئـەم مەسـەلەیە فەقـەت قەزیـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و پەرلـەمانی کوردسـتان نیـە، یـەعنی ئـەو مەسەلەیە پەیوەندیەکی موباشری هەیە بە حکومەتی عیراقیەوە، یەعنی دەبێ حکومەتی عیراقی بـەڕێگای پەیوەندیەکانی خۆی دەبێ ئیتیسالْ لەگەڵ حکومـەتی ئێـران بکـات، وە ئیتسالْ لەگەڵ ئومـەم موتەحیـدە بکات، ئیتیسالْ لەگەڵ ئاسایشی دەولی بکات، چونکە ئەو ئیشە ئیشی حکومەتی عیراقیە، هەرێمی کوردستان بەشێکە لە هەموو عیراق، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە، ئێستاکە ئـەو قەزیەیـە پەیوەندیـەکی زۆری هەیە بە حکومەتی ئەمریکیەوە، یان بە ئەمریکاوە، چونکە ئێستاکە هـەرێمی کوردسـتانی عـیراق، حیساب دەکرێت بە هەرێمێکی یان دەوڵەتێکی داگیر کەر لە لایەن ئەمەریکاوە، کەواتە دەبێ ئەمەریکاش هەڵوێستی خۆی هەبێ کە چۆن بتوانێت دیفـاع لـە خـاکی هـەموو هـەرێمی کوردسـتانی عـیراق بکـات، ئێمـە هـەروەکو چاکسازی تورکمان، ئیدانەی ئەم تۆپ بارانانە دەکەین، یـەعنی ئایـا ئێسـتاکە پرسـیارم ئەوەیـە، حکومـەتی هەرێم، یان حکومەتی عیراقـی سـکالآیان کـردووە لـە حکومـەتی ئێرانـی، ئەسـبابی ئـەو تـۆپ بارانـە چیە؟، یەعنی ئەگەر هاواری حکومەتی ئێرانی ئاوا بێ کە سەبەبەکە(پ.ژ.ك) ە، یەعنی بە سـەراحەتەوە، مـن داوا

له (پ.ژ.ك) دەكەم جوڵەی سەربازی له ناو سنووری هەرێمی كوردستان ڕابگرێت، چونكه دەبێ حیساب بۆ ئەزموونی هەرێمی كوردستان بكات، ئەمما ئەگەر قەزیەكە ئەوە نەبێ، ئەو كاتە ئەو ئیشە دەكەوێتە بەر ساحەی حكومەتی عێراقی، ئیتیسالاتی خۆی لەگەڵ دەوڵەتان و، لەگەڵ ئومەم موتەحیدە بكات، له كۆتایدا داوا له حكومەتی ئێران دەكەم ئەو تۆپ بارانە ڕابگرێ، دیالۆگ لەگەڵ حكومەتی هەرێم و حكومەتی عێراقیدا بكات، هەروەها چونكه ئەوە یەعنی خەڵقێكی موتەوازین نیە، لەگەڵ عیلاقاتی دەولی، له كۆتایدا داوا له حكومەتی عیراقی و حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەم، یارمەتی ماددی ئاوارەكانی سەر سنوور بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د.احمد وەرتی.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەست خۆشی له لیژنەكانی پەرلەمان و پشتگیری ڕاپۆرتەكانیان سەبارەت تۆپ بارانی ناوچە سنووریەكان، له ڕاستیدا تۆپ بارانی ناوچە سنووریەكانی قەزاكانی پشدەر و چۆمان و سیدەكان، وێڕای بریندار بوونی دەیان هاووڵاتیانی سنوورەكان و گوند نیشینەكان، بە سەدان كەس ئاوارە بوون و لەسەر ڕەز و باخ و مەزراكانیان هەڵكەندراون، ڕووبەڕووی سووتاندنی گوندەكانیان و ڕەزو باخ و خەلەو خەرمانیان بوونەتەوە، یان مەڕ و ماڵاتەكانیان كوژراون، ئەمەش ساڵانە بۆ ئەو هاووڵاتیە جوتیارو كاسب كارانە دووبارە دەبێتەوە، ناتوانن سوود له بەرهەم و بەرو بووم و حاسڵاتی وەرزیان وەربگرن، له لایەكی تریشەوە ئێستا بەم مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەوە، بەم گەرمای هاوینەوە ئاوارەكان له ئاكامی تۆپ بارانەكان كە گوندەكان و ناوچەكانی خۆیان بەجێ هێشتووە، ژیانێكی ناڕەحەت و دوور له پێداویستیە سەرەكیەكانی ژیان بەسەر دەبەن، بێ ئومێدیەكی زۆر ڕووی تێ كردوون، كە نەتوانن بگەڕێنەوە گوند و شوێنەكانی خۆیان، لەبەر نەبوونی زەمانەتی دووبارە بوونەوەی تۆپ بارانەكان و، له ڕووی سایكۆلۆژیشەوە كاریگەری خراپی لەسەر ئاوارەكان دروست كردووە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، حكومەتی ئیتیحادی بە پێی ماددەی 110ی دەستووری عیراقی، كە بەڕێز هاژە خانیش ئاماژەی پێیدا، دەسەڵاتە حەسریەكانی دەسەڵاتە ئیتیحادیەكەی بەرپرسیارێتی دەستووری و یاسایی و ئەخلاقی لە ئەستۆ دایە، كە پارێزگاری له سنوورەكانی وڵات بكات، دابین كردنی پاراستن و زەمانەت و ئاسایشی سنوورەكانی عیراق و، بەرگری لێ كردنیان له برگەی دووەمی ماددەی سەرەوەدا، له دەسەڵاتە حەسریەكانی حكومەتی ئیتیحادیدا دانراون، ئەگەرچی هەریەكە له سەرۆكی حكومەتی عیراق، بەڕێز نوری مالكی و سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران و وەزیری دەرەوەی عیراق ئیدانەی تۆپ بارانەكانیان كردووە، بەڵام هەڵوێستی حكومەتی عیراقی جگە لە ئیدانە كردن و هیوا خواستن بۆ ڕاگرتنی تۆپ باران، تێك نەچوونی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتی عیراق و ئێران وپێكهێنانی لیژنە هیچ هەنگاوێكی جدی تری بە دوادانەهاتووە، بۆیە چارەسەر كردنی ئەم كێشەو

گرفته، بەو ئیعتیبارەی کە ئەمە پێشێل کردنی سەروەری و سیادەی عیراقە، لە ئەستۆی حکومەتی عیراقیدایە، لە لایەکی تریشەوە سەرەڕای ئیدانە کردنی تۆپ بارانەکان، لە لایەن سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و حیزبەکانیش لە کوردستان، بەلاّم هێشتا هەڵوێستەکان لاوازن و حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت، لە بەدەمەوە چوونی ئاوارەکان و پێشکەش کردنی کۆمەك و یارمەتی پێیان، پێویستە هەردوو حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵوێستی ڕوونیان هەبێ، هیچ شتێکی نهێنی لە مەسەلەکەدا نەمێنێتەوە، ئەگەرنا پێویستە پەرلەمان هەڵوێستی توندتری هەبێ بەرامبەر بە حکومەت، چونکە وەك باس دەکرێت جۆرێك لە هەماهەنگی هەیە لە نێوان حکومەتی هەرێم و ئێران، بۆ ئەو تۆپ بارانەو حکومەتی هەرێمیش تاوەکو ئێستا ڕوون کردنەوەی پێویستی نەداوە، جگە لەوە باس لەوەش دەکرێ جۆرێك لە ڕێکەوتن و ڕەزامەندی هەیە لە نێوان حکومەتی ئیتیحادی و لایەنی ئەمریکی، سەبارەت بەو تۆپ بارانە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە لە فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی ئەم خالاّنە بە پێویست دەزانین پێشنیار دەکەین، یەکەم، بە لەبەرچاو گرتنی پەیوەندیەکانی هەردوو ولاّت و گەلی عیراق و ئێران، لە بوارەکانی مێژوویی و ئاینی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و بەرژەوەندی هاوبەش، پێویستە تۆپ بارانەکان ڕابگیرێن، هەموو گیرو گرفتەکان بە ڕێگەی دبلۆماسی و گفتوگۆوە لە چوارچێوەی پرەنسیپ و ڕێکەوتننامەی عورفە نێودەوڵەتیەکان، بە دوور گرتنی خەڵکی مەدەنی و ناوچەو شوێنەوارە مەدەنی و ناسەربازیەکان، لە ململانێ و شەڕو شۆڕو تێك هەڵچوونەکان و تۆپ باران کردن، لە پێناو پاراستنی پەیوەندیە هاوبەشەکانی هەردوو ولاّتی عیراق و ئێران، ژیان و سەرو سامانی مەدەنیەکان، چونکە بێ گومان عیراق و هەرێمی کوردستان، پێویستیان بە پەیوەندی بەهێز و هاوسەنگ هەیە لەگەڵ ولاّتانی دراوسێ، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێز گرتن لەسەری و دەخالەت نەکردن لە کاروباری ناوخۆی یەکتری، بێگومان بە کارهێنانی هێزو هەڵوێستی توند، چارەسەری کێشەکان ناکات، دەرئەنجامی باشی نابێ، بۆیە لەیەك گەیشتن و چارەسەرکردنی گرفتەکان بە هێمنانە، لە ڕێگەی گفتوگۆوە باشتر و چاکترە، پاراستنی ئەمن و ئاسایشی یەکتری بێگومان ئەرك و بەرپرسیارێتی هەردوو ولاّتە، دووەم، حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێم هاوکاری پێویست پێشکەش بە ئاوارەکان بکەن، بەتایبەت لەم مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەدا، وە لیژنەیەکی تایبەت پێك بهێندرێت، بۆ ئەوەی کۆمەك و یارمەتی پێویست بگەیەندرێت پێیان، قەرەبوو بکرێنەوە لە زیانە گیانی و ماددەیەکان، دڵنیای گەڕانەوەیان بۆ زێد و ناوچەو گوندەکانیان پێ بدرێت، بەتایبەتیش کە ئێستا ئێمە بەرەو وەرزی خوێندن دەڕۆین، پێویستە ئایندەی منداڵەکان و قوتابییەکان لەبەر چاو بگیرێت، کە بێگومان ساڵی پاریش بە هەمان شێوە ئێمە لە سەردانیەکی مەیدانیدا، بۆ ئاوارەکان هەمان گرفتیان هەبوو بێجگە لە کێشەکانی تریان، کێشەیەکی تریان بریتی بوو لە کێشەی منداڵەکانیان و خوێندیان کە بەرەو وەرزی خوێندن دەڕۆن، سێیەم، زەرورە داوا بکرێت لە (پ.ژ.ك) و هەر هێز و لایەنێکی تر، کە بە بیانووی ئەوان لە سنوورەکان تۆپ بارانی ئەو گوندو ناوچانە دەکرێت، ڕەچاوی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکرێت،

نەبنە هۆی تێك چوونی ئارامی و ئاسایشی هەرێم و ناوچە سنووریەکان، تێکچوونی ژیانی هاوولاَتیان و جوتیارانی ئەو ناوچەیە، سنوورەکانی هەرێم بە دوور بگرێن لە هەرململانێیەکی سەربازی، لەگەڵ ڕێز و سوپاسماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عمر عبدالعزیز.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا دەست خۆشی بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، هەرچەندە تۆزێك دواکەوت لە وادەی خۆی، بە پێی ئەوەی کە داواکاریەکە پێشتر بوو، سەرەڕای ئەوەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و لیژنە بەڕێزە هاوبەشەکە، ئاماژەیان کردبوو بە چەند چالاکی و هەوڵ دراوە لە ماوەی ڕابردوو، لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ ئەو چالاکیە، بەلاَم دەبێ دان بەوە دابنێین کە ئیدارەی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی نەیتوانی بۆ ئەم چەند ساڵە چارەیەکی ڕیشەیی ئەو گرفتە بکات، کە ساڵانە دووبارە ئەبێتەوە، دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان، نەمان توانیوە بە ئەرکی لێپرسینەوەو بە دواداچوونی خۆمان بۆ هۆکاری ئەم لاوازیە لە هەوڵەکانی حکومەت بکەین، ئەم مەوزوعە ئەبعادی جۆراو جۆری هەن، پار ساڵیش ئاماژەمان بەمە کرد کە بوعدی سیاسی هەیە، بوعدی دبلۆماسی هەیە، بوعدی ئینسانی هەیە، سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم تۆپ بارانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، پێچەوانەی هەموو ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەییەکانە، پێچەوانەی مافی دراوسێیەتی و ئەوەی پێی دەوترێ یاساکانی (حسن الجوار) بۆیە کارێکی مەحکومە وەشەهید و بریندار کردنی خەڵکی مەدەنی و بەهەموو پێوەرە ئاینیەکان، پێوەرە زەمینیەکانیش جێگەی ئیدانە کردنە، جگە لەوە کە بۆتە هۆی سووتاندنی ڕەزو باخ و کشتوکاڵی هاوولاَتیان، زیانێکی زۆری مەدەنی لەو نیشتەجێیانەی ئەو شوێنە، لە ڕاستیدا ئەم تۆپ بارانە هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی ساڵانەی لەم وەرزی گەرماو گەشتیاریەدا، لەم مانگی پیرۆزی ڕەمەزانە، ئالۆزی و نا ڕوونیەکی پێوە دیارە، کە جێگەی پرسیارە، بەتایبەتی کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە تایبەتی هیزە سەربازیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، باس لە ڕێککەوتنێك دەکەن، لە نێوان ئەو هێزانەو ئیدارەی حکومەتی هەرێم، کە حەق وابوو ڕۆشنتر پەرلەمان ئاگای لێ بێ، بۆ ئەم مەبەستەش من پێم وابوو کە پێویست بوو نوێنەری حکومەتی هەرێم بێت، لێرە ئامادەبێ بۆ وەلاَمدانەوەو ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە، ڕاستی ئەم مەسەلەیە چۆنە، چونکە بە شێوەیەکی فەرمی وەلاَمی ئەو لێدوانەی بەرپرسانی ئێران نەدراوەتەوە، بۆیە بەشێك لە مەسئولەیەتی ئەم حاڵەتە کە ڕوو ئەکاتە حکومەتی هەرێم، چ لە ڕووە سیاسیەکەی و ئەمنیەکەی، چ لە ڕووە ئینسانیەکەی، چ لە ڕووە پەیوەندیە دبلۆماسیەکەشیەوە، من پێموایە ئەبێ لە ڕووی سیاسیەوە ئەم بابەتە لەسەر ئاستی ئێران و حکومەتی ناوەند یەکلا بکرێتەوە، ئەو قەدەرەشی کە بەرپرسیارێتی

حکومەتی هەرێمە بە تەبیعەتی حاڵ ئەبێ تیایدا بەشدار بێ، وەکو هاوڕێیانم ئاماژەیان پێی کرد، بە پێی ماددەی 110 ی دەستووری عیراقی، پاراستنی سنوورو دیفاع کردن لە سنوور، ڕاستە ئەرکی حکومەتی ناوەندە لە زمنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵە، هەروەها لە ئەرکی وەزارەتی دەرەوەشە کەوا لەم زەمینەیە گفتوگۆ بکات، هەوڵە دبلۆماسیەکانی چڕبکاتەوە، ئێمە پێمان وایە ئەبێ هەردوو حکومەتی عیراق و ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە جدی باس لە چارەیەکی ڕیشەیی ئەم حاڵەتە بکەن، بەشی بیانوو و هەنجەتەکان ببڕن کە ساڵانە دووبارە ئەبێتەوە، کۆبوونەوەی ساڵانەی پەرلەمان لەم وەرزە دادێك نادات ئەگەر ئێمە نەتوانین چارەیەکی ڕیشەیی ئەم دیاردەیە یان ئەم حاڵەتە بدۆزینەوە، خاڵێکی تر پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هێز و لایەنە کوردستانیەکانی ئێران، پێویستە ڕەچاوی ناسکی هەل و مەرجی کوردستان و ئاسایشی هەرێمی کوردستان  و عیراق بە گشتی بکەن، مەرزەکانی هەرێمی کوردستان نەکەنە پێگەی چالاکی سەربازی، دژی سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆخۆشیان واباشترە کە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتیانە بگرنە بەر، چالاکیە دبلۆماسیەکانیان چڕبکەنەوە، فراوانتر بکەن، بۆ چارەسەری بنەڕەتی کێشەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو وڵاتە، بە کورتی ئێمە پێمان وایە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە، هەرکەس بە ڕادەی خۆی و بە پێی توانای خۆی، لە کۆتایدا ئێمە دووسێ پێشنیار عەرز دەکەین، کە برایانیش ئاماژەیان پێی کرد، تەسنیە لەسەر ئەوانە، یەکەم ئێمە بە پێویست ئەبینین، کە بە شێوەیەکی فەرمی قونسولگەری ئیسلامی ئێران، لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بانگهێشت بکرێت، ڕوونکردنەوە بدات لەسەر هۆکاری داواکەو، ئاگادار کردنەوەیان بە شێوەی داتا لەو زەرەرو زیانانەی کە کەوتووە لە گوندنشینان، دووەم پێویستە لیژنەیەك پێك بهێندرێت، ئیکتیفا بەو لیژنە پەرلەمانیە هاوبەشە نەکرێت، لەگەڵ دەست خۆشیمان بۆ ماندوو بوونیان، ئەو لیژنەیەی کە ئێمە پێشنیار دەکەین لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند، بە هاوکاری قونسولگەریەکانی ئێران، سەفارەتی ئێران لە بەغدا، بۆ گفتوگۆیەکی جدی لەسەر ئەم بابەتە، وەکو ناومان نا بۆ چارەسەری ڕیشەیی ئەم مەسەلەیە، دوای ئەوە باس لە بەدەمەوە چوونی لێکۆڵینەوەی لێ قەوماوان و زیان لێ کەوتووەکان بکرێت، کە ئەوە مەعلولی عیلەتێکی ترە کە ئەڵێ دەراوی شتێ حاڵەتێکی ترە، کە چارەسەری حاڵەتەکە ئەولەویەتی پێ بدرێت، سێهەم، لە ڕووی مەیدانیەوە پێویستە حکومەتی هەرێم پلانی فەوری هەبێ، نەوەك هەمیشە دوا دەکەوێت لەم مەسەلە، بۆ بەدەمەوە چوونی ئاوارەکانی سەر سنوور، چارەسەری گرفتەکانیان، قەرەبووی زیان لێ کەوتووەکانیان، لەبەر ئەوە پشتگیری ئەو ڕایانە دەکەین، کە برایان باسیان کرد، کە پرسە بۆ شەهیدانیان بکرێت، قەرەبووی زیان لێ کەوتووانیان بدرێتەوە، خەمێکی مناڵانیان بخورێ، یەعنی هەموو ئەو قەزایە ئینسانیانە ئیشی فەوری حکومەتە، پێویستی بە یاد خستنەوەی پەرلەمان نیە، پێشنیاری کۆتایم ئەوەیە کە پێویستە ئەمڕۆ پەرلەمان یاداشتنامەیەك ئاراستەی حکومەتی عیراق بکات، دەربارەی ئەم ڕووداوە، داتاو مەعلوماتی وردی مەیدانی بە پێی ئەو... بەداخەوە کە لە ڕاپۆرتی لیژنەکە ڕەنگە هی ئەوە بووبێ زوو بەدەم ڕووداوەکەوە ڕۆیشتوون، داتاو زانیاری کەمی تێدابوو، کە ئەگەر بکرێت بە داتاوە ئەو موزەکەرەیە

بدرێت بە حكومەتی عیراق، داوای لێ بكات كە بە ئەركی دەستووری خۆی هەڵبستێت، وەكو ئاماژەمان پێی كرد، هەروەها ئەكرێت وێنەی ئەو یاداشتە بدرێتە نوێنەرانی نەتەوە یەكگرتووەكان، كۆنگرەی ئیسلامی و كۆمكاری عەرەبی، بە شێوەیەكی گشتی ڕای گشتی ئاگادار بكرێتەوە لەو ڕووداوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز فاضل حسن.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی بۆ ئەو دانیشتە، بەڵام دیارە هەمووجار هەر ڕووداوێكی ئاوا كە دێتە پێش، دانیشتنەكان تەئخیر دەبێ، باشترە كە زووتر بێ، من پێم باشە ئەو دانیشتنە زیاتر بۆ ڕوودانی ئەم مەسەلەیە بۆ جارێكی تر، یان بۆ ساڵێكی تر بێ، چونكە دیارە ئەوە ماوەیەكە ئەو بۆردومانە بەردەوامە بۆ ساڵانی تریش، ماوەیەك بەردەوام دەبێ دوایی بۆردومانەكە نامێنێت، ئەمەش دیارە كۆمەڵێك پاساوی خۆی هەیە، ئێمە پێمان وایە كە بۆ ڕێگری كردن نەوەك هەر نەهێشتن، چونكە دیارە ئەو ئێستا بەردەوامە، ئەو هەوڵانەی كە كراوە هیچ جەدوایەكی نەبووە، بەڵام دەكرێت بۆ لەمەو دوا، بۆ جارێكی تر، ساڵانە ئەو بۆردومانە دەكرێت لە ناوچە سنووریەكان، بۆ ڕێگەگرتن پێمان وایە كە یەكەم لە ڕێگای كاری دبلۆماسیەوە دەبێ، یەعنی هەوڵە دبلۆماسیەكان، جارێ ئەوەی كە باس دەكرێت لە ڕێگای عیراق، من پێموایە ئەگەر عیراقیەكان، وەكو حكومەتی عیراق ئەگەر بەشداریش نەبن، لەم بۆردومانانە بەڕاستی پێیان خۆشە یان بڵێی پێیان ناخۆش نیە، ئەما بۆیە لەگەڵ ئەوان هیچ ناكرێت، سەبارەت بە مەسەلەی كوردیش دیارە لە حكومەت لاوازن، ئەو دەسەڵاتە نیە، جارێكی تریش گلەییمان كردووە، لە ناوخۆش هیچ نەكراوە، بۆ مەسەلەی داواكردنی هێزیش نە هێزی عیراقی ئەو هێزەیە بێت بتوانێت شەڕی ئێران لەسەر سنوورەكان، بۆخۆیان هێشتا مەشاكیلی ناوخۆیان ناتوانن چارەسەر بكەن، بەڕاستیش داواكردنیان و گەڕانەوەیان بۆ كوردستان، لەوانەیە پێشیان خۆش بێ، كە جارێكی تریش بە هەر شێوەیەك بێنەوە كوردستان، وەكو لە هەوڵی پێشوشیان، ئەوەی دەكرێت سەبارەت بە خۆمان لە هەرێمی كوردستان، هەوڵە دبلۆماسیەكان دەكرێت لە ڕێگای ئەو قونسولگەریەی ئێران كە لێرە هەیە، هەرچەندە وەكو مەعلومات من زانیومە هەوڵێش دراوە، ئێرانیەكانیش بە سەراحەت وەڵامیان داوەتەوە، وەڵامەكەیان ئەوەیە، ئەوان بە مافی خۆیان دەزانن ئەوەی دەیكەن، بەڕاشكاویش دەیڵێن، جا دەمینێتەوە سەر حكومەتی هەرێم، دوا ڕەئی چیە؟ سەبارەت بە هەوڵە دبلۆماسیەكان هەر ئەوەندەی تا ئێستا كراوە، یان هەر ئەوە دەكرێت، دەكرێت ئەگەر وەكو قەتعی عیلاقە ئاسان نیە، چونكە ئێمە كۆمەڵێك جگە لە عیلاقاتی حكومەتی هەرێم، عیلاقاتی حیزبیش زۆرە لەگەڵ ئێران، بەڵام هیچ سوودێكی نییە، سەبارەت بە هەوڵی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، هەرچەندە ئەوەی كە كراوە، بەڕاستی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی قسوریان نەكردووە، لە چاو حكومەت، لە چاو دەزگاكان بە گشتی یەعنی، بە پەرلەمان و بەحكومەت و بە سەرۆكایەتی هەرێم،

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵی باشیان داوە، بەلاّم دەکرێت پشتیوانیەکی زیاتریان لێ بکرێت، یەعنی هەوڵ بدرێت زیاتر فشار لە ڕێگای ڕێ پێوان، لە ڕێگای خۆپیشاندانەکان، فشارەکان زیاتر بکرێن، یەعنی ناچار بکرێن، یەعنی ئەو هەولاّنە زیاتر کاریگەریان هەیە کە نارەزاییەکان بە ئاستێك بێت کە کاریگەری هەبێ، کە خەڵکی کوردستان نارازیە، چونکە ئەو بێ دەنگیەی کە هەیە، یەعنی وەکو ئەوەی کە زۆر گرنگ نەبێ، تەنها ئەوەی کە زیاتر ناخۆشە بۆ ئەو خەڵکەی کە لەسەر سنوورەکانە، سەبارەت بە هەوڵی سەربازی، یان ڕێگە چارەی سەربازی، هەرچەندە دیارە ئەوە لەوانەیە وەکو وا باس بکرێت، کە ئەمە شتێکی موستەحیل بێ هەر نەکرێت، بەلاّم من پێموایە دەکرێت ئەوەندەی کە پێمان دەکرێت، مەسەلەن بۆ نموونە، ئێمە لەکاتی کە هێزەکانی عیراق ویستیان بێنە خانەقین، هێزی پێشمەرگە کۆ کرایەوە، بۆ ئەوەی ڕێ گری بکات و بە فعلیش کراو کاریگەری خۆشی هەبوو، لەکاتێك جەیشی عیراق بەشێکی کوردە، ئێمە چووین بەر سینگی ئەوانمان گرت کە بێنەوە شارێکی کوردستان، کە لە چوارچێوەی حکومەتی عیراقی فیدرال دایە، هەروەها بۆ مەسەلەی کەرکووك، ئەم ساڵ یەعنی تەنانەت گومانێك هەبوو، هەولێك هەبوو، کە شۆڤینیستەکان و تیرۆریستەکان و بەشێك لە جەیشی عیراقیش، دەیانەوێ بێن کۆنترۆڵی شاری کەرکووك بکەن، لەماوەیەکی قیاسی زۆر کەم، بەبێ ئەوەی مەسەلەن بڵێین پەرلەمانیش ئاگادرابێ، یان زۆر ئەوەندە موناقەشەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەشێکی زۆر هێزەکان یەکسەر گەیشتنە خەتی تەماس، مانای وایە دیارە ئێمە هێزێکی ئاوامان هەیە، دەتوانین دیفاع لە هەرێمی کوردستان بکەین، ئەگەر تەنانەت ئەوە لەناو خۆیە، لە شوێنی گەرمە، لە شوێنی حەساسە، ئێمە لەگەڵ عیراق لە شوێنە ناکۆکەکان ناخۆشترین مەشاکیلمان هەیە، زۆر حەساسە هێزی پێشمەرگە ئاوا بەبێ ڕەزامەندی موقابیل ببن، یان بڵێین هەر وەك دەڵێ پرسە خەسوانەکی پێ بکەی، بۆیە دەکرێت لە حاڵەتی ئاوا لە بەرامبەر بە ئێرانیش هەمان هەڵوێستمان هەبێ، جگەلەوە ئێمە زۆر جاران بۆ کێشەو مەشاکیلی ناوخۆشمان هێزی پێشمەرگە دەجووڵێنین، باشە بۆ ناکرێت لە بەرامبەر کوشتن و بڕین و تۆپ باران کردن و سووتاندنی خەڵکی کوردستان و گوندەکانی کوردستان، ئێمە بێ هەڵوێست بین، تەنانەت بە بچووکترین هەڵوێستەکان باسی ئەوە نەکرێت، هەتا تەنانەت وتە بێژی وەزارەتی پیشمەرگە، باس لەوە دەکات کە تەداخول نیە، یەعنی زۆر بێ ئاگایی خۆیان نیشاندا لە کاتێك کە پێویست بوو هەڵوێستی هەبێ، لە ڕووی سەبازیش ئێمە پێویستیمان بە هەڵوێست هەیە، جا ئەوە بەڕاستی ئەم مەسەلانە هەر بۆ ئەمجارە نیە، ئەوەی ئەمجارە ئەوە یەك، دوو ڕۆژە بێ دەنگیشە، ئینشائەڵلاّ هەر نامێنێت، بەلاّم بۆ دووبارە نەبوونەوە لە ساڵێکی تر و جارێکی تر، لەکۆتاییشدا پرسەو سەرەخۆشیمان بۆ کەس و کاری شەهیدەکان و، هەرچی زووە هیوای چاك بوونەوەی بریندارەکان دەخوازین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز حەمە سەعید.

**بەڕێز حمه سەعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرتا پرسەو سەرخۆشی بۆ کەس و کارو بنەماڵەی شەهیدەکان دەنێرین، دوای شیفای بە پەلە بۆ بریندارەکان دەکەین، بەشداری غەم و پەژارەو و مەینەتیەکانی خەڵکی دەڤەرەکان دەکەین، سوپاس بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، دەست خۆشی لە لیژنەکانی ناوخۆ و پێشمەرگەو مافی مرۆڤ دەکەین، پشتگیری خاڵەکانی دەکەین بە تایبەتی خاڵی چوار و پێنج لە تەوەرەی یەکەم، خاڵی یەك و دوو سێ و چوار، لە تەوەرەی دووەم، هەرچەندە ئەو کۆبوونەوەیە درەنگ وەخت بوو، بەلاّم گرنگی و ئەهمیەتی خۆی هەیە، ئەوەی پێویستە بوترێ بۆچی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی حکومەتی هەرێم، وەکو پێویستە لە ئاستی ئەو مەینەتی و کێشەیەدا بە ئەرکی خۆی، بە ڕۆڵی ئاسایی و سیاسی و دبلۆماسی و مرۆیی خۆی هەڵنەستا؟ وەکو پێویست بە دەم ئاوارەکانەوە نەبوو، دەبێ بەڕاستی حکومەت بانگ بکرێت، پرسیاری لێ بکرێت بۆچی ئەو ڕۆڵەی نەبینی؟ خاڵێکی تر دەبێ ئێمە هۆکارە بنەڕەتیەکانی ئەم کێشەیە وە ئەم ڕووداوانە کە دووبارە دەبنەوە چین؟، بگەڕێین بە دوای چارەسەرێکی بنەڕەتی و هەمیشەیی کە بە شێوەیەکی سیاسی و بە شێوەیەکی ئاشتی بکرێ، بۆ ئەم مەبەستە ئەم پێشنیارانە دەکەم:

1- پێشنیار دەکەم کە لەگەڵ دەسەلاّتدارانی عێراقی و حکومەتی عێراق بە تایبەتی قسە بکرێ و، وەفدێکی هاوبەشی هەرێم لەگەڵ عێراق سەردانی ئێران بکەن و دیراسەیەکی قووڵی مەسەلەکە بکەن، ڕێگاچارەیەك دابنێین بۆ ئەو کێشانە بۆ دووبارە نەبوونەوەی.

خاڵێکی تر/ یاداشتێك بدرێت بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرەی جیهانی ئیسلامی، جامیعەی عەرەبی و، هەوڵ بدرێ، بۆ ئەوەی تەدەخولێکی جیددی بکەن بۆ چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی یاسایی و بەشێوەیەکی ئاشتی.

خاڵێکی تر/ کە پێشنیار دەکەم، یارمەتی مرۆیی و بەدەمەوە چوونی ئاوارەکان لە لایەن حکومەتەوە بەشێوەیەکی خێراو فریاگوزاری، چونکە وەزعیان زۆر خراپەو لە بارودۆخێکی ناهەمواردان.

خاڵێکی تر/ لیژنەیەك لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پێك بهێندرێت، بۆ قەرەبووکردنەوەی گیانی و ماددی بۆ شەهیدەکان، بۆ بریندارەکان، بۆ زەوی و زارو زیان لێ کەوتووەکان، پێشنیارێکی تر، حکومەتی هەرێم و ئیدارەی هەرێمی کوردستان قسە لەگەڵ لایەنە کوردییەکان بکەن، لایەنە کوردییەکانی ئێران، بۆ ڕەچاوکردنی بارودۆخی هەستیاری ئەمنی و سیاسی هەرێمی کوردستان و ئەوان بۆ ئەوەی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و چالاکیەکانیان دوور بخەنەوە، بۆ ئەوەی بیانوو نەدەن بە دەست حکومەتی ئێرانەوە، کە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان بکات و زیان بە خەڵکەکان بگەینێ، هەر هەوڵێکی تری سیاسی و یاسایی و لە ئاستی ئیقلیمی و لە ئاستی دەوڵەتی بدرێ، بۆ ئەوەی لە لایەن هیچ دەوڵەتێکەوە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان پێشێلکاری، یان سنوور بەزاندن، یان تۆپباران نەکرێ و، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان، تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بەکارێکی ناڕەواو ناشیاو ئەزانم، ئەمەش کێشەیەکی بەردەوامەو بەردەوام هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، پێویستی بە چارەیەکی ریشەیی بنەڕەتی هەیە، دیارە یەکێك لە بنەماکانی دراوسێیەتی، یان خۆش دراوسێیەتی، یان باش دراوسێیەتی پابەند بوونە بە پاراستنی سنووری هاوبەشی نێوان دەوڵەتان و، بەزاندنی ئەو سنوورەش دیارە دەستدرێژکردنە بۆ سەر سەرەوەری خاکی هەر دەوڵەتێك و، پێشلکاری مافەکانی مرۆڤەو، پێشلکار کردنی سەرجەم ئەو پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتیانەیە کە لەم بوارەوە هەن و، پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتیە، دیارە ئێمە لە وەرزی گەرمای هاوین و لەو گەرما تاقەت پرۆکێنەی هەرێمی کوردستان ساڵانە دووبارەو دووبارە تۆپخانەکانی وڵاتانی دراوسێی تورکیا و ئێران ساڵانە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان ئەکەن بە بیانووی بوونی رێکخراوی سیاسی و چەکداری، لە کاتێکدا کە بوونی ئەو رێکخراوانە تەنها لەنێو قوڵایی خودی ئەو وڵاتانەدا وجودیان هەیەو چالاکیەکانیان ئەنجام دەدەن، بۆیە پێویستە ئەوەش کێشەیەکی ناوخۆی خودی ئەو وڵاتانەیە، پێویستە لە رێگەی کەناڵەکانی گفتوگۆوە کێشەکانیان حەل بکەن و، خصوصیەتی تایبەتمەندییەتی هەرێمی کوردستانیش لەم بارەیەوە ڕەچاو بکرێ، چونکە تاکە زەرەرمەندی سەرەکی لەم بارەیەوە تەنها خەڵکی سیڤیل و بێ دەرامەت و بێ دیفاعە، هەر ئەوانن دەبنە کۆچی قوربانی، بۆیە ئێمە رۆژانە بە دەیان پەیوەندیمان پێوە ئەکرێ لە لایەن دانیشتووانی سنوورەکانی ناوچە تۆپبارانەکانەوە، بەهۆی ئەو زەرەرو زیانەی کەوا پێیان گەیشتووە لە زەرەری گیانی و ماڵی شەهیدو بریندار هەبووەو زەرەری ئابووری بەرکەوتووە، بەتایبەت لەم وەرزەی کە وەرزی دروێنەو چنینەوەی بەربوومی کێڵگەو رەزو باخەکانە، ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە چارەسەرێکی دەست و برد بۆ ئەم گرفتە بدۆزرێتەوە، دیارە ئێمە لە رابردوودا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێراندا، دەتوانم بڵێم پەیوەندییەکی تۆکمەمان هەبوو بەرامبەر بە یەك دوژمنی هاوبەش ئێمە بجەنگین و ئەگەریش زیاتر بتوانرێت پەرە بەم پەیوەندییانە بدرێت باشترە لەوانەی لە رابردوودا، ئێمە عەمەلیاتی هاوبەشیشمان لەو بارەیەوە لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران هەبوو بێت، ئێستاش پەیوەندییەکی باشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری هەیە، کەوایە بەرژەوەندییەکی هاوبەش لەنێوان ئەم وڵاتانەدا هەیە، پێویستە ئەوانیش خصوصیەتی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرن چیتر خەڵکی بێ دەرەتان وسیڤل نەکەنە قوربانی، بۆیە پێویستە حکومەتی عێراقی، یان نوێنەرانی ئێمە لە بەغدا، لە حکومەتی مەرکەزی حزوری خۆیان بەکار بێنن، بۆ زیاتر زەخت کردن لەحکومەتی ناوەندی بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەو گرفتانە، دیارە بەگوێرەی دەستووری هەمیشەیی عێراقیش پاراستنی یەك پارچەیی خاکی عێراق، پاراستنی سیادی خاکی عێراق لە ئەستۆی حکومەتی مەرکەزی دایە، پێویستە

ئێمـەش وەكـو هـەرێمێكی سـەربەخۆ لـەناو عێراقـی فیدراڵدا ئـەو مافـەمان پـێ ببڕدرێـت و زیـاتر قسـەی جددیانه ترو هەڵوێستێكی زیاتر لەوبارەیەوە بنوێنرێت.

بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان، دیـارە ئەوانـەی كـە زەرەرمەنـد بـوون پێویسـتە قـەرەبوو بكرێنـەوەو دەسـتی هاوكـاری و كۆمـەكی زیـاتر، كۆمـەكی پێویسـتتر، بەتایبـەت لـەم وەرزە گەرمـەی هـاوین و لـەمانگی پـیرۆزی رەمەزانـدا بگەیەنرێتـە ئـەو دانیشـتوانەی كـەوا زەرەرمەنـد بـوون، بەتایبـەتی ناوچـە كوێسـتانەكان و كۆچەریەكان، كە ئێستا لەسەر زێدو حاڵ و ئاوی خۆیان نەماون.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، لە كێشەیەكی ئەوهادا دیارە ئێستا سەردەم سەردەمی بەكارهێنانی هێزو عـەرزی عـەزەلاّت نییـە، بـەڵكو گرتنەبـەری سـەرجەم كەناڵـە دیبلۆماسـیەكانە، گرتنەبـەری سـەرجەم كەناڵـەكانی وتوێژو گفتوگۆ و تاكە چارەسـەرە بـۆ كێشـەو گرفتـەكان، بـۆ چارەسـەری كردنـی كێشـەو گرفتەكانـە، بۆیـە ئێمـەش لێـرە بەپێویسـتی دەزانـین كـەوا داوا بكـەین چ حكومـەتی هـەرێم، چ حكومـەتی مەركـەزی، چ رای گشتی جیهان، من ئەوەندەی دەبینـم رای گشـتی جیهـان لـەم مەسـەلەیەدا زۆر بـێ دەنگـە، پێویسـتە كـارێكی ئەوتۆ بكات، بەتایبەتی رێكخراوەكانی كۆمـەڵگای مـەدەنی هـەموو وجـودو حـزوری خۆیـان بـەكار بێـنن بـۆ دروسـت كردنـی رایـەكی گشـتی بـۆ فشـار خسـتنە سـەر بابـەتێكی وا گـرنگ، كـە تـەنها زەرەرمەنـد لێـرە دانیشـتوانی هـەرێمی كوردسـتانە، پێویسـتە لـەم بارەیـەوە هەوڵـەكان هـەموو چـڕ بكرێنـەوە، بتوانرێـت بەشـێوازی ئاشـتیانە كێشـەكان حـەل بكرێـت، سـوپای پاسـدارانیش چـیتر سـنوورەكانی هـەرێمی كوردسـتان تۆپباران نەكەن بە بیانووی جۆر بەجۆر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بلال سلیمان كەرەم بكە.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم.

(من قتل نفس بغیر نفس فكأنما قتل الناس جمیعاً)، دیارە هاووڵاتیـان و گوندنیشـان و كۆچـەرانی ئێمـە لـە سنوورەكانی بەداخەوە دەڵێم هەم ئێران و هەم توركیا زۆر جار تووشی ئەو گرفتانـە دێـن و، زۆر جـار ئـەم زوڵم و ستەمەیان بەرامبەر دەكرێت، كە تۆپباران دەكرێن و دەكوژرێن و بریندار دەكـرێن، ئـاوارە دەكـرێن، دەربەدەر دەكرێن، بەتایبەتیش لەم دواییانەدا ئـەم تۆپبارانـەی لەلایـەن كۆمـاری ئیسـلامی ئێـران كـرا، كـە بەڕاسـتی جێگـەی نیگەرانییـەو، جێگـەی ئەوەیـە كـە ئیدانـە بكرێـت و، هـەموو ئـەو تونـدو تیژیانـەش كـە دەكرێن، جگە لەوە بەشێوەیەكی گشتی لەلایەن شەخصەوە دەبێت، یان حكومەت، یان لایەن بێـت، بەڕاسـتی جێگەی ئەوەیـە كـە ئیدانـە بكـرێن و، مـن لـەلای خۆمـەوە ئیدانـەیان دەكـەم بەڕاسـتی، جگە لـەوەش ئـەم زوڵمەی كە دەكرێت لـە هاونیشـتمانیانمان، بەڕاسـتی پێویسـتە حكومـەتی كۆمـاری ئیسـلامی ئێـران هـەموو خەسارەی گیانی و مالی ئەم خەڵكە هەژارە بداتەوە، كە لەسەر سنوورەكان لە رێگەی تۆپبارانەكانی كۆماری

ئیسلامی ئێرانیەوە زیانیان پێ دەگات، من پێموایە دەبوایە نوێنەری حکومەتی کوردستانیش لەو کۆبوونەوەیە بەشداری بکردایە، بەڕاستی من خۆم یەکێکم لەوانەی کە ئیمزام کردووە لەو چەند بەڕێزە، ئەگەر بمزانی بوایە نوێنەری حکومەت خۆی دەدزێتەوە لەو مەسئوولیەتە، من ئەو ئیمزایەم نەدەکرد بۆ کۆبوونەوەیەکی لەو شێوەیە، چونکە پێموایە ئەم کۆبوونەوەیەش هەروەکو کۆبوونەوەکانی رابردوو، کە لەسەر ئەم بابەتە کردمان، بەتایبەتی ساڵی رابردوو، هەروەها................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ مەعلوماتی جەنابت بانگی نوێنەرای حکومەتمان نەکردووەو خۆشیان نەدزیوەتەوە، چونکە داوایان لێ نەکراوە، ئەمە بۆ جەلسەیەکی ئاساییی بوو، حکومەت حازرە بۆ هەر جەلسەیەك، هەر وەزیر، سەرۆکەکەی، جێگرەکەی دێن ئامادە دەبن، چ بۆ لیژنەکان، چ بۆ ئێرە، فەرموو بەردەوام بە.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، من نەمگوتووە ئەوان نایەن، لەوانەیە خەلەلەکە لە پەرلەمان، لە ئێمە بێت نەمانووسیوە نوێنەری حکومەت بێت، بە هەر حاڵ زیاتر ئەوەی کە ئێمە ئاگامان لێیە لە تەسریحەکانی مەسئوولی کۆماری ئیسلامی ئێران و، لەو کۆبوونەوانەش کە دەکرێت، لە کۆبوونەوەی هەردوولا، من کەسێك نیم بێ ئاگا بم لە قەزیەکان، ئەو لیژنەیەی کە لە بەینی کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستان کۆ دەبێتەوە، چەند جار من هەردوو تەرفیانم بینیووە بە جیا جیا، هەردووکیان قسە دەکەن، بەلاّم قسەکانیان بەڕاستی وەکو یەك نییە، جیاوازە لەوەی لە لای ئێمە دەگوترێت، بۆیە پێویست بوو پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وردیاتی ئەم کۆبوونەوانە بزانێت، چونکە کۆبوونەوەکانی کە دەکرێت لەوانەیە شتێك بێت، ئەوەی لەلای ئێمە دەگوترێت بە شەخصی شتێکی ترەو، قسەی جیاواز هەڵدەگرێت، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیڵێن کە قسەیان چی بووە لەلای ئێمە کردوویانە لە رێگای پەیوەندییەکانی خۆمانەوە، کە من ئاگام لێیەتی دەڵێن ئێمە لە کۆبوونەوەی هاوبەش باسمان کردووە کە دەبێت ئەم توندوتیژییانەی کە بەرامبەرمان دەکرێت و، ترسی ئەمنی دروست کردووە لەسەر ولاّتمان، ئێوە بیوەستێنن، لەبەر ئەوەی لەناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێمە دێت، ئەوان دەستەوەستانی خۆیان نیشانداوە، یەعنی هەرێمی کوردستان، مەسئوولینی بالاّ، دەستەوەستانی خۆیان نیشانداوە، بۆیە ئێمەش ناچارین هەر هەڵوێستێك بنوێنین لە تۆپبارانددا، یان لە هەر هەڵوێستێکی تریش کە لە داهاتوودا دەیکەین، چونکە ئەوە بە حەقی خۆمان دەزانین و پێشمان وایە حەقە، ئەگەر چی دیارە ئیتیفاق، من پێموایە دەبێت لێرەشدا ئێمە لەسەر ئەوە بوەستین وەکو هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی، هەموومان تێدا مەسئوولین لەو قەزەیە، ئەوەش بەوە دەکرێت ئێمە ئەو کێشەیە بەڕاستی پێویستە بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەری بکەین و، بەو شێوەیە نەیهێڵینەوە، چونکە مانەوەی بەو شێوەیە، لەوانەیە دواجار زەرەری گەورە بەو ئەزموونەی ئێمە بگەیەنێت، پێویستیشە ئەو لایەنە چەکدارانە، ئەو لایەن و هێزانە، هەتا شەخصیش لەوانەیە هەبێت، کە

کێشەی هەیە لەگەڵ وڵاتەکەی خۆی، جا لەگەڵ تورکیایە، لەگەڵ ئێرانە، ئەگەر هێزی چەکداری بەکار دێنن رێز لە یاساو رێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرن، ئەگەر وا نەکەن، بە تەئکید ئەوان قازانج ناکەن و، دواتریش زەرەرێکی گەورە بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەگەیەنن، دیارە بۆ پاراستنی سنوورەکان، سنوورەکانمان پێویستە رێز لە یاساکان بگیرێت، ئێمە وەکو عێراق کە کوردستانیش بەشێکە لە عێراق و، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندامن، بەپێی ئیتیفاقیە بەندێك لە ئیتیفاقیەدا ئیمزا کراوە، پێویستە رێز لێنان هەبێت لە سنوورەکاندا، بەلاَم بەداخەوە ئەم ئیتیفاقیە وەکو خۆی جێ بەجێ ناکرێت، کە جێ بەجێ ناکرێت پێویستە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە ئیتیفاقیەی دوو جانبی، دوو لایەنە بکەین، ئەو ئیتیفاقیەش بەوە دەکرێت کە بەشێوەیەکی روون و شەفاف بێت، بەتایبەتی ئێمە کە سنوورێکی فراوانمان هەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، پێویستە ئەو ئیتیفاقیە بەندەکانی لە کۆبوونەوەیەکی داخراوی ئەم پەرلەمانە قسەی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی هەموو لایەك تێیدا مەسئوول بێت و بەرپرسیار بێت، تەنها لایەنێك نەبێت، راستە دواجار حکومەت جێ بەجێی بڕیارەکان دەکات، ئیتر پەرلەمان لە وردیاتی ئەم ئیتیفاقیە ئاگادار بێت و پێویستیشە بکرێت.

جگە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بکات لەسەر ئەوەی کە خەسارەی مالی و مەعنەوی و گیانی هاووڵاتیان لە کۆماری ئیسلامی ئێران وەربگرێتەوە، پێش ئەوە حکومەت زۆر بە جددی ئیش لەسەر ئەوە بکات و پەلە بکات لەسەر ئەوەی ئەم هاووڵاتیانەی ئێمە کە ئاوارەو دەربەدەر بوون بەو گەرمای هاوینە، بەو رەمەزانە، پێویستە بەزووترین کات فریایان بکەوێت و کۆمەکیان بکات لە رووی مالی شوێن و جێگەو رێگەیان بۆ دابین بکات و، خوای گەورەش شەهیدەکان بە شەهید قەبوڵ بکات و، لە هەمان کاتیشدا لە هەرێمی کوردستان وەکو شەهید حیسابیان بۆ بکرێت لە رووی مالییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار گوڵێزار قادر کەرەم بکە.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز دکتۆر ئەحمەد دەکەم و دەستخۆشی لە لیژنەکانی پەرلەمان دەکەم، پشتگیری لە راپۆرتەکەیان دەکەم، منیش داکۆکی لەوە دەکەم کە بە گفتوگۆ و دیالۆگ و رێگای دیبلۆماسی چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئەمە خاڵی یەك.

خاڵی دووەم/ حکومەت زۆر بە جددی هەوڵێست وەربگرێت و قەرەبووی زۆر باشی هاووڵاتیانی خۆی بکات، بەتایبەتی پێداویستیە سەرەکیەکانیان، وەکو ئاو و کارەبا، کە لە مانگی پیرۆزی رەمەزاندا ئەوان لەبەر گەرمای هاویندا دەناڵێنن بۆیان جێ بەجێ بکات.

خاڵی سێیەم/ بە رەسمی لیژنەیەکی حکومی سەردانی ئەوان بکات، سەردانی سەر سنوورەکان بکات، لەنزیکەوە حاڵی ئەوان ببینێت کە ژیانی ئەوان چەند لەناخۆشیدایە.

خالی کۆتاییم/ ئەو کێشانە بنبڕ بکرێت و جارێکی تر دووبارە نەبنەوەو، ئەوەش لە ڕێگەی پەیوەندی دیبلۆماسی هەرێم و حکومەتی عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێراندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار خەلیل عوسمان کەرەم بکە.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئیدانەی ئەو تۆپبارانەی ئەم دواییەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەکەم، هەرچەندە چەند ڕۆژێکە وەستاوە، کە هیوادارم ئەمە بە یەکجاری بێت و دووبارە نەبێتەوەو، پێشم وایە ئەمە پێچەوانەی هەموو ڕێساو بنەماکانی مافی مرۆڤ و، هەروەها پێچەوانەی هەموو ڕێساو یاسا نێودەوڵەتیەکان و، هەروەها نەریتی سیاسی دراوسێیەتی نێوان دوو دەوڵەتە، لێرەدا پرسەو سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدەکان و، هەروەها هیوای چاك بوونەوە بۆ بریندارەکان و هاوخەمی خۆشمان بۆ هەموو ئەو خەڵکانە دەردەبڕین کە ئازاریان چەشتووە لە دۆخی گەرمای هەویندا ئاوارە بوون و لە زێدو شوێنەکانی خۆیان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەبوو ئێمە زووتر ئەم دانیشتنەمان کرد بوایە، چونکە هەم بەپێی ماددەی (6) کە ڕێکخستنی جەلسەکان لە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان دایە، کە دەبوو پەرلەمان پێش دامەزراوەکانی تر هەڵوێستی روون ئاشکرای هەبوایە، هەروەها بەدوای دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاودا بگەڕایە، ئەوەندەی من ئاگادار بم حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە دەچێتە چوارچێوەی کاری بە هانا چوونەوە، ئەوەی دەچێتە چوارچێوەی کاری حاڵەتی تەوارییەوە، بەڕاستی هەروەکو لەگەڵ هاوکارانم ئێمە وەکو شتێکی مرۆیی سەردانێکمان کردووە بۆ ئەو ناوچەیە، لەگەڵ کاك گۆران و مامۆستا سیوەیل خان، دەبینین زۆر شتەکان جێ بەجێ کراوە، هەر لە مەسەلەی کارەباوە، هەر لە مەسەلەی خێمەوە، هەر لە پێویستی ئازووقە، هەروەها تاوەکو بەفرو ئاو و کۆمەڵێ پێداویستی تریان بۆ دابین کراوە، بەلاَم ئەمە مانای ئەوە نییە ئەمە کافیە، بەلاَم ناکرێت ئەمانە نادیدە بگیرێت و بوترێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچی نەکردووە، ئەوەندەی من ئاگادار بم پارێزگاری سلێمانیش بڕیاری ئەوەی دابوو کە کەمپێکی باشتریان بۆ دروست بکات، بەلاَم نازانم ئەوە تا کەی دەچێتە حاڵەتی جێ بەجێ بوونەوە، هیوادارم دۆخەکە زووتر چارەسەر بکرێت، هەروەها داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، بەتایبەتی هەندێك وەزارەت و فەرمانگەی پەیوەندیداری خۆیەوە فشاری زیاتر، هەنگاوی دیبلۆماسی زیاتر هەڵهێنێت، بۆ بە یەکجاری ڕاگرتنی ئەم تۆپبارانە، هەروەها پێشم باشە وەزارەتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی فەرمانگەکانی خۆیەوە هەموو ئەو زەرەرو زیانانەی سامانی رووەکی و ئاژەڵی بخەمڵێنرێت بە دیکۆمێنێت بکرێت و ئاراستەی حکومەتی فیدراڵ و، هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکرێت، هەم لە رووی ساسییەوە، هەم لە رووی ئابوورییەوە بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووان بایەخی خۆی دەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن هەم

حکومەتی هەرێمیش قەرەبووی باشتری ئەوان بکاتەوەو هاوکاریان بێت، هەرچەندە ئاگادارم کە حکومەتی هەرێم بڕیاری هاوکارییەکی داوە، بەڵام پێموایە دەبێت زیاتر هاوکاری بکرێن.
خاڵێکی تر کە گرنگە، بەڕاستی من پێموایە پێکهێنانی ژوورێکی عەمەلیاتی هاوبەشی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەك، هەروەها نوێنەرانی ئێمە لە پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵ بۆ دیراسەت کردنی وردی حاڵەتەکە کارێکی زەرورە، بەتایبەتی کە هەموو ناوچەکە بەگشتی بە هەلومەرجێکی سیاسی و بارگاویدا دەڕوات، پێموایە دەبێت بە وردی دیراسەیەك هەبێت و هەماهەنگیەك هەبێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو و ریشەیی بۆ ئەم مەلەسەیە، کە هیوادارم و دەمێکە ئێمە دەڵێین بۆ هەموو پرسەکانی نێوان ئێمەو حکومەتی عێراق، حەقە ئەوها ئەم ژووری عەمەلیاتە، یاخود ئەو جۆرە هەماهەنگیە هەبێت لەنێوان ئێمەو نوێنەرەکانی ئێمە لە بەغدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز هەر لە 7/31 تەڵەبی ئەم دانیشتنە کرا، بۆ ئاگاداریت، ئەو خوشك و برایانەی تائێستا گوتوویانە، ئێمە زۆر لەوە زیاتر حەرەکەتمان کردووە، پێشتر بۆ جەنابتان باسمان کردووەو لە سەرۆك کۆمارەوە بگرە هەتاکو بێن نوێنەرەکانی ئێران لەگەڵیان قسە کراوە، پەرلەمان هەوڵی خۆی داوە، بەلاّم مەسەلەکە موعەقەدترە لەوە، دوایێ ئێمە موئەسەسەیەکین لەناو هەرێمێکی فیدراڵی لەناو دەوڵەتی عێراقی ئیتیحادی، پاراستنی سنوورو و ئاسمان سیاسیەتی خارجی عایدی حکومەتی ئیتیحادییە، دەبێت زەخت لەوێ بکەین، بۆ پەیوەندییەکان و بۆ هەموو شت دەبێت موئەسەسەیەك لە چوارچێوەی یاسا حەرەکەت بکەین، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار بێریڤان کەرەم بکە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لە پێشنیارەکانی من باس کران بۆ چارەسەر کردنی، یان ناڕەزایی بەرامبەر ئەو تۆپبارانە، بەلاّم منیش دووبارە دەڵێم مانگ و نیوێك بەسەر چوونی تۆپبارانی لادێیەکانی کوردستان و هاووڵاّتیانی کوردستان دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمان بکرێت دەرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی بۆ داوات نەکرد پێشتر، داوات نەکردووە، 7/31 داوات کردووە، ئەوە قائیمەکەیە، ئەوە ئیمزاکەیە لە 7/31 داوا کراوە، پێشتر داوا نەکراوە، پاشانیش ئەو شتانەی ئێستا من پێش جەنابت روونم کردەوە بۆ هەموو مەجالێك هەوڵ دراوە، سەرۆکی هەرێم هەوڵی خۆی داوە، سەرۆك کۆماری عێراق هەوڵی خۆی داوە، نوقتەیەکی موستەعسی هەیە لەنێوان دەوڵەتێکی گەورە بەهانەیەکی بچووك لە مەنتیقەیانە پێی ئیستیفزاز دەبێتن، ئەویش زۆر موعەقەدەو ئاسانیش نییە، زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ کەریم کەرەم بکە.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی دەستخۆشی لە ڕاپۆرتەكەی لیژنەی هاوبەشی پەرلەمان دەكەم و، لەگەڵ یەكە یەكەی خاڵ و پێشنیازەكانیاندا، هەروەها پشتیوانی لە قسەكانی برای بەڕێزم كاك دڵشاد شەهاب دەكەم، لەگەڵ ئەوەشدا پێم باشە دوو خاڵ لەیەك جیا بكەینەوە، یەكیان/ خەڵكێك لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانەدا زەرەرمەند بووە، ئاوارە بووە، بۆیە پێویست دەكات بە پەلە جەردی ئەو زیانانە بكرێت كە لێیان كەوتووە، بۆ ئەوەی دواتر حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگەی خۆیەوە لەگەڵ حكومەتی ئیتیحادی، بۆ ئەوەی داوا لە كۆماری ئیسلامی ئێران بكرێت كە تەعویزی ئەو خەڵكەكە بكاتەوە، چونكە بەپێی قانونی نێودەوڵەتی ئەوانن بەرپرسیارن كە زەرەرو زیانیان بە خەڵكی ئێمە گەیاندووە، ئەمەیان یەك.

دوو/ بەنیسبەت موساعەداتی ئینسانی بە پەلە، پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەشێك لە گەیاندنی موساعەداتی بە پەلە بۆ ئەو خەڵكە ئاوارە، ئەو خەڵكە زیان لێكەوتووە، كە لەسەر جێگەو ڕێگەی خۆیان هەڵكەندراون، پێویست دەكات مشوریان لێ بخوات، بەخێرایی بە پیریانەوە بچێت، دیارە شت كراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی راپۆرتی هاوبەشیش، بەپێی ئەو سەردانانەی كە كراون، ئەو خەڵكە زیان لێكەوتوو و ئاوارانە پێویستیان بە هاوكاری هەیە، بۆیە پێویست دەكات وەزارەتە پەیوەندیدارەكان بە خێرایی بگەنە ئەو ناوچانەو هاریكاری پێویستیان بۆ دابین بكەن.

ئەوەی دەمێنێتەوە بەڕاستی خاڵی دووەمە، كە بەڕاستی پێویستە قسەی زۆرتری لەسەر بكرێت، ئەویش ئەوەیە راستە بیلفیعل سێ، چوار ڕۆژە سنوورەكان هێمنتر بوونەتەوەو تۆپباران راگیراوە، بەڵام بۆ ئەوەی چیتر ئەو تۆپبارانە دووبارە نەبێتەوە، نە ئەمساڵ و نە ساڵانی تر، من پێموایە پێویستە دوو شت بكرێت:

یەكەمیان/ پشتیوانی لەو پێشنیازەی كاك كاردۆ دەكەم، كە پێیوایە لیژنەیەكی پەرلەمانی پێك بێت بۆ موتابەعەی ئەو مەوزوعە، ئەمەیان یەك.

دوو/ بە خێرا حكومەتی هەرێمی كوردستان وەفدێك بۆ سەردانی بەغدا بنێرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ حكومەتی ئیتیحادی، لەگەڵ نوێنەرانی خۆمان لە بەغدا بكەونە گفتوگۆ، ئەویش دیارە پێشەكی ڕێ و شوێن بۆ هەر كێشەیەك ئەگەر هەبێت، بە تەئكید هەیە لەنێوان هەردوو وڵات ئێران و عێراقدا، بەتایبەتی سەبارەت بە بۆردومان كردنی ناوچە سنوورییەكان، پێویست دەكات یەكەم جار لە ڕێگەی كەناڵی سیاسی و دیبلۆماسییەوە بێت، بۆ ئەوەی كێشەكان بگیرێنە بەر، بۆ ئەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگەی خۆیەوە لەگەڵ حكومەتی بەغدا، لە ڕێگەی نوێنەرەكانیەوە میكانیزمی گونجاو بدۆزرێتەوە، بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشانەو دواتریش لە ڕێگەی ئەم لیژنە هاوبەشەی كە لە پەرلەماندا دروست دەكرێت، بۆ ئەوەی پەرلەمانی كوردستان و خەڵكی كوردستانی لێ ئاگادار بكرێتەوە، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز لیژنەی تایبەت بۆ وەزعی ناوخۆی کوردستان لیژنەی ناوخۆیە، هەیە، لیژنەی پێشمەرگە بۆ سنوورو ئیش و کاری پێشمەرگەو تەحەروك هەیە، لیژنەیەکی تایبەتە، دائیمیە، لیژنەی مافی مرۆڤ هەیە، کە لیژنەیەکی سابتە لە پەرلەمانی کوردستان، لیژنەکانی تریش هەموو مەعنین بەو ئیش و کارانە، بۆیە لیژنەکان کاریان کردووە، یەعنی ئینسان ناتوانێت بلێت کاریان نەکردووە، بەلاَم ئەو لیژنانە بەردەوام ببەن لەنێوان خۆیان تەنسیق بکەن بە موشتەرەکی بڕۆن، خۆیان بە تەنها دەڕۆن، زۆر زۆر تەبیعییە، زۆر سوپاس، رێزدار پەیمان عبدالکریم کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنم لە کاك کاردۆ، دەمەوێت ئەوە بڵێم هەڵوێستی حکومەتی هەرێم و ئەندامەکانی پەرلەمانی بەغداو سەرۆك کۆماری عێراق و وەزیری دەرەوەی عێراق، چونکە خۆی کوردە، دەبێت هەڵوێستێکی راستەقینەترو کاریگەرترو رۆشنتر بێت، لەم رۆژەدا لەو زروفە سەختەی کە بەسەر کوردستاندا تێ دەپەڕێت، هەروەها بەشێوەیەکی فەرمی ئیدانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بکات و بەشێوەیەکی دیبلۆماسیانە جەخت لەسەر پابەندبوون بکات، لەسەر رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان بکات، کە مافی پاراستنی سنووری نێودەوڵەتی نێوان وڵاتانی تری گرتۆتە خۆی، بوونی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنسولیەتی زۆربەی وڵاتانی گرنگی جیهان لە هەرێمی کوردستان، کە ئەو وڵاتانە تیایاندا مافی مرۆڤ گرنگەو پێشێل کردنی تیا ناکرێت، زۆر بە گرنگ دەزانم ئەمڕۆ وجودی ئەوانە لە کوردستان کە ئەو شێوە رەفتارانەو پێشێلکارییانەی کە دەرهەق بە مرۆڤی کورد دەکرێت دوای چەند ساڵ چەوساندنەوەی مرۆڤی کورد لە سەر دەستی رژێمە جۆراوجۆرەکانی عێراق، ئەمڕۆکە ئەو دەنگە بەگەیندرێتە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان تیایدا وڵاتانی جیهان ئاگادار بن لەو پێشێلکارییانەو لەو زروفە سەختەو لەو شێوە رەفتەی کە دەرهەق بە ئینسانی کورد دەکرێت، ئەویش ئەوەیە بە تۆپباران کردن گوندەکان کاوڵ دەکرێن و ژیانی ئارامیان لێ هەراسان دەکرێت، بۆیە داواکارم ئەو کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆمان کاردانەوەی گرنگی هەبێت تیایدا بە بەرز کردنەوەی راپۆرتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ گشت رێکخراو و کۆنسولگەریەکان وا لە کوردستان وجودیان هەیە.

دووەمیان/ قەرەبوو کردنەوەی ئەو خێزانە ئاوارانە، یەعنی بەشێوەیەکی ئینسانی لە بودجەی هەرێم و، پابەندکردنی دەوڵەتی کۆماری ئیسلا می ئێران، کە ئەو زەرەرو زیانانە قەرەبوو بکاتەوە بۆ خەڵکی ئەو ناوچە سنوورییانە، چونکە خۆی ئەو خەڵکەی تووشی ئەو زەرەرانە کردووە، هەروەها پابەند بکرێت بە ئیلتیزاماتە دەستوورییەکان، کە لە رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکاندا دەست نیشان کراوە.

داواکاری سێیەمیشم ئەوەیە، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەوری خۆی ببینێت لەو رۆژە گرنگەدا، لەو زروفە سەختەدا، ئەوەش سەنگەرە پیرۆزەکانی بابڵێین ناوچە سنوورییەکان لەوێدا سەنگەر بگرێت و دژ بەو جۆرە پەلاماردان و هێرش کردنە سەر کوردستان رابوەستێت، نەك مەسەلەن ئەو زروفەی کە لەناو

کوردســـتان روویـــدا، پێشـــمەرگە بـــۆ ســـەرکوت کردنـــی خـــەڵکی نـــاو کوردســـتان بـــەکار هـــات، بـــەڵام ئەمرۆ...............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە پێشمەرگە بۆ سەرکوت کردنی ناو خەڵکی کوردستان نییە، رجائەن دانیشە، بەڕێز عەزیمە نجم الدین کەرەم بکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسە کردن لەسەر تۆپبارانەکانی هەرێمی کوردستان کە ماوەی زیـاد لـە مانگێکە دەسـتی پـێ کـردووە، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا هەڵوێستێکی جددی وا نەبووە، نە لەلایەن حکومەتەوە، نە لەلایەن جـەماوەری هـەرێمی کوردسـتانەوە، مـن پێموایـە حاڵـەتێکی وا کـە لـە چوارچـێوەی هـەرێمی کوردسـتان سـنوورەکان ببـەزرێنرێت و خەڵکەکـە ئـاوارەو دەربـەدەر بکرێـت، جارێکی تـر وێرانـی بـۆ خـەڵك دروسـت بکرێتەوە، بەڕاستی بێ دەنگ بوون لە ئاست کارەساتێکی وا گەورەدا، من پێموایە بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆی خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەرەجەی یەك، لـە کاتێکـدا ئەگـەر هـەرێمی کوردستان بە هەر بیانوویەك بێت ئەو هێرشانە، یان بابڵێین ئەو تۆپبارانانە دەکرێتە سـەر ئـەو گوندانـەی هەرێمی کوردستان، بە هەر بیانوویەك بێت کە گوایە ئەمانە لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردسـتاندا هێزەکانی پژاکی لێیە، بەڵام خۆ ئەو گوندانەی کە ئێستا تۆپبارانی لەسەرە لە ماوەی ئەم مانگەدا تۆپبـاران کراون، تا ئێستا ئەو هێزانەو چەندین کەس کە سەردانی ئەو شـوێنانەی کـردووە، هێزێـك، یـان مەقـەرێکی ئـەو هێزانـە لـەناو گونـدەکانی هـەرێمی کوردسـتاندا نـەبووە، تـا بـەو بیـانووە لـەناو جەرگـەی لادێیـەکان تۆپباران بکرێت و خەڵکەکەی ئاوارەو دەربەدەر بکرێت، بەڕاستی مایەی نیگارانیە لـە هـەرێمی کوردسـتاندا ئێستا جارێکی تر خەڵك لەسەر سنوورەکان ئاوارە بێتەوەو ژیان و گوزەرانی لە دەست بچێت، هـەروەها ئـەو خەڵکانەی کە لە گوندەکانی هەرێمی کوردستانن کە پشتیان بەستووە بە بەروبووم و رەنج و مانـدو بـوونی خۆیان، بە رەزو باخ و داهاتی خۆیان، ئەمڕۆ هەموو ئەوانەیان لـە ژێـر تۆپبارانەکانـدا بێـت و خۆشـیان لـە ژێر خێمەکاندان، جگە لەوەی زیانی ماددی و گیانیان بەرکـەوتووە، هـەروەها کاریگـەری دەروونـیش لەسـەر منداڵەکانیان هەیە بە بەرچاویانەوە پێنـج کیلۆمـەتر تۆپـەکان لـە سـنوورەکان دوورن لـەوێوە کـە تۆپبـاران دەکرێن، بەڕاستی من پێموایە لێرە حەقـە هـەموو جـەماوەری کوردسـتان، حکومـەت رێگـەی نەگرتایـە، بـۆ ئەوەی خۆپیشاندانێکی جەماوەری بۆ کونسلخانە ئێران و بەردەم کۆنسولی ئێران لـە هـەرێمی کوردسـتاندا، هـەروەها حکومـەت بەیاننامەیـەکی رەسمـی دژ بـەو تۆپبارانانـە دەر بکردایـە، هـەروەها پەرلـەمانیش لیژنەیەکی دروست بکردایەو ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی کە ئێستا باسی کرد لـە هێزەکانی نـاوخۆ و مـافی مـرۆڤ، بـۆ ئـەوەی بەدواداچـوون بکـەن، بـۆ ئـەوەی لـێ پێچـینەوە بکرێـت لەگـەڵ حکومـەتی هـەرێمی کوردستاندا، بۆ ئـەوەی چ هـەنگاوێکی دیبلۆماسـی نـراوە، چ یاداشـتێك دراوە بـە حکومـەتی عێراقـی لەگـەڵ

ئەوەی کە لە حکومـەتی عێراقـی خۆمـان بەشـدارین پێویسـت بـە یاداشـت و داواکـاری ناکـات، ئێمـە داوا لـە حکومەتی عێراقی بکەین کە هەڵوێست بنوێنێت و چ زەمانەتێکیش هەیە ئێستا بۆ گەڕانەوەی ئەو ئاوارانە لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالله ملا نوری کەرەم بکە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسەکان زۆربەی کران، ئەوەی دەمێنێتەوە من 100٪ پشتیوانی ئەوە دەکەم کە بە شێوەی ئاشـتییانە و لە ڕێگەی دبلۆماسی یەوە هەوڵ بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتە بدرێ، لە ڕاستیش دا هەر ئەوە تواناکانە، پێموایە ڕێگەی ڕاست ئەوەیە کە واقیعی ئێمەش هەر ئەوەندە دەکرێ هـەوڵ بـدەین لـە ڕێگـەی یاسـاوە، لـە ڕێگەی فشاری دبلۆماسـی یـەوە، لـە ڕێگـەی حکومـەتی فیدراڵـەوە هـەوڵ بـۆ چارەسـەر کردنـی ئـەو گرفتـە بدرێت، بەڵام ئەوەی کە دەمێنێتەوە من بیڵێم لە ڕاستی دا نوقتەی یەکەم ئەوەی کە من مەترسی یەکـەمم لێی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە مەترسی ئەوەم هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگاداری ئـەم بابەتـە بێ، یاخود بە شێوەیەك لە شێوەکان وەکو مامۆستا عمر ئاماژەی پێ دا، جۆرێك لە ڕێککەوتنی ژێر بـە ژێـر هەبێ، بـە تایبـەت کـە لـە ماوەکـانی ڕابـردوودا کۆمـەڵێك بەڵگـە بڵاوکرایـەوە، نـازانین بەڵگـەکان تـا چـەند ڕاستن، بـەڵام نـەمانبینی لەلایـەن حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە ڕوون کردنەوەیـەك، یـاخود وەڵامێکـی ڕەسمـی، فـەرمی هـەبێ لەلایـەن حکومەتـەوە کـە ڕەددی ئـەو بابەتـە بکاتـەوە، لەلایـەکی تریشـەوە ئێمـە ئەبیستین لێرە و لەوێ لێدوانی بەرپرسانی ئێرانە کە باسی ئـەوە دەکـات کـە ڕێککـەوتن هەیـە، بـێ دەنگـی حکومەتی هەرێمیش لەبەرامبەردا یەعنی جۆرێـك لـە گومـان دروسـت دەکـات، بۆیـە مـن نوقتـەی یەکـەمم ئەوەیە کە داوا دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکەم هەنگاوی دا وەڵامێکی ڕوون و وازحی هەم بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەم بۆ ڕای گشتی هەبێ کە ئایا بەڵێ ئەو ڕێککەوتنە هەیـە یـاخود نـەخێر نیـە؟ نوقتەیەکی تر ئەوەیە کە برادەران باسیان کرد، ئەوەیە کە هەموو لایەك کۆکین لەسـەر ئـەوەی کـە هـەوڵی چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە بدرێ بە شێوەیەکی بنەڕەتی، بۆیە من پشتیوانی ئەوە دەکـەم ئـەو لێژنانـەی کە باس دەکرێ، ئەو وەفدانەی کە باس دەکرێ ئـەرکێکی تریـان بخرێتـە ئەسـتۆ، ئـەویش ڕۆڵـی ناوبـژیوانی کردن بێ لـە بـەینی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لەلایـەك و برایـانی پـژاك، لـە ڕاسـتی دا کێشـەیەك هەیـە لـە ئێرانەوە، ئەوە کێشەیەکە کێشەی کوردی پێ دەوترێ، بۆیە ئەگـەر بمانـەوێ ئـەو کێشـەیە چارەسـەر بکـرێ دەبێ قسە لەسەر ئەصڵی مەسەلەکە بکەین، نوقتەیەکی تر کە من دەمـەوێ ئامـاژەی پـێ بـدەم لـەم ماوانـە چەند گرووپێك، چەند دەستەیەکی ئیعلامی دەیانەوێ بچنە ئەو شوێنانە تەغتییـەی ئـەو بابەتانـە بکـەن، ڕێگریـان لـێ دەکـرێ، بۆیـە پێویسـتە پەرلـەمانی کوردسـتان لەسـەر ئـەو مەسـەلەیەش هەڵوێسـتی هـەبێ، دەرفەت بە کەناڵە ناوخۆییەکان بدرێ کە بڕۆن ئەو کێشانە بۆ خەڵکی کوردستان بگوازنەوە، ئاخیر نوقتەی

من ئەوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە دەزانین لە ئەنجامی ئەم کێشانە، لە ئەنجامی تۆپ بارانەکان، لە ئەنجامی ئەو فشارە سەربازییانەی کە لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، کۆمەڵێك کێشە، کۆمەڵێك دەرئەنجامی مرۆیی و هەروەها ئابووری لەسەر هەرێمی کوردستان دروست کردووە، واتا کۆمەڵێ زیانی گەورەی بە خەڵکی کوردستان گەیاندووە، لەلایەکی تریشەوە بە هەمان شێوە، کێشەیەکی تر هەیە کە هەمان زیانی بە خەڵکی کوردستان گەیاندووە، کە من پێشنیار دەکەم لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە دروست بکرێ، ئەوەی گرتنەوەی ئاوی ئەڵوەن و کۆمەڵێك ئاوی ترە، کە بەشێکە لەو سیاسەتەی کە حکومەتی ئێران ئەمڕۆ بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان پەیڕەوی دەکات، بۆیە داواکارم پەرلەمانی کوردستان لە زووترین کات دا لیژنەیەك ڕەوانەی خانەقین و هەروەها ناوچەکانی پێنجوین بکات بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر ئەو بابەتە و چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕاستی ئەوەی ئاوی ئەڵوەنیش ڕاستە، لەسەر ئەوەش ئیشمان کردووە بۆ مەعلوماتتان، لەسەر کارێکی تریش کار دەکەین کە لە خوارەوە جەیشێك دێتە مەنتیقەی سەعدیە و جەلەولا، لەو ناوە کوردیش ئیغتیال دەکرێ، دەکوژرێ، بە بێ حیساب دەتۆقێندرێ و کاکەییەکانیش دەکوژرێن، یەعنی موئامەرەیەکی گەورە لەسەر ئەو هەرێمە هەیە لە هەموو لایەکەوە، لە مەندەلی بگرە، لە خانەقین بگرە، لە مەنتیقەی گەرمیان بگرە، ئینجا بڕۆ بۆ سنجار، ئینجا بۆ نەگبەتی لەو لایەشەوە تۆپ بارانمان دەکەن، بە هەر سەبەبێك بێت ئەو موبەریرە نیە تۆپ باران بکات، سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز کاروان صالح، فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوا بە دوای ئەوەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ و هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی پێشمەرگەش بەیەکەوە سەردانی سنوورەکانمان کرد، پاش ئەوەی کە هەواڵی تۆپ بارانەکەمان پێ گەیشت، ئێمە لە (10)ی مانگی حەوت گەیشتینە شوێنی مەبەست لە قەزای چۆمان بەدواداچوونمان کرد لەگەڵ بەڕێز قایمقامی چۆمان گەیشتینە هەندێك ڕاستی، بەڕاستی حەزم دەکرد برادەرانی لیژنەکەمان خۆیان باسی ئەو خاڵانەیان بکردایە، بەڕاستی قایمقامی بەڕێز نایشارێتەوە کە تەجاوزات هەیە لەسەر سنوورەکە، زۆر بەڕاشکاویش باسی ئەوە دەکات کە ئەو تەجاوزاتانە نەشاراوەن، یەعنی ئەوەی کە من پێموایە جێگای پرسیارە، ئەوەی کە برادەرانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، نە ئەوانەی کە بە خۆشمان چووبووینە ئەوێ زۆر پەنجەیان لەسەر ئەوە دانەگرت کە بڵێن وەڵلاهی هێزەکان سنووریان بەزاندووە، بەڵام من خەڵکی ناوچەکە، خەڵکی (25) دێم بینی، لەبەردەمی کامیراکان هاواریان دەکرد/ دێیەکەم بۆتە سەربازگە، من بە چاوی خۆم شۆفەلم بینیوە لە شوێنێك کە ناو سنووری هەرێمی کوردستانە، جاددەی سەربازی لێ دەدرێ، ئێمە لێی بێ دەنگین، بەڕاستی ئەوە جۆرێکە لەوەی کەوا چاوپۆشی کردنێکە، یان پەردەپۆش

کردنێکه پێموابێ ناهەقییەکە بەرامبەر ئەو خاك و نیشتیمانە دەیکەین، بۆیە کەس لە سنووری قەزای چۆمان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە ماوەی (15) ساڵ (50) هەزار گوللە تۆپ و کاتیۆشا بەس لەو سنووره کەوتۆتە ئەو شوێنە کە برینداری لێ کەوتۆتەوە، ڕەز و باخی لێ سووتاوە، گوندی پێ کاول کراوە، ئاژەڵ و باڵندەو دەیان زەرەرو زیانی ماددی و مەعنەوی لەو سنووره‌دایە، لە (68) کیلۆمەتری سنووری قەزای چۆمان تەنانەت (100) پاسەوانی سنووری هەرێمان هەیە، (100) پاسەوانی سنوورمان هەیە لەو مەنتیقە، ئایا دەکرێ بە (100) پاسەوان ئەو سنوورە بەس موراقەبە بکرێ؟ بەس چاودێری بکرێ؟ کە خۆشیان بە چالاکترین شێوازی چاودێری کردن و جل و بەرگ و تەکنەلۆجیا و چەك و تەقەمەنی یەوە لەو سنوورەن، کە هەندێ جار لەوەش ناچێ کە سەرباز بن، بەڕاستی، یەعنی ئەوە کارێکە نوقصانییەکی زۆر گەورەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەبێ بەڕاستی ئەوە پڕ بکرێتەوە، لە قەزای سۆران زیاتر لە (100) کیلۆمەتر بە هەمان شێوە، لە قەزای پشدەر (136) کیلۆمەتر بە هەمان شێوە پاسەوانی سنوور تەواجوودێکی زۆر لاوازی هەیە، ئەو تەواجوودەش بەڕاستی لە شوێنە ئاوەدانکراوەکانە، لەو شوێنە نیە کە بزانێ، ئێستا بڕۆ لێی بپرسە نازانێ چەند گوند تۆپ باران کراوە، چەندیشی چۆڵ کراوە، چەندیشی تەجاوز کراوە، من بۆیە نایشارمەوە کۆماری ئیسلامی ئێران خەریکی هێنانی ڕێگایە بۆ چیای سەکران، لە گۆمی بێخودیان، لە کۆیکی کانی ڕەش، لەوانە هەمووی سەربازگەی داناوە، یەعنی با نەیشارینەوە، ئێرە شوێنی ئەوەیە کە قسەی لێ بکەین بەڕاستی، حەق وایە پەرلەمانی کوردستان بەڕای من حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار بکاتەوە، یەکێکیان ئێمە بەڕاستی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، خاڵێك هەیە کە زۆر گرنگە، ئەو ناکۆکییانە، ئەو کێشانە، ئەو قەیرانانە پەیوەندییەکان چارەسەری دەکات، بە ڕێکاری دبلۆماسی، پەیوەندییەکانی ئێمە بەداخەوە تا ئێستا پەیوەندی حیزبین، پەیوەندی حکومی نین، بۆیە من داوا دەکەم لەو پەرلەمانی کوردستانە کە ئەو پەیوەندییانە ڕێك بخاتەوە، یەکیان بگرێتەوە، موەحەدییان بکاتەوە، بیکا بە پەیوەندییەکی حکومی، بۆ ئەوەی بتوانین بە نوێنەرایەتی حکومەت قسە لەگەڵ ئەو وڵاتانە بکەین، نەك نوێنەرایەتی حیزب، تا ئێستا حیزبەکان پەیوەندییان هەبووە، هەندێك جار چاوپۆشیان کردووە، ڕەنگە جار جار تووشی سازش ببن لە هەندێك مەسائیل، بەداخەوە دەڵێم، بۆیە من پێم خۆشە، یەعنی ئێمە ئەو پەیوەندییانە بە دامەزراوەیی بکەینەوە، کە پەرلەمانی کوردستان بەڕاستی دەبێ بە ئەهمیەت هەڵیگرێ، بۆ ئەوەی جارێکی تر هەر دەست درێژییەك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بێ بە ڕاست و ڕەوایی شتەکانمان پێ بگات، نەوەکو ئاوها بە شێوازی گوماناوی و شێوازی ئەوە، لەلایەکی ترەوە داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئێمە ساڵی پاریش کۆبوونەوەی نایاساییمان لەسەر هەمان مەبەست گرتە بەر، چەندین برگەمان، چەندین ڕاسپاردەمان دا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە فشارەکانمان لەسەر حکومەتی عیراقی بە تایبەتی ئێمە شەریکین لەگەڵیان، مێوان نین، جەنابی سەرۆك کۆمار کوردە، وەزیری دەرەوە کوردە، سوپاسالار کوردە، چەندین قونصولگەری و چەندین وەزارەت و چەندین بەرپرسی گەورە لەو حکومەتە کوردن، ئێمە نازانم بۆ بێ دەنگی قبول دەکەن ئەو برادەرانەی ئێمە؟ ئەنجومەنی نوێنەران

بۆ تا ئێستا بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە؟ ئەگەر دەڵێن ئەو لێژنەیەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەران هاتە سنوورەکە، من بەداخەوە دەڵێم برادەرانیش کاك سالار و کاك إسماعیل و برادەران ئاگایان لێ یە، من لەگەڵ ئەو برادەرانە تووشی کێشمە کێشیش بووم، یەعنی خوشکێکی بریندار بە ناوی مەنیجە عمر تەمەن (27) ساڵ لە نەخۆشخانە چووینە سەردانی، زۆر بەداخەوە خەریك بوو سوێندی بدەن، (تحلفي یمین إنت إنجرحت بالشظایا الإیرانیة؟) یەعنی بەڕاستی ئینسان نیە تووشی ئەوە دەبێ کە ئەوانە بە چاوی شك و گومانەوە دێنە هەرێمەکەی ئێمە، ئەو دەستووری عیراقی فیدراڵە بە خوێنی خەڵکی کوردستان تۆمار کراوە، هەموو پێکهاتە سیاسییەکان تێکۆشانیان کردووە، هەموو کەسایەتی یە سیاسییەکان ئەو دەستوورەیان بۆ ئەو هەرێمە و بۆ ئەو وڵاتە دروست کردووە کەوا مافەکانی ئەو هەرێمەشی تێدا پارێزراو بێ، لە ماددەی (110) بەڕاشکاوی باسی دەکات کە حکومەتی عیراقی دەبێ ئیلتیزاماتی خۆی جێبەجێ بکات بەرامبەر بەو سنوورانەی ئێمە، بێ دەنگی حکومەتی عیراقی لە کاتێك دا کە جەنابی سەرۆك کۆمار لە تارانە تۆپبارانی ئەو هەرێمە دەکرێ، من ئەوە بە پێشێلکارییەکی زۆر گەورە دەزانم، لە هیچ ڕێکارێکی دبلۆماسی لە دنیادا نیە سەرکۆمارێك بچێتە وڵاتێکی تر، وڵاتەکەی تۆپباران بکرێ لە ڕاست ئەو وڵاتەش بێدەنگی بنوێنن، لە کاتێك دا کە جێگری یەکەمی ئەحمەدی نەژاد دێتە لای بەڕێز مالیکی تۆپبارانی ئەو هەرێمە دەکرێت، نقەیان لێوە نایەت، من بۆیە دەڵێم بەڕاستی وڵاتی ئێمە دووچاری قەیران و کێشەیەکی زۆر گەورە بووە، بۆیە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو خەڵکەین، دەبێ کێشەکە وەکو خۆی باس بکەین، دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پەلە بکەوێتە کۆمەکی ئەو خەڵکە، حکومەت بۆ قەیران و بۆ کێشە و بۆ ئەزمات بودجەیەك لەو پەرلەمانە، بودجەیەکی دیاری کراومان داناوە بۆ ئەو حکومەتە کە لە حاڵەتی ئەو قەیرانانە بکەوێتە خۆ، تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی وەکو پێویستت نەناوە، ئێمە چەند خێمەیەکی (أمم متحدة)مان لەو سنوورە بینیوە، لەگەڵ خاچی سوور، تائێستا ئۆردوگا کەوتۆتە بەر شاڵاوی تۆپباران، ئۆردوگای بوچەهر ئەویش گواستوویتەوە، تا ئێستا سنووری قەزای سۆران بە شێوازی زیادە (216) گوند چۆڵە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە بەڕاستی لەوە نەپێچینەوە کە ڕێکارە دیبلۆماسییەکان نەگرینە بەر، یاسای نێودەوڵەتی هەیە، بۆ ناچی لە دادگا تۆماری بکەی؟ من داوا دەکەم پەرلەمانی کوردستان لەسەر حکومەت فەرز بکات کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی داوا تۆمار بکات لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران، هەروەها داوا لە بەڕێزتان دەکەم هەموو ئەو سەربازگانەی تورکیا و ئێران لە هەرێمی کوردستان هەیە، بە زووترین کات مولزەمیان بکەین کە بچنە دەرەوە لە خاکی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوە خاکێکە هی ئەوان نیە، هیچ پرۆتۆکۆلێکیشمان لەگەڵیان ئیمزا نەکردووە بێن لە ناو خاکی ئێمە تەراتێن بکەن، خۆیان بەرپرسن لە پاراستنی سنوورەکانی خۆیان، کێشەکانی خۆیان، قەیرانەکانی خۆیان، دەبێ لە ناو خاکی خۆیان چارەسەر بکەن، نەیگوازنەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان، ئێمە هەرێمێکین زۆرمان لەوە خواردووە، زۆرمان چێشت لەوەی کە ئەنفال بکرێین و شەهید و قوربانی بدەین، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەو خاڵانەی لەو ڕاسپاردەی لەو کۆبوونەوەیە دەردەچێ بە

گرنگتری هەڵگرین وەکو ساڵی پار بەڕاستی جۆرێکیان لە فەرامۆشی بینی لەو ڕاسپاردانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ حکومەت ڕۆیی، من هیچ نایشارمەوە لەوەی کە جۆرێك کەمتەرخەمی دەبینم، ئەو بێ دەنگییەش حەقە بشکێندرێ، بە تایبەتی لەلایەن بەڕێزتانەوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، دەبێ زیاتر جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عیراقی فیدراڵ چیتر واز لە ڕژانی خوێنی منداڵێك نەهێنێ، کە جارێك دەسووتێندرێ لە هەرێمی کوردستان من بە شەهید کردنی ئینسانێکی دەزانم، کە کۆمەڵێك هەنگەوان من لەوێ بووم لەگەڵ ئەو کاك ئیسماعیلە چوار سەد سەر مەڕ پاسدارانی ئێران بە تالان بردیان، کێ هەیە لە مافی ئەو خەڵکە بپێچێتەوە، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سیوەیل عثمان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتیوانی لە قسەکانی هاوکارانم کاك کاروان و کاك عبدالله ملا نوری دەکەم، هەموو قسەکانیان ڕاستە، ئێمەش سەردانێکمان کرد لەگەڵ هاوکارانم کاك خلیل و کاك گۆران چووینە ناوچەی پشدەر سەردانێکمان کرد، حەز دەکەم باسی یەك حادیسەتان بۆ بکەم، بەس باش بوو زەرەری گیانی لێ نەکەوتەوە، چووینە سوونێ، سوونێ زۆر دوورە تەبعەن لە حدودە، تۆپ بە ناوەڕاستی جاددەکە کەوتبوو، ئەوە یەك، تۆپ بە ماڵێك کەوتبوو، ئەو ماڵە شەو بوو نووستبوون، 10 سەرخێزان بوو، باش بوو بەوەی ئەو ژوورەی تۆپەکەی پێ کەوتبوو ئەو 10 سەرخێزانەی لێ نەنووستبوو، لە ژوورێکی تر نووستبوون، سەقفەکەشیان خۆڵ نەبوو بڵێی سەقفەکە خۆڵ بوو لەبەر ئەوەی تۆپ دەیبڕی، هەتا ناو ژوورەکەش سەقف کەوتبوو، ئەو خانووە وێران ببوو، هەموو کەل و پەلەکانیان لەوێ بوو، بەس باش بوو ئەو 10 سەرخێزانە لەو ماڵەی زەرەرمەند نەببوون، بە نیسبەت گیانی، بڵێین مادی ئەوە زۆر زەرەرمەند بوونە، بەس باش بوو هیچیان لێ شەهید و بریندار نەببوون، جگە لەوە چووینە قوتابخانەی سوونێ، قوتابخانەی سوونێ ئەویش بە هەمان شێوە وێران بووە، تۆپی پێ کەوتووە، لە چەند شوێنی تر عەینەن شت تۆپباران کراوە، من دەڵێم ئێران بە چ پاساوێك تۆپبارانی سنوورەکانی هەرێم دەکات؟ هەرێمی کوردستان، وەك هاوکارم کاك کاروان باسی کرد، با کێشەی خۆی لە ناو خۆی حەل بکات، ئەگەر دەڵێی سنووریان نەبەزاندی یە، نەخێر ئێمە دەڵێین سنووریان بەزاندووە، لەبەر ئەوەی سەیارەی پاسداران کەوتبووە خوارەوە لە ناو هەرێمی کوردستان، هەتا دوایی بە خۆشیان نەیانوێرابوو، نازانم چەند کەسێکیان ناردبوو سەیارەکەیان بۆ ڕەوانە بکەنەوە، ئەی ئەوە بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان نیە؟ ئەی ئەوە پێشێل کردنی سەروەری سیادەی هەرێمی کوردستان نیە؟ بە نیسبەت حکومەتی ناوەند، ئەگەر حکومەتی ناوەند بەرپرسە تەنها ئەو وەفدەی کە هات ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان سەردانیان کرد، چیان کرد، وابزانم ڕاپۆرتەکەی بەغداش خوێندیانەوە بە پێچەوانەی ئەو ڕاپۆرتە بوو کە نووسرابوو وەك کاك کاروان

باسی کرد، هیچی باسی زەرەرەکانی هەرێمی کوردستانیش و ناوچەکانی کوردستانیان نەکرد، بە گوندەکانیشەوە، ئەو کاتەی منداڵێکم دیت کە چوومە بن خێمەکان لەگەڵ ژنەکان دانیشتم، منداڵێکم دیت دەگریا تەمەن $2$ ساڵ و نیو بوو، گوتم ئەوە لەبەر چی دەگریێ ئەو منداڵە؟ دایکەکە گوتی بە من ناوەستی لەبەر ئەوەی داوا دەکات دەڵێ ئێرە زۆر ناخۆشە ، زۆر گەرمە، ناحەوێینەوە لێرە، لێرە منداڵ دوو ساڵ و نیو بێ هەست بەوەی بکات کە شوێنەکەیان ناخۆشە، زەرەرمەند بوونە، داوای دەکرد بگەڕێنەوە سەر جێ و ڕێی خۆیان، ئایا دەبێ گەورەکان هەست بە چ بکەن؟ ڕاستە حکومەتی هەرێم لە قایمقامیەتی قەڵادزێ ئاو و کارەباو بەفری بۆ دابین کردینە، بەڵام بە نیسبەت بە تایبەت بۆ ژنان زۆر زۆر ناخۆشە، جێی و ڕێیان، پێداویستی زۆریان پێویستە، یەعنی ئەو خێزانانە هەمووی کۆبووینەوە لەو دەشتەی، بە بێ ئەوەی هیچ هاوکاری بکرێن، زۆر ناخۆش بوو، هەرچەندە ئێمە بە ناوی ئەندام پەرلەمانەکانی شاری کۆیە و هاووڵاتیانی دۆڵی خەلەکان، هەندێك هاوکاریشمان برد بۆیان، تەنها هاوکارییەکی ڕەمزی بوو بۆمان بردن، سەردانمان کردن، بە نیسبەت حکومەتی هەرێم، یەك گلەیی لە حکومەتی هەرێم دەکەین کە عبداللە مەلا نوری باسی کرد، گوتی: من شکم لەوەی هەیە کە حکومەتی هەرێم ڕەزامەند بی، یان ئاگاداری ئەوە بێ، زۆر باش بوو سەرۆکی حکومەت ئەو ڕۆژەی بە فورسەتێك قۆستەوە لە حەفتەی ڕابردوو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بوو، دوای ئەوەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران تەواو بوو، دوای ئەوەی ئیمزای لەسەر چەند یاسایەك کرد و پەسندی کرد، ڕەوانەی پەرلەمانی کرد، ئینجا بە هەلێکی قۆستەوە و باسی تۆپبارانەکەی کرد و ئیدانەی تۆپباران کردنەکەی کرد، بۆ خۆی دەبوایە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکەمین ڕۆژەوە ئیدانەی ئەو کارە ناڕەوایەی ئێرانی بکردبا، بە نیسبەت پاسەوانی هەرێم، ڕاستە پاسەوانی هەرێم باستان کرد ئەوە پاسەوانی سنوورەکان لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندە، ئەی پاسەوانی هەرێم ئیشیان چی یە؟ وەزیرەکانی ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە ئیش و کاریان چی یە؟ ئەگەر بێ هەڵوێست بن بەرامبەر ئەو کارە ناڕەوایە، زەرەر و زیان، ئەوە باسی زەرەر و زیان هەر ناکەین زۆریان لێ کەوتووە، ڕاستە حەق وایە ئێران زەرەر و زیانەکەی بداتەوە، بەڵام من شکیشم ئەوەیە، ڕاستە دوو، سێ ڕۆژە ڕاوەستایە، شکم ئەوەیە سبەینێ تورکیاش دەست پێ دەکاتەوە، لەبەر ئەوە با ئێمە هەوڵێکی جیددی بدەین، بەڕێزت باسی ئەوەندە کەسایەتی و لایەنی دیبلۆماسی و ئەو کەسایەتیانەت کرد، کە ئێمە پەیوەندیمان پێیان کردووە، هەوڵمان داوە، هەوڵدان، ڕاستە هەوڵدان هەوڵە، بەڵام ئەنجامەکەی چی یە؟ ئەنجامەکەمان دەوێ، مەرج ئەوەیە ئەو تۆپبارانە بوەستێ، هەتا هەتایە، بنبڕ بکرێت، نەك ئەوڕۆ ئێران ڕاوەستا، سبەی تورکیا دەست پێ بکاتەوە، لەبەر ئەوە داواکارین با زەرەر و زیانی ئەو خەڵکەش بنووسرێتەوە، قەرەبوو بکرێنەوە، تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، سیوەیل خان ئەگەر نەشیێنە ناو سنوور، خۆ تۆپەکان دێت، تۆپ دێت لە دێیەکە دەدات، لە مەدەنی دەدات، خەڵك دەکوژێت، یەعنی ئیتر پێویست دەکات عەسکەرەکەی بێت یان نەیێت؟

عەینەن شتە، کە تۆ بە تۆپ لێت دا، بۆردومانت کرد، خەڵکت کوشت، زراعەتت سووتاند، ئەوە ئیعتیدایە، ئیعتیدائێکی زۆر گەورەیە، فەرمووت کە نەتیجەی چی یە؟ نەتیجە لە دەست ئێمە ئەو هەوڵانەمان داوە، بەڵام ئەوەی ئیعتیداکە نەتیجەی لەوێ یە، دەبێ ئەو قانع پێ بکەی، قەناعەت هەبێ بەو، بەڕێز کاوە محمد أمین، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە قەناعەتی من ئەو ڕووداوەی ماوەی ڕابردوو لە سنووری هەرێمی کوردستان نە یەکەم ڕووداوە، نە دوا ڕووداویش دەبێ، وڵاتی ئێران وڵاتێکی گرنگ و سنوورێکی دوور و درێژی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عیراق بە گشتی هەیە، ئێمەش بەرژەوەندی زۆرمان لەگەڵدا هەیە، بەرژەوەندی و پەیوەندی مێژووییمان لەگەڵ وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران دا هەیە، پێموایە تەعامول کردن لەگەڵ ئەو وڵاتە گرنگە کە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی یەوە ئێمە لەگەڵمان دا هەیە، دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێمی کوردستان بەقەدەر حەجمی ئەو ڕووداوە مامەڵەیەکی بابەتی واقیعانەیان کردووە، بۆ نموونە کە لەگەڵ دەستپێکردنی تۆپبارانەکە سەرۆکایەتی هەرێم ئیدانەی کردووە، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیدانەی کردووە، ئەنجومەنی وەزیران ئیدانەی کردووە، لێژنەکانی پەیوەندیدار سەردانیان کردووە، ئەو دوو دەزگا ئیدارییەکەی سنوورییەکەی بە شاهیدی لێژنەکە بە ئەرکی خۆیان هەڵساون، بە پیر تۆپبارانەکە و ئاوارەبوونی خەڵکەکەوە چوون، هەروەها لێژنەکانی پەرلەمان سەردانیان کردوون، وەزیری تەندروستی سەردانی مەنتیقەی کردووە، هەردوو پارێزگار سەردانیان کردووە، لە ڕێگای قایمقامییەتەکانەوە بە دەنگایانەوە چووینە، بە قەدەر حەجمی ڕووداوەکە دام و دەزگا شەرعییەکان و ڕەسمییەکانی هەرێمی کوردستان تا حەدێکی باش بە پیر ڕووداوەکاندا چووینە، بەڵام هەر وەکو ئاماژەم پێدا لە بیدایەت، ئەو ڕووداوە نە یەکەم ڕووداوە، نە دوا ڕووداویشە، شتێکی حەساسە، یەعنی کۆنترۆڵ کردنی ئەو سنوورە وا بە ئاسانی و بە قسە و بە دروشم و بە شتی عاتیفی ناکرێ بەڕاستی، ئێمە تۆزێك دەبێ بە واقیعانە سەیری بکەین، بۆیە بە قەناعەتی ئێمە دەتوانین زیاتر لە ڕێگەی جهودی دیبلۆماسی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ دا، لەگەڵ دام و دەزگا دیلۆماسییەکانی خۆمان، لەگەڵ ئەو کەناڵانەی کە پەیوەندیمان هەیە، پەیوەندییەکانی ئێمە چ لەسەر ئاستی حکومی، لەسەر ئاستی حیزبی، چ وەکو هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، چ وەکو حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش عیلاقاتی تایبەتییان، توند و تۆلیشیان هەیە، لەبەر ئەوە دەتوانین ئێمە لەو کەناڵانە بتوانین کە وەزعەکە هێورتر بکەینەوە، ئارامی بپارێزین، بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا ئەگەر شتێکی وا هات باشتر بێنە دەست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سمیرە گۆران، فەرموو.

**بەڕێز سمیره عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەستخۆشی بۆ ڕاپۆرتی هاوبەش و لیژنەی هاوبەش کە سەردانی سنوورەکەیان کردووە، هەروەها سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدەکان دەکەین، هیوای چاکبوونەوەی بریندارەکان دەخوازین، ئێران بە پاساوی پژاك سنوورەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکات، هەندێك جاریش داخیلی سنووری هەرێمی کوردستان دەبێت و دەبێتە هۆی شەهید بوون و بریندار بوونی خەڵکی سڤیل، ئێران دەوڵەتە دەتوانێ سنوورەکانی خۆی بتەو بکات، نەهێڵێ دزەکردنی پژاك بۆ ناو خاکی کوردستان هەبێ، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی جیرانەتی و بنەمای یاسای نێودەوڵەتی، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم هەنگاوی جیددی بنێت و هەڵوێستی هەبێ، هەڵوێست وەربگرێت بۆ چارەسەرکردنی ڕیشەیی، وەکو:

أ - بانگهێشت کردنی قونسولی ئێران لە هەولێر.

ب - داواکردنی ڕوونکردنەوەیەك بە پەلە لە حکومەتی مالیکی، بۆ تا ئێستا بانگهێشتی باڵیۆزی ئێرانی نەکردووە؟ بە شێوەیەکی فەرمی ڕوونبکرێتەوە.

چونکە سنووری هەرێمی کوردستان بە پێی دەستوور، ماددەی (111) برگەی (2) پاراستن و ئاسایشی ناوچەی ئەو هەرێمە لەسەر ئەستۆی حکومەتی فیدراڵە.

ج- بۆ لە مەحافیلی دوەلی سکالا تۆمار نەکراوە دژ بەم زێدەڕۆییانەی ئێران کە دژ بە هەرێمەکەمان دەیکات؟

د- ئایا حکومەتی عیراقی فیدراڵ بە شێوەیەکی نهێنی ئاگای لەم سیناریۆیە نیە؟ بۆ ئەم کردەوە ناڕەوایانەی ئێران دەبێت، ئەم مەسەلانە یەکلا بکرێتەوە بە شێوەیەکی فەرمی.

هـ- سوپاسی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەکەین لەگەڵ ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی کورد کە سەردانی سنوورەکەیان کردووە، بەڵام داواش لە ئەندامە بەڕێزەکانی کورد دەکەین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی فیدراڵ، کە هەڵوێستی جیددی وەربگرن، داواکارییەکەیان تەفعیل بکەن، ئەگەر پێویستیش بوو بانگهێشتی نوری مالیکی بکرێ.

ح- بۆچی لەسەر بیرە نەوتێك لەسەر سنوورەکانی کوێت و عیراق لەلایەنی کوێت هەڵایەك دروست دەبێت، بەڵام ڕۆژانە ناو خاکی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکرێ و خەڵك شەهید و بریندار دەکرێت، زیانی ماددی و مەعنەوی لە خەڵکی کوردستان دەدرێت، بەم جۆرە بێ دەنگی و سیستی دەنوێنن.

خ- ئەم مەسەلە هەڵوێست نیە، بە هانا هاتنی خەڵکی لێ قەوماوە، بەڵکو تەنها بە هانا هاتنە، بۆیە پێویستە هەنگاوی عەمەلی بنێت لەو مەسەلەیەوە چارەسەرێکی ڕیشەیی بکرێت، لە بیریشمان نەچێ کە ڕاپۆرتی هاوبەش باسی ئەوەی نەکردووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هانای لێ قەوماوان هاتووە کە کارەبا و ئاو و حەمام و ئەو شتانەیان بۆ دابین کردووە، هەر خێزانێکیش یەك ملیۆن دیناری بۆ سەرف دەکرێت، پێویستە ئەوەش لە ڕاپۆرتەکە دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بەیان أحمد، فەرموو.

**بەڕێز بەیان أحمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەبعەن دەستپێكێ سەرەخۆشیێ بنەماڵا وان شەهیدان دكەین و كەس و كارا شیفایەكی عاجیل بۆ بریندارا، بۆ خەڵكی مەی خۆراگر ل دەڤەرێ سنووری، پشت دەستخۆشیێ لیجنا بەڕێزی دكەم كو ماندی بوون، خالا دیتر بڕاستی ئەز دبێژم ئەڤ كاری هەنێ كو بەردەوام ساڵانە بەردەوامە و خالێت سنوورییێت هەرێما كوردستانێ و خەڵكێ مە دێتە تۆپباران كرن و زیان لێ دكەڤیتن، ئەڤ كارێ هەنێ كارەكی نامەقبولە، بڕاستی ئەم مەحكەمە دكەین هەمی مەعاییراڤا نەیی مەقبولە، لەوما تەبعەن ئەز خالادی دبێژم ئیجرائاتێت حوكمەتا مە، حوكمەتا عیراقی بیت، چ هەرێمی كوردستان بیت، ئەز دبێژم هەنگاڤەكی سارد بووینە، هەنگاڤەكی موتەئەخیر بووینە ل ئاستێ حەدەسی نەبووینە، ل ئاستی ئەو قوربانیە و خەڵكی ئاوارە تەبعەن نەبوویە، خالا دی ترێ تەبعەن ئەز دبێژم نەزەرا من خالا گرنگ و خالا سوڕ هەمی پێكەڤە پشتیڤانا لێ دكەین و ئەودی دەكەین ئەڤەیا تاكێ مەیە، خەلكێ مەیە تەبعەن، خەلكی هەیە (كأنە) قەدەرا ڤی خەلكیا ڕۆژانە قوربانیا ببینیتن، ئەڤ قوربانیا نووكە خەڵكی مە دیتی بەس نەبوون؟ ئەڤە ئەڤرۆكەشی ساڵانە تەبعەن لە مەنتیقە حدودی دێتە كرنێ، ئەڤە هەمیشی تەبعەن جێی هێندێیە، كو ڕاوەستیاناكا ئەژی تەبعەن سەر بێتە كرنێ، چونكە ئەز دبێژم خالا سوور ئەوە، ئەمن و ئەمناهی و سەلامەتی سەر و مالێ خەلكێ مەیە، خوشتڤیە، خالا  دی تر حەق ئەوە بوو تەبعەن ئەم بێژین ئەو لیژنە یان ئەنجومەنی نوێنەران هاتیە هەرێمێ (تقصي الحقائق) هەروەسا لێژنە وەزارەتا بەرگری دیا ڤا هەنگاڤی، هەندەك هەنگاڤێت عەمەلی هاڤێتبانە، بۆ سڤت كردنا موعانێت خەڵكێ مە، بەس ئەوە هەنیڤی تەبعەن نەهاتیە كرن، گەلەكا گرنگە یەعنی جانبی ئینسانی پێنگاڤێ پلاست، پێنگاڤێ هاوار هاتن بۆ خەلكێ مە هاتبایە كرن نە خاست نە ڤی وەرزیدا، هەم گەرمە، هەم ڕەمەزانێیە، ڤیا دا تەبعەن هەنگاڤا پلاست هاڤێتبانە، حوكمەتا مە تەبعەن كومە ئیحتیاتەكی تایبەت هەی، ئیحتیاتا تەواری هەیە، حەڤە هاریكاریەكا هەژی بۆ خەلكێ خۆش تڤی هاتباتە كرنێ، گەلەك و گەلەكا گرنگە كاراكرنا هەمی ڤەنەواتێت دیبلۆماسی و گفتوگۆییێت ڤێت بێنە كرنێ بۆ بنبڕ كرنا ئەڤێ دیاردا كرنا كو بەردەوام خاڵێ سنووری خەلكێ مە كوشتبی، تەبعەن تووش دبیتی، لەوما ئەز دبێژم بۆ چارەسەر كرنێ جانبی ئینسانی گەلەك و گەلەكا گرنگە كارەكی بێتە كرنی و لە ئاستی ڕووداو بیتن، خالا دی تر ئەڤەیە لێژنەیەك پێك بێتن كۆمارا ئیسلامیا ئیرانێ عیراقا فیدراڵ، هەرێما كوردستانێ بۆ تەعویز كرنا یاڤی خەلكی هەنێ، بۆ هەندێ كۆ فیعلەن ئەم بێژین موجەرەد ئیدانە كرن، موجەرەد دل گران كرن كیفایەت نینە ئەڤرۆكەدا، چونكی بەردەوام كارەكی دێتە كرنێ، كارەكی دێتە ئەنجام دان قوربانی لێ دەكەڤن، لەوما گەلەك و گەلەكا یا گرنگە یەعنی هەندێ**

ئیجرائاتی دی بێنە کرنێ کو حلولی (جذري) بن بۆ ڤێ کێشەهانێ و تەبعەن کێشەهانێ بێتە حەل کرن، ئەز پێشنیار دکەم لێژنەیەك بێتە پێکهێنان، هەر پەرلەمانی کوردستانێ و ئەنجومەنی نوێنەران سەردانەکا ئەنجومەنی شوورایا کۆماری ئیسلامیا ئێران بکاتن، مە پلانەکا وازح هەبیتن و ئەم گفتوگۆیێ دگەل وانا بکەین، کو فیعلەن ئەڤە هەنێ بێتە ڕاوەستیان، چونکە هەموو مەعاییرا نە مەقبووله، خالا دی ترێ گەلەك و گەلەکا یا گرنگە لێژنەیەکا دی بێتە ئەودی کرن، دانان بۆ قەرەبوو کرنا خەلکی زیان لێ کەڤتی ئامارەکا هەبێ، کە ئەڤ ئامارە هەمی لە ناڤ ڕاپۆرتا لێژنەی بەڕێز دا نەبوو، ژمارە شەهیدا، ژمارە بریندارا، ئەو خێزانێت ئاوارە بوون، کو ئەڤە خالاك گەلەك و گەلەك گرنگە، دڤێتن بەیانا ئەڤرۆکە پەرلەمانی کۆبۆوە هاتە ئەودی کرن، گەلەکا هەبیتن، ئەڤ ڕاپۆرتا هەنێ تەبعەن پێشکەشی هەمی دەزگایێت نێڤدەوڵەتی و ڕای گشتی بێتە کرنێ، کو فیعلەن ببێتە پێنگاڤێك، ئەڤرۆکە ئەم موحتاجا کریارینە، پێنگاڤێت عەمەلی، پێنگاڤێت جیددی، کو ئەڤانە دووبارە نەبیتن بەڕاستی، چونکە خەلکی مە یەعنی چ حەقی ڕۆژانە بێتە ئەودی کرن، لەوما پێتڤیە، هەر ئێکیش ڕەئی خۆی بدا، هەست بە بەرپرسیاری بکاتن، پێنگاڤێ تر بێنە هاڤێتن موعاناتێ هەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عەونی بەزاز، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتادا دەستخۆشی لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە داوایان کرد ئەم کۆبوونەوە نائاسایی یە ساز بکرێت، ئەگەرچی دەبوایە ئەو کۆبوونەوەیە زۆر زووتر ئەنجام بدرابایە، سەبارەت بە تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و شوێنی دوورتریش لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کە ناکۆکە لەگەڵ هەموو یاساکانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، بۆیە لێرەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵ و کەس و کاری شەهیدەکان دەکەین، کە لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانە شەهید بوون، هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووە بۆ بریندارەکان دەخوازین، ئیدانەی ئەو تۆپبارانەی ڕۆژانی ڕابردوو دەکەین، پشتگیری ڕاپۆرتی لێژنەکانی پەرلەمان دەکەین بۆ ناوچە سنوورییەکان کە ئەمڕۆ خوێندرایەوە، ئاشکرایە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمیش ئیدانەی ئەو کارەیان کرد ، وە ئێمە ستایشی هەڵوێستی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەکەین و داوا دەکەین حکومەتی عێراق بەگوێرەی دەستووری هەمیشەیی عێراق بەپێی ماددەکانی (109) و (110) کە ئەرکی پاراستنی سەروەری عێراقی لە ئەستۆدایە وەکو برادەرانیش ئاماژەیان پێدا ، بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت و بەڕێگای دیبلۆماسی هەوڵ بدات ئەم تۆپبارانە دووبارە نەبێتەوە، چونکە تەجاوز کردنە لەسەر سەروەریی دەوڵەتێکی سەربەخۆو ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیپەکانی هاوسێیەتی و ڕێزگرتن لە سیادەی یەکتری. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە دەست نەخرێتە کاروباری ناوخۆی یەکتری و ئەگەر

گیروگرفتێکیش هەبێت پێویستە چارەسەرکردنەکەی لەڕێگای دانوستان و گفتوگۆوە بێت نەك پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز بۆ یەکلایی کردنەوەی.

بۆیە لێرەوە داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە داوا لە حکومەتی ناوەندی بکات بەپێی ئەحکامەکانی دەستووری عێراقی فیدراڵ بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان لەنێوان حکومەتی عێراق و ئێرانەوە.

لەسەر ئاستی دیبلۆماسی و لەسەر ئاستی سیاسی حاڵەتەکە پێویستی بەوە هەیە کە هەوڵ بدرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ئەو کێشە موزمینە کە هەر لەساڵی (2007)ەوە بەردەوامی هەیە و تا ئێستاش ساڵانە ئەو کێشەیە دووبارە دەبێتەوە کە زەرەرو زیانێکی زۆری بە هەرێم و هاووڵاتیانی مەدەنی و ئابووری و ئاسایشی هەرێم دەگەیەنێ و دەبێتە هۆی ئاوارەبوونی خەڵکانی گوندنشینی ناوچە سنووریەکان.

ئاشکرایە پەیوەندی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی مێژووییە و ئەو وڵاتە لە ڕۆژانی سەختی خەبات دژی دیکتاتۆریەت پەناگەی تێکۆشەران و خەڵکی لێقەوماوی کوردستان و عێراق بوو، ئەمڕۆش لە سایەی ئازادی و دەسەڵاتی خۆبەخۆی کوردستاندا پەیوەندی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری نێوان هەردوولا لەئاستێکی باشدایە و، لەپێناو پاراستنی پەیوەندییەکان کە لەبەرژەوەندی هەردوولادایە پێویستە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێز لە سەروەری و سیادەی دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش بگرێت، چونکە هەر پێشێل کردنێك پێشێل کردنی هەموو قەوانین و مەواسیقی نێودەوڵەتییە.

دەوڵەتی ئێران دەوڵەتێکی دراوسێ و دەوڵەتێکی ئیسلامییە و لە بنەماکانی ئیسلامیش ئەم هێرش و پەلاماردان و تۆپبارانە کارێکی نارەوایە و ئیسلام هیچ لەگەڵ توند و تیژی و تۆپبارانکردندا نییە بە هەر بەهانەیەك بێت.

بۆیە بەناوی مافی دراوسێیەتی و بەناوی برایەتی و بەناو ئیسلامەتیەوە داوا دەکەین هەرچی زووە سنوورێك بۆ ئەم حاڵەتە دابندرێت.

بۆیە پێشنیار دەکەین کەوا یاداشتنامەیەك لەلایەن پەرلەمانەوە ئاراستەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان و ، نەتەوە یەکگرتووەکان و، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مرۆیی بکرێت ، کە ئەوانیش لەڕێگای خۆیانەوە کاربکەن بۆ ڕاگرتنی ئەو تەجاوزانەی ئێران بۆ سەر سنوورەکانمان و داوا لە حکومەتی ناوەندی بکرێت بەزووترین کات قەرەبووی ماددی و مەعنەوی زیانلێکەوتووان بکرێت. چونکە لەئەستۆی حکومەتی ناوەندی عێراقدایە بەپێی دەستووری عێراقی.

هەروەها داوا لە حکومەتی هەرێم بکرێت کەوا زیاتر یارمەتی مرۆیی بەو شوێنانەو بۆ ئەو خێزانانە بگەیەنێت و هاوکاری زیاتریان پێشکەش بکەن، بەگەیاندنی کۆمەکی ماددی بەپەلە و دابینکردنی زیاتری پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانە و قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی بۆ ئاوارەکان و زیانلێکەوتووان.

له كۆتاییدا دووباره ئیدانەی ئەو هێرش و تۆپبارانکردنه دەکەم و هیوادارم به زووترین کات ئارامی بگەڕێتەوه ناوچەکه تاکو خەڵکەکه بگەڕێنەوه بۆ سەر ماڵ و شوێن و ژیان و گوزەران و کەسابەتی خۆیان.

و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو دەست درێژیانەی که له لایەن وڵاتانی دراوسێوه دەکرێنه سەر هەرێمی کوردستان ساڵانێکه بەردەوامه و هەندێ جار به شێوەی پچڕ پچڕ و هەندێ جار چڕ تر دەبێتەوه، چ لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانەوه بێ و چ لەلایەن وڵاتی تورکیاوه، چەندین جۆری بەخۆیەوه بینیوه ئەو دەستدرێژیانه، هەر له تۆپباران و بەزاندنی سنوورەکان و له ئاسمانیەوەو لەبەریەوه و له تۆپباران کردنەوه و هاتنه ژووره و گەڕانەوه، هەندێ جار تەداخول کردن، کار گەیشتووەته ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران ئێستا داوا دەکەم لەم کۆبوونەوەیه دا ئەهمیەتی بەستنی سەرچاوه ئاوه گرنگەکان که دێته هەرێمی کوردستانەوه لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوه دەستی پێ کراوه، هەندێکیشی جێ بەجێ کراوه به تایبەتی ئاوی ئەڵوەند که ئاوێکی سەرەکیەو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی دانیشتوانی به تایبەتی مەنتیقەی خانەقین پشتی پێ دەبەستێ و تەئسیرێکی زۆری کردووەته سەر ژیانی خەڵك، بۆیه ئەمەش پرسێکی گرنگه که پەرلەمانی کوردستان بەهەر بڕیار و یاداشتێکەوه که دەردەچێ پێویست دەکات له یاداشتەکەیدا دای بڕێژێ، کاتی ئەوه هاتووه بەڕاستی ئەم پرسه به پرسێکی زۆر گرنگ و ژیاری و پەیوەند به چارەنووسی هەرێمی کوردستانەوه بخەینه بەرباس و لێکۆڵینەوەو گشتگیر تربێ لەوەی که تەنها تایبەت بێت به ئێران و تورکیاشەوه، به وڵاتانی ئیقلیمیشەوه، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران له 2007 ەوه بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ و هەندێ جار زیاتر دەبێت و ئەو دەستدرێژیانه دەست پێ دەکات، ئەمه کێشەیەکی سیاسیه و کێشەیەکی ناوخۆیی کۆماری ئیسلامی ئێرانه، هەرێمی کوردستان بەشێك نیه لەو کێشەیه و لەو ململانێیەی که هەیه له ناو کۆماری ئیسلامی ئێران به تایبەتی کوردستانی ئێران، بۆیه هەر بیانوو و پاساوێك بۆ دەستدرێژی کردنه سەر هەرێمی کوردستان کۆك نیه لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ئیقلیمی و پەیماننامه نێودەوڵەتیەکان دا، بۆیه ئەمه به دەست درێژی نێودەوڵەتی حساب دەکرێت، له کارکردنی ئێمه وەکو پەرلەمانی کوردستان بۆ خەم خواردن لەوەی پارێزگاری بەرژەوەندیەکانی گەل و نیشتمانەکەمان بکەین و بەشێکیشین له عیراق پێویست دەکات به جدی کار لەسەر ئەوه بکەین و من پێموایه ئەو بڕیار و تەوسیانەی که پێی دەردەچین لەم پەرلەمانی کوردستانه تا چەند بەهێز بێ ئەوەنده باکگراوندی بەهێزی پشتیوانی کردنی عیراق و نێودەوڵەتیمان لا دروست دەکات، بەڵام ئەم بەهێزیه بەمانای ئەوەیه که ڕێگای دبلۆماسی و ئاشتیانه چارەسەری هەموو کێشەکانه و پەنا ببەینه بەر ئەو

پرسانەی کە پێویست دەکات بە دەستی ئێمەوە هەیە وەکو وەرەقەیەکی کارت کە چ یاسا و دەستووری نێودەوڵەتی و چ ئابووری و بازرگانی بەکاری بهێنین، بۆیە پێویست دەکات ئێمە لەسێ ئاست کاربکەین، یان بڕیار و تەوسیەکانمان لە سێ ئاست دابێت، لە ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و جیهانی ئیسلامی بە تایبەتی کە ئەمە ڕۆڵێك و فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ پەستان خستنە سەر وڵاتانی ئیقلیمی بە گشتی و بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەوەی لەو دەستدرێژیانە وازبێنێ و وازهێنانەکەشی دائیمی بێ و نەك بە شێوەیەکی کاتی و چەند مانگێك و چەند ڕۆژێك بێت، لە ئاستی عیراقیش پێویست دەکات هەنگاوی جدی بنێین و لە ئاستی هەرێمی کوردستانیش، لە ئاستی نێودەوڵەتی و لە ئاستی ئیقلیمی و جیهانی پێویست دەکات ئێمە وەکو لە بڕیاری پەرلەمان وتەوسیەکاندا داوا لە هێزەکانی هاوپەیمانان بکرێ بە ئەرکی خۆیان هەستن لە پاراستنی سیادەی عیراق و هەرێمی کوردستانیش کە بەشێکە لە عیراق بە تایبەتی کە دەکەوێتە بەردەم ئەو دەستدرێژیانە، دوو/ داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ بە ڕۆڵی سیاسی و یاسایی و دبلۆماسی و مرۆڤانەی خۆی هەڵبستێ، لەبەرئەوەی عیراق ئەندامێکە لەو ڕێکخراوە و هەروەها عیراق لە ژێر بەندی 7 ی یاسای نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دایە کە ئەوە ئەرکێکی ئەخاتە سەر کە ڕۆڵی خۆی بگێڕێ لە هەمان کاتدا داوا لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بکرێت کە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن بەو پێیەی کە هەردوو گەلی دراوسێ موسوڵمانن و بە هەموو پێوەرە ئایینی و یاساییەکان ئەوە تەعەدایەکە کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەیکاتە سەر عیراق و کوردستان بە تایبەتی، عیراقیش وڵاتێکە لە وڵاتەکانی جیهانی ئیسلامی، داوا بکرێت لە وڵاتانی هەرێمی کە ڕێز لە سەروەری عیراق و کوردستان بگرن و یاسا و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان پێشێل نەکەن سەبارەت بە سنوورەکان، داوای یاسایی لەلایەن عیراق و هەرێمی کوردستان لە دادگای نێودەوڵەتی تۆمار بکرێت لە کاتێك دا ئەگەر هاتو کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیاش دەسبەرداری ئەو دەستدرێژیانە نەبوون، لەکاتی بەردەوام بوونیان، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ کە داوا لە کۆماری ئیسلامی ئێران بکات کە کێشەی سیاسی و ناوخۆی بە ڕێگەچارەی ئاشتیانە و سیاسیانە و دبلۆماسیانە چارەسەر بکات، دەسبەرداری توندوتیژی بێ لە حەل کردنی ئەو کێشانە، لەبەرئەوە ئێستا زەمانی توندوتیژی و چەك و ئاگر وئاسن پاشەکشەی کردووە بۆ حەل کردنی کێشە سیاسیەکان، زەمانی گفتوگۆ ودیالۆگ جێگەی گرتووەتەوە، کە کۆماری ئیسلامی ئێران داوای لێ بکرێ کە هەمان ڕێگەچارە بگرێتە بەر، لە ئاستی عیراقیش دا داوا بکرێت لە پەرلەمانی عیراق و حکومەتی فیدڕاڵی و سەرۆکایەتی کۆماری عیراق کە بە ئەرکی جدی خۆیان هەڵبستن بەرامبەر بەو ئەرکە دەستووری و یاساییەی کە دەکەوێتە ئەستۆیان چ لە دەستووری عیراقی و چ لە یاساکانی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاری کردنی بەرژەوەندیەکانی عیراق  وهەرێمی کوردستان بە تایبەتی، داوا بکرێ بە ڕەسمی نوێنەرانی کورد ئەرکی بنەڕەتی خۆیان ببینن لەم بوارە، من پێموایە ئەگەر خۆمان خەمی کێشەکانی خۆمان بە دەرەجە یەك نەخۆین، پێموانیە نوێنەرەکانی تر لە عیراق و ئێمە وەزعی عیراق دەزانین لەڕووی سیاسی و نائارامیەوە چۆنە و بۆیە کەمتر دەپەرژێنە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە نوێنەرەکانی ئێمە کە نوێنەری ئەو گەلەن

پێویست دەکات بەڕاستی و بەجدی ڕۆڵ بگێڕن، بەڵام بەداخەوە لە ڕاستی دا ئەو ڕۆڵە وەکو پێویست نەبووە کە ئێستا گێڕاویانە و ئەوەندە من پێموایە لایەنە عیراقیەکان و عەرەبیەکان قسە دەکەن، ئەوەندە لایەنە کوردیەکانی خۆمان وەکو ئەوان قسە ناکەن، داوا بکرێ لە حکومەتی عیراقی فیدراڵی ئیدانەی ڕەسمی ئەم دەستدرێژیانە بکەن و بانگهێشتی سەفیری کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن و بەڕەسمی تەسلیم بکرێ و ئیدانەو سەرزەنشت کردن و ئەوانە، من پێموایە لە ئیعلام لە تەلەفزیۆنەکان و لەهەرێمی کوردستان و چ لە عیراقیش دا زۆر دەوترێ، بەڵام وەکو ئەو ئیدانانانەی کە بەڕەسمی کاریگەری هەیە لە مەحافلی نێودەوڵەتی دا وەکو ئەو ئیدانانانەیە کە بە نووسراوی ڕەسمی دەدرێت بە نوێنەرەکان، لەبەرئەوە ئەوانە کاری لەسەر دەکرێت لە کاری دبلۆماسی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دا، حکومەتی عیراقی داوا بکات لە کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕەسمی کە ئەو دەستدرێژیانە ڕابگرێ و پەیوەندیەکان و بەرژەوەندیەکانی خۆی لەگەڵ عیراق و هەرێمی کوردستان و سیادەی عیراق بپارێزێ و دووبارەی نەکاتەوە و بەشێوەیەکی کاتی نەبێ وەستانەکە، وەلە ئاستی هەرێم پێویست دەکات هەر سێ سەرۆکایەتی ئیدانەی ئەم دەستدرێژیانە بکەن بە شێوەیەکی وا بانگهێشتی نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران کە قونسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە سلێمانی و هەولێریش هەیە بەڕەسمی پێیان بدرێت، ڕێگەچارەکانیش ئاراستەیان بکرێت، داوا بکرێت ئێران قەرەبووی زیان لێ کەوتووانی هەرێمی کوردستان بکاتەوە، لەبەرئەوە زیانێکی زۆر بەر هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی کەوتووە و ئەمە پێموایە بە پێی یاسای نێودەوڵەتیش دەکەوێتە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرئەوەی یاسای نێودەوڵەتی پێشێلکردووە، داواکاریەکانی بڕگەکانی پێشوو تر بەڕاستی لەڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە کە بەدواداچوون بکات و ئالیەتێك دابنێ ئەو لیژنەیە پێك بێت لە هەرسێ سەرۆکایەتیەکە، سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان بەجدی بەدواداچوون بکەن بۆ ئەو تەوسیە و بڕیارانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچێ و لەماوەی کورت دا ڕاپۆرتی کۆتایی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکەن و ڕای گشتی و ڕای هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی لێ ئاگادار بکەنەوە کە بە چ ئاقارێك گەیشتوون، هەروەها حکومەت پێویست دەکات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیاش و لە وڵاتانی دەوروبەر بە سیاسەتی خۆیان بچنەوەو ئێمە کۆمەڵێك کارتی زەختمان هەیە کە بتوانین بەکاری بهێنین بۆ ئەوەی ئەو دەستدرێژیانە نەمێنێ، بۆ نموونە ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران پەیوەندیەکی بازرگانی و ئابووری زۆر بەهێزمان هەیە کە سوودی ئەساسی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێرانە و لەکاتێك دا کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ژێر حەسارێکی نێودەوڵەتی توند دایەو لەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە مەنفەزێکی ئەساسیە بۆ ئەو، بۆیە ناکرێ کۆماری ئیسلامی ئێران پاداشتی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە بداتەوە، بۆیە پێویست دەکات ئێمە ئەو کارتە بەکاربێنین لەکاتێك دا کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەسبەرداری ئەو دەست درێژیانە نەبێ، ئێمە بەکاری بهێنین و داوا بکرێت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەزوویی نووسینگەکانی خۆی لە سەفارەکانی عیراق لە جیهاندا دروست بکات، بە پێی ماددەی 121 بڕگەی 4 حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە

نووسینگەکانی خۆی کە پارێزگاری لە بەرژوەندیەکانی هەرێمی کوردستانە بکاتەوە لە سەفارەتەکانی عیراق لە هەموو جیهاندا دابنێ بەداخەوە ئەوە چەندین ساڵی بەسەردا تێ دەپەرێ، هەشت ساڵە تا ئێستا نەمانتوانیوە نوێنەرەکانی خۆمان دابنێین کە گرنگیەکی زۆری هەیە لە کاتی ڕوودانێکی لەم شێوەیە کە بتوانێ لە ئاستی نێودەوڵەتی دا ڕەئی عالەمی کۆبکاتەوە بۆ پشتگیری کردنی قەزیەی کوردی کوردستانی عیراق، بۆیە تا ئێستا دانەمەزراوە و پێویست دەکات داوا بکرێت لەرێگەی وەزارەتی خارجیەوە کە بە دەست کوردەوەیە و بەڕاستی ماددەیەکی دەستووری کە تا ئێستا پێك نەهاتووە پێکی بهێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من وەکو خۆم دەستخۆشی لە لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە سەردانی سنوورەکانیان کردووە و هەروەها دەست خۆشی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رۆژنامەنووسانیش دەکەم، بەڕاستی ئەمانە هەریەکەی لە ئاستی خۆیەوە کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر وەزعەکان و هەوڵەکانیشیان زۆرجار پێش هەوڵەکانی پەرلەمانیش و حکومەتیش کەوتووە، من لێرەوە دەمەوێ داخلی ئەوە ببم کە زۆرینەمان باسمان لەوە کردووە کە ئەم کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکرا کە لەسەرەتای تۆپبارانەکانەوە بووایە، هەفتەی یەکەم بووایە، بەداخەوە کە ئەو یاداشتەشی تەقدیم بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا زۆر دواکەوت، ئەگەر بهاتایە و ئەو هەوڵانەی کە لەسەرەتاوە درا وەکو پێشنیارەکەی ئێمە دواکەوت، پەرلەمانتاران و کۆبوونەوە نائاساییەکە دوا کەوت، دەکرا سەرۆکایەتی پەرلەمان لەبەرئەوەی بە پێی پەیرەوی ناوخۆ دەسەڵاتی هەبوو و لەگەڵ هەوڵە بەردەوامەکانی خۆیان بۆ وەزعەکە دەکرا پێشنیارەکە لە جەنابیانەوە بووایە و بۆ ئەوەی بڕیاریان بدایە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکرایە، چونکە لەم کۆبوونەوە نائاساییەی کە ئەمرۆ کردمان کۆمەڵێ ڕەخنە و کۆمەڵێ پێشنیاری زۆر جوان و زۆر بەقوەت پێشکەش کرا کە دەکرا ئەو پێشنیارانە ئەگەر کۆبوونەوەکە زوو بە ئەنجام بگەیەنرایە ئەو پێشنیارانە کۆبکرایەتەوە و ببوایە بە هەوڵێکی تر بۆ پێشخستن و بۆ بەرەو پێشەوە چوونی هەوڵە بەردەوامەکانی کە ئەم هەوڵانە هەر هەمووی بە دەرەجەی یەکەم هەوڵەکان کە دەبێ جدی بێت هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە دەبێ لە هەرهەمووومان جدی تر بێت بۆ داکۆکی کردن لەسەر هەرێمی کوردستان کە هەوڵەکان هەر کەسێ هەوڵێکی دابێت واجبی سەر شانی هەموو تاکەکانی هەرێمی کوردستانە، بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەدەمەوەچوونی ئاوارەکاندا و لەقەرەبوو کردنەوەی ئاوارەکاندا کەم تەرخەمیەکی نواندووە، وەکو عەرزم کردن ئەم پێشنیارانەی کە ئێستا هەیە ئەگەر ببووایە و لەسەرەتاوە بووایە ئەبووایە کۆبکرایەتەوە بە قوەت تر دەبوو کە بۆ داکۆکی کردن لەسەر قەزیەکەمان، جوهدەکانی پەرلەمانی کوردستان و جوهدەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ

تەواوكەری یەكتری بێ بۆ ئەوەی كە ببێ بەزەختێك لەسەر سەرۆك كۆماریش و لەسەر وەزیری دەرەوەش و لەسەر هەموو نوێنەرەكانی كورد لە بەغدا، بۆیە ئەوە رەخنەیەكە كە لەسەرەتاوە لەخۆمانی دەگرم و دواكات لەسەرۆكایەتی پەرلەمان دەبێ بە سنگێكی فراوانەوە قبوڵی بكات، چونكە ئەوە واجبی سەر شانی هەموو لایەكمانە داكۆكی كردن لەسەر هەرێمی كوردستان، خاڵێكی تر كە من دەمەوێ ئاماژەی پێی بدەم مەسەلەی قەرەبووكردنەوەی ئاوارەكانە كە ئەمە بە پێی راپۆرتی لیژنەكان و بە پێی سەردانی ئەو برادەرانەمان كە چوونە گەورەترین زەرەرمەند زەرەمەندەكانی ئەو دێهاتانەیە كە لەڕووی كشتوكاڵیەوە و لەڕووی ئابووریەوە و لەڕووی ماددی و مەعنەویەوە گەورەترین زەرەرمەند بوون، بۆیە پێویست بەوە دەكات كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بە باشترین شێوە قەرەبوویان بكاتەوەو دەتوانێ لەرێگەی وەزارەتی داراییەوە كە بودجەی وەزارەتی دارایی بەشێكی تیا هەیە كە بۆ حاڵەتی كارەساتەكان ئەو بودجەیە تەرخان كراوە، دەكرێ لەرێی وەزارەتی داراییەوە دەستی ئاوەڵا بێت بۆ قەرەبوو كردنەوە و ئەو راپۆرتەی كە لیژنەكان تەقدیمیان كردووە، من داوا كارم كە راپۆرتەكە وەكو راپۆرتەكەی ساڵی پاری لێ بەسەر نەیەت، ئەم راپۆرتە كۆبكرێتەوە بە باشترین شێوە راپۆرتێكی موفەسەلی زۆر جوانی لێ پێك بهێندرێ كە دەنێردرێت بۆ حكومەت و حكومەتی فیدراڵ بەڕاستی ناردنەكە دەبێ جوهدێكی دیكەی لەگەڵ دابێ، ئەویش ئەو پێشنیارەی كاك كاردۆیە كە وتی لیژنەیەك تەشكیل بكرێ، ئەو لیژنەیە كە دەچێ سەردانی حكومەتی عیراقی دەكات ئەو راپۆرتەشی لەگەڵ بێت بۆ ئەوەی لیژنەكەی ئێمە دەتوانێ داكۆكی باشتر بكات و بەرچاوی روونترە و حەقیقەتەكانیشی زیاتر لەلایە بۆ ئەوەی بتوانێ زەختێكی گەورە لەسەر حكومەتی عیراقی دروست بكات بۆ قەرەبووكردنەوە و بۆ ئەوەی چیتر هەموو ساڵێك لە وەرزی بەروبووم و داهاتدا ئەو تۆپبارانانەی كە ئێران و توركیا دەیكەن و ئەو ئاو گرتنەوەی ئەڵوەن و پێنجوێن كە ئێران دەیكات بەڕاستی ئەمانە حەدێكی بۆ دابندرێ و ئەمانە یەكلایی بكرێتەوە و ئەو موبەررانەی كە حكومەتی ئێرانی دەیهێنێتەوە بۆ تۆپبارانی سنووری هەرێمی كوردستان بەڕاستی هیچ موبەررێكی ئەوتۆ نیە و هەمووی موبەرری زەعیفە، تەنها بیانوو گرتنە و شتی تریش ئەگەر هەبێ ئەوەیان نازانم، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عدنان فەرموو.

**بەرێز عدنان عثمان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وابێ زۆربەی قسەكان كرا من تەنها دەمەوێ تەئكید لەسەر قسەكانی هاوكارانم بكەمەوە و دەست خۆشیان لێ دەكەم بە تایبەتی قسە بە نرخەكانی كاك كاروان و پشتگیری لێ دەكەم و لەڕاستی دا دەمەوێ تەئكید لەسەر ئەو پێشنیارەی كاك عبدالله و كاك نەریمان بكەمەوە كە باسیان لە مەسەلەی ئەڵوەن و ئەو ناوچانە كرد و ئەو لیژنەیەی كەكاك عبدالله پێشنیاری كرد بە كارێكی زۆر گرنگی دەزانم و لیژنەیەكی پەرلەمانی سەردانی ناوچەكە بكات، ئەو سەردانەی هاوكارانمان لە ئەندامانی پەرلەمان ولە رێكخراوەكانی

کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان جێگەی ڕێز و تەقدیرە و ڕاستە ئەوە ئەرك و واجبە، بەڵام بەڕاستی کارێکی گەورەیان کردووە و دەست خۆشیان لێ دەکەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەوەی کە ئەمڕۆ باسی دەکەین مەسەلەیەکی تازە نیە، مەسەلەیەکیش نیە پێموابێ لەوە دا مابێتەوە کە ئێمە ئەمڕۆ قسە لەسەر ئیدانەکردنی یان داوای دروست کردنی لیژنە یان قەرەبووکردنەوە بکەین، چونکە هاتنە ناوەوەی ئێران بۆ سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و بۆ شارۆچکەکانی تەنانەت ناگەڕێتەوە بۆ تەنها ئەم سێ، چوار ساڵەی کە ئێستا تۆپبارانی سنوورەکان دەکات، لە 1996/7/29 ەوە ئەم حاڵەتە دەستی پێ کردووە کە ئێران زۆر بە ئاسایی ڕاجیمەکانی هێنا و لە تەق تەق و سماقوڵی و بەرزاییەکانی هەیبەت سوڵتانەوە تۆپبارانی دیموکراتی ئێرانی کرد، کە ئەمە ئەو کاتەش بە حاڵەتێکی ئاسایی وەرگیراو هەتاوەکو ئێستاش ئەم تۆپباران کردنە بەردەوامی هەیە بە دەرەجەیەك کە ئێستا وای لێ هاتووە گەیشتووەتە ڕادەیەك ڕەنگە ئێران بە حەقی خۆی بزانێ کە تۆپبارانی ئەم سنوورانە بکات و بە بەشێك لە سنووری خۆی بزانێ، ڕەنگە ئێمە لە ساڵانی داهاتوو دا ئەگەر وەزع بەم جۆرە بڕوات لە جیاتی ئەوەی بڵێین تۆپباران گوێی خۆمانی لێ کەڕ کەین و بڵێین ئەو تەقە تەقە چیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، کۆمەڵێ ئیش هەیە کە ئێمە دەبێ بیکەین، یەك/ جیالەوەی کە ئەو لیژنە بەڕێزانە هەستاون بە ئیشەکانی خۆیان بۆ بەدواداچوون کە ئەمانە کۆمەڵێك کاری گرنگن و دوای ڕووداوەکە ئەنجام دەدرێت، گرنگە ئێمە سوود لە ماددەی 48 ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان وەربگرین بۆ دروست کردنی لیژنەیەکی کاتی لە توێژینەوە، چونکە ئێمە لە حاڵەتی تۆپباران کردنداو بەزاندنی سنووردا لەبەردەمی دوو حاڵەت داین کە سێیەمی تیا نیە، یان بەزاندنی سنوورە و دەبێ بە پێی یاسای نێودەوڵەتی مامەڵەی بکرێ کە ئەمەش پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گرنگ دەکات لە بەزۆر سەحب پێ کردنی قونسوڵیات و سەفارەتەکانیانەوە، لە قەتعی عیلاقاتی تیجاریەوە، لە قەتعی عیلاقاتی بازرگانیەوە، چونکە ناکرێ ئەگەر تۆ دڵنیا بیت لەبەردەمی خەرق کردنی یاسای نێودەوڵەتی دای و لە هەمان کاتدا ڕێگە بدەی پێشانگای نێودەوڵەتی بازرگانی بکرێتەوە لەناو شارەکانی هەرێمی کوردستان دا، جگە لەوەی کە حاڵەتێکی تر هەیە ئەگەر ئەم حاڵەتە تەئکید بین لەسەر ئەوەی کە ئەوە خروقاتە، دەبێ بە پەلە ئێمە لە پەرلەمان لیژنەیەك تەشکیل بکەین و لەگەڵ ئەنجومەتی نوێنەرانی عیراق دا ڕێوشوێنی بە پەلە بگیردرێتە بەر بۆ ئەوەی ئەم خروقاتە نێودەوڵەتیە ڕابگرین، حاڵەتی دووەم هەیە ئەوەیە کە ئەگەرێك هەیە زۆر لە برادەرانیش باسیان کرد ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کارتی سەوزیان هەڵکردبێ، بۆیە عیراقیش بێ دەنگە و بۆیە ئێمەش بێ دەنگین یان دەنگێکی شەرمنانەمان هەیە، لەم حاڵەتەشدا دیسانەوە

پێویستمان بەو لیژنەی لێتوێژینەوە هەیە کە پێك بهێندرێ بۆ ئەوەی ئێمە بزانین و بە فعلی خەڵکی هەرێمی کوردستانیش لەسەر ئەو نوقتەیە ڕابگری، ئێمە بەڕاستی کارتی سەوزمان هەڵکردووە و بەرزکردووتەوە بۆ ئێران کە بێت بۆمبابارانم بکات؟ بۆیە ئێمە ئاوایی قسەی لەسەر ناکەین، یاخود ئەوان خەرقێك دەکەن و دیسانەوە دەبێ ئێمە دەسەڵاتی کوردی و عیراقی ناچار بکەین لەوەی کە لەبەرامبەر ئەو خروقاتانە دا ئیجرائاتی جدی وەربگرێ، بۆیە من تەئکیدی دەکەمەوە و داوای دروست کردنی لیژنەیەکی کاتی لێ توێژینەوە دەکەم بۆ ئەوەی ئێمە لەسەر ئەرزی واقع بوەستین و بزانین ئەم تۆپباران کردنە بە فعلی ڕێگە پێدراوە یاخود خەرقی قانونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئیلتزام بە بەرنامەکە بکەن و لە بەرنامە دەرمەچن، ئێستا ئەم دانیشتنەی ئێمە بۆ ئەو تۆپبارانەی ئەم جارەی ئێرانە، لەسەر ئەو سنوورە و مەگەڕێنەوە بۆ تاریخ، ئەوە یەك، دوو هیچ کەس کارتی سەوزی هەڵنەکردووە، ئەوە دڵنیا بن، دەوڵەتێکە و تاریخێکی هەیە و جیرانی تۆیە و پێت دەڵێ لای تۆوە خەڵك دێ تەقەم لێ دەکات و منیش لێت دەدەم، ئەمە جوابیانە، ئێمە بانگی قونسوڵمان کردە ئێرە و لەگەڵی دانیشتین و بە سەراحەت دەڵێین هەتا ئەوە هەبێ ئێمە بەردەوام دەبین، ئەمە ڕەئیانە، یەعنی ئێمە لێتان ناشارینەوە، نە حکومەت و نە هەرێمی کوردستان و نە کەس ئەو کارتەی پێ نەداوە، بەڵام تەعەدات لێ دەکات، ئەبێ ئێمە هەڵوێستمان هەبێ و وەکو هەرێمێك چی دەتوانین بکەین؟ چەند دەسەڵاتت هەیە؟، دەتوانین لەشکرکێشی بکەین و شکستی پێ بینین؟ دروستە؟ ئەگەر دروستە فەرموون، بەڵام حەقیقەت ئینسان دەبێ مەنتقی بێ و واقعی بێت، سەیری وەزع بکەین و سەیری سنووری قانونی و دەستووری خۆشمان بکەین و سەیری وەزعەکەش بکەین و سەیری ئەوانەش بکەین کە ئەو موبەررانەش بکەین کە ئەوان دەیهێننەوە، ئێمە لێرە وەکو ئەوەی ئیشارەی پێ کرا ئێمە سوپاسی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کوردستان دەکەین کە زۆر دەوریان هەبوو، سوپاسی هەموو خوشك و برایەك کە دەنگیان بەرزەوە کرد، ئەو جهودانەش کە نەقل دەکرێت، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێستا دوای ئەم جەلسەیەش هەروا دەکرێ، هەر ئەو شتانەیە و لەگەڵ سەرۆکی کۆمار قسە دەکەی و لەگەڵ حکومەتی عیراق قسە دەکەی و لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران قسە دەکەی و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دەرەوە و ناوەوە قسە دەکەی، ئیتر تۆ ئەمڕۆ لەو مەوقعە نی بڕۆی شەڕی کەس بکەی، ئێمە ئیدانەی توندوتیژیمان کردووە، کێشە بە توندویتژی چارەسەر ناکرێت، ئینجا چ کێشەی خۆمان بێ و چ کێشەی ئەو وڵاتە بێ کە وابزانێ سەبەبەکی لێرەوە بۆی دەڕوات، بۆیە تکا دەکەین هیچ کەسێك دەستی تاوان بۆ کەسی تر درێژ نەکات، کەس کەمتەرخەم نیە و هەمووتان و ئێوەش و ئەوانەی لەدەرەوەشن و ئەوانەی لە دەسەڵاتیشن و لە مەعارەزە هەمووی بەدڵسۆزی ئیش دەکات بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە بپارێزێت، بەڵام ئەو دیالۆگ و ئەو گفتوگۆیەی ئەمڕۆ دەیکەین لەبەرژەوەندی بێ و بتوانین شتێکی ئیجابی بۆ هەرێمەکەمان بە دەست بهێنین و جیرانەتی خۆشمان بپارێزین و ئەو تۆپبارانەش بنبڕ بێ و کۆتایی پێ بێت و هەموو ڕۆژێك نەدەنە تەوق سەرمان و موبەرر نیە بە تۆپ لێت

بدات لەبەرئەو سەبەبە، ئەگەر باسی ئەوە دەکرێت کە خەڵکێك لێرەوە دەچێ و لێیان دەکوژێ و کە نایبینی و نازانی وایە یان وانیە، چونکە سنوورێکی دورودرێژ و چیا و معەقەدە لە شارەکانی خۆشیان هەیە و لە مەنتیقەی خۆشیان هەیە، یەعنی ئینسان نابێ هیچ کەسێك لەگەڵ ئەوە بێ کە موبەرر هەبێ و لێمان بدرێت، بەڵام چۆن رێی بۆ بدۆزینەوە و پێویستە ئێستا ئەم دانیشتنە نەتائیجێکی رێك وپێکی هەبێ و ئەو نوقاتانەی پێشکەشی دەکەین وەزن و مەعنا و تەئسیری خۆی هەبێ، زۆر سوپاس، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو کێشەی زۆر گرنگ هەیە لە هەرێمی کوردستان دا کە بەڕاستی بوون بە کێشەیەکی موزمن و ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، دەتوانم بڵێم هەموو یەکێك لە ئێمە یان هەموو تاکێکی کوردی دەزانێ لە چ کاتێك دا هەردوو کێشەکە دووبارە دەبنەوە، کە بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا چ وەك پەرلەمانی کوردستان و چ وەك حکومەتی هەرێم و چ وەك دامەزراوە فەرمیەکان هەموو کات لە ئاست کێشەکاندا هەڵوێستی درەنگ وەختمان دەبێ، ئێمە ئەگەر باسی دانیشتنە نائاساییەکان بکەین لە پەرلەمانی کوردستان دا نەمانتوانیوە لە کۆتایی هەموو دانیشتنێك دا تەوسیەیەکی مولزەم دەربکەین کە حکومەتی هەرێمی پێ ئیلزام بکەین چ لەسەر ئاستی سیاسی بێت و یان یاسایی و یان لەسەر کۆمەکی ماددی بتوانرێ ئێمە ئەو ئیشانە کە کردوومانە لەناو پەرلەمان دا کە چەندین پێشنیار و تەوسیە کراوە ئیلزامی حکومەتی پێ بکەین، یەکێك لەو کێشانە ئەمە جگە لەوەی کێشەی تۆپباران و سنوورەکانی هەرێمی کوردستانە کە ساڵانە دووبارە دەبێتەوەو کێشەی دووەممان مەسەلەی کەرکووك و ناوچە جێ ناکۆکەکانە کە هەمووومان وەکو شعر و دێری قورئان لەبەرمان کردووە و ساڵانە دووبارە دەبێتەوەو پێویست بەوە دەکا ئێمە دانیشتنی بۆ بکەین، بێ گومان ئێمە بەردەوام گوێ بیستی پەیوەندی دۆستانە دەبین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ویاخود بوونی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا، بێ گومان هەموو ئەم پەیوەندیانە لەسەر ئاستێکی مێژوویی بێ یان لەسەر ئاستی سیاسی بێت کە ئەمانە دەوڵەتی دراوسێن و سنووری جوگرافیان هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا بێ گومان پێویستیشە لە ئاست بوونی ئەو پەیوەندیانە تۆ ژیانێك یان سەقامگیریەك بۆ هاووڵاتیانی هەرێمەکەی خۆت دابین بکەی، بەڵام بەداخەوە دەکرێ ئێمە پەیوەندی دۆستانە و تەنازول کردن بێ لە حەقی هاووڵاتیانی هەرێمەکەت، یاخود تەنازول کردن بێت لە سنوورەکانی خۆت، یان لە وێران کردنی گوندەکانی خۆت، من دەمەوێ کێشەی تۆپبارانەکان لەچەند ڕوویەکەوە باس بکەم لە هەرێمی کوردستان دا، یاخود لەسەر ئاستی حکومەتی عیراقی فیدڕاڵەوە، بێ گومان ئەگەر لەسەر ئاستە مرۆییەکە باسی بکەین، بێ گومان هەر حاڵەتێکی تارێء لە هەرێمی کوردستان دا یاخود لەسەرجەم عیراق داکە ڕوودەدات پێویستە، بەڵام ئێمە کە ئێستا باسی دەکەین لە هەرێمی کوردستان دایە و کە پێویست بوو حکومەتی عیراقی بە هاوکاری لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەم حاڵەتەدا هەڵمەتێکی فریاگوزاری بە زووترین کات ئاراستەی سەر سنوورەکان بکردایە کە ئێمە ساڵی پاریش لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی

بەڕێز سەردانی ئەو سنوورانەمان کردووە بینیومانە لە چ حاڵەتێکی نامرۆڤانە دا دەژین، کە هیچ پێداویستی سەرەتاییەکانی ژیانی تێدا نەبووە، من وەکو خۆم سەردانی وەزیری داراییمان کرد کە وتی بەڵێ لە ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی دا بڕێك پارە هەیە بۆ حاڵەتی تارىء، بەڵام ئەبێ حکومەتی هەرێم ئەمرمان پێ بکات، من لە 5/23 دا کتابێکم ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، بەڵام بە داخەوە دووجاریش بیرم خستەوەو تا ئێستا وەڵامی ئەو کتابەم نەبووە کە بزانین ئایا ئێمە بەجدی لە خەمی هاووڵاتیانی هەرێمەکەمان داین لەکاتێك دا بتوانێ یارمەتیدان یاخود بکرێت بەهاوکاری بۆ هاووڵاتیانی سنوور، بەڵام نەتواندرێت بەو شێوازە وەڵام بدرێتەوە کە ئێستا ساڵ و نیوێك زیاتری بەسەردا ڕۆشتووە، ئەگەر لەڕووی سیاسیەوە سەیرێکی مەسەلەی تۆپباران بکەین لە هەرێمی کوردستاندا، ڕاستەو گرنگە کە بایەخ بدرێت بە پرسە ستراتیژییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کە ئەویش پاراستنی ئاسایشی هەرێم و سەقامگیربوونیەتی، بەڵام گرنگە ئێمە لێرەشەوە ئەوە بزانین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکان، پێویستیشە ڕوونکردنەوەی هەبێت لە ئاست ئەو پەیوەندییانەی کە هەیەتی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا، بەڵام تا ئێستا نەمانزانیوە حکومەتی هەرێم چ کەناڵێکی دبلۆماسی خۆی خستۆتەگەڕ، چ گوشارێکی کردووە یان چ هەوڵێکیداوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟، یەکێك لە کێشەکانی تر تا ئێستا نەمانتوانیوە گوشارێك بکەین لەڕێگەی کەناڵی دبلۆماسیمان لە حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ، کەنەمانتوانیوە بەهیچ شێوازێك لەکاتێکدا کە ئەتوانم بڵێم دەسەڵاتدارانی کورد یاخود کوردانی ئێمە هەموویان بەرپرسیارێتیەکی زۆریان هەیە لەناو حکومەتی عێراقی فیدڕاڵدا، بەڵام هیچ کام لەوانە نەیانتوانیوە بەرپرسیارێتی ئەو یاسایە بەکار بهێنن بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، ئەگەر لەڕووی یاساییشەوە ئێمە ئەگەر سەیر بکەین، ڕاستە بەیاننامەی ئیدانە دروست کراوە، یان چەندین قسە وتراوە، بەڵام ئێمە لەڕووی یاساییەوە هەندێك حاڵەتی گرنگ هەیە کە پێویستە کە هەم وەك پەرلەمانی کوردستان هەم وەکو سەرۆکایەتی هەرێم کە ئێمە بەپێی یاسا مەسئولیەتێکی ناوخۆیی لەهەرێمدا هەیە، بەمپێیەش بەپێی بوونی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005 کە سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێردرێت کە لە ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات، پاشان بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی 2005 مان هەیە، کە پەرلەمان تاکە مەرجەعی سیاسی ودەستوورییە لە ئاست پرسە چارەنووس سازەکانی گەلی کورد، کە ئەتواندرا بە تەنسیق سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، کە ئێمە بەپێی یاسا بتوانین هەندێ مەسەلەی ناوخۆیی چارەسەر بکەین، بۆ نەتواندرێت بکرێت، کە تۆ بەپێی یاسا دەتوانیت نوێنەرایەتی میللەتەکەی خۆت بکەیت، پاشان لەسەر ئاستی عێراقیش مەسئولیەی ناوخۆمان هەیە، بەپێی ماددەکانی (7 و 8 و 61)کە ئەمانە هەمووی مەسئولیەت دەخاتە سەر سەرۆك کۆمار و سەرۆکی وەزیران کە پێویستە ئەمانە لە ئاست بوونی ئەم کێشانەدا بن کە ئێمە بەڕاستی بەپێی ماددەکانی (109 و 110)هاووڵاتی حکومەتی عێراقین، بەڵام ئەگەر بڕیارە ئێمە هاووڵاتی بین پێویستە بەپێی ئەو ماددانە ئەرکی سیادەی هەرێمی کوردستانیش بکەوێتە ئەستۆی ئەمان، ئەگەر لەڕووە ئەخلاقیەکەوە

سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین، ئێمە بێگومان لەلایەن هاوکارانمانەوە چەندین شت بڵاوکراوەتەوە، یاخود ئەتوانم بڵێم لەسەر زاری چەندین بەرپرسی ئێرانیەوە وتراوە کە ئەمە یاخود ئیشارەتە بەوەی کە تەنسیقێك هەبێت، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت بێگومان ئەمە یەکێکە لە هەرە تاوانە گەورەکان کە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کراوە، بۆیە بە بڕوام من پشتگیری ئەو پێشنیارەی پەیمان خان دەکەم، کە پێویستە بەزووترین کات لیژنەیەك پێك بهێندرێت بۆ لێکۆڵینەوە، هەم لەبوونی ئەو بەڵگەنامانە، هەم لەبوونی ئەو کێشانەی تر کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە، لەڕووی ئەو پێشێلکاریيانەی کەسنوورەکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەحەقیقەت کە سێك کە لێت بدات، بتکوژێت، دێکەت وێران بکات، زەراعەتەکەت بسووتێنێت، مزگەوتەکەت بڕووخێنێت، مەکتەبەکەت بڕوخێنێ، ئەگەر بڵێیت ئەمە بەموافەقەتە ئەوە ئەچێتە عەقڵەوە؟، یەعنی ئەبێت ئینسان ئەوە بەئاسانی ئاوا قبوڵ بکات، لەهەموو مەجالێك هەموو محاولەیەك هەیە، چ لەسەرۆکی هەرێم چ لە عێراق، لەهەموو شوێنێکەوە هەیە، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین بابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆربەی کران، بەڵام پشتگیری قسەکانی کاك کاروان دەکەم، قسەکانی هەمووی لەجێگای خۆی بوون، ئەمە ئەگەر بێت و سەیری بکەین، ئەم تۆپبارانەی ئێران نە ئەمڕۆ و بەیانی و دووبەیانی وساڵێك ودوو ساڵە، ئەمە چەند ساڵێکە بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووە، کە ئەمە ئەگەر وەستابێتیش هەمووی کاتی بووە، لەوانەیە تۆپبارانەکە مەرامێکی گەورەی لە پشت هەبێت، کە ئەوە بۆ ئێمە دیار نیە، بەڵام لەدوارۆژدا دیار دەبێت، چونکە ئەگەر بە بیانووی پژاك بێت کە تۆپبارانی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەوە پژاك ئەسڵ و ئەساسی نیە، پژاکیش کێشەیەکە لەناو خۆیاندا با گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن، بانگیان بکەن و بیبەنە ناو خۆیان، بەخۆیان بانگیان دەکەن و دەڵێن ئێمە دەسبەرداری چەك دەبین و بابچینە ناو ئێران و ئیشی سیاسی بکەین، بەڵام ئێران قبوڵ ناکات، نەك ئێران هەموو دوژمنەکانی کورد قبوڵیان نەکردووە تا ئێستا تا ئێران قبوڵی بکات، بەڵام ئەوە خۆی بیانوویەکە بۆچی ڕووباری ئەڵوەنیان بەند کردووەو نایەڵێت بێتە ناو هەرێمی کوردستان، ئەوەش پژاکی لێیە؟، بۆیە ئەمە هەر بیانوویەکەو هیچی تر، ئەمە من پێم وایە ئێران و تورکیا ئاگایان لەیەکتر هەیە، لەوانەیە حکومەتی عێراقیش ئاگای لێبێت، چونکە بێدەنگیەکی زۆری نواندووە، کە ئێمە دەڵێین بۆ حکومەتی عێراق مەوقیفی نیە، یان پێی بڵێین ئێمە نوێنەرمان لەوێ هەیە، سەرۆکی کۆمار لە ئێمەیە، جێگری ئەنجومەنی نوێنەران لە ئێمەیە، وەزیری دەرەوە لە ئێمەیە، 7 وەزیرمان لەوێ هەیە، ئەی ئەوانە چی لەوێ دەکەن؟، کە شتێکی وا لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت پێویستە یەکسەر ئەوان مەوقیف وەربگرن، دەبێ لەوێ بەشێوەیەکی توند بچنە ناو مەسەلەکان وکۆبوونەوەکان لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە بکەن، ئێمەش لێرە هان بدەن کە شتێك بکەین بۆ ئەوان، بۆ

ئەوەی بەیەکەوە شتەکان ڕەد بکەینەوە، بەڵام کە ئێمە باس دەکەین بێدەنگی نواندووە، بۆیە لای ئێمە گومان دروست بووە، بۆ قسە ناکەن؟ بۆ لەیەکەم ڕۆژەوە هەڵوێست وەرناگرن؟، ئەی ئیشی ئێمە چیە؟، کە من مەسئول بم یان بەرپرس بم یان سەرۆکی شتێك بم، کە ئەو پێشێلکاری و دەستدرێژییە دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان و خەڵکی ئێمە ئەی ئیتر کەی قسە بکەین، ئەی بۆچی ئێمە هەین؟، ئەی بۆ ئێمە مەسئولین؟ ئەی کێ بەرپرسیارە لە کوشتنی ئەو خەڵکەی کە لەسەر ئەو سنوورانە کوژراون؟، مەڕوومالاتیان سووتێنراوە، ماڵیان وێران کراوە، ڕەزو باخیان سووتاوە، ئەی کێ بەرپرسە؟، ئەی کێ بۆ ئێمە قسەی لەسەر ئەکات؟، ئەگەر ئێمە خۆمان نەبین، کەس هەیە مافمان پێبدات؟، ئەگەر ئێمە خۆمان مافی خۆمان نەسێنین، کەس نیە لەدوونیادا ماف بەکەس بدات؟، کەس نیە حەقی خۆی لە گیرفانی خۆی دەربهێنێت وبیدات بەکەسێکی تر، بەڵام ئێمە دەبێت هەڵوێستمان هەبێت، هەر کەسێك لە ئێمە هەر تاکێك لە ناو ئەم هەرێمەدا بەرپرسیارە لەهەموو کەموکوڕیەکی ناو ئەم هەرێمە، دەبێت هەموومان هەڵوێستمان هەبێت، لەهەموو کاتێك من پێم وایە، مەرامێکی گەروە لەپشت ئێرانەوەیە، کە دەیەوێت ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان لێمان تێك بدات، هەر لەدروست بوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، مەرامی هەیە کە عێراق داگیر بکات، چونکە ئەوە لە مێژووەیە کە ئەوان بۆ خۆیان کارێك یان ئەم بیرە لە بیریاندایە کە بێن و بەڵکو بە شوێنێکی پیرۆزی خۆیانی دەزانن، بۆیە من داوا دەکەم کە ئێمە مەوقیفێکی توندمان هەبێت، جەختیش بکەینە سەر حکومەتی هەرێم، سەر حکومەتی فیدراڵی کە ئەو نوێنەرانەی ئێمە کە لەوێن، ئەگەر بڵێین کەمتەرخەمن یان نا، بەس با بەتوندی لەسەر ئەم مەسەلەیە بوەستن و ئەم تۆپبارانە بنبڕ بکەن و دووبارە نەبێتەوە، چونکە ئەوانەی کە دەکوژرێن وئەسووتێندرێن ئەمانە هەمووی خەڵکی کورد و ناتوانن هەموو ساڵێك ماڵێك دروست بکەن، بۆیە ئێمە هەموو کاتێك دەڵێین با کشتوکاڵ پێش بکەوێت با گوندەکان ئاوەدان بکرێنەوە، بەم شێوەیە چۆن ئاوەدان دەکرێتەوە، من ئەمڕۆ بچم خانوویەك بکەم لەسەر گوندێك لەم سنوورەو دوایی تۆپباران بکرێت، منیش دووبارە ئاوارە ببمەوە، دوایی بچم ئاوەدانی بکەمەوە دیسان، بۆیە قەت ئاوەدان ناکرێتەوە بەو شێوەیە، قەت کشتوکاڵیش پێش ناکەوێت، ئەگەر ئێمە پشتگیری لێ نەکەین وحیمایەی لێ نەکەین، دەبێت ئێمە هەموومان مەوقیفێکی توندمان هەبێت، ئەم تۆپبارانە بنبڕ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عبدالرحمن، کاکە عێراق خۆ لەبەرچاومانە چ عێراقێکمان هەیە، یەعنی بە حەقیقەت دیارە، چ حکومەتێك و چ وەزعێکەو هەمووی بەچ شێوەیەکە، بەنیسبەت ئەو بەڕێزانەی کە لەبەغدادن، با لە هەوڵەکانیان کەم نەکەینەوە، ئێمە ئاگامان لێیانە، هەموو هەوڵێك دەدەن بەس بە قسەیان ناکەن، بۆیە هەتا ئێستاش هەوڵی دبلۆماسی هەیە، تەمەنا دەکەین کە سەر بکەوێت، کوردستانیش دەنگی خۆی هەیەو وەزنی خۆشی هەیە، هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی مەشاکیل بەخۆشی تەواو ببێت، بەڵام هەموو بڕادەران هەوڵ دەدەن، لە هەموو شوێنێکەوە، هەموو حەرەکەتێکی خۆیان دەکەن، بەڕێز ئاشتی عزیز، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من بەشێکی زۆر لە قسەکانم کران، بەڵام ئەوەی کە پێویست بێت کە جەختی لەسەر بکەمەوە، وەکو هاوکارانم ئیدانەی ئەو تۆپبارانە وەحشیەی کە حکومەتی ئێران ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی پێ دەکات، هەمووشمان هاوخەمین لەگەڵ ئەو خێزانانەدا، بەڵام لەڕاستیدا یەکێك لە گرفتە سەرەکیەکان، لە تێکڕای قسەی هاوکارانیشمدا ئەوەیە، کە هەوڵ بدرێت کە بەڕاستی کێشەیەك هەیە لەسەر ئاستی دەرەوە، ئەگەر جۆرێك لە شەفافیەت هەبێت، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، لەگەڵ پەرلەمانی کوردستاندا، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە لەئاستی سنوورییەوە نەبێت بە کێشەیەك بۆ ناوخۆی کوردستان، کە ئەوە دەبێت بەخەمێکی تر، بەڕاستی ئێستا ئێمە جۆرێك لە گومانمان لەلا دروست بووە، کە جۆرێك لە ڕێککەوتن هەبێت، نزیکترین بەڵگە، لە 2011/7/26، کە کەمپینێك بەناوی ئێران بوەستە، 50 ڕێکخراوی کوردستان بەشدار بوون، بەشێوەیەکی فەرمی چوونە لای قونسولگەری ئێران، بەشێوەیەکی ئاشکرا لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکانیشیاندا لەکەناڵە حزبی و ناحزبیەکانیشیاندا ئاماژەیان بەوە کرد، کە قونسولگەری ئێران ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ساڵی پارەوە ڕێك کەوتنێك هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بە تۆپباران کردنی ئەو شوێنانەی کە پژاکی لێیە؟، نا شەفافیەت لەوەڵام نەدانەوەی حکومەتی هەرێم بۆ ئەم ڕێکخراوانە کە 50 ڕێکخراون بەشێوەیەکی فەرمی، ڕێگا پێدراون، لێدوانێکی ئاواش لەلایەن سەفیری ئێرانەوە، ئەمە دەکرێت کە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، لەهەمان کاتدا پێویست بوو ئەگەر وا نیە، ئیدانەی ئەو لێدوانە بکرێت، بەرپەرچ بدرێتەوە، کە شتی وا نیە، کە بەشێك لەو گومانەی لەلایە خەڵك دروست بوو، بەڕاستی ڕادەی موسەیتەری وەڵامدانەوەی قونسولگەری ئێران بوو بۆ ئەو دۆخە، بەتایبەت کە ئەو تیم و کەمپینانە کە ڕووبەڕووی سەفارەتی ئێرانی بوونەوەو زۆر خەم ساردانە لەوەڵامدا بوون، ئەمە بەشێك، بەشێکی تری بەڕاستی کۆمەڵێك ڕێکخراوی کوردستان، ڕێکخراوی بازرگانی وئابووری لە 2011/8/2 یاداشتیان دەرکرد سەبارەت بەوەی کە ئەگەر هاتو قەسف کردنی ناوچەی شریتی سنووریەکان بەردەوام بێت، ئەوە دەبێتە هۆی خەتەرێك و ئیعلانێکی وایان کرد کە پەیوەندی ئابووری نێوان کوردستان و ئێران لەپاشەکشێدا دەبێت، ئەگەر کۆمەڵێك ڕێکخراو لەئاست ئەو بەرپرسیارییەتیەدا بێت، ئایا ئەم بەرپرسیارێتیە ڕادەیەکی گەورەتر لەسەر دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم وکۆمپانیا بازرگانیەکانی کە سەر بەهەرێمە بەشێوەیەکی فەرمی ئەمانە زیاتر بەرپرسیارێتیان ناکەوێتە سەرشان کە لەم ڕووەوە لێدوانێك دەربکەن کەجۆرێك لە خەتەر بخەنە ڕوو، ئەگەر پەیوەندی بازرگانی تێك بچێت لەهەرێمی کوردستان وابزانم تەنها هەرێمی کوردستان زەرەرمەند نابێت، لەبەرامبەریشدا ئەو سنوورانەی کە کراوەتەوە بەڕووی ئێراندا دیاریکراوە، باشترین سنوورەکان سنووری هەرێمی کوردستانە، کە بتوانێت ئاڵوگۆڕی بازرگانی تێدا بکات، من داوای شتێکی تر دەکەم وێڕای داواکاری هاوکارانم، ئایا لەساڵی پارەوە، وەکو پەیمان خان ئیشارەتی پێدا، من لەبیرمە لەکاتی بۆردوومان کردنەکەدا، هاوکات بوو لەگەڵ کردنەوەی

پێشنگای نێودەوڵەتی بازرگانی ئێرانی و کۆمەڵێك بەرپرسی حکومەتی هەرێم بەشدار بوون لەکردنەوەی ئەو پێشانگایەدا، ئایا میان ڕەوی حکومەتی هەرێم وبەرپرسانی حکومەتی هەرێم، کێشەکە زیاد دەکات؟، یان ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێت دۆخەکە بەرەو توند تر بڕۆین وهۆشیاریمان نیە، بەقەبارەی سیاسی وياسایی وئابووری هەرێمی کوردستان، ئەمانەوێت هەرێمی کوردستان بەرەو خەتەرێکی گەورە بەرین، بەڵکو بە پێچەوانەوە من لەو بڕوایەدام ڕادەی میانڕەوی ئێمە، وە ناشەفافیەت لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ ئێران ئەمە وای کردووە کە گومانێك دروست ببێت، وەکو لەسەرەتادا وتم، بەڕاستی ئێمە دەچینە بەردەم خەتەرێکی تر، ئەو کێشانەی کە لە ئاستی سنووردا دروست دەبێت، بەڕاستی ماڵی هەرێمی کوردستانی پێ هەڵبوەشێت کە گومان لەناو خۆیدا دروست دەبێت، کە من وەکو پەرلەمانتارێك، وەکو نوێنەری خەڵك ئەمەش یەکێکە لە خەمە گەورەکان کە ڕووبەرووی میللەتەکەم دەبێتەوە، بۆیە من داوا دەکەم سەرەڕای ئەوەی کە دەستخۆشی لەهەموو ئەو پارتە سیاسیانە دەکەین کە پەیوەندیی دبلۆماسی باشیان هەیە، وە ئێمە دەستیان دەگوشین لەبەر ئەوەی کەسێك بتوانێت هەنگاوێك باش بۆ هەرێم بنێت مایەی ئەوەیە کەئێمە شانازی پێوە بکەین، بەڵام پێشیان دەڵێین کە هەنگاوە دبلۆماسیەکانی ئێوە بەپێی پێویست نەبووە، گەورەترین بەڵگەش بەردەوامی وێرانکاری و کاولکارییەکەیە، بۆیە ئێمە داوا دەکەین هەموو ئەو تواناو هەوڵانە بخرێتە ئاستی پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە بۆمان دەرکەوت لەسەر ئاستی حزبە سیاسیەکاندا ناتواندرێت لەکاتی ئاشتیدا ئەبینین حزبە سیاسیەکانی کوردستان پەیوەندی و قەبارەی دۆستایەتیان لەگەڵ ئێراندا بەپلەیەکی زۆر بەرز دەنرخێنن، لەکاتێکدا کە هەڕەشەمان دەکەوێتە سەرشان، قەبارەی هەرێمی کوردستان بچووك دەبێتەوەو پەیوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ ئێراندا دەکەوێتە ئاستێکی لاوازو هەڕەشە لێکراوەوە، بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە بەشێوەیەکی فەرمی ئەندامانی پەرلەمانیش ئاگادار بن لەهەموو ئەو پەیوەندییە سیاسیانەی کە لەگەڵ دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا دەبەسترێت، ئەمە لایەنێکی ئیجابی گەورەی هەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ حزبەکانیش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە منیش وەکو ئەندامێکی ئۆپۆزسیۆن ودواتریش بەشدار دەبم لەو بەرپرسیارێتیەی کە دەکەوێتە سەرشانی هەرێمی کوردستان نەك بەشی تەنها دوو حزبی سیاسی لەخەتەرەکانیشدا بکەوێتە سەرشانی ئەوان، بۆیە ئێمە بەدیوێکدا لەچەند حاڵەتێکدا قورسە، بەدیوێکی تردا حاڵەتێکی ئیجابیە، بۆیە ئێمە داوای شەفافیەتی زیاتر لەحکومەتی هەرێم دەکەین لەهەموو هەنگاوێکی دیبلۆماسی و سیاسیدا دەبێ حکومەتی هەرێمی لێ ئاگادار بێت، من پێشنیارێکم هەیە وەکو ئیزافە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەم دۆخە چارەسەر نەبوو، ئەگەر ئەم خەتەرەش هەیە چونکە ساڵی پار هاوکارانیش ئەوەیان باسکرد، چونکە ئەمە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا ئەم قەسف کردنە بەشێوەیەکی بەردەوام هەیە، پێویستە حکومەتی هەرێم ژیرانە موعامەلە لەگەڵ کێشەکاندا بکات، ئەگەر موعامەلەی پێنەکرا لەگەڵ چارەسەرکردندا، ئەویش ئەوەیە ساڵانە ئەبێت بودجەیەکی هەرێمی کوردستان بەناوی حاڵەتی تەواریئەوە دابندرێت، چونکە ئەمە لافاوێکی سروشتی نیە، بڵێین ئەگەر هەیە دروست ببێت یان

دروست نەبێت، ئەمە چەند ساڵێکە بووە بە هێرشێکی بە پلان، یەك بودجەی بۆ دابین بکرێت، دووەم: کەمپێك بکرێتەوە لە ناوچە شریتییە سنووریەکاندا بۆ بەهانا چوونی خەڵك تا دەستبەجێ خەڵك بچێتە ئەو کەمپانەوە، نەك لەدوای مانگێك لەم وەرزە گەرمەدا خەڵك تازە بۆکس و فلینی سەهۆڵ وپێداویستیە سەرەتاییەکانیان لەدوای مانگێك پێ بگات، یان بوکەڵەو کۆمەڵێك پێداویستی دوور لەپێداویستی ژیانیان پێ بگات، بۆیە من داوا دەکەم حکومەتی هەرێم بەتایبەت وەزارەتی پلانداننان بیر لەوە بکاتەوە کەمپێکی هەبێت ئەگەر بەشێوەیەی گەڕۆکیش بێت، لەو ناوچە سنووریانەدا لەهەر شوێنێك خەتەر هەبێت بتواندرێت بەشێك لەم کەمپە بگوێزرێتەوە وەکو ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە سەردانی کەمپەکانیان کردووە تەنها پێداویستیە تەندروستیەکان بۆکسی سەحیان نیە بۆ پاراستنی دەرزی ودەرمانەکانیش، کەواتە پێداویستیەکان بەپێی پێویست نیە، پێویستیان بەپێداویستی زیاتر هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت بەحەقیقەت حەز دەکەم ڕوون بێت بۆ هەمووتان، هەوڵدانێکی دیبلۆماسی زۆر بەقوەت هەیە، لەهەموو ئاستێك بەشێوەیەك کە نەتیجەکەی چارەسەر بێت، بە مەعقول و مەنتقی، ئەگەر هەندێ شت قبوڵ بکرایە لەڕووی نەتەوەییەوە زەرەرمان دەکرد، حەز دەکەم ئەوە ڕوون بێت لاتان، بۆیە بەردەوام بووە، چونکە لە لایەنی موعتەدی مەرجێکی هەبوو، ئەگەر ئەوە بکرایە ڕەنگە لەڕووی نەتەوەییەوە هەمووومان زەرەرمان بکردایە، زۆر سوپاس، بەڕێز دلێر محمود، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی ئیدانەی تۆپباران و بۆردوومانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەم، کە تۆپبارانی هەرێمی کوردستان دەکات، کە ئەم تۆپباران کردنە بووەتە هۆی شەهید بوون و بریندار بوونی خەڵکی بێتاوان و سڤیل لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها سووتاندنی ڕەز وباخ ولەوەڕگەی خەڵکی، لەهەمان کاتدا زەرەرو زیانی زۆری بە ماڵی خەڵك و بە بنکەی تەندروستی و بە مزگەوتەکان و بە قوتابخانەکان گەیاندووە، لەبەر ئەوە ئێمە زۆر بەتوندی ئیدانەی ئەو تۆپباران کردنە دەکەین، لەهەمان کاتدا ئەم تۆپباران کردنە خۆی لەخۆیدا غەدرە، یاسا شکێنیە، سنوور بەزاندنە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستووری عێراقی بێدەنگ نەبێت لە ئاست ئەم کێشەیەدا، لەبەر ئەوەی بەپێی دەستووری عێراقی ئێمە بەشێکین لە عێراق، وە پێویستە لەسەر حکومەتی عێراقی هەموو سنوورەکانی عێراق وەکو یەك بپارێزێت و بەیەك چاو تەماشای بکات، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە نەکات هەڵبەتە دواجاریش هەرێمی کوردستان لەوانەیە لەکاتێکی تردا مەوقیفێکی تر وەربگرێت، لەوەی کە کەمتر هەست بە هاووڵاتی بوونی خۆی بکات لە عێراقدا، من وای بەچاك دەزانم کە پێویستە لەسەر پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە ئەمانە نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی عێراق وهەرێمی

کوردستانن لە ڕێگەی هەموو کەناڵێکەوە چ بەنووسراوو بەشێوەی ڕەسمی هەموو وڵاتانی دونیا بەزل هێزەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و ڕەسمی و ناحکومیەکان، هەموو ئەو ڕێکخراوانەشی کە پاڵپشتی ئارامی وماڤی مرۆڤ و ماڤی گەلان وڕێکخراوە ئیسلامیەکان دەکەن، ئاگادار بکرێنەوە، وە کێشەکان بە ئاراستەیەکی نێودەوڵەتیدا ببرێت، دەنگمان کە دەنگێکی زوڵاڵ و حەقە بەو شێوەیە بێت، گشت دونیای پێ بگرێتەوە هەموو ڕێگەیەکی دیبلۆماسی و دیموکراسی و دیالۆگیش بگیرێتە بەر بۆ ئەو مەبەستە، واچاکترە ئێران ئەو کێشەی ناوخۆیەی کە هەیەتی لەناو خاکی خۆیدا چارەسەری بکات، بەشێوەیەکی دیموکراسیانەو دیالۆگ، وە تەصدیری کێشەکە کە خۆی مەوجودە نەیکات بۆ هەرێمی کوردستان و دراوسێکانی، هەروەها پێویستە لەسەر گەلی کوردی ئێران و پژاك کە خاوەنی کێشەیەکی ڕەواو عادلن، لەناو خاکی خۆیان و ئێران یەکلایی بکەنەوە، ئیتر بەچ ڕێگەیەك دەبێت ئەوە خۆیان دەتوانن بڕیار بدەن کەچ ڕێگەیەك هەڵدەبژێرن، وە بەگیانی نەتەوەیی و بەرپرسیارییەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن کە نموونەیەکی تاقانەیە لەهەموو کوردستانی گەورەدا، ئەم ئەزموونە بەخەبات و تێکۆشانی چەند ساڵەی میللەتەکەمان وخوێنی سەدان هەزار شەهید و چەندجار گوندو شار سووتان وکاول بوون بەدەست هاتووە، لەهەمان کاتیشدا من وای دەبینم بەنیسبەت ئەم فشارەی کە ئێستا هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەمە من  وەك فشارێکی دەبینم، بۆیە لەهەمان کاتدا گرتنەوەی ئاوی ئەڵوەن و ماوەی هەفتەیەکیشە هەم دیسان گرتنی جۆگەی گوندی وشیاری لەناوچەی پێنجوێن کەئەمەش زۆر لەباخەکانی وشك کردووە، ئەمانە خۆی لەخۆیدا فشارێکە، لە هەمان کاتیشدا ئەبێت لێرەوە ئەوەش بڵێین هەم دیسان حکومەتی عێراقی لەم ماوەی پێشوودا دەستی کردووە بە تیرۆرکردن و ڕاگواستنی خەڵکی کورد و دۆستانی کورد لەناوچەکانی سەعدیەو جەلەولا، ئەمە خۆی لەخۆیدا لەجیاتی ئەوەی حکومەتی عێراقی بێت، هەموو ڕێگەیەکی دیبلۆماسی و سیاسی بگرێتە بەر بۆ پارێزگاری سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، ئەویش لەولاوە زیاتر فشاری خستۆتە سەر هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە واجبە لەسەر هەموو تاکێك لەهەرێمی کوردستان وە هەموو یەکێك هەرچی ڕێگەیەکی دیبلۆماسی هەیە بیگرنە بەر، هەرچی ڕێگەیەکی پێویستی هەیە بیگرنە بەر، بۆ ئەوەی کۆتایی بەم تۆپباران کردنە بهێنێت، بیکات بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوەی وەکو ئاشکرایە کێشەی نێودەوڵەتی ئێران و سنووری کوردستان کێشەیەکی زۆر سەختەو زۆر دژوارە، لەسەردەمی ڕژێمەکانی پێشوودا نەتوانراوە بەو شێوەیە سەیتەرە بکرێت بەسەریدا، وەکو جمهوری ئیسلامی ئێرانیش، کە جمهوریەتێکی گەورەیە، خاوەن توانایەکی گەورەیە، وڵاتێکی ئیسلامیە، پێویستە حسابی ئەوەش بکات کە کوردستانیش وڵاتێکی ئیسلامیەو بەو شێوەیە تەعامول بکات، وە کێشەکانی خۆی نەنێرێت بۆ ئێرە، وە بیەوێت لێرە کێشەکانی خۆی یەکلایی بکاتەوە، لەبەر ئەوە من وای بە باش دەزانم، هەر لەئێستاوە وەکو ئەو چارەسەرانەی کە باسم کرد، ئێستاش وەکو شتێکی ئانی لەم ڕەمەزانەدا، لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بایکۆتی کڕینی ئەو کاڵایانەی ئێرانی بکرێت کە لێرە هاوشێوەیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا من سەرەخۆشی بۆ كەسوكاری شەهیدان دەنێرم، وە ئومێدی چارەسەر بۆ برینداەرەكان دەكەم، وە ئیدانەی هەموو دەستدرێژی و تۆپباران و سنوور بەزاندنێكی هەرێمی كوردستان دەكەم، لەژێر هەر ناونیشانێكەوە بێت، لەو سەردانە مەیدانیەی كە لەگەڵ هاوڕێیانم كاك خەلیل و سیوەیل خان كردمان، ئێمە بۆ ناوچەی پشتدەر و كەمپی گۆجار ، بینیمان ڕێكخراوەكان هاوكارییەكی باشیان گەیاندۆتە ئەو ناوچانە بۆ خەڵكەكە، وە حكومەتیش، ئێمە كە باس لە مەسئولیەتی حكومەت دەكەین لەدۆخێكی وادا ئەوەمان لەبیر نەچێت كە ژیان لەدەرەوەی ماڵ و حاڵ وگوند وشوێنی نیشتەجێبوونی خۆت لەهەر شوێنێكی تر بێت، بەم گەرمایە ئەستەمە ڕێكخستن وپێداویستیەكان، لەئاست كەموكوڕی هەر دەبێت، بەڵام ئەوەی كە ئیمە بینیمان لەم دۆخەدا كە پێش ڕەمەزان بوو، ئەو كاتە تۆپبارانەكەش هەر بەردەوام بوو، كارەبا گەشتبوو، ئاو گەشتبوو، ڕۆژانە سەهۆڵیان بۆ دەڕۆشت، ئیسعافی بەردەوام لەوێ بوونی هەبوو، تەنانەت خیمە بۆ مەسەلەی نوێژ و پێداویستیەكانیش دابین كرابوو، بەردەوامیش لەناویان بوون، پارێزگارو ئەوانەش سەردانیان كردبوون، كە حەمام و تەوالێت و شوێنی تری پێویستیان بۆ دابین بكەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەكو وتم ژیان لەدەرەوەدا هەر قورسەو هاوكاری مادديشيان ئەوەی كە بڕیارە یەكی ملیۆنێكیان بۆ بچێت، بەنیسبەت قەرەبوو، دیارە ئەم پرسە ئێمە ئەگەر موتەفق بین لەسەر ئەوەی كە ئەمە شتێكی سیادییە، ئەم قەرەبووە حكومەتی عێراقی دەیگرێتە بەر، من لە پەیوەندی كردنم بەو لیژنەی كەوا سەردانی ناوچەكەی كردبوو، ئێستا خەریكی كۆكردنەوەی ئامارەكەن، ئەوەشی كە گرنگە ئێمە ئەو ئامارەمان لەبەردەستدا بێت، كە سەردانی ئەو ناوچەیەشمان كرد، گلەیی ئەوە هەبوو كە ساڵی پار لە تەعویزەكەدا كۆمەڵێك كەس هاتوون بۆ تەعویز مافی ئەوانی تریشیان خواردووە، كە لەئەسڵدا نیشتەجێی گوندەكان نەبوون، بۆیە ئەگەر ئامارێكی وردمان هەبێت، ئەوا ئێستا ئیش لەسەر ئەو تەعویزە دەكەن، هەر لەم ڕۆژانەدا لیژنەیەكی مافی مرۆڤی پەرلەمانی عێراقیش هەر بۆ ئەو مەبەستە سەردانی ناوچەكە دەكەن، من لێرەدا دەمەوێت بەڕاستی دەستخۆشی لە هەوڵەكانی سەرۆكایەتی پەرلەمان بكەم لەسەر ئەم حەددەسە، چونكە بەبۆچوونی من تێگەیشتن لە كێشەكان و لەسەرچاوەی كێشەكان هاوكارمان دەبێت بۆ پێشنیاركردنی ڕێگە چارە، لەدۆخێكی ئاوادا پێم وایە ئەركی پەرلەمان یەكەمجار بریتیە لە ئیدانە كردنی ئەم كارە كە پێم وایە، پەرلەمان و سەرۆكایەتی پەرلەمان پێی هەستاون، دووەم لیژنە مەعنیەكان پێویستە سەردانی ئەم ناوچانە بكەن و ڕاپۆرتی خۆیان پێشكەش بكەن، كە بەدەستخۆشیەوە ئەمەش كراوە، سێیەمینیان ئەركی سەرۆكایەتی پەرلەمان بریتیە لە هەوڵی بەردەوام و پەیوەندی گرتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكانی ناو حكومەتی عێراقی چ لە دەسەڵاتی یاسا دانان چ لە دەسەڵاتی جێبەجێ كردن بۆ

کەمکردنەوەو کۆتایی هێنان بەم ئەگەرەی کە هەیە، چونکە بە بۆچوونی من لەڕووی یاساییەوە ئەم پرسە، پرسێکی سیادییە، وە ئەگەر هەرێمی کوردستان زەرەرمەندی یەکەمە، بەڵام مەسئولیەتی ڕاستەوخۆ حکومەتی عێراقیە، وە پرسی ڕێکخستنی سنوور پرسێکە یاسای نێودەوڵەتی ڕێکی دەخات وقاعیدەو ڕێسای یاسای نێودەوڵەتی لەسەر جێبەجێ دەبێت، وە بیرمان نەچێت ئێمە باس لە هێزی پێشمەرگە دەکەین، بیرمان نەچێت ئێمە دەوڵەت نین، ئێمە هەرێمین، هەرێمێکین لەناو دەوڵەتی عێراقیدا، دەوڵەتی عێراقی مولزەمە بەهەموو ئەو کارتە فشارانەی کە ئێمە باسی دەکەین لەڕووی دیبلۆماسی، لەڕووی ئابووری، لەڕووی بازرگانی بەکاری بهێنین، ئێمە لەناو حکومەتی عێراقیدا میوان نین، شەریکین، نوێنەرمان هەیە، سەرۆك کۆمارمان هەیە، گروپێکی گەورەی لۆبی پەرلەمانیمان هەیە، بۆیە کاتێك هەوڵەکان وپێشنیارەکان دەکەین، پێویستە جەخت لەسەر ئەو لایەنانەی ناو نوێنەرەکان بکەینەوە لەناو حکومەتی عێراقیدا، لەناو پەرلەمانی عێراقیدا بۆ ئەم مەبەستە من ئەوە بەباش دەزانم کە دەستخۆشی دەکەم لەهەموو ئەو هەوڵانەی کە دراون لەلایەن پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم، وە بۆ زیاتر بنبڕ کردنی ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی بنبڕ و کۆنکریتی نەوەك هەموو ساڵێك لەو وەرزەدا دووبارە ببێتەوە، وەك وتمان ئەم پرسە پرسێکە تایبەتە بە حکومەتی عێراقی، بۆیە بەو پێیەی کەسەرۆکی هەرێم تەمسیل لە بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان دەکات، گرنگە بەبۆچوونی من بۆ ئەم پرسە سەردانی بەغداد بکات، لەگەڵ لایەنە عێراقیەکان دابنیشێت، وە لەنزیکەوە لەگەڵ لایەن و گروپە کوردیەکان لەهەرێمی کوردستان بێت یان لەبەغداد دابنیشێت و هەوڵەکان لەو بارەیەوە چڕ بکرێتەوە، ئەوەی کەمن گوێم لێ بوو لە بریکاری وەزیری پێشمەرگە دوو ساڵە بڕیارێك هەیە کە وەفدێکی حکومەتی عێراقی و ئێرانی سەردانی سنووری هەرێم بکات، بۆ دیاریکردن و ڕووپێو کردنی سنووری هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوەی کە بەدەست من گەیشتووە لەو زانیاریانەی کە تا ئێستا هەیە، سنووری هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕی چەندین ساڵەی عێراق و ئێرانەوە ڕوون نیە؟، بۆیە زۆرجار ئەو هەواڵانەی کەباس دەکرێن کە بارەگای هێزەکانی پژاك لەناو خاکی عێراقدایە ئایا ئەمە ڕاستە، یان نا؟، بە فیعلی ئەمە خاکی عێراقە یان خاکی ئێرانە یان ناوچەی قەدەغەکراوە؟، ئەوە دوو ساڵە ئەو وەفدە سەردانی نەکردووە بۆ ئەوەی ئەم سنوورانە تەسبیت بکات، ئاخر شتم لەکاتی داواکردنی هەر هەڵوێست وەرگرتنێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بۆ بایکۆد کردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هەر شتێکی تر، پێویستە بە پلان بێت، بە بەدیلی موقابیل بێت، چونکە لە ئەنجامدا کۆمەڵانی خەڵك زەرەرمەند دەبن، ئێمە بیرمان نەچێت بەس لەبواری تەندروستیدا ڕۆژانە سەدەها کەس لەم هەرێمەی ئێمە لەلایەن دکتۆری ئێرانیەوە چارەسەر دەکرێن، سەدەهاش بۆ ئەوێ دەچێت و ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکرێت، من ناڵێم نەکرێت، بەڵام دەڵێم هەر هەنگاوێکی لەم شێوەیە هەبوو بە پلانی تۆکمە بێت بۆ ئەوەی نەتیجە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زەرەرمەند نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەكی زۆر گرنگەو چارەنووسسازە بەنیسبەت گەلی كوردستان، هەروەكو هاوكارانی بەڕێزم ئیشارەتیان پێدا، ئەمە سالآنە دووبارەو چەند بارە دەبێتەوە، بەڕای من ئەوەی كە پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەو ڕێگایانەی كە گرنگە لەبەری بگرێت بۆ چارەسەركردنی ئەم گرفتە گەورەی كە سالآنە چەند بارە دەبێتەوە، لەگەڵ دەوڵەتێكی دراوسێ كە كۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئەوەی كە واقیعە و لای هەموومان ڕوون وئاشكرایە، چەندین جار وە سەرجەم بەرپرسانی هەرێمی كوردستان ستایشی ڕۆڵی كۆماری ئیسلامی ئێرانیان كردووە، بەرامبەر بەو ڕۆڵانەی كە لەڕۆژە سەختەكاندا بەرامبەر بە گەلی كوردستان هەیبووە، ئەم وەزعەی كەئێستا پیادە دەكرێت، لەلایەن كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بەبڕوای من ئەوە چەند لایەنێكی تێدایە، بۆیە وەكو هاوكارانم دەڵێن منیش ئیدانەی ئەو جۆرە هەڵوێستانە دەكەم، بەڵام هەڵوێستەكان چۆن سەرچاوە دەگرێت، ئێمە هەمیشە داوای ئەوە دەكەین كە موعارەزەی ئێرانی موراعاتی زروفی سیاسی هەرێمی كوردستان بكەن، من پێم وایە ئەگەر لەهەر تاكێكی ئێرانی، لەهەر بەرپرسێكی ئێرانی بپرسین ئەویش داوای موراعات لەئێمە دەكات لەسنوورەكانی خۆی، بۆیە ئەمە تەنها بە بڕوای من چارەسەر نیە، لەدانیشتنێكی پەرلەمان یان لەسەردانی چەند لیژنەیەك بۆ ناوچە تۆپباران كراوەكان، پێداویستیان پێ بگەیەنین یان لە بەیاننامەیەكی ڕاگەیاندنەكاندا ئیدانەی ئەم جۆرە حاڵەتانە بكەین، بەبڕوای من ئەمانە هیچیان چارەسەر نیە، چارەسەر ئەوەیە كە زۆر لە هاوكارە بەڕێزەكانیشم ئیشارەتیان پێدا، ئەمە پرسێكی سیاسیە، پرسە سیاسیەكەش پێویستە هەرێمی كوردستان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لەبەغدادو لەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێران چارەسەرێكی بنەڕەتی بۆ ئەم كێشەیە بدۆزنەوە، بەبڕوای من ئەم كێشەش كە كۆماری ئیسلامی ئێران لەبەری گرتووە، پێم وانیە هیچ جۆرە چارەسەرێك بۆ كۆماری ئیسلامی ئێران بدۆزێتەوە، ئێران دەوڵەتێكی قەدیمی هاوسنووری هەرێمی كوردستان ولەڕابردووش دەوڵەتی عێراق وئێستایشە، نە ئێستا ئێران و نە ئێستای توركیاو نە ئێستای سوریاش نەیانتوانیوە كۆنترۆڵی سنوورەكانی خۆیان بكەن، كۆماری ئیسلامی ئێران بێت بیانووی یان موبەڕیری ئەوە بهێنێتەوە كە ناوچەكانی ئێمە، خەڵكانی گوند نشینی ئێمە، كوردستانی بریندار ئێمە تۆپباران بكات، لەسەر ئەوەی كە مەفرەزەیەكی پژاك چووە چالاكیەكی سەربازی ئەنجامداوە، بەڕاستی من دەڵێم كێشەی هەر كوردێك لەسەرتاسەری جیهاندا كێشەی ئێمەیە، بەڵام هەر كوردێك تایبەتمەندی ئەم هەرێمەی كوردستان لەبەرچاو نەگرێت نە دۆستی ئەم هەرێمەیە، نە خەباتیش بۆ ناوچەكەی خۆی دەكات، بۆیە ئەمە تاكە دەسكەوتێكە كە ساڵەهای ساڵە كە ئێمە هەزارەها قوربانیمان لەپێناودا داوە، ناكرێت بەو شێوە ئاسان و سووكیە مامەڵەی لەگەڵ بكرێت، مەفرەزەیەكی پێشمەرگە بچێت 4 پاسدار بكوژێت و

ڕابکاتەوە بۆ ئەمدیو، وا بزانێت کۆماری ئیسلامی ئێرانی ڕووخاندووە، گەورەترین زوڵم و ئەم گۆڕی بەکۆمەڵە دەکرێت کە لەسەر بەدەستهێنانی ئەم ئەزموونە هاتووە، هەموومان زۆر باش دەزانین ڕۆژانە بەسەدان هەزار پاسدار لەناو کۆماری ئیسلامی ئێران لەناو نەچووە، بۆیە وەکو زۆربەی کات دووبارە دەکرێتەوە ئەمڕۆ ڕۆژی دیالۆگە، ئەمڕۆ ڕۆژی وتو وێژە، ئەمڕۆ ڕۆژی بەکارهێنانی مەسائیلی سەربازی نیە، بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد لەهەرکام لە پارچەکانی هەرێمی کوردستان، هەندێ لە حزبە قەدیمەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆرجێگای ڕێز وتەقدیری ئێمەن، چونکە پێم وایە بەقەدەر ئێمە وەکو کورد موراعاتی زروفی سیاسی هەرێمی کوردستانیان کردووە، لایەنێکی تر کە من زۆر پێویستە ئێشارەتی پێ بدەم، بەحەقیقەت مەسەلەی دەسەڵاتی ناوەندییە لە بەغداد، دەسەڵاتی ناوەندی لەبەغداد ئەوەندەی کە هەموومان لێی بەئاگاین، زۆر بەدیقەت وە زۆر بەورد بینانە چاویان لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکانە، بۆ جێبەجێ نەکردنی بچووکترین ماددەی 140، بەلام بێئاگان، چاویان نوقاندووە، گوێشیان کەڕە، لە تۆپباران کردن و وێران کردنی گوندەکانی ئێمە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، وە داواو ڕجا دەکەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەڵوێستە سیاسیەکانی خۆیدا بچێتەوە، هەم بەرامبەر بە دەوڵەتی ناوەندی کە بەو نەوعێتە ئەوە چەندین جارە خۆی بێئاگاو کەڕ دەکات لەو هەموو کێشەو تۆپبارانەی کە تووشی هەرێمی کوردستان و ناوچە سنووریەکانی ئێمە دەبێت، بەڵام زۆر باش بە ئاگایە لە جێبەجێ نەکردنی بچووکترین بڕگەو بابەتی ماددەی 140، پێویستە ئێمە کێشەی خۆمان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی یەکلابکەینەوە، نەك وەڵڵا من لەگەڵ ڕێزو تەقدیرم نامەوێت لە ئەهەمیەتی ئەو بەڕێزانەی کە لەپەرلەمانی کوردستان، لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان ئەو بەڕێزانەی کە لەبەغدادەوە هاتن و چوون سەردانی ناوچە سنوورییەکانیان کرد، چارەسەر کردنی ئەو تۆپبارانە لە حاجی ئۆمەران، لە چۆمان نیە، لە بەغداد و تاران ولە واشنتۆنە، ئەمە حەقیقەتێکە حکومەتی ئەمریکا زۆر باش بە ئاگایە لە ناردنی یەك قەترە نەوت، وە مومکین نیە بەبێ ئاگاداری ئەو بنێردرێت، مومکین نیە بەبێ ئاگاداری ئەو نرخی نەوت نە سەر بکەوێت نە دابەزێت، بەڵام زۆر بێ ئاگایە لەوە، کە دەیان ئەجهیزەی ئەمنی بەسەر هەموو سنووری عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە، بێ ئاگایە و بێ دەنگە زۆر بەزەقی دێت سیاسەت لەسەر حسابی وڵاتێکی وێران کراوی ئێمە دەکات، ئەمە بەراستیەکەی پێداچوونەوەی دەوێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا، وە پێم وایە، لەناوچەکە بەگشتی تەنها گەلی کوردستان بووە، بەرپرسان و سەربازانی ئەمریکای گوڵباران کردووە، بەڵام بەبەرچاوی ئەمریکیەکانەوە ئێمە تۆپباران دەکرێین، بەس بەجواب نایەت، ئەمە بەحەقیقەت پێویستە ئێمە پێداچوونەوە بەسیاسەتی خۆمان بکەین، هەم لەگەڵ ئەو برا شۆڕشگێرانەی خۆمان کە دەبێت موراعاتی ئەم هەرێمە بکەن، ئەوان ئەگەر چالاکی دەکەن با بچێت لە سەقز ولە دێوان دەرە بکات، نەیەت لە سنووری نەغەدە بچێت بیکات و ڕابکاتەوە بۆ ئەمدیو، ئەمە بەڕاستی من بەدژایەتی کردنی هەرێمی کوردستان دەزانم، نەك تۆپبارانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، وە کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت زۆر باش ئەم حەقیقەتە بزانێت، دەیانجار وەکو ئیشارەتم پێدا،

لەلایەن بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە، ستایشی ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران کراوە، ئەگەر ئەم وەزعە بەردەوام بێت، پێم وایە گەورەترین زەرەرمەند کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کەوا گەلی کوردستان هەم تووشی هەڵوێست هەم تووشی گلەیی و گازندە لە خۆی بکات، چونکە بۆ ماوەی 10 ساڵ ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران یەك هەڵوێست، یەك سەنگەر، یەك بڕیارمان هەبووە، بۆ لەناوبردنی ڕژێمی دیکتاتۆری لە بەغداد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عومەر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمه امین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی تۆپبارانی هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەم لەساڵانی ڕابردوو هەم لە ئەمساڵیشدا، بەشێوازی جۆراو جۆر بۆ هاووڵاتیانی مەدەنی ئێمە کارەساتی لەگەڵ خۆی هێناوە، بەهەزارەها هاووڵاتی و بەسەدان خێزان و ماڵ ئاوارەو پەڕاگەندەو لێقەوماو بوون، بەدەیان هاووڵاتی مەدەنی پیاو وژن و منداڵ شەهید و بریندار و پەککەوتە بوون، بەسەدان سەر مەڕ و بزن و ماڵات و مێش هەنگ لەناو چوون، ڕەزو باخی هاووڵاتیان و دێ ودەغڵ و دانیان سووتاوە، هەروەها خاڵێکی هەرە گرنگی تر، ئەوەیە کە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە لەو گوندانە سەد لەسەد ئێستا پەکی کەوتووە، چونکە چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری وەکو دروست کردنی پرد و ڕاکێشانی ڕێگاو چاککردنی ڕێگاو دروستکردنی قوتابخانە بۆ ئەو گوندانە هەن، بەڵام ئێستا پەکیان کەوتووە، ئەم دەرئەنجامەی کە لە تۆپباران کەوتووەتەوە لەڕووی ئەخلاقی و ئینسانیەوە ناکۆکە لەگەڵ جاڕدانی گەردوونی مافی مرۆڤ، وەناکۆکە لەگەڵ پرەنسیپە سەرەکیەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناکۆکە لەگەڵ دەستوور وبڕوانامەی ڕێکخراوی کۆنگرەی دەوڵەتانی ئیسلامی، ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیپە سەرەکیەکانی یاسای نێودەوڵەتی کە پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ وڵاتان ڕێك دەخات، هەروەها ڕێگا چارەی داناوە بەشێوەی ئاشتیانە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ قەیران و نیزاع وکێشمە کێشمەی نێوان دەوڵەتان کە ڕوودەدات، بۆیە هیچ پاساوێکی یاسایی شەرعی ئەوتۆ نیە کە ڕەوایەتی بدات بە ئەم تۆپبارانەو هەروەها بەکار هێنانی هێزی سەربازی دژی خەڵکی مەدەنی و ڕووخاندنی قوتابخانەو مزگەوت و ماڵی هاووڵاتیان، چونکە لەکاتی جەنگیشدا بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی ماڵ و گوندی هاووڵاتیان و دەزگای مەدەنی وئایینی نابێت بکرێن بەئامانج، بۆیە لەڕاستیدا ئێمە وەکو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەحیاتی ئەوەی کە چاوەڕێی ئەوە بین لەکۆماری ئیسلامی ئێران بەم شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵ بکات، ئێمە لەڕوانگەی ئەو پەیوەندییە دێرینە دیبلۆماسیە کلتورییە سیاسیە کۆمەڵایەتیە ئابوورییەی کە لەڕابردوودا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەمان بووە، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکەین، کە ناوچە سنووریەکان بکەین بە ناوچەی بووژاندنەوەی ئابووری بۆ هەردوولا، بیانکەین بەناوچەی چالاك کردنی جموجوڵی بازرگانی بۆ هەردوولا، بیانکەین بە ناوچەی قوڵکردنەوەی سەقامگیری

و ئاسایش بۆ هەردوولا، نەك بەم شێوەی كە ئێستا ئێمە دەرئەنجام و واقیعەكەو وێنەكەی دەبینین، لەڕاستیدا لەسەردەمی ئێستادا لە سیاسەت كردندا لەسەر ئاستی ناوخۆ ودەرەوەدا، بەتایبەتی بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ كێشەو قەیرانەكان، سەردەمی بەكارهێنانی جۆرێك لە هێزە، كە پێی دەوترێت هێزی نەرم، واتە دیالۆگ، دیبلۆماسیەت، بەتین كردنی پەیوەندی ئابووری و كلتوری نەك بەكارهێنانی هێزی زبر و هێزی ڕەق، هێزی خەشن، كە بریتیە لەهێزی سەربازی، دەركەوتووە كە بەكارهێنانی هێزی سەربازی هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ هەم لەسەر ئاستی دەرەوە، لەسەردەمی ئێستادا دەوڵەت بچووك دەكاتەوە، لاوازی دەكات، تووشی خوێن بەربوون و بەزایەع چوونی سەرچاوەكانی هێزی دەكات، بۆیە لەڕاستیدا بۆ كۆماری ئیسلامی ئێران باشە، كە هەوڵ بدات بەخێرایی دەستبەرداری بەكارهێنانی هێزی سەربازی و تۆپباران كردن بێت، لەبەرامبەر ئەوەدا هەوڵ بدات كە ڕێگەی دیالۆگ، ڕێگای گفتوگۆ، ڕێگای سوود وەرگرتن لە سەرچاوە دیبلۆماسیەكان هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەم لەگەڵ هەرێمی كوردستان هەم لەگەڵ بەغداد بگرێتە بەر، بۆ ئەوەی ئەم كێشەیە چارەسەر بكرێت، تائەو ڕادەیەی كە پەیوەندی بە هەرێمی كوردستان و دەو ڵەتی عێراقی فیدراڵیشەوە هەیە، لەڕاستیدا دەبێت ئێمە ڕیالیستانە، واقیعیانە، مامەڵە لەگەڵ هۆكارەكانی سەرهەڵدانی ئەم كێشەیەو هەروەها شێوازی چارەسەركردنیشی بكەین، عورف دیبلۆماسی ئەزموونی چارەسەركردنی كێشەكان، ئەوەمان پێ دەڵێن كە لەیەك كاتدا بەخێرایی لە بەرپەرچە كرداردا، ناكرێت ئێمە هەموو كارتەكان بەكار بهێنین، ناكرێت لەیەك كاتدا ئێمە سەركۆنە بكەین، پەیوەندی دیبلۆماسی قەتع بكەین، پەیوەندی بازرگانی قەتع بكەین، پەیوەندی ئابووری قەتع بكەین، ئەم كارتانە هەنگاو بەهەنگاو لەكات و لە شوێنی خۆیدا بەمەبەستی تەحقیق كردنی بەرژەوەندی خۆت و هەروەها سەركەوتن لە كێشەكەدا بەكاریان بهێنین، لەماوەی ڕابردوودا دەبینین ئیدانەو سەركۆنە كردن هەبووە، لەسەر ئاستی دەزگای ڕەسمی لە هەرێمی كوردستان، لەسەر ئاستی سەرۆكایەتی هەرێم، لەسەر ئاستی سەرۆكایەتی پەرلەمان، لەسەر ئاستی سەرۆكایەتی حكومەت، هەروەها پەنا بردن بۆ كەناڵی دیبلۆماسیش گیراوەتە بەر، سەرۆكایەتی پەرلەمان، لەگەڵ قونسوڵی كۆماری ئیسلامی ئێران كۆبووەتەوە، وەزیری دەرەوەی عێراق پەیوەندی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران كردووە، هەروەها بەشێوازی جۆراو جۆر هەوڵ دراوە كەناڵە دیبلۆماسیەكان وەگەڕ بخرێت، لەسەر ئاستی ناڕەسمیش دەبینین كە موئەسەساتی ئیعلامی میدیا لەهەرێمی كوردستان دەوریان بینیوە، هەروەها دامودەگاكانی كۆمەڵگای مەدەنی بە ئەركی سەرشانی خۆیان هەستاون، چ لەوەی كە ئیدانە بكەن، چ لەوەش كە هەوڵ بدەن، كە بەشدارییەكیان هەبێت بۆ پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەو لێقەوماوەكان، لەباری مرۆییەوە لەڕاستیدا ئێمە سەردانی چادرگەكانی ئاوارەكانمان كردووە، لەڕاستیدا بەم چلەی هاوینە بە مانگی تەموزو ئاب، بەمانگی ڕەمەزان ئەوان لە ڕەوشێكی نامرۆیی و سەختدان، ڕاستە كۆمەڵێك بەرپرس لەسەر ئاستی وەزیرە بەڕێزەكان، پارێزگاكان، قائیم مەقامەكان، مودیری ناحیەكان، نوێنەری حزبە سیاسیەكان، دامودەزگاكانی كۆمەڵگای مەدەنی، لیژنە بەڕێزەكانی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان سەردانیان كردوون، بەشێك لە

پێداویستیەکانیشیان بۆ دابین کراوە، بەڵام ئێمەش ئەو هاووڵاتیانەش تەوەقوعی ئەوەمان لەحکومەتی خۆمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، کە لە بەهاناوە چوونیان، لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری زیاتر، لە پێشکەش کردنی کۆمەکی ماددی، لەقەرەبوو کردنەوە لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی ناوەندی، هەوڵەکانی خۆی باشتر چڕ بکاتەوە، هەوڵ بدات میکانیزم و دەسەڵاتەکانی خۆی بەشێوەیەکی خێراتر و باشتر بخاتە گەڕ، چونکە لەڕاستیدا ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە دەسەڵاتی پێویستی لایە، کە موئەسەساتی پێویستی لایە، کە ئیمکانیاتی پێویستی دارایی لایە، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەو لەگەڵ ئەم قەیرانەو لەگەڵ ئەم مەئساتەی کە ئێستا لەسەر سنوورەکان هەیە، جگە لەوە من بەباشی دەزانم کە هەوڵی ئەوە بدرێت کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی حکومەتی عێراقی فیدراڵ وەفدێکی هاوبەشی حکومی و پەرلەمانی پێك بهێندرێت، ئەم وەفدە ڕاپۆرتێك ئامادە بکات، ڕاستیەکانی تێدا جێگیر بکرێت، دیکۆمێنتی بۆ ئامادە بکرێت، پاشان ئەم وەفدە هەوڵ بدات ئەم ڕاپۆرتە دەوڵەمەندە بە زانیاری، بەداتا، بۆ ئەمساڵ و بۆ ساڵانی ڕابردوو بۆ کێشە سنوورییەکان بەتایبەتی تۆپباران، کێشە ئەمنیەکانی تر هەروەها کێشەی ئاویش، ئەم ڕاستیانە بخەنە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان لە کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەگەر پێویستیشی کرد هەوڵ بدەن ئەم وەفدە هاوبەشە، هەوڵ بدات کە زیارەتی موتەبادیل بکات، ئەوان دەعوەت بکات بۆ ئێرە ئەم وەفدەی ئێرەش سەردانی ئەوێ بکات، جگە لەوەش من پێشنیاری ئەوە دەکەم و ئەو پشتگیری ئەو پێشنیارەش دەکەم کە هاوکارانم کردییان، لیژنەیەکی تایبەت پێك بهێندرێت کە بەشێوازی مەیدانی سەردانی هەموو چادرگەکان لەهەموو ناوچەکان بکات، هەوڵ بدات کە کۆمەکی داراییان بە خێرایی پێکەش بکات، هەروەها ماڤی قەرەبوو کردنەوەیان بۆ بەرجەستە بکات، چ لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، یان لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ناسك تۆفیق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەحوکمی ئەوەی کە کەوتوومەتە ئەخیر و قسەکان هەمووی کران، منیش وەکو ئەندامێکی پەرلەمان و هاوکارانم حەز دەکەم، ئیدانەی ئەو تۆپباران و شەهید و برینداربوون کردن و ئاوارەو دەربەدەر کردنی هاووڵاتیانی ئەم هەرێمە خۆشەویستە بکەم، وە سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی کەسوکاری شەهیدان و هەروەها داواکارم لەخوای گەورە کە شیفای بریندارەکان بدات، وە هاوخەمی خۆم ڕادەگەیەنم بۆ ئاوارەکانی ئەو دەڤەرە کە بەڕاستی هەموو یەکێکمان وابزانم ئەوەی کە کورد بێت و ئەوەی لە کوردستاندا ژیا بێت، هەموومان ئاوارە بوونمان دیوە، ئەزانین کە چەند نارەحەتە، دوو جۆر ئاوارە بوون هەیە، ئاوارەبوونێك هەیە کە ئەکەویتە سنووری وڵاتێکی تر، کە ئەمە ئەوکات زۆر جاوەڕاوانی هەندێ یارمەتی نابێت،

هەروەها ئەگەر پارمەتیەك بدرێیت زۆر دڵت خۆش ئەكات و بەزۆری ئەزانیت، كاتێك لەناو هەرێمی خۆتدا و لەكاتێكدا لەناو وڵاتی خۆتدا ئاوارە دەبیت، بەتایبەتی ئێستا كە حكومەتی هەرێمی كوردستان حكومەتی خۆمانە، زۆر چاوەڕوانی زیاتری لێدەكەین لەوەی كە ئێستا هەیە، من حەز دەكەم وەكو هاوكارانم دەستخۆشی لە لیژنە پەرلەمانیەكانی خۆمان بكەین، بەتایبەتی ئەو ئەندامانەی كە سەردانی شوێنەكانیان كرد، بەڕاستی ئەركێكیان لەسەر شانی ئێمە كەم كردووە كە هەستمان كرد لەوكاتەدا لەگەڵ ئەو خەڵكەداین، بۆیە دەستخۆشیان لێ دەكەم، بۆ هەموو ئەو ڕێكخراوانەو كەناڵەكانی ڕاگەیاندنیش كە تەختیەی ئەو وەزعەی ئەو ناوچانەیان كرد، كە جێگای دەستخۆشین، دیارە وەكو جەنابت ئیشارەتت پێدا هەوڵی زۆر دراوە لەسەر ئاستی پەرلەمان و لەسەر ئاستی حكومەتیش، بەڵام ئەم هەوڵانە بۆجێگای خۆی ناگرێت، بۆ وەكو پێویست ئەنجام بەدەست ناهێنێت؟، بۆ وەكو پێویست هەستی پێناكەین؟، چونكە پەرتەوازەیە، لەسەر ئاستی تاكە، لەسەر ئاستی حزبە، یەعنی لەسەر ئاستی موئەسەسات نیە، من پێم وایە، ڕاستە كە دەڵێن ئەوەی كە چوو با لەدوای نەچین، بەڵام ئەكرێت ئەزموونی لێ وەربگیرێت، تەجروبەی لێ وەربگیرێت، بۆ ئەوەی كە ناكرێت لەكاتی پشووەكاندا پەرلەمان تەنها چاوەڕێی ئەوە بێت، 38 ئەندام پەرلەمان ئیمزا كۆبكاتەوەو بۆ كۆبوونەوەیەكی نائاسایی ئەكرا دەسەڵاتی خۆی بەكار بهێنێت، وە لەسەرەتای تۆپباران كردنەكەدا یەكسەر بەرنامەی كاری هەبێت، ئەو كات كە سەرۆكایەتی بەرنامەی كاری هەبوو، بەرنامەیەكی باشتر دائەنێت و پێم وایە تەكلیفی لە نوێنەری حكومەت دەكرد لەسەرەتاوە ئەهات و بەشداری ئەم كۆبوونەوەی دەكرد، هەموو ئەو قسانەی كە ئێستا ئەكرا، ئەخرایە چوارچێوەی بڕیاری پەرلەمان، ئەو كات وەكو پەرلەمان و وەكو حكومەت بە بەرنامەیەكەوە بەرەنگاری ئەم وەزعە ئەبوونەوە، چ لەڕووی دیبلۆماسی و سیاسیەوە، چ لەڕووی قەرەبوو كردنەوەوە، بۆیە ئێستا هەوڵەكان وەكو پێویست جێگای خۆی ناگرێت، وەكو پێویست هاووڵاتیان هەستی پێناكەن، گلەییمان لێدەكەن دەڵێن بۆ پەرلەمان دوای ئەوەی كە خەریكە تۆپبارانەكە ئەوەستێت ئینجا كۆبوونەوە ئەكات، بۆچی حكومەت وەكو پێویست كار ناكات، ئەگەر بهاتایەو ئەمە لەسەرەتاوە بوایەو وەكو پێویست ئەم قسانەو ئەو لیژنە پەرلەمانیە لەناو پەرلەماندا لیژنەیەكی تایبەت لەناو هەر سێ لیژنەكەدا تەشكیل بكرایە، وە بەبڕیاری پەرلەمانەوە بچوونایە سەردانی ئەو ناوچانەیان بكردایەو نوێنەری حكومەت لێرەبووابە، بڕیاری قەرەبوو كردنەوەكە هەندێ لە بودجەی پەرلەمانیشی بچوایەتە سەر بودجە ئیحتیاتەكەی حكومەت، ئەمانە هەمووی كۆمەڵێك شت بوون دەبووە جێگای ڕەزامەندی هاووڵاتیان و جێگای ئەگرت، ئەوە خاڵێك خاڵێكی تر، من هەرگیز نا لێم حكومەتی هەرێمی كوردستان كارتی سەوز هەڵ ئەكات، چونكە ئەو حەقە نادەم بەخۆم، بەڵام بەڕاستی كاتێ كە بەڕێزت دەڵێیت حكومەتی ئێران ئەڵێت لەسنوورەكانی ئێوەوە شەڕ لەگەڵ ئەكرێت، منیش مەجبورم، كەواتە ئێمە بە ئۆتۆماتیكی بێدەنگ دەبین، یەعنی ئەزانین وەزعێك خولقاوەو ئێمە دەسەڵاتمان نیە تێیدا، بۆیە حەقی خۆیەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەو پێشنیارەی كە ئاشتی خان كردی، بەڕاستی پێشتر مشوری ئەو خەڵكە بخوات، مادام ئەزانێت هەر تۆپباران ئەكرێت كەواتە وەكو كابرا دەڵێت

(ئەوە تویکڵە مۆزەکەیەو دیسان کەوتنەکەیە)با ئەمیش پێش ئەوەی تۆپبارانەکە بکرێین ئەو خەڵکە ڕزگار بکەین بەلانی کەمەوە بازەرەری ماددی بکەن نەك زەرەری گیانی و جەستەیش بکەن، یەعنی ئەمە وەکو لایەنی ئینسانیەکەی، لایەنی دیبلۆماسیەکەشی جارێکی تر دەیڵێمەوە بەڕاستی ئێمە کە قسە دەکەین، لەسەر حکومەتی ناوەندی خۆ ئێمە وەکو هاوکارانم وتیان خۆ ئێمە میوان نین، ئێمە شەریکین سەرۆکی کۆمار کوردە، وەزیری دەرەوە کەزۆر مەعنیە بەم کێشەیەوە ئەویش هەر کوردە، جێگری سەرۆکی حکومەت کوردە، یەعنی ئەمانە هەمووی ئەکرا، ئەگەر ئەو کۆبوونەوەی ئێمە لەسەرەتاوە بکرایە، تەکلیف لەنوێنەرانی خۆمان لە حکومەتی ناوەندی بکەین کە ئامادە بوونیان هەبێت، دواتریش بەهەموومانەوە ئەو بڕیارانەمان دەربکردایە، ئەو کاتە هەوڵەکان زیاتر جێگای خۆی ئەگرت، وە خەڵکیش زیاتر دڵی بە موئەسەساتی حکومەت و پەرلەمان خۆش دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز مانای ئەوە نیە، کە دانیشتن نەکرا، ئەوە هیچ شتێك نەکراوە، لەبەغداد ،لەهەرێمی کوردستان، لە ئاستی پەرلەمان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە ئاستی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆك کۆماری عێراق، وەزیری دەرەوە، جهودێکی موکەسەف هەبووە، شەو ورۆژ خەریك بوون، بەس ئێران تۆپباران ڕاناگرێت، داخوازییان هەیە، داخوازییەکەیان بەو شێوەی ئەوان داوای دەکەن کە جێبەجێی بکەین، بەو شێوەیە ئێمە وەکو نەتەوەیەك زەرەر دەکەین، لەبەر ئەوە ئەم دانیشتنە پێشچاو ڕوونیەکی زیادی داوە پێمان، وەکو بەرێزێك ئیشارەتی پێدا کە بەڕێز سەرۆکی کۆماری لە تاران بووەو قەسف کراوە، تەوەقوع ناکەن هەوڵێکی وا دراوە کە هەرچی لەتاقەتیدا بێت بۆ ئەوەی ڕای بگرێت، بەڵام بە قسەیان نەکردووە، دەوڵەتێکە ئەمرۆ دەسەڵاتی لە تۆ زیاترە، ئەیەوێت خۆی فەرز بکات، حەقیقەتەکە ئەمە نیە کە ئەگەر دانیشتنەکە یەکەم ڕۆژ بکرایە باشتر بوو، ئەو هەوڵانەی کەدراوە سوودی دەبوو، هەمان شتە، ئێستاش ئومێدەوارین کە نەتیجەیەکی باش بەدەست بهێنین بەشێوەیەکی مەنتقی، مەعقول کە خۆمان زەرەر لەخۆمان نەدەین وەك نەتەوەیەك، هەروەها زیان لە دراوسێکەشمان نەدەین، هەوڵێکی بەو شێوەیە بدەین، بەڕێز ئامینە زکری، فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس  قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان ئێستا هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ناویان تۆمارکردبوو، قسەی خۆیان کرد موداخەلەیان کرد، پێویستە ئێمە ئەو شتانە ئامادە بکەین، لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان ئینجا دوو ڕێگا دەخەمە پێش جەنابتان، ئەتانەوێ دوای 2 سەعاتی تر کۆببینەوە، ئێستا سەعات 2/30، سەعات 4/30 بێینەوە یان بەیانی سەعات 11 بێت، باشە بەیانی سەعات 11 لێرە ئامادە بن، خواتان لەگەڵ....**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 9\8\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/8/9

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/8/9 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/8/9 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردن لەبارەی تۆپبارانی جمهوریەتی ئیسلامی ئێران بۆ ناوچە سنووریەكانی هەرێمی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (2)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2011/8/9، بەرنامەی كار: بەپێی حوكمی بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 8/9/ 2011دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردن لەبارەی تۆپبارانی جمهوریەتی ئیسلامی ئێران بۆ ناوچە سنووریەكانی هەرێمی كوردستان – عێراق.

ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندارەكان دەكەین، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگەو لیژنەی مافی مرۆڤ كەرەم بكەن بۆ سەر مەنصە، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**ئێستا دەقی بەیاننامەی پەرلەمانی کوردستانتان بۆ دەخوێنمەوە، سەبارەت بە تۆپباران کردنی جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ ناوچە سنوورییەکانی هەرێم.**

**بە تێروانین لە رووداوە نەخوازراوە یەك لە دوای یەکەکان، کە لە رۆژهەڵاتی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانی دراوسێ کە لە دەرەنجامی بۆردومان کردنی ناوچە نیشتەنی و گوندنشینەکان لە هەرێمدا، لەلایەن تۆپخانەکانی ئێرانەوە. کە بۆتە مایەی کەوتنەوەی زیانێکی گەورە بە دانیشتوانی سڤیل و بێتاوان. لە ئاکامدا نەهامەتی و تێکچوونی باری گوزەران و ئاوارەبوونیانی لێکەوتۆتەوە، جگە لە دوورکەوتنەوەیان لە گوندەکانیان و زیانێکی زۆر بەموڵك و ماڵ و ئاژەڵ و رەزو باخەکانیان، لەوانەش نیگەران تر چەندین هاووڵاتی شەهیدو بریندابوون، لەم روانگەیەوە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (1) ی رۆژانی 8 و9ی ئابی 2011 بۆ دیراسەت کردنی بارودۆخی ناوچە سنوورییەکان، کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تۆپباران کراوە.**

**پەرلەمانی کوردستان لەکاتێکدا کە جەخت لە پاراستنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دراوسێکانی بەتایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران و بەردەوام بوونی دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا ئیدانەو نیگەرانی خۆمان رادەگەێنین بۆ ئەو تۆپبارانە کە زیانی زۆری بەگوندو ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق گەیاندووە، بەم جۆرە ئەو زیانانەو کاریگەری لەسەر دانیشتوانی مەدەنی و ماڵ و موڵکیان بەم جۆرە رادەگەێنین:**

**1- پەرلەمانی کوردستان بەتوندی ئیدانەی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق دەکات.**

**2- داوا لە کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین دەمودەست تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان رابگرێت و پابەند بێت بە بنەماکانی نێودەوڵەتی و دراوسێتی و رێز لە پەیوەندیە مێژووییەکانی نێوان هەردوولاو مافی هاووڵاتیانی ناوچە سنوورییەکان بگرێت و، کۆتایی بە زیان گەیاندن بە گوندنشینانی ناوچە سنوورییەکان بهێنێت.**

**3- داوا دەکەین حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەوڵەکانی چڕبکاتەوە لە هەموو ئاستەکان بۆ ناچار کردنی کۆماری ئێران بۆ وەستانی تۆپبارانەکان و دەست هەڵگرتن لە چەند بارە کردنەوەی ئەم جۆرە مامەڵە کردنەو کۆتایی هێنان بەم شێوازە ناتەندروستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.**

**4- لەکاتێکدا هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بەرز دەنرخێنین، بەڵام هاووڵاتیانی دانیشتووی ناوچە سنوورییەکان زۆر زەرەرمەند بوون، بۆیە پێویستە راستەوخۆ زیاتر بە پیری زیان لێکەوتووان بچێت بۆ هاوکاری کردنیان لە کەمکردنەوەی ئەو زیانانەی لە دەرەنجامی تۆپباران لێیان کەوتووە.**

5- بەو پێیەی کە پاراستنی بەرپرسیارەتی سنوورو زیان کەوتن لە دەرەنجامی تۆپباران لەلایەن وڵاتانی دراوسێیەوە بەرپرسیارێتیەکەی (سیادیە) سەروەریە، بۆیە حکومەتی ئیتیحادی بەرپرسە بەرامبەر بە هاووڵاتیان، لەو لایەنەوە بەرپرسی یەکەمەو پێویستە لەسەری هاووڵاتیانی زەرەرمەند لەڕووی ماددی و مەعنەویەوە قەرەبوو بکاتەوە، بەو پێیەی کە هاووڵاتیانی زیان لێکەوتوو قوربانی دۆخێکی لەناکاو بوونەتەوە، کە لە دەروەی ویستی ئەوانە.

6- داوا لەرێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین، کەوا رێگای گونجاو بگرێتەبەر بۆ وەستاندنی چالاکی سەربازی و تۆپبارانی ناوچە سنورییەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران، لەبەرئەوەی ئەم کارانە هەڕەشەیە لەسەر ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەو پێشێلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ.

7- داوا لەرێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ دەکەین، چاودێری بارودۆخی ئاوارەکان بکەن و رەوشی ژیان و گوزەرانیان تۆمار بکەن و ئەو زیانانەی لێیان کەوتووە دیاری بکەن و راستیەکان بۆ هەموو لایەك روون بکەنەوە.

8- وەزارەتە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رادەسپێرین کە خزمەتگوزاری پێویست بۆ ناوچەکەو گوندە زیان لێکەوتووەکان و هەروەها دابینکردنی چارەسەری پێویست بۆ کێشەی ئاوارەبووەکان لەرووی تەندروستی، پەروەردەیی، نیشتەجێکردن...... هتد، دابین بکات.

9- پێویستە پەرلەمانتاران و لیژنە تایبەتمەندییەکانی پەرلەمان، بە رۆڵی چاودێری کردنی خۆیان بەشێوەیەکی راستەوخۆو بەردەوام لەناوچە زیان لێکەوتووەکان هەڵسن و، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار بکەنەوە لەبارودۆخی ئاوارەکان و، هەر پێشهاتێك کە روو دەدات.

10- پێویستە هەموو لایەك رێز لە سەروەری خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان و سنوورەکانی بگرێت و هیچ لایەنێك خاك و سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ کردەوەی توندوتیژی بەکار نەهێنێت و نەبەزێنێ.

11- باشترین رێگەچارە بۆ کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە نالەبارە، گرتنەبەری شێوازی دیالۆگ و چڕکردنەوەی هەوڵە هاوبەشەکانە لەپێناو کۆتایی هێنان بە گرفتەکان، چونکە رووداوەکانی مێژووی دوورو نزیك دەریانخستووە کە کارتی سەربازی و بەکارهێنانی توندوتیژی نەك نابێتە مایەی چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو رەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا.

12- لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێراندا پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی و کەلتووری پتەو هەیە، لە هاتووچۆو ئاڵوگۆڕی کەرەستەو کاڵای بازرگانی، بەڵام بەردەوامی ئەو دەستدرێژیانە بێگومان زیان بە پەیوەندییە هەمەلایەنەکان دەگەیێنێت و، ئەمەش لەبەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە.

پەرلەمانی کوردستان

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوەی خوێندرایەوە گوێتان لێ بوو دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو کاک کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ دانیشتنی نائاساییمان کرد سەبارەت بە تاوتوێ کردنی وەزعەکەو دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك کە بتوانین ئەم ڕووداوانە، یان بڵێین ئەم ئەرکەی کە دەکەوێتە سەر دامەزراوێکی وەکو پەرلەمان چیەو چۆن دەتوانێت هەم تەعویزی ئەم زەرەرو زیانانە بکات، هەم چۆن هەوڵەکانی خۆی چڕ بکاتەوە بۆ پێش گرتن لەو ڕووداوانەی کە ئێستا بەردەوامن، ئێستا بڵێین بەیاننامەیەك نووسراوە ئاساییە، بەڵام تێبینی لەسەر هەیە، چونکە دوێنێ لێرە پێشنیار هەبوو، بەلای منەوە ئەم حاڵەتە نائاساییەو بە ئاسایی تەماشا کردنی بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکانی کە ئەرکیان موتابەعە کردنە بەبێ ئەوەی پەرلەمان دابنیشێت، یان دانەنیشێت زۆر زۆر جیاوازە لەوەی کە ئێمە پێمانوایە پێویستە پەرلەمان لیژنەیەکی ئیستیسنائی لەو سێ لیژنەی پەیوەندیدارە پێك بهێنێت و، نەتیجەکەی بداتەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، یەعنی ڕۆژانە موتابەعە بکەین و بزانین ئەو هەوڵانەی ئێمە لەگەڵ عێراق بە چ گەیشت لە ئاستی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەرێم.

خاڵێکی تر، بەڕاستی ئێمە هەوڵەکانی حکومەت بەرزنانرخێنین، یەعنی ئێمە ڕەخنەمان هەیە لە حکومەت، وەکو پێویست هەوڵەکانی خۆی نەخستۆتە گەڕ کە توانای هەیە زیاتر زەخت بکات و فشار بکات بۆ ڕێ لێ گرتن، مەسەلەن ئێمە سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەت، پێمانوایە دەبێت حکومەت ئەو هەوڵانەی زیاتر بکات و چڕتر بکاتەوە، نەك بەرز بینرخێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قسەکەت دروستە، ئەو سێ لیژنەی پەیوەندیدار بەو مەوزوعە پێکەوە هەڵدەستن بە هەمان ئەو بۆچوونەی جەنابت فەرمووت، چ بە تاك، چ بە یەکەوە قسەمان لەگەڵیان کردووە، چ بۆ مەنتیقە سنوورییەکان، چ بۆ بە دواداچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان چی کردووە؟ یەعنی ئەوەی کە جەنابت دەڵێی لێرە بە ڕەسمی داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکات دەبێت ئەو ڕۆڵە ببینن، چونکە لیژنەیەکی فەرمییە، گشت لایەنەکان لەناو ئەو لیژنانە هەن، بەو ئەرکانەی کە بۆیان دەست نیشان کراوە دەبێت پێی هەڵبستن، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە دوێنێ ئێمە لەسەر ئەوە کۆمەڵێك پرسیارو کۆمەڵێك پێشنیارو کۆمەڵێك شتمان ورووژاند لە هۆڵی پەرلەمان، یەکێك لەو شتانە ئێمە خۆمان هەست دەکەین ئێستا لە سنووری هەرێمی کوردستان سوپاو

سەربازگەو وجودی سەربازی وڵاتانی دراوسێ هەیە لە زاخۆ تا دەگاتە زۆر شوێنی تر، بۆیە ئێمە دەمانەوێت لەو راپۆرتەدا ئاگاداری ئەو دوو وڵاتە بکەینەوە، ئێمە پەرلەمانی کوردستانین، دەبێت ئاگاداریان بکەینەوە بۆ لە وڵاتی ئێمەیە؟ بەڕاستی دەبێت بچێتە دەرەوە، مولزەمی بکەین کە ئەو خاکە بەجێ بهێڵێت.

خاڵی دووەمیان/ لە هەرێمەکەی ئێمە شەهید هەیە، بریندار هەیە، رەزو باخ سووتاوە، مەڕو ماڵات بە تاڵان براوە، برادەران لە لیژنەکە هەموو ئاگادارن، کێ قەرەبووی ئەوانە دەکاتەوە؟ ئەگەر ئێمە وڵاتی ئێران، یان هەر وڵاتێك زەرەر لە وڵاتەکەی ئێمە دەدات بە یاسای نێودەوڵەتی مولزەمی نەکەین کە دەبێت قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ئەو هەرێمە بداتەوە، لەو بەیانە هیچی تێدا نییە، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەو بەیانە پێداچوونەوەیەکی لەسەر بکرێت و هەندێك خاڵی یاسایی لە یاسا نێودەوڵەتیەکان هەیە، بەڕێزان، من حەز دەکەم یەك دەقیقە مەجالم بدەیێ، وا کۆماری ئیسلامی ئێران پشتێنەی ئەمنی دەکات، دیوارێکی ئەمنی دەکات، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەبێت هەر وڵاتێك، کە دیواری ئەمنی دەکات، یان پشتێنەی ئەمنی دەکات، لەناو سنووری خۆی دەبێت بکات، کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر سنوور کردوویەتی، لە بەینی هەر (500) مەتر قەڵایەکی کردووە، ئەو قەڵایانە زۆربەی هێناویانەتە ناو هەرێمی کوردستان، لە شوێنە ستیراتیجیەکان ئەو قەڵایانەیان دروست کردووە، ئێمە لە کاتێك تەجاوزی سنووری هەرێمی کوردستان دەکرێت، ناکرێت بێ دەنگ بین، دەبێت لەو پەرلەمانەی کوردستان ئیدانەی ئەو وەزعە بکەین، دەبێت لیژنەیەکی موختەس بەو مەسەلەیە، کە لە سنوور شارەزان دەربچێت، بۆ ئەوەی لەو شوێنانە بکێشێتەوە بۆ سنووری نێودەوڵەتی خۆی، بەڕاستی بێ دەنگی پەرلەمان من بە شتێکی باشی نازانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بێ دەنگی نییە کاك کاروان، بە تەئکید ئەوەی جەنابت گوتت، کە ئەگەر پشتێنە بکات لەناو سنووری هەرێمی کوردستان، ئەو لیژنە پەیوەندیدارانەو هەر ئەندامێکی پەرلەمان و حکومەتیش پێویستە بە وردی بەدواداچوونی بۆ بکات و بێنەوە جارێك و دە جارو بیست جاری تر لێرە دانیشین و لەسەری رابوەستین، ئێستا بە مەیدانی جەنابت لە جەلسەی دوێنێ فەرمووت و جێی ئیحتیرامیشە، بەڵام پێویستە وردتر لەدوای بڕۆین و بەردەوامیش بین، مانای ئەوە نییە بەس ئەو بەیانە دەخوێنینەوەو ئیتر لە ماڵ دەدانیشین، دەبێت بە دواداچوونی بۆ بکرێت، کەرەم بکە دووبارە، فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو برادەرانە چووم، جەنابی قائیمقام ئیشارەت بە تەجاوزی سنوور دەدات، هاووڵاتیان ئاوارە بوون و ئیشارەت بەوە دەدەن دەڵێن گوندەکەمان سەربازی ئێرانی تێدایە، رەزو باخەکەم سووتا، مێش و هەنگەکان و ئاژەڵەکان هەمووی رای کردووەو شوێنی خۆی بەجێ هێشتووە، من ئەوە لە ئێوەی بەڕێز

دەپرسم یەعنی حکومەت لەو شوێنە غائیبە، من دوێنێ باسی ئەوەم کرد کە (300) کیلۆمەتر (300) پاسەوانی هەرێمی لێیە، ئاخر ئەو شوێنە سەختە شاخاوییە بە (300) پاسەوانی هەرێم بەس چاودێری ناکرێت، باوەڕت هەبێت لە ئەفسەرێکم پرسی گوتم دووربینت هەیە، گوتی نەخێر، کە خۆت دەزانی ئەو خاڵە سنوورییانە نازووری هەیە، شتی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە داوا دەکەم کە حکومەت لەو شوێنە غائیبە، حکومەت کەم تەرخەمە، دەبێت ئاگاداری حکومەت بکرێتەوە.

خاڵێکی تریان، بۆ پەیوەندییەکان، من داوام لە بەرێزت کرد، پەیوەندییەکان تا ئێستا حزبین، ئەوە عیلاقەی بەو مەسەلەوە هەیە، ئەو پەیوەندییانە دەبێت بە دامەزراوەیی بێت، حکومەت بە پەیوەندی دیبلۆماسی خۆی هەڵبستێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێمە لێرەوە داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان و ئەندامانی پەرلەمان دەکەین کە تەشریفیان بچێتە ئەو مەنتیقانە، بۆ ئەوەی ئەو قسانەی کە کاروان دەیڵێت بە وردی لێکۆڵینەوەی خۆیان لەسەر بکەن و راپۆرتی خۆیان بۆ پەرلەمان بێنن، بۆ ئەوەی بە جددی وەریبگرین، کاک عمر عبدالعزیز کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی دەکەم لە لیژنە پەیوەندیدارەکە بۆ دارشتنی ئەم دوا یاداشتی ناو دەنێن، یان بەیاننامەیە، بەڵام بەڕاستی دوو تێبینی جەوهەریم هەیە لەسەری:

یەکێکیان/ دوێنێ زۆربەی پەرلەمانتاران باسمان لە چارەسەری ریشەیی کرد بۆ ئەم حاڵەتەی لە کوردستاندا دووبارە دەبێتەوە لە مەزرەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەی لێرەدا هەیە هەمووی جورعەی موسەکین و هەمووی شتی باشن ئانین، رەنگە بۆ بەدەمەوە چوونی ئەم رۆژە باش بێت، بەڵام بەڕاستی لە تێکڕای ئەمنی ئەم حاڵەتە نابینم، ئەو پێشنیارە کە پێشنیار نەبوو، بەڵکو داواو ئیسراری زۆری پەرلەمانتاران بوو، کە ئێمە چارەسەرێکی جددی بۆ ئەمە بدۆزینەوە، ئەمەی تیا نییە، من وادەزانم یەکێك لە پێشنیارەکان کە تەسنیەی زۆریشی لەسەر کرا ئەوە بوو کە داوا بکەن لیژنەیەکی هاوبەش لە حکومەتی هەرێم و لە حکومەتی ناوەندو لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە کۆنسولگەرییەکان و سەفەراتی ئێران بەجددی باس لەمە بکەن، ئێمە وەکو پەرلەمانتار، یان وەکو پەرلەمان با داوا بکەین ئەو لیژنە هاوبەشە پێك بهێنرێت، یەکێك لە خاڵەکان ئەوە بێت بۆ چارەسەری جددی و ریشەیی ئەم گرفتە بەردەوامە لە کوردستان، پەرلەمانی کوردستان داوا دەکات لیژنەیەکی هاوبەش بۆ ئەم مەبەستە پێك بهێنرێت، ئەمە سەرنجی یەکەمە لەسەر ئەم بەیاننامەیە، یان ئەم یاداشت نامەیە.

سەرنجی دووەم/ ئەوەیە ئێمە وەکو پەرلەمان حەق وایە بە راشکاوانە رەخنە لە ئەدائی حکومەت لەم لایەنەوە بگرین، ئەوەشی تیا کاڵە کە ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە، دەبوایە ئەوان وەکو جیهەتی مەیدانی

و تەنفیزی بەجدیتر رۆژانە بەدەم کێشەکانەوە بوونایە، پێویستیان بە تەوصیەو راسپاردەی ئێمە نەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، بەنیسبەت لیژنەکان، ئەوەلەن/ لیژنەی موشتەرەك، ئێمە ناتوانین پەرلەمانی عێراق ئیجبار بکەین و بێن لەگەڵ ئێمە لە لیژنەیەك بن، بەلأم هەوڵ دراوەو پێشتریش هەندێك کار کراوەو پێکهات، یەعنی ئەوە بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵیان بین، بەنیسبەت حکومەتی هەرێمیش تا حەددێکی باش ئیشی خۆی کردووە، بەلأم داوای لێ کراوەو لێرە دیارە زیاتر هەوڵی خۆی بدات، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە تێبینیەکانی ئێمە ئەگەر دووبارە پێداچوونەوەو قسە کردن بێت لەسەر صیاغەی بەیانێك، قەت بەیان لەنێوان سەد کەسدا نانووسرێت، یەکێك بەیان بنووسێت، کە خۆی پێدا بچێتەوە کەلیماتەکانی دەگۆڕێت، قەتیش مومکین نییە لە صیاغە، لە پێش و پاش، لە تەعبیر، لە عبیارەت، زۆربەیان هەموو ئەندامانی پەرلەمان لەسەر مەوزوعی کەلیمات و پێکهێنانی بەیانێك بە دیتنی من زۆر زەحمەتە، بە تەسەوری من وایە ئەوەی کە جەوهەری بووە لە کۆبوونەوەکەدا باسی لێ کراوە لە بەیانەکەدا هاتووە، ئیدانەی تێدایە، رێگای چارەسەری ئانی تێدایە، هەوڵی چارەسەری ئایندەشی تێدایە، لە ئالیەتێکی تەنفیزی وا کە قەناعەت بە ئێمەو بە خەڵکی کوردستان بکات، کە ئەمە چارەسەری یەکجاری ئەم کێشەیە، بەڕاستی با ئێمە واقیعی بین، ئەمە نە لە پەرلەمان ئیقرار دەکرێت، نە واقیعی هەیە، نە مەوجودە، کێشە سنوورییەکان لە دنیا هەن، چەندین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پێ دەرچوون، هیچ یەکلایی نەبۆتەوەو موعەلەقن و جار بەجار قابلن بۆ سەرهەڵدانەوە، ئەگەر ئێمە وا تەسەور بکەین، ئێستا ئێمە لێرە بڕیارێك لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچێت و وەعدێك بە خەڵکی کوردستان دەدەین، ئیتر بۆ هەتا هەتایی کێشە لەسەر سنوورەکانی کوردستان لەو بارودۆخی سیاسی و گرژو ئاڵۆزەی کە لە مەنتیقەکەدا بە شێوەیەکی عام هەیە، بەڕاستی بە دیتنی من ئەوەش رەنگە نا واقیعی بوونێك و راست نەگوتنێك بێت لەگەڵ خەڵکی، ئێمە واقیعین، ئەمە واقیعی ئێمەیە، ئەمە مەوجودە، ئەم وەزعانەش هەن، ئەو هەنگاوانەی کەوا ئیشارەتی پێکراون، منیش رەنگە جێگای دڵنیا بوونی من نەبێت کە چارەسەری هەموو شتەکان دەکات، بەلأم بە ئەرك هەڵستانێکەوە هەنگاوی ئایندەشی تێدایەو ئەرکی لەسەر حکومەتی تێدایە، ئەرکی لەسەر کەناڵەکانی دیبلۆماسی تێدایە، تەئکید لەسەر پاراستنی پەیوەندییەکانی تێدایە، ئیتر بە دیتنی من محتەوای کۆبوونەوەکە لە بەیانەکە رەنگ دەداتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم و هەر رەنگە واش دروست بێت، کە دوای ئەوەی خرایە دەنگدانیش، من مافی ئەوە نادەم بڵێم برادەران کەس رەئی خۆی نەدات، ئاساییە، بەلأم بە دیتنی من ناگەینە دەرەئەنجامێکی تری لەوەی باشتر کە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دەنگدان درا، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، بەس بۆ دڵنیایی بوونی ئەندامە بەڕێزەكان، بۆ ئەوەی لەبەرچاویان روون بێت، كە زۆر بە جددی موتابەعە دەكرێت، هەر ئەم جارەش نابێت، ئەگەر خوا نەخواستە بەردەوام بوو، ئێمە زۆر بە جددی لەسەر ئەوە كار دەكەین، كاك عبدالله فەرمووو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ بەشێكی زۆری قسەكانی كاك دڵشاد هاوڕام، بەم بەیاننامەیە ناتوانین كۆتایی بە كێشەكان بینین، بەڵام بەلایەنی كەم دەبێت رەنگدانەوەی دانیشتنەكانی دوێنێ، با بڵێین رەنگدانەوەی هەبێت لەم بەیاننامەیە، دانیشتنەكانی دوێنێ و قسەو باسەكانی دوێنێ، بە لایەنی كەم بەیاننامەكە دەشێت لە ئاستی خواستی خەڵكدا بێت لە رووی مەعنەویشەوە، یەعنی دوێنێ ئێمە كۆمەڵێك شتمان باس كردووە، دەكرا بە وشەیەكیش باسی بكەیت، یەكێك لەو كێشانە بوو باسی كێشەی ئاوی ئەڵوەندمان كرد، خۆ دەكرا لەوە باس بكرێت، یەعنی بۆیە باشتر وا بوو پێش ئەوەی یاداشتەكە بخوێندریتەوەو لێرە دابەش بكرایەو تێبینی و سەرنجی خۆمان بدا بوایە، ئینجا بخرایە دەنگدانەوە، بەتایبەتی ئەم كێشەیە پەیوەندی بەلایەنێكی دیاری كراوەوە نییە، پەیوەندی بە هەموو لایەكمانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز، بەنیسبەت مەنتیقەی خانەقین و ئاوی ئەڵوەندو سەعدییەو جەلەولا لە بەرنامەمانە بەدواچوون بكرێت و لیژنەی تایبەتمەند بچنە ئەو مەنتیقەیە بێنەوە جەلسەیەكی تایبەت بۆ ئەو مەنتیقەیە بكەین، بۆ ئەوەی لەسەری زۆر بە وردی بوەستین و گفتوگۆی دوورو درێژ لەسەری بكرێت، فەرمووو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی دوو خاڵ هەیە، یان جیاوازییەك هەیە لە بەینی ئەوەی كە بەیاننامە، ئەمەی كە لێرەوە دەردەچێت بەیاننامەكە بەیاننامەیەكی لەكۆڵ كردنەوە بێتن یاخود بەیاننامەیەك بێت، كە فیعلەن پەرلەمانی كوردستان ئەم مەوزوعە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرێت و دەیەوێت ئیشی جددی لەسەر بكات، ئەگەر بمانەوێت لەكۆڵ خۆكردنەوە نەبێت، گرنگە دوو خاڵی جەوهەری تیا بێت:

یەكێكیان/ ئەو لیژنەیەی جەنابت باست كرد، راستە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان كراوە بەدواداچوون بكرێت، بەڵام من نموونەیەك دەخەمە بەردەمی جەنابت كە پرۆژە یاسا مولزەمە، واجیبە دێتە پەرلەمانەوە زیاتر لەماوەی قانونی بە دەیان دەقاتی پیا تێ پەڕ دەبێت و هیچ ئیجرائاتێكیشمان لەگەڵ ناكرێت لەسەر تاخیر بوون و كەم تەرخەمی بەرامبەر ئەم پرۆژە یاسایانە، ئینجا ئەمەی كە لەچاو ئەوەی كە مولزەم نییە، بۆیە بە رەئی من هەرچەندە جەنابت گوتت تەصویتی لەسەر كراوە، كە من پێموا بێت

مـەفروزە ئەمـە نەچێتە خانـەی تەصویتەوە، لیژنەیـەکی تایبـەت وەکو ئـەوەی دوێـنێ چـەند کەسێکیش داوامان کرد بەپێی ماددەی (48) لیژنەیەکی کاتی بـۆ ئـەم مەوزوعـە پێـك بهێنرێـت، چـونکە پێمـوا نییـە ڕۆژی ڕەشترمان هەبێت تا ماددەی (48)ی بۆ هەلگرین و لیژنەی کاتی بـۆ پێـك بهێـنین، لیژنەیـەکی کـاتی توێژینەوە بۆ ئەم مەوزوعە پێك بهێنرێت.

خاڵی گرنگتر کە لەو بەیاننامەیەدا نییە، ئەگەر بەردەوام بوو، چونکە بەیاننامە بەخوا نەخواسـتە ناکرێـت ئەگەر بەردەوام بوو، ئینجا دوای ئەوە چی دەکەین، مەفروزە لەم بەیاننامەیـە قسـە لەسـەر ئـەوە بکـەین چ مەوقیفێك وەردەگیرێت؟ مەوقیفی پەرلەمان یەکلایی بکرێتەوە تیایدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەنیسبەت بەردەوام بوون، هەمووتان لە لیژنەکان هەن، هەموو ئەتراف هەیـە زۆر بـە جـددی بە ئەرکی خۆتان هەڵبستن و بەدواداچوون بکەن، ئەگەر لە نەتیجەی بەدواداچـوونەکان بینیمـان پێویسـتە جەلسەی تر بکەین دە جەلسەی تری بۆ دەکەین، یەعنی مانای ئەوە نییە کۆتایی پێ دەهێنین.

بەنیسبەت دەنگدان، دەنگدانەکە کرا، بەلاّم ئەمەش لـە کـۆڵ کردنـەوە نییـە، جددییەتـە بـۆ بەدواداچـوون، جددییەتە بۆ ئەوەی بچینە مەنتیقەو لەگەڵ حکومەت دابنیشین و لە بەغدا داوا بکرێـت هـەموو هەوڵـدان و، نەتیجەی لیژنەکان لەم فەترەیە پێویستە لیژنەی پەیوەندیدار بۆ ئـەم مەوزوعـە زۆر بـە جـددی بـێتن، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوکارانم باسـی لیژنـەی موختـەس دەکـەن، لیژنـەی هاوبـەش، ئێمـە لیژنـەی مەختەسـین لـەو کـارە، وەکو لیژنەی ناوخۆ ئێمە بەکاری خۆمان هەڵستاوین، دوێنێ زۆربەی زۆری ئەندامە بەڕێزەکان دەستخۆشـیان لـە لیژنەی ناوخۆ کرد، کە لە هەموو حاڵەتێك، لە هەر شـتێك کـە دێتـە پـێش، لیژنـەی نـاوخۆ بـەکاری خـۆی هەڵدەستێت، ئەگەر ئێمـە بـە کـاری خۆمـان هەڵنەسـتابین، حـەقی خۆیـەتی لیژنەیـەکی هاوبـەش دروسـت بکرێت و بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکات، بەلاّم دوێـنێ بـە شـاهێدی جـەنابت هـەموو بـرادەران لێـرە دەستخۆشیان لە لیژنەی ناوخۆ کرد کە بەکاری خۆی هەڵستاوە، ئەمە ئیشی ئێمەیە.

دووەمیش/ ئێمـە لیژنـەی نـاوخۆ هـەموو بـرادەران و پێکهاتـەکانی تێدایـە، مەسـەلەن هەیـە لـە برادەرانـی یەکگرتوو کادیری قیادی و کارگێری سیاسی تێدایە، مەلەسەن لە برادەرانـی کۆمـەڵ، لـە برادەرانـی گـۆڕانی تێدایە، لە هەموو لایەنەکانی تری تێدایە، لە تورکمانی تێدایە، لە لیژنەی مافی مرۆڤ بـە هـەمان شـێوە، لـە لیژنەی پێشمەرگە بە هەمان شێوە، ئەو لیژنانە بەکاری خۆیان هەڵبستن و بتوانن بە دواداچـوون بکـەن، چ پێویست دەکات لیژنـەی تایبـەتی بـۆ دروسـت بکرێـت، بەڕاسـتی مـن لەگـەڵ ئـەوەدا نـیم، هـیچ لیژنەیـەکی تایبەت دروست بکرێت بـۆ بەدواداچـوون لەسـەر ئـەو مەسـەلەیە، جگـە لـە لیژنـە پەیوەندیـدارەکان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە كە گوتمان لیژنە پەیوەندیدارەكان، مەسەلەن لیژنەی پێشمەرگەیە، لیژنەی ناوخۆیە، لیژنەی ماق مرۆڤە، كە كەسانی شارەزاو پسپۆری تیایە بەدوای كارەكاندا بڕۆن، ئینجا بە تەنها دەڕۆن، بە یەكەوە دەڕۆن، ئەوە بە خۆتانەوە مەربوتە، بەڵام لە داهاتوو ئەگەر ڕاپۆرتەكانتان هات و دیتمان ڕاپۆرتەكان پێویستە بەوەی كەوا لیژنەیەكی تایبەت دروست بكرێت كە لە ئیش و كارەكان بكۆڵێتەوە، ئەوە مەسەلەیەكی ترە، كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا بەندە وەكو سەرۆكی لیژنەی ماف مرۆڤ بە پێویستم زانی موداخەلەیەك بكەم، ئەویش پەیوەندی بەم ڕاپۆرتەوە هەیە لەڕاستیدا، پەیوەندی بەو بارودۆخەوە هەیە كە پێش دروست بوونی پژاكیش، ئەگەر تەمەنی پژاك پێنج ساڵ بێت، مەسەلەی تۆپبارانەكان بۆ $(14 - 15)$ ساڵ دەگەڕێتەوە، من ڕەئیم وایە ئەم دوو دانیشتنەی پەرلەمانی كوردستان كە بە نائاسایی لە قەڵەم دەدرێت، دەكرێت بكرێتە بنەمایەكی پتەو و هەنگاوێكی جددی بۆ كۆتایی هێنانی ئەو بارودۆخە، ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم بەیاننامەدا هاتووە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەڕاستیدا ناكرێت بێ بایەخی بگیرێت، چونكە موخاتەبەی تەواوی كەناڵەكانی پەیوەندیداری كردووە، بە ئێران، بە عێراق، بە جانبی نێودەوڵەتی، ڕێكخراوەكانی نێودەوڵەتی، ماف مرۆڤ، خودی پەرلەمان، لیژنەكان، پەرلەمانتاران، حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەگەر لە لەحزەیەكدا قسە لەسەر تەفعیلی ڕۆڵی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكرێت، بەتایبەتی لەناوچەكان، بۆ نموونە ئێمە مەیدانیەن ڕۆیشتووین، قائیمقامی پشدەر، قائیمقامی چۆمان، ئەو كەسانەی كە لەوێ ئیدارە بەڕێوە دەبن، لەڕاستیدا جوهدێكی زۆر دەكەن و ماندوو بوونێكی زۆر دەكەن، لەڕاستیدا ئەركی ئێمەش تەفعیل كردنە، یەعنی هیچ جێگەیەك نییە تۆ لە لەحزەیەكدا تەفعیلی حكومەت بكەیت و لە لەحزەیەكیشدا سەركۆنەی بكەیت و ڕایسپێری، وەزارەتەكان، لایەنە مەعنیەكان ڕاسپێری بەدواداچوون بكەن و كاری خۆیان بكەن.

من وەكو سەرۆك لە لیژنەی ماف مرۆڤ لە هیچ سات و كاتێكدا ئامادە نیم هیچ ڕاپۆرتێك بدەمە فراكسیۆنی كوردستانی، لەو ڕوانگەشەوە ئامادە نیم بیدەمە هیچ فراكسیۆنێكی سەرەكی تر، ئەگەر فراكسیۆنەكەی خۆم و، فراكسیۆنی گۆڕان، فراكسیۆنەكانی تر مەیدانیەن ڕۆیشتن شوێنەكانیان بینی و بەرچاو ڕوونی زیاتریان هەبوو، ئەو كاتە ئێمە دەتوانین لەخزمەتیاندا بین، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ڕۆڵە پیشەییەی كە لە لیژنەكانی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەیگیرێت، ئێمە ئامادە نین لەو مەسارە لابدەین، بۆیە گرنگ ئەوەیە فراكسیۆنەكان خۆشیان لە پاڵ لیژنەكاندا بێنە سەر خەت و بچن مەیدانیەن شوێنەكان ببینن و، من لەڕاستیدا پشتیوانی بەشێكی زۆر لە بۆچوونەكانی كاك كاروان دەكەم و زۆر دڵیشم لەگەڵیەتی، كە

بەشێکی زۆر لەو دڵسۆزانە بچێتە ناو ئەو بەیاننامەوە، بەلاّم ئیتاری قانونی هەیە لەڕاستیدا، ئێمەش تەمەنامان دەکرد بمانتوانی بوایە بەپێی سەلاحیەتی دەستووری و قانونی پێ لەوە زیاتر رابکێشین، بۆ ئەوەی ئیجباری ئەو مەلەسەیە بکەین کە کۆتایی پێ بێت، یەعنی بڕوا ناکەم هیچ هاوولاّتیەك پێی خۆش بێت دانیشتوانەکەی ئاوارە بێت، بریندار بێت، لە دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری لە عێراقدا گرفتی گەورە لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەبێت، دوێنێ 8/8 بووە رۆژی راگەیاندنی کۆتایی هێنان بە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، بۆیە ئەو لەحزەیەش بە لەحزەیەکی ئەگەر سودفەش بووە زۆر گرنگ بوو پەیامێك بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، کە ئێمە پەیامی ئاشتیمان هەیە، پەیامی کۆتایی هێنانمان هەیە بەو دۆخەی کە دەیان ساڵە لە سنوورەکانی کوردستانەوە ناهەمواری بۆ دانیشتوانەکەی دروست دەبێت، کە خەڵکی سڤیلن، بێ دەرەتانن، بەلاّم بۆ هیچ لایەکی تر و مەفهوم لە رووی زمانەوانیەوە مەفهومی دراوسێیەتی، واتا سێبەر بۆ بەرامبەرەکەت، سایە بۆ بەرامبەرەکەت، نەك ئاشوب و ماڵ وێرانی و ئاوارەیی، یەعنی ئەم دانیشتنەی پەرلەمان ئەم دوو جەلەسەی دەکرێت بۆ هەمووەمان بکرێتە بنەمایەکی زۆر زۆر باش، من پشتگیری بۆچوونی برای بەڕێز کاك عبداللەی مەلا نوری دەکەم، مەسەلەی ئاوی ئەڵوەندو پێنجوێنیش دەکرێت لە زیمنیدا بێت، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێستا بڕیارێك بدات، لیژنە تایبەتمەندەکان لەماوەی (24) کاتژمێر تا (48) سەعاتی تر سەردانی ئەو مەنتیقەیە بکەن، چونکە زیاد لە پەرلەمانتارێك دوێنێ ئاماژەی پێ کرد، بەلاّم ئەوەی پەیوەندی بە ئەم راپۆرتەوە هەیە، من تەسەورم وایە نەك هیچی تیا نییە، شتی زۆر زۆری تیایە، هیچ شتێك بێ کەموکوڕی نابێت وەکو برای بەڕێزم کاك دڵشاد ئاماژەی پێ کرد، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، من وەك پێشتریش ئیشارەم پێ کرد، داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، لیژنەی ناوخۆ، پێشمەرگە، مافی مرۆڤ دانیشتنی خۆتان بکەن و ئامادە بن بە ئیفاد بچنە ئەو مەنتیقەیەو راپۆرتمان بۆ بێنن لەسەر رووناکی ئەو راپۆرتە ئێمە تەسەروف دەکەین، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) | د. ارسلان بایز اسماعیل | فرست احمد عبداللە |
| سەرۆکی پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سکرتێری پەرلەمانی |
| کوردستان - عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 17\8\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2011/8/17

كاتژمێر (1)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2011/8/17 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (3)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (1)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2011/8/17 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕووی ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی كوردستان و گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی ناوچەكانی خەناقین و سەعدیەو جەلەولاو ئاوی ئەڵوەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (3)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2011/8/17، بەرنامەی كار: بەپێی حوكمی بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (1)ی پاش نێوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 8/17/ 2011دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕووی ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی كوردستان و گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی ناوچەكانی خەناقین و سەعدیەو جەلەولاو ئاوی ئەڵوەن.

بەخێرهاتنی بەڕێزان شێخ جعفر مصطفی وەزیری پێشمەرگەو كەریم سوڵتان سنجاری وەزیری ناوخۆ و جمیل سلیمان وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری و بەڕێز سعد خالد ڕێكخەری نێوان پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین، زۆر بەخێر بێن.

بەڕێزان، ئەم دانیشتنە تایبەتە، نائاساییە، دەربارەی بارودۆخی ناوچەی جەلەولاو سەعدییەو خانەقین و دەوروبەری مەندەلی و ئاوی ئەڵوەندە، كە ماوەیەكی زۆرە بە داخەوە بە ناحەق دژایەتی كوردی دانیشتوانی ناوچەكە دەكرێت، ئەو برایانەمان هەوڵ دەدرێت لە ناوچەكە دەربەدەر بكرێن و بتۆقێندرێن و زۆریان لێ

تیرۆر دەکرێت و کشتوکاڵی هاوولاّتیانیش بەبێ ئاوی، ئاوی ئەڵوەند وشك دەبێتەوە، بۆیە زۆر بە گرنگمان زانی ئەم دانیشتنە ئەنجام بدرێت و بیرو رای ئێوەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێش چاوی خەڵکی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناو عێراق بدرێت، ئێمە دەزانین ئێستا لەو مەنتیقەیە کەسانێ هەن فیدایی سەدام بوون، بەعسی بوون، ئێستا بەرپرسن و حیمایەی مەنتیقەکە دەکەن و بە پلانیش خەڵکی ئێمە دەکوژن، رۆژ نییە کەسانێك نەکوژن، هەتاکو ئێستا پەنایان بردووە بۆ ئیسلوبێکی زۆر زۆر نامرۆڤانە، خەڵك ئیختیتاف دەکەن و تی ئێن تی دەبەستنە قەلبیەوەو دەیتەقێننەوە، دەڵێن ئەمە ئینتیحاری بووەو هاتووە بمانکوژێت، نموونەشمان هەیەو ناویشمان هەیە، ناوی ئەو بەرپرسانەمان هەیە کە فیدائی سەدام بوونە، ئێستا بەرپرسی ئەو مەنتیقەیەن، بۆیە زۆر گرنگە وەزعی ئەو مەنتیقەیە چاك بکرێت، ناشکرێت ئێمە لە بان دەست رابوەستین و سەیر بکەین، مەنتیقەی کێشەدارە، کە دەڵێن ناوچەی کێشەی لەسەرە، کێشەکە لە بەینی حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆیە پێویستە چۆن ئەوان تەواجودیان هەیە، ئێمە تەواجودمان دەبێت، چۆن ئەوان ناتوانن خەڵك بپارێزن، ئێمە خەڵکەکە دەپارێزین و هی ئەوانیش دەپارێزین، هی خۆشمان دەپارێزین، بۆیە ئەم دانیشتنە کرا، بۆ ئەوەی زۆر بە وردی قسە لەسەری بکەین و ئەو تەوازنانەی لەو مەنتیقانە هەیە، دەبێت رێك بخرێتەوە، نابێت فەوجی شورتە هەموو لە ئیرهابیەکان بێت، دەبێت کوردیشی لێ بێت، بەلاّم کورد لەگەڵ ئیرهابیەکان نەبێت، چونکە هەم دیسان بە پلان رۆژێ سەیارەیەك بە مەجموعەیەك دەتەقێننەوەو دەیانکوژن، ئێستا داوا لە ئێوەی بەرێز دەکەین، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەو بەرێزانەی کە چوو بوونە مەنتیقەکە، لیژنەکان، لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە کەرەم بکەن بۆ سەر مەنصە، بۆ ئەوەی راپۆرتەکانتان بخوێننەوەو پێشکەشی بکەن، پاشان ناوی ئەندامە بەرێزەکان دەنووسین، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر بارودۆخەکە بکرێت، فەرموون بەپێی ئەو تەسەلسولەی لە راپۆرتەکەتان هاتووە دەست بکەن بە خوێندنەوەی راپۆرتەکانتان.

**بەرێز سالار محمود مراد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی نائاسایی خۆی سازدا سەبارەت بەو تۆپبارانەی کە ماوەیەکە کۆماری ئیسلامی ئێران ناوچە سنوورییەکانی پشدەرو بیتوێن و سیدەکانی پێ تۆپباران کردووەو، لە هەمان کاتدا جۆرێك لە نیگەرانی دروست بووە لەو ناوچانەی کە سەرچاوەی ئاوەکانیان دەکەوێتە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بەتایبەت ئاوی ئەڵوەن و چەند جێگایەکی تر، لەو روانگەیەوە هەردوو مەسەلەکەمان پێکەوە گرێداو خۆشبەختانە پەرلەمانی کوردستان بریاریدا کە وەفدێك بنێرێتە ئەو مەنتیقەیە، وەفدەکەش پێك هاتبوو لە ئەندامانی لیژنەکانی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگەو لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو لیژنەی مافی مرۆڤ، ئێمە دوای (24) سەعات لەو دانیشتنە نائاساییە سەردانی

مەنتیقەکەمان کرد بە مەیدانی دامودەزگا ئیدارییەکان، خەڵکی مەنتیقە، کۆمەڵێك ڕێکخراو و گروپ، کە داکۆکی کارن لە هێشتنەوەی ئاوی ئەڵوەن و داکۆکی کارن لە داخوازییەکانی خەڵکی ئەو مەنتیقەیە، بینیمان بە وردی و بەرچاو روونیان دایێ سەبارەت بە ئەو رەوشەی لەو ناوچەیە دەگوزەرێ و لە مەسەلەی ئاوی ئەڵوەنیش هاوشان بترازێ گرفتی ئەمنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، زۆر گرفتی تریش لە ناوچەکانی سەعدییەو جەلەولاو مەندەلی و دەتوانین بڵێین گەرمەسێر بەشێوەیەکی گشتی هەیە، ئەوە بوو بە چەقی ئەو سەردانەی ئێمە، ئێمە لەلای خۆمانەوە دوای چاودێری کردنی دۆخەکەو دیراسەت کردنی بارودۆخەکەو بینینی رووباری ئەڵوەن، کە قەتەرەیەك ئاوی نەماوەو، بینینی میحنەتەکان و گەڕانەوەی ئەو دۆخەی کە لە ناوچەکە دەگوزەرێ، یان ئیدارەی ناوچەکەو نوێنەری خەڵکی ناوچەکە دەرکەوت کە لە بارێکی زۆر زۆر مەترسیدارو خراپدا دەژین، بۆیە بە باش زانرا کە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی نائاسایی بکات سەبارەت بەم مەسەلەیەو لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بڕیارێکی جددی بدرێت و بە پیری خەڵکی مەنتیقەکەو خاکی مەنتیقەکەوە بچین، لەو روانگەیەوە لیژنەکە راپۆرتێکی ئامادە کردووە، بێگومان لە دوای ئامادە کردنی راپۆرتەکەش کۆمەڵێك رووداوی تر لە تیرۆرو لە راونان و لە هەڕەشە کردن هاتوونەتە کایەوە، پێشمانوایە بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە دەگێڕنەوە جموجۆلی سەربازیش لەلایەن حکومەتی ئیتیحادییەوە بۆ مەنتیقەکە هاتۆتە پێش، هەموو ئەمانە دەرخەری ئەوەن کە لەم ئان و ساتەدا بەپێویست دەزانرێت بڕیارێکی حەکیمانەو جددی و مەسئوولانە لەم بارەیەوە بدرێت، ئێستاش راپۆرتەکە بۆ بەڕێزتان دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ راپۆرتی تایبەت بە ئاوی ئەڵوەن و کێشەی جەلەولاو خانەقین**

سڵاو و ڕێز.....

لە دوای کۆبوونەوەی ژمارە (1)ی نائاسایی پەرلەمان لە رۆژانی 8-2011/8/9، کە تایبەت بوو بە تۆپباران کردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران و، هەروەها سەبارەت بە گرتنەوەی ئاوی ئەڵوەن لە شاری خانەقین و هەوڵدان بۆ گرتنەوەی چەند سەرچاوەیەکی تری ئاو لە هەرێمی کوردستان، رۆژی چوارشەممە 2011/8/10 شاندێکی پەرلەمانی کوردستان کە پێك هاتبوون لە ئەندامانی لیژنەکانی (ناوخۆ، پێشمەرگە، مافی مرۆڤ، ئاوەدانکردنەوە، کشتوکاڵ و ئاودێری) بە مەبەستی بەدواداچوونی کێشەی ئاوی ئەڵوەن و بارودۆخی ئەمنی سەعدیەو جەلەولا، سەردانی شاری خانەقینمان کردو سەرەتا لەگەڵ قائیمقامی خانەقین و بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولاو ئەندامێکی ئەنجومەنی سەعدیەو ژمارەیەك لە بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە کۆبووینەوەو بە دوورو درێژی قسەمان لەسەر کێشەکانی ناوچەکەو گرفتی ئاوی ئەڵوەن کرد، دواتر لەگەڵ لیژنەی لە پێناو ئەڵوەن و ژمارەیەك لە

خەڵكی خانەقین كۆبوونەوەو بە وردی باسیان لە مەترسییەكانی گرتنەوەی ئاوی ئەڵوەن و ئەو هەوڵانە كرد، كە تا ئێستا داویانە بۆ بەردانەوەی ئاوەكە لەلایەن كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، پاشان لە نزیكەوە چاومان كەوت بە وشكانیی ئەڵوەن.

دوای گوێگرتنی ئەندامانی شاندەكەمان لەو گرفتە ئیداری و سیاسی و كۆمەڵایەتیانەی ناوچەكەی گرتۆتەوە، پێمان باش بوو لەم راپۆرتەدا پوختەی ئەو گرفتانەو پێشنیاری چارەسەر كردنیان بخەینە بەر دەستی بەڕێزتان، بە مەبەستی زوو بە دەنگەوە هاتنی ئەو ناوچەیە، كە یەكێكە لە ناوچە گرنگ و بە بایەخەكانی كوردستان.

یەكەم: گرفتی ئاوی ئەڵوەن:

ماوەی هەشت ساڵە كۆماری ئیسلامی ئێران لە مانگی $3 - 9$ ئاوەكە دەگرێتەوە، كە ئەوە دەبێتە هۆی وشك بوونی باخ و بێستانەكان و كۆچكردنی گوندەكانی نزیك ئەڵوەن، جگە لەوە وشك بوونی ئەڵوەن، لە رووی دەروونیەوە كاریگەری خراپی هەیە لەسەر دانیشتوانی خانەقین، بەتایبەتی كە ئەڵوەن یەكێكە لە سیمبولە جوانەكانی شارەكە.

لەسەر ئاستی ئیداری خانەقین، لیژنەیەكیان بۆ چارەسەر كردنی كێشەكە پێك هێناوەو لە رۆژی 2011/7/27 لە بەغدا كۆبوونەوەیەكیان لەگەڵ سەفارەت و قونسولگەری ئێران ئەنجامداوە، بەڵام هیچ ئەنجامێكی ئیجابی لێ نەكەوتۆتەوە.

لەسەر ئاستی مەدەنیش لەلایەن لیژنەی لە پێناو ئەڵوەنەوە چەند جارێك و بەشێوەیەكی مەدەنیانە هەستاون بە گرتنی رێگای هاتوچۆی عێراق – ئێران لە چوار ریانی ئەركەوازی بە مەبەستی فشار خستنە سەر ئێران، بەڵام تەنیا بۆ ماوەی سێ رۆژ ئاوەكە بە رێژەیەكی كەم بەردراوەتەوەو پاشان بە هەمان شێوە گیراوەتەوە.

پێشنیارەكانمان بۆ كێشەی ئەڵوەن:

1- پەرلەمانی كوردستان لە رێی لیژنەیەكی تایبەتەوە ئەم پرسە بە خێرایی لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حكومەتی عێراق و كونسولگەری ئێران یەكلایی بكاتەوەو لە كاتی نەگەیشتن بە ئەنجام، هەڵوێستی گونجاو وەربگیرێت لە بواری پەیوەندییە دبلوماسی و بازرگانیەكانمان لەگەڵ ئەم وڵاتە.

2- گەیاندنی كەناڵێكی تری ئاو هاشێوەی باڵەجۆ لە سیروانەوە بۆ ئەڵوەن.

دووەم: گرفتی ئیداری خانەقین:

لەبەر ئەوەی خانەقین تا ئێستا لە رووی ئیدارییەوە هاوبەشە لەنێوان دیالەو هەرێمی كوردستاندا چەند كێشەیەكی ئیداری بۆ دروست بووە لەوانە:

1- لەرووی خزمەتگوزارییەوە زۆر فەرامۆش كراوە، نە لەسەر حكومەتی عێراق بایەخی پێ دەدرێت و، نە حكومەتی هەرێمیش بەداخەوە بایەخی تەواوی پێداوە، شارەكە لەڕووی جادەو رێگاو بانەوە خراپە، كارەبا

وەك ئـاوی ئـەڵوەن لـە ژێـر ڕەحمـەتی ئێراندایـە، لـە سـاڵی 2009ـەوە تـا ئێسـتا هـیچ پرۆژەیـەك لەسـەر بودجەی عێراق جێ بەجێ نەکراوە لەو شارە.

2- لەڕووی سوود وەرگرتن لەو یاسایانەی لە پەرلـەمانی کوردسـتانەوە دەردەچێت کێشـەو گرفتیـان هەیـە، بەشێك لە فەرمانبەرانی خانەقین لەسەر میلاکی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، بەڵام نـاتوانن سـوودمەند بن لە سولفەی عـەقارو پێشـینەی هاوسـەرگیری و قـەرزی بچووك، کـە لـە هـەرێمی کوردسـتان جـێ بـەجێ دەکرێن.

3- کێشەیەکی تری شارەکە وەرنەگرتنی خوێندکارانی خانەقینە لە کۆلیژەکانی خانەقین.

پێشنیارەکان:

1- لە بودجەی هەرێمی کوردستان بەشێك تەرخان بکرێت بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستیە هەنووکەییـەکانی شارەکە.

2- دانانی ئالیەتێك بۆ سوودمەند بوونی فەرمانبەرانی ئەو ناوچەیە لە یاساکانی هەرێمی کوردستان.

3- پیداچـوونەوەی وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا بـە چـۆنیەتی سـوود وەرگـرتنی خوێنـدکارانی ناوچـەکە لـە کۆلیژەکانی خانەقین.

4- قەرەبوو کردنەوەی ئەو خێزانانەی بەهۆی گرتنەوەی ئاوی ئەڵوەنەوە زەرەرمەند بوون.

سێیەم: گرفتەکانی جەلەولاو سەعدیە:

لەدوای تەسلیم کردنی لایەنی ئەمنی ئەو دوو ناحیەیە بە حکومەتی عێراق لە ساڵی 2008ـەوە کوردەکـان لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا دەژین، کە پێویستی بە چارەسەر کردنی بە پەلە هەیـە، چـونکە بـەدەر لـەوەی کە لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە لە شاری خانەقین خراپترن، لە ڕووی ئەمنیەوە ژیانی خێزانە کوردەکان لـە مەترسیدایە تەنیا لەبەر ئەوەی کوردن.

ئێستا لە جەلەولا لە ترسی کوشتن (1000) خێزانـی کـورد ئـاوارە بـوون و لـە سـەعدیەش (850) خێـزان ئاوارەن، لە جەلەولا (170) شـەهیدو لـە سـەعدیەش (240) شـەهید هەیـە، کـە ئەمـە وایکـردووە تـرس و دڵەڕاوکێ لەناو کوردەکانـدا هـەبێت و بـێ خاوەنیـان پێـوە دیـار بێـت، هـاتنی هـەزاران خێزانـی عـەرەب بـۆ ناوچەکەو نەگەڕانەوەیان بە پاساوی نەبوونی ئەمنیەت لە ناوچـەکانی خۆیـان مەسـەلەی تـەعریب کردنـی دووبارە کردۆتەوە، کە مەترسی هەیە لەسەر کورد بوونی ئەو ناچەیە لە ئایندەدا.

پێشنیارەکان:

1- گێڕانەوەی هاوسەنگی سەربازی لە ناوچەکە، ئەویش بە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە.

2- پەلە کردن لە جێ بەجێ کردنی ماددەی 140، کە زۆربەی کێشە نەتەوایەتییەکان چارەسەر دەکات لەو ناوچانەدا.

3- گەڕانــەوەی ئــەو خێزانــە عەرەبانــەی بــە پاســاوی شــەڕی تــایفی هاتوونەتــە ناوچــەکەو تــا ئێســتا نەگەڕاونەتەوە.

4- قسه كردن لەگەڵ وەزارەتی شەهیدانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ پەلە كردن لە تەواو كردنی مامەڵەی كەسوكاری شەهیدانی سنووری ناوچەی خانەقین، كە ماوەی (2) ساڵە كاری لەسەر نەكراوە.
5- دروست كردنی كەمپێكی شایستە بۆ ئاوارەكانی جەلەولاو سەعدیە تا كێشەكانیان چارەسەر دەكرێن و دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

لە كۆتاییدا بەباشی دەزانین كە دانیشتنێكی نائاسایی پەرلەمان ئەنجام بدرێت بە ئامادە بوونی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ خستنە رووی كێشەكانی ئەو ناوچانەو چەندین ناوچەی تری وەك مەندەلی و كفری و ..........و بڕیاردان لەسەر چارەسەری ئەو كێشانەی پەیوەندییان بە هەرێمی كوردستانەوە هەیە، كە ئەمە هیواو متمانە دەگێڕێتەوە بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە.

6- گرنگیدانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە گەیاندنی خزمەتگوزاری ناوچەكە. لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەستتان خۆش بێت، ئێستا ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێت قسە لەسەر بارودۆخی ئەو مەنتیقە بكەن، ناویان دەنووسین، ئێستا ئەم بەڕێزانە ناویان خۆیان تۆمار كردووە، بۆ ئەوەی قسە بكەن، تكایە هەوڵ بدەن دووبارە نەبێت، بۆ ئەوەی ئیستفادە لە وەقتەكە بكەین و پێشنیاری بەسوود هەبێت، رێزداران (عبدالله حاجی محمود، ئارام قادر، امیر گۆگا، ئەڤین عمر، دڵشاد شهاب، برهان رشید، كاردۆ محمد، ئامینە زكری، تارا ئەسعەدی، جلال علی، هاژە سلیمان، سالم تۆما، د.احمد وەرتی، عمر عبدالعزیز، فاضل حسن، بەفرین حسین، گوڵیزار قادر، عبدالله مەلا نوری، سەرهەنگ فرج، سیوەیل عثمان، شوان كریم، شلێر محی الدین، شڤان احمد، شلێر محمد، سەروەر عبدالرحمن، سەردار رشید، سمیرە گۆران، ژیان عمر، زكیە سید صالح، سمیر سلیم، عەونی بەزاز، شێروان حەیدەری، نەریمان عبدالله، عدنان عثمان، عبدالرحمن حسین، دلێر محمود، قادر حسن، فاضل بەشارەتی، هاوڕاز خۆشناو، صباح بیت الله، پەیام احمد، سالار محمود، پەیمان عبدالكریم)، كەسی تر ماوە؟ نییە، كاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیم لە لیژنە بەڕێزەكەو تەقدیرم بۆ راپۆرتەكەیان، پشتیوانی تەواو لە پێشنیارەكانیان دەكەم، لەبەر ئەوەی مەسەلەی مەندەلی و خانەقین و جەلەولاو كارە تیرۆریستیەكان ئەهمیەتی تایبەتی خۆی هەیەو، گرتنەوەی ئاوی ئەڵوەن، پێم باش بوو روون كردنەوەیەك و چەند پێشنیارێك دەیخەمە بەردەمی بەڕێزتان.

ئەو هەڵمەتەی ئێستای گروپە تیرۆرستەكان و عەرەبە شۆڤینیەكان و بەعسیەكان لە ئارادایە سەرەتایەكە بۆ دووبارە لەناو بردن و سڕینەوەی میللەتەكەمان لە سەرخاكی دێرینی خۆی پرۆژەیەكی لە مێژینەی دوژمنە رەگەز پەرستەكانە دژ بە گەلی كورد، لە رابردوودا بەشێك لەو پرۆژانە لەسەردەمی رژێمی بەعسی

رووخاو جێ بەجێ کراو، ئێستاش دەیانەوێت دووبارە درێژە بەو هەڵمەتە دوژمنکاریانـە دژ بـە گەلەکـەمان بدەنەوە.

بـەڕێزان، سـەرەتا پرسـەو سەرەخۆشـی خۆمـان رادەگەیـەنین بەرامبـەر بەکاسـوکاری قوربانیـەکان بـە تیرۆرکردنی زیاتر لە (644) کەس و ئاوارە کردنی زیاتر لـە (1500) مـاڵ بـەپێی ئامارەکان، کـە ئەمـەش ئامـاژەی راسـتەوخۆی تیرۆریسـتانە بەرامبـەر بـە خـەڵکی جەلـەولاو سـەعدیەو مەنـدەلی و ناوچـەکانی دەوروبەریان، بۆیە پێویستە چیتر چاوەڕوان نەبین، دەبێت کاربکەین بـۆ وەسـتاندنی ئـەو پلانانـەی کە لـە ئارادایە، سەبارەت بە پاکتاوی نەتەوەیی لەو ناوچانەدا، جگە لەوەی ئەو گرووپانە بەرنامەی ترشیان هەیـە بۆ بێ هێز کردنی پێگەی کورد لە عێراقی نوێدا، وەك روون و ئاشکرایە دواخستن و لەمپەر دروست کـردن لەبـەردەم جـێ بـەجێ کردنـی مـاددەی (140)و دروسـت کردنـی گیروگرفـت بـۆ ناوچـە جـێ ناکۆکـەکان، بەتایبەتی لە مـاوەی دوو سـاڵی رابـردوودا جـێگیر کردنـی هێزەکـانی سوپای عێـراق لـە شـوێنەکانیان، کـە زۆربـەیان کۆنـە بەعسـی و تیرۆریسـتانن، تـیرۆر کردنـی هاووڵاتیـانی کوردسـتان و بەرپرسـیارن لەبـەردەم هێزەکان و سوپای عێراقدا بەشێکن لەو پلانەی کە دەستیان کردووە بە جێ بەجێ کردنی.

بەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمانی کوردسـتان، لـەناو هێزەکـانی عێـراق هـەر لیوایـەك بزانرێـت هەیکـەلی لیواکـان کوردن جیا دەکرێنەوەو لە رووی پێدانی کەرەستەو کەلوپەلی سەربازییەوە هەر لە تۆپ و دەبابەو چـەك و جبەخانەکانی تر، کە ئەمانە ئاماژەو نموونەی روونن، کە هەر کـات زەمـن بەشـێوازێك گۆڕانکـاری بەسـەردا هات، ئەوە تیرۆریسـتان و گرووپـە بەعسـی و شـۆڤینیەکان هەرچـیان پـێ بکرێـت بـۆ لـەناو بردنـی خـەڵکی کوردستان درێغی ناکەن و ئەنجامی دەدەن، ئەوە سەرەتاکەشی بە شەهید کردن و ئاوارە کردنی دانیشـتوانی جەلەولاو سـەعدیەو مەنـدەلی دەسـتی پـێ کـردووە، ئێسـتا هاووڵاتیـانی ئـەو شارانە بـێ هیـوا بـوون، بۆیـە پێویستە هەوڵەکان بخەینەگەڕ بۆ چارەسەر کردنـی ئـەو گرفتانـەو راوەسـتانی ئـەو هێرشـانەی لـە ئێسـتادا دەرهەق بە خەڵکی ئەو ناوچانە دەکرێن و، پێویستیشە هەمووان وەکو پێشمەرگەکەی جاران خۆمان تەیارو ئامادە بکەینەوە لەگـەڵ هێـزە شۆڕشـگێڕەکانی تـری عێراقـدا بـە بـیرو بـاوەڕی پێشوومانەوە خۆمـان سـازو ئامـادە بکەینـەوە، ئـەم ئەرکـە لێـرەوە بڕیـاری لـێ بـدرێت و حزبـەکان و جـەماوەری گەلەکـەمان هـەمووان پێکـەوە پشـتیوانی لـە حـوکمی خۆمـاڵی خۆمـان بکـەین و پارێزگـاری لـە ژن و منـداڵ و گـەنج و خوشـك و براکانمان لە سەعدیەو جەلەولاو مەندەلی و خانـەقین بکـەین و، ئـەو جێگایانەشـی کـە تـا ئێسـتا هـاووڵاتی کوردی تێدا نیشتەجێن چاوەڕوانن بزانن کەی سەرەیان دێت و تیرۆریستان بچنە سەریان و روحیان بکێشن.

بەڕێز سەرۆکی پەرلـەمانی کوردسـتان، ئێمـە لەبـەردەم خـوای گـەورەو میللەتەکـەمان بەرپرسـیارین، بۆیـە چارەسـەر کردنـی ئـەو کێشـەیەو پارێزگـاری کردنـی گیـانی هـەر هاووڵاتیـەکی کوردسـتان رزگـار کردنـی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانەی کـە هەڕەشـەی تیرۆریسـتانیان لەسـەرە ئـەرکی هەمووانـە، ئـەوەی لـە رابـردوودا روویـدا پلانـی درێژخایـەنی عـەرەبی شـۆڤینی و بەعسـیەکانە، جگـە لـە تـیرۆر کردنـی کوردەکـانی ئـەو ناوچـانەش لـە دوو رۆژی رابـرروودا، زۆر بەداخـەوە بەرپرسـی کۆمیتـەی سـەعدیەی یـەکێتی نیشـتمانی

کوردستان و پاسەوانێکیان شەهید کرد، ئەم کارە دوژمنکاریانە پێمان دەڵێن کە دەبێت هەرێمی کوردستان و حکومەتی خۆمان و خەڵکی ئەو شارانە بەرنامەی هەمەلایەنەو روونمان هەبێت بۆ دیاری کردنی چارەنووسی هاووڵاتیانی ئەم ناوچانە.

پێشتر هەوڵە ئاشتیخوازەکانی سەرکردایەتی کوردو خەڵکی کوردستان لەپێناو پێکەوە ژیانی هەمووان و سیاسەتی حەکیمانە بۆ دەرچوون لەو هەموو دژایەتی کردنەو تیرۆرو لەناوبردن و دیاری کردنی نەخشە رێگا بۆ ئایندە، دان بە خۆداگرتن و قوربانی زۆریشی ویست کە بە پشتیوانی خوای گەورەو هاوکاری هەمووان سەرکەوتوو بووین، لەگەڵ رۆژە سەختەکاندا هێرشی دوژمنکارانەی شۆڤینیەکان بۆ سەر کوردەکان و شۆڕشەکانی بەردەوام بووە، ئەم گەلە قارەمانەی کوردستان بە جەستەو خوێن پارێزگاریان لە کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان و کوردستان کردووەو پێشڕەوی رەوڕەوی ئەم تێکۆشانەش تەنها پێشمەرگە بووە، کە هەردەم سنگیان کردۆتە قەڵغان بۆ پاراستنی نەتەوەکەمان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لێرەو رایدەگەیەنم کە پێویستە بە وردی ئاگامان لە گردبوونەوەو کۆبوونەوە گشت گیریەکانی هەندێك لە عەرەبەکان هەبێت، کە لە ئێستادا جموجۆڵێکی تەواو هەیە لە سەعدیەو جەلەولاو تا مەندەلی و بگرە چاویان بڕیووەتە شاری خانەقین و گوندەکانی تری دەوروبەری، بۆیە زۆر پێویستە لە ئێستادا ماڵی کورد یەك بخرێتەوەو هەموومان پێکەوە پارێزگاری لە نیشتمان و دەستکەوتەکانیان بکەین، کە ئەمە تەنها رێگایە بۆ بەر پەرچدانەوەی هەر هێرشێکی دوژمنکارانەو پەلامارێك دژ بە میللەتەکان، لە هەمان کاتدا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە بەغدا سەرجەم هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ:

1- ئاگادار کردنەوەی ئەمریکیەکان سەبارەت بەو پلانەی کە ئێستا لە ئارادایە بۆ دووبارە تەعریب کردنەوەی ئەو ناوچانەی کە خەڵکەکەی تیرۆر دەکەن.

2- خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی (140)ی دەستووری عێراق.

3- جێ بەجێ کردنی هێزی هاوبەشی ئەو لیوایانەی کە هەیکل و پێکهاتەکانیانی کوردن، بەتایبەتی ئەو هێزە نیزامیانەی کە خەڵکی جەربەزەو پێشمەرگەی مەشق پێ کراون لەناو پێکهاتەی ئەو هێزانەدا جێگیر بکرێن.

4- هێزی زیاتری پێشمەرگەی کوردستان بەشێوازی جۆراوجۆر لەو سنوورانە نزیك بکرێنەوە، بۆ پشتیوانی کردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە.

5- گفتوگۆ کردن لەگەڵ هێزە دیموکرات و پێشکەوتوو خوازەکانی تری عێراق، تاوەکو گیانی ئاشتی و پێکەوە ژیان جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانە.

6- هەوڵەکان چڕ بکرێتەوە لە گەڵ هێزە دیموکرات و شۆڕشگێرەکانی تری عێراق بۆ پشتیوانی کردنمان لە تیرۆرو پاکتاو کردنی نەتەوەی کوردستان و، هەروەها بەر پەرچدانەوەی سیاسەتی شۆڤینیانەو

**ڕەتکردنەوەی ئـەو کردەوانانـەی لـەو ناوچـانە کـە مـەیلی قـۆرخ کردنـەو هـەڵێنجراوی ڕەفتـارە فاشـیەکانی بەعسن.**

**7- پێویستە دەزگا ئەمنیەکانی خۆمان لـەو ناوچـانەدا جـارێکی تـر بەشـێوازێکی نـوێ و هاوبەشـانە لەگـەڵ حکومەتی عێراق ڕێك بخرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە گرتنـەوەی ئـاوی ئەڵوەنـد، پێویسـتە لـە ڕێگـای نوێنـەرانی هـەرێمی کوردسـتان لـە بەغـدا هـەر لـە سـەرۆك کۆمـارو جێگـری سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران و کەناڵـەکانی تـری دیبلۆماسی فشار بخرێتە سەر حکومەتی عێراق، تاکو ڕێگا چارەیەکی گونجاو بـۆ ئـەو گرفتـە بدۆزرێتـەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار ئارام قادر کەرەم بکە.**

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەرەتا دەستخۆشی دەکەم بۆ بڕیاری گرێدانی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەرلەمان، سەبارەت بە ناوچە جێ ناکۆکەکان، بەتایبەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی سیاسەتی تەعریب و پاکتاو کردنی کـورد لـەو ناوچـانەدا، بـەڵام ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم کێشەیە تەنها لە ئەمڕۆوە دەستی پێ نـەکردووە، بـەڵکو ماوەیـەکی زۆر دوورو درێژە ئەم سیاسەتە لەو ناوچانەدا ڕۆژانەو بە نەخشە پیادە دەکرێت، ئێمە لە بەدواداچوونێکمان بۆ کێشـەی تـەعریب و پاکتـاو کـردن لـە مـانگی 2010/10 پرسـیارێکمان ئاراسـتەی ئەنجومـەنی وەزیـران کردووەو کۆمەڵێك زانیاریمان ناردووە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کە ئـەو مەترسـیە ئێسـتا ڕووی کردۆتە ئەو ناوچانە، بۆ نموونە (8750) خێزانـی عـەرەب لـە ناوەڕاسـتی عێراقـەوە هاتوونەتـە کـەرکووك هەر یەکە بە پاساوی جیا جیاو، (11) هەزار خێزان لە ناو کەرکووك دایەو بەپێی بڕیاری مـاددەی (140) پێویستە بگەڕێنەوە، تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە هەرچەندە بیست ملیۆنەکەشیان وەرگرتـووە، تـەنها (1000) خێزان گەڕاونەتەوە، هەروەها دیاردەیەکی تری مەترسیداریشمان خستە بـەردەم ئەنجومـەنی وەزیـران کـە ئەویش ئەوەیە خێزانە کوردەکان ئێسـتا دەسـتیان کـردووە بـە فرۆشـتنی خـانوو بـەنرخێکی بـەرزو باریـان کردۆتە هەولێرو سلێمانی و گەرمیان، هـەروەها ئاماژەیەکیشـمان کـردووە بـە زانیارییـەکی تـر، ئـەویش لـە ماوەی شەش مانگدا (500 تا 600) خێزان لە ناوچەی دوزخورماتوو باریان کردووە، کە ئەمانە بەڕاسـتی ئاماژەیەکی زۆر مەترسیدار بـوون، بـۆ ئـەوەی حکومـەت بەشـێوەیەکی جـددیتر لێکۆڵینـەوە لـەو مەسـەلانە بکات، بەڵام بەداخەوە وەڵامیان تەنها ئەوە بوو کە ناردوویانەتەوە ئێمە هەوڵ دەدەین، سوورین لەسەر جێ بەجێ کردنی ماددەی (140)، بەپێی ماددەی حەوتی بڕگەی سێ لە یاسای دەستەی ناوچە جێ ناکۆکەکان، پێویسـتە سـەرۆکی دەسـتە بـە دەوری ڕاپۆرتێـك ئامـادە بکـات لـە ڕێگـەی ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە بگاتـە پەرلەمان، بەڵام بەداخـەوە تـاکو ئێسـتا ئـەو ڕاپۆرتـە نەگەیشـتووە، مـن لـە بەدواداچـوونێکماندا داوای ئـەو**

راپۆرتەمان کردووە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەڵامەکەی بەم شێوەیە ناردووە، گوایە سەرۆکی دەستە بەچەند کارێکی گرنگ لە بەغداد سەرقاڵە بەو کارەو ڕاپۆرتەکە ئامادە نەکراوە، کە ئەمە بەڕاستی دەپرسم چی لە ماددەی 140 گرنگ ترە؟، من لەگەڵ ناردنی هێزی پێشمەرگەم بۆ ئەو ناوچانە و جێگیر کردنی، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە بۆ ئێستا؟، بۆ پێشتر نەبووە؟، لە کاتێکدا ئەو پاساوەی کە لەمەو پێش کە بریتیە لە تەنسیق لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکاو هەروەها تەنسیق لەگەڵ حکومەتی ناوەند، یەعنی ئێستاش هەر هەمان پاساو هەر هەیە، بەڵام ئێستا من ئەو دەست خۆشیە ئەکەم، کە وەك چۆن زۆرێك لە بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە ئەوەیان ڕەت کردەوە کە ئێمە بەبێ تەنسیق لیوای (2)مان جێگیر کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا جەخت لەوە دەکەمەوە کە ناردنی هێزی پێشمەرگە بە پێی ماددەی (10) بڕگەی (11) پێویستە پەرلەمان پەسەندی بکات، پێویستە لە لایەن پەرلەمانەوە ئەنجام بدرێت، خاڵێکی تریشم ئەوەیە نوێنەرانی کورد بەڕاستی لەناو ئەنجومەنی نوێنەران و بەغدا بە تێکڕا، زۆر بە کەمتەرخەم دەیان بینم سەبارەت بەم کێشەیە، چونکە لە پەیڕەوی ناوخۆی ئیتیلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکان لە دوو خاڵدا جەخت کراوەتەوە، لەوەی کە پێویستە نوێنەرانی کورد هەوڵ بدەن بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140، بەڵام بەڕاستی ئەم واقعە پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێ، بۆیە من سێ پێشنیار دەخەمە بەردەم بەڕێزتان، یەکێك لەوانە پێویستە کورد پێداچوونەوەیەك بکات بە سیاسەتی خۆی، لەناو بەغداد، چونکە ئەو هێزانەی ئێمە هاوپەیمانیمان لەگەڵدا کردوون، لەناو بەغدادا هەرئەوان ئێستا هەڵدەستن بە سیاسەتی پاکتاو کردن و تەعریب لەناوچەکاندا، پێشنیاری دووەمم، ئەوەیە کە لیژنەیەکی تایبەت لە پەرلەمان بە ماددەی (140) پێکبهێندرێت، چونکە بەڕاستی دەستەی جێگە ناکۆکەکان سەلماندی کە نەیتوانیوە بەو ئەرکانەی خۆی هەڵبستێ، کە پێنج ئەرکی بۆ دیاری کراوە هەمووی پەیوەستە بەم کێشەیەوە، بەڵام تا ئێستا پێچەوانەکەی دەبینین، پێشنیاری سێهەم ئەوەیە، هەموو پێشنیارەکانی لیژنەی هاوبەشی پەرلەمان کە دەست خۆشیان لێ دەکەم، پێشنیارەکان بکرێتە بڕیار و ڕاسپاردەی مولزەم بۆ حکومەت، نەوەك تەنها بمێنێتەوە لە چوارچێوەی بەیاننامەیەك، یاخود ڕوونکردنەوەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئەمیر گۆگا کەرەمکە.

**بەڕێز ئەمیر گۆگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی سوپاس بۆ دەست پێشخەریا سەرۆکاتیا پەرلەمانی بۆ جێبەجێ کردنا ڤی کۆمبینا، هەروەسا سوپاس بۆ ئامادەبوونا هەرسێ وەزیرێن بەڕێز ل کۆمبونێ، پێشەکی سلاڤ بۆ گیانێ پاکی شەهیدان، هەروەسا سلاڤ بۆ وی خەلکێ شەرەف مەند و خۆڕاگر، هێڤی دارم ب زووترین وەخت ئارامی ل ڤی دەڤەرێ پەیدا ببی، بەڕێزان دەڤەرێ ماددەی 140 ب گشتی بن مەترسیێ تیرۆرێدانە، ژ ئالیەکێ دیڤە پشت گۆ هاتینە ژلایێ حکومەتا ئیتیحادیڤە، ئەڤە بۆ سەردەما دروست بوونێ فەراغا ئیداری و ئەمنی هەمی

ئاكنجيێت ڤان دەڤەرا شنگالێ و دەشتا میسلێ و جەلەولا و هەرسالێ دەهان قوربانی ددن جارا بن ناڤێ شەڕێ نـەژادی دژی کـوردان، جـارا شـەڕێ ئـاینێ دژی مەسـیحی و ئێزدیـان، سـەرئەنجام شـەڕێ دژی خـەلکێ کوردستانێیە، ئەڤە چەند پرسیار دکەم، ئێك، بێ هەلۆێستیا حکومەتا عیراقێ، دەهان پرسیار سـەر عـیراق دیار دکەن، وەکو حکومەتەك شیانا پاراستنا عیراقیان نەبت، ژ شەڕێ نەژاد پەرستیاو ڕەشـە کوژیـا تـیرۆرێ، دوو، هەلۆێستا وان هەمی بەرپرسیارێ کودرسـتانی ل بەغـدا هـەی، جهـێ پرسـیارێیە، تـا نوکـە ب کەمیڤـە بەرپرسێن سەربازی و ئاسایشێ، ل ڤان جها هاتینـە داخـاز کـرن، لێپرسـینەك ژێ پەیوەنـدیـدار ل گـەلێ وان هاتبینـە کـرن، یـان ئیجرائـات یـان گۆڕینێـت دگـەل وان هاتبیتـە ئەنجامـدان، سـێ، ئـەرێ ململانـا سیاسـی و قەیرانا ل کوردستانێ پەیدا بووی، چەند گروپێ تیرۆرستێ ب دەرفەت زانیە، مو ژێلیا خەلکێ کوردسـتانێ، پارتێن کوردستانێ، ئەڤە بیە جهێ کو شیانا هێرشێ، تا نوکە سەعدیە و جەلەولا پتر ل هـزارو شـەش سـەد خێزان ئاوارە بوون، چار، ماددەی 140 شینا چارەسەری ب ڕاستی یێ بویە ئالۆزیەك ل سەر ئاستێ عیراقێ، ڤی ڕەنگی نوکە ب سالا دەم پێتڤیا تا چارەنڤیسێ وان یەکلا بکەت، ئەرێ ئەو لیژنا پەرلەمانێ عیراقێ ئاڤا کری، کو پتر سێ ئەندام پەرلەمانێ پێك دێت، دشێ چ پێشکەش بکەت، نسبا کوردا ئەز بێژم نزیکەی شەش کـەس زێـدەتر تێـدا نینـە، ئـەرێ دشـێت تشـتەکێ بکـەت ئـەڤ لیژنـە، پێـنج، یـا فـەرەو پێتڤیـە ئـەڤ هێـزا پێشمەرگەی بـن هـەربار و ڕەوشـەکێ بـت فـەرە ڤـان دەڤـەرا کـۆنـترۆلێ بکـەت، چارەسـەری و پێشـنیار، ئێـك، دەڤەرێ ماددەی 140 بێنە ئارام کرن، ب ڕەنگەك بگونجێ، بـەر وەخـت و هێـزێ پێشـمەرگەی ل خـۆوە بـن جە بن، زڤراندنا باوەڕی بۆ هاوولاتیان ل ڤان دەڤەرا، زڤڕاندنا وان بـۆ جـە و وارێ وان، دگـەل پەیـدا کرنـا پێتڤیێن سەرەتایی ژیانێ، سێ، داخازا قەرەبوو کرنا وان ئاواران دامەزراندنا سـندوقەکێ تایبـەت ب وان بـۆ ئاریشێن ژ ڤی ڕەنگی دەڤەرێن ماددەیا 140 کو سالانە بەرەنگاریا هێرشێن تیرۆرستا دبن، چار، هەولدان بۆ پتر خزمەت کرنا وان دەڤەرا ژ ئالیا حکومـەتا کوردسـتانێ و پێشکەش کرنـا خزمـەت گـوزاری، خزمـەتێت پێتڤی بۆ وان ل دیف شیانە، پێنـج نەهێلانا سـیمایێن دوو ئیـدارەیی، دەڤـەرێن مـاددەی 140 کـو زۆر جـار بویە سەردەما لاوازیا کوردستانێ، شەش هەولدان بـۆ یـەکلا کردنـەوەی هەنـدەك پرسێن پەیوەنـدیـدار، ب لیژنا کاروبارێن مولکداریێ وان دەڤەرا، حەفت، پەیدا کرنا فشارەکی سیاسی، ل سەر هەمی ئاستەکی، ئیدانە کرنا ڤان رەفتارا، سەرئاستێ کوتلا کوردستانی ل پەرلـەمانی عیراقـێ، یـان کـوتلا کـوردی و جڤاتـا وەزیـران، لایەنێن سیاسی ل هەرێما کوردستانێ، هەلۆێستا دۆستێ یێ دوەلی بێتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئەڤین عمر کەرەمکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەبێ ئەمڕۆ بەڕاستی هەموومان خۆمان بـە بەرپرسـیار بـزانین کـەوا لـەو مەسـەلە گرنگـەی کـە ئێسـتا لـە بەشێك لە خاکی ئێمە، خاکی کوردستان ڕوو ئەدات، بەشێك لە میللەتی ئێمە، کە ئێمە ئـەمڕۆ دانیشـتووین

لێره، ئەوان بەر تیرۆرست و تەقینەوەو کوشتن و ڕاوەدوونـان ئـەنرێن، هـەروەها مـن ئـەمرۆ سـەری ڕێـز و نەوازش دائەنوێنم بۆ هەموو ئەو شەهیدانەی کەوا لەو ناوچەیە شەهید کراون، ئینشائەڵڵا خـوا سـەبووری هەموو لایەکمان بدات، چونکە ئەمانە خـەڵکی ئێمـەن، بەشـێکن لـەم میللەتـەی ئێمـە، بـەڕێزان حکومـەتی بەعس ساڵی $1974$ دەستی کرد بە تـەرحیل کردنـی ئـەم ناوچـەیە، ئـەوەبوو $70\%$ خـەڵکی ئـەم ناوچـەیە بنەڕەتی یان ڕەسەنی ئەم ناوچەیەی تەرحیل کرد بۆ شارەکانی رمـادی و سـەماوەو ئـەو شـارە عەرەبیانـەی کە لە باشوور و ناوەڕاستی عیراق بوون، بەڵام ئەمڕۆ سیاسەتی تـەعریب بـە شـێوازێکی تـرە، بـە شـێوازێکی زۆر جیاوازە لە جاران، چونکە جاران تەرحیل ئەکران بە زۆر ئەنێردران، بەڵام ئێستا بە تۆقین و بە تـرس و بە تیرۆر کردن و بـە خـەتف کردنیـان، وایـان لێ ئەکـەن کـە خـەڵکی ئـەم ناوچـەیە ناچـار بـن خۆیـان بـە دەستی خۆیان ماڵ و ئەرز و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن، وایان لێ هاتووە تاوەکو ئێسـتا داتاکـان پێمـان ئـەڵێن، بـرادەرانیش هـەموویان باسـی ئـەوە دەکـەن کـەوا ژمـارەی ئـەو کەسـانە یـاخود ئـەو خێزانانـەی کـە ماڵیـان بەجێهێشتووە، لە $1800$ خێزان خۆی تێپەڕ ئەکات، ئەوە وامان نیشان ئەدات کە خەڵکەکە هێواش هێواش وای لێ هـاتووە لـەم ناوچـانە ڕێـژەیان کـەم بێتـەوە، ئـەوە بـۆ ئێمـە وەکـو چـۆن ئـەڵێی کێشـەیەك یـاخود موشکیلەیەکی نەتەوەیمان بۆ دروست ئەکات، چونکە ئەزانین ئێمە ئەو ناوچانە هـەمووی ناوچـەی نـاکۆکی لەسەرە، ئەگەر هاتو ئینشائەڵڵا گەیشـتە بـارێکی ئاسـایی و سـەرژمێری کـرا لـەوێ، ئێمـە لـەوێ وەکـو کـورد باجی ئەدەینەوە لەو شوێنە، بۆیە ئەمە بەڕاستی کێشەیەکی فعلیە، کێشەیەکی زۆر گەورەیە کە ئێمە ئەبێ بە زۆر بە واقعیانـە مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەین، هـەروەها ئـەبینین ئـەو کـردەوە تیرۆرسـتیانەی تـەنها تـەنها کوردەکانی نەگرتۆتەوە لەو شوێنە، بەڵکو تورکمانەکانیشی گرتۆتەوە، بـرا مەسـیحی و سـائیبەکانیش، کـەوا خەڵکی بنەڕەتی ئەو ناوچەیەن ئەوانیشی گرتۆتەوە، وایان لێ هاتووە کە ئێستا زێدی خۆیان بەجێهێشتووە، ڕوویان کردووە لەناوچەکانی تر، تەنهاو تەنها بـۆ ئـەوە دەگـەڕێن جێگایـەك پەیـدا بکـەن، ئـەمن و ئـەمانی تێدا بۆخۆیان بەدی بێنن، بەڕێزان شاری خانەقین شارێکی زۆر کۆنە، یەکێکە لە قەزا کۆنەکانی عیراق، ئەم شـارە لـە پێـنج ناحیـە پێـك هـاتووە، $250$ گونـدی لەسـەرە، سـێ ناحیـە، لـەو پێـنج ناحیـەی لـە هـەرێمی کوردسـتانە، یـاخود لـە ژێـر ئیـدارەی هـەرێمی کوردسـتانە، کـە ئـەبینین ئـەوان لـەبارێکی ئـامن و خـۆش گوزەرانیدان، لەچاو ئەو دوو ناحیەی تر کە جەلەولا و سەعدیەیە، کە ئێستا هەموومان ئەزانین تیرۆرستان بەشێوەیەك ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەن، یاخود ئەو کۆنە بەعسی و قاعیدانـە بەشـێوەیەك ڕەفتاریـان لەگەڵدا دەکەن، کەوا ڕۆژانە بەری تیرۆرو کوشتن و تەقینەوە کەوتوون، بۆیە ئەبینین تاوەکو ئێستا هـەزارو هەشـت سەد خێزان لەو ناوچەیە ماڵـەکانی خۆیـان بەجێهێشـتووە، بـەڵام لـە شـوێنی ئـەوان $7000$ هـەزار عـەرەب هاتوونە لە جێگای ئەوان نیشتەجێ بوون، بۆیە بەرەئی من دەست خۆشی لە لیژنە ئەکەم کەوا سەردانیان کردبوو، ڕاپۆرتەکانیش زۆر بە پێزە، پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەیان دەکەم، بەڵام لەگەڵ ئـەوەش جـەخت لـەوە دەکەمەوە، کە دەبێ ئێمە یەکەم، بەشێوەیەکی واقعـی و عەمـەلی کارلەگـەڵ ئـەم مەسـەلەدا بکـەین، نـاردنی هێزی پێشمەرگەو هێزی کوردی بۆ ئەو ناوچەیە ئێستا بۆ پاراسـتنی مـاڵ و حـاڵ وگیـانی ئـەو هاووڵاتیانـە

زۆر كارێكی گرنگه، هەروەها هاوبەشی كردنی كورد له هێزه ئەمنیەكان لەناو شارەكان بۆ پاراستنی ماڵ و حاڵی ئەو كوردانه زۆر كارێكی گرنگه، ئەبێ ئێمه به خاڵێكی زۆر گرنگی تەماشا بكەین، كارێكی جدی بۆ بكەین، هەروەها جەخت لەسەر ئەوه بكەینەوه كه هەرچەنده ئێستا ئێمه وەكو كورد جەخت لەسەر ماددەی 140دەكەین، بەلاّم هەوڵەكانمان زیاتر چڕ بكەینەوه بۆ جێبەجێ كردنی ماددەی 140، چونكه چارەسەر كردنی شوێنه ناكۆكی لەسەرەكان، ئەو ناوچانه تەنهاو تەنها ماددەی 140 جێبەجێ دەكەن، ئەگەر بێتو ئێمه دیراسەیەكی بكەین، ئێمه دەبینین 800 عەقدی زراعی، 800 زەوی زراعی فەلاحی كورد و جوتیاری كورد كه له ساڵی 1974 وه لێیان وەرگیراوەتەوه، لەسەر 1312 جوتیاری عەرەب تۆمار كراوه، كه ئەمه خۆی له خۆیدا كێشەیەكی دروست كردووه، بۆ ئەو كوردانەی كه ئەیانەوی بگەڕێنەوه بۆ سەر ئەرز و حاڵی خۆیان، ئەیانەوێ بگەڕێنەوه بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان ناتوانن، لەبەر ئەوه به یاسا ئێستا ڕێگریان لێ كراوه، كاتێكیش ئەیانەوێ بگەڕێنەوه، كه كاتێك ئەچن حەلی نیزاعات بكەن ئەگەیەندرێته دادگاكان، لەبەر ئەوەی حاكمەكان عەرەبن بەڕاستی به جدی سەیری مەسەلەكانیان ناكەن، قەزیەكانیان لایەنی دووەمە، یاخود حاكمەكه خۆی تەئجیلی ئەكات، بۆیه تاوەكو ئێستا یەك پارچه عەرزی كوردی نەگەڕاوەتەوه بۆیان، بۆ ئەوەی تاوەكو بتوانن ئەو جوتیاره كوردانەی ئێمه لەسەر عەرزو حاڵی خۆیان جێگیر ببن و بتوانن ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەسەر بەرن، هەروەها ئەگەر بێتو ئەو خەڵكانەی كه هاتوون و ئەو عەرەبانەی كه هاتوون لەوێ نیشتەجێبوون، ئەگەر بێتو كار بۆ ئەوه بكرێت، ئەو كەسانەی كه ئێستا بۆ ئەو شوێنه ناكۆكیانه هاتوون، ئەو عەرەبانه به تایبەتی كه هاتوونه بۆ ئەوێ، وایان لێ بكرێت له مافه سیاسیەكان بێ بەش بكرێن لەو ناوچەیه، تاوەكو ناچار بكرێن بگەڕێنەوه بۆ شوێنەكانی خۆیان، كەواته له ئینتیخابات، لەو شوێنانه ئەبێ ئەوان بێ بەش بكرێن، تاوەكو گەڕانەوەی خۆیان، یاخود مسۆگەری ئەوه بكەین، كه ئەو كەسانه بگەڕێنەوه بۆ سەر حاڵ و ئەو شارانەی كه لێوەی هاتوون بۆ ئەو ناوچه كوردیانه، هەروەها ئەبێ ئێمه كارێكی ئانی و خێرا بۆ ئەوه بكەین، چ لەو خزمەتگوزاریانەی كه له هەرێمی كوردستان هەیه، خەڵكی ئێمه لەو ناوچانه بێ بەش نەبن، هەر له پێشینەی هاوسەرگیری یاخود سولفەی عەقاره، یان ئەو سولفانەی كه ئەكەوێته پڕۆژه بچووكەكان، هەروەها كار بۆ ئەوه بكەین كەوا هەندێ خزمەتگوزاری سەرەكی هەیه، بگەیەندرێته ئەوه ناوچانه، ئاو، كارەبا، ڕێگاو بان، هەروەها له چەند مانگی ئایندەدا، كه ئێمه لەناو پەرلەمانی كوردستان، موناقەشەی بودجەی ساڵی 2012 دەكەین، ئەو ناوچانه به فعلی وەربگرین، وەكو شارەكانی تری كوردستان مامەڵەی لەگەڵ بكەین، بیخەینه ئەمرێكی واقع، كەوا ئەوانه ئەركی ئێمه بێ له حكومەتی هەرێم كەوا دابین كردنی خزمەتگوزاری، هەروەها بودجەیان بۆ تەرخان بكرێت، هەروەها سەبارەت به ئاوی ئەڵوەندیش لیژنەیەكی پەرلەمانیش منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەم، كه تەشكیل بكرێت، بەڕاستی و به جدی ئەوه لەگەڵ حكومەتی عیراق پەرلەمانی عیراقی كاری جدی بكەین، له ڕێگای كەناڵه دبلۆماسیەكانەوه چارەسەری وشكه ئاوی ئەو ڕووباره بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز دڵشاد شهاب كەرەمكە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەرەتا من دەست خۆشی لە هاوكارانم دەكەم ئەوانەی كەوا بە ئەركی خۆیان هەڵساون، دوای كۆبوونەوەی ڕابردووی نائاسایی پەرلەمان، سەردانی ئەو ناوچانەیان كردووە، كە لە نزیكەوە لێكۆڵینەوەو هەنگاوی پێویستیان ناوە بۆ دیراسەت كردن و خستنەڕووی پێشنیارەكان، پاڵپشتی سەرجەم پێشنیارەكانیشیان دەكەین، ئەوانەی كە لە ڕاپۆرتەكەیاندا هاتوون، پێشكەش بە سەرۆكایەتی پەرلەمان كراون، داواش دەكەم كەوا بە زووترین كات سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەو پێشنیارانەو پێشنیارەكانی تر، كە ئەمڕۆ لە كۆبوونەوەكەدا باس دەكرێن، لە شێوەی پێشنیارێكی ئیلزامی، ئەوانەی كە مومكین لە دەسەڵاتی حكومەت و دام و دەزگاكاندان بدرێنە دام و دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان، بۆ جێبەجێ كردنیان، ڕێز و سڵاو خۆشەویستی بۆ خەڵكی خۆڕاگری ئەو ناوچانە، ئەوانەی كەوا بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی كاری تیرۆرستی دان، ئەوان خەباتێك دەكەن بە نوێنەرایەتی میللەتێك، بە نوێنەرایەتی نەتەوەیەك بە دڵ و بە گیان پاڵپشتیان لێ دەكەین، لەگەڵ هەموو مەینەتی و ئازارەكانیان داین، چ ئەو خۆشەویستانەی كەوا بە دەستی بێ ئاوی و زوڵمێكی تری دراوسێكانی ئێمە دەناڵێنن لە بڕینی سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێزان هەموومان دەزانین كەوا عیراق ماوەیەكی زۆرە بە تێكڕایی ناوچەكانی، جگە لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی كوردستان، ڕووبەڕووی كاری تیرۆرستی و كاری پلان داڕێژراوی تیرۆری دەبێتەوە، ئێمە ئیدانەی هەموو جۆرەكارێكی تیرۆرستی دەكەین لە هەر شوێنێكی عیراق بێت، لە دژی هەر كەسێك و هەر نەتەوەیەك و هەر ئاینێك، هەر كەسێك بێت، بەڵام بە داخەوە كەوا هەست دەكەین ئەوەی لە ناوچە كێشە لەسەرەكان ڕوو دەدات، ئەمە پیادەكردنی پلانێكی شۆڤێنیانە و دوژمن كارانەیە، لەژێر پەردەی تیرۆردا، تیرۆر خۆی نەخۆشیەك و بەڵاو دەردێكی كوشندەیە كە ئەم میللەتەی گرتووە، ئینجا دەبێ حاڵی كەس و كاری ئێمە چۆن بێ، لە ژێر پەردەی ئەم نیگبەتیەدا پلانێكی كوشندەی شۆڤێنیانە دژی خەڵكی ئێمە پیادە دەكرێت، هەموو دونیا دەزانن میللەتی ئێمە هەر لە ڕۆژانی یەكەمی ڕاپەڕینی گەلی كوردستانەوە، دەستی دۆستایەتی و برایەتی و پێكەوە ژیانی لەگەڵ گەلی عیراق بە تێكرا بە تایبەتی لەگەڵ برا عەرەبەكان درێژ كرد، تاوەكو ئێستاش ئێمە لەسەر هەمان نەهج و لەسەر هەمان ڕێڕەو دەڕۆین، لە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی كوردستان، چ وەكو پەرەوەردەی تاكیش لە هەرێمی كوردستان، ئەو برا خۆشەویستانەی كە لە ناوچەكانی تری عیراقەوە دێن، سەردانی هەرێمی كوردستان دەكەن، بەو پەڕی ڕێزو خۆشەویستی تەقدیر دەكەن، هەست دەكەن كەوا نەچوونەتە شوێنێكی بێگانە، كەچی لە كاتێكدا وای لێ بێت لە هەندێك شوێنی تری عیراق، تەنها دراو سێیەتیمان لەگەڵ هەندێك لەو شۆڤێنیانە هەبێت، كورد بوونی تاكێك ببێتە ئەگەری ئەوەی كەوا ژیانی لە**

مەترسیدابێت، بەڕاستی ئەمە جێگای هەڵوەستەیە، ئەمە ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ ئایندەی پێکەوە ژیانی دوو نەتەوەی سەرەکی لەگەڵ نەتەوەکانی تریش لە عیراقدا، شۆڕشی کورد بەوە ناسراوە کە بە درێژایی تەمەن و ئەو هەموو دوژمنکاریانەی پێکەوە لە دژی میللەتی ئێمە پیادە کراوە، شۆڕشێکی خاوێن بووە، هەموو هەوڵێك دراوە لەسەردەمی شۆڕشەکانی کورد و کوردستاندا، شەڕو فیتنەی قەومی لە بەینی کورد و عەرەبدا دروست نەبێ، بەلاّم شۆڤێنیەکان ئەمڕۆ لە بێئاگایی دەسەلاّتدارانی بەغدا ئەم پلانە بە ئاسانی و بە سووکی پەیڕەو دەکەن لە دژی خەڵکی ئێمە، بۆیە بە پێویستی دەزانین کەوا چەند خاڵێك بخەینەڕوو، وەکو هەوڵ و هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی سنوور دانانێك بۆ ئەو پلانە ناحەزەیەی لە دژی میللەتی ئێمە هەیە، بە دیتنی من ئەگەر پرسێك هەبێ ناوی پرسی ڕەهەندی نیشتیمانی و، ڕەهەندی نەتەوەیی بێت، هیچ پرسێك لەوەی کە ئێستا بەرەو ڕووی خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی خەڵکی نەتەوەی کورد دەبێتەوە، هیچ پرسێك لەوە هەستیار تر و نیشتیمانی تر و نەتەوەیی تر نیە، کەوا کو دەنگیەکی وا بخوازێت لەسەر هەموو ئاستەکانی ناوخۆیی و دەرەوە، بەتایبەتی نوێنەرانی ئێمە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، یەك دەنگ بن، لە برِی ئەوەی کەوا کێشە لاوەکیەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بگوازنەوە بۆ لەبەردەمی ناحەزانی کورد لەوێدا، گفتوگۆی دژی یەکتری بکەن، ئەمڕۆ نیشانی ناحەزان و دۆستانی بدەن کەوا ئێمە یەك دەنگ و یەك دەست و یەك هەڵوێستین بەرامبەر ئەو مەترسیانەی لەسەر نەتەوەو لەسەر گەلی ئێمە هەیە، کاربەدەستانی عیراق ئاگادار بکرێنەوە لەوەی کەوا مەترسی پەرەسەندنی ئەم وەزعەو، گەشەکردنی گیانی دوژمنایەتی لەنێوان دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان کە دەتوانم بڵێم لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا و یاخود ئەو ناوچانەی کەوا کێشەی لەسەرە، ئەمە ئایندەیەکی خراپ لە عیراق دروست دەکات، دەبێ ئەمانە بە بەرپرسیارێتی خۆیان هەڵبستن مەسئولانە لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا هەڵسوکەوت بکەن، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەسەرجەم دەسەلاّتەکان، زۆر بە وردی بە مەسئولیەتەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکەن، لە سێ ڕووە وە، یەك، خستنەگەڕی هەموو توانایەك بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140، بە تێڕوانینی ئێمە و هەموو سەلمێندراوەکانیش ئەو دەرەنجامەی یاخود دەرهاویشتەی جێبەجێ نەکردنی ئەم ماددەیە، بەکارهێنانی هەموو شێوازێکی گونجاو ویاسایی بۆ پاراستنی گیان و سەروەت و سامانی خەڵکی کورد، کە لە ژێر هەڕەشەی مەترسی تیرۆرستان و شۆڤێنیەکاندایە، سێیەم ، ڕاگرتنی بالآنسێك لە نێوان ئەم هەنگاوانەو پلانی ناحەزان بۆ دروست کردنی شەڕی نێوان کورد و عەرەب، کە ئەمەش لە مەسئولیەتی ئێمەدا بە درێژایی مێژوو، کە وەکو لە سەرەتادا ئاماژەم پێی کرد، مادام لەم پلانە دەرباز بووین، دەبێ ئێستاش لەگەڵ ئەم مەسەلەیە مامەڵە بکەین، هەنگاوەکانی حکومەت جدی و فەعال تر بن، لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو گرفتانەی کە لە دەرئەنجامی گرتنەوەی ئاوی ئەڵوەند و سەرچاوەکانی تری ئاو، کە ڕەنگە کێشەی تریشی بەدوا دابێت، وەکو ئەوەی کەوا هەستی پێ دەکەین، عیراق بە شێوەیەکی گشتی کەوا سەرچاوەکانی زۆربەی لە هەرێمی کوردستانەوە لە ولاّتەکانی دراوسێ دەڕژێنە ناو عیراقەوە، هیچ پرۆتۆکۆڵێك و هیچ ڕێگریەکی

نێودەوڵەتی وەها نیە، کەوا موڵکیەت و هاوبەشی عیراق لەم مەسەلەیەدا بپارێزن، بۆیە لەوە دەچێت کەوا هەموو سەرچاوەکانی ئاوی عیراق و ئەوانەی کە بە هەرێمی کوردستاندا تێپەڕدەبن، ئەگەری ئەوەو مەترسی ئەوەی لەسەر هەبێ کەوا ڕۆژان بگەڕێنەوە، کە بە ئەکیدی زەرەرمەندنی یەکەم هەرێمی کوردستان دەبێ، دوایش هەموو عیراق دەبێ، بە داخەوە ململانێ سیاسیەکانی عیراق وای کردووە کەوا شەڕی دەسەلات و ململانێیە سیاسیە ناوخۆییەکان، کەوا عیراق وشیاریەکی بەرامبەر ئەم مەسەلەیە نیە، ئەوانە بۆیە ئەوەندە تیکرار دەکەمەوە، ئەوانە لە دەسەلاتە سیادیەکانن، لە موڵك و سامانی نیشتیمانین، بە ڕوونی هەست دەکرێت بەرێزان کەوا حکومەتی عیراق خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لە هیچ کێشەیەك کە ئەگەر تەنانەت هەڕەشەی لەسەر سەروەری عیراقیش هەبێت، بەلام لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوەندەی دەسەلاتدارانی بەغدا هەڵوێستیان لە دژی بەرهەم هێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، کە ئێستا بەرهەمەکە بەشێکە لە سەروەت و سامانی عیراقی و لە داهاتەکانی عیراق وەرگرت، لەسەر هیچ مەسەلەیەکی تر نە لە سنوور بەزاندن و نە لە گرتنەوەی سەرچاوەی ئاو، نە لە دروست کردنی بەنداوەکان، نە لە هیچ هەڕەشەیەکی تری دەرەکی هەڵوێستیان وەرنەگرتووە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەوا بە ئاشکرا، زۆربەی بەشێکی زۆری ئەم دەسەلاتدارانە، ئەو پەیوەندیەی کەوا هەرێمی کوردستان داخوازی دەکات، بۆ پێکەوە ژیان، بەڕاستی ئەم هەنگاوانە بە واقیعی و واقیع بین بین، بە واقیعانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، لەبەرامبەردا لە دەسەلاتدارانی عیراق ئەم هەنگاوانە نابیندرێن، کە پێویستە بە دیتنی من یەکەم هەنگاوی هەرێمی کوردستان ئەوەبێ، ئێمە بەرپرسیارێتی یاخود حکومەتی عیراقی لایەنە بەرپرسیارەکان بخەینە بەردەمی ئەم مەسئولیەتە، هەڵوێستی ڕوونی خۆیان یەکلایی بکەنەوە، خۆ ئەگەر لە مەسەلەی کێشە سنووریەکانیش دەسەلاتیان نەبێ، خۆ لە ڕێگە گرتن لە دزە کردنی تیرۆرستان و لە پاڵدا شەهید کردنی خەڵکی کورد و کوردستان بە تێکڕا دەسەلاتیان هەیە، لە ئێستاوە ئەمە لە پلانێکی داڕێژراو دەچێت، لە دژی هەرێمی کوردستان، لە دەرەوەو لە ناوەوە، هەڕەشەی تیرۆر، هەڕەشەی تیرۆر کردن، هەڕەشەی تەعەداکردن لە خەڵك، بەزاندنی سنوورەکان، گۆڕینی سنووری هەرێمی کوردستان، گرتنەوەی سەرچاوەکانی ئاو، تۆپ باران کردن، هەڕەشەی هەموو ئەمانە لەوە دەچن کەوا پلانێکی بەرنامە داڕێژراو لە دژی میللەتەکەمان، لە دژی ولاتەکەمان هەبێ، کە پێویستی بەر لە هەموو شت بە وشیاریەکی نەتەوەیی و یەك ڕیزی و یەك دەنگی، یەك هەڵوێسی ئێمە هەیە، هەروەها خۆ ئامادە کردن بۆ هەر ئەگەرێکی لەوە خراپتر، چونکە ئەگەر کار وا بڕوات، سەیری ڕووداوەکان بکەین، ئەمساڵ لە پار خراپترەو، پار لە پێرار خراپتر بووە، ڕووداوەکان بەرەو خراپتریش دەچێت، دەست بکرێت بە تایبەتی لە مەسەلەی ئاو بە دروست کردنی، یاخود هەنگاو نانی هەندێك هەنگاوی وا سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی ئاوی تر، کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەن، یاخود لەو بڕە ئاوە زۆرەی کە زستانان بە فیڕۆ دەڕوات، ئەویش بە دروست کردنی بەنداو، بەرێزان ئەگەر لە بابەت دەرچوون نەبێت، من پێموایە دروست کردنی بەنداوەکان یەکێکن لەو سەروەتە، یاخود لەو هەنگاوانەی کە ئەبێ حکومەتی ناوەندی هەنگاوی بۆ بنێت، لەوە دەچێت کەوا

حکومەتی عیراق هیچ پلانێکی هەبێ، یاخود ئەسڵەن نەیەوێت، هیچ بەنداوێك لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە دەکرێت تاوەکو ئێستا، هەنگاوی وا بنرابایە، هەرێمی کوردستانیش دەوڵەمەند بکرابوایە، هەندێك لە ناوچەکانی تری عیراقیش، بەلاّم لەوە دەچێت کەوا حکومەت ئەم شتانەی لە بەرنامەدا نیە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرچی زووە هەنگاو لەو بابەتە بنێت، بە دیتنی من حکومەتی ناوەندیش مافی ڕێگری لەم مەسەلەیە نەماوە، چونکە خۆی هیچ هەنگاوێکی بۆ ئەم مەسەلەیە نەناوە، لە کۆتایشدا من پشتگیری هەموو ئەو پێشنیارانە دەکەم، کە لەلایەنی هاوکارانی من و لە ڕاپۆرتی لیژنەشدا هاتوون، داواکاریم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بەهاناوە چوونی ئەم خەڵکی ئێمەو گرینگیدان بەم ناوچانەی ناکۆکی لەسەرەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز برهان رشید کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی ئەم لیژنەیە من دەست خۆشیان لێ دەکەم کە ئامادەیان کردووە، لە دوو بڕگە پێك هاتووە، بڕگەی یەکەمیان، گرفتی ئاوی ئەلۆەندە، بەڕێز، گرفتی ئاو لە ولاّتان وەسائیلی تەسویل و مونازەعاتی ئاو هەیە، بەهێزترینیان ئیتیفاقی ئەرجەنتینی 1986 ە، وەکو خۆتان دەزانن بە پێی ماددەکانی (109) و (110) و(111)و (112)و ماددەکانی تر، مەوزوعی ئاو مەوزوعێکی سیادیە، پێویستە دەوڵەتی عیراق، وەزارەتی خارجی، لە ڕێگەکانی تەسوییەی مونا زەعاتەوە بە ڕێگەی ئاشتیانە چارەسەری بکات، کە وەزیری خارجیەش کوردە، لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش ئەندامامان هەیە، ئەو مەلەفە ئەبێ بە ئەوانی بسپێرین، ئەوان چارەسەری بکەن، لەبەر ئەوەی وەکو سەلاحیات و ئیختیساسات، بە پێی دەستوور، سەلاحیات و ئیختیساساتی دەوڵەتی ئیتیحادیە، ئیتیفاقیاتی دەولی هەیە، ئەعرافی دەولی هەیە بۆ ئیدارەکردن و کێشەکانی دەولی، بۆ ڕووبارە موشتەرەکەکان و ڕووبارە هاوبەشەکان، کە لە نێوان ولاّتان هەیە، هەتا بۆ بوحەیراتی موشتەرەکەش، قەواعیدی قانونی دەولی هەیە، بڕیاری تایبەت هەیەو، موئتەمەراتی تایبەت و موقەرەراتی خۆی هەیە، بەهێز ترینیان وەکو وتم ئیتیفاتی ئەرجەنتینی 1986ە، پێویستە ئێمە ئەمانە لە ڕێگەی وەزارەتی خارجی و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و دەوڵەتی ئیتیحادیەوە چارەسەر بکەین، دەربارەی بەنداوەکان، من تەئیدی قسەکانی یەکێك لە هاوڕێکانم دەکەم، بەڕاستی وەختی خۆی سەبەب بۆ دروست کردنی بەنداوی دوکان و دەربەندیخان ئەوەبووە، کە هاوینان ئاوی پێ دەشتەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراقی پێ بدەن، زستانان لە لافاو ڕزگاری بکەن، ئەگەر کەسێك بگەڕێتەوە بۆ تەئریخی دروست کردنی ئەو دوو بەنداوە، بۆی دەردەکەوێت بۆ مەسلەحەتی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور دروست کراون نەوەك ئێمە، ئێمە وەکو لە وتەکانی بەڕێز وەزیری ئاو سامانە سروشتیەکانی بەغداد گوێم لێی بوو، ئێمە بۆمان هەیە سەدی بچووك و بەنداوی بچووك و بەنداوی مام ناوەند دروست بکەین، بەلاّم بەنداوە گەورەکانی وەکو بێخمەو ئەوانەمان لە سەلاحیەتی حکومەتی ئیتیحادیە، هیچ ولاّتێ ئاوی خۆی بەو

شێوەیە ئیهمال ناکات، لەبەر ئەوەی ئاو وەکو لەو کتێبانەی کە چەندەها باحسی تورکی و باحسی سوری و لوبنانی و عیراقی دەریان کردووە، مەراکیزی دیراسات دەریان کردووە، لە موستەقبەلێکی نزیك قیمەتی هیچ لە ئاڵتونی ڕەش کەمتر نابێ، بۆیە پێویستە ئێمە لە موازەنەی عمومی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان پارەیەك تەخسیس بکەین بۆ دروست کردنی ئەو بەنداوە متەوەستانەی کە ئەکرێت ئێمە هەم ئاو خەزن بکەین، هەم زەوی پێ بەرئاو بکەین، هەم کارەبای لێ وەدەست بهێنین، هەم خەڵکێکی زۆر بگەڕێنینەوە دەشتەکان، هەم ئەتوانین ئەو ڕێگایانەی کە پێی ئەوترێ زراعەتی بازرگانی، زراعەتی پیشەسازی پەرەی پێ بدەین لە وڵاتەکەمان، دەربارەی مەوزوعی جەلەولاو سەعدیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی میللەتەکەمان، لە ساڵی 16 ی هیجری، وەختێك لەشکری عەرەب ڕووی کردۆتە کوردستان، جەلەولاو سەعدیەی داگیر کردووە، گەورەترین جەنگەکانی میللەتی کورد، پێی ئەوترێ جەنگی جەلەولا و جەنگی نەهاوەند، ئەو دوو جەنگەیە کە ئیمپراتۆیەتی ساسانی تیایە تیاچوو، لەشکری عەرەبیش هاتە کوردستانەوە، واتە هەزارو چوارسەدو شازدە ساڵ پێش ئێستا، ناوی جەلەولا وەکو کۆمەڵێك موئەریخی کورد باسی دەکەن، کە لەوەوە هاتووە لە داپۆشینی ئەو زەویە بە خوێنەوە، کە ئەوەندە کورد خوێنی ڕشتووە لەسەری و بەرگری کردووە، دوای چەندان مانگ موقاوەمەت ئینجا ئەو لەشکرە تێك شکاوە، وڵاتی ئێمەیان داگیر کردووە، یەعنی جەلەولایەك ناوەکەی لە خوێنەوە هاتبێت، لە خوێنی گەنج و سەربازو جەنگاوەرانی میللەتی کورد، هەقی ئەوەیە جارێکی تر ئێمە دیسان دیفاع لە شەرەفی خۆمان بکەین، لە کەرامەتی میللەتەکەمان بکەین، بەڕێزم، بەپێی وتەکانی پرۆفیسۆر جەمال نەبەز، تەنانەت ناوی (بەغداد) لە (بەگاداد) واتە لە زەوی خێری خوداوە هاتووە، ئەگەر سەیری موئەریخەکان بکەین، تەبەری و زۆر موئەریخی تر عەرەب لەودیو فوراتەوە هەبووە، سێ مەملەکەتیان هەبووە، (غەساسنەو، مەنازیرە، حیللە) ئەمڕۆ نەوەك ئەم دیو فورات و بەغدادو ناوچەکانی سەروو بەغدادمان لە دەست داوە، لە سایەی 20 ساڵ حکومەتی کوردی، مەعقول نییە ڕێگە بدەین کەرکوك و ناوچەکانی موسڵ و ناوچەکانی دیالەو جەلەولا و سەعدیە و خانەقین و مەندەلی و بەدرەو جەسان داگیر بکرێت و تەعریب بکرێت، ئێمە ئەگەر بەڕاستی خاوەنی ئەرتەشین، پێویستە ئەو ئەرتەشە، ئەو سوپایەمان بە عەقیدەیەکی ستراتیژی، بە عەقیدەیەکی تەسەلوق و پرچە کردن بە شێوەیەك ڕابهێنین کە بتوانین لە ئاست ئەو هەڕەشانە بین، کە لەسەرمانە لەسەر داگیر کردنی پێ دەشتەکانی ئەم وڵاتە، هیچ قسەی لەسەرنیە کە ناوچەکانی بەغداو ئەم دیو بەغداو سەرووی فورات ئەرزی کوردی بووە بە پێی مێژوو، ئەگەر سەیری ئەم نامەیە بکەین کە مەلیك ئەردەوان بۆ ئەردەشێری بابەکانی ناردووە، بە ئاشکرا ئەڵێ تۆ کوردێکی تاجی شاهانەت لەسەر ناوە لەو ناوچانە کە ئەمڕۆ عەرەب ئەیەوێ داگیری بکات، بۆیە ئەمە پەیوەندی بە شەرەف و کەرامەت و تەئریخی میللەتەکەمانەوە هەیە، واجبی هەموومانە دیفاعی لێ بکەین، بەڕێزینە، تا سەردەمی عەباسیەکانیش زۆرینەی ناوچەکانی بەغدا کورد بووە، تا ئیحسای 1919 زۆرینەی ئیحسای زابتە بەریتانیەکان، وەك لە کتێبەکەی فاضل حسین هاتووە زۆربەی هەر کورد بووە،

بەلاّم ئێمە بەڕاستی لە ساڵی 2008 کە نەمان توانی لە ساڵی 2003 سیاسەتێکی حەکیمانەمان هەبێ لە 2003 لەو ناوچانە، لە ساڵی 2008 کە ئەو هێزانەمان کشاندەوە، بەڕاستی نە پرس بە پەرلەمانی کوردستان کرا، لە کاتێك بە پێی یاسای (1) ی ساڵی 2005 پەرلەمان مەرجەعی سیاسی پرسە چارەنووسسازەکان، من ئەپرسم لە کشانەوە پرس بە کێ کرا؟، کە ئێمە مەرجەعین هەشت ساڵە بۆ ئەو ناوچانە نەگەڕاوەتەوە؟، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەبێ هیچ تەعلیق و تەشەنوجێ بۆ  هەندێ برادەر، ئیسرائیل لە پێش دروست بوونی لە ساڵی 48 لەڕێگەی کۆمپانیاوە زەوی کڕیوەتەوە لە عەرەبەکان لە فەلەستین، ئێمە  هەشت ساڵە نەمان توانیوە لە سندوقی ئیحتیاتی تەواری موازەنەی ئەم ولاّتە پارە بۆ ئەم مەوزوعانە تەخسیس بکەین، بەڕێز لە دوای هەشت ساڵ لە تەشکیلی حکومەتی تازە و لە دایك بوونی حکومەتی تازەی عیراق، نیسبەی موشارەکەی کورد لە قواتی موسەلەحەی عیراقی بە پێی هەندێ وەسایق لە لای من، لە هەندێ شوێن لە 7٪دایە، لە هەندێ شوێن لە 12٪دایە، بە عموم ناگاتە لە 10٪، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم جەیشەی عیراق خۆی پڕ چەك ئەکات،  ئایا ئێمە کە مەوزوعێکی عالقمان هەیە لەگەڵ حکومەتی عیراقی کە ناوچە دابڕاوەکانە، ئایا لەگەڵ بەهێز بوونی ئەو مەوقفی تەفاوزی ئێمە لەسەر مێزی گفتوگۆکان زەعیف نابێت؟، من پێشنیار دەکەم بۆ بەڕێزتان حکومەتێکی موسەخەرە هەبێ بۆ ئەم مەوزوعە چۆن لە زۆر ولاّتان هەیە، لەکاتی ئەزەماتا پێی ئەوترێ حکومەتی ئەزەمات،  کە لە وزەرای مەعنی و، خوبەرای مەعنی مەراکزی دیراسات پێك دێت، دیراسەتی ئەو وەزعە بکرێت و کاری جدی بکرێت، ئەمە زەنگێکی خەتەرناکە پێویستە لەمەو دوا موراجەعەتی سیاسی ڕابردووی خۆمان بکەین، غورفەیەکی عەمەلیات دابمەزرێت، سەر کردایەتی هەموو حیزبە سیاسەکان لە کوردستان موشارەکە بکەن لە هەر بڕیارێکی سیاسی، ئایا ئاشتیە؟، ئایا شەڕە بەرۆکی ئەم هەرێمە ئەگرێت؟، پێداچوونەوەمان بە موشارەکەی لە قواتی موسەلەحەی عیراقیدا بکەین، بەڕاستی تەسلیح کردنی ئەوان بۆ بێ بەش کردنی هێزی پێشمەرگە لەو تەسلیحە، یەعنی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، نیسبەتی موشارەکەمان ئەگەر لە 27٪ خەڵکی عیراقین، بۆ نیسبەتی موشارەکەمان لە 10٪ دا تێناپەڕێ، بەڕاستی پێداچوونەوە بە هێزەکانی خۆمان ئەرکی سەرشانمانە، پارەیەکی زۆرمان لە لۆبی کردن لە ئەورووپاو ئەمەریکا سەرف کردووە لەم مەوزوعە ئەوان ئاگادار بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە لە هەموو دونیا تا ڕێگەی ئاشتیانە وەستابێ خەڵك پەنا بۆ شەڕنابات، وەختێکیش کە شەڕ یەخەی پێ گرتی ئەوان عەرەبن 22 دەوڵەتی عەرەبیان لە پشتە، ڕەنگە لە وەسائیلی ئیعلام بە نەوعێکی تر باسی ئێمە بکرێت، پێویستە لەسەر ئێمە لە ئێستاوە لۆبیکی پێ بکەین لە ئەورووپاو ئەمەریکا، میزانیەی ئیحتیات بەکاربهێندرێت لەمەو دوا، پارەیەك تەخسیس بکرێت بۆ گێڕانەوەی ئەو زەویانە، بۆ کڕینیان و هێنانەوەیان، لەبەر ئەوەی بەڕاستی کە دەرکەوتووە 8 ساڵە حکومەتی عیراقی نایەوێ بە هەزارەها عەقد و بە هەزارەها پارچە زەوی تر کە موسادەرەی کردووە، بگێڕێتەوە لە ژێر دەستی عەرەب، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك كاردۆ كەرەمكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەست خۆشی لە لیژنەكە دەكەم بۆ ڕاپۆرتەكەیان و پشتیوانی پێشنیارەكەیان دەكەم، جگە لەوە سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی ئەو ململانێیە سیاسیەی كە لەو ناوچانە دەرهەق بە كوردو خەڵكانی بێ دیفاع دەكرێت، دەمەوێ باس لەوە بكەم، ئێمە دەستەیەكمان هەیە كە دامەزراوەیەكە، دامەزراوەی جێ ناكۆك لەسەرەكان كە بەرپرسیاری هەیە، پێویستە هەموو ئەو ئامارو ڕەوشەی ئێستا لەو ناوچانە دروست بووە، بە ئێمەی بدات، بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت، چونكە یەكێك لە كێشەكانی ئێمە نەبوونی ئەو میكانیزمەیە كە چۆن تۆ تەحەمولی لەگەڵ دەكەی، یان ئەو ئامارەی كە كاك ئارام باسی كرد، ئێستا ئەم دەستەیە لێرە وجودی نیە، دەستەیەكە لە هەمووان نزیك ترە لە كێشەكە، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی بداتە پەرلەمان لەسەر وەزعیەتەكە، ئێمە كێشەكەمان كێشەیەكی دەستووریە، كە پێموایە كاریگەری هەیە هەتا لەسەر دەستووری كوردستانیش بۆ دیاری كردنی ئەو ناوچانەی كە پەیوەندی بە هەرێمی كوردستانەوە هەیە، یەعنی ئەم بۆشاییە هەست دەكرێت لە تەعامول كردنا لەگەڵ ئەو ناوچانەی وەكو خاك، خاكی كوردستانە، وەكو هاووڵاتی، هاووڵاتی كوردستانن، كە ئێمە لە تەعامولی هەم دەستووری خۆمان بۆشاییمان داوەتێ، هەمیش مافێكی دەستووری عیراقە، بەڵام من ئەو پرسیارە دەكەم ئێمە موخاتەبەی كێ دەكەین بۆ جێبەجێ كردنی ئەم دەستوورە؟، لەكاتێك سەركردەكانی سیاسی كورد، موبادەرەی دەكەن بۆ پێك هێنانی حكومەتی كورد، بۆ ئاشت كردنەوەی هێزە سیاسیەكان، ئەمە كێیە كۆسپی سەرەكی جێبەجێ نەكردنی ئەم دەقەیە كە لە دەستووردا هەیە، ئێمە لە كاتێك ئیتیفاقی سیاسیمان هەیە لەگەڵ ئەم لایەنانە، لە ئیتیفاقە سیاسیەكە ئەم بەندە جێگیر كراوە وە جێبەجێی نەكا، ئەم هەڵوێستە سیاسیەی ئێمە لە بەرامبەر ئەو لایەنانەی لە ئاستێك ئەوەندە لاوازن لە ڕووی سیاسی، ئەوەندە ناكۆكن كە ئێمە موبادەرەی دەكەین بۆ یەك خستنەوەیان بۆ تەشكیل كردنیان، ئەم هەڵوێستە سیاسیەی لای نوێنەرانی ئێمە دیار نیە، لە ڕووی كارگێڕیەوە ئەم ناوچانە بەشێكیان تووشی كێشەی زۆر گەورە بوون، هەتا لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە، لە ڕووی ئەمنیەوە، لە لایەك ئێمە ئیدارەی خۆمان لەوێ داناوە بۆ خزمەتگوزاری، یان بۆ پێداویستیەكانی ئەمنی، یان ئیقتیسادی، یان خزمەتگوزاریە، یان ئێوە سەربە بەغدان، یا شنگال ئێوە سەر بە موسڵن، لەكاتێك پێویستە دەسەڵات بە بەشێك لە هەرێمی كوردستانی بزانێت، نەخشەكانی پێ دادەڕێژێت بۆ هەولێر بۆ سلێمانی، بۆ كەركووكیش هەروابێ، شنگالیش هەروابێ، بۆ خانەقینیش هەروابێ، بۆ جەلەولاش هەروابێ، لە كاتێك كە ئێمە ئەم بەرپرسیارێتە لە داڕشتنی نەخشەی خۆمان، چ لە ڕووی دەستووریەكە، چ لە ڕووی ئیداریەكە، چ لە ڕووی خزمەتگوزاریەكە ناكەین، ڕاستە قایمەقاممان لەوێ داناوە، بەڵام هیچ دەسەڵاتی نیە، ئەم بودجەیەش كە لێرە بۆیان جێبەجێ دەكرێت بەشێكە، ئەمەش وەكو پێویست جێبەجێ

ناکرێت، یەعنی پاش بیست ساڵ برۆ سەیری مەخموور بکە چی گۆڕاوە؟، شنگال پاش پێنج ساڵ چی گۆڕاوە؟، کەرکووك چی گۆڕاوە؟، یەعنی ئەم ستراتیژیە لای ئێمە دیار نیە، کێشە گەورەکە لەمەیە ئێمە یەکگرتوو نین، یەکگرتوو نین لەوەی کە دامەزراوێکی نیشتیمانیمان هەبێ بەر پرسیاربێ، پەرلەمان خۆی بە قانون دەبێ پرسی پێ بکرێت، پرسی پێ ناکرێت، دەستەیەکی ناکۆکەکان هەیە کە دەبێ بەرپرسیار بێ، بەرپرسیار نیە، من پێشنیار دەکەم فعلەن ناوەندێك هەبێ، سەنتەرێك هەبێ کە بەرپرسیارێتی هەبێ، لە بەینی مەرکەزو ئێمە، یەعنی مەرکەزیش نوێنەرەکانیان، لە بەرامبەر ئەم دەزگا نیشتیمانیە بەرپرس بن، میکانیزمێك هەبێ بۆ ئەوەی ئێمە کاتێك بڕیارێك دەدەین کێ جێبەجێی دەکات؟، کێ بە دوایدا دەچێت، کێ بە دوای ئاسایی کردنەوەدا دەچێ؟، کێ بەدوای ڕاپرسیەکەدا دەچێ؟، کێ بەدوای سەرژمێریەکەدا دەچێت؟، ئەم شتانە تێکەڵاویەك و پەرش و بڵاویەك هەیە پێویستی بە یەکگرتوویەکی نیشتیمانی هەیە، لەسەر ئەم ناوچانەی کە پەیوەندی بە نیشتیمانەکەمانەوە هەیە، پەیوەندی بە خاکەکەمانەوە هەیە، جگە لەوە بەرە بەرە لەگەڵ زەمەنیش تەرازووی هێز دەگۆڕدرێت، ئێستا ئەم عیراقە عیراقی پاش ڕووخانی سەدام نیە، ئێستا هێزەکەی، لەشکرەکەی زۆر بەهێز دەکات، تەجهیزی دەکات تۆش بە هۆی حوکمی نەتوانینی چارەسەرەکانی کێشەی کە پەیوەندی بە پرسی کوردەوە هەیە نایکەی، تۆ چیت کردووە لە هێزی پێشمەرگە بۆ چارەسەرکردنی؟، چیت کردەوە لە کێشەی نەوت و گازەکە، یەعنی هەموو ئەوانە بە موعەلەقی ماوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی من پێموایە باشترین چارەسەری ئێمە بتوانین ڕووبەڕووی هەموو ئەو مەترسیە دەرەکیانە ببینەوە، یەکخستنی خۆمانە، چارەسەرکردنی دامەزراوەکانی خۆمانە، چارەسەرکردنی سیستەمە سیاسیەکەی خۆمانە، ئیسلاح کردنی خۆمانە بە هێزی پێشمەرگە ببێتە هێزێکی نیشتیمانی، دامەزراوەکان کە ببێتە دامەزراوی نیشتیمانی، بە نەهێشتنی ئەم ناکۆکیانەی کە دامەزراوەکانی لە ناوچە جێ ناکۆکەکان دابەش کردووە، یەعنی تاکەی کورد، سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەم بڕیارە نادات کە پێویستە دەزگاکانی یەکگرتوو بێ، دەزگاکان من لەگەڵ ئەوە نیم بە شکلی یەکگرتوو بێ، بە فیعلی هێزی پێشمەرگە یەکگرتوو بێ لە کەرکووك، هێزی پێشمەرگە یەکگرتووبێ، تەربیە، سەحە یەعنی ئەمانە شتی زۆر زۆر بەسیتن، دەرخەری ئیرادەی ئێمە دەبن بۆ ئەوەی کە ئێمە چەند دەتوانین بە پەرۆشی ئەو ستراتیژیە بین کە دەرفەتێك ڕەخساوە، بەرە بەرە ململانێکان قورستر دەبن، کێشەکان زۆر تر دەبن، دەستی ئیقلیمی زیاتر دەبن، کە ئەو چارەسەرەی ئێستا پێمان دەکرێت پاشی ساڵێکی تر پێمان ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ئامینە زکری کەرەمکە.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هێژایان، سیاسەتێ دوژمنکاریا ڕژێما دورمان دورێ مە بەرامبەر کوردستانێ، ژ بۆ کێم کردن و قڕ کرنا پێگەهێ کوردیا بەردەوامە، ژ لایەکێ ڤە دەدەمەکێدا سنوورێ مە دێنە ئیش لایێ ئیرانێ، ژ لایەکێ ترڤە

توركيا دێنە تۆپ باران كردن و سنوور دێنە بەزاندن، ژ لایەكی ترڤە گیانی هاووڵاتێمە ل بەر مەترسیێ و دێنە تیرۆر كرن، ئەڤە ژ لایەكێ ڤە، ئو ژ لایەكێ دیتر ڤە، ئەو یاسایەی یێت نێودەوڵەتی دێنە پێشێل كرن، ژ لایێ ڤان دەولەتاڤە حكومەتە عیراقێ بێ دەنگە، تەعەدایەكا یەكجار زۆر سەر خەلكێمە دێتە كرن، پارچەهەكا كوردستانێ ئاڤیا سەر دێتەگرتن، پارچەهەكا دیا كوردستانێ پلان بۆ دێتە دارشتن، كو ئاڤ بێتە سەردان دەڤەرەكا مێژوویی یان تاریخی كو (حسن كێفە)، ئەڤە پلان دارشتینە ژ لایێت رژێمێ دورمان دورڤە، ب راستی بێ دەنگ بونا حكومەتا عیراقێ فیدرال بەرامبەر تیرۆر كرن و دەرئێخستنا كوردان سەر جهێت وان، جهێ گومانێیە، بەزاندنا سنوورو تۆپ باران كرنا ئەڤە جهێ گومانێیە، ئاماریا كوژرای فەرمانگەها پەیوەندیێ دەرڤە سالا 2000ێ وەرە تنێ جەلەولا 4300 خێزانێ عەرەب یێت ئینانینە وێرێ، گەلەك شەهید، ئەوە ژ بلێ هندێ گەلەك شەهید لە ناوچەیمەیێت داین، پەرلەمانتارێت هێژا، باشە مە وەك كوردستان دێ چ ئەمەل هەبیت بۆ پاشەرۆژەكا گەشتر و دیموكراسی تر، گەل وەلاتەكێ، كو تەعەدای سەرمە دێتە فەرز كرن، ئەڤرۆكە ئەم هەمی پێكڤە یێ هەولێ بدەین، ب رێكێ دەستووری و دبلۆماسی گفتوگۆ كرنا پرسا خۆ دگەل حكومەتا ناڤەندا چارە بكەین، ل گش حكومەت؟، ب راستی گش حكومەت؟، حكومەتەكا كو نەشێ سەروەریا ئاخاخۆ بپارێزیتن، چ مەسئولیەت بەرامبەر نینە، حكومەتەكا كو یا بێ دەنگە بەرامبەر بێ كەرامەت كرنا ئاخا خۆ، حكومەتەكا كو نەشێ گیانێ هاووڵاتی خۆ بپارێزێ، ب راستی ئەمە بەحسێ گش عیراقێ دكەین؟، عیراقەكا دیموكراسی، یان ژی عیراقەكا كە نەتەنها باوەری بە فیدرالیەت و فرە نەتەوەیی و فرە حیزبی نینە، بەلكو شێوازەكا نی بۆ سیاسەتا ب عەرەب كرنا ناوچێن كوردی یا بكاردینیتن، عیراقەكا كو خەلكێ ناوچەیێن مەیی سنووری ب تیرۆریست قەلەم دات، لەناڤ ئەنجومەنێ نوێنەرانێت عیراقێدا، عیراقەكا كو باوەری مافێن گەلێ مە، گەلێن دی تر، نە بتنێ گەلی كورد، گەلێن دی تر ناڤ عیراقێدا نینە، ب راستی ئەز پرسیارێ ژ پەرلەمانتارێت هێژا دكەم، ئەگەر هات شەڕ سەر سنوورا بەردەوام بیت و حكومەتا عیراقێ هەریا بێ دەنگ بیت، ل پرسا خۆیا  یا دەستووری ئەركێ خۆیا دەستووری جێبەجێ نەكات، هات مە وەك هەرێم بڕیاردا كو پاراستنا سنوورێت خۆ بكەین، گیانێ هاووڵاتییێت خۆ بپارێزین وی دەمیدا شەڕ مابەینا دەوڵەتی عیراقێ، ئێك ژوان دەولەتێ سەر دەست بیت، یان هەرێما كوردستانێ گەل وان ئێك ژ دەولەت دابیت، ئایا عیراقا نوكە شیایە دشێت خۆ ل مە بكەتە خودان؟، ئایا حكومەتا عیراقێ پابەندە بە جێبەجێ كرنا ماددەی 140، ب راستی ئەڤە هەمی پرسیارە، د دەمەكیدا كو ئەڤ ناوچەیێن كو ژ لایێ جوغرافی و مێژوویڤە، یا ئیسپات كردینە كو ناوچەیێن كوردینە، مە یا خۆ مەجبوور كری گەل عیراقەكێدا، بژین، مە خۆیا مەجبوور كری داخۆ عیراقەكێ فیدرال دابمەزرینی، داوای هندێ بكەین كو ئەو ناوچەی هاتینە دابەش كرن، ناوچەیێن ناكۆكی ل سەر ناڤ بكەین، بۆچی ئەم دگەل خەلكێ خۆ ڕاست نابیت، بۆچی ئەم نابێژین ئەڤ تشتەك ماددەیێ 140 نینە، ب ڕاستی ماددەی 140 ب تنێ دەڤەك نڤیسیا با ب دیتنا من وەك شەخس، ب ڕاستی دەمێ وەیا هاتیە ئێدی ڤێ لانكێ نەهەژینین و وەكی هەنێ داخازا مافێ چارەنووسێ خۆ بكەین، ئەگەر بێژین زەمینەیێ خۆش نینە،

نەوەختە، دیتنا من ئەم خۆ دخاپینین، چ جارا ئەو زەمینایا ئەو دبێژن خۆش نابی، مرۆڤ زەمینا چێ دکەت، ئیرادا میللەتا زەمینا چێ دکەت، زەمنا کوردستانی گەلەك ژ دارفۆریا خۆشترە، ب دیتنا من گەلەك خۆشترە، ئەڤرۆ دەما بریارێیە، میللەتێ مەژی هەمی پێ خۆشە، ڤێت ئەڤرۆکە دیرۆکە بنڤیسین، تەحەملا نەتەوەیی ئەڤ دیرۆکێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز تارا ئەسعەدی کەرەمکە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی پرسی ئەمرۆ ئەو پرسەیە کە ئەرك و بەرپرسیارێتی تەواوە لەسەر پەرلەمانی کوردستان، بە نوێنەرایەتی جەماوەرەکەی خۆی، کە بەشێکی زۆری لەو ناوچانەی کە کێشە لەسەرە یا داگیر کراوە، ئێستا لە ژێر مەترسیەکی زۆر گەورە دایە، مەترسی تیرۆرستی زۆر و کوشتن و بڕینی ئەو کەسانەی کە لەوێیە، بەڕاستی جێگای نیگەرانیەکی زۆرە لە لای دڵسۆزانی کورد، کە ئەمرۆ لە ناو عیراقێکا، عیراقێکی نوێ کە کورد تیایدا پشکی گەورەی هەبوو بۆ دروست بوونی ئەو عیراقەکە بەشدارە لەناویدا، ئێستا هاووڵاتیەکەی خۆی لەوێ بەر تەعزیب و بەر ناخۆشی، بەر نیگەرانی و بەر بە جێهێشتنی خاکەکەی خۆیەتی بە مەجبووری و بە سیاسەتێکی زۆر حەکیمانە کراوە، لە لایەن زۆری ئەو شۆڤێنیانەی کە چاویان هەڵنایە بەو موشارەکە جوانەی کە ئێستا هەیە لە ناو عیراقی نوێدا، هەرێمی کوردستان کە بەر پشکی گەورەی خۆی لێرەدا پیشان دەدات، بەڕاستی دەبێ هەڵوێستمان ئەمرۆ هەبێ، هەر ئەوە ناڵێین تەنها ئیدانەو ئیستینکارو باس کردن و ناڕازی بوون لە شتێك کە ئێمە لە زۆر پرسی تر تاوتوێمانە، بەڕاستی من خۆم وەکو خۆم بە نوێنەرایەتی جەماوەرەکەی خۆم لێرەدا بە بەرپرسیارێتی ئەو سوێندەی کە خواردومانە بۆ میللەتەکەی خۆمان، بەباشی دەزانم چەند خاڵێك بێنمە بەردەمی جەنابتان، ئەندامانی پەرلەمان، کە وێڕای دەست خۆشی ئەو لیژنە بەڕێزە، کە بە دڵسۆزانەوە هەموو ڕۆیشتن بەدەم ئەم پرسیارێتیەوە، بەڵام دیسانەوە بۆ زیاد کردنی ئەو وتانە دەڵێم، یەکەم، ئەبێ ئەم کارە ڤێزەوەنانەی کە بە تیرۆرستی بە سەر ماڵ و خەڵکی کورد دەکرێت لەو ناوچانەی سەعدیەو جەلەولا و قەرەتەپە، هەمووی داوا بکەین لە حکومەتی ناوەندی تاوەکو زووە ڕێ و شوێنێك بگرێتە بەر بۆ پاراستنی سەرو ماڵی خەڵکی کورد وە شیعەش لەگەڵی نەوەك هەر کورد، چونکە ئەو ئیحسائیاتانەی کە لە ژێر دەستمانە بۆ کوشتن و بڕینەکانی کە بووە بەڕاستی، کە 555 زەحیەیە، 423ی کوردە، بەڵام 122 عەرەبی تێدایە، ئەوانی تریش تورکمانە، واتە تیرۆر کردن بۆ ئینسانە پێش هەموو شتێك، ئینجا پشکی گەورە بۆ کوردە کە وەرگیراوە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە بە ماوەیەکی دیاریکراو کە لە 15 ڕۆژ زیاتر نەبێت، بە کردەوە وەڵامی ڕاسپاردەکانمان بدات، کە ئەمرۆ لە پەرلەمانی کوردستان هەوڵ بدەین بە ڕاسپاردەیەك بێینە دەرەوە، نەوەك هەر بە ڕاپۆرتێك، دووەم، ئەگەر هاتو لەو ماوە دیاریکراوە هیچ وەڵامێك بە هەند وەرنەگیرا، ئەو کارەی کە پەرلەمان و

لیژنەکان کە هەوڵیان داوە تەخویلی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، کە ڕێگەی شیاو بگرێتە بەر بۆ پاراستنی هەموو سەرو ماڵی کورد لەو ناوچانە، هەر لایەك کە دەبێتە زەرەرباری لە ناوچە داگیر کراوەکان، سێیەم، داوا بکرێت کە پەیوەندی دانیشتنی زیاتر لە نێوان عیراق  و هەرێم بکرێت، ڕێگایەکی تەواوی هەمیشەیی بدرێت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆ پارێزگاری کردن لەو ناوچەیەو زیاتر جەخت کردنی ئەندامان و نوێنەرانی کورد لە عیراق، ئەمڕۆ ڕۆژی ئێوەیە لە عیراق، ئەمڕۆ ڕۆژی ئێوەیە وەکو نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عیراق، کە زیاتر پێ داگیری بکەن، کە لەو ڕەهەندە نیشتیمانیە کە هەموومان دەوری باش ئەبینین بۆ چارەسەرکردنی گونجاو بۆ ئەو کێشەیە، کە ئێستا لە قەتل و عامی کورد و هەتك کردنی مرۆڤی کورد لە عیراقی نوێ بکرێت، ڕۆژی ئەنفال تەواو بوو بەڕاستی، ئەنفالی نوێ قبوڵ ناکرێت لەناو هەرێمی کوردستان، کە بەئازادی و بەو شێوەیە بە بەشداری لەگەڵ عیراقدا ببینین و ئێستاش هەر ئەنفالی تازە بکەین، تازە شتی ناخۆشی تر بە کورد بکرێت، سێیەم، ڕوونکردنەوەی کەمتەرخەمی هێزە ئەمنیەکانی عیراق لە ناوچە کێشە لەسەرەکان چی بوو؟، بۆمان دەست نیشان بکرێت کە ئەمە ئەرکی سەرشانی ئەوانە لە پاراستنی هاووڵاتی، کوردیش کە لەوناوچانە لە هەڕەشە و لە تۆقاندن و کوشتن و بڕینی تیرۆرستان، جا ئێمە خوازیارین کە حکومەتی عیراق، دەزگا ئەمنیەکان هاوکاری باش بکەن، کە هەردەم ئێمە ڕێگای دایەلۆك و ڕێگای ئاشتیانەمان گرتۆتەبەر، ئێستاش هەر هەمان شتە، بەڵام داواکەمان ئەوەیە دەبێ چارەسەری جدی بکرێت، بۆ ئەم خوتەیە کە دانراوە بۆ ئەو ناوچانە، بە سیاسەتی کە پێشتر پاکتاوە نەژادیەکانی ڕژێمی بەعسی هەڵوەشاندراو نالاَندوویەتی، ئەمڕۆش بە شێوەیەکی تر دەناڵێنێت، چوارەم، بە زووترین کات هەوڵەکانی خۆی چڕ بکاتەوە بۆ کێشەی 140 لەناویا تەنها بەو شێوەیە نەمێنێت کە ئێستا بەڕاستی پێویستی بە بەدواداچوونێکە بە لیژنەیەکە پەرلەمانی کوردستان، کە زیاتر وەکو کاك کاردۆ لێرە باسی کرد،  چۆن بە دوایدا بچین و چۆن چارەی بکەین، زیاتر ئەو ماددەیەیە کە چارەسەری هەموو کێشەکانە کە ئەمڕۆ لەو ناوچانە، کە ئێمە لە 1992 دەمانوت (یان کەرکووك و خانەقین یا تاماوین ئەجەنگین) ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوە هات دیسانەوە ئێمە بۆ کەرکووك وبۆ خانەقین هەوڵ بدەین، یا ئێمە هەوڵ دەدەین هەرێمی کوردستان، بەشداربین لەگەڵ حکومەتی عیراق چۆن گوزەرانیان چاك بکەین،  چۆن خزمەتگوزاریان بۆ بکەین، چۆن بە دڵسۆزانە کورد هەوڵی داوە بۆ خزمەتکردنی هەر پارچەیەك لە عیراقدا، ئەو پارچەیەش کە کوردەکانی تێدایە، کە لە مەندەلی و خانەقین و بەشەکانی ترە؟، لە کۆتایدا وا بەڵێن دووپات دەکەینەوە بۆ خەڵکی سنووری دیالی و، ئەو ناوچانەی کە کێشە لەسەرن و دابین کراو کە من هەردەم دەڵێم، نەوەك دابڕێندراو چونکە ئێستا کێشەی لەسەرە، دەبێ بە کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە تا دوا دڵۆپی خوێنمان بەرگری لەوانە بکەین، مافە ڕەواکانی ئەوان بێینینە دی، بەهێنانەدی ئەوەی کە هیچی تر قەتل و عام لەو ناوچانە نەکرێت، سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەلال علی کەرەمکە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من باسێکی نزیکی مەسەلەی چاو بڕین و تەماح کردن لە خاکی کوردستان دەکەم لەناو حکومەتی عیراق، کە لەساڵی بیستەکان کە لەگەڵ دروست بوونی حکومەتی عیراق، کە بە زۆر کوردستانی پێوە لکێندرا، هەڵمەتی تەعریب کردن دەستی پێ کرد، بەتایبەتی لە ناوچەی موسڵ و دەوروبەری، کە دیارە برا ئێزدیەکان و برایانی کوردی تر کە لە مێژوو دیاری کراوە، لە دوای ساڵی 1957وە لە دوای دروست بوونی هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان، ئەو چاو بڕێنە ناو سەر خاکی وڵاتی هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد، بەوەی کە ئەو دوو بەنداوە وەکو تەنکیەکی ئاو، وەکو خەزانێك دانرا بۆ ئەوەی پێ دەشتەکانی حەویجەو دیالی و ئەو ناوچانەی پێ بکرێت، ئەوە هەنگاوی یەکەم بوو بۆ ئەوەی تەعریب دروست بێ، بە زۆر کوردستان بلکێندرێت بە حکومەتی عیراقیەوە، دیارە لە ساڵی 1963وە هەڵمەتێکی ڕەگەز پەرستانە کرایەوە، تاوەکو گەیشتە ئەوەی وڵاتەکەمان سوتماك کرایەوە، گەیشتە ئەوەی جینۆساید و خاپوور کردن و کیمیا باران دەستی پێ کرد، بەڵام لە دوای لە گۆڕنانی ڕژێمی بەعسی فاشستەوە، لە ژێر دروست بوونی گروپە تیرۆریستیەکان کە بەئەسڵ پاشماوەی بەعسیەکانن، لە ژێرناوی (جیاجیا) دا وەکو حیزبی دەعوەو دەوڵەتی ئیسلامی عیراق....هتد، هەڵمەتەکە بە بەرنامەو پشتگیریەکی هەندێ لایەنەوە دەستی پێ کرد، کە بە زۆر بە ویژدانانە کە حکومەتی عیراق بەرامبەری بێ دەسەڵاتە، بەڵام هەر بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکان پشتگیری دەکات، بۆیە یەك ڕیزی و یەك دەنگی بۆ ئەم بارو دۆخە زۆر گرنگە، کاتێك ئەگەر بەربەستێکی جەماوەری و سەربازی هەبێ، دیارە شاڵاوی بە عەرەب کردن ئەو ناوچانەش تێ دەپەڕێنێت، هەڕەشە لەسەر میللەت و حکومەتەکەمان دەکات، لەبیرمان نەچێت دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم ئەو هێزانەی نەناردایە، لە مانگی شوبات و ئازاردا بۆ دەوروبەری کەرکوك، تەئکید بن ئەوەی ئێستا لە مەندەلی و سەعدیە و جەلەولا ڕوو ئەدات، ئێستا لە کەرکوك ڕووی ئەدا، بۆیە پێموایە بپرسین لە خۆمان حکومەتێك مووچەمان نەداتێ، کە ئەو بارە قورسە لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان هەیە، کە نزیکەی ترلیۆنێ دینارە ساڵانە، حکومەتێك چەك و تفاقمان نەداتێ؟ ئەبێ ئێمە تەگبیرمان چی بێ؟، ئەبێ ئێمە چۆن پلان دابنێین؟، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە پلان و تەکبیرمان هەبێ بۆ مانەوەی درێژخایەن لەو ناوچانە، کەمپینێکی ئیعلامی بەهێز بە هەموو دەنگ و ڕەنگەکانەوە بکرێت، تەنانەت نیوەی ئەوە بێ کە دژی یەکتری بەکارمان هێناوە، بۆ پشتگیری کردنی خەڵکی بەشەرەفی ناوچەی سەعدیە و جەلەولا و مەندەلی و شەنگار و شوێنەکانی تر، لە ڕووی ئابووریەوە یارمەتی و کۆمەك لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێتە خێزان و هۆزو خێڵە کوردەکانی ئەو ناوچانە، چونکە ئەوان بەناوی هێز و خێل و لەوەڕەوە دێنە ئەو ناوچانە، لە دەسپێکی تەعریب بەوە دەست پێ ئەکەن، بۆیە

پێویستە ئێمە یارمەتی خێزان و خێڵ وهۆزەکانی ئەو ناوچانە بدەین و هاوکاری بکرێن، لەبیرمان نەچێ لە ساڵی حەفتاکانەوە، ئەم حەملەیە کە ئێستا دژی کورد و ناوچە کوردیەکان ئەکرێت، دژی برا مەسیحیەکانمان کرا، کە لەبەسرەوە دەستیان پێ کرد بە تەرحیل و ڕاوەدونانیان، ئێستا بەم حاڵەتە گەیشتوون کە ئێستا ئێمەی تیاین، دەرهەق بە بڕینی ئاوی ئەڵوەند، من پێم باشە جگە لە دەست خۆشیم بۆ پێشنیاری لیژنە بەڕێزەکان کە جۆگەیەك وەکو جۆگەی گوڵە جۆ بکرێتەوە، باڵە جۆ، پێموایە ئەوە کارێکی قورسەو حکومەتی فیدراڵی لەوانەیە پشتگیری نەکات، پارەیەك و ماوەیەکی زۆری ئەوێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکان، کە بەربەستی بچووك و ناوەند دروست بکات، بۆ کۆ کردنەوەی باراناو ئاوی دۆڵ و شیوەکانی کە ئەڕژێتە ناو ڕێڕەوی ئەڵوەندەوە، جگە لەوە مەسەلەی مەترسی سەرچاوەکانی تری کە لە کوردستانەوە دێت، کە بیست و یەك سەرچاوەیە، هەر بیست و یەك سەرچاوەکەلە وڵاتە دراوسێکانمانەوەیە کە جمهوری ئیسلامیە، پرۆژەی هەیە بۆ دروست کردنی سەد و ئەوە، ئێمە پلانمان هەبێ بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەو تیۆرە زانیستیەی کە ئێستا هەیە، کە ناوی دورینەوەی ئاوە، لە وەزارەتی کشتوکاڵ پەیڕەو بکرێت، بۆ دورینەوەی ئاوی خۆمان لە باراناو و بەفراو و جۆگەو ڕووبارەکانمان، بۆ ئەوەی بتوانین بەربەستی بچووك و ناوەندی و گەورە دروست بکەین، چونکە ئاو قەیرانی گەورەی داهاتووی وڵاتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك جەلال علی وتی: حیزبی دەعوە، وابزانم بە مەبەستی حیزبی عەودەیە، بەڕێزان حەلێ هەبێ بۆ ئەوەی پێش چاوتان ڕوون بێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو پەڕی توانای خۆی لەم ماوەیە کار دەکات، هەر دوێنێکە لە مەتاری کەرکوك لە مستەوایەکی زۆر بەرز دانیشتن لە بەینی عیراق و هەرێمی کوردستان و جەیشی ئەمریکی کراوە، حەوت خاڵیان پێشکەش کردووە، ئیمرۆ سەعات نۆ لە دیالی فەرماندەی عەسکەری لە عیراق و پێشمەرگە دادەنیشن، بۆ چاو پێخشاندنەوەی وەزعەکە، سبەی پێنج شەممە جارێکی تر لە مستەوایەکی بەرز دائەنیشن، ئەگەر نەتیجەیەکی ئیجابی نەبوو، ئینجا لە بەغدا دائەنیشن، محاوەلات هەیە، ئێستا ئێمە تەرکیز بکەینە سەر ئەوەی چیمان ئەوێت بکرێت، زۆر پێشنیاری باش هاتووە براو خوشکەکانی ئەندامانی پەرلەمان، کە پێشمەرگە بچێت، یەعنی ئێمە بەس بە قسە ڕازی نەبین ئەوە یەکێك لەو خاڵە گرنگانەیە کە پێشمەرگە دەوری خۆی ببینێت و پۆلیسیش دەوری خۆی ببینێت، ئەمنیش دەوری خۆی ببینێت لە مەنتیقە، بۆیە یەکلا بە تەنها بەجێ نەهێڵین، بەڕێز هاژە سلیمان کەرەمکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش کە سەردانی مەیدانی ئەو ناوچانەیان کردووە، تەبیعی ڕاپۆرتەکە لە دوو تەوەر خۆی دەبینێتەوە، تەوەری یەکەمیان باس لە

گرتنـەوەی ئـاوی ئەڵوەنـد دەکـات، لـە قـەزاری خانـەقین، کـە بەڕاسـتی ئێمـە بـە پلانێکـی دژی مرۆڤایـەتی هەژماری دەکەین، چونکە بەڕاستی کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ پاساوێکی نیـە، ئەگـەر تـۆپ بـاران کردنـی سنوورەکانی هـەرێمی کوردسـتان بـە بیـانوو بـوونی هێزەکـانی پـژاك بـێ، بـەڵام لەناوچـەی خانـەقین هـیچ پاساوێکی نیە، بۆ ئەوەی کە ئاوی ئەڵوەند لەسەر خەڵکی ئەو ناوچانە بگرێتەوە، بۆیە بەڕاستی لەگەڵ ئەو دوو پێشنیارەی کە لیژنەکە پێشنیاری کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئـەو کێشـەیە، پێشـنیاری ئـەوەش دەکـەم کە خاڵێکی تر زیاد بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە بەڕاستی لە ئاستی نێودەوڵەتی فشار بخرێتـە سـەر کۆمـاری ئیسلامی ئێران، بەوەی کە کارێك بکرێت کە ئەوە ئیتیفاقانـەی کـە هەیـە، چـونکە بەڕاسـتی عـیراق لەگـەڵ ئێران $32$ ئیتیفاق و موزەکەرەی تـەفاهومی مـۆر کـردووە، هـەر لەسـاڵانی زووەوە، هـەر لـە سـاڵی $1927$ و $1935$ وە، چەند موعاهەدەی مۆر کردووە، کە لەناو ئـەو موعاهەدانـەدا بـاس لـە حـدود و حوسـنی جیـوار کراوە، باس لە زۆر شتی تر کراوە، لە زمنـی ئـەو شـتانە مەسـەلەی ئـاو، پاراسـتنی ئـەوە سامانانەی کـە بـە موڵکی هەموو لایـەك ئـەژمار دەکـرێن، لـە ڕووی ئیداریـەوە بەڕاسـتی منـیش لەگـەڵ ئـەو پێشـنیارانەم کـە لیژنەکە پێشنیاری کردوون، کە خزمـەتگوزاری بگەیەنـدرێت بـە ناوچـەکان، زیـاتر حکومـەتی هـەرێم ئـەو خزمەتگوزاریانە پێشکەش بکات، تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەوەی لە خاڵی سێیەمدا گرفتی ئیداری خانەقین باس لەوە دەکات، کە کێشەی شارەکە وەرنەگرتنی خوێندکارانی خانەقینە لە کۆلیـژەکانی خانـەقین، نـازانم مـن ئـەو پرسـیارەم لـە لا دروسـت بـووە، بۆچـی خوێنـدکارانی شـاری خانـەقین لـە کۆلیـژەکانی خانـەقین وەرناگیرێن؟، دەربارەی مەسەلەی جەلەولاو سەعیدیە بەڕاستی ئەوە مەسەلەیەکە کە ئێمە خۆمان ئـەزانین بۆ ماوەیەکە کە گەلی کورد لەو ناوچانە دەخرێنـە بـەر تـیرۆر کـردن، خـەڵك تـرس و تۆقانـدیان بەرامبـەر کـراوە، بـۆ ئـەوەی ئـەو ناوچـانە بـەجێبهێڵن، ئـەوە جۆرێکـە لـە پلانانـەکانی تـەعریب کـردن، بـەڵام بـە شێوەیەکی ترە، بۆیە ئێمە بە هەموو شێوەیەك ئیدانەی هەموو ئەو جـۆرە کـارە تیرۆرسـتیانە دەکـەین، کـە بەتایبەتی لەو ناوچانەو لە هەموو ناوچەکانی عیراق ئەنجام دەدرێن، بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئـەو تـەبایی و برایەتیـەی کـە بـۆ چـەند سـاڵێك گـەلانی عـیراق بـە گـەلی کورد و عەرەبـەوە بەیەکـەوە هـەر لـە سەرەتای، دوای ئەوەی کە ئینتیدابی بەریتانی بۆ وڵاتی عیراق کۆتایی هاتووە، وڵاتی عیراق دامـەزراوە، لـەو کاتەوە گەلی کورد و عەرەب وەکو دوو نەتەوەی سەرەکی لەو وڵاتەدا بە تـەبایی و برایـەتی ژیـاون، ئێسـتاش ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە بەو شێوەیە بێت کە کار بۆ ئەوە بکرێت، کە ئەم تـەبایی و برایەتیـە بـۆ ریزەکـانی ئەو دوو گەلە بگەڕێندرێتەوە، بەڕاستی ئەو پێشنیارانەی کـە کـراوە لـە لیژنەکـە، منـیش بـە هـەمان شـێوە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە هێزەکانی پێشمەرگە بەڕاستی بە زووترین کات بچنە ئەو ناوچـانە، بـۆ پاراسـتنی گیان و ماڵی هاووڵاتیان و، پەلە کردن بەڕاستی لە جێ بـەجێ کردنـی مـاددەی ($140$)، ئـەوەی کـە زۆر لـە هاوڕێیانیشـم باسـیان کـرد، چـونکە مـاددەی ($140$) لـە دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـدا هـاتووەو، بـەپێی دەستوورەکە دەبوایە لە کۆتایی ساڵی $2007$ هەموو ماددەکە بەشێوەیەکی یەکجاری جێ بەجێ کـرا بوایـە، تاکو ئێستا هیچ نەکراوە، بۆیە پێویست دەکات حکومەتی هەرێم لەگەڵ نوێنـەرانی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی

عێراق کار بۆ ئەوە بکەن بە پەلە ئەو ماددەیە جێ بەجێ بکرێت، چونکە نەك هەر ناوچەکانی جەلەولاو سەعدییە، بەڵکو ناوچەکانی تریش زۆر ئیهمال کراون، زۆر پێویستیان بە خزمەتگوزاری هەیە لەسەر هەموو ئاستەکان، لەسەر ئاستی ئیداری، لەسەر ئاستی پاراستنی ئەمنیەتی ئەو خەڵکەی کە لەو ناوچانەدا دادەنیشن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سالم تۆما کەرەم بکە.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، وێڕای دەستخۆشیم بۆ هاوکارانم لە لیژنەی تایبەت بۆ ئەرك و ماندوو بوونیان و بۆ چوون و ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە، من محاوەلە دەکەم ئەو قسانەی کە هاوکارانم کردوویانە دووبارەی نەکەمەوە، دوای ئازاد کردنی عێراق و هەڵوەشاندنەوەی دەزگا ئەمنیەکانی دیفاعی عێراق، بەداخەوە دووبارە بنیاتنانی دەزگا ئەمنیەکانی عێراقی لەسەر ئەساسی حزبی و تائیفی زۆر تەسکەوە دامەزرا، کە زۆر بەداخەوە بەشی زۆری ئەو دەزگا ئەمنیانە موختەرقن لە هەموو ئاستەکانیانەوە، بەرامبەر ئەوەش لاوازی دەزگاکانی حکومەتی عێراقی بەرامبەر بەهێزی هەندێك ڕێکخراو و بالاٌ دەستی هەندێك لە ولاٌتانی دەوروبەر لە هەندێك شوێن و ناوچەکانی عێراق، کە وای کردووە هەردووکی ببێتە هێزێك بەرامبەر بە ئیستیقراری ئەمنی لە عێراقەوە.

کوشتن لەسەر ناسنامە، مومکینە لەناو میللەتی ئێمە دەستی پێکرد وەکو مەسیحی، پێداچوو بە ئێزیدی و شەبەك و تورکمان و ئێستاش ئەمرۆ موناقەشەی ئەوە دەکەین، کە کوشتن لەسەر ناسنامە لەناو میللەتی کورد دەستی پێ کردووە، ئەوە نەتیجەیەکە.

سەبەبی دووەم/ هەرچەند جەرائیم روویداوەو هەتا ئێستا نەتیجەی یەك تەحقیق ئیعلان نەکراوە، کە بزانین کامە ڕێکخراو و، کامە کەس، کامە مەجموعە بەدوایەتی، تا بزانین خەڵك چۆن موعامەلە لەگەڵی بکات، ئەوەش شتێکی ترە.

مەوزوعی ئاوی ئەڵوەن، بە قەناعەتی من فشارێکی ترە لەسەر حکومەتی عێراقەوە، بۆ بەدیهێنانی هەندێك ئامانجی خۆیانەوە، جا جارێك بە شێوەی تەرسیمی حدودەوە، جارێکیش بەشێوەی بڕینی ئاوەوە، ئەوە هەموو فشارە، من ئیشارەت دەدەمە هەندێك ئیجرائاتی عەمەلی:

یەکەمیان/ هەڵسانی حکومەتی کوردستان بە ئیجرائاتی تەواریئ لە رووی ئەمنی و دیفاعیەوە، دووەم/ لە رووی ئینسانیەوە بۆ ئەو ناوچانە.

دووەمیان/ فشار خستنە لەسەر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، حکومەتی فیدراڵی عێراقی، کە تەحەمولی مەسئوولیەتی خۆیان بکەن بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە، چ لە رووی ئیعادەی نەزەرەوە، یاخود چاوپێخشاندنەوە بە تەرکیبەی ئەجهیزەی ئەمنی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانێت بە

واجبی خۆی هەڵبستێت و، دوور بێت لە ئیختیراقات و، دەورو رەئی خەڵکی ئەو ناوچانەش فەرامۆش نەکرێتن، چونکە زیاتر مومکینە ئەوان مەعلوماتیان و زانیاریان هەیە لەو ناوچانە، کە زیاتر بەو واجیباتانە هەڵبستن، دەبێت دەوریان هەبێت.

مەوزوعی ئاو و حدودو ئەو شتانە، بە قەناعەتی من ئیتیفاقیاتی دەولی هەیە، هەر دەبێت بە دەسەلاّتی فیدراڵیەت، دەسەلاّتی سوڵتاتی ئیتیحادییە، دەبێت بە رێگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیەوە بیکەین، بەلاّم مەوزوعی حکومەتی کوردستان، ئەگەر پارساڵ ئێمە هەوڵماندا بەشی زۆری بودجە تەرخان بکەین بۆ کارەبا، مەفروزە ئەمساڵ هەوڵ بدەین و تەرخانی بکەین بۆ دابین کردن و خەزن کردنی ئاو، بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی ئاو، با ساڵی 2012 ببێتە ساڵی ئاو، ساڵی خزن کردنی ئاو لە کوردستاندا.

شتێکی تر بۆ حکومەتی کوردستان، من حەز دەکەم ئەمە بخەمە روو، کە پێویستە حکومەتی کوردستان هەڵستێت بە واجبی خۆی لە جێ بەجێ کردنی بەرنامەیەکی پێش خستنی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی لەو ناوچانە، زائیدەن پتەو کردنی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە، بەتایبەتی پێکهاتە رەسەنەکان بۆ کەم کردنەوەی کێشەی ئەو ناوچانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر ئەحمەد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرانی بەڕێزو میوانان دەکەم، دەستخۆشی لە شاندی پەرلەمان و لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین بۆ راپۆرتەکەیان و بەدواداچوونیان، جێگەی نیگەرانییە کە بارودۆخی ناوچەکانی جەلەولاو سەعدیەو ناوچە کوردستانییەکانی تری پارێزگای دیالە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە بەسەدان کەس کوژراون و نزیکەی زیاتر هەزار خێزانیش بەپێی هەندێك لە ئامارەکان (1400)، یان (1800) خێزانیش ئاوارەو دەربەدەر بوونە، تەنها لە ساڵی (2004)ـەوە، بەدەیان خێزانی عەرەب لە شوێنیان جێگیر کراون، بەم فشار خستنە سەر کوردو دەرکردنیان رێژەی کورد لەو ناوچانە 50٪ کەمی کردووە، هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران دەڵێن سوپاو پۆلیس کەمتەرخەم بوون لە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان و یارمەتی ئەو گرووپانە دەدەن و، لە زۆر شوێن کە خەڵك کوژراوە، یان تیرۆر کراوە، سوپا هیچ جووڵەیەکی نەکردووە بۆ پاراستنی ئەو خەڵکانە.

ئەوەی ئێستا لە ناوچەکانی سەعدیەو جەلەولا روودەدات سبەی لە ناوچە دابڕێنراوەکانی تریش روودەدات، هەر وەك پێشتر لەناوچەکانی مووسڵ و حەویجە روویانداو بەدەیان خێزانی کوردی ئەو ناوچانە دەرکران، هەروەها مەسیحییەکان و هاوولاّتیانی دیکەش وەك کاك سالم ئاماژەی پێدا، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئایندەی ئەو ناوچانە.

جیٚ نیگەرانیشە کە خەڵکانێك هێشتا لەم سەردەمەدا شۆڤێنیانەو رەگەز پەرستانە بیر دەکەنەوەو ئەویتریان قەبوڵ نییە، بوونی گەل و زمانی جیاواز بڕیارێکی خواییەو یەك لە نیشانەکانی خوای گەورەیە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت (ومن آیاتە خلق السموات والارض واختلاف السنتکم والوانکم).

بەپێی دەستووری عێراقی لە ماددەکانی (14 و 15 و 16)دا هاتووە، کە عێراقیەکان هەموویان یەکسانن بەرامبەر یاسادا و هیچ جیاوازی و جیاکارییەك نییە لەنێوانیاندا، بەهۆی تایبەتمەندییەکانیانەوە، ماددەی (15) دەڵێ (لکل فرد الحق في الحیاة والامن والحریة، ولا یجوز الحرمان من هذه الحقوق او تقییدها والا وفقا للقانون، وبناء علی قرار صادر من جهة قضائیة مختصة).

هەروەها ماددەی (16) دەڵێ (تکافؤ الفرص حق مکفول لجمیع العراقیین، وتکفل الدولة اتخاذ الاجراءات اللازمة لتحقیق ذلك).

بەلاٚم تا ئێستا حکومەتی عێراقی بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە، بە ئەرکە دەستوورییەکانی خۆی، ئەرکی حکومەتی عێراقە هاووڵاتیانی خۆی بپارێزێت و ژیان و ئاسایش و ئازادی و هەلی یەکسان بەپێی ئەو دەستوورە بۆ هەموویان دابین بکات، بەلاٚم نەیکردووە، سوپاش بەرپرسیاریەتی پاراستنی هەموو هاووڵاتیانی عێراقی لە ئەستۆ دایە، بەلاٚم نەیکردووە، بەڵکو ئەو رێککەوتننامانەش پێشێل کراون کە لەنێوان لایەنی عێراقی (حکومەتی ئیتیحادی)و هەرێمدا هەن، چونکە حکومەتی عێراقی رۆژی 8/15 چەند لیواو فەوجێکی خۆی ناردۆتە ئەو ناوچانە، بەمەش رێککەوتننامەی هاوبەشی نێوان هێزی پێشمەرگەو وەزارەتی بەرگری و فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا، کە هەموویان واژوویان کردووە پێشێل کردووە، کە مەفروزە بە ئاگاداری لیژنەی وەزاری و لیژنەی بالاٚ جووڵە بە سوپا بکرێت بۆ ئەو ناوچانەی بە ناوچەی ئەمنی هاوبەش ناسراون، باشە ئەگەر سوپاو پۆلیس خەڵك دەربکەن، یاخود هاوکار بن بۆ دەرکردنی هاووڵاتیان و بێ دەنگ بن بەرامبەر کوشتن و دەربەدەر کردنیان، ئەدی خەڵکی ئەو ناوچانە پەنا بۆ کوێ بەرن؟

راپۆرتەکان و بەرپرسانی کوردیش لەو ناوچانە ئاماژە بەوە دەدەن، کە نەبوونی ئاسایش و هەڕەشە کردن لە کوردو نەبوونی خزمەتگوزاری و کارەباو خوێندنی کوردی هۆکاری سەرەکین لەبەردەم چۆڵ بوونی ئەو ناوچە جێ ناکۆکانەی پارێزگای دیالە لە کورد، چونکە ئەوان لە هیچ ماف و ئیمتیازێك کە لە هەرێمەوە دەدرێت بە هاووڵاتیان سوودمەند نابن، کەوا بوو دەبێ لایەنی کوردستانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی هەبێ بۆ رێگرتن لە دەرکردن و چۆڵ بوونی کوردی ئەو ناوچانەو گێڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان، ئەمەش لە هەموو ئاستەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاٚیەتی و رۆشنبیری و سەربازی، پێویستە خزمەتگوزاری پێویست پێشکەش بەو ناوچانەو خەڵکەکەی بکرێت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا خەڵکی ئەو ناوچانە داوای جێگیر کردنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانیاندا دەکەن، پێشتر لە ساڵی (2008) بە یارمەتی هێزەکانی ئەمریکا لە پارێزگای دیالە

عەمەلیاتی بەناو (بشائر الخیر) مژدەکانی خێری سەربازی دەستی پێ کرد، هێزی پێشمەرگە بە فشاری ئەمریکاو عێراق کشایەوە، بەلاَم ئەو بەڵێنانەی لایەنی ئەمریکی دایان بەشێوەی زارەکی کە کوردی ئەو ناوچانەو دانیشتوانەکانیان دەپارێزن، نەیان بردەسەر، پێرێ بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە تەئکیدی لەسەر ئەو هەڵەیەی سەرکردەکانی کوردستان کردۆتەوە، کە بڕیاریاندا بە کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانەو دەڵێ: لە ململانێ سیاسیەکاندا نەرمیان نواندووە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە پرسی ئەو ناوچانەی جەلەولاو سەعدییەو خانەقین و ئاوی ئەڵوەن، پێشنیار دەکەم:

1- خاڵەکانی ناو راپۆرتی شاندی پەرلەمان بکرێنە بڕیارو حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پێوە پابەند بکرێن.

2- سوود وەرگرتن لە دەستووری عێراقی لە پەیوەست بە جووڵاَندنی هێزی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)، چونکە بەپێی دەستوور رێگری نییە لە جێگیر کردنی پێشمەرگە لە ناوچە دابڕێنراوەکان، بەلاَم لایەنی کوردستانی نەیتوانیوە دەستوور لەبەرژەوەندی خۆی بەکار بێنێ و ژیانی هاوولاَتیان و هاونەتەوەکانی خۆی لە سنووری پارێزگای دیالە بەتایبەتی بپارێزێت و خۆی پەیوەست کردووە بە هەندێ ئیتیفاقیات و رێککەوتن، کە لایەنی بەرامبەر بەوانیشەوە پابەند نەبووە.

3- پێداچوونەوەیەك بە سیاسەتی بەشداری کردنی لایەنی کوردستانی لە حکومەت و سوپای عێراقدا، لە کاتێکدا لایەنی کوردی بە وەرەقەیەکی (19) خاڵی بەشداری لە حکومەتی مالیکیدا کرد، بەلاَم تا ئێستا هیچی لێ جێ بەجێ نەکراوە، یەك لەو خالاَنە مەسەلەی جێ بەجێ کردنی ماددەی (140)ـە، کە چارەنووسی هەموو ناوچە دابڕێنراوەکان پەیوەستە بەو ماددەیە بەناوچەکانی سەعدییەو جەلەولاشەوە، بەپێی وەرەقە (19) خاڵیەکە دەبوایە لە ماوەی دوو ساڵ لە تەمەنی حکومەتی مالیکیدا ماددەکە جێ بەجێ کراباو هەنگاوی جددی بۆ بنرابا، کە نەك حکومەت ئەوەی نەکردووە، بەڵکو لە کارنامەی دوای تەعدیلە وەزاریەکەشیدا ماددەی (140)ی دانەناوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کارێکی باشە کە پەرلەمان قسە لەسەر کێشەی ئەو ناوچانە دەکات، بەلاَم پەرلەمان وەك بڕیارە نەبۆتە مەرجەع بۆ پرسە چارەنووسسازەکان، کاتی خۆی وا بڕیار بوو کە وەررەقە (19) خاڵیەکە دوا جار لەلایەن ئیتیلافی کتلە کوردستانیەکان بهێنرێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمان قسەی لەسەر بکات و پەسندی بکات، بەلاَم ئەوەش نەکرا، ئەگەر ئەمە بکرابا پەرلەمانیش بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ دەگرت و بەدواداچوونی خاڵەکانی دەکرد، بەتایبەت ماددەی (140) وەکو باسمان کرد، کە چارەنووسی ئەو ناوچەیەی پێوە بەندە.

سوپا سالاری عێراق کوردە، بەلاَم سوپا جووڵەی پێ دەکرێت و ئەو ئاگادار نییە، یاخود پرسی پێ ناکرێت، دەکرا لایەنی کوردستانی لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستانە ئەویش چەند هەڵوێستێکی وەربگرتایە، بۆ نموونە

**دەیتوانی بەشداری خۆی لە حکومەتدا هەڵپەسێرێ، یاخود هەڕەشەی کشانەوەی بکردبا لە حکومەتەکەی مالیکی، چی دەبێت ئەگەر جارێك کورد هەڵوێستێکی توند وەربگرێت!**

**4- سەبارەت بە ئاوی ئەڵوەن، لەگەڵ پێشنیارەکانی راپۆرتی شاندەکەدام، ئەگەر چی پرسی ئاو مەسەلەیەکی سیادیە، بەڵام حکومەتی عێراقی هەوڵی جددی نەداوە بۆ چارەسەر کردنی گرفتی گرتنەوەی ئاوی ئەڵوەن، سەرباری ئەوەی کە گوایە لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێراندا پێکهێنراوە بۆ چارەسەر کردنی پرسی ئاوی ئەڵوەن، کونسوڵی ئێرانیش لە هەولێر لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا دەڵێت وشك بوونی ئاوی ئەڵوەن کێشەیەکی هونەرییەو پێویستە لیژنەی هونەری ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، بۆیە ئەگەر ئەو لیژنە هاوبەشە لەنێوان عێراق و ئێراندا هەیە، پێویستە ئەو لیژنەیەی هەیە بەزوویی هۆکارەکانی وشك بوونی ئاوی ئەڵوەن روون بکاتەوە، کە ئایا بە فیعلی کێشەیەکی هونەرییە، یان هۆکاری ترە؟ چارەسەری بکات.**

**ئەرکی هەنووکەیی ئەم قۆناغە ئەوەیە سەرکردایەتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش بکات، بۆ ئەو ناوچانەو پاراستنی خەڵکەکانیان لە هەڕەشەی کوشتن و دەربەدەر کردن، پاشان پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و جێ بەجێ کردنی هەنگاوەکانی تر، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز بەنیسبەت بەرنامەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکان، راستە وا بوو، بەڵام ئاخیر جەلسەیان کە هەموو لایەنەکان حازر بوون (19) خاڵیان لێ هەڵبژارد بوو، من ئەو وەختە سەرپەرشتیم دەکرد، بەڵام لەو جەلسەیە من لە دەرەوەی وڵات بووم، هەموویان بە ئیتیفاق (19) خاڵیان لێ هەڵبژارد بوو، گشت لایەنەکان لەسەری موتەفیق بوون و بەو شێوەیە تەقدیمی بکەن، هەر بۆ مەعلوماتت، رەنگە ئەوە بۆ جەنابت روون نەکرا بێتەوە، رێزدار عمر عبدالعزیز کەرەم بکە.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش سەرەتا هاوخەمی و هاوسۆزی خۆم بۆ خێزانی شەهیدان و ئاوارەو راگوێزراوانی ئەو ناوچەیە دەردەبڕم و، هەروەها ئیدانەی ئەو کارە تیرۆریستیانەی چ لایەنە شۆڤێنیەکان، چ لایەنە تیرۆریستان دەکەم وەك کوشتن و ئاوارە بوون و هەوڵەکانی تەعریب لەو ناوچانەو، سوپاسی تایبەتیش بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئەم کۆبوونەوەیەی تایبەت کرد، هەروەها دەستخۆشی تایبەت لە لیژنەی پەرلەمان دەکەم و پشتگیری هەموو پێشنیارەکانیان دەکەم، ئەوەندە نەبێت کە ئیحتیمالە گرفتی یاسایی تیا بێتە پێش وەکو تەخصیص کردنی بودجە، رەنگە قسەیەکی بوێ، بەڵام ئەوە پێشنیارەکەیان پێشنیاری عەمەلی جوانەو دەستخۆشیان لێ دەکەم.**

**بەڕێزان، ئەم رووداوانەی کە روو دەدەن بەرپرسیاریەتی و مەسئولیەتی وا دەزانم دەابەش دەبێت بەسەر هەموو لایەنە پەیوەندارەکان، هێزەکانی هاوپەیمانان، حکومەتی عێراقی فیدراڵ، حکومەتی هەرێمی**

**کوردستان، ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە هەیـە، دیـارە کـە ئـەرکێکی دەسـتوورییەو لـە زۆربەی مادده دەستوورییەکاندا وازیحـە لـەلامان دووبـارەی ناکەمـەوە، هەنـدێك لـە هاوڕێیـان باسـیان کـرد، ئەرکی سوپای عێراقە کە مەسئوولیەتی ئەمن و ئاسایش هەر لە مەرزەوە تا دەگاتە ناوخۆ هەر لە ئەستۆی ئەوە، هەر کەم تەرخەمیەك لەو لایەنانەوە روویدا بە تەبیعەتی حاڵ، دەبێتە پێشێلکاری دەسـتوور، ئەگـەر هەسـت بکرێـت بـە فیعلـی کەمتەرخـەمی کـراوە، ئـەو بەشـەی کـە پەیوەنـدی بـە دەسـەلأت و دەسـەلأتی کوردستان بەگشتی، بەتایبەتی حکومەتی هەرێمەوە هەیە، رەنگە زیاتر بێت بە حوکمی کوردسـتانی بـوونی ئەو ناوچانە، بە حوکمی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هاوولأتیانی کـورد، هەرچـەندە بەڕاسـتی ئـەم سیستەمە دەکرێت تایبەت نییە بە هاوولأتیانی کورد وەکو هەندێك لە برایان باسیان کرد، برایانی تورك و عەرەبیش کە دژی ئەو هەنگاوانەن و زوڵمیان لێ دەکرێت لەو ناوچانە دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچـێتن بـەلأم دەبێـت حکومەتی هەرێم ئـەرك و مەسـئوولیەتی خـۆی لـە هەرسـێ رووی ئینسـانی و دەسـتووری و یاسـایی لەگـەڵ بوعدە سیاسی و سەربازییەکەشی بەڕاستی مەسئوولیەتی رووی تێ دەکات، من چەند پێشنیارێکم هەیە، کە هەندێکی پشتگیرییە بـۆ ئـەوەی تەئسیر نـەبێت لەسـەر رای بـراو خوشـکان، هەندێکیشـی رەنگـە تـازە بێـت عەرزی دەکەم، پشتگیری بوونی کەمپێکی داڵدەدانـە بەڕاسـتی بـۆ ئەوانـەو بـە جـددی دەبێـت ئەمـە لەسـەر موناقەشەشی ناوێت، ئەوەندەی بکرێت و ئەوەندەی بودجە تەقازا بکات و بتوانین دەبێت کەمپێکی سـەریع دابنرێت.**

**پێشـنیاری دووەمـم/ ئەوەیـە کـە پـرۆژە بڕیارێـك، هـەر ئـەمڕۆ پەرلـەمان پـرۆژە بڕیارێـك دەربکـات، بـۆ سوودمەند بوونی خەڵکی ئەو ناوچانە لەو یاسایانەی دەرمانکردووە، لەکاتی موناقەشەی یاسـاکاندا جۆرێـك خوشـك و برایـانی پەرلـەمانتار داکۆکیـان دەکـرد لـەوەی کـە ناوچـە دابڕێنـراوەکـان سـوودمەند بـن، بـەلأم بەداخەوە تەنانەت هەندێك جار ناوی موزایدەی لێ نـرا بێـت، هەنـدێ جاریش بودجەکـە تـەقازا نـەکات، بەلأم ئێستا دەبێت بە هەر شێوەیەك بوو، ئەگەر ئیستیقتاعاتیش بووە خەمێکی بۆ بخورێت، من پێم باشە پرۆژە بڕیارێك دەربکەین، کە ئەوە لە دەسەلأتی ئێمەیە، ئەمڕۆش ئەو پرۆژە بڕیارە دەربچێت.**

**بەنیسبەت چارەسەری ریشەیی و جددی، ئەمەش هەر بەڕاستی نابێت بە جورعەی موسەکین رازی بـین بـۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە، من پشـتگیری لـەوە دەکـەم کـە بـە جـددی لایـەنی کوردسـتانی بەشـدار بێـت لـە لیژنەیەکی هاوبەشدا، لەگەڵ ئەوەی کە لە راپۆرتەکەشدا ئاماژەی پێ کراوەو براو خوشکانیش باسیان کـرد، ئەمە بەڕێی گفتوگۆی جددی و چارەسەری جددی چارەسەر دەبێت، چونکە ئیحتیمالی زۆرە درێژ بێتـەوەو هەشت ساڵە ئێمە لەمە کەموکورتیمان هەیە، ئەگینا هەموو جار بە ئیدانەو بە هەڵوێست لێ وەرگرتن و بە باس لێ کردن و بە توێژینەوە قسەمان لەسـەر کـردووە، لایەنـە کوردسـتانیەکان لـە بەغـدا قسـەیان لەسـەر کردووە، دەسـەلأتی کوردسـتان لێـرە قسـەی لەسـەر کـردووە، هێـزە سیاسـیەکانی کوردسـتان قسـەیان لەسـەر کردووە، بەلأم ئەوە بۆ هەشت ساڵ دەچێت ئێمە نەمانتوانیوە چارەسەرێکی جددی بۆ بکەین، هەشـت سـاڵە باس لە جێ بـەجێ کردنـی ماددەی (140) دەکـەین، باسـی ناوچـە دابڕێنراوەکـان دەکـەین، باسـی گـرفتی**

سنوور دەکەین، باسی گرفتی هێزی پێشمەرگە دەکەین، ئەمە دەبێت بەڕاستی یەکلا بکرێتەوەو قورسایی سیاسی دەسەلاتی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەمە بێت، چ کارتێك ماوە بەکاری بێنین، دەبێت بەکاری بێنین، چونکە کاتی هاتووە.

دیارە سەبارەت بە ئەرکی هێزەکانی هاوپەیمانیش، ئەوە ئێمە ناتوانین رێ بۆ ئەوان دابنێین، بەلام ئەوانیش مەسئوولیەتێکیان لەسەرە، کە رەنگە پێویستی بە هەماهەنگی و تەنسیقێکی جددی بێت لەگەڵ حکومەتی عێراق و هەرێم، بەتایبەتی لەو بەشەدا کە پەیوەندی بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو تیرۆریستانەوە هەیە، کە ئەمە ئەرکی هاوبەشی هەموومانە، بەتایبەتی ئەوان وەکو لایەنێك کە مەسئوولیەتیان لەسەر شانە.

بەڕێزان، کورد شەریکێکی جددییە لە عێراقی تازە، رەنگە ئەمە هەمووی دووبارە بێت ئەم بەشەی کە قورسایی ئێمە لە عێراقی تازە چۆنە، بەڕاستی نابێت وەکو جاری جاران جەلەو شل بکەین بۆ کەسانێك کە دەیانەوێت دووبارە عێراقە کۆنەکە بهێننەکایەوە، کورد پەراوێز بخرێت، رێژەی کورد، قورسایی کورد لە ناوچە کوردستانیەکان بەشێوەیەکی گشتی، نابێت بەو نەفسە قسەی لەسەر بکەین، کە هەندێك لە برایان ئاماژەیان پێ کرد، ئێمە باجی زۆری مرونەت و نەرمیمان داوە، باجێکی زۆری ئەو سەماح و چاو پۆشیەمان داوە کە کوردی پێوە ناسراوە، بەلام کار گەیشتە سەر باری زوڵم و ستەم و ناعەدالەتی، دەبێت حاسیمانەو بە جددی هەڵوێستمان هەبێت، من لە کۆتاییدا چەند سەرنج و راسپاردەیەك عەرز دەکەم، چەندێك پەسندە لەلای بەڕێزتان، ئازادن، بەلام هەندێك سەرنجە، هەندێکیش ببێتە راسپاردە:

یەکەمیان/ بەڕاستی دەبێت وریا بین و نەهێڵین شۆڤێنیەت بوعدی قەومی بەم مەسەلەیە بدات، دووبارە سراعێکی عەرەبی، کوردی لە عێراقدا دروست بکرێتەوە، ئێمە باسی پێشێل کردنی دەستوورو ناعەدالەتی زوڵم و ستەم دەکەین، بەدەر لەوەی کە دەکرێت ئەمە گشتی تەرەو واقیعەکەش وایە، کەسانێك دەیانەوێت دەست و پەنجە دووبارە نەرم بکرێت لەگەڵیان، ئێمە بە هیچ شێوەیەك رێگەی پێ نەدەین و نەهێڵین بکێشێت و دووبارە باسی سیراعی کوردو عەرەب و دووبارە لێکدانەوەی ئەو تەباییەی کە لە ئاستی گشتیدا دروست بووە، راستە، هەندێك لایەنی شۆڤێنی بەداخەوە لەناو دەسەلاتی عێراقیش نایانەوێت ئەم واقیعە تازەیە جێگیر ببێت، بەلام ئێمە نەبینە بەشێك لەوە خوا نەخواستە بە سیاسەتی هەڵە، یان باش مامەڵە نەکردن لەگەڵ ئەم حاڵەتە، ئەمە خاڵی سەرنجی یەکەم.

دووەم/ دەبێت بەڕاستی ئێمە رازی نەبین بەهیچ شێوەیەك کە بلانصی هێزەکان، هێزە سەربازییەکان لەو ناوچانە تێك بچێت، چوونی پێشمەرگە، من ناڵێم ماف خۆمانە، من دەڵێم ئەرکی خۆمانەو، دەبێت ئەو ئەرکە جێ بەجێ بکەین، بەڕێز وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆ لێرەن، لە ماددەی هەشتی دەستووری عێراقی هاتووە، هاوڕێی بەڕێزم کاك دکتۆر احمد وەرتی ئاماژەی بە تەکافوی فورەس کرد، ماددەیەکی دەستووری تر هەیە کە زۆر گرنگەو هەموو لەبیرمان بێت، ماددەی هەشتی دەستووری عێراقە، کە باس لە پاراستنی بلانصی هێزەکان دەکات لە هێزی عێراق، لە هێزە چەکدارەکانی عێراق، دەبێت ئەمە بە جددی

باسی لێ بکەین، کە لە ئەرزی واقیعدا کەی وابووە؟ وەختێك لایەنە سیاسیە کوردییەکان مرونەت دەنـوێنن لەو بڕیارە پێشووەی کە من دەستخۆشی لەو ئیعتیرافە دەکەم، کـە بـەڕێز جێگـری وەزیـری پێشـمەرگەش و قائیمقامی خانەقین و سەرپەرشتیاری ئیـدارەی جەلـەولاش هەرسێ لا ئیعـتیراف دەکـەن دەڵێن هەڵەیـەکی سیاسیمان کرد، کە رازی بووین بـە کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەو جـێگیر کردنـی هاوبـەش، ئێمـە ئـیتر دەبێت ئیعتیراف بکەین، کـە هەنـدێ جار هەڵـە سیاسـیەکان دووبـارە دەبنـەوە، بۆیـە بـاجی ئەمـە دەدەیـن، کەواتــە ئەمــە پێویســتی بــە هەماهــەنگی هەیــە، پێویسـتی بــە داکــۆکی کردنــی جــددی هەیــە لــە مافــە دەسـتوورییەکانمان، دەبێـت هێـزە سـەربازییەکان لەگـەڵ هێـزە سیاسـیەکان هەماهـەنگیان هـەبێت، هێـزە سیاسیەکانیش لەگەڵ پەرلـەمان بەڕاستی بەرچـاو روونیـەك هـەبێت، وەئـیلا مـەعقول نییـە ئێسـتا هێـزی سیاسیش شتێك بڵێن و هێزە سەربازییەکان شتێك بڵێن، ئەمە دەری دەخات کە هەندێك جار بـە عەفـەوی بڕیارمانداوە، هەندێك جار پەلە کراوە، هەندێك جار باش تاوتوێی مەسـەلەکانمان نـەکردووە پـێش ئـەوەی بڕیارەکە بدەین.

سەرنجی سێیەمم/ ئەوەیە کە بەڕاستی ئەم حاڵەتە وریایی دەوێـت، هەماهەنگیـەکی جـددی دەوێـت لەگـەڵ لایەنە عێراقیەکان، تەفاهومێکی جددیشی دەوێت، کاری دیبلۆماسی و شێلگیرانەی دەوێـت، دروسـت کردنـی قەناعەتێکی هاوبەشی دەوێت، قەناعەتێکی هاوبەش لەلایەن هەموو، چ زەحیـەو چ ئەوانـەی کـە بەشـدارن، ئەمـە وەکو گـوتم ئەگـەر باسـی لایـەنی زوڵـم و زۆریەکـەی بکـەین، باسـی پێشـێل کردنـی دەسـتوور، باسـی هەڵنەستان بە ئەرکی خۆیان وەکو دەسەڵاتی ناوەندی عێـراق، ئەمانـە زەق بکەینـەوە حوجـەمان بـەقوەتتر دەبێت.

خاڵی چوارەم/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی کرد بە زانیارییەك کە ئەسڵەن نابێت لەوە بێ دەنگ بـین ئەگـەری تێـوەگلانی هەنـدێك لەبەرپرسـان، چ لـە سـوپای عێـراق، چ لەلایەنـە سیاسـیەکان، چ لـە لایـەنی دەســەڵات، ئەمــە مەوزوعێکــە نابێــت دەســەڵاتی کوردســتان و هێــزە سیاســیەکان و ئیئتــیلافی کوتلــە کورردستانیەکان لە بەغدا بە هیچ شێوەیەك لەمە بێ دەنـگ بـن، ئەگـەر فیعلـەن ئـەم زانیارییانـە جێگـەی ئیعتیمادە.

سەرنجی پێنجەمم/ ئەوەیە کە چالاکیمان چڕ بکەینەوە لەو دانیشتنانەی ئێستا، کە لە دوێنێوە دەسـتی پـێ کردووە لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان، چ لـە عێـراق و چ لـە هـەرێم و چ لـە هێـزی هاوپـەیمانان، دەبێـت بەڕاستی ئێمە حزوری جددیمان هەبێت لەوەو رەئی خۆشمان هەبێت و دەنگیشمان هەبێت، من داواکـارم لـە لایەنـە سیاسـیەکان هەماهـەنگی جـددیان هـەبێت لەگـەڵ هـەموو لایەنـە پەیوەندیـدارەکان لـە کوردسـتان، بەتایبەتی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان، کە نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستانە.

خاڵێکی تر/ پەیوەندی بە فراکسیۆنی ئیئتیلافی کوتلە کوردستانیەکان هەیـە، کـە جێـی دەستخۆشـیە یـەك ریزیان پاراستووە، بەڵام بەڕاستی دەبێت ئاگایان لەم لیژنەیە بێت، چونکە وابزانم لەم رۆژانە لیژنـەیـەکیان پێکهێناوە بۆ مەسـەلەی ئـاوی ئـەڵوەن، تایبەتـە بـە مەسـەلەی ئـاوی ئـەڵوەن، کـە دەبێـت رەئیـان هـەبێت و

بەڕاستی ئەوان بە ساحێبی قەزیەکە بزانن، نەك تەنها ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەشێوەیەکی شکلی داینێ و ئەوان پەراوێز بخرێن، یان بۆ ناوی سوێند نەفەرێکی لە خۆمان، یان چەند نەفەرێکی تیا بێت، دەبێت قسەی جددییان هەبێت، راپۆرتمان هەبێت، لێرەوە من داواکارم ئەو راپۆرتە مەیدانیەی لیژنەی هاوبەش بنێردرێت بۆ ئەو بەڕێزانە لەوێ، تا بەرچاو روون بێت.

خاڵی ئەخیریم/ بۆ ئەوەی کاتی بەڕێزتان نەگرم، من عەرزم ئەوەیە لەم جۆرە قەیرانانە دوو مەبدەئ زۆر گرنگن:

یەکێکیان/ حیکمەت و وردەکاری و لەسەرخۆییە.

ئەویتریان/ حەسم و جددییەتە.

بەهەردووکیان ئێمە دەتوانین بگەین بە بڕیارێکی حەکیمانە، نە پەلە کردن چارەسەرمان دەکات، نە خاوی وەکو بڵێی خوێن ساردی چارەسەری ئەو مەسەلەیە دەکات، ئێمە دان بنێین بە هەڵەکانمان، باشتر دەتوانین بە ئەرکەکانمان هەڵبستین، ئەگەر خۆمان بە مەعسوم و گوناح بزانین، هەمیشە پاساو دێنینەوە بۆ هەڵە سیاسیەکانمان، یان بڕیارەکانمان، وا نازانم بگەین بە نەتیجەیەك، ئەمە هەشت ساڵە ئەم کێشانە دووبارە دەبنەوە، هەموو جار قسە دەکەین و هەڵوێست وەردەگرین، پێویستە هەڵوێستێکی جددی وەربگرین لەم خاڵە، بۆچی ناگەین بە نەتیجە؟ بۆ نەمانتوانیوە بە ئەرکی سەر شانی خۆمان هەڵبستین؟ ئایا هەموو خەتاکان، هەموو فاکتەرەکان، هۆکارەکان بابەتین، پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، یان بەشێکی پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە، وەکو هێزە کوردستانیەکان؟ پێویستە لەسەر ئێمە هەڵوێستێکی جددی وەرگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار کاك فازل حەسەن کەرەم بکە.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە شاندی لیژنەکانی پەرلەمان دەکەم و پشتیوانی لە راپۆرتەکەیان دەکەم، سەبارەت بە کێشەی ئاوی ئەڵوەن، دیارە لە راپۆرتەکەدا هاتووە لە ماوەی هەشت ساڵە بەم شێوەیە ساڵانە ئەو ئاوە دەگیرێتەوە بە بەردەوامی، دیارە حەتمەن پێشتریش هەوڵ دراوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە، بەڵام کە تا ئێستا چارەسەر نەبووە، بەتایبەتی لەگەڵ ئێران، بۆیە من ئەو چارەسەریانە کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە، زیاتر ئەو چارەسەرییە بکرێت، ئەگەر لە سەرچاوەی ئاوی سیروان چارەسەرێك بدۆزرێتەوە، ئەگەرنا دیارە لەگەڵ ئێران، من وەکو رەئی خۆم پێموا نییە شتێك بکرێت.

سەبارەت بە کێشەکانی سەعدییەو جەلەولا، مەسەلەی تیرۆر کردنی کورد لەم ناوچانە، ئەمە بەڕاستی ئەوەی کە پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، بەحکومەتی عێراقەوە هەیە، یان بڵێین لایەنی عەرەبی لە حکومەتی عێراق، من هیچ جیاوازییەك نابینم لە مەسئوولینی عەرەبی لە حکومەتی عێراق لەگەڵ ئەو

ئەفسەرو سەربازانەی کە خۆیان، یان لەبەرچاوی ئەوان خەڵکی کورد تیرۆر دەکرێت و تەرحیل دەکرێت، بۆیە یەعنی هیچ داوا کردن شتێکی بێ سوودە، بەڵام داوایەکە لێرە لە نوێنەرانی کوردە لە حکومەتی عێراق، ئەوانەی کە کوردن ئەمڕۆ لە حکومەتی عێراق، ئەوان هەڵوێستیان چیە؟ یەعنی ماوەیەکی زۆرە، دواتر رێژەیەکی زۆر لەو شەهیدانە، خۆ هەر ئەو چەند شەهیدەی ئەم چەند رۆژە نییە، کە بڵێین ئێستا ئێمە لەسەری هاتبینە دەنگ، یەعنی هەڵوێستی ئەو کوردانەی کە ئێستا لە حکومەتی عێراقن، بەگوێرەی پلەکانیان بێت دەسەڵاتی باشیان هەیە، ئەمە وەکو لایەنی سیاسی.

لایەنی عەسکەری، ئەوە جگە لە سوپا سالاری عێراق، بەداخەوە هیچ هەڵوێستێکی ئەوەمان لێ نەبینی، چونکە ناکرێت ئەو لەو پۆستەدا بێت، ئەو هێزەی لە دەسەڵاتی ئەوە، ئەو تاوانانە لە بەرامبەر نەتەوەکەی ئەو دەکات، ئەو بێ هەڵوێست و بێ دەنگ بێت، بەڵام من دەڵێم ئەو هێزەی، یەعنی ئەو بەشە هێزەی کورد لە جەیشی عێراق، کە بەشێکی کوردە، ئەو هێزە کێیە؟ لە کوێیە؟ کێن؟ چ دەکەن؟ کاریان چیە؟ ئەگەر بە موختەسەری باسیان بکەین، تەنانەت ئەو فەوجە تەواریەی لە جەلەولا دروست کراوە، وەکو لە راپۆرتەکە ئاماژەی پێ کراوەو باس دەکرێت، کە (300) کورد بووینە، لەو (300)ـە دیارە بەهۆی کێشەو مەشاکیل ئەوەی ماوەتەوە نزیکەی سەد کەسێکە، باشە ئەو سەد کەسە ئیشیان چیە؟ چ دەکەن؟ خۆ ئەگەر پەنجا کەسیش بن، نەك سەد کەس، لەوێ کە دەسەڵاتیان هەبوو و چەکیان هەبێت، چۆن قەبوڵ دەکەن میللەتەکەیان بە بەرچاوی ئەوان ئاوا جینۆساید بکرێت، بۆیە بەڕاستی ئەم پرسیارانە رووبەڕووی نوێنەرانی کورد لە حکومەتی عێراق دەکرێتەوە، بەداخەوە دەبوایە ئێستا ئەوان نوێنەریان لێرە ئامادە بوایە، یەعنی بەهۆی ئەوان، ئەوەی کە بەرپرسیاریەتی ئەوانە.

سەبارەت بە مەسەلەی تەعریب، ئێمە ئەوەی کە دیارە عەرەب بەشێوەیەکی گشتی، چونکە کە دەگوترێت بەعسیەکان، کۆنە بەعسیەکان، عەرەبە شۆڤێنیەکان، ئەوانەی کە ئێستا لە جیشن بەشێك لە فیدائی سەددامن، یەعنی کێی لێ دەمێنێتەوە، ئێستا لەو (400) عەرەبەی لە جەلەولان، کامیان باشە؟ کامە ئەفسەریان، کامە سەربازیان لە حکومەتی عێراق؟ کامە وەزیر، یان رەئیس وزەرائەکان، یان مەسئوولینی حزبیەکان، ئەوانەی کار بە دەستن و قسەیان دەڕوات، کێ باشە رەئی؟ خۆ تەبعەن بە قسە هیچی تێدا ناهێڵنەوە، بەڵام بە کردەوە هیچ شتێکمان لەوانە نەبینی، کە ئێمە چاومان لەوە بێت ئەوان لە ئەوەی کە پێشتر، لە کاتی بەعس بە کورد کراوە، ئەوان ئەگەر خراپتر نەکەن، وەکو ئەوە دەیکەن ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت، ئەوە بە فیعلی دیارە، بۆیە مەسەلەی تەعریب ئەوان هەرچی پێیان بکرێت دەیکەن، بەڵام ئەوەی کە بەرپرسیاریەتی خۆمانە، وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو خەڵکی هەرێمی کوردستان، نابێت رێگەی پێ بدرێت، وەکو ئەوەی لە راپۆرتەکەدا هاتووە، دوای ئەوەی کە وەزعی ئەم ناوچانە زۆر خراپ بوو، هێزی پێشمەرگەو پۆلیسی هەرێمی کوردستان چوون لەوێ وەزعەکەیان ئارام کردەوە، تەنانەت ئارامیەکە بووە هۆکارێك بۆ تەعریب، یەعنی ئەو مەنتیقەیە ئەمن و ئەمانی لێ بوو، بەشێك لەو عەرەبانەی کە وەزعیان لە شوێنەکانی تر خراپ بوو، دەهاتنە ئەوێ، ئەوە دەبوایە هەر لە سەرەتاوە

ڕێگەیان پێ نەدرێت، چونکە کاتێك کە ڕێگەیان پێ دەدرێت، دواتـر ئەمـەی لـێ دروسـت دەبێـت، جا ئەمـە لەسەر هەموو شوێنەکانی تری ناوچە جێ ناکۆکەکان بـە هـەمان شـێوە جـێ بـەجێ دەبێـت و، تەنانـەت بـۆ هەرێمی کوردستانیش، بۆ ئەو سێ شارەی تریش، یەعنی ئەوە لەسەر تەعریبە، یەعنی ئێستاکە بـەگوێرەی ئامارەکان نزیکەی سی هەزار ماڵی عەرەب ئێستا لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك نیشتەجێن، باشـە کـێ دەڵـێ ڕۆژێك ئەوانەش وەکو ئەو عەرەبانە ناکەن، کە لە سەعدییەو جەلەولا، لەبەر ئـەوەی ژیانیـان لـە مەترسـی بوو هاتنە ئەوێ، ئێستا خۆیان بووینە مەترسی لەسـەر کـورد، هـەمان شـت دووبـارە نەبێتـەوە، جا مـن لـە کۆتاییدا دەڵێم چارەسەری ئەم وەزعە، یەعنی چارەسـەری کـاتی بـۆ ئـەم وەزعـە، ئـەو هەولانـەی کـە هـەن، وەکو باس دەکرێت پێشتریش ئەم هەولانە دراون، خۆ ئەگـەر بـاش بێـت و هـەر بـەردەوام بێـت هـەر باشـە، بەلام من وەکو ڕەئی خۆم پێموایە کـە ئاسـان نییـە، بۆیـە چارەسـەری کـاتی بـۆ ئـەم وەزعـە نـاردنی هێـزی پێشـمەرگەو پۆلیسـی هـەرێمی کوردسـتانە، بـۆ دیفـاع کـردن لـە خـەڵکی کـوردو، خـەڵکی تـریش ئەوانـەی هەڕەشەیان لەسەرە، ئینجا ئەگەر بـە ئیتیفـاق بێـت ئـەو هەولانـەی کـە ئێسـتا لەبەردەسـتن، ئـەوە باشـترە، چونکە پێشتریش لە ئیتیفاقەکان جێ بەجێ نەبووە، ئەگەر ئیتیفاقیش نـەکرێت، مـن لەگـەڵ ئـەوەم ئێمـە ئەو هێزانەی کە ئێستا جووڵەیان پێ کراوە، ئەو هێزانە بچن، لەوانەیە ئەنجامەکەی تەنها ئەوە بێت ئەگەر لایەنی بەرامبەر ناڕازی بێت شەڕ دروست دەبێت، خۆ ئێمەش ناکرێت لەبەرامبـەر قـەتل و عـامی میللـەتی خۆمان بێ دەنگ بین، لەبەر ئەوەی شەڕ دروست نەبێت، خۆ شەڕ کارێکی باش نییە، بـەلام ئەگـەر خـەڵکی تۆ بکوژرێت و هەوڵ بدرێت میللەتەکەت لـەناو ببرێـت لـە ناوچـەیەك، تەبعـەن ئـەو ناوچـەیە بەشـێکە لـە هەرێمی کوردستان، دواتر ئەگەر ئێمە بـە ئـەوێ ڕازی بـین، ئـەوە شـوێنی تریشـی بـە دوا دادێ، بۆیـە ئێمـە وەکو چارەسەری کاتی گرنگە هێزی پێشمەرگەو پۆلیس، هەتا ئەگەر بکرێت بەتایبەتی ئەمە کە مـەوزوعی تیرۆر وەکو تـیرۆر زەق کراوەتـەوە، یـەعنی بکرێـت هەنـدێك هێـزی دژە تیرۆریـش لـەو ناوچانە چ دروسـت دەکرێت، یان ئەوەی هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئێسـتا هـەرێمی کوردسـتان تـا ڕادەیـەکی زۆر ئارامـە، ئـەو هێزە ئیمکانیاتی، مەعلوماتی، چونکە ئەوەی بە هێزی دژە تیرۆر دەکرێت لە ڕووی مەعلومات، لەوانەیە بە هێزێکـی سـەربازی، یـان هێزەکـانی پـۆلیس ئاسـان نـەبێت لـەو بارەیـەوە، بۆیـە دەکرێـت ئێمـە بەشـێك لەهێزەکانی دژە تیرۆریش بۆ ئەم شوێنانە بنێردرێت، ئەمە وەکو چارەسـەری کـاتی، ئەگـەرنا ئـەو ناوچـانە کێشەیان لەسەرە، ئاسان نییە، ئەو هێزە تاکەی لەوێ دەبێت؟ خۆ هەر بەم شێوەیە نابێت هـەتا سـەر، بۆیـە من پێموایە چارەسەری بنەڕەتیش بۆ ئەم وەزعە، ئەوە دیارە ماوەی هەشـت ساڵە لـە دوای دروسـت بـوونی حکومەتی نوێی عێراق، ئێمە نەك هەر هیچ سوودمان نەبینی، بەڵکو تەنانەت وەزعی کورد، قورسایی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ لە لاواز بوون دایەو، هیچ ئومێدێکیش بەوە نییە باشـتر بێـت، ئەگـەر ئومێـد هـەبێت دەکرێـت، یـەعنی ئینسـان بـەم شـێوەی فیـدراڵی و ئەوانـە، ئـەوە دواجـار دەرکـەوت ئەوانـە لـە مەسـەلەی فیـدراڵیش پەشیمان بوونەوە، بۆیە چارەسەری بنەڕەتی داوا کردنی مافی چارەی خۆنووسینە، بەتایبـەتی ئێسـتا قسـەو باس و مەوزوع زۆر لەو بارەیەوە لەگۆڕێ دایە، بۆیە دەکرێت ئەم مەوزوعە نەك وەکو شێوەیەکی تاك تیـك

بەكار بێت، وەكو شتێكی ستیراتیجی، یەعنی سبەینێ بڵێین باشە ئەگەر ئێوە كێشەتان لەوەیە كورد لەم شوێنانە تیرۆر دەكرێت چارەسەری دەكەین، نا، چونكە ئەگەر ئێستاش پەشیمانمان بكەنەوە، هەموو كات ئەو عەقلیەتەی عێراق، یەعنی عەقلیەتی شۆڤێنیەتی عەرەب، كە بڵێین بەعس رووە زەقەكەی بوو، ئەگەرنا هەمان شتە، یەعنی بۆ ئێمە هەموو كات لە ژێر هەڕەشەو مەترسین، نەك لە چەند ناوچەیەك، بەڵكو وەكو هەموو هەرێمی كوردستانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، هەر بۆ ئەوەی بەرچاوتان روون بێت و زووتریش قسەكان بكرێت، ئەوەی كە جەنابت دەڵێی جەیشی عێراقی بە پلان محاوەلە دەكەن كوردی لێ ریشەكێش بكەن و نەمینێ، ئەو تەوازنەی بەپێی دەستوورەوە نەماوە، ئەوە حەقیقەتە، ئێستا ئەگەر بڕۆیت ئیحصایەكی دەقیق بكەیت 4٪یش لە جەیشی عێراقی كوردی تیا نییە، توركمانی تیا نییە، مەسیحی تیا نییە، یەعنی زۆر زۆر نیسبەتێكی كەمیان بۆ ئەوانە داناوە، ئەفكارێكی خەتەرناكی كۆنە بەعسیەكان موسەیتەرە لەناو جەیشی عێراق، ئێمە دەبێت ئەمجارە زۆر بە حەددی بە حەسم بەرامبەریان بوەستین، هەرچی لێ بكەوێت، دەبێت یان چاكی بكەن، تۆ مەجالیان پێ نەدەیت، كەسی تۆ بكوژێت لەو مەیدانە تۆش سەیری بكەیت، ئەوە ئەو وەختە تەواو، ئێستا لێرە بەدواوەو ئەوە چەند رۆژە دەستی پێ كردووە، بە حەقیقەت یان دەبێت چاك بێت، یان دەبێت چاكی بكەن، یان چی دەبێت، با ببێت، ئێستاش ئەندامەكان زۆر ماون قسە بكەن و بەردەوام دەبین لە قسە كردنی ئێوەش، بەس پێم باشە هەندێك شت هەیە لەلای وەزیرە بەڕێزەكانە، وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری بەڕێز كاك جەمیل باسی بكات، بزانین ئەو مەنتیقەیە، چارەسەری ئەو مەنتیقەیە چیمان هەیە، پاشان كاك شێخ جەعفەر وەكو پێشمەرگە چیان كردووە، پاشان كاك كەریمیش وەكو وەزارەتی ناوخۆ چیان كردووە، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی ئەوان كردوویانە دووبارە نەبێتەوە، كاك جەمیل ئەگەر بفەرمووی.

**بەڕێز جمیل سلیمان/ وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێز ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.**

زۆر سوپاس، بەڕاستی وشك بوونی رووباری ئەڵوەن ئێستا دەستی پێ نەكردووە، بەڵكو ئەوە بەری چەند ساڵێكە، ئێمە وەكو وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو كتابێك لە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە 2010/2/11 ئاراستەی وەزارەتی ئێمە كراوە، بۆ ئەوەی بزانن كێشەی وشك بوونی رووباری ئەڵوەن و پێشنیار چیە بۆ حەلی ئەو كێشەیە؟ رووباری ئەڵوەن درێژی (130) كیلۆمەترە، (80) كیلۆمەتر لەناو ئێرانە، (50) كیلۆمەتر لەناو خاكی عێراقە، بەڕاستی كێشەی وشك بوونی رووباری ئەڵوەن سەرەكی حكومەتی ئێران سەدێك، بەربەستێكی دروست كردووە لەناو خاكی ئێران، مەجرای رووباری ئەڵوەن لە شێوازێكی تر تەحویل كردووە، لە مەشروعێكی ئیرواى گەورە، مەساحاتی گەورە ئێستا بۆ ئاودێری ئەو

مەنتیقەیە لەناو ئێران دەکەن، تەبعەن بە ڕێگای سەتە لایت ئەوەمان هینا خوارێ و، ئەوە وازیحە من تەقریك لەسەر ئەو پرۆژەیە لەلای من هەیە، ئێمە تەنسیقێکمان کرد لەگەڵ بەغدا بزانین چۆن کێشەکە چارەسەر بکەین، تەبعەن زیاتر کێشەی وشك بوون نەك بەس ئەوەیە، تەبعەن جەفافێ چەند ساڵێکە لەو مەنتیقەیە، ئێمە وەك عێراق و هەرێمی کوردستان چ بەربەست و چ بەنداو لەسەر رووباری ئەڵوەن نییە، لەبەر ئەوە کێشەکە گەڕاوەتەوە، ئێمە تەنسیقێك لەگەڵ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی بەغدا لەگەڵ ئاودێری گەرمیان و لەگەڵ ئاودێری خانەقین چۆن چارەسەری ئەوانە بدۆزینەوە، بەڕاستی چەند ئیقتیراحێك هەیە:

ئیقتیراحی یەکەم/ بۆ ئەوەیە دروست کردنی بەنداوێك لەسەر رووباری ئەڵوەن لەسەرەوەی خانەقین دروست بکرێت بۆ خەزن کردنی ئاو، خۆش بەختانە سەرچاوەکانی بەغدا موافەقەیان کردو لە ساڵی 2010 موافەقەکە موباشەرەتەن لە 2010/5/12 موباشەرەی کردووە، ئەو بەنداوە نزیکەی (50) ملیۆن مەتر موکەعەب ئاو خەزن دەکات، خەزنی حەقیقی بەڕاستی (33) ملیۆن مەتر موکەعەبن، گرێبەست لە 2012/4/10 ئەو پرۆژەیە تەواو دەبێت، بەس موشکیلەی حەلی سەریع ئەوەیە جەماعەت باسیان کرد، تەبعەن پرۆژەیەك هەیە لە قەناتی بالآجۆ لە رووباری سیروان ئەو قەناتە دێتە ناو خانەقین، ئەو قەناتە تەقریبەن هەمووی تەرمیم کراوە بە کۆنکریت، بەشێك ماوە چوار کیلۆمەتر لە قەناتەوە بۆ رووباری ئەڵوەن چوار کیلۆمەتر بە کولفەی تەقریبەن تەخمینی لەلای ئێمە هەیە نزیکی سێ ملیۆن، سێ ملیۆن نیو دۆلاری دەوێت بۆ ئەو پرۆژەیە، لەگەڵ دروست کردنی هەندێك بەربەست لەناو رووباری ئەڵوەن لەناو خانەقین، دوو مەتر، هەتا سێ، چوار مەتر دەتوانین ئاوی خەزن بکەین بۆ ئیستیفادەی ئەو بیستانەی لەناو خانەقین و لەخوارەوەی خانەقین ئیستیفادەی لێ بکەن، حەلێکی تر لەو دیراسەیەمان هەیە، ئێمە ئێستا لە رووباری سیروان دیراسات و تەصمیمی سەدێکین لەناو رووباری سیروان لە نزیکی مەنتیقەی بەردەسوور، حالیەن لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنفیزە، حەلێك هەیە لەوێ قەناتێك دروست بکرێت رەبت بێت لەگەڵ رووباری ئەڵوەن، تەبعەن ئەوە وەختی دەوێت، پارەیەکی زۆری دەوێت، دروست کردنی بەنداوی بچووك، بەڕاستی لە خوتەی وەزارەتی کشتوکاڵ چەندین بەنداوی ناوەندی و بەنداوی بچووك هەنە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، خانەقینیش بێ بەش نەبووە بەڕاستی، لە خوتەی ساڵی 2011 جێگایەکمان دەست نیشان کردووە بۆ دروست کردنی ئەو بەنداوە، بەس ئەگەر ئێمە ئیقتیراحی رەبت کردنی قەناتی بالآجۆ لەگەڵ رووباری ئەڵوەن ئەو چوار کیلۆمەترە بە کۆنکریت هەیە، بەس تورابییە، ئەگەر بکرێتە کۆنکریت، ئێستا تەقریبەن نیو مەتر موکەعەب دەگاتە رووباری ئەڵوەن، بەس ئەگەر کۆنکریت بکرێت، ئەوە نزیکی دوو مەتر موکەعەب دەتوانین بگەینە ئەو رووبارە، ئەو کێشە سەرەکیە دەتوانین بەو جۆرە حەل بکەین، ئەوەی پێویستی بەو پارەیە، ئێمە ئەو ئیقتیراحە تەقدیمی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، ئەگەر بتوانین ئەوە بکەین ئەو موشکیلەیە حەل دەبێت.

بەڕاستی جەماعەت باسی بەنداوەکان و کێشەی ئاو لەسەرتاسەری عێراق و هەرێمی کوردستان کرد، کێشەی ئەڵوەن نییە بە تەنها، کێشە لە رووباری کارۆن دەستی پێ کردووە، ئێستا وشکە، ئێستا ئێران خەریکی دروست کردنی چەند بەنداوە بۆ تەحویلی مەجرای رووباری سیروان بۆ ناو خاکی ئێران، ئێستا تورکیا خەریکی دروست کردنی چەند بەنداوە لەسەر زێی گەورە بۆ مەحتاتی هایدرۆپاوەر، ئێستا سوریا خەریکی مەشروعێکی ئیرواى جەزیرەیە بە (18) مەتر موکەعەب لە یەك چرکە ئاوی دیجلە تەحویل دەکات، بەڕاستی ئەوە کێشەیەکی گەورەیە، ئێوەش دەزانن ئەو کێشەیە موشکیلەی حکومەتی عێراقی فیدراڵە قانونیەن و دەستووریەن، چەندین جار موخاتەبەی ئێمە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو بۆ ئەو کێشانە تەقدیم کرا، بەڵگەو دیکۆمێنێتی لای من هەموویان هەیە، بەس تاکو ئێستا حکومەتی عێراق هیچ چارەسەرێك و هیچ ئیتیفاقێك لەگەڵ ئێران و تورکیاو سوریا ئەنجام نەداوە، ئێمە لە زیمنی خوتەی وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو لە ساڵی 2010 (28) بەنداو..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کاك جەمیل بۆ خانەقین لەم زروفە کە موشکیلەی ئاویان هەیە دەتوانین چی بکەین؟

**بەڕێز جمیل سلیمان/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەبتی باڵاجۆ لەگەڵ رووباری ئەڵوەن ئەوە سەریعترین رێگایە بۆ حەل کردنی ئەو کێشەیە، با باسی خوتەی خۆشمان بکەم، جەماعەت باسیان کرد، کە خوتەمان...، چونکە باسی بەنداوە گەورەکانم کرد، ئێستا.............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا باسی کێشەی خانەقین و جەلەولاو سەعدییەو ئاوی ئەڵوەن بکە.

**بەڕێز جمیل سلیمان/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شێخ جەعفەر کەرەم بکە.

**بەڕێز شێخ جعفر مصطفى/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بەڕاستی وەکو جەنابی دکتۆر گوتی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردوو و باسی ئیش و کارەکان بکەین، ئەوە زۆر درێژ خایەنە، بەڵام بە کورتی باسی نیسبەتی کورد دەکەن لە جەیشی عێراقی، کە دەبێت لە 25٪

بێت، ئێستا له 7٪ بەرەو خوار دێت، رۆژانـەش لـە كـەم بـوون دایـە، ئـەوەی كـە باسـتان كـرد، ئەوانـەی كـە هەمانە لە جەیشی عێراقیدا هیچ دەسەلاّتێكیان نییە، قائیدی قوەی جەویمان هەیە هیچ دەسەلاّتێكی نییە، سەرۆكی ئەركانمان هەیە هیچ دەسەلاّتێكی نییە، وردە وردە هەموو شتەكانمان تـەحجیم دەبێـت و جـەیش بەرەو ئەوە دەڕوات كە ببێت بە جەیشێكی مەركەزی، وەكو جەیشی سەددام بـەرەو ئـەوە دەڕوات لـەقیادەی عەمەلیاتدا لەو قیادەیە هیچمان نییە، لە قیادەی فرقە، دوو قیادەمان هەیە، بە كورتی هیچ دەسـەلاّتێكمان نییـە لـە جەیشـدا، بـەلاّم ئـەوە پێویسـتی بـە چارەسـەر كـردن هەیـەو، پێویسـتی بـە قـەرار هەیـە، قـەراری حەسمیشمان هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە، ئینشائەللاّ لە داهاتوویەكی نزیكدا نەتائیجی باشی دەبێت بۆ ئەو مەوزوعانە، چونكە وەكو هەندێك لە خوشك و برایانی پەرلـەمانتاران باسـیان كـرد، ئێمـە پێویسـتیمان بـە قەرار هەیە، ئەو قەرارە دەدەین، ئەگەر ئینقیتاعی كامیلیشمان كرد بێت، ئەوەی كە ئێستا هەیە لە عێـراق و روو دەدات قابیلی قەبولّ نییە، ئێمە لەسەر ناوچە دابڕێنراوەكان بەڕاستی ئیشمان زۆر كـردووە، كارمـان زۆر كردووە، لە سیتەراتی موشتەرەك، لە هێزی هاوبەش، لە زروفێك و لە زەمانێك كە ئەمریكیەكانی تێدا بوو، ئەمریكیەكان هەبوون، دیارە هەموو وەحدەكانی جەیشی عێراقی، وەحدات، یان تیمەكانی ئـەمریكایان لەگەڵدا بووە، ئێمـە لـە مەنتیقـەی دیالـەو ئەوانـە، دیالـە كـە ئێسـتا كێشـەی لەسـەرەو مەشاكیلی لەسـەرەو موشتومڕی لەسـەرە، كـە تەقریبـەن كـوردی بـەرەو ئیبـادە كـردن و كۆتـایی هـاتن دەڕوات لـەو مەنتیقەیـە، لیوایـەكی تـەواومان لـەوێ بـوو بـە خـوێنی دەیـان پێشـمەرگە بـە شـەهیدو برینـدار بـوون توانیمـان ئـەو مەنتیقەیە كە بنكەیەكی بەهێزی ئیرهابیـەكان بـوو بـە تـەواوی پـاكی بكەینـەوە لـە ئیرهابیـەكان، ئـەمن و ئاسایش بۆ مەنتیقەكەو بۆ هەموو پێكهاتەكان بگێڕینـەوە بـە عـەرەب و بـە كـوردو بـە توركمانـەوە، بـەلاّم دوای ئەوە لە دوای شەڕی بەسـرە، كـە جەیشـی عێراقـی سـەركەوتنی بەدەسـت هێنـا لـە بەسـرە، هەڕەشـەی گەورە كەوتە سەر كوردستان، كە بەسرەیان كۆنترۆل كرد هاتنەوە بە ئێمەیان گوت دەبێت هێزی پێشمەرگە لـەو مەنتیقەیـە ئینسـیحاب بكـات، مـن داوا دەكـەم هەنـدێك تەفسـیلی بـدەمێ، چونكە تۆزێـك بـە زەروری دەزانم بۆتان باس بكەم، لەوە بوو كـە ئێمـە گوتمـان ئینسـیحاب ناكـەین، ئـەوە بـوو بـە حەقیقـەت هێزێكـی سەربازییان هێنایە سەرمان و ئـەو هێزانـە كـە بۆتـان بـاس دەكـەم هـەمووی تیمـی ئـەمریكی لەگەڵـدا بـوو، گەیشتە ئەوەی كە وەفد چوو بۆ بەغدا، لەگەڵیانـدا دانیشـتین، سـەفارەتی ئـەمریكی لەگـەڵ قیـادەی قـواتی ئەمریكی لە عێراقدا تەدەخولێكی موباشیرییان لە مەسەلەكە كردو هێزەكانیـان لەگـەڵ هێزەكـانی جەیشـی عێراقیدا بوو، ئەوەی كە ئێمە ئێستا دەڵێین هەڵەیە، رەنگە ئەو برادەرانە ئاگایان لەو زەحتـە نـەبێت، ئـەو كاتە ئێمە هەر فیشەكێكمان بتەقاند بوایە، شەڕی ئەمریكامان دەكرد، نەك شـەڕی جەیشـی عێراقـی، بۆیـە ناچار بووین لەسەر ئەو وەعدانە ئێمە عەمەلیاتی هاوبەش بكـەین لـەو مەنتیقانـەو هێزەكانمـان هێنایـەوە خانەقین، نەك ئەوان لەوێ هەڕەشەیان لێ كـردین، هێزیـان هێنایـە سـەر كـەركووك و هێزیـان هێنـا بـەرەو مەنتیقەی مووسڵ و بەرەو هەموو جێگاكانیان هێنا، ویستیان بێنە خانەقینیش، بەلاّم لە دواییدا ئەوە بوو لـەوێ ئـیتر قـەراری بـەرگری كـراو گەیشـتینە حـەلێك كـە نەیەنـە نـاو خانـەقین، ئێمـە لـەو مەنتیقانـە

عەمەلیاتی موشتەرەكمان هەبوو، واتە عەمەلیاتی موشتەرەكمان هەبوو، عەمەلیاتی ئیرهابی ئیعتیادی هەبوو چۆن لە مەنتیقەكانی تر لە عێراقدا هەیە، لەوێش بەو شێوەیە بوو، بەلأم ماوەیەكی زۆرە عێراقیەكان ئینقیتاعیان كردووە لەوەی عەمەلیاتی موشتەرەكیش بكەین، بە تەنیا عەمەلیات دەكەن، ئێمە زۆرمان محاوەلە كردووە هیچ فائیدەیەكی نەبووە، هیچ سوودی نەبووە لەوەی عەمەلیاتی موشتەرەك جارێكی تر بكەینەوە، ئەوەی كە ئەمڕۆ لەناوچە كێشە لەسەر بووەكاندا دەكرێت، یان لە ناوچە دابڕاوەكاندا دەكرێت، من بە سەراحەت پێتان دەڵێم زەمانی سەددام و بەعس ئەوە نەكراوە، چونكە زەمانی سەددام و بەعس ئەگەر تەماشا بكەین بەس خەڵك دەركراوە، ئەگەر قەومیەتەكەشی گۆڕی بێت لە شوێنەكەی خۆی دانیشتووە، بەلأم ئێستا دەیكوژێت و دەریشی دەكات، یەعنی كوشتن و دەركردنە، لەبەر ئەوە ئەوەی ئێستا خەتەرە لەسەرمان كە دەكرێت، نەك ئەوەی زەمانی سەددام و بەعس كراوە، ئەو عەمەلیەی كە ئێستا دەكرێت، ئەو كوشتن و بڕینە لەو مەنتیقانە دەكرێت، لەوە ناكات تەنها ئەمە عەمەلیەیەكی ئیرهابی بێت، بەڵكو ئەوە عەمەلیەكی تەتهیری عرقیش و مەزهەبیشە لە مەنتیقەكەدا دەكرێت بەرامبەر بە هەموو پێكهاتەكان دەكرێت، بەتایبەتی موەجەهە بۆ كورد، دیارە هەمووتان ئەو نیسبەتان لایە، نیسبەتی شەهیدو برینداربوون و خەڵكی دەركراو لەو مەنتیقانە، من هەندێك لەو مەسەلانە بەجێ دەهێڵم بۆ جەنابی برای بەڕێزم كاك كەریم لەو ماوانە چیمان كردووە، بەلأم ئەوەی كە ئێستا لە ئارادایە پێتان بڵێم، ئێمە لە كەركوك دوێنێ كۆبوونەوەیەك كراوە، كە نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ جێگری قائیدی عامی قواتی ئەمریكی، لەگەڵ قائیدی مەنتیقەی شمالی ئەمریكیەكان و عەلی غێدان لەگەڵ حسین عەوادی نوێنەری ناوخۆ لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە كۆبوونەوەیان كردووە، لەو كۆبوونەوەیەدا قەراری ئەوە دراوە كە ئێمە لەو مەنتیقانە لیوای سێ و لیوای چواری عێراقی كە لەو مەنتیقانەیە عەمەلیاتی موشتەرەك دەست پێ بكەن و مەفاریزی، یاخود دەوریاتی موشتەرەكمان هەبێت لە هەموو مەنتیقەكان، لە سنووری نەفتخانەو مەندەلی و قەرەتەپەو سەعدییەو جەلەولا، دوێنێ ئەو قەرارانەیان داوە، ئێمە ئەوەی كە داوامان كرد بوو و زەختمان كرد، كە دەبێت لەو كۆبوونەوەیەدا باس بكرێت، ئەگینا ناچین بۆ كۆبوونەوەكە، ئەوە بوو كە ئێمە ئەو لیوایەی كە لەوێیە لەگەڵ لیوایەكی حەرەسی پاسەوانی هەرێم لەوێ بەشداری بكەن لە عەمەلیاتەكاندا بە هاوبەشی لەمەدوا كارەكانیان ئەنجام بدەن و با حیمایەو ئەمنیەتی مەنتیقەكە بكەوێتە ئەستۆی هەردووكمان، ئەوە یەكێك بوو لە داوایەكانمان.
داوای دووەممان/ هەڵوەشاندنەوەی ئەو فەوجی پۆلیسەی كە لەوێیە، دروست كردنەوەی لەسەر ئەو ئیتیفاقیەی هەمانە بەپێی نیسبەتی بوونی كوردو عەرەب و توركمان لەوێن، كە تاكو ئێستا ئێمە ئیتیفاقمان كردووە پێشتر، بەلأم تاكو ئێستا جێ بەجێیان نەكردووەو دەبێت بە زووترین كات جێ بەجێ بكرێت.
نوقتەیەكی تر/ كە داوامان كردووە ئەویش گەڕانەوەی ئاوارەكان بۆ شوێنەكانی خۆیان.
نوقتەیەكی تر/ كە داوامان كردووە تەعویزو خەسارەی ئەو ماڵانە دەبێت بكرێتەوە.

نوقتەیەکی تر/ داوامان کردووە دەبێت کوژراوەکانی ئەو مەنتیقەیە بە شەهید بدرێن لە قەڵەم و لەلایەن عێراقەوە مەعاشیان بۆ ببڕدرێتەوە، ئەوە داواکارییەکانی ئێمەیەو، نەك داواکارییەك، بەڵکو جەختی لەسەر دەکەینەوەو پێی لەسەر دادەگرین و گوتوومانە دەبێت ببێت، ئەگەر نەبێت قابیلی قەبوڵ کردن نییە، لە نەتیجەی کۆبوونەوەکەی دوێنێ، ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەك هەبووە لە دیالە لەوێ نوێنەری ئێمەو وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ ئامر لیواکانی ئەوێ و قیادەکانی ئەمریکی، یەعنی قیادەی عەمەلیات و قیادەی فەرماندەی لیواکانی ئەوان لەگەڵ ئەمریکیەکاندا قیادەی فرقەکەی ئەوان کۆبوونەوەیان کردووەو نەتیجەی کۆبوونەوەکەی ئەوان ئەوە بووە قەراری ئەوەیان داوە کە عەمەلیاتی موشتەرەك بە زووترین کات دەست پێ بکات و لەگەڵ دەوریاتی موشتەرەك لە مەنتیقەکە لەنێوان ئەو دوو لیوایە، جگە لەوە بەیانی چونکە ئەو شتانەی گوتوومانە ناکرێت بڵێی هەفتەیەك و ئەوانە، بەیانی فەرماندەی هەردوو لیوا لەگەڵ فەرماندەی فەوجەکاندا کۆبوونەوە دەکەنەوەو بەرنامەی عەمەلیاتی موشتەرەك و دەوریاتی موشتەرەك لەو مەنتیقەیە دادەنێن، کە رەنگە هەر رۆژی هەینی یەکسەر عەمەلیاتەکە، یاخود لە ماوەی رۆژێك، یان دوو رۆژدا عەمەلیاتەکان دەست پێ دەکات، ئێمە لەگەڵ ئەوانە گەیشتوونەتە ئەو نەتیجەیە، جگە لەوە ئێمە لەوێ پاسەوانێکی هەرێممان هەیە، هێزی پێشمەرگەمان هەیەو، ئێستا لیوایەکی تریشمان جووڵاندووە، لیوای دوو لێرە بۆ مەنتیقەی خانەقین، لە مەنتیقەی کوڵە جۆو مەنتیقەی خانەقین و ئەوانە جێگیرمان کردووەو، هێزی پشتیوانیشمان ناردووەو، بە سەریحیش پێمان گوتوون ئێمە لەو کۆبوونەوانە نەگەینە نەتیجەیەك و بڕیاری کۆتایی نەدرێت و زەمانەتێکی تەواو نەبێت بۆ ئەوەی کە ئێستا روو دەدات، تاکو جارێکی تر روو نەداتەوە لەو مەنتیقەیەو، ئەمن و ئاسایش بەرقەرار نەبێت بۆ خەڵکی ئەو مەنتیقەیە، پێتان دەڵێین ئێمە تاك لایەنە دێینە مەنتیقەکەوە، بۆ حیمایە کردنی پێکهاتەکانی ئەو مەنتیقەو خەڵکەکانی خۆمان لەو ناوچانە، ئەوەی کە تاکو ئێستا بووە هەنگاوەکان بەباشی رۆیشتووە، لە دوای ئەمانە ئێمە کۆبوونەوەیەکی لیژنەیەکی تر هەیە لە سەرەوە کە باسم کرد لە کەرکووك لیژنەی عەمەلی عولیای پێ دەڵێن لە سەرووی ئەوەوە لیژنەیەکی تر هەیە کە پێی دەڵێن لیژنەی وەزاری کە پێکهاتووە لە وەزیری پێشمەرگەو بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ وەزیری دیفاع لەگەڵ وەزیری ناوخۆی عێراق، بە سەرپەرشتی قائیدی قواتی ئەمریکی لە عێراق لەگەڵ هەندێ کەسانی تری قواتی ئەمریکی کە بەشداری تیا دەکەن، داواشمان کردووە بە پەلەو بە زووترین کات ئەو کۆبوونەوەیە بکرێت، بۆ ئەوەی تەصدیقی ئەو قەراراتانەی لیژنەی عولیا بکەین و ئەو شتانە تەسبیت بکەین، کە ئێمە ئەمڕۆ داوای دەکەین و زەرورەتە لەو مەنتیقانە بیکەین، بڕیاری ئەوەشیان داوەو کێشەکانی ئەوان زیاتر ئەوەیە کە وەزیری دیفاع و وەزیری ناوخۆ لە عێراق وجودی نییە، بۆیە ئەو کۆبوونەوانە دواکەوتووە، داوای ئەو کۆبوونەوەیەشمان کردووە، کە لەو رۆژانە بکرێت، واتا پێش سەری مانگ بکرێت، بۆ ئەوەی تەصدیقی هەموو هینەکان بکەینەوە، ئەوە بڕیاری کۆتاییە، دیارە لە رابردوودا هەندێك کەس دەڵێ بۆ وا نەکرا، بۆ وا نەکرا؟ من بەش بەحاڵی خۆم ناڵێم کەموکوڕی نییە، نەقوسانی

نییە، زوعفمان نەبووە لەفلان شتدا، لە فلان مەسائیلدا مەوقیفمان نەبووە، بەلاَم من پێموایە لـە هەنـدێك زروفـدا دوو رێگـا لەبەردەمتدایـە، رێگایـەك شـەڕە، رێگایـەك ئاشـتییە، ئێمـە پێمـان وا بـووە ئەوەنـدەی لـە توانامانـدا هـەبێ رێگـا ئاشـتیەکە بگرینـە بـەر، بگەڕێینـەوە بـۆ دەسـتوور، دیـالۆگ، بـە عـەقل و مـەنتیق چارەسەری کێشەکانمان بکەین، ئەگەر بەرامبەرەکەمان لێمان تێگەیشت و لێمان تێگەیی، ئەگـەر لێمـان تـێ نەگەیشت، ئەوسا پەنا بەرین بۆ شتێکی تر، بۆ وەسیلەیەکی تر، کـە بتـوانین هەدەفـەکانی خۆمـان بپـێکین، من پێموایە ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئێمە ئیتر باس لە حەسـم بکـەین و مـەوقیفی تـەواومان هـەبێت لەسـەر هەموو رووداوەکان، لەسەر هەموو مەوزوعەکان، لەسەر هەموو باسێك بلێین یان دەبێت وا بێت، یان دەبێت وا نەبێت، ئێستا لەسەر ئەو مەسەلانە بە سەراحەتی دەیلێین، ئێمە گەیاندومانەتە ئەو حەددە، یان دەبێـت تاکو ماددەی (140) چارەسەر دەکرێت، ئەمنیەتێکی تەواو بۆ ئەو مەنتیقانـە دابـین بکرێـت، یـاخود ئێمـە قـەبوڵی ناکـەین بـە تـاك لایەنانـە دەچـینە ئـەو ناوچـانەو قـەراری خۆشمـان دەدەیـن و دەردی دەڵێـت کـە موقابیلەکەت هیچت لێ قەبوڵ نەکات، تۆ بۆ دەبێت سەری بۆ شۆڕ بکەیت، یان دەبێت تەسلیمی بی، ئەگـەر ئـەو بـڕوای بـە دەسـتوور نـەبێت، مـن بـۆ بـەو شـێوەیەی ئـەو باسـی دەکـات منـیش هـەر بڵـێم دەسـتوور، دەستوور، دەستوور، ئێمەش ئەوە گوتوومانە دەستوور، دەڵێین دەستوور، دانیشـتن، دیـالۆگ، ئەگـەر ئـەویش نەگەڕێتەوە بۆ دەستوور، نەگەڕێتەوە بۆ دیالۆگ، بە مانـای ئەوەیـە دەبێـت رێگـای تـر بگرینـە بـەر، لەبـەر ئەوەی ئەو خەڵکەی کە لەوێیە پێیان دەڵێین و زەمانەتی ئەوەیان دەدەینێ کە ئەو هێزانە چوونەتە ئـەوێ، نەك ئەو هێزە، دە ئەوەندەی تریش هێز دەبەینە ئەوێ، ئەگەر نەتیجەکەی هەر شتێك بێت، ئێمە بۆ ئەوە دەچین حیمایەی خەڵکی خۆمان بکەین لـەو مەنتیقەیـە لـە ئیرهابیـەکان و مەنتیقەکە پـاك بکەینـەوە لـە خەڵکی ئیرهابی بۆ هیچ شەڕێکی تر، یان بـۆ هـیچ تەحەروشـێك، یـان بـۆ هـیچ موزایەدەیـەك ناچـینە ئـەو مەنتیقەیە، تەقریبەن من هەر ئەوەم هەبوو، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەس بۆ هەموار کردنی، بۆ چاك کردنی رێژەی پێشمەرگە لـەناو جەیشی عێـر اق، ئەمـە زۆر زۆر لەلای پەرلەمان گرنگە، لەسەر چی حەزم کرد، ئەگەر لەسەر ئەوە بۆمان بدوێی کەرەم بکە.

**بەڕێز شێخ جعفر مصطفى/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ چاك کردنی ئەوە، من بۆم باس کردن، رەنگە لـەم هەفتەیـەدا بێـت وەفـدێکی بـالأی هـەرێمی کوردسـتان دەچێتە بەغدا لەسەر هەموو کێشەکان، ئەو وەفدە وا دەچێت کە هەموو کێشەکان یەکلایی بکاتەوە، حەسم و، چارەسەری کێشەکانی نیهائی و، بۆ ئەوەی کە نیسبەتمان لە جەیشی عێراقیـدا، کـە یەکێکـە لـەو کێشـانە چارەسەر نەکرێت و بڕیاری کۆتایی لێ نەدرێت، ئێمـە ئینقیتـاع دەکـەین، بەڕاسـتی سـەرۆکی ئـەرکان هـیچ گوناحێك و تاوانێکی نییە لەو مەسەلانە کە بڕیار دەدەین، جنودییەك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر نەقل

ناكرێت، كە ماویشەتەوە چەندین جارە ئیستیقالەی كردووە، بەزۆر گوتوویانە دەبێت بمێنێتەوە، تا ئەو كاتەی كە خۆمان پێت دەڵێین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار كاك كەریم سنجاری كەرەم بكە.

**بەڕێز كریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر خۆشحاڵم كە ئەمڕۆ لەگەڵ كاكە شێخ جەعفەرو كاك جەمیل و كاك سەعد حازر بووین لەم دانیشتنەی پەرلەمان، گوێ بیستی تێبینیەكانی برا پەرلەمانتارەكان بووم، بۆ ئەو ناوچانەی كە كێشەیان لەسەرە، یان ناوچە دابڕاوەكان، لیژنەیەكی ئەمنی وزاری باڵا هەیە هی هاوبەش، كە وەزیری ناوخۆی عێراق و وەزیری دیفاعی عێراقی لەگەڵ جنراڵ ئۆستن كە قائیدی قواتی ئەمریكییە، هەروەها من بەندە لەگەڵ بەڕێز كاك شێخ جەعفەر ئێمە نوێنەری هەرێمی كوردستانین لەو لیژنەیە، كە ئەم وەزعە روویدا، من و بەڕێز كاك شێخ جەعفەر نامەیەكمان نووسی بۆ جنراڵ ئۆستن، داوای كۆبوونەوەیەكی فەوری لیژنەی وزاریمان كرد، بۆ موناقەشە كردنی ئەو وەزعەی كە لەناوچەكانی دیالە روویداوە، بەڕێز ئۆستن وەڵامی داینەوە گوتی بەزووترین كات كۆبوونەوەكە دەكرێت پێش سەری مانگ، لە هەمان كات بڕیار درا كە كۆبوونەوەی لیژنەی فەرعی بكرێت، لیژنەی فەرعی دوێنێ كۆبۆوە لە كەركووك بەڕێز فەریق شێروان لەگەڵ بەڕێز جەبار یاوەر نوێنەری هەرێمی كوردستان بوون لەو لیژنەیە، موزەكەڕەیەكی تری دوورو درێژ تێرو تەسەل لەسەر هەمان خروقات پێشكەش بە عێراق و بە ئەمریكیەكان كرد بۆ دیراسەت كردن و موناقەشە كردن، تەبیعی دوێنێ هەندێك بڕیار درا بەڕێزتان هەروەها شێخ جەعفەر باسی ئەو بڕیارەتان كردو من دووبارەی ناكەمەوە، تەنها ئێمە ئێستا چاوەڕێ دەكەین، تەبیعی ئەمڕۆش كۆبوونەوە دەبێت، سبەینێش كۆبوونەوە دەبێت، ئێمە چاوەڕێی كۆبوونەوەی لیژنەی وزاری باڵا دەكەین لە بەغدا دەكرێت، پاش ئەو دوو، سێ رۆژە، ئێستا مەوعید تەحدید دەكرێت، ئەكید ئێمە بەو موزەكەرەیەی كە ناردوومانە لەگەڵ لیژنەی فەرعی، هەروەها لەگەڵ ئەو پێشنیارو بڕیارانەی كە لەو پەرلەمانە وەردەگیرێت، ئێمە وەكو خوتەیەكی عەمەل من و بەڕێز شێخ جەعفەر دەینینەوە بۆ كۆبوونەوەی لیژنەی وزاری وە جەختی لەسەر دەكەینەوە و انشاللە ئەوەی پێویست بێت ئێمە لەوێ دەیكەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.ئەرسەلان موداخەلەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ارسەلان بایز/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبارەی نسبەتی کورد لە جەیشی عیراقی بەشێکی خەتای خۆمانە، یەعنی دەبێ ئەو حەقیەتەش بزانین هەموو کەسێکی ئێمە ناچێتە بەغدا و ناچێتە بەسرە، کە تۆ بووی بە جەیشی عیراقی ئەو کاتە قائیدی عەمەلیات یان وەزارەتی دیفاعی عیراقی وەکو هەر نەفەرێکی تری جەیشی عیراقی نەقل دەکرێت بۆ هەر شوێنێك کە بتەوێ بچی، بەڵام بەداخەوە بەشێك لە برادەرانی ئێمەی کورد کە دەچنە ناو جەیشی عیراقی دەورەش تەواو دەکەن ویان ئەرکانیش تەواو دەکەن دەڵێین ئیللا دەبێ بمانێرنەوە بۆ کوردستان، ئاخر مومکینە ئەوەش نەبێ کەتۆ ببی بە جەیشی عیراقی لەهەر شوێنێك واجبت پێ سپێردرا دەبی بچیتە ئەو شوێنە، ئەوەش حەقیقەتێکە دەبێ بیزانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، وێڕای بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان و دەستخۆشی بۆ لیژنەی هاوبەش، دیارە لەناوچە دابڕێندراوەکان بە گشتی و لە سەعدیەو جەلەولا ڕۆژانە بەبەرچاوی سوپای عیراقەوە ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە شەهید دەکرێن، بەدەستی تیرۆرستان و بە دەستی کۆنە بەعسیە ڤین لە دڵەکان، بە دەستی عەرەبە شۆڤینیەکان، دیارە ئەمە لە عیراقی نوێ دا کە چەتری هەموو لایەکە و بە چەتری هەمووان ناسراوە، دیارە جارێکی دیکە و بە شێوازی دیکە خەریکە تیرۆری نەتەوەییمان یان با بڵێین ئەنفال جارێکی دیکە و بە شێوازی دیکە لە سەدەی 21 دەست پێ دەکاتەوە، دیارە ئێمە لە قۆناغەکانی ڕابردوی شۆڕشمان دەکرد بە وەڵامێك بۆ بەگژداچوونەوەی زوڵم و زۆر و ستەم، بەڵام دیارە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە و ناحەزان هەمیشە چاویان لەسەر ئێمەیە، دیارە ڕۆژانە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە لە ناوچە دابڕاوەکان دەکەونە بەر شاڵاوی کوشتن و برین و دەستی تیرۆرستان، بەڵام ئەگەر قەرارە بە پێی دەستوور ئێمە هاووڵاتیانی عیراقی بین، کامەیە ژینگەیەکی سەلامەت بۆ هاووڵاتیانی عیراقی، کامەیە دابین کردنی ئەمنیەت و ئاسایش بۆ هاووڵاتیانی کوردی ناوچە دابڕاوەکان؟، ئێمە وەکو سەرکردایەتی سیاسی کورد لە هەرێمی کوردستان دا هەمیشە دەوری ئاشتی و ئاشتەواییان گێڕاوە لە سەرانسەری عیراق دا و هەمیشە چەتری ڕەحمەت بووین بۆ ئەو هێزە ناکۆکانەی کەوا نەیانتوانیوە یەك بگرن و هەمیشە دەست پێشخەر بووین لە یەکخستنی هێزە جیاوازەکان لەناو عیراقدا بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆببنەوە، بەڵام تۆپباران کردنی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان چ وشك کردنی ئاوی ئەڵوەن دەری خست کەوا حکومەتی فیدراڵ لەم سەردەمەدا نەك هەر بێ هەڵوێست بوو، بەڵکو بێ دەنگیش بووە لە ئاست ئەو مەسەلانەی کەوا پەیوەندی بە هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی دۆزی کوردەوە هەیە، دیارە ڕۆژانە چەندین دانیشتوان لە ناوچەکانی سەعدیە وجەلەولا ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێ دەهێڵن و ڕوو لە شارەکانی تری کوردستان دەکەن، لەڕاستی دا ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە لەسەر ئایندەی دۆزی کورد لەو ناوچانە و لەسەر مەسەلەی سەرژمێری و

**دیموگرافی و کەم کردنەوەی یان داکشانی ڕێژەی کورد و پێگەی کورد لەو ناوچانەدا، دیارە لەسەر داواکاری کوردانی ئەو ناوچانە داوا دەکەن کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکو پاراستنێك بۆ ئەوانە و وەکو قەڵغانێکی پشتیوانی بۆ ئەوانە ڕەوانەی ناوچە دابڕاوەکان بکرێن و بە تایبەتی جەلەولا و سەعدیە، دیارە خۆشبەختانە ئێستا بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئاماژەی پێی کرد کە لیوایەك و هێزی پشتیوانیش ڕەوانەی ئەو ناوچانە کراوە بۆ پارێزگاری کردن لە کوردانی ئێمە لە ناوچە دابڕاوەکان کە هەڕەشەیان لەسەرە و گیانیان لەمەترسیدایە و بێ گومان کاریگەری خراپ لەسەر دۆزی نەتەوەییمان دەکات، دیارە پاش ڕادەست کردنی پشتێنەی ئەمنی بە سوپای عیراقی لە جەلەولا و سەعدیە وەکو ڕاپۆرتیش ئاماژەی پێ کردووە لەدۆخێکی مەترسی دار دا کوردانی ئێمە ژیانیان دەگوزەرێنن، بەڵام سوپای عیراقی یان هێزەکانی سوپای عیراقی لەم مەیدانەدا بۆشاییەکی ئەمنیان دروست کردووە و زۆر بێ هەڵوێستانە ئەرکەکانی خۆیان بەجێ نەگەیاندووە، بگرە لەوانەیە کار ئاسانتریش بوو بن بۆ ئەو گرفت و کێشانە یان ئەو تیرۆریانەی کەوا لەو ناوچانە ڕوودەدات، دیارە هەر ڕۆژە و بە بیانوویەك سنوورەکانی ئێمە تۆپباران دەکرێ یان ئەوەتا سەرچاوە ئاویەکانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی کەلە دەرەوە دێن و لەناو عیراقدا وشك دەکرێن بە بیانووی جۆر بەجۆر، تەنها زەرەمەند لێرەدا کوردی ناوچە دابڕاوەکانە و دانیشتوانی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستانن، دیارە ئەوەش لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە وەکو کورد دەڵێت لە ڕابردوو دا دۆستی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون و ئەوانیش دۆستی ئێمەن، بەڵام پێم وابێ دۆستایەتی کردنیان ویان هاوسنووریان چۆن دەڵێی دۆستایەتی لەنێوان دوو وڵاتی کە گەلەکەی موسوڵمان بێت بەو جۆرە ناکرێت، بەڵکو نە هیچ قیەمێکی دی و نە ئەخلاقی و نە ئینسانی قبوڵی ئەوە ناکات کە زیان بە گەلێکی موسوڵمانی دیکە بگەیەنی، دیارە مەسەلەی ئاو، مەسەلەیەکی سیادیە، چ سنوورەکان و چ مەسەلەی گرتنی ئاو مەسەلەیەکی سیادیە و ئەوە پێویستە حکومەتی عیراقی فیدراڵ هەروەك دەستوور ئاماژەی پێ دەکات چۆن سیاسەتی نەخشە ڕێژی ئاو لە ئەستۆی ئەوە و بە شێوەیەکی عادیلانە دابەش کردنی بۆ ئەو سەرچاوە ئاویانەی کەوا لە دەرەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام پێویستە لێرەدا هەوڵەکانی خۆی بخاتە کار، هەروەکو ئێستا کە نەیخستووەتە کار، بەڵام بیخاتە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی کەوا هەن و نوێنەرانی ئێمەش لە عیراقی فیدراڵ بتوانن هەوڵەکانی خۆیان چڕبکەنەوە لە جێ بەجێ کردنی بە پەلەی ماددەی 140 ی دەستوور، کە خاڵێکە لە 19 خاڵەکەی کارنامەی ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکان لە پەرلەمانی بەغدا، دیارە دەبێ ئێمە وەکو کورد یان وەکو سەرکردایەتی سیاسی کورد بیر لەوە بکەینەوە کە پێویستە لە هەموو کات زیاتر ئێمە یەك ڕیزی ڕیزەکانی خۆمان و تەبایی و برایەتی خۆمان بچەسپێنین و خۆمان سەرقاڵ نەکەین بە گرفت و کێشە ناوخۆییەکانەوە، بەڵکو هەموو جوهدو توانای خۆمان یەك بخەین بۆ سەرخستنی دۆزی ڕەوای میللەتی کورد و ڕووبەڕووبونەوەی هەر ئەگەر و مەترسیەك لەسەر میللەتەکەمان بەڕێگاچارەی ئاشتیانە و دیالۆگ و هەروەها گرتنەبەری هەموو ڕێگە و شێوازێکی یاسایی و دەستووری و پتەوکردنی هەموو ڕێگایەکی دیبلۆماسی بۆ چارەسەر کردن و بە ئاقار گەیشتنی ئەو**

گرفتانەی کە نـاو بـەناو سـەرلە هـەرێمی کوردسـتانەوە دەردێـنن، دیـارە ئـەوەی کـەمن ماومـە هـەموو ئـەو خاڵانە بوو کە بەڕێزان لە پێشنیارەکان ئاماژەیان پێـی کـردو دووبارەیـان ناکەمـەوە و پشـتگیری هـەموویان دەکەم و پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەیە کاغەز دەنووسـن و دەڵێن ناومـان بسـڕنەوە، تکایـە ئـەوەی کـە نـاوی دەخوێنمـەوە قسـەکانی کراوە بڵێ قسەکانی من کراوە، هێشتا 25 کەس ماوە ئەگەر کەمێك پەلە بکرێت باشە، ڕەمەزانە و هـەموو هیلاکن، گوڵیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕاپۆرتەکە دەکـەم و هیـوادارم بچێتە بـواری جـێ بـەجێ کردنـەوەو دەسـت خۆشـی لـە هـەموو ئەنـدامانی بـەڕێز دەکـەم و بـەخێرهاتنی وەزیـرە بـەڕێزەکان دەکـەم، سـەبارەت بـە کێشـەی ئـەو ناوچـانە، پێشنیار دەکەم بڕیارێکی تایبەت بە خۆیان دەربچێت، سەبارەت بەو یاسایانەی کە لە کوردستان دەردەچن و ئەوان لێی بێ بەشن، خاڵی دووەم/ پێشنیار دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان زیـاتر هـەنگاوەکانی خـۆی چڕبکاتەوە بۆ بەهاناوە چوونی خەڵکی ئەم ناوچانە، پشتگیری ئەو ڕایە دەکـەم کـە هێـزی پێشـمەرگە بچـن بۆ ئەو ناوچانە بۆ دیفاع کردن لێیان، چونکە بەڕاستی ئێمە چـەندین سـاڵە خوێنمـان بـە ناحـەق دەڕژێ و لەسەر ئەوەی کە دیفاعمان لە خاك و وەتەنی خۆمان کردووە ناکرێ ئێستا دیسان بـە ناحـەق ئەوانـە هـەر چۆنیان پێ خۆش بێت لەگەڵ ئێمەدا بیکەن، پێویستە سنوورێك بۆ ئەم ناحەقیانە دابندرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە برادەرانی لیژنەکە دەکەم، چونکە ئاماژەیان بە شتی زۆر بـاش کـرد، دیـارە ڕاپۆرتەکـە لە دوو بەش پێکهاتووە، ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ئـاوی ئەڵوەنـەوە هەیـە لەڕاسـتی وەکـو پێشـنیاریان کـردووە سوود لە باڵەجۆ وەربگیردرێ، وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێیدا خودی سیروانیش لەبەردەم ئەگەری وشك کردندایــە بــۆ ئاگاداریتــان، بۆیــە پێویســت دەکــات بــە پەلــە و لەڕێگــەی حکومــەتی فیدراڵــەوە هــەوڵی چارەسەرکردنی ئەوکێشەیە بدەین، چونکە کۆی ئـەو سەرچاوە ئاویانـەی کـە لـە سـنووری گەرمیانـەوە تـا دەگاتـە هەڵەبجـە ودێتـە نـاو هـەرێمی کوردسـتانەوە هـەمووی بەنـداوی لەسـەر دروسـت دەکرێـت، نوقتـەی دووەمم/ ئەوەی کە پەیوەندی بە جەلەولا و سەعدیەو دوزخورماتوو و ناوچـەکانی تـرەوە هەیـە، لەڕاسـتی دا ئەمـە دوو لایەنەیـە، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان بـا بڵێین بەرپرسـیاریەتی لـە ئاسـت ئـەو کێشـەدا دوو

لایەنەیـە، بەرپرسـیاریەتێکی ئێمـەین وەکـو هـەرێمی کوردسـتان کـە سـەرۆکایەتی هـەرێم و پەرلـەمان و حکومەت و نوێنەرانی کـورد دەگرێتـەوە لـە بەغـدا، بەرپرسـیاریەتێکی لـە ئەسـتۆی عیراقـی عەرەبیـە بـەو پێیەی زۆرینەیان ئەوانن، لەڕاستی دا من هیچ چاوەڕێ ناکەم لە ئەوان کە هەنگاوێکی ئیجابی بە دڵی ئێمە بێت، وەکو جەنابیشیان ئاماژەیان پێیدا ئەوەی کە ئێستا لـە سـنووری دیالـە وناوچـە دابڕاوەکـان تەمسـیلی حکومەتی عیراق دەکات پـاش مـاوەی حکومـەتی ڕژێمـی بەعسـە، بۆیـە هـەر ئـەوە چاوەڕێ دەکـرێ، ئـەوەی دەمێنێتـەوە بەرپرسـیاریەتی خۆمـان وەکـو دەسـەڵاتی سیاسـی هـەرێمی کوردسـتان و وەکـو دامودەزگاکـانی هەرێمی کوردستان چیە؟ لەڕاسـتی دا لـە دوای $2003$ ەوە تـاوەکو ئێسـتا ئـەوەی کـە درکـم پێـی کـردووە و زۆربەی خەڵکی ڕۆشنبیر و خەڵکی ئـەو ناوچانە و بەشـێکیش لـە سیاسـیەکان ئامـاژەی پـێ ئـەدەن ئەوەیـە ئێمـە لەگـەڵ ئـەو گرفتـەدا و لەسـەر ئەساسـی پلانێکـی سـتراتیجی نیشـتمانی تـەعامول ناکـەین، یـەعنی بەداخەوە هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕووداوە ئەو کێشەیە کـە کێشـەیەکی قـەومی نیشـتمانیە و یـاخود هەڵسوکەوتێکی حیزبیە یاخود هەڵسوکەوتێکی کاتیە، یەعنی زۆر جار نموونەیەك وەربگرین لە ئێستادا کە ئێمە دەزانین هەر پێرێ بەرپرسێکی کۆمیتەی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان لـەوێ شـەهید کـراوە، دوێنـێ ئێوارە تەقینەوەیەك کراوە، پێشتر چەندین خەڵك شەهید کراوە و بریندار کراوەو ڕۆژانە من ئاگام لێیەتی و برادەرانیش ئاگایان لێیەتی خەڵك بۆ پاراسـتنی گیـانی خـۆی ئـەو ناوچـانە بـەجێ ئـەهێڵێ، بـەڵام لـەبری ئەوەی ئێمـە بـەو پێیـەی کـە وتـم پلانمـان نیـە، پلانێکـی وەهـا کـە فـەترەی زەمـەنی لـە خـۆی بگـرێ و لـە پلانەکە ئاماژە بەوە بدەین دۆستەکانی ئێمـە کـێن و دوژمنـەکانی ئێمـە کـێن؟ کارتـە یاساییەکانمان چـین، کارتە سەربازیەکانمان چین؟ چۆن دەتوانین لەسەر بنەمایەکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ لایەنەکانی تر دا و لەوێ پەیوەندی دروست بکەین وچۆن بتـوانین لەسـەر بنەمایـەکی ئـابووری خزمـەت بـە خـەڵکی ئـەو ناوچانە بکەین؟ ئەمە بەڕاست پێویستی بە پلان هەیە، کە ئەمە نیە ئێمە دەزانین لەئێستا دا بەداخەوە چ سـەرگەردانیەك لـەوێ هەیـە، خۆتـان وەکـو دەزانـن دامودەزگاکـانی حکومـەتی هـەرێم بـا بڵـێین ئـەو دامودەزگایانەی کە لەوێن و تەمسیلی حکومەتی هەرێم دەکـەن بەداخـەوە ڕەنگدانـەوەی دۆخـی کوردسـتان لەوێش هەیە، یەعنی لە ئێستادا نموونەیەکی بچووك بهێنمەوە ئێستا بەرپرسانی حیزبی قسە لەسـەر ئـەو ناوچانە دەکـەن، ئەگـەر بڕیـارە ئـەم کێشـەیە کێشـەیەکی نیشـتمانی بـێ و بەڕاسـتی حەقـە لەسـەر ئاسـتی پەرلەمان بڕیار وەربگیردرێت و بە گەڕانەوە بۆ دەقە یاساییەکان، ئێمە دەزانین بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بنێرینە ئەوێ بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم پێویست دەکات پەرلەمانی کوردستان ئاگای لێ بێ، ڕاسـتە کێشەکە کێشەیەکی کتوپڕەو دەبێ پەلەی تیادا بکرێت، بۆیە من پێموایە بۆ ئەوەی ئەم کێشـەیە پەرلـەمان هەنگاوی جدی بۆ بنێ پێویست دەکات ڕێگەیەکی تەندروست بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بدۆزینـەوە و پێویست دەکات پەرلەمان بە دەرەجەی یەکەم هەنگاوی جدی بنێ، هەنگاوەکان چین؟ گـرنگترین نوقتـە بـۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە مـن لەگـەڵ ڕای ئـەو براردەرانـەم کـە هێـزی پێشـمەرگە هەرچـی زووە بچێتە ئەوێ، بەڵام بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هێزی پێشمەرگە کە بڕواتە ئەوێ لەڕاستی دا من لەگەڵ ئەوە دانیم

کە بە هیچ شێوەیەك هەڕەشەی هێز بەکاربهێندرێ، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەنیم، پێموایە هەڕەشە کردن نیشانەی شکستی ئێمەیە، چونکە ئێمە چەندین کارتی تر هەیە و پێویست دەکات بەکاریان بهێنین کە لەڕابردوو دا بەکارمان نەهێناوە، پێوست دەکات هێزی پێشمەرگە بڕواتە ئەوێ، ڕاستیەك هەیە دەمەوێ بیڵێم لەڕابردوو دا لە 2008 کاتێ کە هێزی پێشمەرگە کشایەوە یەکێك لەو هۆکارانەی کە وای کرد هەڵوێستی ئێمە لاواز بێ یەك هۆکار بوو کە پێویست دەکات لێرە ئاماژەی پێ بکەین، بەداخەوە نەك هێزی پێشمەرگەو نەك هێزی پۆلیس، هەندێ ئەشخاس بۆ بەرژەوەندی خۆیان کۆمەڵێك لە عەرەبەکانی ئەو ناوچانەیان کرد بە دوژمنی ئێمە، نموونەی ناشیرینیان پێشکەش کرد، بۆیە پێویست دەکات ئێمە وەکو پەرلەمان لەو ڕووەشەوە ئاگامان لەوە بێ هێزی پێشمەرگە بڕواتەوە بۆ ئەوناوچانە و بەڵام هێزی پێشمەرگە هۆکارێك بێ بۆ دروست کردنی دۆستایەتی، بۆ برایانی عەرەب و تورکمان و بۆ برایانی تری بسەلمێنێ کە ئەوە ئێمەین پارێزگاری لە ژیان و ماڵی ئەوان دەکەین، ئەمە دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ وەکو هەنگاوی یەکەم، هەنگاوی دووەمیان کە پێویست دەکات پلانێکی ستراتیجی تۆکمەی درێژخایەنمان هەبێ، پێویست دەکات ئەم پلانە لەسەر ئەساسی لیژنەیەکی نیشتمانی دابندرێت و ئاماژە بە خاڵبەندی بکرێت و وەکو لەسەرەتاوە ئاماژەم پێی دا قوەتی ئێمە و دۆستەکانی ئێمە و دوژمنەکانی ئێمە و لایەنی ئابووری و لایەنی سیاسی و لایەنی نێودەوڵەتی و هەروەها قوەتە دەستووریەکانمانی تیا ئاماژەی پێ بدرێ و لەسەر بنەمای ئەم پلانە لەگەڵ ئەم بابەتە تەعامول بکەین، پێویست دەکات لەمڕۆوە پەرلەمانی کوردستان قەرار وەربگرێ، ئێمە پاریش دانیشتنمان ئەنجام دا، بەڵام ئەوە نەتیجەکەی بوو چەندین جاری تریش هەر بەم شێوەیە بەداخەوە نیگەران بووین و تووڕە بووین و کەچی هیچی لێ سەوز نەبووە، بۆیە هیواردام دانیشتنەکەی ئەمڕۆ شتی لێ سەوزبێ، واتە بڕیار وەربگیردرێت، بڕیارەکان کەمن بەم شێوەیە ڕیزبەندیان دەکەم، بڕیاری یەکەم کە زۆر گرنگە ئەوەیە، پێویست دەکات هەرچی زووە ئەو دەستەیەی کە دروست بووە بە پێی یاسایەك با بڵێین یاسای دەستەی ناوچە جێ ناکۆکەکان کە پێویست دەکات لەوێوە بەڕاستی بگۆڕدرێت بە ناوچە داگیرکراوەکان بۆ ئەوەی لە زهنی خۆمان دا تێڕوانینێکی ترمان بۆ ئەو کێشەیە هەبێ، ئەم دەستەیە کارا بکرێت، چاودێری بارودۆخی ئەو ناوچانە بکات و ئەرکی ڕاپەراندنی ئیش و کارەکانی ئەو ناوچانە بگرێتە ئەستۆ بەو شێوەیەی کە لە یاساکە دا هاتووە، وەکو برادەران ئاماژەیان پێیدا ساڵانە لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا بودجەیەکی تایبەت بەو ناوچانە تەرخان بکرێت و شێوازی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بودجە لەسەر بنەمای چاودێری کردنی پەرلەمان بێ و زۆر گرنگە بۆ دەستەبەر کردنی دڵنیایی و واتە گەرەنتی کە ئیش و کارەکان لەوێوە بەرێك وپێکی لەو ناوچەیە دەڕوات بەڕێوە و پێویست دەکات لیژنەیەکی هەمیشەیی پەرلەمان هەبێ بۆ چاودێری کردنی ئەو ناوچانە ئیش و کارەکان چۆن دەڕواتە ڕێوە، حکومەت لەوێ چۆن تەعامول دەکات؟ نوقتەیەکی تری گرنگ پێویست دەکات کە ئەم لیژنە پەرلەمانیەی چاودێری بکات ئەوەیە کە نوێنەرانی کورد لە بەغدا تا چەند بە ئەرکی خۆیان هەستاون و ئەو ئەرکە دەستووری و یاساییانەی کە بۆیان دەست نیشان کراوە بە پێی ئەو زانیاریانەی من

هەمە لە ڕابردوو دا بە شێوەیەکی ڕەها قسە ناکەم، بەڵام کەمتەرخەمیەکی زۆر هەبووە لەسەر ئاستی بەرپرسانی کورد لە حکومەتی فیدڕاڵ و لە پەرلەمانی عیراق دا، پێویست دەکات پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ئەوە بدات نوێنەرانی کورد بە تایبەتی لەدوای دروست کردنی حکومەتی نوێی عیراق کە 9 مانگی بەسەردا تێپەڕیوە و وەرەقەیەکی 19 خاڵیمان هەبوو یەك لەو خاڵانە مەسەلەی ماددەی 140 بوو، ئێمە ئەو حکومەتە لەسەر پێشنیاری سەرۆکی هەرێم دروست بوو، ئەگەر نا هەرگیز دروست نەدەبوو، بڕیار بوو ئەم وەرەقەیە ئیمزا بکرێت، پێویست دەکات ئێمە نوێنەرانی خۆمان لە بەغدا بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان بکەین، نەك بۆ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەین، بۆ ئەوەی پێیان بڵێین کە ئەو گرفتانەی کە لەبەردەم ئێوە هەیە کەوا دەکات ماددەی 140 بە شێوە دەستووریەکەی نەڕواتە پێشەوە چین؟ پێمان بڵێن بۆ ئەوەی پشتیوانتان بین، ئەگەر نا تا ئێستا من بۆ خۆم تەنها ڕووکەشی حەدەس و ڕووداوەکان دەبینم، من نازانم هەڵوێستی مالکی چیە و هەڵوێستی سوننەکان چیە؟ پێویست دەکات ئەمە بۆ ئێمە ڕوون بکرێتەوە، ناکرێت ئێمە بۆ خۆمان بچینە ناو شەرێکەوە کە نازانین تا ئێستا چی کراوە و چی نەکراوە، بۆیە هیوادارم هەرچی زووە نوێنەرانی کورد بانگهێشتی ئێرە بکرێن و پرسیاریان لێ بکرێ و لەبارەی گرفتەکانەوە قسەیان لەگەڵ دا بکرێت، نوقتەیەکی تر کە زۆر گرنگە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوو دا ئەوەی کە من درکم پێی کردووە تا ئێستا لەگەڵ خەڵکی ناوچە دابڕاوەکان یاخود ناوچە داگیرکراوەکان و هەروەها ئەو کەسانەی با بڵێین سنووری کەلار و چەمچەماڵ و کفری و ناوچەکانی تر بەشێوەیەك تەعامولیان لەگەڵ دادەکەین وەکو ئەوەی ئەم خەڵکانە بەداخەوە وەکو ئەوەی ئەمانە هەر بۆ ئەوە دروست ببێ کە هەمیشە هەر قوربانی بدەن، یەعنی لە ماف و ئیمتیازات دا بێ بەشیان دەکەین، ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە کە پێویست دەکات خانوویان بۆ دروست بکرێت، لە جەلەولا و لە سەعدیە و لە خانەقین، پێویست دەکات قوتابخانەیان بۆ دروست بکرێت، پێویست دەکات ئەمنیەتیان بپارێزرێ، پێویست دەکات ئیش و کاریان بۆ دەستەبەر بکرێت، ئەگەر نا تۆ یاسایەك دەردەکەی بەناوی یاسای سولفەی زەواج ئەوان نایانگرێتەوە، با بڵێین هەرچی ئەو مافانەی کە بۆ هەرێمی کوردستان هەیە حەقە بەڕاستی ئەوانیش بگرێتەوە، بۆ ئەوەی دڵیان خۆش بێ و بۆ ئەوەی هەست نەکەن تەنیان، ئەگەر نا ئەوەی کەمن درکم پێی کردووە لەم ڕۆژانە کە دووبارە دەبێتەوەو لە تەلەفزیۆنەکانی خۆمانەوە و لە ڕاگەیاندنەکانی خۆمانەوە هەمیشە دەمانەوێ ئەم خەڵکە وەکو خەڵکی داماو غەدر لێکراو پیشان بدەین و وەکو تراژیدیایەك پیشان بدەین و تا کەی ئەم حەقیقەتە نەگۆڕین مادام خۆمان دەزانین ئەمە حاڵەتەکەیە با لە چوارچێوەی پلانێك دا تەعامول لەگەڵ ئەم بابەتە بکەین و وەکو کۆتایی بەم مەسەلەیە بێنین، من جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە پەرلەمانی کوردستان پێویست دەکات بە قەرار هەرچی زووە وا بکات، هەرچی دامودەزگاکانی ئاسایش و ئەوانە هەیە لە سنووری ناوچە دابڕاوەکان کە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بە زوویی یەك بگرێتەوە، بە ئیعترافی بەرپرسێك کە لە یەکێك لە حیزبەکانی با بڵێین دەسەڵاتە کە لەم ڕۆژانە لە تەلەفزیۆن دا قسەی کردووە و دەڵێ بۆ دامەزراندنی تەنها

کارگوزارێکیش ئێمه دەبێ تەوافوق بکەین، ئاخر ئەمە ناکرێ خەڵکی هەرێمی کوردستان و خەڵکی ئەو ناوچانە باجی کۆمەڵێك ململانێ بدات کە دڵنیام ئەم پەرلەمانەش پێی خۆش نیە، دوا قسەم ئەوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە دەزانین لە سیستمێکی فیدڕاڵی دا کە لە عیراق هەیەو پەرلەمانی هەرێمی هەیەو پەرلەمانی ئیتحادیش هەیە، ئێمە لە عیراق دا شەریکی دەسەڵاتین و سەرۆکی کۆمارمان هەیە و پەرلەمانمان هەیە و، ئەو پەرلەمانە نوێنەرایەتی ئێمەش دەکات، بۆیە من تەنها قسەیەکم هەیە کە کاك دڵشاد قسەیەکی کرد لەڕاستی دا ئێمە هیچ کاتێك سەرپێچیەکی یاسایمان نیە و با بڵێین عەیبە نیە و ئەگەر کێشەیەك بزانین لە هەرێمی کوردستاندا چارەسەر ناکرێت جا کێشەی ئاوی ئەڵوەن بێ و کێشەی ناوچە تۆپبارانەکانە هەتا کێشەی خۆپیشاندەران و خزمەتگوزاریەکانە زۆر ئاساییە و زۆر دەستووری و یاساییە بڕۆین لە پەرلەمانی عیراق دا باسی بکەین، ناکرێت ئێمە پێمان وابێ میوانین و ناکرێ بڵێین شتەکانی خۆمان بشارینەوە و بڕۆین قسە لەسەر کۆمەڵێ شتی تر بکەین کە ئەویش دووبارە جارێکی تر پێویستی بە هاوڕەنگی و هاودەنگی و یەکگرتوویی هەیە، من جارێکی تر تیکراری دەکەمەوە ئەو نوقتەیەی کە بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە تکا دەکەم نوێنەرایەتی کردن لە ناوچە دابڕێندراوەکان لە دا نوێنەرایەتی کردنی حزبیەوە بگۆڕین بۆ نوێنەرایەتی کردنی نیشتمانی و هەڵسوکەوتی ئێمە لە گەڵ ئەو بابەتانە لە هەڵسوکەوتێکی کاتی و ناوچەییەوە بگۆڕین بۆ هەڵسوکەوتێکی کە لە چوارچێوەی پلانێکی ستراتیجی نیشتمانی دابێ کە ئیتر ئەو کات بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە و بە پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمەوە و نوێنەرانی کورد لە بەغداوە پشتیوانی بکەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەست خۆشی لەو لیژنە پەرلەمانیە بەڕێزە دەکەم بۆ سەردانی ئەو ناوچەیە، بە زەروری دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە ئەو لیژنەیە دەکرا بە شکلێکی ئەگەر بچووك تریش بووایە سەردانی مەنتیقەی بوشاریشیان بکردایە لە ناوچەی پێنجوین کە ئەوانیش حاڵەتی گرتنەوەی ئاویان هەیە لەلایەن ئێرانەوە و مەجموعەیەکی زۆر لە جوتیارەکانی ئەو ناوچەیە تووشی زەرەر بوون، من لێرەوە داوا لە بەڕێز وەزیری کۆشتوکاڵ دەکەم بۆ هەر پلانێك بۆ چارەسەر کردنی ئەو مەوزوعە و وەزعی ئەو ناوچەیەش لەبەرچاو بگیردرێ، خاڵێکی ترم ئەوەیە کە بەڕاستی برادەران زۆر قسەیان لەسەر کرد مەسەلەی درەنگ هاتنە دەنگ لەم مەوزوعە خۆشبەختانە زۆر لە برادەران موتەفق بوون، بەڵێ ئێمە درەنگ هاتینە دەنگ لەم مەوزوعە و بڕیارەکانیش هەر بڕیارێ بێ ئێمە تەسەورم وایە درەنگ بڕیارەکانیش وەردەگرین، خاڵێکی تر ئەوەیە کە لەم شەوانە لە یەکێك لە کەناڵە ئاسمانیەکان بەرپرسێك قسەیەکی کرد بەڕاستی ئاماژەی بە وەزعی سوپای عیراقی دا کە کورد پێگەی چۆنە لەناو سوپای عیراق دا، فیرقەکانی کە کورد

سەرۆکایەتی دەکات چۆن بێ بەش کراون لەو چەکانەی کە بۆ هەموو سوپای عیراقی هاتووە، بەڕێز وەزیری پێشمەرگەش ئاماژەی پێدا بەڕاستی، سەرەڕای ئەم هەموو کوشت و بڕەی کە بەسەر خوشك و براکانمان دەکرێ لەو ناوچانەی کە دابڕێندراون و ئەمەش وەزعی کورد بێ لەناو سوپای عیراقی داو مامەڵەی ئەو خەڵکانە بێ کە لەوێ باڵادەستن و لەگەڵ خوشك و براکانی ئێمە بەڕاستی ئەمە دەمانخاتە بەردەم پرسیارێك بەڕاستی کە ئێمە بەفعلی لە بەغدا شەریکین لە دەسەڵات یان بەشدارین؟ ئەگەر مەسەلە بەشداری کردن بێت، ئەگەر ئێمە بەشدارین و هەندێ پۆستمان وەرگرتووە و لێی دانیشتووین بەڕاستی ئەمە مەوزوعێکی ترە، بەڵام ئەگەر مەسەلە شەراکەتە ئێمە دەبێ لە (أ - ی)ی هەموو بڕیارە سیاسی و سەربازی و ئەمنی و ئابووریەکانی عیراق ئێمە قسەمان هەبێ، بڕیارەکان و مەوقفەکانی ئێمە بەهەند وەرگیردرێ، ئەمە شتێکم بیر دەخاتەوە، ئێمە کاتی خۆی داوامان کرد کە هەر ئیتفاقێکی سیاسی لەبەینی کورد لەگەڵ لایەنەکانی تری عیراق دەکرێ بهێندرێتەوە لە پەرلەمان و لێرە ئێمە دەنگی لەسەر بدەین، بۆ ئەوەی لەوەها حاڵەتێك دا ئێمە لە کاتی دروست بوونی موشکیلەیەکی لەم شێوەیە، ئێمە قەرار لەسەری بدەین و پەرلەمانی کوردستان قەرار لەسەر تەبیعەتی بەشداری کردنی کورد بدات لەهەر هاوپەیمانیەتی و لەهەر دروست کردنێك دا کە لە عیراق دا دەکرێ، بۆیە بەڕاستی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمە وەکو کورد بە هەموو هاوپەیمانەکانمان لە بەغدا پێدابچینەوە و هەڕەشەی مەوقف وەرگرتن بکەین بەڕاستی لە عەمەلیەی سیاسی، چونکە ئەو مەوزوعانەی وەکو برادەران گوتیان نامەوێ دووبارەی بکەمەوە کە دەرهەق بە خوشك و براکانمان دەکرێ قابیلی قبوڵ کردن نیە، لەکاتێك دا ئێمە دەیان پۆست و مەوقعی گرنگی بڕیارمان لە بەغدا بە دەستەوە بێ، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع ئەمە هیچ سوودێکی نەبێ و ئەوەی کە دەیبینین ئەوە ڕوودەدات، مەسەلەی پێشنیازەکان من پێشنیازی هەموو ئەو خوشك وبرایانە پشتیوانی دەکەم کە وەکو لیژنەکە قەراریان لێ داوە و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە شاندی لیژنەکان دەکەم کە سەردانی ناوچەکانیان کردووە و ڕاپۆرتیان ئامادە کردووە، خاڵێکی تر هەیە کە هەفتەی ڕابردوو باسی ئێرانمان کرد کە تۆپبارانەکانی ئێرانمان کرد کە گوتمان هیچ پاساوێکیان نیە، بە پاساوی ئەوەی داواکاریەکیان هەبوو، بەڕێزت گوتت ئەگەر داواکاریەکەمان جێ بەجێ کردبا لەڕووی نەتەوەییەوە زەرەرمەند دەبووین، ئەوە لەوێ زانیمان ئەوەیە، ئەدی لە خانەقین و ئاوی ئەڵوەن بۆ دەگرێتەوە؟، ئەگەر دەستی حکومەتی عیراقی تێدا نەبێ، ئێران ئەو شتە ناکات، حەز دەکات لە نوری مالکی بگرە تا ئاخر نەفەری عەرەب کە لەناو حکومەتی عیراقی دا هەیە، لەبەرئەوەی ئێمە زۆر باسی عەرەب دەکەین و عەرەبی شۆڤینی و عەرەب ڕەگەزپەرستە و عەرەب وایەو عەرەب وایە، باشە

ئەگەر ئێمە دەمانزانی عەرەب وایە، لەبەرچی دەستپێشخەریمان کردو وامان کردو حکومەتی عیراقی .........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر قەوسێك بدەی، خوشکی من نالێین عەرەب شۆڤینیە، دەڵێین (شۆڤینی عەرەب) ئەوانەی کە شۆڤینین و لەناو عەرەبن و ڕێژەیان زۆرە و ڕقیان لە تۆیە، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان مەبەستم هەیە، دەڵێم ئەگەر ئەو عەرەبە شۆڤینیانە ئەوها بوون و پێشتریش لە 2005 کە حکومەتی عیراقی بەشدار بوو و پێکهات ئێستاش هەمان حکومەتە، باشە ئەو شتە چاکانەمان دەزانی و ئامینە خان نموونەی زۆری هێناو کاك دڵشاد باسی کرد و کاك فاضل باسی کرد باشە لەبەرچی ئێمە هاتین دەست پێشخەریمان کردو بەرزمان نرخاند و ئەوانەمان پێکهێناو دەعوەتمان کردن لە هەولێر، خۆ لێیان دەگەڕێین بۆ خۆیان خۆ بەخۆیی یەکتر دەکوژن و دەبڕن و هەرچی دەکەن کەیفی خۆیانە، ئەوان ئەوەندە لاواز بوون و ئێمە ئەوەندە بەهێز بووین نەمانتوانی ئیش و کارەکانی خۆمان و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان یان ئەو ناوچانە جێ بەجێ بکرێ، ئەگەر ئێمە ئەو دەستپێشخەریەمان نەکردبایە ئەو جارە قەناعەتت هەبێ ئەوان دەپاڕانەوە لەبەرمان بێن و ئێمە یارمەتیان بدەین و هاوکاریان بکەین و، ئەگەر دەستپێشخەریشمان کرد بە زەرەری کورد تەواو بوو، لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی ئەگەر بەڵێنیشیان دابا بەشێوەیەکی زارەکی بەڵێنیان دایە و هیچ بە نووسین نەبووە، ئەگەر بە نووسین بایە و بەڵێن هەبا، تەعەهودیان بدابا باشتر بوو، بەڵام ئەوەی هەمووی بەزارەکی بووە و ڕێزم هەیە بۆ سەرۆکی هەرێم نابی لێم عاجز بن، بەڵام من ئەو هەوڵەی قەت بە بەرز نانرخێنم و قەتیش دەست خۆشی لە کەسێك ناکەم ئەگەر بە زەرەری کورد تەواو بێ، لە هەفتەی ڕابردووش عەینەن شت سەرۆکی کۆمار باسیان کرد لە ڕاگەیاندنەکان دەسپێشخەریەکی کرد دیسان و لایەنە سیاسیەکان پێك بێنێت، لایەنی سیاسی عەرەب لەبەرچی پێك دێنم ئەگەر من دەستپێشخەری دەکەم دێم ناوماڵی خۆم ڕێك دەخەم یەکەم جار، با بێم لەناو هەرێمی کوردستان ناو ماڵی کوردەکەی ڕێك بخەم، با ناخۆشیمان لەبەینی نەبێت، چ ئۆپۆزسیۆنە و چ دەسەڵاتە، با ئێمە پێك بێین ئەو کاتی بەرەنگاربوونەوەی ئەو تیرۆریستانە بین، خاڵێکی ترم هەیە باسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات، بە هیچ شێوەیەك پێم خۆش نیە هێزی پێشمەرگەی بەو مووچە کەمەوە بە موزایەدەشەوە نیە دەڵێم نەچێتە ئەوێ و بینێرینە شەڕی و یان بینێرینە ئەو سەنگەرانە ئەگەر دەشیان نێرین با بیان نێرینە سەنگەری دواوە، هێزێك هەیە پسپۆرە لەوەی کە پێی دەڵێن هێزی دژە تیرۆر، هەمانە، ئەدی ئەوانە لە بۆ چ چاکن؟، حەق وایە ئەو هێزەی بنێرینە پێشەوەو لەسەنگەری

پێشەوە بن، لەبەرئەوەی پسپۆریانە و زۆر چاك لە تیرۆر دەزانن و زۆر چاك دەزانن بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بکەن، تەبعەن کورد دەزانێ و درکی بەوە کردووە کە ماددەی 140 زۆر نەخۆشە و، یەعنی تووشی سەرەتان بووە ئایا چاك دەبێت یان چاك نابێت، ئەوەی دەزانین، یەك خاڵی ترمان هەیە ئەوانەی کە بەشداربوون لە پێکهێنانی حکومەت و کە ئێستاش بەشدارن و کە ئێستاش چەندین ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانمان هەیە کە دەستیان لە تیرۆر دایە و بۆ خۆشی تیرۆرستە و ئەو شەو لە ڕاگەیاندنێك دا یەکێك لە ئەندامی ئەنجومەن (ئالا تالەبانی) باسی کرد کە یەکێکمان هەیە و بڕیارە حەسانەی لێ وەربگرینەوەو دوو، سێ جاریش پێشتر لەسەر تیرۆر گیراوە، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەوە هاتە هەولێر نمەکی هەولێری کردو نمەکی کوردانی کردو دەنگیشمان بۆی داو بوونەتە باڵا دەست لە سەرمان، کورد زۆر نەرمی نواندووە، لەوانەیە نەرمی نواندبی لەبەر خاتری ئەوەی بڵێ لەبەرژەوەندی کوردە با نەرمی بنوێنین و چی دی کەسمان لێ ئەنفال نەکرێت، ئەوانەی ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانن بەشێکیان ناڵێم هەموویان لێم مسۆگەرە لە سەدا سەد دەستیان لە ئەنفال کردنی بارزانیەکان و ئەنفال کردنی خەڵکی کوردستان بووە، لەبەرئەوە من یەك ڕەئیم هەیە و پێم باشە کورد لە بەغدا یان بایکۆت بکات و یان هەڕەشەی بایکۆت بکات، چ ئەوانەی لە حکومەتیشن و چ ئەوانەی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانن و بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە، ناکرێ بڵێین هەر بە دەسەڵاتەوە، بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە کە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانن با بایکۆتی بکەن و با بێنەوە هەرێمی کوردستان و ناو ماڵی خۆمان یەك بخەین و یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بین، ئەو عەرەبانەش کە ئێستا زاڵن و لەسەرمان زمانیان درێژە و ئەو کارانە دەکەن دەزانن لەناو هەرێمی کوردستاندا ناخۆشی هەیە و شەڕ هەیە و شەڕی تەواو نیە بابڵێین، بەڵام لەماوەی ئەو خۆپیشاندانانەی کە کرا توندوتیژی هەبووە و ناخۆشی هەبووە، یەك: ئەوان قۆستیانەوە و دوو: ئەمریکیەکان کە ئێستا پشتمان تێ دەکەن و پشتیوانمان نینە، بەڕێز کاك ئەرسەلان ڕەد نیە بۆ قسەکەی، بەڵام وەك ڕوونکردنەوەیەکە باسی کرد و گوتی ئێمە زۆر جار لەناو سوپای عیراقی ئێمە کەسمان نیە و لەبەرئەوەی ئەو خەڵکانەی کە دەیاننێرینە ئەوێ و لەناو سوپا بەشدار بن، بەڵان بۆ خۆیان دەچن تەدریب دەکەن و دەورەش تەواو دەکەن و داوا دەکەن بێنەوە هەرێمی کوردستان، ئەمنیش دەڵێم ئەو کەسانە کە ئەنگۆ دەیاننێرن سەر بەهەردوو حیزبن و هیچ کەسێکی دی نانێرن کە داوا دەکاتن و کوردە، پێشی خۆشە، لەبەرئەوەی مووچەکەی باشە و پێی خۆشە بچێتە ئەوێ و خزمەت بکات و بەڵام جاری واهەیە هیچ مووچەی نیە وبێ کارە لە کوردستان پێی خۆشە، بەڵام ئێوە نایننێرن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، یەکەم، ئەوەی دەست پێشخەریەکە، بە عەکسەوە زۆر زۆر شتێکی گرنگ و موهیم بوو بۆ کورد و هەرێمی کوردستان و بۆ نەتەوەی کورد، بۆ دونیا ئیسپات بوو، بۆ هەموو عالەم ئیسپات بوو کە کورد فاکتەرێکی خەتەر نیە لەسەر مەنتیقەکە و عاملێکی ئاشتی خوازە و دیموکراتی خوازە و لە مەنتیقەکە عاملێکی ئیجابیە بۆ پێکەوە ژیان، ئەمە بۆ دنیا مەعلوم بوو، ئینجا یەکێکی ڕەگەزپەرستی شۆڤینی بە

شكلێكی تر لەناو عیراق دژی تۆ بەكاری دێنێ ئەویش سنووری هەیەو بۆی ناچێتە سەر، بە نیسبەت ئەوەی جـەیش كـە هـەردوو حیـزب دەینێـرێ و جەیشـی عـیراق هەرکەسـێ بچـێت دەتـوانێ لـەو عەسـكەریە وەربگیردرێت، شەرت نیە دوولایەن بینێرێت، ئەمە نوقتەیەك، نوقتەیەكی تر تەنها كەمی عـەدەدیش نیـە، ئەوانەی كە ئێستا هەن بەڕەئی من پلانێكی موبەرمەجە لەلایەن دەسەڵات لە عیراق دەیانـەوێ كورد لـەناو جەیشی عیراقی دەوری نەبێ، قائیدی قوەی جەویەی عیراق كوردە، دەسەڵاتەكەی لێ دائەماڵێنن و خـەریكن ڕووت و قوت بیهێڵنەوەو هیچی پـێ نـەكرێت، ڕەئیسی ئـەركانی جـەیش كوردە، وایـان لێ كـردووە نـاتوانێ فـەوجێك تـەحریك بكات، بۆیـە وەك بـەڕێز وەزیـری پێشـمەرگە كـاك شـێخ جەعفـەر ئیشارەی پـێ كـرد ئەومرونەت و سەبرە گەیوەتە حەدێك ئـیتر تـەواو ، یـەعنی نـابێ زیـاتر لەمـە قـەبوڵ بكرێـت دەبـێ چاك بكرێتەوە، بە نیسبەت سەحب بین بە حەقیقەت هەموو ئیحتمالێك لەگەڵ حكومەتی عیراقی بـۆ دیفـاع لـە مـافی خـەڵكی كوردسـتان و هـەرێمی كوردسـتان و حـەیاتی خـەڵكی خۆمـان هـەموو شـتێك موتەوەقعـە لـە هەرێمی كوردستان بكرێت، بۆ ئاگاداریت، كاك ئەرسەلان ڕوونكردنەوەت هەبوو؟، فەرموو.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك لەو داواكاریەی كە دەكرێ لە كۆلیجەكانی عەسكەرین، كۆلیجی قوەی جەویە و كولیەی عەسكەریە و كولیەی شورتەیە و بە تایبەتی كولیەی عەكسەری و كولیەی قوەی جەوی، ئەوساڵ لە حكومـەتی عیراقـی ئیعلان دەكرێ و حەقی بەوە نیە كێ دەچێ و كێ ناچێ؟ جاری واهەیـە مەسـەلەن پـەنجا كەسـیان دەوێ لـە هەموو كوردستان، هەموو كەس دەتوانێ تەقدیمی بكات بە بێ حزبایەتی شەش كەس دەچێ، حـەوت كـەس دەچـێ، حـەقیش نیـە پەرلـەمانتارە بـەڕێزەكان هـەموو شـتەكان بگەڕێننـەوە و گرگـڕ بـۆ سـەر هـەردوو حیزبەكە، باران ناباریَ هەردوو حیزبەكە مەسئولە، باران دەبارێ هـەردوو حیزبەكـە مەسـئولە، حـەق نیـە وابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان محاوەلات زۆر هەبووە وبەردەوام محاوەلات هەبووە دەسەڵاتت لێ كەم بكەنەوە، هەر بۆ مـەعلوماتی ئێـوەی بـەڕێز پـێش چـەند سـاڵ لـە كابینـەی پێـنج قائیـدی قـواتی ئـەمریكی لـە گشـت عـیراق هـەوڵێكی موستەمیتیان دا كولیەی عەسكەری زاخۆ بدرێتەوە دەست حكومـەتی ئیتحادی، بـەڕێز كـاك نێچیرڤان زۆر بە حەدی بەرامبەریان وەسـتا و ئامـادەش بـووین تووشـی كێشـەیەكی زۆر گـەورە بـووین و ئـەخیری سـەری نــەگرت، یــەعنی محــاوەلات بــەردەوام وەك مــەدو جــەزر هەیــە، بــەڵام ئێســتا لەمــەودوا دەبــێ ئێمــەش ئیستعدادێكی كامل و موكەمەلمان هەبێ، هیچ شتێك لە هیچ كەسێك و هـیچ ئیعتبارێـك قـەبوڵ نەكـەین و تەحەمولی نەتائیجەكەشی نەكەین، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**قسەكانم كرا زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، كاك شڤان فەرموو.**

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەڵلا منیش قسەكانم زۆربەی كران، بەلاّم من یەك ڕەئیم هەیە، دەمەوێ ئیزافەی بكەم، ئەو كێشەیەی كە ئێستا باسی لێوە دەكەین لە جەلەولا و سەعدیە و شوێنەكانی دیكە و هەموو كێشەكانی دیكەش لەگەڵ حكومەتی ئیتحادی یەك محوەریان هەیە، محوەرەكەش جێ بەجێ نەكردنی ماددەی 140 ، دەبێ ئیش لەسەر ئەم محوەرە بكرێت، هەوڵی جدی لە هەموو ئاستەكانی دەسەلاّتی سیاسی و قیادەی سیاسی كورد ولە هەموو بوارێك و كاك شێخ جەعفەر گوتی بە هەموو جدیاتێك دەبێ حكومەتی عیراقی لەوە ئاگادار بكرێتەوە كە مەسەلەی ماددەی 140 مەسەلەیەكە وەكو دەڵێن سەبری كورد تەواو بووە تەقریبەن لەسەری، یەعنی تەحەمول كردنی زیاتر زۆر زەحمەت دەبێت، چونكە ئەو بەرهەمەی كە ئێستا لە جێ بەجێ نەكردنی ڕۆژانە لە زیاد بوون دایە، ئەوەی كە ئێستا لە جەلەولا و سەعدیە ڕوودەدات بە ئیمتیازەوە تەعریبە، چونكە وەسیلەكەی وەسیلەیەكی زۆر زۆر خەتەرناكە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، شلێر خان فەرموو.**

**بەڕێز شلێر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من خۆم لە لیژنەكە بووم و پێویست ناكات، بەس پرسیارێكم لە وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوە ئاوییەكان هەیە كە ئەندازیارەكانی ئەوێ باسی جۆگەیەكیان كرد لە بالاّجۆ كە جۆگەیەكە كە موازیە بەوەی كە ئێستا هەیە، لەبەرئەوەی كاتی خۆی هەموو كەسێ دەزانێ لە 1960 دا كە زەمانی عبدالكریم قاسم كە ئەو ئاوی ئەڵوەنە جارێكی تر ئێران گرتوویەتەوە و تەنیا خیار بۆ ئەوان ئەوە بووە كە ئیشێكی زۆر چاك و ئازایانە بووە كە كاتی خۆی كراوە، ئێستا خەڵكی خانەقین ئەگەر ئەو ئاوە بەس بۆ ئاوی خواردنەوەش بەكاربێنن هەر ئەوەیە كە فریایان كەوتووە، هەتا بیرەكانیان وشك بووە، لەبەرئەوە ئەوان باسی دەرخستەیەك دەكەن كە ئامادەیان كردووە و بە بڕی پێنج ملیار دینار، هیوادارم ئەوەیان نابێ چاوەڕێ ی بەغدا بكەین و ئەمەیان هەر دەبێ لەسەر میزانیەی 2012 یش دابێت دەبێ حكومەتی هەرێم ئەوە جێ بەجێ بكات و ئەگەر باسی كۆنكریت كردنی ناوی جۆگە كۆنەكە بێ، ئەوە چونكە تۆزێكی كارێكی مەترسی دارە ئەگەر بكرێت، چونكە تەنیا ئەو ئاوەش دەبڕێ لێیان و دەبێ یەكێكی تر بكرێت، ئینجا ئەوەیان چاك بكرێتەوە، دوای ئەوە بە نیسبەت ئیتفاقیاتی دوەلی ئەوان كە لەگەڵ ئێران دا قسەیان كردووە، وەفدەكەی قایمقامیەت**

ئاخر شت كە باسیان كردووە 51٪ ی ئاوەكە هینی عیراقە، گەیشتوونەتە ئەوەی كە ئەو ئاوە بە بۆنەی كەم بـارانی و زۆر شـتی تـر كـە ئـەم سـاڵانەی دوایـی ئـەم وشـكە سـاڵیانە كـە ڕووی داوە كـەم كراوەتـەوە و گەیشتووەتە ئەوەی 11٪ ەكەش ڕازی بوون، چونكە ئەو 11 یە ئەگـەر 6٪ یشی بدرێتـەوە دەكاتـە حـەوت مەتر موكەعەب لە سانیەیەك دا كە ئەوەش ڕێژەیەكی باشە و ئەوان هـەر پێـی ڕازیـن، بـەس چونكە گوێ نایەنێ و من لێرە دەڵێم ئیتفاقیاتی دوەلی، ئەی باشە كـە ئـەو گـوێی نـەداتێ ئـەی (UN) كوانێ و ئەمانـە یەعنی ئەو شكاتانە ناكرێ لەو وڵاتە؟ چونكە چ ئیتفاقیەك ئەگەر دەكرێت لە بەینی وڵاتەكاندا دەبێ ئـەوە ڕەچاوبكرێ، من نازانم حكومەتی هەرێم لەگەڵ حكومەتی ناوەند چیان كردووە بـۆ ئـەوە؟ چـونكە وابـزانم ئێستا لە ئەنجومـەنی نوێنـەران لـە بەغـدا هـەر موناقەشـەی ئـاوی ئـەڵوەن و تـا دوێنـێش بـەردەوام لەگـەڵ وەزیری خارجی كە بانگهێشتیان كردبوو، بە نیسبەت ئەو كارانەی كە یەكسـەر دەبـێ ئێمـە بیكـەین بـەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، كەمپینی ئاوارەكان زۆر گرنگە ئەوەشی كە نووسراوە نـابێ ئێمـە بیگەیەنینـە مـانگێكی تر كەخزمەتگوزاریەكانیان هەمووی بۆ بڕوات و ئەو عائیلە شەهیدانە بەڕاستی دەبێ یەكسەر لە وەزارەتـی شەهیدان و ئەنفالكراوانی خۆمـان، ئێمـە باسـی قـەرەبووی بەغـدا ئـەوە دوایـی دەكرێـت، بـەس لـەم مـانگی ڕەمەزانە و بۆ دوای جەژن دەبێ یەكسەر بێت، چـونكە بەڕاسـتی ئـەو كەسـەی كـە لـە جەلـەولا و سـەعدیە ماوەتەوە خەڵكێكی هەژارن، ئەگەر خەڵكێك ئیمكانیەتی هـەبێ خۆتـان دەبیـنن كـەلار چـەند گـەورە بـووە، كێن ئەوانەی كە لە كەلارن؟، ئەوانە خەڵكێكن كە دەسەڵاتیان هەبووە و یەكسەر كۆچیان كـردووە و خـانوو شتی خۆیـان هەیـە، بـەس ئـەو خەڵكـە هـەژارە ئەگـەر بێتـو ئێمـە هـەتا مـن داوا لـە بـەڕێزت دەكـەم وەكو سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە ئەو پارەیەی كە لێمان دەبڕدرێ دەڵێن بۆ سندوقی شەهیدانە، با ئەو بەشە لەگەڵ حكومەت دا تەنسیقێك بكەن یەكسەر بۆ ئەوان بێ و بۆ ئەوەی هـیچ نـەبێ هەسـت بكـەن كـە شـتێكمان بـۆ كردوون، بە نیسبەت وەزیری ناوخۆ لێـرە نـەماوە قایمقامیـەتی قـەزای خانـەقین زۆر بـاری خراپـە و هـەتا كارەبای نیـە، كارەباكـە ئێمـە دەبـێ هـەوڵێك بـدەین كـە كارەباكـەی ئـەوانیش كـە كارەبـای خانـەقین ڕەبـت بكرێتەوە بە هەرێمەوە، خۆ هەر بە پارەیەو ئێمە ئەوەتانێ هـەر لـە ئیستسـمار دا ئەوكارەبایـە، لەبەرئـەوە ئەوان........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە وەرەوە سەر بابەتەكە، بـەڕێزان بۆچـوونی خۆتـان بـدەن بـۆ چارەسـەری كێشـەكە چـی بكرێـت؟ كـاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا دووبارەیان ناكەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز د.سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە من وەکو هاوکارانم سوپاسی لیژنەی هاوبەش دەکەم و دەست خۆشیان لێ دەکەم بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کە نووسی بوویان، دیارە زۆر باسی وەزعی سیاسی نالەبار و جەوی ئیرهابی و تۆقاندنی ناوچەکانی سەعدیە و قەرەتەپە و ئەوانە، لای هەمووان مەعلومە کە ئێستا زۆر مونەزەم تر لە جاران و بە پێی بەرنامەیەکی زۆر مەدروس ئەو کوشت و بڕ و ئیرهابیەت و فڕاندن و تۆقاندنە دیارە دەستی پێ کردووەتەوە، هەمووشمان دەزانین ئامانج لەمە مەعلومە کە تەعریب کردن و چۆڵکردنی ئەو ناوچانەیە کە با بڵێین خەتی تەماسن لەگەڵ دەوڵەتی عیراق دا، دیارە پێشتر چەندین ڕێگەچارەی سیاسیانە و دبلۆماسیانە پێموایە گیراوەتەبەر هیچ ئەنجامێکی نەبووە، جگە لەوەی کە لیجانی موشتەرەك کە با بڵێین ئەو لیژنە موشتەرەکەی کە لە بەینی هێزی پێشمەرگە و ئەمریکیەکان و جەیشی عیراق دا دیارە ئەوە دەورو تەئسیرێکی زۆر باشی هەبووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم و هەروەك لەپێشنیاری برادەران دا هاتووە کە بەڕاستی کارێك بکرێت بۆ ئەوەی هەرچەندە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە لێرە نەما، بۆ ئەوەی هەمیشە هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە بمێنێتەوە بۆ زیاتر زەمانەت و پاراستنی ئەو خەڵکەی کە لەوێیە، دیارە ئەمریکیەکان بەڕاستی بەرپرسیاریەتی یەکەمیان دەکەوێتە سەر شان، لەبەرئەوەی ئێستا بمانەوێ و نەمانەوێ تاوەکو ئەم دەقەیەش عیراق تەحتە ویسایە و تەحتە ئیحتلالی ئەوانە، لەبەرئەوە حەقە بەڕاستی مەسئولیەتی زیاتر بخرێتە سەر شانی ئەوان، ئێمە دەتوانین هەرچەندە کراوە و حکومەتی هەرێم درێخی نەکردووە لەوەی کە سەرنجی ناوەندەکانی دونیا و سەفارات و قونسوڵیەکان و ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ و ئەوانەی بەڕاستی ڕاکێشاوە بۆ ئەو جەوی ئیرهاب و تۆقاندنەی کە لەو بەشەی کوردستانی خۆشەویستمانە، دیارە ئەگەر ڕێگەچارەی دبلۆماسی و سیاسی نەکرا من پێموایە زۆرێکی لە ڕێگەچارە و زۆرێکی دیکە لە ڕێگا هەیە کە دەتوانرێ بگیرێتە بەر، هەرچەندە من ڕەئی شەخسیم وایە کە قەدەری ئێمە لەم وڵاتە بەڕاستی لەم وڵاتە لە هەشتا ساڵ و نەوەد ساڵی ڕابردوو دا تا ئەم دەقەیە هەر وابووە و واش هاتووە، تا ئەوکاتەی کە ئێمە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دا کە ئێمە بۆ ڕاگرتنی باڵانسی شیعە و سوننە لە عیراق دا لکانیان بە عیراقەوە تا ئەم دەقەیەش کوردێك لە عیراق دا نەحەواوەتەوە، بەداخەوە دەیڵێم، من ئەوە ڕەئی شەخسی خۆمە، بەڵام دەکرێت ئێستا ئێمە بڵێین بەڕاستی زۆر لە جاران عیلاقاتێکی زۆر باشی نێونەتەوەییمان هەیە و بەرژەوەندی موشتەرەکمان هەیە، لەبەرئەوە وەك دەڵێی لە سیاسەت دا سەداقەی دائیمە نیە، بەڵام بەرژەوەندی هاوبەشی دائیم هەیە، لەڕاستی دا دەکرێ ئێمە لەم کەناڵانەوە قسە و باسی خۆمان بکەین یان بۆ ڕاپرسی، ڕاپرسی لەگەڵ گەلی خۆمان بکەین، یەعنی ئەم سەردەمە سەردەمێکە، بەسەرچوو ئەوەی کە بەڕاستی بمانکوژن و ئەنفالمان بکەن و جینۆسایدمان بکەن و کەس نەزانێ، ئێستا سەردەم سەردەمی رزگاری گەلانە و سەردەم سەردەمی لەناوچوونی ئەو ئەنزیمە دیکتاتۆریانەیە و ئەو ئەنزیمە شمولیانەیە و من پێموایە مەسەلەی باشووری سودان دەلیلێکی**

حاشاهەڵنەگرە لەوە کە ئێمە دەتوانین بەڕاستی ڕێگاچارەی دیکە بگرینە بەر، ئەگەر ڕێگاچارەی دیکە نەما، هەرچەندە من وەکو وتم تەئکیدی دەکەمەوە، لەبەرئەوەی قەدەری ئێمەی کورد لەوەتی لەو وڵاتەین هەروابووە، من دووبارە پشتگیری لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی ئەو برادەرانە دەکەم و هیوادارم بتوانین هەنگاوی جدی بنێین بۆ جێ بەجێ کردنیان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم و دەست خۆشی لە لیجنەی هاوبەش دەکەم کە سەردانی ئەو ناوچانەیان کردووە، ناوچەکانی سەعدیە وجەلەولا و موسڵ و شنگال و دەوروبەری دیالە، هەمووی کوردی لێیە و کەس وکاری ئێمەنە، تا ئێستا ئەگەر ئێمە دووری و پشتگوێ خستنی لێ بکەین، دەبێتە جێگەیەك کە نیگەرانی هەموو لایەکمانە، ئەمەی ئێستا ڕوودەدات لە کوشتن و بڕین و ئەوەی ساڵی 2008 ڕووی داوە دەبێتە دەرفەتێك بۆ هەرێم کە پێشمەرگە ڕەوانە بکات و داوای مافی کورد بکات، شەڕی یەکلاکردنەوە ئەو کێشانە هەر دەبێت بکرێت جا ئەمڕۆ بێت یان سبەی بێت، بۆیە پێویستە بە یەکجاری پێشمەرگە لەوێ بمێنێتەوە و بچێتە ناو شارەکان، نەك تەنها لە دەوروبەری شارەکە بن، ناکرێت هەرێم بە لێدوانی ڕۆژنامەوانی دڵسۆزی خۆی بۆ کوردی ناوچە دابڕاوەکان دووپات بکاتەوە، ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان کە قەرار درا پێشمەرگە بچێتە مەنتیقە و قواتی عەسکەری لەوێیە و تەختیتی خۆیان دەزانن و مەسئولینی مەنتیقە هەیە، خۆیان دەزانن چی دەکەن، بەس موهیم ئەوەیە بڕیارەکە بدرێت کە بچنە مەنتیقەکە، سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ساڵی 2008 لەناوچەکانی قەرەتەپە وجەلەولا و جەبارە و سەعدیە کشانەوە پاساوهێنانەوەکان چی بوو؟ چونکە لەو کاتەدا ململانێی گەرم هەبوو، کەچی لە بێ دەنگی شەرمنانە دا پێشمەرگە کشانەوە، لەڕووی خزمەتگوزاریەوە دەکرێت حکومەتی هەرێم بودجەیەکی ساڵانە بۆ خزمەتگوزاری لەوناوچانە دابین بکات، هەروەها سوودەکانی لە بودجەی هەرێمی هاووڵاتیان دەگرێتەوە کە پێشینەی هاوسەریەتی و خانووبەرەیە، ئەو ناوچانەش بگرێتەوە لەڕێگەی سیستمێکی تایبەتەوە، بە نیسبەت ماددەی 140، پێویستە هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەمان هەبێ لەسەر پرسی ماددەی 140، ئەگەر بەو شێوەی ئێستا بێت دەیان ساڵی تریش جێ بەجێ ناکرێ و کورد هەر لەوێ دەبێتە قوربانی و دیسانەوە دەبێ قوربانی بدات، شەش ساڵە مالکی حوکم

دەكات و بەڵێن دەدەین بە هاووڵاتیان كە ماددەی 140 جێ بەجێ دەكرێت، بەڵام تا ئێستا یەك برگەش جێ بەجێ نەكراوە، بۆیە پێشنیار دەكەم واز لە سیاسەتی مەمنون بوونەوە بێنن و سیاسەتێكی بوێرانە بگرینە بەر، بە نیسبەت كێشەی ئاوی ئەڵوەن بە پێی ئەو زانیاریانەی كە هەمە دەبێتە هۆی وشك كردنی ئەڵوەن لەلایەن ئێرانەوە تا ئێستا 1400 دۆنم زەوی كشتوكاڵ و ڕەز و باخ زیانیان پێ گەیشتووە، ئەمەش ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، بۆیە پێشنیار دەكەم هەرێم جدی تر بچێتە ناو پرسەكەوە و داوای ڕەسمی پێشكەشی ئێران بكات بۆ چارەسەری ئەو پرسە، چونكە ئێمەش دەتوانین فشار بخەینە سەر ئەو وڵاتە و جۆرەها بەرژەوەندی لە هەرێمی كوردستان هەیە و دەكرێ بخرێنە مەترسی، هەڵوێستی گونجاو وەربگرێ لە بواری پەیوەندی دبلۆماسی و بازرگانی لەگەڵ ئەم وڵاتە دا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، گەڕانەوەی پێشمەرگە لە 20008 وەكو وەزیری پێشمەرگە بەڕێزیان ئیشارەی پێی دا لەبن فشاری ئەمریكیەكان بوو، بە حەقیقەت تەحەمولت نەبوو لەگەڵیان ڕووبەروو بیتەوە، گەیشتە حەدی ئەوەی ئەگەر نەگەڕایتایەوە ئیحتمالی ئیستدام بوو لەگەڵیان، لەبەرئەوە گەڕایەوە بۆ مەعلوماتتان، ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەزناكەم قسەكانم دووبارە بكەمەوە، سوپاس بۆ تەوزیحی برا وەزیرەكان و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتی تێبینیەت هەڤاڵێت بەڕێزێت پەرلەمانتار و هەروەسا ڕوونكردنێت بەڕێزان وەزیرێت پەیوەندیدار من چ ئاخافتن نامینێتن كو بێژم، بەس تشتی من دڤێ لڤێرێ بێژم من دزانم ئەز چ ڕەخنەكی لە ڕێكارێ بڕێڤەچوونا یا جەلسێ بگرم ئان نا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دوایی وەرە لەوێ نەبووی ئێستا ماددەیەكت هەیە قسەت هەیە فەرموو قسە بكە، دەتەوێ لە دواوە دەست پێ بكرێت، چونكە زۆر بوون، یان لەوێوە بێ ئەمان مەغدور دەبن و لە ناوەڕاستەوە بێ، زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاشی داواش ل ئەندامێت پەرلەمانێ دکەن کێ تێبینی یان پرسیارەك هەیە، ڕۆیشتنا ئەڤرۆکە ڤێ ڕەنگێ نەبوویا، ڕاپۆرتایا لیژنێت پەیوەندیدار هاتە خاندن و یەکسەر داواش ل ئەندامێت پەرلەمانێ کر کو کێ تێبینی هەنە، مە دەستێ خۆ بەرز کر ل نیڤایە ئەو موداخەلاتێت هاتینە کرن دا ڕوونکردنێت.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشە، ڕەخنەکەت لە جێگای خۆی نەبوو، چونکە ئەمە پرۆژە یاسا نیە و ئەمە مەوزوعێکە لە مونتیقەیەك حاڵەتی تاریء هاتووەتە پێش و خەڵکی جەنابت دەکوژرێت و وەزیرەکان هاتوونە مەعلوماتیان لەسەر مەنتیقە هەیەو ڕوونی بکەنەوە، ئەندامانی پەرلەمانیش بە حوکمی ئەوەی ئەندامی پەرلەمانن و نوێنەری خەڵکن و ئاگایان لە ئەحداس هەیە و موتابەعەی ئیعلام دەکەن، لەبەرئەوە حەقی خۆیانە قسەی خۆیان بڵێن یەك بە یەك، وەزیرە بەڕێزەکانیش لەبەرئەوەی زۆر شت تیکرار دەبوو نەدەزانرا کە وەزارەتی پێشمەرگە چی کردووە و ناوخۆ چی کردووە، سەرچاوە ئاویەکان چیان کردووە؟، بە گرنگمان زانی بەرچاوی ئەو خوشك و برایانەی تر ڕوون بێت، کاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەشێك لە قسەکانم کران دووبارەی ناکەمەوە، سوپاس بۆ لیژنەکانی پەرلەمانیش کە مەیدانیەن چوونەتە ناوچەکە و موتابەعەی مەوزوعەکەیان کرد، پێم باشە گۆشەنیگایەکی تر بۆ مەسەلەکە عەرز بکەم، چونکە مەسەلەیەکی سیاسیە و قسە کردن لەسەر مەسەلەی سیاسی لەیەك گۆشە وتەنها بەیەك ئاواز خوێندن و بەیەك ڕوانین بۆ مەسەلەکە پێموایە ئەمانخاتە مامەڵەی ناتەندروستەوە، بۆیە پێم باشە گۆشەنیگایەکی تر عەرز بکەم لە مەسەلەکەدا، ڕووداوەکە بخرێتە سیاقی سیاسی و ئیداری و قانونی خۆیەوە، یەعنی لەناو ئەدەبیاتی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی مامەڵە کردن لەگەڵ ڕووداوێکی ئاوادا تەبیعاتی ئەمنی و تەبیعاتی سیاسی و تەبیعاتی گەورەی دەبێ لەسەر هەرێمەکەمان، لەبەرئەوە ڕووداوەکە بخرێتە سیاقی ئیداریەوە، ئێمە بەشێکین لە دەوڵەتێك پێی دەوترێ دەوڵەتی عیراقی و وەحداتی ئیداری خۆی هەیە و ئەم وەحداتانە سنووری سیاسی خۆیان هەیە وسنووری ئیداری خۆیان هەیە و بە پێی قانون ڕێکخراون و بە پێی دەستووری عیراقی ڕێکخراوە، هەر کێشمەکێشمێك و هەر تەنگ و چەڵەمەیەك و هەر گرفتێك لەنێوان وەحدە ئیداریەکانی عراقی دا دێتە کایەوە بە پێی دەستووری عیراقی و لەڕوانگەی مەحاکمی عیراقیەوە مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێ و ئێمە بۆ ئەوەی هەرێمەکەی خۆمان نەخەینە دووڕیانێکەوە دوایی تەبیعاتی گەورە لەسەرمان بەجێ بهێڵێ، عیراق دەوڵەتێکی عەرەبی نیە، من حەزدەکەم بە ئاشکرا لێرە عەرزتانی بکەم، عیراق بە پێی دەستوور ئەو تەعریفەی لە دەستووری عیراقی دا هاتووە دەوڵەتێکی قەومی عەرەبی نیە، دەوڵەتێکی لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی نیە، وە بە پێی پێکهاتە و

تەشكیلەكەشی كە ئێستا ئێمە وەكو كورد بەشێكی گرنگ و كاریگەرین لەپێكهاتەی دەوڵەتی عیراقی دیسان عیراق دەوڵەتێكی عەرەبی نیە، لەبەرئەوە قسە كردن لەسەر سیاسەتی تەعریب واتە ئەو پەیڕەو و بەرنامە و ئەجندانەی كە حكومەتی عیراقی بە موئەسەسە لەیەك جیاوازەكانیەوە گرتوویەتە بەر بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ جوگرافیایەكی دیاری كراودا قسە كردنێكی نادەستووریە و قسە كردنێكی نا قانونیە، حەزدەكەم سەریح بین لەو هینە، بە تموح یان بە تەتەلوعات مامەڵە كردن وقسە كردن لەگەڵ ئەم قەزیانە ئێمە موئەسەسەیەكی تەشریعین و كاریگەری لەسەر ئاییندەی ئەم هەرێمە دەبێ، حەزم لە چیە مەسەلەیەكە، واقعەكەم لە چ واقعێكە قەزیەیەكی ترە، مادام عیراق دەوڵەتێكی قەومی نەبێ كەواتە ئەو كێشمەكێشمانەی كە دێنە پێشەوە پێیان دەوترێ كێشەی كۆمەڵایەتی، پاشماوەكانی دەوڵەتی عیراقی ڕابردووە لە چوارچێوەی گرووپێكی دیاری كراودا، لە چوارچێوەی تەبەقەیەكی دیاری كراودا دەبێ مامەڵەی لەگەڵ دابكرێت، نەك بهێندرێت، ئەو كاتەش حەلی كۆمەڵایەتی وحەلی ئەهلی یەكێك دەبێ لە حەلە هەرە كاریگەرەكان لەسەر چۆنیەتی مامەڵە كردن لەگەڵ ئەم كێشە ناكۆكانە و لەسەر مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم واقعە كە دژوارە كە تووشمان دەبێت، خاڵێكی تر كە حەز دەكەم عەرزتانی بكەم كوردستان وئێمە دەبێ هەوڵ بدەین بپارێزرێ لە هەموو كێشمەكێشمێك و لە هەموو تەنگو چەڵەمە و ململانێیەكی ئایدیۆلۆجی بێت كە یەكێك لە میكانیزمەكانی بریتیە لە تیرۆر لە عیراق داو لە عالەمیش دا بە گشتی ئەبێ هەنگاوی یەكەمی موئەسەساتی ئیداری و موئەسەساتی تەشریعی لە هەرێمی كوردستان دا بریتی بێت لە پاراستن وپارێزگاری كردن لەم هەرێمە و ئەو سیاسەت و قانونانەی كە دەگرێنە بەر تەبیعاتی لەسەر هەرێمەكەی خۆمان بەجێ نەهێڵێ، ئێمە لەو كاتە كە ئێستا ئەو مەوزوعە دەورووژێنین تەبیعی هەشت ساڵە ئەم كێشەیە هەیە و بە سەدان بە هەزاران عائیلە ئاوارە بوون و شەهید بوون، هەموو ئەوانە تەواوە، بەڵام لەم بارودۆخە كە لەڕووی ئیقلیمیەوە و لەڕووی سیاسیەوە هەڵچوونێك و دژواریەك بەدی دەكرێ و هەموو وڵاتان هەوڵ دەدەن مامەڵەكەی خۆیان لە قورڕولیتاوی ڕووداوەكان بپارێزن تەسعید كردنی قەزیەكی سیاسی و ئاراستە كردنی قەزیەیەكی سیاسی لەگەڵ تەرەفێك دا كە نە ئیمكانیات و نە هەلومەرجەكە هاوسەنگ نیە و هاوكوفء نیە، پێموایە قەزیەیەكە دەبێ ئێمە وردەكاری تیا بكەین و دیقەتی تیا بەخەرج بدەین بۆ ئەوەی كێشەكانمان بۆ زیاد نەبێت، من پێم باشە یەكەم شت ئەم كێشانە كۆنەكرێنەوە لەژێر دۆسیەی نەتەوە بوونی كورد دا، ئەم كێشانە كۆنەكرێنەوە لەژێر دۆسیەی نەتەوە بوونی كورد دا و گرێ نەدرێ بەوەوە، بە عەقلیەتی تەئامولیش مامەڵە لەگەڵ مەواقف و خوتەی بەرامبەرەكانمان نەكەین، چونكە مەواقفی نەتەوەیی ئێمە ئەزموونەكەمان دەخاتە دووڕیانێكەوە لەڕووی ئەمنیەوە و لەڕووی سیاسیەوە مەشاكلمان بۆ دروست دەبێت، هەرێمی كوردستانیش ئیتر لەو دۆخە نیە بتوانێ ڕووبەڕووی ئەم هەموو تەنگژەیە ببێتەوە و لەسەر ئاستی ئیقلیمی و لەسەر ئاستی ناوخۆیی و لەسەر ئاستی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی، لەبەرئەوە یەكێك لە غەڵەتەكان ئەوەیە كە ئەم كێشانە پێكەوە گرێ بدرێ و لەژێر دۆسیەی نەتەوە مامەڵەی لەگەڵ دابكرێ و كاك عبدالله قسەیەكی كرد بە قوەت بوو قسەكەی یەعنی جاری واهەیە

کێشەیەکی شەخسی یان کێشەیەکی قەبیلەیی لە شوێنێك مۆرکێکی نەتەوەیی پێ دەدرێ و موشکیلەی گەورە بۆ ئێمە دروست دەبێت، ئێمە وەکو ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان تەنها لە جەلەولا و سەعدیە و ئەوانە مەسئول نین، ئەگەر لەڕاستی دا لە بوعدە نەتەوەییەکان مامەڵە دەکەین و لەگەڵ کوردی تورکیا مەسئولین و لەسەر کوردی ئێران مەسئولین و لەسەر کوردی سوریا مەسئولین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەحداسانە دەکەین لێرەش بە هەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ دادەکرێ، لەبەرئەوە تەفکیك کردن یەکێکە لەو قسانەی کە حەز دەکەم دۆسیەکان لەیەك جیابکەینەوە و تەفکیکی بکەین، جێ ناکۆکەکان ماددەیەك هەیە کە پێی دەوترێ ماددەی 140 لەگەڵ مەحاکم دا لەڕووی دەستووریەوە مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێ، تیرۆر قەزیەیەکی هەڕەشە کردنە و وەکو چوارچێوەیەکی ئەمنی مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێ، مەسائیلی کۆمەڵایەتیش بەهەمان شێوە، ئێمە بێین هەموو مەلەفەکان گرێ بدەین و یەکێك کە پێموایە لەو غەڵەتانەیە ئەگرێتە بەر و هەرێمی کوردستان ئاراستەی دۆخێك دەکات کە ئێمە لە توانامان دانیە مواجەهەی بکەین لەڕووی موستەقبەلیەوە، خاڵێکی تر لۆژیکی مامەڵە کردن یەکێکە لەو لۆژیکانەی کە زاڵ بوو بەسەر خیتابی ئێمە، یەعنی لۆژیکی هێز لەگەڵ کێ و لەچوارچێوەی چی دا؟ لەکام ئیتار دا ئێمە هێز بەکاردەهێنین؟ هێزی عەسکەری بەکاردێنین؟ لەگەڵ دەوڵەتێك کە خۆمان بەشێکین لێی، بەکارهێنانی هێز لەبەرامبەر دەوڵەتێکەوە کە خۆت بەشێکی لێی جێگەی پرسیارە و جێگەی قسەیە، ئاسەوارەکانی بۆ سەر هەرێمەکەمان قسەیە، ئەمە بەشێکە لە دەرهاویشتەی ماددەی 140، نامەوێ دووبارەی بکەمەوە و زۆربەی خوشك و براکانمان ئاماژەیان پێی کرد، رەئیسی وزەرا بە تەوافوقی کورد دانراوە، ئەگەر کورد ئێستا هەڕەشەی کشانەوە لە حکومەتی عیراقی بکات، حکومەت ئینهیار دەکات، ئێمە ئەم کارتە بەهێزەمان هەیە بۆچی حکومەتی عیراقی گوێ بە ئێمە نادات و لەسەر ئەساسی ئێمە ئەو تەنسیب کراوە و حساب بۆ ئێمە ناکات لە ئەنجنداکەشی دا باسی ماددەی 140 ناکات و باسی پاراستنی ناوچەکە نیە، یەکێکە لەو قەزیانەی کە ئێمە لێرەوە ئیشی لەسەر بکەین، من دوا قسەم ئەوەیە ئەم دۆسیانە لەڕوانگەی پەرلەمانتاری بەغداو و لەڕوانگەی حکومەتی عیراقیەوە و مەحاکمی عیراقیەوە مامەڵەی لەگەڵ دابکرێت، لێرەوە بەکارهێنانی هێز بۆ خوارەوە لە توانای کورد دانیە، هەلومەرجی بابەتی و ئیقلیمی لە ساڵحی کورد نیە، بە تایبەتی لەسەردەمێك دا کە ئەمریکا ئینسحاب دەکات عیراقی دوای ئینسحابی ئەمریکی کە جووڵەی هێزە ئیقلیمیەکان و جووڵەی هێزە ناوەکیەکان ئێمە دەخاتە دووڕیانێکەوە نە هەلومەرجی بابەتی بۆمان رەخساوە و نە ئیمکانیاتی زاتیشمان هەیە بۆ ئەوە و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بە نیسبەتی ئەو مەنتیقەیە، خەڵکێکی کۆنە بەعس لە زەمانی رژێمدا دەوری باڵایان هەبووە لە موئەسەساتی ئیستخباراتی و لە فیدائی سەدام و ئەمڕۆ پلەی عەسکەری بەرزیان پێدراوە تاك تاك لە بن سێبەری ئەو خەڵکی تۆ دەکوژرێت، مەجبوری لە هەرێم قوەتێك ببەی بۆ ئەوێ، نەك بۆ ئەوەی خەڵك بکوژی، بۆ ئەوەی نەهێڵی خەڵکی تۆ بکوژرێ، بۆ ئەوەی نەهێڵی کەسانێ کە بە رەگەز وەکو تۆیە

تیرۆر بکرێن و دەربەدەر بکرێن و ئیبادە بکرێن، نەك تەنها هەر کوشتنیان، هەر بۆ مەعلوماتی ئێوەی بەڕێز ئەو قائیمقامانەی لەو مەنتیقانەن یام مدیری ناحیەکان کە لەو مەنتیقەن میزانیەکەیان لە محافەزەی دیالەوە دێت، ئەوەشیان پێ نادەن، هەزار و یەك ئەم بەرو ئەوبەریان پێ دەکەن تاوەکو شتێکیان پێ دەدەن، پلانێکی موبەرمەجی ڕێك و پێك هەیە بۆ ئەوەی خەڵکی تۆ لەو مەنتیقەیە لابچێ، ئێمە مەجبورین بڕۆین و دیفاع لە خەڵکی خۆت بکەی و لە شەرعیەت بکەی و لە دەستوور بکەی و لە قانون بکەی کە خەڵکی تۆ نەکوژرێ، ئەگەر هات بتکوژێ مەجبوری دیفاع لە خۆت بکەی، تۆ ناچی ئەو بکوژی، دەچی بۆ ئەوەی خەڵکی تۆ نەکوژرێ، بەڵام ئیستعدادیشت هەیە بە سووکیش ناڕۆی و بەهێزێکەوە دەڕۆی انشاءالله هیچیش ڕوونادات و ئەمن و ئاسایشیش جێگیر دەبێ، بەڵام بە هەموو ئیستعدادێکەوە دەچیتە مەنتیقەکە، زۆر سوپاس، ڕێزدار عونی بەزار، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شێروان حەیدەری، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لەڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەکەم، لەهەمان کاتدا دەستخۆشی لە فەرمانی جەنابی سەرۆك دەکەم، بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆئەو ناوچانە، لەم دانیشتنەدا قسەی زۆر باش کرا، پێشنیاری زۆر باش کرا، من تەنها ئەوەندە دەڵێم، ئەگەر ئێمە تەماشای ڕێژەی کورد بکەین، لە ناحیەی جەلەولاو سەعدیە، دەبینین ڕێژەی کورد هەروەکو ئامارەکان بەدیاری دەخەن، لە ساڵی 2007 ـەوە تا ئێستا لە 50٪ دابەزیووە، بە تەئکید ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەکە، دەگەڕێتەوە بۆ چەسپاندنی سیاسەتی قڕ کردنی کورد، دەگەڕێتەوە بۆچەسپاندنی سڕینەوەی ناسنامەی کورد، بۆیە بەحەقیقەت ئەمە دیاردەیەکی مەترسیدارە، وە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، من پێم وایە سەرچاوەی کێشەکان لەجێبەجێ نەکردنی ماددەی (140)ـە، چونکە ئەگەر هاتو ماددەی (140) جێبەجێ بکرایە بەتەئکید ئەو کێشانە ڕووی نەدەدا، وە ئەوە (8)ساڵ تێپەڕی بەسەر ماددەی (140) تا ئێستا تەنانەت لە 30٪ی قوناغی یەکەم لە ماددەی (140) جێبەجێ نەکراوە، کەواتە ئەوە وادیار دەکەوێت کە حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ جدی نیە لە جێبەجێ کردنی ماددەی (140) وە پێویست دەکات هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، بۆیە بەقەناعەتی من ئێمە دوو ڕێگامان لەبەردەمدایە، یەکەمیان: ئەم هێزانەی پێشمەرگە تەعزیز بکرێن وە محاوەلە بکرێت هەتا ئەگەر بەتاك ڕەویش بێت لەناوچەکە بمێننەوە، وە ئیتر نەگەڕێنەوە، وە پەرلەمانیش بێبەش نەبێت لە سەر بڕیاردان لەسەر ئەو مەسەلەیە،

خاڵی دووەم: بایکۆد کردنی لیستی کوردستانیە لە پەرلەمانی عێراق و هەتا لە حکومەتی عێراقیش ئەگەر هاتو مەسـەلەکە گەیشـتە ئـەو ئەنجامـە، چونکە بەحەقیقـەت مـن لـە ڕوونکردنـەوەکانی جـەنابی وەزیـری پێشمەرگە بەڕاستی دڵخۆش بووم، کە ئیمکان هەیە خەتەواتی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان هەر بۆ ئەوەی شتێك بەرچاو ڕوون بێت کە ناردنی هێـزی پێشـمەرگە بـۆ سـەعدیەو جەلەولاو بۆ کەرکووك، بۆ سنجار پێویستی بـەبڕیاری پەرلـەمان هەیـە، ئێمـە دەڵـێین ئـەو شـوێنانە کێشـە دارە، کێشەی لە سەرە، ناوچەی کوردستانیە دابڕاوە، داگیرکراوە وکێشـەی لەسـەرە، بـۆ عێـراق مـاڧ هـەبێت هێز بنێرێتە ئەو شوێنانە بەس بۆ کوردستان نەیبێت؟، مادام کێشەیەکە لەنێوان دوو لایەندایە، منـیش وا سەیری دەکەم کە ئەو چۆن سەیری دەکات، ئەو دەیەوێت زوڵم بکات، بەس من سەیری بکەم، شـتی وا نیـە، ئەو کە هێزی نـارد، بڕیـاری پەرلـەمانی وەرگـرت؟، نـەخێر وەری نـەگرت، بۆیـە زۆر زۆر ئاساییە کـە هـەر دەقیقەیەك وەزیری پێشمەرگە، یان ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری ناوخۆ، هێزی بۆ ئەو ناوچەیە ئەگەر پێویست بوو تەحریکی پێ بکرێت، ڕێزدار نەریمان عبداللە، فەرمووو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عدنان عوسمان، فەرمووو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەوانەیە قسەکانی منیش زۆربـەی کـرابن، بـەڵام ئێمـەی موسـتەزعەڧ ئـەم دواییـە هـەر دەبێـت شتێك بڵێین، من دەمەوێت لەسەر هەندێ شت قسە بکەم، بەدەر لە تەرحێکی ناسۆنالیستان، یـان بـا بڵـێین قەومیانە، ئەوەی کە ڕوو دەدات لەو ناوچەیە، کـەمن بـەو حوکمـەی خـۆم خـەڵکی ئـەو ناوچـەیەم، یەکـەم شاڵاوی تەعریبم لەو ناوچەیە بینی لە ساڵانی دوای 75، ئـەوەی کـە ئێسـتا ڕوو دەدات تەعریبـە بەهـەموو ماناکانی، وە لەڕاستیدا تەعریبیش ئەگەر پێناسـەیەکی بـۆ بکـەین، دەرکردنـی ماڵـە کوردەکـان تـەنها ماڵـە کوردەکان و هێنانی تەنها ماڵە عەرەبەکان یان هاتنیان بەهەر شێوازێك ئایا ئـەوە ئەگـەر تـەعریب نـەبێت چیە؟، مەسەلەکە تـەنها لـەوەش نیـە کـە داگیرکردنـی ناوچـەیەکی کشـتوکاڵی بێـت، یـان تـەنها زەوی بێـت، بەڵکو بەشێکە لە ئەزمەیەکی سیاسیانە بەشێکە لە پاشماوەی عەقڵێتێکی شۆڤینیانە، لەڕاسـتیدا خـەڵکانێك

لەوانەیە هەبن ئێستا بوونی کورد لەهەرێمیشدا بەجۆرێك لەداگیرکاری سەیر بکەن، چجا بوونی کورد لەو ناوچانە کە با بڵێین تا ئێستا ئیعتراف بەوە نەکراوە کە بەشێکە لەکوردستان، ئێمە تا نەگەڕێینەوە سەر ئەصڵی کێشەکان و ئەو هەڵە گەورانەی کە کراوە تا ئێستا، ناتوانین قسە لەسەر هەنگاوی جدی بکەین، بەڵام پێم وایە ئێستا کاتی ئەوە نیە، یان دەرفەتی ئەوە نیە قسە لەسەر ئەوە بکەین کە ئێمە چ فرسەتێکمان لەدەستدا، تەنها من بە عابری قسە لەسەر ئەوە دەکەم، کە ماددەی (140) کە بەدەستکەوتێکی گەورە دابندرێت بەڕاستی هەڵەیەکی ستراتیژی زۆر گەورە بوو، وە کورد و لایەنی کوردی، هەموو لایەنە سیاسیەکانی کورد، چەند هەوڵ بدەن بەزووترین کات دەرباز بن لەژێر نەعلەتی ماددەی (140)و بیر لە ئالیەتی تر وشێوازێکی تر بۆ مامەڵەکردن لەم قەزیەیە بکەن لەڕاستیدا هێشتا دەرفەتەکە لەدەست نەچووە، بەڵام ئەوە هەڵەیەکی ستراتیژی گەورە بوو، ئێمە بەتەنها باجەکەی دەدەین، وە تەنها ئێمەشین قسەی لەسەر دەکەین، قسە لەسەر هێزی ئیتیحادی دەکرێت بۆ ئەو ناوچانە، لەڕاسیدا دەبێت ئەم ئیشکالیەتە چارەسەر بکەین، کە هێزی ئیتیحادی چیە، هێزی ئیتیحادی ئەو هێزەیە کە کوردیش بەشێکە تێیدا، یان ئەوە نیە، لەڕاستیدا ئەگەر ئەوەیە کە کورد بەشێکە تێیدا، واتە کورد لە جومگە ئەساسیەکانی دەسەڵاتی عێراقە، لە سەرۆکایەتی کۆمار ولە ئەرکان وتەنانەت هەندێ لیواش کە ئامر لیواکانیان کوردن، ئەوە قسەمان لەسەر ئەو هێزە ئیتیحادیەیە کە مەفروز وایە هەم پەرلەمانی کوردستان و هەم حکومەتی هەرێم لێرەدا قسە لەسەر نوێنەرەکانی خۆی بکات لەسەر هەڵوێستیان و لەسەر ڕۆڵیان و حەتا سەحبی هەموو نوێنەرایەتیەکانی خۆی لەهەموو بوارەکانی حکومەتی عێراقیدا بەتایبەتی لەشکری عێراقی بکات، ئەگەریش نا دەبێ بزانین ئەو هێزە ئیتیحادییەی کە باسی دەکەین میلیشیایەکە، هێزێکی ئیتیحادی نیە، چونکە دەبێت بەچاوێکی یەکسانەوە مامەڵەیەکی یەکسان بکات لەو مەوزوعەدا، ئێمە ناتوانین وەکو هەرێم قسە لەسەر شار خاڵی کردن بکەین، شار خاڵی کردنی هەرێم لەمەسەلەیەکی چارەنووس سازی وادا، من پێم وایە بۆ خەڵکی خانەقین چ جیاوازی لەنێوان کەلار و خانەقین هەیە، چ جیاوازییەك لەنێوان دەشتی شێخ باواو شارەزوور هەیە، ناوچەکانی تریش تا دەگاتە نزیکی موصڵ و ئەو ناوچانەی تر، یەعنی دەبێت تێبگەین کە پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانی هەموو کوردستانە، ئەگەر پەرلەمانی هەموو کوردستانە و ئێمە ئەو ناوچانە کە ناوچەی ناکۆکە، دابڕاوە، یان چ ناوێکی هەیە، ئێمە بە پارچەیەك لە کوردستانی دەزانین لەڕوانگەی خۆمانەوە، لەڕوانگەی حەقائیقی مێژوویی و لەسەر ئەرزی واقیعیشەوە لەڕاستیدا دەبێت بیرێکی جیاواز تر بکەینەوە لەم مەوزوعە، من پێم وایە ئەم مەسەلەیە، تەنها لەناردنی لیوایەکی پێشمەرگەو چەند لیوایەکی پێشمەرگە نامێنێتەوە، پێم وایە کەس نیە لاری لەوە هەبێت کە هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیە بێت، ئەصڵەن ڕەخنەیەك لەوە هەیە کە بۆچی هێزی پێشمەرگە ئەصڵەن لەو ناوچانە نیە؟، کە هەندێ ناوچە هەیە سرف کوردییە، لەوانەیە ناو شاری کەرکووك ئیشکالیەتێکی لەسەر بێت لەبەر بوونی نەتەوەکانی تر، بەڵام ئەم ناوچەیە بۆ نموونە خانەقین، کە ئەمە ناوچەیەکی سرف کوردییە، نەبوونی هێزی چەکداری کوردی پێشمەرگە یان هەر شتێکی تر ئەوە

کەلێنێکی گەورەیە دەبێت قسە لەسەر ئەوە بکرێت، بەڵام ئایا تەنها بەناردنی هێز چارەسەر دەکرێت، ئەگەر ئەوەیە ئەی پێشتر خۆ پار و پێرار جارێکی تر هێز نێردرا، کێشەیەك بوو هێز نێردراو چارەسەرێکی کاتیشی بۆ کرا، خۆ پێشتر هێز لەوێ هەبوو، دەبێت قسە لەسەر ئەوە بکەین کە چۆن لەچوارچێوەی نەخشەیەکی سیاسی بەربڵاودا لەڕاستیدا هێز دەنێرین، واتە هێز ناردن، ناردنی پێشمەرگە و لیوای پێشمەرگە دەبێت بەشێك بێت لەچارەسەرێکی سیاسی گەورە تر، چونکە کورد لە ئێستادا لەگەڵ تەسعیدا نیە، لەگەڵ تەشەنوجدا نیە، لەگەڵ ململانێیەکی توونـدی عەسکەریشدا نیە، یەعنی پێم وانیە خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا بێت، بەڵام خەڵکی کوردستان بە دیوەکەی تریشدا لەگەڵ ئەوەدا نیە کە مافەکانی بەم شێوەیە بخورێت، بۆیە دەبێت ئێمە بیر لە چارەسەرێکی گەورەتر بکەینەوە، بۆیە پێم وایە دەبێت هەندێ هەنگاو بنێین، یەکەم: دەبێت پەرلەمانی کوردستان نووسینگەیەك، نەك لیژنە، نووسینگەیەك بۆ ناوچە دابڕاوەکان دابنێت، ئەم نووسینگەیە زۆر زۆر گرنگە، هەم پەرلەمانی کوردستان سەرپەرشتی بکات هەم کۆمەڵێك خەبیری تێدا بێت، هەم ئەم نووسینگەیە پێم وایە یەکەم کاری گرنگی کە دەبێت بیکات کۆنفرانسێکی نیشتمانی لەکوردستاندا بگێڕێت بۆ ئەو ناوچانەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت تەجاوزی ڕابردوو بکەین، تەجاوزی ئەو هەنگاوانەی کە کردوومانە، وە تەجاوزی ئەو دواکەوتنەی ماددەی (140) و بۆ جێبەجێ کردنی و ئەو شتانە بکەین، لەبەر ئەوەی کە ناوچەکانمان بەجدی ئێستا تەعریب دەکرێن، لەدەستمان دەردەچن، ئەو ناوچانە وەکو ئەوەی کە نووسەرێك نووسیبووی ناوچە فەوتاوەکانە، خەریکە ئەو موستەڵەحە جێگیر دەبێت نەك ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بۆیە دەبێت هەنگاوی جدی بۆ بنێین، مەوزوعێك هەیە کە لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە و ئیشارەتیان پێکردووە، بودجەی ئەو ناوچەیەیە، ئێمە خۆمان شارەزای ئەو ناوچەیەی کە ئێستا خەڵکەکەی موعەلەق بووە، نەك لەڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لەڕووی ئابووریشەوە، لەڕووی خزمەتگوزاریشەوە، ڕاستە حکومەتی هەرێم کۆمەڵێك کاری کردووە، حکومەتی عێراقیش دەیکات، بەڵام ئەمە وای کردووە ئیشکالیەتێکی گەورە لە مەرجەعیەتدا، لە مەرجەعیەتی خزمەتگوزاری و ئەو شتانەدا هەبێت، بۆیە ئێمە ئەو ناوچانەی کە دابڕاون و لەدەستووردا قسەی لەسەر کراوە، ئاماژەی پێکراوە، بەڕاستی دەبێت مەوزوعی بودجەکەی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا یەکلایی بکەینەوە، یان بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەو ناوچانە هەبێت، یان هاوکاری حکومەتی هەرێم هەبێت، یەعنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی بەغداد پێکەوە پلانێکی بۆ دابنێن، بۆ خزمەتگوزاری، یان بودجەی ئەو ناوچەیە بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان یان چارەسەرێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی کاری خزمەتگوزاری بۆ ئەو ناوچەیە بکرێت، یەکێك لە کێشە گەورەکانی ئەو ناوچەیە، تەنها کێشەی سیاسی نیە وەکو وتم پێشتر، هەر کێشەی دەرکردنی کوردەکان نیە، بەڵکو کێشەی خزمەتگوزارییە، کێشەی حەوافزەکانە بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ ئەوەی تێیدا بژین، من نموونەیەك بۆ ئەندامە بەڕێزەکان باس دەکەم، ناوچەی شێخ باوا کەمن خەڵکی ئەو ناوچەیەم، دیارە لەساڵی 75 تەعریب کرا، کوردەکانی لێ دەرکراو تەعریب کرا، کە تەعریبیش کرا،

لەڕاستیدا ئاوەدان نەکرایەوە، عەرەبەکان هاتن لەوێ دانیشتن تا ساڵی 2003 هیچ گۆڕانکارییەك لە تەرکیبەی خانووبەرەکاندا ڕووی نەدا، لەدوای 2003 کە کوردەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەناوچەکانی تر لە ڕومادی و ئەوانە گەڕانەوە، گەڕانەوە بۆ ئەو خانووە قوڕانە، کەمەفرِوز وابوو پلانێکمان هەبێت بۆ ئاوەدان کردنەوەی ئەو ناوچانە، دروست کردنی خانووی تازە، موجەمەعاتی نیشتەجێبوونی تازە، بردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو ناوچانە، یەعنی تۆ خەڵك لەشارەوە دێنی بۆ لادێ، لادێیەکی زۆر دواکەوتوو کە لە ساڵی 1975 وە هیچ گۆڕانکاری تێدا نەبووە، هیچ کارێکی مەدەنی تێدا نەکراوە، ئەمە حافزێك نەبوو بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە، زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچەیەش لەدوای حەماسێکی نیشتمانی و جۆرێك لە حەنین بۆ ڕابردوو کە گەڕانەوە بۆ ناوچەکە جارێکی تر پەنایان بۆ کەلار و ئەو ناوچانە برد، ڕاستە کاری تیرۆر و ئەو شتانە دەوری هەبووە، بەڵام نەبوونی خزمەتگوزاری و نەبوونی حافزیش بۆ ئەو ناوچانە کە بگەڕێنەوەو لەوێ نیشتەجێ ببن و کارێکی خزمەتگوزاری باشیان بۆ بکرێت، موجەمەعاتی سەکەنی باشیان بۆ بکرێت، کە ئەمەش یەکێك لە هۆکارەکان بوو کە دەبێت قسەی لەسەر بکرێت، ئەو نووسینگەیەی ناوچە دابڕاوەکان کە من پێشنیارم کرد هی پەرلەمانی کوردستان، یەکێك لەکارەکانی دەبێت ئەوە بێت چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بێت، ئەو کۆنفرانسەش زۆر زۆر گرنگە کە ئێمە وەکو مەرجەعێکی نەتەوایەتی، یان نیشتمانی دەبێت لەڕاستیدا قسە لەسەر ئەوە بکەین کە لە دوای ماددەی (140) چی تر دێت، واتە کورد دەیەوێت چ هەنگاوێکی تر بنێت؟، چۆن مامەڵەیەکی جدی لەگەڵ مەسەلەی لە 40٪ی خاکەکەی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالرحمن حسین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین بابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەستخۆشی لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەم، کە سەردانی دەڤەرەکەیان کردووە، بەڕای من ئەم هێرش و تۆپبارانەی سنووری هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیاو ئێرانەوە بە پلانە، پلانێکی پێشوەختە کە لەوانەیە تەنسیق لەگەڵ حکومەتی عێراقیش کرابێت، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1992 کە تا ئێستاش بەردەوامە، دەرکردن و کوشتنی کورد لەناوچە داگیرکراوەکان لەسەر زێدی باو باپیران، هەر لەدوای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق و تا ئێستاش بەردەوامە، بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە (700)کەس و دەرکردنی (1850) خێزانی کورد لەو دەڤەرانە، لێرەدا سەرکردایەتی سیاسی نەتەوەی کورد، بە کەمتەر خەم دەزانم، چونکە (20)ساڵە کوردستان حوکمڕانی خۆی دەکات، نەیتوانیوە هێزێکی شۆڕشگێڕی شارەزا بێت، لە یاسای شەڕ و شەڕی نوێ و مەشقی سەربازی بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد وپاراستنی ئاسایشی نەتەوەی کوردستان دروست بکات، ئەویش بەهۆی ڕەنگدانەوەی دوو ئیدارەیی، دوو حکومەتی لە هەرێمی کوردستان و لەناوچە زەوت کراوەکان، بەڕاستی من ئیمانم بەوە نەماوە لیژنەو لیژنە کاری دروست بکەین،

دووباره لەسەر ئەم لیژنەیە بچینەوە عێراق و داوا لە ئێران بکەین ولەملاو لە ئەولا کۆببوونەوە بکەین، کە ئەمە هیچ ئەنجامی نابێت و ئەنجامیش دروست نابێت، پێش ساڵێك ئێمە کە دەستەی داکۆکی کردنمان لەناوچە زەوت کراوەکانمان لەم پەرلەمانە دەرکرد، لەو ڕۆژەش من وتم باوەڕم بەم دەستەیە نیە و هیچی پێناکرێت و هیچیش ناکات، تا ئێستا لەوانەیە دانەمەزرابێت، وە هیچیشی نەکردووە، هیچ ئەنجامێکیشی نابێت، و هیچ مەعلوماتێکیش نەگەشتووە بە ئێمە وەکو پەرلەمان، بۆیە من لێرەش دەڵێم ئەو لیژنەو لیژنەکاری و داواکارییە بە عەمەلی ئێمە نایەت، بەسە؟ ئێمەی کورد تاکەی بێدەنگ بین لەم هەموو تەعداو زوڵم و زۆرداری لێکردنە، ئەو شۆڕشانەی کە ئێمە پێش ئێستا کردوومانەو بەرخۆدانمان دایە، بۆ ئەوە نەبوو کە ئێمە سەرۆك کۆمارێکمان هەبێت لەبەغداد یان چەند وەزیرێکمان هەبێت، یان سەرۆکی سوپای عێراق لە ئێمە بێت، لەساڵی (50)کان وەزعی کورد زۆر باشتر بوو لەوەی کە ئێستا هەیە، کورد زیاتر پۆست و پلەو پایەی هەبوو لەوێ، بەڵام ئێمە شۆڕشمان کرد، بەرخۆدانماندا، شەهیدمان دا، دەربەدەر بووین لەپێناو ئەوەی کە ئێمەش سیادەیەکمان هەبێت و زەوی خۆمان بپارێزین و ئێمەش وەکو کوردستان خۆمان بناسێنین بە دونیا، ئێستا وەختی ئەوە هاتووە کە ئێمە هەڵوێست وەربگرین، ئێمە هەڵوێستێکی توند وەربگرین نەك هەر بە بەیاننامە و ئیدانە کردن بێت، من نموونە دێنمەوە کە بۆچی ئێمە هەڵوێست وەربگرین، مەسەلەن ئەو حکومەتەی ئێستا کە دروست بووە لە بەغداد، ئێمە مەرجمان هەبوو، (19) خاڵمان هەبوو، یەکێك لەو خاڵانە حکومەتی بەغداد جێبەجێی نەکردووە، جێبەجێشی ناکات، ئیمانیشی پێی نیە، چوار ساڵ پێش ئێستا لە موصڵ لە شنگار مەجزەرێك دروست بوو کە برا ئێزیدییەکانمان زیاتر لە (320)کەسیان لێ کوژرا، وە (750)کەسیشیان بریندار بوون، هەروەها لە موصڵ و لە بەغداش برا مەسیحیەکان دەرکراون و کوژراون، ئێمە هەر بێدەنگیمان نواند و هەر پەنامان بردە بەر دەستوور ویاسا، ئەمانە ئیمانیان بە یاسا و دەستوور نیە، ئەمانە ئیمانیان بە هێز هەیە، بە قوەت هەیانە، کە ئەگەر ڕۆژێك بەقوەت بن لە بەعس خراپتر بە ئێمە دەکەن، بەخوا ئەو کاتە لە شاخیش ناحەوێینەوە ئێمە لەدەست ئەوان، ئێستا وەختی هاتووە ئێمە هەڵوێست وەربگرین، من چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەو هەڵوێستە، یەکەمیان: ئەو نوێنەرانەی ئێمە کە لەبەغداد هەیە، بە سەرۆك کۆمار و ئەو کەسانەشی کە لەوێن، لە پەرلەمان و لە وەزیرەکان، بایکۆت بکەن و بێنەوە بۆ کوردستان تا ئەوکاتەی کە ئەو حکومەتە ملکەچی ببێت، بۆ ئەو پێشنیار و داخوازییانەی کە کورد هەیەتی بۆ ئەوەی جێبەجێی بکات، دووەمیان: ئێمە کە جێبەجێ نەبوو یەکسەر سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ڕابگەیەنین، سەربەخۆیی خۆمان ڕابگەیەنین لە کوردستان چی دەبێت با ببێت، ئێمە هەمووومان پێشمەرگە دەبین و هەمووومان دیفاع لە خاکی کوردستان دەکەین، یان دەبینە دەوڵەت وەکو هەموو میللەتەکانی تر، ئێمە ناکرێت هەر ئاوا دابنیشین، بخۆین و بخەوین و بڵێین وەڵلا پلەو پایە لەدەست نادەین چونکە بەیانی وا دەبێت و وا دەبێت، بەسە تاکەی میللەتی ئێمە بناڵێت، ئەوە خواستی میللەتی ئێمەیە کە سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز ئەگەر هاتە سەر ئەوەی کە سەحب بکەین لە هەموو بەغداد ئەوە خۆ حکومەتەکەی بە پشتیوانی تۆ بووە بە حکومەت، ئینجا ئەتواندرێت ئەو حکومەتە ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت، ڕێزدار دلێر محمود، فەرموو.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مێژووی کۆچ پێکردن لەناو کورددا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، وە هەر سەردەمێك بەشێوەیەك نووسراوە تەعریبی کوردستان بکرێت، چ لەلایەن خاکەکەیەوە چ وەکو نەتەوەش، هەڵبەتە ئەمڕۆش لەسەردەمێکی مێژوویی بە شێوەیەکی تر تەعریب د ەکرێت، کە لە شێوەکانی پێشتر قورسترە، بەو شێوەیەی کەوای لێ دەکرێت سیمای نەتەوایەتی، مێژووی نە تەوایەتی لەو ناوچەیە بسڕنەوە، غەیری ئەوەی کە ماڵ و موڵکی لێ داگیر دەکرێت، دێن یان سەرۆکی خێزانەکە یان کەسوکاری سەرۆك خێزانەکە لەبەرچاوی خۆی دەکوژن و نەفسیەن وای لێ دەکەن کە بەحەیاتی حەز ناکات بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیە، کەواتە ئەو بەرنامەی کە ئێستا هەیە، ئەمە زۆر بەرنامەیەکی خراپە، سیاسەتێکی بەرنامە بۆ داڕێژراویشە بۆ ئەوەی سیمای نەتەوایەتی گەلی کورد لەو ناوچانە، کە پێی دەڵێن ناوچە کێشە لەسەرەکان، یان ناوچە دابڕاوەکان نەهێڵدرێت، هەڵبەتە ئەگەر بێت و ئەم پرۆسەیە ئاوا بەردەوام بێت، بەڕەئی من کە بەرنامە بۆ داڕێژراو بێت هەر لەوێ نامێنێتەوە لەناوچەی جەلەولاو سەعدیەو قەرەتەپەو ئەو دەورو پشتەی نامێنێتەوە، ناوچەکانی تریش دەگرێتەوە لەداهاتوودا، لەبەر ئەوە پێویستە چۆن خەڵکی ناوچەکە داوای ئەوە دەکات بێت بۆ پاراستنی سەروماڵیان، بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکە، ئێمەش وەکو پەرلەمانی کوردستان چۆن حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی هەرێم داوای لە حوکمەتە بیانیەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کردووە کە ئەمە غەدرێکە لەکورد دەکرێت، وە پێویستمان بەوە هەیە کە ئەمنیەتمان بپارێزرێت، ئێمەش وەکو پەرلەمانی کوردستان کەنوێنەری خەڵکین، لەهەمان کاتدا بەهەمان شێوەی ئەوان، لەگەڵ حکومەتە بیانیەکاندا، لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا هەموویان ئاگادار بکەینەوە کە چۆن غەدرمان لێدەکرێت، بڕیاری ئەوەش بدەین کە پێویستە هێزی پێشمەرگە وەکو هەموو هێزەکانی تر، وەکو هێزی عێراقی لەبەر ئەوەی ناوچەی کێشە لەسەرە، کە ناوچەیەکیش کێشەی لەسەر بوو کەواتە کێشەکە لەنێوان چەند لایەنێکە یان دوو لایەندایە، لەبەر ئەوە هەردوو لایەنەکە، یان چەند لایەن بن بۆیان هەیە هێزیان هەبێت لەو ناوچانەدا، هەرکەسەو دیفاع لەبەرژەوەندی خۆی بکات، هەڵبەتە وەکو هێزی پێشمەرگەو وەکو کوردیش لەحکومەتی عێراقیدا بەردەوام پشتگیری لەوە کردووە کە عێراق وڵاتێکی ئارام و وڵاتێکی سەقامگیر بێت، بەڵام ئەمڕۆ کەبەناچاری تۆ پیلانت لەدژ دەگێڕدرێت، ئەم کردەوانەش کە دەکرێت**

**کردەوەی تیرۆرستیە کە ئاسایی و سادە نیە، بەرنامە بۆ دارێژراوە، پێویستە لەسەر میللەتی کوردیش لەسەر هێزی پێشمەرگەش هەموویان بەیەك بڕیار، بەتێکەڵاوی یەکتری ئەو بڕیارەی کەدەیدەن، بریتی بێت لەوەی کە پارێزگاری کردن و پاراستنی ناوچە کێشە لەسەرەکان بێت، لەم حاڵەتەشدا دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە ئەم مەوزوعەی لەویٚ ڕوودەدات ئێستا قومبەلەیەکی کاتیەو تەوقیت کراوە، ئەگەر بێت و حکومەتی عێراقی کە ئێمە خۆمان بە بەشێك لەو دەزانین و شەرکین لەگەڵیدا، بەدەم ئەم داواکارییەی خەڵکی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانەوە نەیەت و ئەو کێشانە چارەسەر نەکات و پاڵپشتی لەناوچە کێشە لەسەرەکان نەکات، ئەمنیەتی هەموو نەتەوەکان لەو ناوچەیەدا وەکو یەك نەپارێزێت، هێزی هاوبەش پێك نەهێنێت ئەوە ئەو قومبەلە تەوقیت کراوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاسایشی عێراقیش تێك دەدات، بەرەو نەتیجەی وا ئەچێت کە ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا تێك دەدات، هەڵبەتە لەو کاتەشدا ئەمەش لەقازانجی هێزە دیموکراسی خوازو هێزە چاك و باشەکانی ناو عێراقدا نیە، ئەو هێزە شۆڤێنستی و بەعسیانە سوودی لێ دەبینن کە هەردەم دڵیان خۆش نابێت و چاویان بەرایی نادات بۆ ئەوەی کە ئەمڕۆ عێراق بەرەو وڵاتێکی دیموکراسی هەنگاو بنێت، بۆیە هەر لە ئێستاوە من وای بەباش دەزانم وەکو چۆن داوامان کرد ئەو هێزانە بچنەوە جێگای خۆیان، ئەگەر بە ئیتیفاق بێت، یان ئەگەر بەبێ ئیتیفاق بێت، لەهەمان کاتدا وەکو پەرلەمانی کوردستان دەست بەجێ هەموو حکومەتە بیانیەکان و هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش ئاگادار بکاتەوە، کە چۆن ئێمە غەدر لێکراوین، هەر لەکۆنیشەوە غەدرمان لێکراوە و ئێستاش هەر غەدرمان لێ دەکرێت، بەڵام مومکینە لە سەردەمێکدا نەتواندرابێت دیفاع لەخۆمان بکەین، بەڵام ئێستا لەوانەیە بتوانین دیفاع لەخۆمان بکەین بەیەکێك لەم شێوانە، هەڵبەتە هاتنی هێزە تیرۆریستیەکانیش بۆ ئەو ناوچانە بە خاڵێکی بێهێزیان زانیوە، کە هاتوونەتە ئەویٚ خاڵی هاوبەش هەیە لەنێوان تیرۆریستەکان و کۆنە بەعسیەکان و شۆڤێنیستەکان کە بریتیە لە ئەوەی بە بەرنامە تەعریبی ئەو ناوچانە بکەن و هیچ سیمایەکی کوردایەتی پێوە نەهێڵن، کەواتە پێویستە هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ئاگادار بکرێتەوە، ئەم غەدرە دووبارەو سێ بارە نەکرێتەوە، ئەمەش یەکەم دانیشتن نەبێت یان ئاخر دانیشتن نەبێت لەکاتێکدا کە کێشەکان ڕوودەدات دابنیشین وەکو زۆربەی برادەران ئیشارەتیان پێدا، لیژنەیەك بێت یان هەر شتێك بێت، بۆ ماددەی 140 هەمان بێت، بۆ ئەوەی بەردەوام لەو کێشانە بکۆڵێتەوە لە ناوچە دابڕاوەکاندا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار قادر حسن، فەرموو.**

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەکانی پەرلەمان دەکەم، بۆ سەردان کردنی ناوچەکان، هەروەها بۆ لەنزیکەوە ئاگادار بوون لە وەزع و گوزەرانی ئەو خەڵکەی کە کەوتوونەتە بەر هێرشی عەرەبە شۆڤینیەکان، سەبارەت**

به گرتنەوەی ئـاوی ئـەڵوەن لـە لایـەن کۆمـاری ئیسلامی ئێرانـەوە، ئـەوە ناحەقیـە بەرامبـەر هـەموو ئـەو خەڵکەی کە سوود لەم ئاوە وەردەگرن، بێجگە لـە پێشێل کردنـی سـەروەری هـەرێمی کوردسـتان و عێراقـی فیدڕال، ئەو کارەی ئێران پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتیەکان وعورفی دراوسێیەتیە، پێویستە ڕێگا چـارەیەکی گونجاو بگیرێتە بەر بـۆ فشار خسـتنە سـەر کۆمـاری ئیسلامی ئێـران، ناچـار کردنـی بـۆ بەردانـەوەی ئـاوی ڕووباری ئەڵوەن، سەبارەت بەو بارودۆخە ناهەموارەی کە لە سەعدیەو جەلەولاهاتووەتە کایەوە، وەزعێکـی مەترسیدارەو زەنگێکی خەتەرە لەسەر ئێمەی کورد، بەوەی کە هەرکات عەرەبە شۆڤێنستیەکان دەرفـەت و توانایـان هەبێـت دان بـە هـیچ مـافێکی ئێمـەدا نـانێن وبـەهیچ بڕیـارو ڕێکـەوتنێکیش قایـل نـابن، بۆیـە ئیعتیماد لەسەر خۆمان خاڵێکی هەرە ئەساسیە، هەڵبەت هەر هـەنگاو و هەڵوێست وەرگرتنێك دەبێت بـە دیراسەو لەبەرچاو گرتنی هەموو پێشهاتەکان بێت، بەڵام بەڕەئی من چاوەڕوانی ئێمە لە حکومەتی عێراق چارەسـەری گرفتـەکانی ئێمـە بکـات تێڕوانینێکـی دروسـت نیـە، چـونکە کەسـێك یـان لایـەنێك نـەتوانێ گرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات، چۆن دەتوانێت بەهانای خـەڵکی تـرەوە بچێت، عێراقـی ئـەمڕۆ، عێراقـی ئەمری واقیعە، هەر شتێك هەر هەلومەرجێك لەهـەر شـوێنێك دروسـت بـوو ئـەوە دەبێتـە ئـەمری واقیـع، بۆیە پێویستە ئێمەش لەهەموو ئەو شوێن و ناوچانەی کـە واقیعەکـە لەبەرژەوەنـدی ئێمـە و گەلەکەمانـدا نیە، لە بەرژەوەندی خۆمان بیسوڕێنینەوە بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە ئـەمری واقیـع لەبەرژەوەنـدی ئێمـە بێـت نەك لە دژی ئێمە، ئەو ناکۆکیانەی لەنێوان کوتلە سیاسیەکانی عێراقدا هەیە، فـەراغێکی گـەورەی دروسـت کردووە، کە هەم تیرۆریستان و هەم وڵاتانی دەوروبـەر سـوء ئیسـتیفادە لـەم بۆشـاییە دەکـەن، بەتایبـەتیش کۆنە بەعسیەکان و شۆڤینیەکان هەوڵ دەدەن هەمان سیاسەتی پێشوو دووبارە بکەنەوە، من پێشنیار دەکەم بـە جـدی و بەڕاشـکاوی حکومـەتی عێـراق ناچـار بکرێـت کـە هەڵوێسـتی خـۆی یـەکلایی بکاتـەوە هـەم لەجێبەجێ کردنی ماددەی 140، کـە ئەگـەر ئـەوە بکرێـت هـەرە زۆری گرفتـەکان چارەسـەر دەبێـت، هـەم لەڕێگە گرتن لە عەرەبە شۆڤینیەکان کە لەژێر پەردەی جیاجیـا دژایـەتی وجـودی گەلەکـەمان دەکـەن، دوا پێشنیاریشم ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەو ناوچانە جێگیر بکرێن کە مەترسی لەسەر هاووڵاتیانی کوردستان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ گرێدانی ئەم کۆبوونەوەیە، کە بەحەقیقەت لەسەر دوو پرسی زۆر زۆر گرنـگ قسەی لەسەر دەکەین، یەکێکیان مەسەلەی ئاوی ئەڵوەنـە، کـە بەنـدەش یـەکێك بـووم لـەو لیژنەیەیـەی کەسـەردانی ئـەو ناوچەیەمان کرد، ناوچەی خانەقین، لەنزیکەوە وەزعی ناوچەکەمان بینی، کە چـی وشـکە سـاڵیەك بـەهۆی بڕینی ئـاوی ئەڵوەنـەوە لـەو ناوچـەیەدا دروسـت بـووە، مـن لەیـەکێك لـەداواو پێشـنیارەکانمدا زۆر تـەرکیز

بکەینە سەر ئیرادەی خۆمان، لە هەرێمی کوردستان بۆ بنبڕ کردنی ئەو گرفتانە چی بکەین، چی باشە بۆ ئەوە؟ بەڕاستی ئەوەی کە گرفتی ئێمە چارەسەر دەکات، با ئێمە واز لەوە بێنین هەمیشە مانگرتن و داواو تەکلیف وناردنی وەفد وتەشکیل کردنی لیژنە، بۆ ئەوەی ئاوی ئەڵوەن گیراو فلاَن جێگا ئاوی گیرا، ئەمەیان بەحەقیقەت سیاسەتێکە لەلایەن دەوڵەتە ئیقلیمیەکانەوە، کە هەمان ئەو سیاسەتەیە کە جاران کوردیان پێ قات و قڕ دەکرد، بەڵام ئێستا بەشێوازێکی تر ئەو سیاسەتە پیادە دەکەن، بۆیە وەکو پێشتر لەکۆبوونەوەکانی پەرلەمان، بەتایبەتی لەکاتی کۆبوونەوەی بودجەی پەرلەمان، زۆر تەئکید کرایەوە لەسەر دروست کردنی بەنداو لەهەرێمی کوردستان، پێم وایە ئەمە ئێمە لە قەیرانی بێ ئاوی ڕزگار ئەکات لە هەرێم کوردستان، نەك داواو تەکلیف لەکۆماری ئیسلامی ئێران کە وەکو ئەو ڕۆژە قائیم مەقامی خانەقین بۆ ئێمەی باس کرد، زۆر بەتەشقەڵەوە لەگەڵ هەیئەتی کوردستانی باسی چارەسەر کردنی ئاوی ئەڵوەنیان کردووە، بۆیە ئومێد دەکەم ئەو گرفتە لەلایەنی خۆمانەوە چارەسەر بکەین نەك لەلایەنی کەسی ترەوە، خاڵی دووەم مەسەلەی ئەو وەزعەیە کە لە ناوچەکانی با بڵێین کێشە لەسەر کە ئەوەی ئێستا جێگای باسە مەسەلەی جەلەولاو سەعدیەو قەرەتەپەو مەندەلی وناوچەی گەرمەسێرە بەگشتی، هەرچەند ئەمە گرفتێکی هەرێمی کوردستانە هەتا دەچێتە ناوچەی شێخان و شنگار، بەڕاستی ئەمە گرفتێکە تازە دروست نەبووە، ئەمە گرفتێکە لەناو عەقڵی شۆڤینیەتی عەرەبدا چەسپاوە، پێم وانیە ئەمە بە ئێمە چارەسەر بکرێت، پێشم وانیە ئەم عەقڵ و بیرکردنەوەو قەناعەتە، لەلای شۆڤینیەتی عەرەب دروست بووە بە ئێمە دەربێت، کە دەرنایەت باشترین چارەسەر ئەوەیە ئێمە ڕێگا چارە بدۆزینەوە، باس لە ڕێگا چارەکان بکەین، نەك ئەوەی کە ئەمڕۆ کۆبوونەوە لە دیالە بوو، بەیانی لە کەرکووك دەبێت، وەفد دەچێت بۆ بەغداد و دێت، ئەمە ڕاستیەکەی من بەم تەعبیرە دەیڵێم، ئەوەی کە بەعس و سەدام نەیکرد، ئێستا خەریکی جێبەجێ کردنین لە جەلەولاو سەعدیەو قەرەتەپەو مەندەلی، ئەمە بەحەقیقەت من دەڵێم زوڵمە لە میللەتی خۆمان، لە خەڵکی خۆمان دەکەین، کە چاوەڕێی مەرحەمەتی عەرەبی شۆڤێنی بین کە کورد نەکوژێت، من یەکێك لەداواکانم یەکێك لە پێشنیارەکانم ئەوەیە، هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ ڕێزو دەستخۆشیم بۆ جەنابی سەرۆکی هەرێم، کە بڕیاریدا پێش ئەم دانیشتنە، لەشکر چووەتە ئەو ناوچەیە، هەندێ لەو هاوەڵە بەڕێزانەم باسیان لەوە کرد، با ئێمە هێز بەکار نەهێنین، ئەی چی بەکار بهێنین؟، هێز بەکار نەهێنین، باسی دەستوور دەکەین، ئەوەی کە دەوڵەتی ناوەندی لە بەغداد بەلایدا ناچێت، جێ بەجێ کردنی دەستوورە؟، یەعنی ئێمەین باسی دەستوور دەکەین، ئێمەین باسی فیدراڵیەت لە عێراقدا دەکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم، نامەوێ درێژە بەقسەکانم بدەم، چونکە قسە کردن زۆری خایەن، هەرچەندە ئەو مەسەلەیە زۆر هەڵدەگرێت، کە ئێمە قسەی لەسەر بکەین، من پێشنیار دەکەم، ئەو هێزەی کەڕۆشتووە بۆ ئەو ناوچانە زیاد بکرێت، من پێشنیاری ئەوەش دەکەم، هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەعم بکرێن لەو ناوچانەدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بچێتە هەموو ئەو ناوچانەی کە کێشەی لەسەرە، بۆ پارێزگاری کردن لە گیان ومالّی کورد هەتا جێبەجێ کردنی کێشەی سیاسی ماددەی 140 دەکرێت، ئەمە ڕێگا

چارەیە، من ناڵێم با بڕۆین شەڕ بکەین، با بڕۆین عەرەب بکوژین، نەخێر کورد قەت لەگەڵ کوشتن و بڕین نەبووە، کورد هەمیشە لەگەڵ سیاسەتی بەرگری کردن بووە، کورد هەمیشە سیاسەتی ئاشتی خوازانەی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێ هەبووە، بەڵام دەوڵەتەکانی دراوسێ مێژووەکەیان ئەوەیە کە خۆیان و خۆمان دەزانین، سیاسەتەکەی ئێستایان بەرنامەی ئێستایان ئەوەیە کە ئێستا بەچاوی خۆمان دەیبینین، کەکاری وا دەکەن هیچ ویژدانێکی مرۆڤایەتی ئەوە قبوڵ ناکات، کە ئەوان دەیکەن، بڕینی ئاو، تۆپباران کردنی گوند و شوێنە نیشتەجێبوونەکانی ئێمە، لەهەمان کاتیشدا ئەو ڕۆژانەی کە ئێمە سەردانی ناوچەی خانەقینمان کرد، یەکێك لەو بەڕێزانەی کەلەگەڵ ئێمەدا دانیشتبوو، لە قائیم مەقامیەتی خانەقین، برای یەکێك لەو شەهیدانە بوو کە وا لەسەر یەك دیمانە لە یەکێ لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان ئێوارەکەی بەبەرچاوی ژن و منداڵەکانیەوە لە سەعدیە گولله باران کراوە، یەعنی ئەمە بەحەقیقەت ئێمە خۆمان دەخەڵەتێنین کەوابزانین ئەم عەقڵێتە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئێمە دەبێت بە عەقڵی حەکیمانەی خۆمان بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆمان بڕیاری حەسم وچارەنووس ساز، بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ ئەم مەسەلەیە بدەین، هەتاوەکو جێبەجێ کردنی هەموو بڕگەو بابەتەکانی ماددەی 140، ئەویش بەناردنی هێزی پێشمەرگەو سەحب نەکردنی، چونکە بەڕاستی هێزی پێشمەرگە کە چووەتە ئەو ناوچەیەو سەحب کردنی ئێمە بەیەکجاری دەتوانم بڵێم لەخاك و خەڵك دەسڕێینەوە، لەو ناوچانەی کە ئێستا ناومان ناوە ناوچەی کێشە لەسەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئاو قەوانینی دەولی هەیە بۆ ئەوەی کە چۆن تەعامولی لەگەڵ بکرێت، ناکرێت وڵاتێك دراوسێتە ئاوی لێوە دێت بەکەیفی خۆی هەموویت لێ ببڕێت، ئەوە ناکرێت، لەوێش کە داخڵ دەبێت بەپێی دەستوور عائیدی حکومەتی ئیتیحادییە کە تۆش بەشێکی لەو، مەعنای ئەوە نیە کە دەڵێت حکومەتی ئیتیحادی تۆ ئیتر هیچ قسە نەکەیت، تۆ شەریکی لەگەڵی، ئەبێت تەنزیمی بکات، بەس لەناوەوە کە داخڵ بوو، ئینجا عائیدی تۆیە، ئاوی بارانە، ئاوی لەوێ نەیەت، بۆیە ئێمە دەتوانین لەناوەوەی هەرێمی کوردستان، لەناوەوەی ئەو ناوچانە، سەد بکرێت بۆ ئەوەی ئیحتیاتت هەبێت کە تووشی حاڵەتێکی وا ناتەبیعی بوویت، تەعەدایەك بوو، خەڵکەکەت کشتوکاڵی وشك نەبێت و ئاویشی هەبێت بیخواتەوە، ڕێزدار هاوڕاز خۆشناو، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچونا من ل سنووریٚ خانەقین و جەلـەولا دیٚتـە کـرن، تـەتهیرەکا عەرقیـە، تـەتهیرەکا قەومیـە جۆریٚکـە لـە جینۆساید، پیٚویستە بۆ ڤان تاوانا ل دادگەها بلٚندا عیراقیٚ بیٚتە کـرن، گوناهباریٚـت ئـەڤان تاوانـا بیٚنـە ئاشـکرا کرن و بیٚنە سزادان، ئەڤ تاوانیٚ دەرهەڤی خەلٚکیٚ مە ئەڤی سنوری دیٚتە کرن، ل دی بەرنامەیـەکی داڕشـتیەو، گومان ژی نیە، ل هەندیٚ دام و دەزگەهیٚ لەشکری وئەمنییٚت عیراقیٚ ل ڤان تاوانـا ئاگـادارو دەسـتیٚ داهـەبیت، بـەڕیٚز سـەرۆکیٚ پەرلـەمانیٚ، داخـازیٚ دکـەم یـا شـاندەکا پەرلـەمانیٚ عیراقـیٚ سـەرەدانا پەرلـەمانا کوردسـتانیٚ بکـەتن، یـان ژی شـاندەکا پەرلـەمانیٚ کوردسـتانیٚ سـەرەدانا پەرلـەمانیٚ عیراقـیٚ بکـەن، ئـەو بابەتـە بیٚتـە چارەسەرکرن، چونکە لەمەو دوا تازە لە عیراقیٚ نابیٚتە کـرن، ڕۆژانـە خـەلٚکیٚ مـەییٚ بـیٚ سـڤیل و بـیٚ گونـاه، ڕۆژانە بیٚنە تیرۆر کرن و ئاوارەو دەربەدەر کرن، ماتەلٚە کرنا حکومەتا عیراقا فیدرالٚ جیٚبەجیٚ کرنـا مـاددەی 140 ب رەئیا من بۆ هندیٚ ڤە دگەڕیٚتەڤە، کو خەلٚکا ڤان ناوچە ل ویٚریٚ نـەمینیٚن، ئـاوارە بـن و دەڤەرەکـە ل خەلٚکیٚ مەییٚت کورد بیٚتە چۆلٚ کـرن، پاشـی بزاڤـا هنـدیٚ دکـەن کـو مـاددەییٚ 140 بیٚتـە جیٚبـەجیٚ کـرن، ل فەرزانم کو سەقفەکیٚ زەمەنییٚ موحەدەد، بۆ جیٚبەجیٚ کرنا ماددەی 140 بیٚتـە دانـان، چـیدی نیٚتـە تـەئخیر کرن، دیسا بۆ چارەسەرکرنا ئاڤا ئەلٚوەن، هەروەکو برای بەڕیٚز جەنابیٚ وەزیـریٚ کشـتوکالٚی بـەحس کـری، کـو پارەکیٚ تایبەت داخازە ل حکومەتا هەریٚمیٚ بیٚتە تەرخان کرن، هەر کە ژی ئـەو پـارە بیٚتـە تـەرخان کـرن، بـۆ هندیٚ ئەڤ ئاوا ل ڕووباریٚ سیروان و خانەقین بیٚتە جیٚبەجیٚ کرن، بیٚتە چارەسەر کرن، خـالا دومـاهییٚ داخـاز ل حکومەتا عیراقیٚ بیٚتە کرن، تەعویزا ویٚ خەلٚکیٚ زەرەرمەند بیٚتە کرن، حکومەتا هەریٚمیٚ دەستی یارمـەتی بۆ بیٚتە دریٚژ کرن، نەخاسم بۆ وان کەس و کاریٚ شەهیدا بۆ وان عەشیرەتا زەرگوش، پتر ل 250 کەس شەهید بوونەو، برای کاکەی 197 کەس شەهید بوونە، ژیانا وان ل وەزعـەکا گەلـەکیٚ خـراپ دایـە، پیٚتڤیـا حکومـەتا هەریٚمیٚ کوردستانیٚ دەستیٚ هاریکاری و یارمەتی بۆ وان دریٚـژ بکـەتن، چـونکی وەزعـیٚ وان گەلـەکی نالـەبارە، هەروەکی دگەل برادەران ل ڤەزا خانەقین، ئەوان برادەرا بەحس کـر کـو وەزعـیٚ وان گەلـەکیٚ نالـەبارە، حـەتا هەندەك ل کەس و کاریٚت وان توشی دەرۆزە کرنیٚ بوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار پەیام احمد، فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە خانەقین و ناوچەکانی خانەقین دوو کێشەی سـەرەکی هەیـە، کـە ئـەم لیژنەیـە سـەردانی ئـەو ناوچـەی کـرد، یەکـەمیان: کێشـەی ئـاوی ئـەلٚوەن بـوو، ئـەویش خۆمـان دەزانـین مـاوەی هەشـت سـاڵە، ئـەو کێشـەیە بەردەوامە لەو ناوچەیەدا، بەڵام تـاوەکو ئێسـتا حـەلێکی جـەزری بـۆ نـەکراوە، هەرچـەندە ئـەبینین کـە ئـەو لیژنەیە سەردانی کرد، لەساڵی 1960 دا، لەسـەردەمی عبـدالکریم قاسـم دا کـە ئـاوی ئـەلٚوەن یـەکجار ئێـران گرتیەوە یەکسەر لەباڵە جۆوە، ئەو جۆگەیان بۆ ڕاکێشاو ئاوی ئەلٚوەن نەیانهێشت ئـەو وشـك بوونـەوەی پێـوە

دیار بێت، بەڵام بەداخەوە ئەمە هەشت ساڵە ئێمە نەمانتوانیوە هیچ شێك بكەین بۆ ئەو ناوچەیە، ئەگرا ئێمە وەكو هەرێمی كوردستان یارمەتیمان بدایە لە ئاوی باڵەجۆ ئەو جۆگەیەمان ڕابكێشایە بۆ ئاوی ئەڵوەن سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ حكومەتی ئێراندا كە ئێمە وەزیری دەرەوەی عێراق كە كوردە، ئەبوایە بەجدی تر هەوڵی بدایە بۆ ئەوەی كێشەكە چارەسەر بكرایە، بەداخەوە تا ئێستا هیچ بۆ ئەو مەبەستە نەكراوە، دیاربوو خانەقین دوو سیفەتی زۆر جوانی هەبوو، یەك ئاو بوو، دوو نەوت بوو، كە ئەو دوو سیفەتە بەداخەوە بوو بە نقمەیەك بۆ خانەقین، لەجیاتی ئەوەی ببێت بەخێر بۆ شاری خانەقین، كەچی بووە بە شەڕ بۆ ئەو شارە، ئاوەكە ئەوەتا دەبینین كاتی خۆی هەموو ساڵێك كە لافاوێك یان ئاوێكی زۆر ببوایە لە ئێران ئاوەكەی بەردەدایەوە، ئەو كاتە شاری خانەقین بەر لافاوەكە دەكەوت، لەهاوینیشدا وشكی ئەكاتەوە، نەوتەكەش خۆمان باش دەزانین هیچ تاكێك لە خانەقین سوودمەند نەبووە لەو نەوتەی كە لە خانەقین هەیە، بەداخەوە دەبینین ئێستا لە 2011دا حكومەتی مەركەزی ناوەكانیش ئەگۆڕێت، نەفت خانە، كە ئێمە خۆمان لەدایك بووین بەو ناوەوە ئەیبیسین، بەداخەوە ئێستا كردوویەتی بە مەركەزی عەمەلیاتی دیالە، ئەو ناوەشی گۆڕیوە كەچی تا ئێستا هیچ ئیجرائاتێك و قسەیەك نەكراوە، تەنها قسەكان لەسەر وشك بوونی ئاوی ئەڵوەن نیە، بەڵكو ئێمە خۆمان من وەكو خۆم خەڵكی ئەو ناوچەیەم، جگە لەوەی كە ئەم لیژنەیە سەردانی كرد قائیم مەقامی خانەقین، لەگەڵ مودیری ناحیەی جەلەولاو سەعدیەو ئەو لیژنەیەمان بینی، خانەقین كۆمەڵێك كێشەی هەیە، لەخزمەتگوزاری ئەگەر بێت و ئێستا هەر یەكێكمان سەردانی خانەقین بكەین، ئاواتە خوازی خانەقینی ساڵانی 70 كان و 80 كانین، لەبەر ئەوەی خانەقین ئێستا زیاتر وێران بووە، لەو ڕۆژەوەی كە خانەقین لە ساڵی 2003 وە، كە هێزی پێشمەرگە چووە بۆ خانەقین، كە خانەقین دڵخۆش بوو لەیەكەم ڕۆشتنمان بۆ خانەقین، هەموو خەڵكی خانەقین پێشوازییان لێكردین، بەدڵێكی زۆر خۆشەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا وەرن با بڕۆین بۆ خانەقین بزانن كێ پێشوازیمان لێ دەكات، لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژەی كە ئێمە چووین بۆ خانەقین، تەنها ئەوەمان بۆ خانەقین كرد كرێی خانوومان بۆ گران كرد، لەبەر ئەوەی تەنها حزبەكان ئەوەمان كرد، مەقەڕات دابنێین لەخانەقین، دوو ئیدارەیی دابنێین لەخانەقین، تەربیە دەبێت دوو ئیدارە بێت، ئاسایش دەبێت دوو ئیدارە بێت، ئاو دەبێت دوو ئیدارە بێت، هەموو شتەكانی خانەقین دوو ئیدارەییە، هەموو بەدەست دوو ئیدارەییەوە دەناڵێنن، ئەوە خۆشمان دەزانین كە ئێستاش باجی دوو ئیدارەیی دەدەین، لەو ناوچانە هەر لە كەركووكەوە بگرە تا خانەقین و تاكو شنگار، بۆیە ئێمە ئێستا هەست دەكەین ئەو هەستە نەتەوایەتیەی كە لەلای خانەقینیەكان هەبوو، خانەقین جاران تەنها ئەمانزانی كە كوردین، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو هەستە نەتەوایەتیەشمان شێواندووە، تەنانەت حەزدەكەم ئەوەش بزانن سونەو شیعە لە خانەقین دروست بووە، كە پێشتر شاری خانەقین نموونەی تەبایی بوو، هیچ كەسێك لە ئێمە نەی دەزانی دراوسێكەمان شیعەیە یان سونەیە، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەوەش دروست بووە، جگە لەوەش لەخانەقین كۆلێژێك كراوەتەوە كە خەڵكی خانەقین زۆر پێی دڵخۆش بوون بە كردنەوەی ئەو كۆلێژە، بەڵام ئەو كۆلیژە كراوەتە لەناو خوێندنگاكانی خانەقین دەوام دەكەن، چونكە بینای تایبەتی خۆیان بۆ نەكراوە،

هەرچەندە ئەمە بۆ 5 تا 6 ساڵ دەچێت بەشی ناوخۆیی بۆ کراوەتەوە، بەڵام تـا ئێسـتا یـەك خوێنـدکاری لـێ نیە، نازانین بۆ؟ ئەو هەموو پارەیەش سەرف کراوە بۆ ئەو بەشە ناوخۆییانە، بەڵام خەڵکی خانەقین، خەڵکی ناوچەی سەعدیە، خەڵکی قزرەبات، جەلەولا، هیچ کەسێك یان هیچ خوێندکارێك بۆی نیە، بڕوات لەو کۆلێژە بخوێنێت، ئێمە خۆشمان سەرمان سوڕماوە کۆلێژێکت کردۆتەوە لـە خانـەقین، لـەناو شـاری خانـەقین، لەسـەر ئەرزی خانەقین، بەڵام خوێندکاری خانەقین و سەعدیەو جەلەولا، بۆی نیە بڕوات لەو کۆلێـژە بخوێنێـت کـە لەشارەکەی کراوەتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەو قوتابخانانەی کە لە خانەقینن سەر بەدیالـەن کەواتـە بۆتـان نیـە لەم کۆلیژە بخوێنن، چونکە کۆلێژەکـە سـەر بـە هـەرێمی کوردسـتانە، ئـەوە یەکێکـە لـە کێشـە سـەرەکیەکانی گەنجانی خانەقین، کە وەرنـاگیرێن لـەهیچ کۆلێـژێك نـە لـە هـەرێمی کوردسـتان نـە لـەوێش، ئـەبێت بچـن لـە عەمارەو لە سەماوە بخوێنن، لەخاڵی سێیەمدا باسمان کردووە لە ڕاپۆرتەکەماندا، هەروەها باسی ئـەو بڕیـار و یاسـایانەی کـە لـەم پەرلەمانـەوە دەردەچـێت، کـە ئێمـە چـەندین جـار باسمـان کـردووە، ئـەو بڕیارانـە ئـەو ناوچانەش بگرێتەوە، چونکە ئێمە خۆمان دەزانـین هـەردوو حزبەکـە لـەو ناوچـانەدا پێشـبڕکێیان دەکـرد لـە دامەزرانـدنی مامۆسـتایان و فەرمانبـەران، بـۆ ئـەوەی بـزانن کـێ زۆرتـرین خـەڵك دادەمـەزرێنێت، ئەوانـە هـەموویان زۆربـەی زۆری خانـەقین و سـەعدیەو جەلـەولا، ئەوانـەی کـەکوردن سـەر بەهـەرێمی کوردسـتانن لەسەر هەرێمی کوردسـتان دامـەزراون، بـەڵام بەداخـەوە ئـەبینین نـە سـولفەی زەواج نـە سـولفەی عـەقار نـە قەرزی بچووك هیچیان ئەو خەڵکە ناگرێتەوە، جگە لەوە تەنها سەعدیەو جەلەولا ئـەو کێشـەیان نیـە، بـەڵکو مەندەلیش هەر لەو سنوورەیە، ئەو کێشەی هەیە، یەکەم ئەنفال کە لە سەر کوردەکان دەستی پێکرد، لە ساڵی 1981 لە مەندەلیەوە دەستی پێکرد، عەشیرەتی قەرەلووس یەکێك بوو لەو عەشیرەتانەی کە یەکـەم ئـەنفال لەوێوە دەستی پێکرد، دواتر ئەنفال سنوورەکانی تری گرتـەوە، (60) لادێ لـەو کاتـەدا تـەعریب کـران، (42) دۆنم زەوی کشتوکاڵی کرا بەناوی عەرەبەکانەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێك نەکراوە بـۆ ئـەو ناوچـەیە، بـەڵکو عەشیرەتی نەدا ئێستا لەوێ باڵا دەستە، ئەو عەشیرەتی نەدایە، ئـەوەی کـە لـە مەنـدەلی و ناوچـەی خانـەقین بێت دەزانێت ئەو عەشیرەتە چی دەکەن؟، چەند تیرۆرسـتیان تێدایـە؟، هـەر ئـەوان لـە 2008 کـە هێزەکـانی پێشـمەرگە لـەو سـنوورە هاتنـە دەرەوە، یەکسـەر هـەر ئـەو ڕۆژە 9 کەسـیان شـەهید کـرد، کـە کـورد بـوون و بەدەسـتی ئـەو عەشـیرەتە شـەهید بـوون، جگـە لـەوەش چـەندین شـتی تـری تیرۆرسـتیان کـردووە، بۆیـە ئـەو کێشانەی کە لەو سنوورە هەیە، ئەو کێشانە ئەبوایە ئێمە زووتـر حـەلمان بکردایـە، بـەڵام کـە حـەل نـەکراوە، ئێستا دەبێت هەنگاوێکی جدی تری بۆ بندرێت، ئەویش ئەوەیە تەنها بـەناردنی هێـزی پێشـمەرگە چارەسـەر ناکرێت، چونکە ئێمە ئەمڕۆش گوێمان لە قائیم مـەقامی خانـەقین و مـودیری ناحیـەی سـەعدیەو جەلـەولا گرت، کێشەی سەعدیەو جەلەولا دادگایە، دادگاکان هەر هەموو ئەو دادوەرانەی کەلـەو ناوچـەیەدان عـەرەبن، هـەموو ئـەو عەرەبانـە هەرچـی ئـەمر دەردەکـەن، ئـەمرەکانیان هـەمووی لـە سـاڵحی ئـەو عەرەبانـەو ئـەو تیرۆرستانەیە کە لەوێن، هیچی لە ساڵحی کوردا نیە، لە سەعدیە ئەوەی کە نوێنەری ئەنجومەنی سـەعدیەیە، ڕۆژێك لە سجندایە کە ئیرهابیە و ڕۆژەکەی تر کە بەردەبێت یـەت دەوامەکـەی خـۆی دەکـات، لـە ئەنجومـەنی

شارەوانی، هەروەها مودیری ناحیەی سەعدیە کە پێشتر ئیرهابی بوو، چەندین جار سجن کراوەو لە سجن بووە، ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانە لە بەغداد، یەعنی خەتەرەکان ئالێرەدایە، یەعنی تۆ ئیرهابیەو لە $100\%$ دەزانی، بەڵام هیچی لێ ناکەیت، چونکە دادگاکان هەمووی بەدەستی ئەوانەوەیە، بۆیە لێرە دەبێت چارەسەری ئەو شتانە بکەین، چارەسەری پۆلیس بکرێت، چارەسەری دادگاکان بکرێت، چارەسەری هێزی پێشمەرگە بکرێت، هێزی پێشمەرگە لەوێ بێت ناکرێت بڕوات بۆ ئەوێ و دوایی دوو مانگ بڵێن وەڵڵا کێشە تەواو بوو، ئیرهابی نەما، وەڵڵا ئێمە دەگەڕێینەوە، ئەمە خەتەرەکە لێرەدایە، چونکە ئەو عەرەبانە ئەو کاتەی کە هێزی پێشمەرگە لەوێیە، ئەو ماوەیە زۆر هێمنن و هیچ ئیشێك ناکەن، بەڵام هەر ئەوەندەی کە هێزی پێشمەرگە سەحبی کرد بە خەستی تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە لەو کوردانەی کە لەو ناوچەیەدان، بۆیە دەبێت هێزی پێشمەرگە لەوێ سەقامگیر بێت، ماددەی 140 کە چەندین جارە ئێمە هاوار دەکەین ئەو ماددەیە دەبوایە لە ساڵی 2007 جێبەجێ بکرایە، بەڵام بەداخەوە ئەوە ساڵی 2011یە کەچی جێبەجێ ناکرێت، نوێنەرانی کورد لە بەغداد تا ئێستا چیان کردووە، سەرۆکی کۆمار، جێگری سەرۆکی وەزیران، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئەمانە هەمووی کوردن، ئایا ئەم هەموو دەسەڵاتەی کە لە حکومەتی فیدراڵدا هەیە و هەمووی کوردە، بۆ شتێك بۆ بایکۆتی ئەو حکومەتە ناکەن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێستا شتێکی زۆر جوانی وت، ئەڵێت ئەگەر ئێمە بایکۆتی بکەین ئەو حکومەتە نامێنێت، ئەگەر حکومەتێك هەر لەئێستاوە هێشتا ئەو دەسەڵاتەی نیە، ئەو قوەتەی نیە، وام لێدەکات بۆ ئێستا بایکۆتی نەکەم، بۆ ئێستا نەهێڵم ئەو حکومەتە بڕوخێت، بۆ ئێستا من دەستم لەگەڵ دەستی ئەو حکومەتەدا بێت، ئاوا کورد بچەوسێنمەوە؟، یەعنی تاکەی ئەم چەوساندنەوەیە؟، نازانم ئەو دەسەڵاتەی ئێمە بۆ نایەتە قسە، بۆ بایکۆتی ناکات؟، من لەیەکێك لەداواکانی خۆم برادەرانیش پێشنیاریان کردووە، دووپاتی دەکەمەوە کە نوێنەرانی کورد لەبەغداد ئەوانەی لە دەسەڵاتن، ئەگەر بێت و ئەم کێشەیە چارەسەر نەبێت بەڕاستی دەبێت سەحب بکەن، بۆ سەحب ناکەن؟، دواتر ماددەی 140، ئەم ماددەیە لەباتی ئەوەی لە ساڵحی کورددا بێت، کوردێك تەرحیل کراوە، کوردێك غەدری لێ دەکرێت، (10)ملیۆن وەردەگرێت، تەنها ئەو فەقەرەیەش بەنیوەو ناچڵی جێبەجێ کراوە، بەڵام ئەو عەرەبە هاوردانە، ئەو عەرەبە ئێستاش بگەڕێتەوە زەوی وەردەگرێت، کۆمەڵێك ئیمتیازاتی تریشی دەبێت،(20)ملیۆنیش وەردەگرێت، تەنانەت لە ماددەی 140 کە ئێمە خۆمان دڵی پێخۆش دەکەین، لە ساڵحی کورددایە، لە زەرەری کوردایە، چونکە کوردەکە (10)ملیۆن وەردەگرێت، بەڵام عەرەبەکە(20)ملیۆن وەردەگرێت، نیزاعاتی مولکیەمان کردۆتەوە، تا ئێستا یەك قەرار نەدراوە لەساڵحی یەك تاکی کورد بێت، لە کێشەی نیزاعاتی مولکیەدا، یەك بست زەوی نەگەڕاوەتەوە بۆ هیچ کوردێك لە ناوچەی خانەقین و ناوچەکانی تر، ئەمانە هەمووی کێشەن، بۆیە ئێمە حەق وایە ئەمجارە لەپەرلەمانی کوردستان چی تر لە ئیعلامدا ئێمە زۆر سەرکەوتوو بووین، حەق وایە ئێمە دەستخۆشی لەخۆمان بکەین، چونکە لە ئیعلامدا زۆر سەرکەوتووین، بەڵام لە کردەوەدا لە ئیش جێبەجێ کردندا نا، بەداخەوە ئەمڕۆ دەبێت هەنگاوێك بنێین یەعنی ئیشێکی جدی تر بکرێت، کردارێك بکرێت بۆ ئەوەی هەموو ئیشەکانمان

جێبەجێ بکرێت چیتر ئەو ناوچەیە، لەڕۆژی ئەزەلەوە ئەو ناوچەیە دروست بووە، کورد لەوێ غەدری لێ دەکرێت، ئەو کوردانەی لەگەڵ ڕێزمدا لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك بوون، چارەك چارەکی ئەو بەدبەختیەو ئەو غەدرەیان لێ نەکراوە کە لە ناوچەکانی خانەقین وئەو شوێنانەی تر بوون، چونکە ئێمە لەخانەقین نەشمان دەتوانی ناوی منداڵەکانمان بەکوردی بنێین، لەدوای ساڵەکانی 80 کان و 90 دەکان، شەڕی عێراق و ئێران هەر لەسەر ئەو ناوچەیە بووە، بەعس هەر لەو ناوچەیە زیاتر ئیشەکانی کردووە، ئێستا تیرۆریست هەر لەو ناوچەیە هەیە، بۆیە ئێستا ئەبێت هەرێمی کوردستان بەجدی تر هەوڵی بۆ بدات، وەزیری پێشمەرگە، وەزیری ناوخۆ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ هەوڵ بدەن، بەڵام نەکرێت بە لیژنەو لیژنەکاری، وەکو ئەو برادەرانە باسیان کرد، حکومەتێکی کاتی ئەبێت یان هەر شتێك نەناوی لێ بندرێت، بۆ ئەوەی بە جدی تر و ئیشێکی پوخت لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ دەربچین و بە بڕیارەوە دەربچین بۆ ئەو ناوچانە، ئەو یاسایانەش کە لێرە بڕیاری لەسەر دەدرێت، قەرار بدرێت هەر ئەمڕۆ بۆ ئەوەی ئەو ناوچانەش شمولی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماشاء الله چەند لە ئیعلام سەرکەوتووین خاتوون، ڕێزدار سالار محمود، فەرموو..

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەوانەیە لایەق نەبێت ئێمە لەلیژنەکەین قسە بکەین، بەڵام لەبەر نازی ناوچەکە، کە خۆمان خەڵکی ئەو ناوچەیەین، پێمان باش بێت دەرفەتمان بدرێتێ بۆ ئەوەی ئیسپات وجودێك بکەین، لەڕاستیدا 8 ساڵی ڕابردوو تاقی کردنەوەیەکی باش بوو بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین گەیشتینە کوێ، وە ئەمە بکەین بە دەرفەتێك بۆ پێداچوونەوە بەو هەموو سیاسەتانەی کە لەڕابردوودا پیادە کراوەو ئێمە نەمانتوانیوە تێیدا سەرکەوتوو بین، لەسەر ماددەی 140ی دەستووری قسە بکەین، کە تەنها ناوچەکانی گەرمەسێر ناگرێتەوە، بەڵکو لە شێخان و سنجارەوە دەیگرێتەوە تاکو دوزو کەرکوك و شوێنەکانی تر، تەسەورم وایە گلۆڵەی ئومێدی خەڵکی کوردستانیان و ئومێدی سیاسیانەی هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش لەوەوە کەوتە لێژی کە ئێمە 2007/12/31 کۆتایی هات، لە 5٪ی هەموو ماددەی 140ی دەستووری جێبەجێ نەبوو، لەوێوە ئیتر ئیرادەیەك بەدی نەکرا، پێشتر هەوڵی هەمەلایەنە هەبوو لەڕاستیدا، بەڵام مونەزەم نەبوو، ئەو هەوڵانەش کە مونەزەم نەبوون، چونکە پاکتاوی ڕەگەزی، تەعریب، ڕاگواستن، سیلسیلەیەکی درێژخایەنی چەندەیی ڕژێمی بەعس بوو، بۆ سڕینەوەی هەموو ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد لەناوچەکەدا، بەڵام بەداخەوە ئێمە زۆر نەفەس کورت تەعامولمان لەگەڵ ئەوەدا کرد، وەکو خاتوو پەیام ئاماژەی پێکرد، ماددەی 140ی دەستووری لای ئێمە تەنها بوو بە مەسەلەی 10 ملیۆن دینار بۆ ئاوارەکان، مەسەلەکانی تر بە هەند وەرنەگیرا، لەکاتێکدا عەرەبی هاوردە 20 ملیۆنی خۆی وەردەگرێت و لەشوێنی خۆشی دەمێنێتەوە بەپێی یاساکە دەبێت لەو شوێنە نەمێنێت، ئێمە ئاوارەین دەبێت بگەڕێینەوە 10 ملیۆنەکە وەردەگرین، بەڵام دوای

ئەوە جارێکی تـر دوور دەخرێینـەوە، ئەمانـە گـرفتی گـەورە بـوون لەڕاسـتیدا وە بـۆ تـازەترین مـەعلوماتیش لیژنەی باڵای ماددەی 140 لە عێراق، لیژنەیەکی سەربەخۆ نیە، کە بـەپێی بڕیـاری حکومـەت و کابینـەکـەی مالکی دەبوو سەربەخۆ بێت، ئێستا سەر بە ئەمانەی عامەی ئەنجومەنی وەزیرانە و خودی مـالکی ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشتی دەکات، ئەمە گرفتێکی گەورەیە ولە بەرامبەریشدا بێدەنگیەکی گەورە هەیە، من تەسـەورم وایـە ئەوەی لە ناوچەکانی گەرمەسێر دەگوزەرێت بۆ ئەوەیە ئەو ئەمری واقیعەی کـە ئێمـە توانیومانـە لەهەنـدێ شوێندا بیچەسپێنین شەڕە لەسەر ئەوەی ئەو ئەمری واقیعە تێك بشکێندرێت، واتە ئەو واقیعەی لە خانەقین هەیە، پاشەکشێی پێ بکرێت، بەچی؟، بەوەی کە ناحیەکانی دابماڵدرێن لەهەموو مەسەلەیەك کـە پەیوەنـدی بەو دەستکەوتانەوە هەیە کە لە ساڵی 2003 تا 2008 بۆ ئێمە بەدی هاتووە، ئەو کاتەش بۆ ئێستا ڕازی نین، ڕاپرسی لەسەر ئەو ناوچەیە بکرێت، کاتێك ڕازی دەبن کـە حەتمیـەن بـزانن بـە ژمـارەی دانیشـتوانی خـەڵکی جەلەولا، سەعدیە، قەرەتەپە و نەوت خانە، دەتوانن موعادەلەی خانەقینش بگۆڕن ئەو کاتە خانەقین بەپێی ماددەی 140بگوێزنـەوە سـەر پارێزگـای دیالـە، بۆیـە شـەڕەکە لەسـەر ئـەو خاڵەیـە، هـەروەها ئێمـەی لەسـەر مەسەلەی پێشمەرگە  دەکرێت ئـەبێت ئـەو پرسـیارە بکرێـت ئایـا بـۆ ئاسـایی بـوو هێـزی پێشـمەرگە بڕێتـە بەغداد لە دۆخێکدا؟، بۆ ئاسایی بوو هێزی پێشمەرگە بڕێتە شەر لـە نزیـك فەلوجـە؟، بـۆ ئاسـاییە تـا ئێسـتا پێشمەرگە پارێزگاری لە ئەنجومـەنی نیشـتمانی عێـراق بکـات؟، بـۆ ئاسـایی نـەبێت پێشـمەرگە لەناوچـەکانی کێشە لەسەر بێت؟، ئەمە ئەو پرسیارەیە کـە دواجـار دەبێـت پەرلـەمانی کوردسـتان وەڵامـی ڕاسـتەوخۆی بـۆ هەبێت، من تەسەورم وایە، بە بەرنامە ئیش لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەکرێت وە هەر هێـزو لایـەنێك یـان هـەر کارئەکتەرێك، ئیش لەسەر ڕاوەدوونانی کورد لەناوچەی گەرمەسێر بکـات، پۆسـت و پایـەی دەدرێـتێ، خـاتوو پەیام ئاماژەی بە محمد عوسمان کرد کە نازناوی (ئەمانە) مودیری ناحیەی سـەعدیە بـوو، لەسـەر مەسـەلەی تـیرۆر، ئەمریکیـەکان دوو تـا سـێ جـار گرتیـان لەسـەر داوای کۆمـەڵێك خـەڵکیش لـە خانـەقین و دیالـە دوور خرایەوە، بەڵام دواجار ئێمە لە کوێ دەیبینینەوە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراقە، لەباشترین بەرنامەکانی ئەو چی بووە بۆ پەرلەمانی عێراقی کە ئاراستەی حکومەتی عێراقی بکات، ئەوە بووە کە مەرکەزی تەموینی، یەعنی بنکەی خۆراکی سەعدیەو جەلەولاو قەرەتەپەو جەبارە بگوێزرێتەوە بۆ سەر دیالەو لەسـەر خانـەقین نەمێنێت، ئەمە دواترین هەوڵەکانی ئەوکەسەیە کە لەئاستی هەرە سەرەکی ترین هێزە سیاسیەکانی عێراق کە ئێمە بەهەرە ستراتیژی ترین دۆستی خۆمانی دەژمێرین کار دەکات، من تەسەورم وایە بەڕێزینە لەسەر مەسەلەی نیزاع، بەتایبەتی نیزاع لەسەر خاك و لەسەر نیشتمان، گرفتێکی جیهانیە، لە ئاسیاو لە بەشێکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم گرفتـە هەیـە، گرفتێکـی تـەنها ئـەوە نیـە، ئێمـەی خـەڵکی کوردسـتان پێوەی گیرۆدە بووین، بەڵام لەڕاستیدا وەکو ئـەڵێ،( رب ضـارة نافعـة) لەوانەیـە ئێمـە بتـوانین ئەگـەر بـاش لەسەر ئەم مەسەلانە ئیش بکـەین، بیکـەین بـە دەرفـەتێك بـۆ دەسـتکەوتنی گـەورەتر، ئـەوەی کـە خـەونی خەڵکی کوردستانە، من تەسەورم وایە، ئەگەر ئیرادەیەکی شەرمن هەبێت، بۆ قسە کردن لەسەر مافی چارەی خۆنووسین، دواجار تۆپبارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دواجار گرفت لەسەر ناوچەکانی کێشە لەسـەر، ئـەو

مەسەلەیە یەکلا ئەکات، کە ئێمە ئەو ڕەوتە خێرا بکەین، بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستانە، لەڕاستیدا گرفتێکی زۆر زۆر سیاسی لە لۆژیکی زۆر سیاسی ئێمەدا خەریکە ئەبێتە باو، دەوترێت لە زاخۆوە تا خانەقین لەکاتێکدا کە لەخوارووی خانەقینەوە نەوت خانە هەیە، مەندەلی هەیە، بەدرەو جەسان وناوچەکانی تر هەیە، قەزانیە هەیە سەعدیەو جەلەولا هەیە، ئەمە لەهەرە بەرزترین ساتی کارئەکتەری سیاسی ئێمەدا ئەم جوملەیە ئەوترێتەوە، کە جوملەیەکی موغالەتەی زۆر گەورەیە، بەڕاستی ئەوەی ئەلف وبێی سیاسەت بزانێت ئەبێت تێبگات، بەتایبەتی لەدوای سالی 2003 کە نەمانتوانی ئەو ناوچانە وەربگرینەوە، ئەبێ ئەم جوملانە بسڕێتەوە بەڕاستی، لەسەر مەسەلەی نەوتخانە کە ئێستا ناوەکەی دەگۆڕدرێت، ئێمە لیوایەکمان هەیە لەناوچەی دیالە، کە لیوای حدودی پێ دەوترێت، کورد ئامر لیواکەیەتی، کە بەشێکی زۆری لە ئامر فەوجەکانی کورد بوون، بەرە بەرە ئێستا ئەوانیش هەلْکشاون بەرەو سەرەوە، لە مەندەلی نەماون، ئێستا خەریکە لەنەوتخانەش نامێنێن، نەوتخانە ئێستا کۆنترۆلْ دەکرێت، لەلایەن هێزە شۆڤێنیەکانەوە، کە کۆنترۆلْ کرا دەشتی قەرەولۆس، وەکو دەشتی شارەزوور وایە، وەکو دەشتی گەرمیان وایە، دەشتێکی هەرە بەرینە، ئەوە لەدەست دەچێت، ئەوە جگە لەوەی کە مەندەلی و قەزانیەو ناوچەکانی تریش بێ کێشە لەدەست دەچن، وەکو ئەوەی چۆن ئێمە کەمترین قسەمان لەسەر ئەم مەسەلەی کرد، لە ناوچەی قەرەولۆس هەولْ درا کۆمەلێك گوند ئاوەدان بکرێتەوە، لە گوندێکدا سێ مالی لێ بوو، کەسێکی لێبوو سەرۆك لیژنەی ناوچەی پارتی بوو کوشتیان، ئاواییەکە چۆلْ بوو، ئاوایی حاجی حەمید هەیە، لە سالی 2008، زۆرترین مالی بۆ چوویەوە، کە 15 مالْ بوو، ناوچەیەکی گەورەیە هیودارم ئەوەی کە نەیبینیوە هەولْ بدات بیبینێت، ئاواییەکیان ئاوەدان کردەوە، خەلکی باشی لێ کۆبوویەوە، لەبەرەبەیانێکدا بەجلی ڕەسمیەوە، بەسەیارەی سەربازییەوە، هەلیان کوتایە سەر گوندەکە 15 پیاوی تێدا بوو، هەر 15 پیاوەکەیان لەبەردەمی ژن و مندالەکانیاندا کوشتن، سەعات 6/30 دەقەی بەیانی بوو، ئێمە 10/30 دەقەی بەیانی چووینە شوێنەکە، بەڕاستی ئەوەی کە دەوترێت ئەنفالە هەر ئەوەیە، لەو ڕوانگەیەوە مەترسیەکان زۆر زۆر گەورەن، ئەگەر بچینە ناو وردەکاری ئەو مەسەلانەوە، نزیکترین ڕووداو دوێنێ شەو، موهەندسێکی کوردیان گرتووە، سجنیان کردووە، دوای ئەوە ئازادیان کردووە، عبوە ناسیفەیان پێوە بەستووەتەوە، کە دور کەوتووەتەوە تەقیوەتەوە، هەر سەرو ملی ماوە، ئێستا بەپێی تەحقیقە بەراییەکان ئەلێن ئەم کابرایە خۆی هەولیداوە کاری تیرۆرستی بکات لەناوچەکەدا، یەعنی لەبەرامبەر ئەو هەولانەی کە لێرە دەدرێت میکانیزمی زۆر مەترسیدار تر هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو کردەوەیە، هیوادارم دەرفەت هەبێت یەك دوو ڕستەی تر باس بکەین، ئەویش پەیوەندی بەناوچەکەوە هەیە، مەسەلەی هەیئەی نیزاعاتی مولکیە گرفتێکی هەرە گەورەیە لەبەردەم جێبەجێ بوونی ماددەی 140ی دەستووری، نەك بەشێکە لە چارەسەر، ئەو دەستەیە تا ئێستاکە لە هەموو ناوچەکانی کێشە لەسەر نەیتوانیوە لە 3٪ی گرفتی ناوچەکانی کێشە لەسەر نیزاعاتی مولکی زەوی و باخ و خانوو و مولکی ئاوارەکان بگەڕێنێتەوە، بە بڕیارێك لەسالی 1997 تەنزیمی شیمالی حزبی بەعس، هەزاران هێکتاری داگیر

کـردووه بـه یـەك جوملـه، بـەڵام تـا ئێسـتاکە ئێمـه نـەمانتوانیوه بەشـێك لـەو بڕیارانـه لـەناو ئەنجومـەنی نیشتمانی عێراقدا هەڵبوەشێنینەوه، بۆ ئێمه شەڕێکه(لابد منه) تـا تـەئخیر ببێت گـەوره تـر دەبێـت، مـن لەگەڵ مەنتقی بەکار هێنانی توندوتیژی نیم بەڕاستی، بەڵام لەگەڵ ئەوەدام لەهەموو ڕەهەندەکانەوه کار بکرێت، ڕاسته بەپێی دەستوور وبەپێی ماددەی 140 گرفتێکی ئیدارییـه، بـەڵام لەبەرامبـەردا ئـەو گرفتـه ئیدارییه بۆ هاتووەته کایەوه، ئێمه دەبێ بگەڕێینەوه بۆ سەرچاوه، بـەڵێ ڕەهەنـدی نیشـتمانی، نەتـەوەیی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی مێژووی هەیه، ئەبێت لەو هەموو ڕەهەندانەوه ئێمه کار بکەین، نەك تەنها ڕەهەندی ئیداری وەربگرین، بەڵکو بـۆ هـەموو ڕەهەنـدێکیش میکـانیزمی تایبـەت هـەبێت، مـن تەسەور دەکەم پەرلەمانی کوردستان ئەبێت لەسەر ئەم مەسەلەیه لێره بەدوا زۆر جدی تر کار بکات، لێره بەدواوه بڕیار بدرێت مـاددەی 140 ئێمـه لەپەرلـەمان بـۆ لیژنـەی هەمیشـەییەکان داوامـان کـرد، لیژنـەی 140 هـەبێت، چـونکه لـەخولی دووەمـی پەرلەمانـدا لیژنـەی 140 هـەبوو، بەنووسـراو داوامـان کـردووه لەبـەڕێز سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردسـتان بـەر لەچـەند مانگێـك، وه چـەندین جـاری تـریش داوامـان کردووه، ئومێدەوارین ئەمه چی تر ببێته هەنگاوی فیعلی، چونکه پەرلەمان مەرجـەعی یاسایی و سیاسـی خەڵکی کوردستانه و خەڵك ئومێدی بەم پەرلەمانه هەیه هێشتا، بۆ ئەوەی بتـوانین میکانیزمێکی گونجاو دابنێین، ئەو لیژنەیه هەر هـیچ نـەبێت ببێتـه ژوورێکـی عەمـەلیات بـۆ پەرلـەمانتارانی عێـراق ودەسـتەی ناوچه جێ ناکۆکەکان و نوێنەرایەتی هەرێم لەبەغداد، که مەکتەبێکمان هەیه، جگه لەنوێنەرەکانی کـورد، بتوانن ئەو کەیسانه دەوڵەمەند بکەن، بەرچاو ڕوونی بدەن به لایەنه پەیوەندیدارەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار پەیمان عبدالکریم، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەنده هیچ نەما بیڵێم، بەڵام زۆر پشتگیری قسەکانی کاك عدنان دەکەم، ئەویش چارەسەر کردنی ئەو کێشەیه تەنها بـه جورعەیـەکی موسـەکن نابێـت، بـەڵکو بەداڕشـتنی پلانێکـی درێژخایـەن دەبێـت، کەچۆن بتـوانین کـورد بگەڕێنینــەوه بـۆ ئـەو ناوچـانه، ئـەویش لـەڕێگای پـرۆژەی نیشـتەجێ بـوون و ئـاودێری وخزمەتگوزاری و کردنەوەی قوتابخانەو بایەخدان به تەعینات و شمول کردنی خـەڵکی ئـەو ناوچـەیه بـەو تەعیناته، بڕیار و قەرارانەی که لەپەرلەمانی کوردستان دەردەچێت و خـەڵکی کوردسـتان دەگرێتـەوه، جا بەو شـێوەیه دەتـوانین چارەسـەری کێشـەکانی ئـەوان بکـەین، خەڵکەکـەش بگەڕێنینـەوه بـۆ ئـەو ناوچـانه، هەروەها لەڕێگەی بایەخدان به ئاودێری دەتوانین ئەو بایەخەش به کشتوکاڵ بدەین، دووباره ئەو ناوچانه تا ڕادەیەك بژێنینەوه وله هەمان کاتیشدا گوندەکانی ئەو ناوچانەش ئاوەدان بکەینەوه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ئەرسەلان، فەرموو.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەردەم سەردەمی دیالۆگە، ڕاستە ئێمە غەدرمان لێ دەکرێت، ڕەزو باخەکانمان وشك دەبن، بەناحەق ڕۆڵەکانی کورد شەهید دەکرێن، بەناحەق دەریان دەکەن، بەڵام لەبەرامبەر وشککردنی ئاوەکە تەرەفەکەی ئەوبەری ئێرانە، لەبەرامبەر کوشتن و شەهید کردنی ڕۆڵەکانی کورد حکومەتی عێراقی لەوێ بەپێی قسەی ئەو برادەرانەی خۆمان کە لەوێ دێنەوە، هەموو گرووپەکان لەوێ هاوتەبان بۆ لێدانی کورد، کارەکە وا ئاسان نیە، ئێمە نابێ سواری عەتفی قەومی بین، یەعنی عەتفی قەومی وامان لێ بکات کە هەمیشە بەلای توندوتیژییدا بڕۆین، خۆ ئەگەر مەجبور بووین، ئەگەر دەرگای ماڵەکانمان لێ بگیرێت، هەموو کەس مەجبورە ڕێگای توندوتیژی لەبەرامبەری بگرێت، بەڵام هێشتا مەجالی ئەوە زۆر ماوە، کە قسە دەکەین یان کەبیر دەکەینەوە ڕەئێك دەردەبڕین ئەبێ حسابی دەوروبەر بکەین، ئایا خۆمان توانامان چەندە، بەرامبەرەکانمان توانایان چەندە، سەردەمەکە چی دەوێت، چونکە پەرلەمان، ئاخیر مەرجەعیەت و نوێنەری هەموو لایەنەکانی کوردستانی تێدایە، خەڵکەکەش تەماشا دەکات لە تەلەفزیۆن، لە ڕەئیەکان دەردەبڕێت، بۆیە هەتا ئیمکان ببێت ئێمە ڕێگای دیالۆگ بگرینە بەر، دەڵێین هیچ نەکراوە، هەر بۆ مەسەلەی سەعدیەو جەلەولاو ئەوانە لەگەڵ هەموو ئاستەکان قسە کراوە، لەگەڵ ئەمریکیەکان قسە کراوە، ئێستا من ئەوراقێکم پێیە کە جوابی ئەمریکیەکان هاتۆتەوە، نوێنەرانی حکومەت قسەیان لەگەڵ ئەمریکیەکان کردووە، قسەیان لەگەڵ حکومەتی عێراقی کردووە، سەرباری هەموو ئەوانەش هێزێك حەرەکەتی پێ کراوە بۆ مەنتیقەکە، بەڵام مەنتیقەی کێشە لەسەرەکان هەر مەنتیقەی کوردو عەرەب نییە بە تەنیا، مەنتیقەی کوردو عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعەشە، چەند موحافەزەیەکی تریش دەگرێتەوە، لەوانە رومادییە، مووسڵە، کەربەلایە، نەجەفە، یەعنی شتەکە هەر ئەوە نییە بڵێین لە بەینی ئێمەو ئەوانە، بەینی شیعەو سوننەشە، چونکە هەندێك لەوانە دابڕێنراون لە شیعەکان خراونەتە سەر سوننە، مومکینە رومادیە بە قەدەر چوار موحافەزەی عێراقی گەورە بێت و شتی خرا بێتە سەر، زۆریش هەوڵ دراوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو مەسەلانە بەڕاستی، بەڵام وەختی دەوێت، دەبێت ئەوە بە ڕێگای دیالۆگ بکرێت، چونکە چارەسەرەکان هەتا ئاسانتر بێت بۆ ئێمە باشترە، بۆیە هەنگاوی یەکەممان هەنگاوی دیالۆگ بێت، هەنگاوی تەفاهوم بێت، ئینجا ئەگەر ناچار بووین ئەو وەختە ڕێگای تر بگرینە بەر، ئاگاشمان لەوە بێت کە میللەتەکەمان لە ئەزموونێکدایە، ئەزموونەکە ئێستا مۆمێکە، چرایەکە، نەك بۆ کوردی عێراق، بۆ هەموو شوێنکەکانی تریش، بۆ هەموو پارچەکانی تریش، دەبێت ئیحتیفاز بە رۆشنایی ئەو مۆمە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابتان، بۆ گشتان، دوو موداخەلە هات، پێویستە وەڵام بدرێتەوە:

یەك/ باسی ئەوە کرا کە لیژنەیەك بچێتە پەرلەمانی عێراق، ئەمە بۆ تەنسیق لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەرنامەمانەو، بە تەئکید ئێمەش دەچین، ئەوانیش دێن، بەلاَم ئەم مەوزوعە لە دەستی ئەوان نییە، حکومەت پێی مەسئوولە، حکومەتی ئیتیحادی ئەوە دەستی لەناو مەوزوعەکەیە، ئەمە حەقیقەتێکە، پێویستە هەمووتان بیزانن، چونکە ئەو جیشەی تەحریك دەکرێتن، ئەوانەی لەوێ دادەنرێتن، هەموو حکومەت دەیکاتن، بە قسەی لیژنەکانی پەرلەمانی عێراقیش ناکات، لەناو پەرلەمانیش رەنگە ئێمە ئەو کۆ دەنگەمان بۆ نەیەتە دی، ئەگەر بکەوێتە بەر دەنگدان، چونکە ژمارەی نوێنەرانمان مەحدودە.

خاڵێکی تر/ باسی فەلوجە کرا، پێشمەرگە نەچۆتە فەلوجە شەڕ بکاتن، بۆ ئەوەی ئەمە تاریخە تەسبیت دەبێتن، ئەگەر کوردێك لەناو جیشی عێراق بوو بێت، لە فەوجێك بێت، لە شوێنێك بێت، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەلاَم وەکو هێزی پێشمەرگەی مونەزەمی ئێستا هەیە، لێرەوە تەحریك بکرێت لە مەسەلەی فەلوجە بەشداری نەکردووەو کەسیش لەگەڵدا نەبووە.

ئێستا سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، سوپاس بۆ وەزیرە بەڕێزەکان کە رەئی خۆیانداو، ئەو خاڵانە هەمووی کۆکرایەوە، لیژنەی هاوبەش رەئیتان، کەرەم بکەن.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەی برادەرانی لیژنە دوای خوێندنەوەی ئەو راپۆرتی لیژنەکەو، هەروەها گوێ بیست بوونی سەرنج و تێبینیەکانی یەکە یەکەی برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان و، هەروەها وەزیرە بەڕێزەکان، پێمان باش بوو ئەو راپۆرتە دووبارە صیاغە بکرێتەوەو، سەرنج و تێبینی و موداخەلەکانی هەموو لایەك بە نەزەری ئیعتیبار بگیرێت و دەسەلاَت بدرێتەوە بە سەرۆکی پەرلەمان بۆ صیاغە کردنی ئەو راپۆرتەو رەئی بەڕێزتان لەم بارەیەوە، فەرموو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، نا، راپۆرتەکەتان خوێندەوە، بەڕێزان رەئی خۆیاندا، نوقات وەرگیراوە، ئەو قسانەی ئەندامانی پەرلەمان کردوویانە، ئەو پێشنیارانە، ئەوەی لە راپۆرتەکەی ئێوەش هاتووە، وەکو هەڵوێستێکی پەرلەمانی کوردستان صیاغە دەکرێت و حازر دەکرێت، لە پێش ئێوەی بەڕێز جارێکی تر دەخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی موافەقەتی لەسەر بکەن، بەیانی سەعات (11,30) لە خزمەتتان دەبین، تا ئەو وەختە خوا ئاگادارتان بێت، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین، بەیانی سەعات (11,30) خوا ئاگادارتان بێت.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق


# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 18\8\2011

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی

## پێنج شەممە رێکەوتی 2011/8/18

کاتژمێر (2،20)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2011/8/18 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمووارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (4)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (2،20)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2011/8/18 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕووی راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان و گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی ناوچەکانی خەناقین و سەعدیەو جەلەولاو ئاوی ئەڵوەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (4)ی نائاسایی، رۆژی دانیشتن 2011/8/18، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11,30)ی پێش نیوەڕۆ، بەڵام دواکەوت بۆ کاتژمێر (2,30)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 8/18/ 2011دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕووی راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان و گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی ناوچەکانی خەناقین و سەعدیەو جەلەولاو ئاوی ئەڵوەن.

ئێستا داوا له لیژنەکانی ناوخۆ و مافی مرۆڤ و پێشمەرگەو ئاوەدانکردنەوەو کشتوکاڵ دەکەین فەرموون بۆ سەر مەنصە.

بەڕێزان، دوێنێکە لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (3)، کە ئێوەی بەڕێز گفتوگۆتان کرد لەسەر بارودۆخی ئەو ناوچانەو، گوێتان گرت لە راپۆرتی لیژنەکان و، هەروەها گوێتان گرت لە وەزیرە بەڕێزەکان، دەرئەنجامەکەی و گفتوگۆیەکانی ئێوەی بەڕێز کۆکرایەوە لەلایەنی ئەو لیژنانەو بە هاوکاری لیژنەی یاسایی، ئێستا دەیخوێننەوە بۆتان، بۆ ئەوەی وەکو هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر بدەین، فەرموون.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەمە پوختەی ئەو دوا راگەیاندنەیە، کە لە دەرئەنجامی پرس و راکردن لە بەڕێزتان و لە دەرئەنجامی دەوڵەمەند کردنی راپۆرتی ئەو لیژنە هاوبەشەی کە سەردانی دەڤەری گەرمە سێری کرد، هەروەها بەشێکی باش لە تێبینیەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش لەناو ئەم راپۆرتەدا جێ کراوەتەوە، بۆ بەڕێزتان دەخوێنینەوە.

لە دەر ئەنجامی ئەو رووداوانەی لە دەڤەری گەرمە سێر، کە بووەتە مایەی مەترسیەکی گەورە لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی ناوچەکە. هەر لە چڕکردنەوەی کردەوە تیرۆریستیەکان لە شارۆچکەکانی (جەلەولا، سەعدیە، مەندەلی) و تیرۆرکردنی چەندین هاوولاتی و کەسایەتی ڕەسەنی ناوچەکە لەلایەن باندە شۆڤێنی و تیرۆریستیەکان بەدەستەوەستان و چاوپۆشی کردنی دەزگا ئەمنیەکان و سوپا لەو شارۆچکانە. هەروەها گرتنەوەی ئاوی ئەڵوەن لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران.

ئەم شاڵاوانە لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێن کە حکومەتی ئیتیحادی بەرپرسیارە لە ئاسایی کردنەوەی ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی کە بەدرێژایی دەسەڵاتی رژێمی بەعس لە عێراقدا پیادە دەکرا، بەپێی ماددەی (140)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەڵام نەك ئەو مافە زەوتکراوانەی رابردوو نەگێڕاونەتەوە بۆ خەڵك و دانیشتوانەکەی، بەڵکو لە فۆرمێکی نوێدا سیاسەتی تەعریب و ترساندن و ئاوارەکردن و تیرۆرکردن بەردەوامەو هەڕەشەی مەترسیدار لە ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەکات.

لەڕوانگەی ئەو دۆخە نائارامی و نائاساییەی خوڵقێنراوە، پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی ژمارە (3) نائاسایی پەرلەمان لەرۆژانی 17-2011/8/18 بۆ دیراسەکردنی ئەو بارودۆخەو بەپیرەوەچوونی داخوازیەکانو هاواری خەڵکی دەڤەرەکەو چارەسەر کردنی گونجاو گەیشتنە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:-

1- بەتوندی ئیدانەی ئەو کردەوە تیرۆیستیانەو بەزۆر ئاوارەکردنی دانیشتوانی شارۆچکەکانی جەلەولاو سەعدیەو مەندەلی، بەتایبەتی دەڤەری گەرمەسێر بە گشتی دەکەین، کە بۆتە هۆی شەهید بوونی سەدان هاوولاتی و کەسایەتی لەگەڵ سەدان بریندار و ئاوارەبوونی هەزاران خێزانی رەسەنی ناوچەکە. هەروەها ئیدانەی گلدانەوەی ئاوی ئەلوەن لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەکەین.

2- بەپێی ماددەی (140) ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، دەبوو دۆخی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان ئاسایی بکرایەتەوە، بەلاَم هیچ یەکێك لە سێ قۆناغەکەی (ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری، راپرسی) جێبەجێ نەکراون، لەمەشدا حکومەتی ئیتیحادی بە کەمتەرخەم دەزانین، چونکە هەموو دەسەلاَتەکانی جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیەی لە ئەستۆدایە. ئەمەو سەرەڕایی ئەوەی لە بڕگەی (22)ی کارنامەی حکومەتەکەی بەرێز مالکیدا پابەند بوون بە جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە دەکاتەوە، بەلاَم لە ئەرزی واقیعدا نەك هەر هەنگاوی کارەکەی نەبینرا، بەڵکو لەناو حکومەتەکەوە کۆسپ لەبەردەم هەر هەنگاوێکدا کە لێرەو لەوێ دەنرێن دروست دەکرێت.

3- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەرکی خۆی لە پاراستنی گیان و ماڵی دانیشتوانی ئەو ناوچانە وەکو پێویست جێبەجێ بکات و بە پەلەو بێ دواکەوتن هێزی پێشمەرگەی کوردستان رەوانەی ئەو ناوچانە بکات، کە بەپیرەوە چوونی خواست و داواکاری دانیشتوانی ئەو ناوچانەیە و پاراستنی هەموو هاوولاَتیان بێ جیاوازی بگرێتە ئەستۆ، چونکە هێزی سەربازی سوپای عێراق نەیتوانیوە وەك پێویست ئاسایشی هاوولاَتیانی دەڤەرەکە دابین بکات بەپێی بڕگەی (2) لە ماددەی (7)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق. بۆیە دەبێت ئەو هێزانە لەژێر هیچ پاساو یێکی ئەمنیی و سەربازیدا پاشەکشە نەکەن.

4- داوا لە حکومەتی ئیتیحادی دەکەین، کە ماددەی (9) لە دەستووری عێراقی فیدراڵ جێبەجێ بکات، بۆ راگرتنی هاوسەنگی لە رێژەی بەشداربوونی گشت پێکهاتەکان لە ریزەکانی سوپاو پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقدا. پێویستە هەموو ئەو دەزگا ئەمنییانەی تاك لایەنە دروستکراون هەڵبوەشێنرێتەوە، بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی جەلەولاو فەوجی فریاکەوتنی جەلەولا لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی گۆڕینی ناوی شارۆچکەی نەوتخانە.

5- داواکارین نوێنەرانی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی هەر سێ دەسەلاَتەکەی بەغدا فشاری زیاتر دروست بکەن بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی (140)و بەهاناوە چوونی خەڵکی ناوچە دابڕێنراوەکان بە گشتی و دەڤەری (گەرمەسێر) بەتایبەتی، بۆ رێگەگرتن لە ئەگەری سەرهەڵدانی کارەساتی ترسناك.

6- پێویسته دەستەی ناوچە دابڕێنراوەکان کارا بکرێت و بەپێی یاسای دەستەی جێ ناکۆکەکان بـەکارەکانی خۆی هەڵسێ و ڕاپۆرتی وەرزی پێشکەش بە پەرلەمان بکات.

7- گەڕاندنـەوەی ئـەو خێزانانـەی بـە پاساوی شـەڕی تـائیفی لەناوچـەکە نیشـتەجێ کـراون و تـا ئێسـتاش نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان.
8- داوا لەحکومـەتی ئیتیحـادی دەکـەین ڕۆڵـی گرنگـی خۆیـان ببیـنن لـە قەرەبووکردنـەوەی ئاوارەکـان و گەڕاندنەوەیان بۆ شوێن و سەر کاری خۆیان و دڵنیاکردنـەوەیان لـەدابینکردنی  ئاسایش و سـەقامگیری بـۆ دانیشتوانی ناوچەکە.

9- پێویسته حکومـەتی ئیتیحادی و حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، لەسـەر ئاسـتی جیهانی و هـەرێمیی و ناوخۆیی کار بۆ چارەسەرکردنی بڕینی ئاوی ئەڵوەن بکەن، کە ماوەی هەشت ساڵە کۆماری ئیسلامی ئێـران لەنێوان مانگەکانی ئازار تا ئەیلوولی هەموو ساڵێك و بەبێ هیچ پاساوێك ئاوەکـە دەگرێتـەوەو دەبێتـە هـۆی وشـك کردنـی زەوی و زاری کشـتوکاڵی و کێشـەی کـەم ئـاوی و پـیس بـوونی ژینگـەو کاریگـەری خراپـی دەروونیش لەسەر هاووڵاتیانی ناوچەکە جێ دەهێڵێ، بۆیە لەسەر حکومەتی عێراقـی ئیتیحـادیی پێویسـتە بەرپرسیارێتی خۆی جێبەجێ بکات و هەڵوێستی روونیان لەمبارەیەوە هەبێت.

10- بۆ هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و دۆستەکانمان، پێویسـتە بەهۆشـیارییەوە چاودێری و دراسەی ئەو بارودۆخە نائاساییە بکەن، کە ڕووبەڕووی هەرێمەکەمان دەبێتەوە، لە بۆردومـانی فڕۆکـەکانی تورکیـاو تۆپبـارانی تۆپخانـەکانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و ئـەو بارودۆخـەی لـە ناوچـە دابڕێنراوەکـان دەگوزەرێت بەتایبەتی، پێویستە حکومەتی هەرێم ئەم هەنگاوانەش بگرێتە بەر:-

1- نەهێشتنی ئاسەواری دوو ئیدارەیی لە ناوچەکە.

2- تەواوکردنی مامەڵەی شەهیدانەی ئەو هـاووڵاتی و کەسـایەتیانەی لـە ئـەنجامی کـردەوە تیرۆریسـتیەکان شەهیدکراوان.

3- گرنگیـدانی زیـاتر بـە خوێنـدنی کـوردیو دابینکردنـی پێداویسـتیەکانی پـەروەردەو خوێنـدنی بـاڵاو وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان.

4- دروستكردنی كەمپێكی نیشتەجێ بوون بۆ ئاوارەكان و پێشكەشكردنی خزمەتی فریاگوزاری، تا ئەو كاتەی دۆخەكە ئاسایی دەبێتەوەو دەگەڕێنەوە سەر زێدی خویان..

5- لە بودجەی ساڵی 2012دا هەموو ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی بۆ هاووڵاتیانو شارو شارۆچكەكانی هەرێمی كوردستان دابین دەكرێت، بەهەمان شێوە ئەو ناوچانەش بگرێتەوە، چونكە لەڕووی خزمەتگوزاریەوە حكومەتی ئیتیحادی ئەو ناوچانەی فەرامۆش كردووەو هیچ بایەخی پێ نادرێت.
6- بەشێك لە فەرمانبەرانی دەڤەرەكە لەسەر میلاكی حكومەتی هەرێمی كوردستانن، پێویستە سوودمەند ببن لە پێشینەكانی هاوسەرگیری و خانووبەرە.

7- لەیەدەگی وەزارەتی دارایی خزمەتگوزاریی بەپەلە بگەیەنرێتە دەڤەری (گەرمەسێر) بەگشتیو سەعدیەو جەلەولاو مەندەلی بەتایبەتی.

گرفتی ئاوی ئەڵوەن:-
دوای بەدواداچوون بۆمان ڕوون بۆوە كە بە مەبەست ئاوی ئەڵوەن لە دیوی كۆماری ئێرانەوە گل دەدرێتەوە، ئەمەش زیانی هەمە لایەنەی بەشاری خانەقین و چەند گوندێك گەیاندۆتەوە بۆیە پێویستە:-
1- پێویستە حكومەتی عێراقی و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەنگاوی خێراتر بگرنەبەر لە رێگەی كەناڵی دیبلۆماسیەوە ئەو گرفتە چارەسەر بكرێت، بەتایبەتی بەپێی بڕگەی (8) ماددەی(110) ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، كە لە تایبەتمەندیەكانی دەسەڵاتی ئیتیحادیە ئەو ئەركە بگرێتە ئەستۆو بەپشت بەستن بە یاسای نێودەوڵەتی و عورفی دراوسێیەتی.

2- گەیاندنی كەناڵی تری ئاو هاوشێوەی جۆگەی (باڵەجۆ) لە سیروانەوە بۆ ئەڵوەن.
3- لێدانی بیری ئاو بۆ ئەو گوندانەی لە ئەنجامی وشك كردنی ئاوی ئەڵوەن تووشی بێ ئاوی بوون.
4- خزمەتگوزاریی باخداری پێشكەش بە خانەقین بكرێت، چونكە بەشێك لەو باخانە بەهۆی كەم ئاویەوە وشك بوون، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، وەكو گوێتان لێ بوو بەو شێوەیەی خوێندرایەوە، ئەوە بۆچوونی ئێوەی بەڕێز بوو، كە دوێنێكە هەمووتان قسەتان لەسەری كردووە، ئێستا دەیخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، مولاحەزەت هەبوو، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەداخەوە هەمووی دیارە دوای قەرار، یەعنی دوای دەنگدان هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆ قسەکانی ئێمە، بەلاًم هەر دەیکەم، بە رەئی من دەکرا ئەوە دوو بەش بوایە، بەشێکیان/ من لەگەڵ هەموو ئەو ئیدانە کردن و هەموو ئەو هەوڵدان بۆ ئەوەی لە بەغدا چی بکرێت و ئەوانە، بەشێکی تری/ ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە، کە حکومەتی هەرێم کۆمەڵێك هەنگاو بنێ، ئەمە بە رەئی من دەبوایە قەرار بوایە، دوو شتی جیاواز بوایە، یەعنی ئەوە ئێستا کۆمەڵێ شت تێکەلاًو کراوە، ئینجا بۆ نموونە، ئێمە دوێنێ کۆمەڵێ پێشنیارمان کرد، پێشنیاری ئەوەمان کرد ئەو یاسایانەی کە دەردەچێت، بۆ نموونە یاسای سولفەی زەواج، باسی ئەوە نەکراوە، تیای نەبوو، عەفوم بکە با قسەکەم تەواو بکەم، باسی ئەوە کراوە لە بودجەی 2012، من نازانم هەموو خاڵەکان لەلای خۆم نووسیوە، ئینجا یەك نوقتەی تریش، ئێمە لەم شتانە، لەم قسانەی کە کرا هەموو قسە لەسەر حکومەتی فیدراڵە، بەڕێزان، ئێمە بەشێك لەهۆکارەکە کەمتەرخەمی نوێنەرانی خۆمانە لە بەغدا، دوێنێ من پێشنیارم کرد، ئەو نوێنەرانەی کە بەشدار بوون لە وەفداو لەگەڵ مالیکی قسەیان کرد، کە لەگەڵ عەرەبە سونیەکان قسەیان کرد بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئێستا بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن، بۆ ئەوەی بزانین چیان کردووە بە نووسراو، کەمتەرخیەکان چین و رێگرییەکان چین؟ یەعنی دەبوایە ئەوەشی تیا بوایە، بەلاًم بەداخەوە تیای نییە، هیوادارم لە ئایندە بەم شێوەیە نەخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها یەك تێبینیم هەیە لەسەر ئەو کۆبوونەوە نائاساییەی کە لەسەر رەوشی سەعدیەو جەلەولا، هەروەها وشك کردنی ئاوی ئەڵوەن بەسترا، من پێموایە ئەگەر پەرلەمان مەرجەعیەتی ئەو میللەتەیە، هی ئەو ئەزموونەیە، هی ئەو هەرێمەیە، ناکرێت بۆ وەزیرێك، یان بۆ فەرماندەیەکی سەربازی دە رۆژ پێش ئێستا هێز بجووڵێنێ، دواتر ئێمە بڕیار بدەین، بە رەئی من حەق وایە حکومەت ئاگادار بکرێتەوە ئەو بڕیارە مەسیریانە، کە شەڕو ئاشتی تێدایە، کە کارەساتی گەورەی بەدواوەیە، کە مەسائیلی مەسیری پێوەیە، حەق وایە پەرلەمان بڕیار بدات، ئینجا هێز بجووڵێنرێت، من پێموایە ئەوە کارێکە دامودەزگای تەنفیزی حکومەت دەیکات، مەسئولیەتەکە لە شانی ئێمەش حیساب دەکرێت، من پێموا نییە ئەو رەوشە ئێمە لێی مەسئوول بین، خۆیان هێزیان کشاندۆتەوە، دەبوایە دیسان بگەڕابانەوە بۆ پەرلەمان، ئێستاش کە هێز دەجووڵێنن، هێزیان جووڵاندووە، ئینجا ئێمە هاتین لە پەرلەمان لەسەری دادەنیشین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بەنیسبەت ناوچە کوردستانیە دابڕاوە کێشە لەسەرەکان، پارچەیەکە لە کوردستان، کێشەیەك هەیە لە بەینی حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ماددەی (140)ی بۆ دانراوە، چۆن ئەوان بەرپرسن لێی، ئەوهاش ئێمە لێی بەرپرسین، بۆیە چوونی هێز بۆ ئەو ناوچانە حەقی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، حەقی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانە، لە حاڵەتی پێویست حەرەکەتی بۆ بکاتن، چونکە بە حەقیقەت خەڵکی ئێمە لەو ناوچانە دەکوژرێت و تیرۆر دەکرێت و دەربەدەر دەرکرێت، دوایی کوردستانە، ئەوە یەك.

حەقی خۆمانەو خەڵکی ئێمەشە دەکوژرێت، بچیت دیفاعی لێ بکەیت، ئێستاش ئەو مەنتیقەی وەك دەڵێی گەرم نزیکی ئەوێن و، محاوەلاتیش هەیە، ئومێدیشمان ئەوەیە تەواو بێت، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین، تاکو جارێکی تر ئاگادارتان دەکەینەوە، خوا ئاگادارتان بێت، خوا حافیز.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی 25\8\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی

## پێنج شەممە ڕێكەوتی 2011/8/25

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2011/8/25 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (5)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2011/8/25 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕووی و گفتوگۆ كردن لەسەر بۆردومان كردنی ناوچە سنوورییەكانی هەرێمی كوردستان لەلایەن فڕۆكە جەنگیەكانی كۆماری توركیاوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (5)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2011/8/25، بەرنامەی كار: بەپێی حوكمی بڕگە (1)ی ماددە (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 8/25/ 2011دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕووی و گفتوگۆ كردن لەسەر بۆردومان كردنی ناوچە سنوورییەكانی هەرێمی كوردستان لەلایەن فڕۆكە جەنگیەكانی كۆماری توركیاوە.

بەڕێزان، ئێستا دەقیقەیەك رادەوەستین بۆ گیانی پاكی شەهیدانی قوربانی بۆردومانی فڕۆكەكانی توركیا، زۆر سوپاس.

بەڕێزان، جێگری سەرۆكی پەرلەمان بەڕێز كاك دكتۆر ئەرسلان بایز بە كارێكی پێویست ئەمڕۆ لە هەرێمی كوردستان نییە، لەبەر ئەوە ئامادە نییە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان.

داوا لە لیژنەی ناوخۆ دەكەین كەرەم بكەن بۆ سەر مەنصە، بەڕێزان، ئەم دانیشتنە وەكو بەڕێزتان ئاگادارن ماوەیەكە فڕۆكەكانی توركیا هەرێمی كوردستان بۆردومان دەكات و لە ئەنجامی ئەو بۆردومانانە، مەجموعەیەك لە هاووڵاتیانی سڤیل لە منداڵ و ئافرەت و پیاوی بێ گوناهی ئەم هەرێمە شەهید بوون و ئێوەی نوێنەری خەڵكی كوردستان، ئەمڕۆ لەم دانیشتنە گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتانە دەكەین زۆر مەوزوعیانە، بۆ ئەوەی بتوانین شتێك پێشكەشی خەڵكی كوردستان و لایەنە بەرپرسەكان بكەین، كە كار بكەین بۆ ئەوەی سنوورێك دابندرێت، بۆ ئەو بۆردومانانەو لەو كێشەیەی كە ئالاوەتە هەرێمی ئاشتیخواز دژی توندو تیژی، شەڕ ناخوازێتن، بەڵام خەریكە رۆژانە دێیەكانمان بۆردومان دەكرێت و خەڵكمان لێ دەكوژرێت، خەڵكمان لێ دەربەدەر دەكرێت، رەزو باخەكانمان دەسووتێت، ئاژەڵەكانمان دەكوژرێن و هیچ تاوانێكی ئەم هەرێمەشی تیا نییە، بۆیە زۆر مەوزوعی ئەمانەوێت موناقەشەیەك بكرێت لەسەر ئەو بابەتەو، لیژنەی ناوخۆش كە سەردانی ناوچەكانیان كردووەو راپۆرتی خۆیان تەقدیم كردووە، ئێستا داوا لە لیژنەی ناوخۆ دەكەین راپۆرتەكەتان پێشكەش بكەن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لیژنەكەمان بە مەبەستی لە نزیكەوە ئاگادار بوون و بەسەركردنەوەی ئەو ناوچانەی ماوەیەكە لەلایەن فڕۆكە جەنگیەكانی سوپای توركیاوە بۆردومان دەكرێن، رۆژی 2011/8/23 سەردانی سنووری هەردوو قەزای سۆران و رەواندزمان كرد، لە نزیكەوە كۆبوونەوەمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان كردو لە ئەنجامی سەردانەكەمان ئەم راپۆرتەمان ئامادە كردووە، ئێستا بۆ بەڕێزتانی دەخوێنمەوە.

**بۆ بەڕێز/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ**

ماوەیەكە فڕۆكە جەنگیەكانی توركیا بۆمبارانی ناوچەكانی هەردوو قەزای سۆران و رواندزیان كردووەو لە ئەنجامدا چەندین زەرەرو زیانی گیانی و ماڵی لێكەوتووتەوە، بێجگە لە ئاوارە بوونی خەڵكێكی زۆر لە گوندەكان و كۆچەرەكان و خاوەن باخ و هەنگەوانەكان و بێستانەكان، لیژنەی ناوخۆ بە مەبەستی لە نزیكەوە ئاگادار بوون لە رەوش و گوزەرانی ناوچەكەو خەڵكەكەی رۆژی 2011/8/23 سەردانی شاری سۆرانی كردو لە باڵەخانەی قائیقامیەتی سۆران كۆبوونەوەیەكی چڕو پڕیان ئەنجامدا لەگەڵ هەردوو قائیمقامی سۆران و رەواندزو بەرپرسی دەزگا ئەمنیەكان، بە مەبەستی لێكۆڵینەوە لە بۆردومانەكانی

فرۆکە جەنگیەکانی سوپای تورکیا بۆ ناوچەکەو ئەو ئاسەوارو زیانانەی کە بەر هاوولاتیانی بێ دیفاعی مەدەنی کەوتووە.
لە تەوەری یەکەمی کۆبوونەوەکەدا هەردوو قائیمقامی بەڕێز راپۆرتی خۆیان بە تێرو تەسەلی پێشکەش بە لیژنەکە کرد، کە هاوپێچ کراوە لەگەڵ راپۆرتەکەدا.

پاشان بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە رووداوەکە لیژنەی ناوخۆ هاورێ لەگەڵ قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەو بەرپرسە ئەمنیەکان سەردانی گوندەکانی بناری قەندیلمان کرد، کە دەکەوێتە سنووری ناحیەی وەرتێ سەر بە قەزای رەواندز لە دۆڵی خانەقا، کە گوندەکانی (چێنران، بەرگرکە، پردەشالی سەروو)، کە خەڵکی گوندەکانی (بوکریسکان و زارگەلی و پردەشالی سەروویان) بەسەر دابەش بوون، کە نزیکەی (120) مالی ئەو بنارە لەم گوندانەن، کە بەڕاستی لە بارو گوزەرانێکی ناهەموارو نالەباردا بوون، لە قەراغ رووبارو بن دارو درەخت، کەل و پەلی مالەوەیان لەسەر زەوی فرێدراوە.

لەو شوێنانە لەگەڵ هاوولاتیانی ئاوارە بووی گوندە چۆڵکراوەکانی بناری قەندیل کۆبووینەوەو، سەرەتا لەلایەن لیژنە نیگەرانی خۆمان و سەرۆکایەتی پەرلەمانمان پێ راگەیاندن، ئینجا گوێبیستی راو پێشنیارو داواکاری ئەوان بووین، کە دەکرێ لەم چەند خالەی خوارەوە ریز بەندیان بکەین:

1- داواکاری ئەوەیان هەبوو کە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ خەڵکی تەواوی ئەو گوندانەی سالانە بەر شالاوی بۆردومان و تۆپ بارانی هەردوو ولاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری تورکیا دەکەون، بکرێت، بەتایبەتی لەم وەرزەی ئێستا کە بەرەو وەرزی سەرماو سۆلە دەچن و خودی ناوچەکە ساردو کوێستاناویە.

2- داوایان کرد ئەگەر حکومەت نەیتوانی بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەری کێشەکە بکات، بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی نیشتەجێ بوونیان بکرێتەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.
3- لەبەر ئەوەی منالەکانیان لە قوتابخانە دەخوێنن گرفتیان بۆ دێتە ئاراوە، ئەگەر بەر لە دەست پێ کردنەوەی سالی خوێندن رەوشەکە ئاسایی نەبێتەوە.

4- رای خەڵکەکە بەگشتی ئەوەیە کە کۆمەك و هاوکاری رێکخراوەکان نەبێتە بەدیلی هاوکاری حکومەتی هەرێم بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووان و چارەسەر کردنی کێشەکانیان.

5- تۆپ بارانەکە لە کاتێك دایە کە خەڵکی گوندەکان لە سولفەی عەقار سوودمەند بوونەو، بۆ خۆیان خەریکی دروست کردنی خانووبەرەن، کەچی ناچار لەبەر ئەم بۆردومانانە پرۆسەی ئاوەدان کردنەوەی

گونـدەکان لـەو ناوچـانە پـەکی کـەوتووە، کـە خەڵکەکـە زۆر لـە مێـژە چـاوەڕێی ئـەم دەرفەتـە بـوون بـۆ بووژاندنەوەی گوندەکانیان.

داواکاری و پێشنیارەکانی لیژنە:

1- ئیدانە کردن و مەحکوم کردنی پێشێڵ کردنـی سـەروەری دەوڵـەتی عێـراق و بۆردومـان کردنـی ناوچـە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیاوە.

2- داوا لە حکومەتی فیدراڵی عێـراق بکرێـت، کـە داوا لـە ئەنجومـەنی ئاسـایش بکـات دانیشـتنێکی تایبـەت ئەنجام بدات و بڕیارێکی گونجاو وەربگرێت لە بارەی پێشێڵ کردنی سـەروەری دەوڵـەتی عێراقـەوە لەلایـەن فڕۆکـە جەنگیـەکانی تورکیـا، چـونکە ئـەم دەسـت درێژیانـە هەڕەشـەیە بـۆ ئاشـتی و ئاسایشـی هـەرێمی کوردستان، کە بەشێکە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەپێی جاڕنامەی گـەردوونی مـافی مـرۆڤ لـە وڵاتـە یەکگرتووەکان مافی عێراقە.

3- داوا دەکـەین هەرچـی مۆڵگـەی سـەربازی و هـەواڵگری وڵاتـانی دراوسـێ هەیـە لەسـەر خـاکی هـەرێمی کوردستان نەمێنن و بگەڕێنەوە سەر خاکی خۆیان و رێز لە سەروەری هەرێمی کوردستانی عێراقی فیـدراڵ بگرن.

4- تۆمار کردنی سکاڵا لەلایەن حکومەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە دژ بـە دەوڵـەتی تورکیـا لـە دادگـای لاهـای نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

5- حکومەتی تورکیا داوای لێبووردن لە حکومەت و گـەلی کوردسـتان بکـات و قـەرەبووی خێـزان و خەڵکـە زیان لێکەوتووەکان بکاتەوە.

6- داوا لـە لایەنـە پەیوەندیـدارەکانی کێشـەکە (حکومـەتی تورکیـاو پـارتی کرێکـاران) دەکـەین چارەسـەری کێشەکانیان بە رێگای دیالۆگ و سیاسی بکەن لە چوارچێوەی خـاك و وڵاتـی خۆیانـداو هـەرێمی کوردسـتان بەکار نەهێنن بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکانیان.

7- داواکارین لە سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە، بۆ دۆزینـەوەی رێگە چارەیەکی ریشەیی بۆ ئەم کێشە سنووریانە لە رێگەی حکومەتی فیدراڵەوە.

8- حکومەتی هەرێم چاوخشاندنەوەو پیاچوونەوە بە پەیوەندی و سیاسەتە ئیقلیمیەکانی بکات.
9- داوا لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دەکـەین بـە خێرایـی بچـێت بـە هانـای خەڵکـە ئـاوارەو زیـان لێکەوتووەکانی ناوچە بۆردومان کراوەکانـەوەو قـەرەبووی زیـان لێکـەوتووەکان بکاتـەوە چارەسـەری گرفتـە تەندروستیەکان و خزمەتگوزاریەکانیان بکات.

10- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەوڵەکانی خۆی چڕ بکاتەوە بۆ قەناعەت پێ هێنانی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەتا حکومەتی فیدراڵ ناچار بکات بـەپێی مـاددە دەسـتووورییەکان، ماددەی (110) بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ ئەم کێشانە.

تێبینی:
ئەمەی خوارەوە زانیاری و داتاکانن لە مەڕ تۆپباران و بۆردومانەکە:
1- ژمارەی شەهیدەکان تا ئێستا (12) شەهیدە.
2- (670) خێزانی ئاژەڵدار ئاوارە بوون لە سنووری ناحیەی سیدەکان.
3- (500 – 600) هەنگەوان هەنگەکانیان بەجێ هێشتووە.
4- نزیکەی (400) ماڵ بێستانەکانیان جێ هێشتووە.
5- (121) ماڵ لە سنووری ناحیەی وەرتێ ئاوارە بوون.
6- لە سنووری قەزای پشدەر خەڵکی گوندەکانی ناو دەشت (ئەنزەو لێوژەو کۆمتـان) ئـاوارە بوونـەو لەگـەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سـوپاس بـۆ ئێـوەی بـەڕێز، بـەڕێزان، ئێسـتا هەنـدێك وێنـەی ئـەو کارەسـاتە بەردەسـتمان کـەوتووە، دەمانەوێت بە داتاشۆ نیشانی ئێوەی بەڕێزی بدەین، پێش ئەوەی بێین گوێ لە ئێوەی بەڕێز بگرین، تکایـە فەرموو بۆ پیشاندانی، بـە تەئکیـد ئـەو وێنانـە ئـەوە نیشـان دەدات، کـە ئـەو بۆردومانـە بـۆ گیـانی خـەڵکی مەدەنییە، خەڵکی بێ تاوانی بەر دەکەوێت، نەك ئەو ئەتراقانەی کە نیزاعیان هەیە لەگەڵ یەك، ئەمـە نـە پەکەکەیە، نە پژاکە، هاووڵاتیەکی ئاسایی ئەم هەرێمەیە، کە دەیەوێت ژیـانێکی تـەبیعی بـۆ خۆیـان بەرنـە سەر، ئەم منداڵەش لەو تەمەنە کە دەبینن بە چ شێوەیەك شەهید بـووە، ئێسـتا پـاش ئـەو رەسمـە، رەسمـی

شەهید بوونەکەشی دەبینن، یان ئـەم منداڵـە ساوایە، ئـەوەش بـاوکی ئـەو منداڵانەیـە، ئـەوەش دایکـی ئـەو عائیلەیەکە شەهید بوونە، ئەمەش گشتی ئەفرادی خانەوادەکەیە، یەعنی ئەو عائیلەیە بـە بـاوك و دایـك و منداڵەکانی، ئەمەش دوای ئەوەیە کە ئەو نەگبەتیە بەسەریان هـات، ئـەم عائیلەیـەی پـێش ئێسـتا بینیتـان ئەمەیە، ئەوهایان بەسەر هێناون.

بەڕێزان، وەکو بینیتان ئەوە رەسمەکانیان بوون، یەعنی دەرکەوت کە ئەم خەڵکە بێ تاوانـە، نەتیجـەی ئـەو حیساب نەکردنە بۆ ئەم هەرێمە لە هـەموو لایەکـەوە، ئەمـە نەتیجـەی بـوو، بۆیـە تەمـەنا دەکـەین ئێـوەی بـەڕێز زۆر مـەوزوعی دیراسـەی وەزعەکـە بکـەن لـە هـەموو رووکەیـەوەو رەئـی خۆتـان بـدەن، بـۆ ئـەوەی رەئیەکی گشتی و گشت لایەنەکان، گشت نوێنەری ناو هەرێمی کوردستان دەربـارەی ئـەو وەزعـە بـە خـەڵکی خۆمان و دوەلی ئیقلیمی و دنیاو حکومەتی عێراق رابگەیەنین.

ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لیژنەی مافی مرۆڤ لە $8/23$ بەیان نامەیەکمان دەرکرد سەبارەت بە................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائـەن دانیشـە، راپۆرتتـان نـەبوو، دانیشـە رجائـەن، لێـرەوە ناوەکـان دەنووسـین، بـەڕێزان، لـە پێشـەوە دەستمان کرد بە نووسینی ناوەکان، لەبەر ئەوەی سەرۆکی فراکسیۆن و لیستەکان لـە پێشـەوەن، بـۆ ئـەوەی تـەعبیر لـە وجهـەی نـەزەری لیسـتەکانی خۆیـان بکەنـەوە، تـاکو بـۆ ئەندامـەکانیش روون بێـت، لـە دواوە دەستمان پێ دەکرد، یان لێرەوە فەرقی نییە، لەم بابەتە، لە بابـەتی یاسـاکان مەسـەلەیەکی تـرە، بـەڵام لـەم حاڵەتـەدا وامـان بـە بـاش زانـی، ئێسـتا ناوەکـان دەخوێنمـەوە، ئـەو بەڕێزانـەی کـە ناویـان نەنووسـرا بێـت، دەتوانن ناوی خۆیان ئیزافە بکەن، ئەم بەڕێزانەن (پەیمان عزالدین، ڤیان عبدالرحیم، کاردۆ محمد، دکتـۆر بەشـیر خلیـل، دڵشـاد شـەهاب، ئـەڤین عمـر، هـاژە سـلیمان، سـالم تۆمـا، دکتـۆر صـباح بـەرزنجی، عبـدالقادر بازرگان، دکتۆر احمد وەرتی، عمر عبدالعزیز، عبدالله حاجی محمـود، حمـە سـعید، بـەفرین حسـین، جیهـان اسماعیل، جلال علی، تـارا ئەسـعەدی، ئاسـۆ کـریم، ئامینـە زکـری، عظیمـة نجـم الـدین، عبـدالله مـلا نـوری، سیوەیل عثمان، کاوە محمد امین، ژیان عمـر، سمیرە گۆران، سـالار محمـود، زکیـە سـید صـالح، بـەیان احمـد، سەرگوڵ رضا، عبدالرحمن حسین، گۆران ئـازاد، فاضـل بەشـارەتی، عمـر هـەورامی، عمـر نـورەدینی، ناسـك تۆفیق، هاوڕاز خۆشناو) کەسی تر هەیە ناوی نەنووسرا بێت؟ فەرموو، شڤان احمد، تەواو، فـەرموو پـەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە زیاترە لە دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمانە، بۆ ئەو تۆپباران کردنەی کە لە ناوچە سنوورییەکان دەکرێت، پێش ئەوەی من بچمە سەر قسەکانم، حەز دەکەم ئاماژە بەوە بدەم حەقی ئەوەیە، کە ئێمە لەم دانیشتنەدا کۆمەڵێك خاڵی وازیح، یان کۆمەڵێك خاڵ لە داواکاری بڕواتە دەرەوەو ئیشی لەسەر بکەین، لە دوای ئەوە پێم خۆشە دەستخۆشی لە لیژنەی ناوخۆ بکەین، کە بەڕاستی یەکێکە لە لیژنە زۆر چالاکەکان و لە کاتی خۆیدا دەچنە جێی ڕووداوەکان، دەستیان خۆش بێت بۆ ڕاپۆرتەکەشیان، من بە خاڵی دووەمی داواکاری خەڵکەکە دەست پێ دەکەم، ئەگەر ئێمە لەو داواکارییەی خاڵی دووەمی ئەوانەوە، کە ئەگەریان داناوە، گریمانەیان داناوە، ئەگەر حکومەت نەیتوانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، ئەوان داوای حەلی بەدیلیان کردووە، ئەگەر ئێمە لەسەر ئەم خاڵە ڕابوەستین لەبەردەمی چەند ڕوون کردنەوەیەکدا، یان چەند حاڵەتێکی گرنگدا داماندەنێت، یەکێکیان لە هەرە گرنگترینیان بێ ئومێدی خەڵکی ئەو ناوچەیە لە دووبارە بوونەوەو درێژە کێشانی حاڵەتی تۆپباران کردن بەتوانای حکومەتەکەیان، کە بتوانێت پارێزگاریان لێ بکات و، بتوانن لەناوچەکەی خۆیان بمێنێنەوە، بۆیە حەلی بەدیلیان پێشکەش کردووە، کە شوێنێکی تریان بۆ دابنێت، ئەگەر سەیری بکەیت، جگە لەوەی کە حاڵەتی یەکەم وەکو باسم کرد بێ ئومێدییە بە حکومەتەکەی خۆیان، حاڵەتێکی دیکە کە لە ڕووی جوگرافی و لە ڕووی سیاسییەوە دەمانخاتە بەردەمی مەترسییەك، کە ئێمە بەهۆی نەتوانینمان بۆ داکۆکی کردن لەناوچەکانی خۆمان، حەلی بەدیلمان ئەوەیە کە ئەو ناوچانە جێ بهێڵین، لەکاتێکدا کە هەمان کێشەی ماددەی (140)مان بۆ دروست دەکاتەوە، ئێمە هەندێك ماددەی تر کە نەمانتوانیوە بەبۆنەی کۆمەڵێك قەزایەی سیاسی و دیبلۆماسی و هەرچییەکی ناو دەنێین کە ببێتەوە بە هەرێمی کوردستان، هەتاکو ئێستا لە ژێر ناوی ماددەی (140)ـە، نەمانتوانیوە بیگێڕێنیتەوە، نەمانتوانیوە هیچ ئیشێکی لەسەر بکەین، ئەگەر ئەم حاڵەتی بۆردومان کردنانەش بەردەوام بێت، دەبێت ئینجا لەجیاتی ئەوەی داکۆکی لەناوچە سنوورییەکانمان بکەین، دیفاع لەوە بکەین کە ماددەی (150)ی دەستووری هەرێم دروست ببێت، بۆ ئەوەی بۆ ئەو ناوچانە ئیسپات بکەین، کە هەرێمی کوردستان هی عێراقە، بەڕاستی ئەمە کارەساتێکی زۆر گەورەیە، کە ناکرێت ئێمە بە تەنیا بە ئیدانە کردن و بە داوا کردن کۆتایی پێ بێنین.

دێمە سەر خاڵێکی تر، کە خاڵی یەکەمی داواکارییەکانی لیژنەکەیە، لیژنەی ناوخۆ، خاڵی یەکەم/ بەڕاستی داوای ئیدانە کردن دەکات، یەعنی من دەپرسم فیعلەن وایە گرنگە ئیدانەی بکەین، بەلام ئێمە لە ئیدانە کردن زیاتر چیترمان کردووە لەم سێ کۆبوونەوە نائاساییە، بۆیە من پێشنیارم ئەوەیە کە ئەو مەسەلەی ئیدانە کردنە بەڕاستی نەبێتە کرۆکی، یان دەستپێکی ئیشەکانی ئێمە، بۆ ئەوەی دوایی لەسەر ئەوە ساغ ببینەوە، کە بە بەیاننامەیەکی ئیدانە کردن کۆتایی بە مەوزوعەکە بهێنین.

له دوای ئەوە خاڵی شەشەم، من تێبینیم لەسەر خاڵی شەشەمی داواکاری لیژنەکە هەیـە، لەڕاسـتیدا ئەگـەر ئێمە لە رووی نەتەوایەتیەوە سەیر بکەین، ئەگەر پێمان نەکرێت باشووری کوردستان ئەم هەرێمـەی ئێمـە بکەینە لایەنەیەك بۆ بەشەکانی تری کوردستان، نـەك بـۆ ئـەوەی کاری بـابلێین چـەکداری لێیـەوە ئـەنجام بدرێت، بەلاّم ناکرێت ئێمە وا بکەین کە ئەم ناوچەیەی ئێمە دابخەین لـە پارچـەکانی تـری کوردسـتان، کـە ئەم حاڵە رێك وا دەگرێتەوە، یەعنی ئێمە ئەگەر بۆ خۆمـان هەشـتاکان و نەوەتەکانیشـمان هـەتا لەبەرچـاو بێـت خـاڵی سـنوور، خـاڵی هاوبەشـە لـە بـەینی ئێمـەو وڵاتـە دراوسـێیەکاندا، نـە بـە تـەنیا ئێمـە دەتـوانین تەحەکومی پێوە بکەین بڵێین دەبێت بە تەنیا هی ئێمە بێت و، نابێت پەکەکەو پژاك لەو جێگایانە بن، کە ئەم حاڵە بە غەیر موباشیر ئەوە دەگەیەنێت، لە رووی نەتەوایەتیشەوە زەرەرێکی گەورەمان لێ دەدات، کـە پەرلـەمانی کوردسـتان بـەم خاڵـە، بـە قسـە کـردن لەسـەر ئـەم خاڵـە وا دەکـات، کـە هـەموو ئـەو بیـانوو و بەهانانەی وڵاتانی تورکیاو ئێران راست بێت و ئیعتیرافێکـی زیمـنی بـەوە بکـات، کـە فیعلـەن ئـەوان رەوایـی هەیە، لەبەر ئەوەی پەکەکەو پژاك بـابلێین کـردەوەی چـەکداری لـە سـنووری ئێمـەوە دەکـەن، بۆیـە ئـەوان حەقیانە کە بێنە ناوەوە، کە ئەو ئیتیجاهەی ئێستا، ئەو تەوەجوهەی ئێستا لـە ئاراسـتە سیاسـیەکانی هـەتا هەرێمی کوردستان و عێراق و ئەمریکاش ئێستا بەدی دەکرێت، پەرلـەمانی کوردسـتان خراپـە، خەتـەرێکی مێژوویيە ئیعتیراف بەوە بکات، جگە لەوەی کە ئەمە پێچەوانەی ئەو وێنانەیە، کە ئێستا جەنابی سـەرۆکی پەرلەمان تەعلیقی لەسەردا، کە ئەوانەی کوژراون هیچیان نە پەکەکەن، نە پژاکن، کەواتە ئـەو خاڵـە ئێمـە بە تەنیا ئەوەیـە دەستخۆشـی لـە وڵاتـی تورکیـاو ئێرانـی پـێ دەکـەین، بـەوەی کـە فیعلـەن پەکەکـەو پـژاك سەبەبی رەئیسین، بە رەئی من ئەو خاڵە لابرێت، لە هیچ شتێکی پەرلەماندا نەبێت.

دوا قسەم ئەوەیە، ئێمـە بـۆ ئـەوەی لـە مەسـەلەی داواکـاری و لـە مەسـەلەی ئیدانـە بچینە دەرەوە، هـەموو ئەوانەی کە لیژنەکە داوایان کردووە، جگە لـەو خاڵـەی کـە ئامـاژەم پـێ کـرد خـاڵی زۆر باشـن، مـەفروزە وا بکرێـت، بـەلاّم ئەمـە بـە تـەنیا بـە داوا کـردن نـەبێت، لیژنەیـەکی تایبـەت کـە ئـەرکی ئـەوە بێـت لەلایـەن پەرلەمانەوە پێك بهێنرێـت و، راسـپێردرێت کـە بـۆ خـۆی هەڵسـتێت بـە جـێ بـەجێ کردنـی ئەوانـەو، بـە گەیانـدنی ئـەو داواکاریيانـەو، وەرگرتنـەوەی وەڵامـەکان چ لـە حکومەتـە، چ لـە سـەرۆکی هەرێمـە، چ لـە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، کە خۆی مەیدانی لەگەڵ ئەوانەدا دابنیشێت، دواتر پەرلەمان لـە نەتیجـەی سەردانەکانی و ئەو وەڵامانەی پێـی گەیشـتووە ئاگـادار بکاتـەوە، بـۆ ئـەوەی بتـوانین قـەرارێکی مـەنتیقی و حەکیمانە وەربگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ڤیان عبدالرحیم کەرەم بکە.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان دوای دەستخۆشیم لە لیژنەی ناوخۆ، هەم لە خوێندنەوەی راپۆرتەکەی بەڕێزانی لیژنەی ناوخۆ، هەم لەو رووداوانەی کە رۆژانە ئێمە لە تەلەفزیۆن و لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە دەیبینین، لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو تۆپباران کردنە، یاخود ئەم پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان دەکرێت، تەنها هۆکارەکەی قەندیل و پژاك و پەکەکە نییە، بەڵکو ئەمە هۆکارێکە دەست درێژی کردنە لەسەر هەیمەنەی وڵاتێك، بەڵکو داگیر کردنی سنووری وڵاتێکی هاوسێیەتیە، کە پێچەوانەی هەموو بنەما نێودەوڵەتیەکانە، چونکە ئەمە وەکو خۆمان دەزانین سەرەتاییەکی پێش تری هەیە، لەبەر ئەوەی دیارە ئەمان خۆیان لە ئەساسەوە هەرێمی کوردستان، هەم تورکیا، هەم ئێران بە ماڵی خۆیانی دەزانن، چونکە چەندین جاری تریش لایەنە سیاسیەکان پەنایان بۆ زاڵ بوون بەسەر یەکتریدا، پەنایان بردووە بۆ هەردوو دەوڵەت، چ ئێران بێت، چ تورکیا، من دەمەوێت لێرەوە تیشك بخەمە سەر ئەوە، کە لە جەلسەی پێشوودا پەرلەمانی کوردستان بە تێرو تەسەلی قسەی لەسەر تۆپباران کردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام دوای جەلسەکە ئێمە هیچ مەوقیفێکمان لەلایەن حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە نەبینی، کە لە ئاستی ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە سنوورەکانی کوردستان دەکرێت، هیچ کام کاردانەوەیەکی وایان نەبوو، کە بتوانن ئەو پێشێلکارییانە رابگرن، کە ئەمە بەڕاستی پێشێلکارییەکە دەرهەق بە سەروەری وڵاتەکەت و دەرهەق بە مافی ژیان لەهەرێمەکە دایە، هەرچەندە ئەوە چەندین جارە ئێمە دەیڵێینەوە لە رووی یاساییەوە پاراستنی سنوورەکانمان لە ئەستۆی حکومەتی عێراقەو دواتریش لەبەر ئەوەی عێراق وڵاتێکی داگیرکراوە، یان لە ژێر بەندی حەوتدایە، دەبوایە سوپای هاوپەیمانان، یان ئەمریکیەکانیش بەشێك بوونایە لە پاراستنی سنوورەکانی ئێمە، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئەمە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەمە هۆکارێکە، یان دەتوانین بڵێین بێ دەنگی هەموو ئەم لایەنانە، هەر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و لایەن ئەمریکیەکانەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەکان لێرەوە دروست دەبێت، کە کاری ئەم تۆپباران کردنانە گومانێکمان لەلا دروست بکات، کە ئەمانە خۆیان پاڵنەرێکی تەواو بن بۆ هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیا، دەبوایە پەرلەمانی کوردستان لە دوای ئەوەی جەلسەی پێشووتر کرا، کۆمەڵێك کەس ئیشارەتیان بەوە کرد کە چەندین بەڵگەنامە هەیە، دەبوایە یەکەم کاری پەرلەمانی کوردستان لێکۆڵینەوە بوایە لەو بەڵگەنامانەو لەڕاستی و دروستی و ئیسپات بوونی بەسەر حکومەتی هەرێمدا، یان هەر کەس و لایەن و حزبێك، دەبوایە ئەمانە بەشێوازێکی زۆر توند رووبەڕووی یاسایی بوونایەتەوە، یاخود ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر شێوازێك لە شێوازەکان رێگە خۆشکەر بوو بێت بۆ هەردوو دەوڵەتی دراوسێ.................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن، وەرە سەر بابەتەکە، مەوزوعی تورکیایە، دەرمەچوو لەوە، ئەو شتانەش هەمووی کراوە، ئەوە نییە هەموو کەسێك دانیشتبێت، کەس هیچ حەرەکەیەکی نەکرد بێت، لە هەموو مستەوایەکەوە، مەوقیفی ئەمریکاش لەگەڵ تورکیایە، هەر بۆ مەعلوماتت بە رەسمی پشتیوانی لەو قەسفە دەکەن، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە ئەهمیەتی دانیشتنەکەمان هیچ نامێنێتەوە، ئەگەر پشتیوانی کردنی حکومەتی تورکیا، یان ئێران بێت، کەواتە دەبوایە یەکەم ئیشی ئێمە هەم لەسەر ئاستی عێراق، هەم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان داخستنی سەرجەم ئەو کونسوڵگەری و سەفارەتانەی ئێرانی، یان تورکیایە لە هەرێمی کوردستان، یان لە عێراق بێت، یاخود نەهێشتنی هاتنە ژوورەوەی هیچ کاڵایەکی تورکی، یان ئێرانی، یان دواتر داخستنی سەرجەم ئەو کۆمپانیایانەی کە لە هەرێمی کوردستان ئیش دەکەن، ئەی کەواتە ئێمە نەتوانین زەختێکی وا دروست بکەین کە ببێت بە فشارێك؟ ئەی کەواتە ئێمە رۆژانە هاووڵاتیمان دەکوژرێت، رۆژانە سنوورەکانمان دەبەزێنرێن؟ من دەمەوێت ئیشارەت بە یەك شت بکەم، خۆم سەردانی ناوچەکانی سنووری قەندیلم کردووە، لەلایەن هاووڵاتیانەوە بە من گوتراوە کە ئەو شوێنانەی تۆپباران دەکرێت بەهیچ شێوازێك پەکەکەو پژاکی لێ نییە، بەڵکو تەنها دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی لێیە، وەکو (چۆمان، سونێ، حاجی ئۆمەران) چەندین شوێنی تر، بۆیە بەداخەوە یەعنی پێویستە پەرلەمانی کوردستان لەمەودوا هەڵوێستێکی روونی هەبێت لە ئاست ئەم پێشێلکارییانە، ئەگەر هەر هۆکارێکی تر هەیە، پێویست ناکات دانیشتنی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار کاردۆ محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەمڕۆ تووشی، یان بڵێین هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی مەترسیدارو هەڕەشە ئامێزە، پێموایە لیژنەی ناوخۆ راپۆرتەکەیان زۆر راپۆرتێکی گشتگیرو جێگیرە، بەڵام سەرەڕای ئەوە هەندێك ئیزافە هەیە کە ئینسان پێویستە بیکات، ئەگەر ئێمە لە جەنگیشدا بین، کە پێموایە گەیاندنی شکاندنی سەروەری هەرێم و کوشتنی هاووڵاتی هەرێم دەچێتە چوارچێوەی جەنگ، چونکە ئەم هێرشانەو بەردەوامیان لەسەر خەڵکی مەدەنی هیچ پاساوێك، یان هیچ بەهانەیەك رێگایان پێ نادات کە بەم شێوەیە رەفتار لەگەڵ هەرێمێکی دراوسێ بکەن، ئەمە مەسئولیەتێکی هاوبەش دەخاتە سەر هەموو لایەك، بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەو بەرهەڵستکاریانە ببینەوە، کە رووبەڕووی هەرێمەکە دەبێتەوە، بەڵام یەکەم هەنگاو پێویستی بە رێکخستنی ماڵی خۆمانە، رێکخستنی ماڵی خۆشمان لە رێگای بینا کردنەوەی ئەو دامودەزگایانە هەیە، کە ئێمە هەموومان دەزانین هەتا لە راگەیاندنەکانیش رەنگ دەداتەوە زیاتر پەیوەندییە حزبیەکان،

یان بەرژەوەندییە حزبییەکان رۆڵیان هەیە لە هەڵوێست وەرگرتن، بۆ کۆتایی هێنان بەو کێشانە، پێویستە هەڵوێستێکی جێگرمان هەبێت، ئەوەش بەوە دەبێت، کە ئێمە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەم وڵاتانە پەیوەندی ئاشکراو شەفاف بن، عێراق لە ژێر فەسلی حەوتدایە، عێراق رێککەوتنی ئەمنی هەیە لەگەڵ ئەمریکا، بەرپرسیاریەتی هەیە، بۆیە عێراق رێککەوتنی تایبەتی هەیە لەگەڵ تورکیا، تا ئێستا پەرلەمانی کوردستان ئاگای لەو رێککەوتنانە نییە، ئایا چ بەندەك پێشێل کراوە تا تورکیا بتوانێت هێرش بباتە سەر ئێمە، یان ئێران تۆپباران بکات؟ ئەو رێککەتنە چییە؟ ئەو رێککەوتنە تایبەتانە چییە لەگەڵ ئەو وڵاتانە هەمانەو پەرلەمان ئاگادار نییە؟ یەعنی بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین رووبەرووی ئەم هێرشانە ببینەوە، یان رووبەرووی ئەو هەرەشانە ببینەوە بەشێوەیەکی قانونی، یاسایی، رێز لە یاسا نێودەوڵەتیەکانیش بگرین و، مافی میللەتەکەی خۆمان و هاووڵاتیانیش بپارێزین، پێویستە پەرلەمان ئاگای لەو رێککەوتنانە هەبێت، بۆیە بەلای منەوە گرنگە ئێمە، پەرلەمان بەدواداچوون بۆ ئەم کارانە بکات، تا ئێستا حکومەتی هەرێم دانیشتنێکی تایبەتی نەکردووە لەسەر ئەم دۆخە مەترسیدارەی لە کوردستاندا هەیە، لە کاتێکدا ئێمە چەندین دانیشتنی نائاساییمان کردووەو هەڵوێست راگەیەندراوەو بەیاننامە هەبووە، هەموو ئەوانە داوامان لێ دەکەن کە تایبەتمەندی بدەین بە دۆخێك کە مەترسی هەیە بۆ ئایندەی ئێمە، بۆ وڵاتەکەمان، بۆ هاووڵاتیانی ئێمە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە کە بیکەین، پێویستە داوا لە عێراق بکەین، یەعنی یەکەم جار پێویستە پەرلەمان خۆی وەفدێك دروست بکات بۆ سەردانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ بەدواداچوونی ئەم بەرپرسیاریەتیەی کە رووبەرووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەبێتەوە، پێویستە داوا لە وەزارەتی خارجی بکەین بانگی سەفیری تورکی بکات و، ناڕەزایی رەسمی بداتێ لەسەر کوشتنی خەڵکی بێ تاوان، یان کوشتنی منداڵێك کە پێموایە ویژدانی هەموو ئینسانێکی زیندوو دەهەژێنێت و دەتەزێنێت، لەبەر ئەوە پێویستە هەم قەرەبوو کردنەوەکەو هەم داوای لێبووردن بە رەسمی عێراق رووبەرووی سەفیری تورکی بکرێتەوە، هەروەها لە کوردستانیش کونسوڵی تورکی هەیە، پێویستە کونسوڵی تورکی نامەی ناڕەزایی و ئاگادار کردنەوەی بدرێتێ و داوای قەرەبووی لێ بکرێتەوە، یەعنی ئەم هەنگاوانە هەنگاوی عەمەلین لەبەرامبەر ئەم وڵاتانە، ئەو وڵاتانە ئێستا بەرژەوەندی ئیقتیصادییان هەیە لەگەڵ ئێرە، یەعنی بەرژەوەندیەکەش لەوە زۆر زۆر زیاترە کە بە ئاسانی بتوانن دەست بەرداری بن، لەبەر ئەوە کوردستان دەتوانێت فشاری ئیقتیصادیش بەکار بێنێت لەبەرامبەر ئەم وڵاتانە، بۆ ئەوەی پشتگیری بکات لە کارێك، کە کارێکی ناڕەواییانەی هەموو یاساو رێسا نێودەوڵەتیەکان و مافی مرۆڤیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر بەشیر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتادا دەستخۆشی لە لیژنەی ناوخۆ دەکەم و پشتگیری لە راپۆرتەکانیان دەکەم و، لەو داواکارییانەی کەوا پێشکەشیان کردووە وەکو چارەسەر، بەڕاستی منیش رەئیم لەگەڵ رەئی بەڕێزان هاوکارانم دایە، کە پێویستە پەرلەمان لە ئاستی ئیدانەو لە ئاستی ئەوانە دەربچێت، کە داوا بکات شت بکرێت، بۆ ئاستی بڕیاردان، ئەمە بەڕاستی کاری پەرلەمانە، کە بڕیار لەسەر شتێك دەدات لایەنی پەیوەندیدار، لایەنی تەنفیزی جێ بەجێی دەکات، بۆیە راستە لەوانەیە موحریج بێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە هەندێك بڕیاری سیاسی، یان بڕیاری عەسکەری دەربکات لەسەر ئەو مەسەلەیە، لەبەر هەندێك مەسائیلی دەستووری، کە لەگەڵ عێراقدا هەیە، ئەوە لەوانەیە کاری عێراق بێت، کاری دەوڵەتی فیدراڵ بێت، کاری ئێمە نەبێت، بەلاَم زۆر ئاساییە دەکرێت هەندێك کارتی ئابووری بەکار بێنین، بڕیاری ئابووری یەکلا کەرەوە دەربکەین لەسەر ئەو مەوزوعە.

بەڕێزان، ئەگەر ئێمە بزانین ئەمڕۆ لە کوردستان زیاتر لە هەزار کۆمپانیا هەیە، کۆمپانیای ئێرانی و تورکی لە کوردستاندا کاری وەبەرهێنان دەکەن، دەکرێت ئەمانە بە ئینزارێك، یان بە ئاگادار کردنەوەیەك بۆ دەوڵەتەکانیان لە کاتی بەردەوام بوونیان لەسەر ئەم هەموو تۆپباران کردنە، ئەم هەزار کۆمپانیایانە، یان زیاتریشن دەکرێت ئەمانە کارەکانیان لە کوردستان بۆ ماوەیەکیش رابگیرێت، ئەگەر نە بۆ کاتێکی بەردەوام بێت، ئەمە لەلایەك، بۆیە پێویستە بڕیارێکی لەم جۆرە لە پەرلەمان دەربچێت، کارتی ئابووری لەسەر ئەو ولاَتانە جێ بەجێ بکرێت و بەکار بێت لەگەڵیان.

خاڵێکی تر، بەڕێزان، بەڕاستی من پێموایە بە زووترین کات پێویستە چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدرێت، یەکەم/ کۆبوونەوە لەنێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، گشت فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی مەوقیفی سیاسەتی کوردی بەرامبەر بە بەغدا دیاری بکەن و گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێنن، بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی لە کوردستاندا لە ئارادایە، لەبەر ئەوە ئەوەی دەبنیرێت بەغدا ئەمڕۆ زۆر بێ خەمە لەچاو دیفاع کردن لەخاکی خۆی و لە سنوورەکانی ئێمە، بۆیە پێویست دەکات ئێمە ئەمڕۆ قیادەی کوردی و، هەروەها سیاسەتی کوردی بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە لەگەڵ بەغدا.

دووەم/ کۆبوونەوە بە پەلە بکرێت، ئەویش کۆبوونەوەیەك لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و لەنێوان حکومەتی کوردستان، ئەم دووە بە یەکەوە کۆبوونەوە ئەنجام بدەن بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەو چەند بڕیارێك سەبارەت بەو مەسەلەیە.

بەڕێزان، زۆر بە داخەوە لەم مانگە پیرۆزەدا، لە رۆژانی عارفە، کە ئێمە ئێستا ئەوە پێشوازی لە جەژنی رەمەزان دەکەین، کەوا خەڵك لە هەموو ولاَتدا خەریکی خۆساز کردن و خۆ ئامادە کردنە بۆ جەژن، بۆ ئەوەی ماڵەکانیان جوان بکەن و رێك بخەن و، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان جل پۆشیان بکەن، بەلاَم ئێمە لێرەدا

منداڵەکانمان دەکوژرێن وماڵەکانمان کاول دەبن، لەو مانگە پیرۆزەدا لەلایەن کێ؟ لەلایەن خەڵکانێکەوە بەداخەوە ئەوان داوا دەکەن کە لە وڵاتانی دیکە بچن لەوێ برسیەکان تێر بکەن، دەچن لە سۆماڵ برسیەکانی سۆماڵ تێر بکەن، بەڵام برسیەکانی ئێمەش دەکوژن بە تۆپ و تەیارە لێمان دەدەن، بۆیە ئێمە پێویستە وەکو حەقیقەتێك ئاگادار بن ئەوان، کە ئێمە بەهیچ شێوەیەك لەوان قەبوڵ ناکەین، بۆیە پێویستە نامەیەکی زۆر توند ئاراستەی دوو، سێ لایەن بکرێت:

یەکەم/ ئاراستەی ڕێکخراوی کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی بکرێت، کە ئەمڕۆ سەرۆکایەتیەکەی بە دەست وڵاتی تورکیاوەیە، کە بۆ خۆی سەرۆکی ئەم کۆنگرەیە، ئەم داوایە بکرێت، کە چۆن دەبێت وڵاتێك بەخۆی داوا بکات کەوا هەژارانی وڵاتی دیکە ڕزگار بکات، بەڵام هەژاری وڵاتی ئێمە بکوژێت.

دووەم/ نامەیەکی توندیش هەروەها ئاراستەی کونسوڵی تورکیا بکرێت لە هەولێر، داوای لێ بکرێت بە ڕوونی و بە ئاشکرا مەوقیفی خۆیان بەدیار بخەن و ئەم تۆپبارانانە ڕا بگرن، دەنا لەوانەیە مەواقیفی دیکەی بەدواوە دێت.

سێیەم/ هەروەها نامەیەکی دیکەش بۆ کونسوڵگەری ئەمریکا لە هەولێر، کە ئەویش دیسان لە پەرلەمانەوە ئاراستەیان بکرێت، کە پێیان ڕابگەیەنین ئێمە لە پەرلەماندا زۆر نیگەرانین بە مەوقیفی ئەمریکا، ئەمڕۆ واجیبێکی ئەخلاقی لەسەرە، بۆ پاراستنی عێراق بەگشتی و، کوردستان بەتایبەتی، بەداخەوە لە تەسریحێکیاندا کە لەم نزیکانە بڵاو بۆتەوە، کە دەڵێت تورکیا ماڤ خۆیەتی بەرگری لەخۆی بکات، ئەمە بەهیچ شێوەیەك لە مەوقیفی ئەوان ناوەشێتەوەو، نابێت ئێمەش ئەوە لەوان زۆر بە ئاسانی قەبول بکەین و لێی بێ دەنگ بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دڵشاد شەهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دووپات کردنەوەی هاوخەمی و هاودەردی و ڕێزو نەوازش و تەقدیر دادەنوێنین بۆ گیانی ئەو قوربانیانەو کەسوکاری ئەوانەی زیانیان لێ کەوتوونەو بوونە بە قوربانی، دەستخۆشیش لە هاوکارانم لە لیژنەی ناوخۆ و لە لیژنەی تریش دەکەین، کە لەو ڕووداوانەدا بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵستاون و لە نزیکەوە ئەو ناوچانەیان بەسەرکردۆتەوەو دیراسەی واقیعی و دروستیان لە ڕاپۆرتەکەی خۆیان خستۆتە ڕوو.

بەڕێزان، تەسەوری من وایە کە ئەم کۆبوونەوەیە، کۆبوونەوەی سێیەمە، یاخود سێیەمین جارە، ئەمە کۆبوونەوەی پێنجەمە بەشێوەیەکی نائاسایی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخەی کە بەسەر هەرێمی

کوردستاندا دێت، چ لە رووی پەیوەندییەکان و، چ لە رووی ئەو هێرش و دەست درێژیانەی دەکرێتە سەر خاکەکەی و ئەو هەرەشەی کە لەناوچەکانی تری سنووری کێشە لەسەرەکان، ناوچە کێشە لەسەرەکان دەکرێت بەسەر خەڵکی کوردستان، من پێموایە کاتی ئەوە هاتووە کەوا پەرلەمانی کوردستان زۆر بە واقیعیانەو دوور تێڕوانینی سیاسی و بەرژەوەندییە سیاسی و لایەنەکان و تێڕوانین و ململانێیە سیاسییە ناوخۆییەکان بە واقیعیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو رووداوانەی کەوا ئێستا لە گۆڕەپانی کوردستان و دەوروبەریدا هەن بکرێت، کاتێك کەوا نیدائات و خیتابات و داواکاری و ئاراستەی کردنی نامەکانیش باس دەکەین، هەڵوێست و مەوقیف و مەکانەتی سیاسی هەرێمی کوردستان و بوونی هەرێمێك لەناو دەوڵەتێکداو، بوونی ئەو هەموو هەڕەشانەی لەسەرینەو پێگەی سیاسی و یاسایی هەرێمیش بەرچاو بگیرێت و، توانای ئێمەش بەرچاو بگیرێت لەوەی کەوا ئایا ئەم هەموو داواکارییانەی کەوا ئێمە بەرەو رووی حکومەت و بەرەو رووی دەسەڵاتی چ سیاسی و چ ئیداری و چ عەسکەری لە هەرێمی کوردستاندا دەکەینەوە؟ ئایا پەرلەمانی کوردستان هەر مینبەرێکی داخوازی رێزگرتن و خستنەڕووی داواکاری و ئەرك خستنە سەر حکومەت و سەر دەسەڵاتەکانە؟ یان دەبێت واقیعیانە تواناکانیش هەڵبسەنگێندرێن؟ یان چی لەوانەی کەوا داوا دەکرێت مومکینە، چیش مومکینە تەرجەمە بکرێت بەسەر ئەرزی واقیع و لە ئەرزی واقیعدا جێگای خۆی ببینێت.

بەڕێزان، هیچ پاساوێك بە هیچ یاساو رێسایەکی نێودەوڵەتی و لە هیچ ئاینێك و لە هیچ پەیوەندییەکی دۆستایەتی و تەنانەت لە کاتی شەڕو دوژمنایەتیشدا رێگا بەوان نادات، کەوا منداڵێکی چەند ساڵە وەکو ئەو بێ تاوانەی کە ئێستا لەسەر شاشەکە بینیمان، کەوا بەبێ گوناح شەهید بکرێت لە وەختێکی وادا، یاخود عائیلەیەك، یان خەڵکی سڤیل ئەمرۆ ماڵ و سەروەت و سامانی بکەوێتە ژێر مەترسییەوە، لەگەڵ گیان و خۆشیدا، چونکە لە یاساکانی تەنانەت کە لە کاتی شەڕیشدا کاریان پێ دەکرێت، یاخود پیادە دەکرێن، یان رەچاو دەکرێن، پاراستنی خەڵکی سڤیل و خەڵکی مەدەنی، بەڵام دەبێت واقیع بینانەش لەگەڵ بابەتەکاندا مامەڵە بکەین، دیسان من دووپاتی دەکەمەوە هیچ موبەریرێك، هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەم هێرش کردنانەو، بۆ چەندین جاریش بە توندی ئیدانەو مەحکومیان دەکەین، بەڵام لێرەدا واقیعێکی تر مەوجودە، ئەم واقیعەش تکام وایە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دوور لە تێڕوانینی سیاسی و دووپاتی دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کەوا چەند لە بەرژەوەندی لایەنێك و لە بەرژەوەندی لایەنێکدا نییە مامەڵەیەکی واقیعیانە لەگەڵیدا بکەین، ئەوەی تا ئێستا وای کردووە کەوا موبەریرێك، یاخود بیانوویەك بداتە دەستی ئەو هێزو لایەنانە کەوا هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان، سەر خەڵکی مەدەنی و، تا رادەیەکیش توانیویانە ئەم موبەریرە قەناعەت بە کۆمەڵگا، یاخود بە زلْ هێزەکانی دنیاش بکەن، کاتێك کەوا ئەمریکا پشتگیری هێرشەکان دەکات، مانای ئەوە نییە کەوا ئەمریکا لەگەڵ کوشتنی خەڵکی مەدەنیی و لەگەڵ پێشێلکارییەکانی دژی خەڵکی مەدەنی و خەڵکی بێ دەسەلات و، یاخود دژی مافەکانی مرۆڤ بێتن، بەلام

مانای ئەوەیە کەوا کردارێك هەیە زۆر بەداخەوە ئەگەر راست و ئەگەر ناڕاست موبەریریێك دەداتە دەستی ئەوەی کەوا ئەم جەوە، یاخود ئەم کەش و هەوایە لە هەرێمدا دروست بکرێت و، رەواییەك بەو کێشانە بدرێت و، ببێتە پەردە پۆشیەك، پرسیار لێرە ئەوەیە ئاخۆ ئەگەر برایانی ئێمەی کورد لە پارتی کرێکاران و لە پژاك، ئەوان برای ئێمەن، ئەم خاکە خاکی هەرێمی کوردستانە، جێگای ماڵ و حەوانەوەی هەموو کوردێکە، کەش و هەوایەکی وا لێرە فەراهەم کراوە، کەوا کارێکی سیاسی ئازادانە بکرێت و، لایەنی تریش هەن کە زۆر بە راشکاوی باسی بکەین، بۆچی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی سیاسی خۆی لە هەرێمی کوردستان بەشێوازێکی سەردەمیانەو دروست و پوخت و گونجاو لەگەڵ پەیوەندییەکانـدا دەیکات؟ بۆچی بۆ پژاك مومکین نییە هەمان شێواز بگرێتە بەر؟ بۆ ئەوەی بیانوو نەدەینە دەستی ئەوەی کەوا دراوسێیەکانی ئێمە بە هیچ بیانوویەك دەست درێژی بکەنە سەر خاکی ئێمەو سەر خەڵکی ئێمە، بۆیە ئەگەر بەو مەسئوولیەتە نەتەوەییەش بێت، ئێمە رووی داواکاری یەکەممان لە برایانی ئێمەیە، کەوا ئەگەر برایەکی من حازر نەبێت رەچاوی بارودۆخی ماڵی من بکات؟ چۆن دراوسێیەکەی من حازر دەبێت رەچاوی بارودۆخی من بکات؟ بۆیە تکام وایە وا وەرنەگیرێت کەوا ئێمە دژی خوا نەخواستە خەباتی سیاسین، خەباتی سیاسی ئەو لایەنانە بە بەشێك لە خەباتی سیاسی نەتەوەی خۆمان دەزانین و، هەموو پشتگیری و پاڵپشتێکیان بۆ دووپات دەکەینەوە، بەڵام رووی داواکاریشیمان لێیان هەیە، کە دەبێت واقیعیانە مامەڵە لەگەڵ وەزعی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا بکرێت، ئەو تەجروبەی کەوا لە هەرێمی کوردستاندا هاتۆتە کایەوەو جێگای ئومێدو جێگای تێڕوانینی نەوەکانی ئێستاو ئایندەی کوردە لە هەر شوێنێکی تردا کە هەیە، دەبێت لە هەموو لایەکەوە موحاوەلە بکرێت و بپارێزرێت و، رێگاش نەدرێت بیانوویەك بدرێتە دەست، بۆ ئەوەی کەوا بەم بیانووە هێرش بکرێتە سەر هەرێمی کوردستان.

بەڕێزان، حاڵەتێکی تری جێگای نیگەرانی هەیە، کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستەی لەسەر بکات، ئەویش بەکار هێنانی ئەو وەزعەی کە ئێستا لەسەر هەرێمدا هەیە، ئەو هەموو مەترسیانەی کەوا بە تێکڕا، کە من لە کۆبوونەوەی رابردووشدا ئاماژەم پێ کرد لە شێوەی پلانێك دەچێت، ئەو تەجروبەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەداخەوە تا ئەمشەویش هەندێك لە دەزگاکانی راگەیاندن و هەندێك لە لایەنەکان ئەم تاوانکاییە، ئەم دوژمنداریە، ئەم تەعدا کردنە، ئەم بە ناحەق کوشتنی خەڵکی بێ دەسەڵاتی سڤیل بەکار دێنن، وەکو بەشێك لە ململانێی سیاسی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و بۆ دەستکەوتی سیاسی، پێشی ئەوەی من لە تورکێك بپرسم، پێشی ئەوەی لە کەسێك لە ئێران بپرسم، لە هاوکارو کەسێکی هاووڵاتی ئەم هەرێمە دەپرسم، ئایا رەوایی حەقە خوێنی بە ناحەق رژاوی ئەم خەڵکە بێ تاوانە بەکار بهێنرێت وەکو کارتێکی سیاسی و، وەکو بەشێك لەوەی کە وا نیشان دەدات و خەریکە هەندێك لە دەزگاکانی راگەیاندنی هەندێك لە لایەنەکان وا نیشانی خەڵك و دنیا دەدرێت، کەوا هیچ تاوانبارێك لەو رووداوانەدا نییە غەیری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و غەیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تێکڕای سەیری

هەندێك لە راگەیاندنەکان بکە لـە دەرئەنجامـدا وا هەسـت دەکرێـت کـەوا ئێمـە موسـەببی ئـەوەین و ئێمـە دەستی خەڵکمان راکێشا بێت بێن خەڵکی ئێمە بکوژن و بێن ناوچەی ئێمە تۆپباران بکەن، بـێن بـارو ژیـان، لەلایەکەوە ئەمـە دەڵێن، لەلایـەکی تریشـەوە کۆمـەڵێك داواکـاری ریـز دەکەنـەوە، دەڵێن دەبێـت حکومـەت ئەمەو ئەو و ئەوە بکات.

بەڕێزان، من دەمەوێت زۆر بە راشکاوی قسە بکەم، رۆژێك لە رۆژان کە هەواڵێك بلاّو بۆوە لەسەر داواکـاری تاڵەبانی و بارزانی تۆپبارانی هەرێمی کوردستان لەسـەر هـەرێمی کوردسـتان راگیـراوە، لـە کەناڵـەکانی سـەر بە حزبەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا خەڵکیان هێنایـە سـەر شاشـە دەڵێن ئەمـە دەلیلـە لەسـەر ئـەوە، یاخود ئیتیفاقێك هەبووە لەسەر ئـەوەی کـەوا هێـرش بکرێتـە سـەر هـەرێمی کوردسـتان، ئـەگینا چـۆن بـە قسەی تاڵەبانی و بارزانی هێرش کردن رادەگیرێت، ئەمە کەی رەوایـە؟ کـەی ئەمـە مامەڵـە کردنێکـە؟ کـەی ئەمە دروستە، هێشتا ئەوە هەڵوێستی ئێمە بێت لەگەڵ رووداوەکاندا؟ ئێمە خوێنی ئـەم منداڵـە بـە ناحـەق رژاوە وەکو کارتی فشار لە ململاّنێی سیاسی ناوخۆییە بچووکەکانی هەرێمدا بـەکار بێـنین، ئینجا داواشمـان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لە ئەمریکاو لە ئێران و لە تورکیاو لە خـەڵکی تـر بێت، کـەوا دەبێـت رەچـاوی بارودۆخی ئێمە بکەن، کەی ئەم وەزعانە بوونە سەبەبی هەندێ ئەوەی لە عینادییە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەلاوە بدرێن و دەست پێشخەرییەك بکرێت بـۆ کۆبوونـەوەی پێـنج قـۆڵی و دە قـۆڵی و چـەند قۆڵییـەکانی هـەرێمی کوردسـتان بگوترێـت، ئـەم خەتـەرە نەتەوەییـە، ئـەم خەتـەرە نیشـتمانییە گەورەترە لە داخوازییە حزبیەکانی ئێمە، گەورەترە لە ململاّنێیە سیاسیەکانی ئێمە، با بچین ئێمـە لەسـەر مێز دابنیشین بیر لـە ئاینـدەی نەتـەوەی خۆمـان بکەینـەوە، جـارێ هەنـدێك لـە کێشـەکانی خۆمـان بـەلاوە بنێـنین، ئەمانـە ئینتیـزاری خـەڵکی کوردسـتان بـە راشـکاوی لەگـەڵ خـەڵکی خۆمـان بـدەین، ئەمانـە لـە دەسـەڵاتەکان و لەلایەنـەکان و بـە دەسـەڵات و بـە ئۆپۆزسـیۆن و لایەنـە سیاسـیەکان و تەنانـەت بـە راگەیاندنەکانیش جوداتر لەوەی کە ئێمـە رووی داواکاری بکەینـە خـەڵکی تـر، جارێ بـا ئێمـە ئەرکـەکانی خۆمان جێ بەجێ بکەین دەرهەق ئەوانەی کـە هەیـە، بۆیـە ئەگـەر لـە شـێوەی داواکاریش بێت لـە چـەند خاڵێکدا بە پوختی دەیخەینە روو، دەست بـەجێ داوا دەکـەین کـەوا ئـەو هێرشـانەی دەکرێنـە سـەر خـەڵکی مەدەنی، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کەوا خەڵکی گوندنیشینی لێیـەو دوورن لـە هـەموو هێزێکـی ئـەو لایەنـە چەکدارانەی کەوا من باسم کردن رابگیرێن و هیچ پاساوێك و بیانوویـەك نییـە بـە هـەموو ئـەو گوتنانـەی کەوا هاوکارانم لەپێش مندا باسیان کرد، بۆ ئەوەی خوێنی ئەو خەڵکە بە ناحەق بڕژێت و، بـە راشکاویش دووپاتی دەکەمـەوە پشـتگیری خـەباتی سیاسـی لایـەنی کـوردی کوردسـتانیەکانی پارچـەکانی تـری هـەرێمی کوردستان دەکەین، بەلاّم رووی داواکاریشمان لێیان هەیەو، چاوەڕوانیشمان لێیان هەیە، کەوا ئەوان لـە هـەر خـەڵکێکی تـر زیـاتر پەرۆشـی تەجروبـەی نەتەوەکـەی خۆیـان و هـی میللەتەکـەی خۆیـان بـن لـە هـەرێمی کوردستان.

خاڵی سێیەمم/ یەکخستنی ریزەکانی ناوخۆیی هەر لایەنەکانی هەرێمی کوردستانە، بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەلآت و بە لایەنەکانی ترو بە هەموو نەتەوەو بە هەموو ئاینەکان، چونکە ئێمە یەك چارەنووسمان هەیە، کاتێك وەزعی هەرێم تێك دەچێت، وەزعی هەرێمی کوردستان لە هەموومان تێك دەچێت و، بەرژەوەندییەکانیشی بۆ هەموو لایەکە، بۆیە دەست بە جێ داوا دەکەین هەرچی زووە هەموو خیلافێکی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەلاوە بندرێت بەرامبەر ئەم مەترسیانە کۆبوونەوەکانی هەمە لایەنە دەست پێ بکاتەوەو، کار بۆ ئەم مەسەلەیە بکرێت، رووی داواشمان هەم داواکاری لە دەزگاکانی راگەیاندن و، هەمیش هەرچی بەپێی یاساکان دەکرێت، کەوا رێگا لەم مەسەلەیە بگیرێت، ئەم خەتەرە نەتەوەیی و نیشتمانییە لە هەندێك لە دەزگاکانی راگەیاندن تاکو بەشێکی ململآنێی سیاسی بەکار بێت و کەش و هەوایەکی وا لە هەرێمی کوردستاندا دروست بکرێت، کەوا ئەو هەموو زوڵمەی خەڵك لە ئێمە دەکات، ئینجا خۆمان وا نیشانی خەڵکی خۆمان بدەین، کە ئێمە زاڵمین لەگەڵ خۆمان و، لە هەمان کاتیشدا پشتگیری هەموو ئەو داواکارییانەی کە لە راپۆرتی لیژنەی ناوخۆدا هاتووە، بەتایبەتی ئەو هەنگاوانەی کەوا پێویستن و ئەو هەنگاوانەی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە دەبێت هەنگاوی بۆ بنرێت و، دوا خاڵیشم ئەوەیە کەوا چەندین جارە ئێمە لە دانیشتنەکاندا باسی ئەوە دەکەین، کە لیژنە پێك بێت، بەرێزان، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان خۆی لە لیژنە پێك هاتووە، لیژنەمان بۆ هەموو بوارێك هەیە، ئەندامانی هەموو فراکسیۆنەکانیش بەپێی رێژەی خۆیان تەواجودیان لە هەموو لیژنەکاندا هەیە، من باوەڕ ناکەم گرفتی کار کردنی کاری پەرلەمانی ئێمە لەسەر ئەوە وەستا بێت، ئێمە لیژنەی تر دروست بکەین و هەر خەریکی لیژنە دروست کردن و لیژنە هەڵوەشاندنەوە بین، لیژنە هەن، لیژنەی پەیوەندیدار هەن هەموو ئەندامانی پەرلەمانی تێدایە، هەموو ئەندامانی فراکسیۆنەکانیشی تێدایە، وەکو چۆن لیژنەی ناوخۆ بەهەموو کارەکانی خۆی هەڵدەستێت و بەبێ ئەوەی هیچ لیژنەیەکی تری بۆ دروست بکرێت، کاتێك رووداوێك روو دەدات خۆیان کۆ دەبنەوەو بەکاری خۆیان هەڵدەستن، ئەوهاش لیژنەکانی تر دەتوانن بەکارەکانی خۆیان هەڵبستن، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە تەفعیلی کاری لیژنەکان بکرێت، هەر یەکە لەبواری خۆیدا بەدواداچوون بۆ ئەم هەنگاوانە بکات و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئەڤین عمر کەرەم بکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سەرەتا من بە توندی ئیدانەی ئەم کارە تیرۆریستیە دەکەم، ئەم هێرشە کە دەکرێتە سەر خەڵکی سڤیل و بێ تاوانی ئێمە لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر بێتو لە کاتی شەڕیشدا بێت، بەڕاستی ئەگەر ئێمە لە

**حاڵەتی جەنگیشدا بین لەگەڵ هەر وڵاتێکی تردا، باوەڕ ناکەم هیچ عورفێك و هیچ یاسایەك بوار بە لایەنی تر بدات، کەوا خەڵکی سڤیل و خەڵکی بێ تاوان و منداڵ و ژنی بێ تاوان بەم شێوە دڕندانە بکوژێت و تیرۆریان بکات.**

**ئێمە لە مانگی ڕەمەزاندا، لەم مانگە پیرۆزەدا وەکو بەڕێز کاك دڵشادیش ئاماژەی پێ کرد پێنجەم جارە کە دانیشتنی نائاسایی دەکەین بۆ ئەو مەسەلانە، یاخود سەبارەت بەو مەسەلانەی کە باسی تیرۆری تیایە، باسی هێرش کردنە سەری تیایە، باسی کوشتنی بێ تاوانی خەڵکی هەرێمی کوردستانی تیایە، بۆیە دیارە ئێمە بەڕاستی وەکو هەرێمی کوردستان بەرامبەر هەڕەشەین، لە بەرامبەر تۆقین و ترس و راوە دوونانین، بۆیە دەبێت بە جددی و بە واقیعی پەرلەمانی کوردستانی ئێمە ئەمڕۆ دوور لەهەموو عاتیفەیەك، دوور لە هەموو خیتابێکی سیاسی، دوور لەهەموو پەخشان و تراژیدیایەك ئێمە باسی واقیعی هەرێمی کوردستان بکەین و، بۆ ئەوە بگەڕێین بە چ شێوەیەك ئێمە بتوانین چارەسەری ئەم گرفتە بکەین، کە ئێمە بەدەستیەوە دەناڵێنین و وادیارە رۆژ بە رۆژ زیاتر دەکات، کەمتر نابێت، هەموومان دەزانین بەپێی عورف و دەستوورو یاسا نێودەوڵەتیەکان، هەموو هەرێمێك لە هەموو وڵاتێکی فیدراڵیدا مافە دیبلۆماسیەکانی دیاری کراوەو مەحدودە، هەروەها ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان لێرەدا هەموومان دەزانین کە مافە دیبلۆماسیەکانی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێداو لەگەڵ هەموو جیهاندا مافەکانمان دیاری کراو و مەحدودە، ئێمە لەوە زیاتر بۆمان نییە پێی خۆمان بۆ شتی تر بنێین و هەنگاو بۆ شتی تر بنێین، بۆیە دەبێت ئەمە بەڕاستی و بە جددی ئێمە بە واقیعی مامەڵە لەگەڵ ئەم کارە بکەین، هەروەها نەك توانا دیبلۆماسیەکانمان دیاری کراوە، بەڵکو توانا سیاسیەکان و سەربازییەکانیشمان دیاری کراوە، بۆیە ئێمە ناتوانین خۆمان لەو قەوارەیە دەربکەین و باسی شتی گەورەتر بکەین، کە ئێمە پێمان ئەنجام نادرێت، ئەو کارەمان پێ ئەنجام نادرێت، بۆیە من بەڕاستی داوا دەکەم لە هەموو لایەنە سیاسیە کوردیەکانی ئێرە، بەتایبەت هەموو دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و هەرچ کێشەیەك هەیە لەنێوان لایەنێکی سیاسی، ئەمڕۆ هەموو کێشەکانمان بەلاوە نێین، هەموو ناکۆکیەکانمان بەلاوە نێین، ئایدۆلۆجیاو خوێندنەوە جیاوازەکانمان بۆ بارودۆخەکە بەلاوە نێین، یەك ریزی ئێمە ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێك پێویستترە، یەك ریزی و یەك دەنگی ئێمە لە هەموو کاتێك و لەهەموو ساتێك ئەمڕۆکە پێویستترە، بۆ ئەوەی بتوانین پاراستنی خەڵکی سڤیلی خۆمان بکەین، کە ئێستا بەڕێزتان نیشانی ئێمەتاندا کە بەچ شێوەیەکی دڕندە دەکوژرێن و سەر دەبڕێن، هەروەها ئەوەی کە جێگای گومان و داخە لەلای ئێمە، ئێمە هەرێمێکین لە عێراق، عێراقیش دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، بەڵام ئەم بێ دەنگیەی حکومەتی عێراقی دیارە جێگای گومانەو باسیش کراو باسیشی دەکەینەوە، کە جێگای گومانە لەلای هەموومانەوە، لەلای هەرێمی کوردستان، لەلای هەموو تاکێك و هەموو خەڵکێکی ئەم هەرێمە، کە بڵێین ئایا حکومەتی عێراق ئەگەر ئێمەی وەکو هەرێمێك لە بەشێك لە خاکی خۆی داناوە، کاتێك سنوورەکانی ئێمە بۆردومان دەکرێت بۆچی بێ دەنگە؟ ئەمە لەلای ئێمە جێگای گومانە، بۆیە من داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم و، ئێمە لەم بەیاننامەی خۆماندا زیاتر جەخت**

لەسەر ئەوە بکەینەوە کە پەیوەندییەکانی خۆمان لە ڕێگای پەیوەندی خۆمانەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حکومەتی عێـراق زیـاتر جـەخت لـەوە بکەینـەوە، کـە زیـاتر هەوڵـە دیبلۆماسـی و سیاسـی و هـەر هەوڵێکی تریان هەیە بیگرنەبەر، بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لەم کارەو لەم شێوە خەرقی سیادەو سنوورەکانی هـەرێمی کوردسـتان، هـەروەها ئێمـە کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتی و نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـە ڕەسمـی ئاگـادار بکەینەوە، لەم پەرلەمانە بە بەیانێکی ڕەسمی ئاگاداریان بکەینەوە بۆ ئەم دیکۆمێنتانـەی کـە ئـەمڕۆ عـەرز کرا هەمووی بە ڕەسمی نیشانی ئەوان بدەین، کە ئێمە لە حاڵەتی جەنگدا نین، بەڵام خـەڵکی سـڤیلی ئێمـە بەم شێوەیە دەکوژرێت و بەم شێوەیە تەشویە دەکرێت، هەروەها ڕێگا یاسایەکان بگیرێتە بەر، بـۆ قـەرەبوو کردنــەوەی ئــەو خەڵکــەی کــە زەرەری گیــانی و مــاڵی لــێ کەوتۆتــەوە، چ لــە ڕەزو باخــەکانیان، چ لــە هەنگەوانەکانیان ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنـەی هاوبەشـدا هـاتووە، دیـارە ئـەو ژمارانـەی کـە بـاس دەکـرێن ژمارەی گەورەن، دەبێت ئێمە لێرە بەڕاستی کار بۆ ئەوە بکەین بە ڕێگەی یاسـایی قـەرەبووی ئـەو خەڵکانـە بکرێتەوە، لەلای ئەو کەسانەی کەوا زەرەریان پێ گەیاندووە، لـەلای ئـەو کەسـانەی کـەوا هێرشـیان کردۆتـە سـەریان، هـەروەها هانـدانی هـەموو میـدیا لۆکـاڵ و جیهانیـەکان بکـەین، بـۆ ئـەوەی بـێن ڕوو مـاڵێکی ئـەم کارەساتانە بکەن، بۆ ئـەوەی بـێن لـە نزیکـەوە خۆیـان چاویان بـەم کارەساتە بکـەوێت، چـونکە لـە سـەدەی بیسـت و یەکەمـدا خـەڵکی ئێسـتا وا شـۆڕش بـۆ ئـەوە دەکـات کـە ئـازادی وەربگـرێت لـە جیهانـدا، ئێمـە وا خەڵکەکـەمان بـە ناحـەق خـوێنی دەڕێـژرێت، هـەروەها داوا لـە برایـانی کوردەکـانی خۆمـان دەکـەین چ لـە پەکەکەو چ لە پژاك بە هەرێمی کوردستان، بەڕاستی ئێمە لەلایەن وەکو چۆن دەڵێی نەتەوەییەوە پشتگیری ئەوان دەکەین، ئەوان برای ئێمەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بـا ئـەوان ململانێـی سـەربازییەکانی خۆیـان لـەناو هەرێمی کوردستاندا نەکەن، تـاکو ئێمـە بـبین بـەو جێگـاو مۆڵگایـەی کـەوا ئێسـتا بـەم شـێوەیە ڕەفتارمـان لەگەڵدا دەکرێت و، ئێمەش توانای ئەوەمان نییە کەوا ئەو بەرگرییەی پێویستە بیکەین لە خۆمانی بکەین، ئەو مەوقیفـەی ئێمـە، ئـەو حاڵەتـەی ئێمـە بەرچـاو بگـرن و تەقـدیری زرووفی هـەرێمی کوردسـتان بکرێـت، هەروەها وەکو گوتم تکام ئەوەیە کەوا ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا بە وتارێکی سیاسیەوە، بە یەك خیتابی سیاسیەوە بەرەنگاری لەم کێشە گەورەیە بکەین، کە ئێستا بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەخێرهاتنی ئەو خوشـکە بەڕێزانـە دەکـەین، کـە لـە بـاکووری کوردسـتان و لـەناو هەرێمی کوردستاندا هاتوونە بۆ ئەم دانیشتنەو گوێ بگرن و بڕۆنە ئەو شـوێنەی کـە ئـەو منداڵـە سـاوایەو ئـەو عائیلانـەی کـەوا شـەهید بوونـە، دەنگیـان بگەیەنـە شـوێنەکانی تـر، دووبـارە زۆر زۆر بـەخێرهاتنتان دەکەین، کە لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتوونە.

بەڕێزان، ئێمە کە دەڵێین واقیعی دیراسـەی وەزعەکـە بکـەین، مانـای ئـەوە نییـە ئەوەنـدە بـێ دەسـەڵاتین هیچمان لەدەسـت نایـەت، ئێمـە خـاوەنی میللـەتێکین، میللـەتێکی زۆر لـە (45) ملیـۆن زیـاترین، هـەموو

توانایـەكمان هەیـە، بـەلاّم ئێمـە كـە وەخـتێ دەمانـەوێت بـەواقیعی دیراسـەی وەزعەكـە بكـەین، بـۆ ئـەوەی تەجروبەی ئێمەو عیلاقاتی ئێمە لەگەڵ جیرانەكان بە ئاشتی بـەرەو پـێش بچێتن، كـە پێشـتر لـەو ولاّتـەی ئـەمڕۆ ئێمـە بۆردومـان دەكـات و خۆیـان باسـی تەجروبـەی دیموكراتیـان دەكـرد، خۆیـان باسـی كرانـەوەی دیموكراتیـان دەكـرد، بـۆ چارەسـەری كێشـەكان، ئێمـە هەوڵمانـدەدا عیلاقـاتی خۆشمـان هـەبێت، عیلاقـاتی باشمان لەگەڵ یەك ببێت، دەمانەوێت ئەم عیلاقەیە تێك نەچێت، ئەوانیش موراعاتی ئێمە بكـەن، ئێمـەش موراعاتی ئەوان ئەكەین، بە هەموو لایەكیش موراعاتی ئەو تەجروبـە دیموكراتیـە بكـەین، نەتـەوەی كـورد نەتەوەیەكە هێزی خۆی هەیە، هێزی هەموو میللەتیك لە هەموو چـەكێك بـەهێزترە، مانـای ئەوەنیـە دوو تەیارە یـان دوو تـۆپ ئینهیـارت پـێ بكـات، قـەت میللـەتی ئێمـە نـە ئینهیـاری كـردووە، نـە ئینهیـار دەكـات، ئـەتوانێ شـتیش بكـات، ئـەتوانێ زۆر شـت بكـات، بـەلاّم ئێمـە ئەمانـەوێ بـە ئاشـتی لـە مەنتیقەكـە بـژین، دەستمان لەگەڵ دەستی هەموو لایەك بێ، ئەو لایەنانەش كێشەكانی خۆیـان لـەناو خۆیـان چارەسـەر بكـەن، بەڕێگایەكی ئاشتی، بە توندو تیژی هیچ كێشەیەك چارەسەر ناكرێ، ئینجا بە تۆپ لێ بدرێت، بە سـاروغ لێ بدرێت، شاخەكان بە بلـدۆزەر تـەخت بكـات، مـومكین نیـە كێشـەیەكی سیاسـی لـە شـوێنێك هـەبێ، بـە زۆر چارەسەر بكرێ، ڕەنگە چەند كەسێك بكوژرێت لێرەو لـەوێ، بـەلاّم نـاكرێ، زروفـی نـاو خۆشمـان ئێمـەش ولاّتەكەمان شوێنێك بێ هەموو كەسێ حیسابی بۆ بكات كە شـوێنێكی ئاشـتیە، لەوێنـەوە تەهدیـدی خـەڵك ناكرێ، خەڵك ناكوژرێ، موبارەزەی سیاسی ئـەكرێت، بـۆ ئـەو هەدەفـەی ئـەو لایەنانـەی كـە ئەیانـەوێ، زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە سلیمان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا دەست خۆشی لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ دەكـەم، بـەلاّم مـن پرسـیاری ئـەوەم هـەبوو نـازانم ئێمـە وەكـو لیژنـەی مـافی مـرۆڤ كـە لیژنەیـەكی مەعنیـە بـەو كێشـانە، بـۆ ئاگـادار نەكرابووینــەوە بـۆ سـەردانی ئـەو ناوچـانە؟، بـەڕێزان وەكـو ئاگـادارین ماوەیەكـە هـەرێمی كوردسـتان، بەرەنگاری چەند توندو تیژیەك و چەند دەست درێژیەك لە لایەن ئەو ولاّتانـەی دەوروبـەری دەبێتـەوە، چ بە تۆپ باران كردن یاخود بەوەی كـە لـەو دواییـە لـە شـەوی حەڤـدە لەسـەر هـەژدە حكومـەتی توركیـا بـە فڕۆكە جەنگیەكانی هێرشی كردە سەر چەند ناوچەیەكی هەرێمی كوردسـتان، كـە لـە ئەنجامـدا بـووە هـۆی شەهید بوونی چەند هاوولاّتیەك و چەند خەڵكێك ئاوارە بوون لـەو نـاوەدا، بەڕاسـتی مەسـەلەی بۆردومـان كردنی فڕۆكە جەنگیەكانی توركیا، یاخود تۆپ باران كردنی حكومـەتی ئێـران بـۆ ناوچـە سـنووریەكان، بـە هەرپاساوێك بێ، پاساوی یاسایی نین، ئەمە دەست درێژی كردنە بۆسەر سنووری ولاّتێك كە بەڕاستی چەند ڕێكەوتننامەیـەكی مـۆر كـردووە، لەگـەڵ ئـەو ولاّتانـە كـە ئـەبێ ڕێـز لـە سـنوورەكانی یـەكتر بگـرن، ئەگـەر مەسەلەی تۆپ باران كردنەكان یاخود هێرش كردنی فڕۆكە جەنگیەكان بۆسەر هەرێمی كوردستان ئەوەبێ، كە بە پاساوی بوونی هێزەكانی پەكەكە بێ لە هەرێمی كوردستاندا، بەڕاستی بوونی پەكەكـە مەسـەلەیەكی

نەتەوەییە پەیوەندی بە ولاّتی تورکیاوە هەیە، کە ئەبێ لە ڕێگای چارەسەری دبلۆماسی، لە ڕێگای ئەوەی کە بتوانێت لەگەڵ ئەو لایەنە نەیارانەی خۆی گفتوگۆ بکات و بگات بە ئەنجامێك، بەڕاستی ناکرێت حکومەتی تورکیا خۆی لەوە بدزێتەوە کە نەتەوەیەك هەیە بەناوی نەتەوەی کورد، کە لە ولاّتی تورکیا دادەنیشن، هەموو ئەو مافانەی پێ ڕەوا ببینێت کە مافی خۆیانە چ لە مافی قسە کردن بە زمانی کوردی، چ لە کەلتوری خۆیان، لە هەموو مافەکانی تر کە ئەو مافانەیان بداتێ، بەراستی حکومەتی تورکیا زۆر سەیرە پێش ماوەیەك داوای لە حکومەتی سوریا کرد، کە هاوولاّتیانی خۆی نەچەوسێنێتەوە، ئەو خۆپیشاندەرانەی کە بەرامبەر بە دەسەلاّتی سوریا خۆپیشاندان دەکەن، داوای لێ کرد کە ئەو پێشێلکاریانە بەرامبەر بە هاوولاّتیانی خۆی ڕابگرێ، لە کاتێکدا ئەو خۆی پێشێلی مافی مرۆڤ دەکات، دەست درێژی دەکاتە سەر ولاّتێکی تر، پێشێلکاری بە مافەکانی مرۆڤ دەکات، ئەوەی سەیرە لێرەدا بەڕاستی ئەوەیە کە هەریەك لە حکومەتی عیراق، هێزەکانی هاوپەیمانان تاوەکو ئێستا هیچ هەڵوێستێکیان لەو بارەیەوە نەنواندووە، چونکە بەراستی من لە دانیشتنەکانی پێشوشدا باسم کرد، عیراق تاوەکو ئێستا لە ژێر بەندی ماددە (7) ی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە، واتە پاراستنی سنوورەکانی دەکەوێتە ئەستۆی هێزی هاوپەیمانان، کە تاوەکو ئێستا ئەوان بێ هەڵوێستن و دەنگیان نەکردووە بەرامبەر بەو پێشێلکاریانە، بەرامبەر بە پێشێلکاری سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها بە هەمان شێوە ولاّتی عیراقی بە پێی دەستووری عیراقی، بە پێی ماددەی (110) لەدەستووری عیراقیدا، پێویست دەکات کە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن دەسەلاّتی ئیتیحادیەوە بپارێزرێت، بەلاّم تاوەکو ئێستا حکومەتی عیراق هیچ هەڵوێستێکی لەو بارەیەوە نەبووە، بەڕێزان لە ڕووداوەکانی ناوچەکە و ڕاپەڕینە یەك لە دوای یەکەکانی گەلانی ناوچەکە بۆ گۆڕانکاری لە شێوازی سیستەمی سیاسی، ئەنجامدانی چاکسازی و گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵك، زەنگێکی وریا کەرەوەیە بۆ تێکڕایی حوکمڕانەکانی ناوچەکە، بۆ دەست نیشان کردنی کێشە سەرەکیەکان و، گەڕان بە دوای چارەسەری لۆجیکی و واقعیانە بۆ کێشەکان، دوور لەزمان و ڕەفتارو کرداری بەهیچ نەزانینی بەرامبەر و بیر کردنەوە تەنها لە چارەسەری سەربازی، کە وانەکانی مێژوو پوچەڵی کردوونەتەوە، بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە هەڵوێستی خۆمان لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینەڕوو، 1/ بە توندی ئەو هێرشانەو کوشتنی هاوولاّتیان ئیدانە دەکەین، 2/ بە هەموو شێوەیەك داکۆکی لەسەرەوەری کوردستان دەکەین، 3/پێویستە بە زووترین کات کاری جدی بکرێت، بۆ ڕاگرتنی دەست درێژیەکانی سەر سنوور، بۆیە پێویستە هەوڵی سیاسی و دبلۆماسی لەسەر ئاستی نوێنەرایەتی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت بخرێتەگەڕ، 4/ پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووداوەکان تۆمار بکرێت، لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوەی عیراق، لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سکالاّ تۆمار بکرێت، بە مەبەستی ڕاگرتنی دەست درێژیەکان، 5/پێویستە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان، وەکو چۆن لە زۆر لە کێشەکانی پێشووتردا، کێشەکانی ڕابردوودا ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە، ئێستاش سنوورێك بۆ ئەم دەست درێژیانە دابنێ، 6/ بەهەست کردن بە بەرامبەر بە ڕووداوەکان و مەترسیەکانی سەر خەڵکی

کوردستان و یەکخستنی هەڵوێستەکان، جەخت لەسەر بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەینەوە، 7/ قەرەبوو کردنەوەی ئەو خەڵکانەی کە زەرەرمەند بوون لەم هێرشانە لە لایەن حکومەتی عیراقەوە، 8/ ڕێ و شوێنی تەندروست و خزمەتگوزاری بگیرێتەبەر بۆ ئەو هاوولاَتیانەی کە ئاوارە بوون لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان، 9/ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە بکات بۆ ئەو پەیوەندیە بازرگانی و ئابووریانەی کە لەگەڵ حکومەتی تورکیا هەیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سالم تۆما کەرەمکە.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ولاَتێکی فرە نەتەوەیی یاخود فرە ئاینی، کێشەی سیاسی شتێکی زۆر سروشتیە بەقەناعەتی من، بەلاَم پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز و توندو تیژی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، ئەوە ناتەبیعیە، بەتایبەتی ئەگەر کاردانەوەی هەبێ لەسەر ولاَتە دراوسێیەکان، یاخود خەڵکی مەدەنی بێ تاوان و بێ دەسەلاَت ببێتە قوربانی، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان، بە قەناعەتی من، قەت هێز و پەنا بردنە بەر توندو تیژی نەبۆتە ڕێگا چارەیەك بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان، ئێمە وەکو گەلی کلدانی، سریانی، ئاشووری، لیستی ڕافیدەین بە توندی ئیدانەی ئەم کارانە دەکەین، ئێستا لە دێکانی سەر سنووری کوردستان لەگەڵ تورکیا ئەنجام دەدرێ، بۆردومان دەکرێت و خەڵکی بێ تاوان و بێ دەسەلاَتی تیا دەچێت، بۆیە من دەست خۆشی لە لیژنەی ناوخۆ دەکەم بۆ ئەرك ماندوو بوونیان، ڕاپۆرتێکی باشیان ئامادە کردووە، پێشنیاری زۆر باشیان پێشنیار کردووە، پێم باشە ئەو پێشنیارانە ببنە بنەما بۆ کارکردن، بە هەند وەربگیرێن، بنەما بۆ کارکردن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز صباح بەرزنجی کەرەمکە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سلاَو و ڕەحمەتی خودا بۆ سەر گیانی شەهیدان، شەهیدانی بۆم بارانی فڕۆکەکانی تورکیا، داوای دارژانی بارانی سەبر و ئارامی بۆ سەر دڵی کەس و کار و خەڵکی کوردستان دەکەم، پاشان دەست خۆشی لە بەڕێزان لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان دەکەم بۆ ئەو ڕاپۆرتە تێرو تەسەلەی کە نووسیویانە، ئەمە یەکەمجار نیە کە فڕۆکەکانی تورکیا پەلاماری خەڵکی کوردستان دەدەن، پەلاماری خاك و سنووری هەرێمی کوردستان دەدەن، هەر بەهانەیەك کە دێتەوە بۆ پەلامار، بەڕاستی بەهانەیەکی نا

بەجێیە، چونکە بەڕاستی ڕێکاری گونجاو هەیە بۆ چارەسەر کردنی هەموو کێشەو گیرو گرفتەکان لە نێوان دەوڵەتان، لـە نێـوان لایەنــە سیاسـیە نەیارەکانـدا، ئـەم کردەوانــە یـەعنی زیـاتر ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو سـەردەمانەی کـە مـەنتقی هێـز حاکم بـوو لەسـەر دونیـادا، ئێستا مـەنتقی گفتوگۆ و دیـالۆگ خـۆی فـەرز کردووە بەسەر هەموو کەسێك، لە هێزێکی گەورە هەتا هێزێکی بچووك، هەر هەموویان ئـەبێ پـەنا بەرنـە بـەر دیـالۆگ و گفتوگـۆ کـردن و ململانـەی ئامانجدار، ئـەم کردەوانـەی کـە وڵاتـی تورکیـا ئـەنجامی دەدات، بەڕاستی پێچەوانەی هەموو یاسایەکی زەمینی و ئاسمانیـە، پێچەوانەی ئەحکامـەکانی شـەریعەت و قـانونی نێودەوڵەتیـە، پێچـەوانەی نـەریتی دراوسـێیەتی و بنـەماکانی ژیـانی ئینسانیە لـەم سـەردەمە، پێچـەوانەی هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤە، پێموایە هەموو وڵاتان مولتەزمن بەو پەیماننامەو میساقە نێودەوڵەتیانـەی کە لەو بارەیەوە هەیە، جگـە لـەوەی کـە زەرەرو زیـانێکی مـاددی و مەعنـەوی زۆری لێ کەوتۆتـەوە، لایـەنی ژینگەیشی خستۆتە مەترسیەوە، کە بە پێی ئەو ئامارانەی کە ئێمە لە ڕاپۆرتەکە بینیمان، یـەعنی هـەرکام لەمانە ئەوەیە کە ویژدانی مرۆڤایـەتی ڕابچـەنێ، بێتـە جـواب لەسـەر ئـەم مەسـەلەیە، یـەعنی وەکـو چۆن ئێستا ئێمە هاوسۆزین لەگەڵ وڵاتانی تر، لەگەڵ خەڵکی لیبیا، لەگەڵ خەڵکی سوریا، لەگەڵ خەڵکی سـۆماڵ، پێویسـتە هاوسـۆزیش بـین لەگـەڵ خـەڵکی کوردسـتان لـە هـەموو پارچـەکانی کوردسـتاندا، ئـەم مەوزوعـە بەڕاسـتی بـۆ ئەوەشـە کـە گفتوگـۆی تێروتەسـەل و جـدی لەسـەر بکرێـت، لـە ئاسـتی گـەورەتر و فـراوانتر، پەرلەمانی کوردستان دەورێکی میحوەری و جومگەیی ببینێت لە مەوزوعەکەدا، حکومەتی عیراق بـە پلـەی یەکەم بەرپرسە لە بەدەمەوە چوونی ئەم کێشەیە، بۆ چارەسەر کردنی بە شێوەیەکی نیهائی، بـەم وەزعـەی کە ئێستا حکومەتی ناوەندی عیراقی تێدایـە، دەبیـنین هێشتا وەزیـری دیفـاعی نیـە عـیراق، یـەعنی ئێمـە تەکلیفی مالا نیتاق دەکەین لە حکومەتی ناوەندی، کە لەو پەڕی شپرزەیی دەژی، بڵێین ئادەی پارێزگاری لە سنوورەکانت بکـە، ئـەبێ لـە پێشـا بـەیتی عیراقـی، مـاڵی عیراقـی ڕێـك بخرێـت، ئـەبێ حکومـەتی عیراقـی بەڕاستی کاری دەست بەجێ بکات، بـەو ڕێکارانـەی کـە لـە عـورفی هـەموو دەوڵەتێك هەیـە، یـەعنی ئێمـە پێویست ناکات دەرسی چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ وەزارەتی دەرەوەی عـیراق بڵێین، خۆیـان ئـەزانن ئـەبێ چی بکرێت، بەڵام هەل و مەرجی عیراق، عیراقی کردووە بـەوەی کـە هـەموو کەسێك پێـی بـوێرێ، سـەرەتا پێویستە ماڵی عیراقی ڕێك بخرێتەوەو ببێت بە دەوڵەتی خـاوەن هەیبـەت و شـکۆ لەناوچـەکەدا، کـە دێمـە سەر هەرێمی کوردستانیش بـە هـەمان شـێوە، ئێمـە ئـەبێ مـاڵی کوردیمـان یـەك ڕیـز و تـەباو ڕێـك و پێـك بکەین بۆ ئەوەی، ئەگینا وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی ئێمە میللەتێکین هەموو شـتێکمان پـێ دەکرێت، بەڵام بەیەکگرتوویی، بە یەك پارچەیی، بە بوونی هەڵوێستی دیار، بـە بـیر کردنـەوە لـە ئاسایشـی نەتەوەیی، بە پاراسـتنی سـنوور، ئەمـە پرسـێکە بەڕاسـتی پرسـێکی سیاسـی جوزئی نیـە، پرسـێکی سیاسـی گەورەو گرانە، هەموو کەسێك ئـەبێ شـان بداتـە ژێـری بـۆ ئـەوەی بـە پێـی ئـەو سـەلاحیات و ئیمتیـازات و دەسەڵاتەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی، چی لەبارە هەیە بیکات، ئەوەی کە واجبی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانە بیکـات، وابـزانم کـەس گلـەیی ناکـات، ئـەوەی واجبـی سـەر شـانی حکومـەتی

عیراقە بیکات، کەس گلەیی ناکات، بەلاّم هەندێ شت هەیە لە سەرووی دەسەلاّتی هەموو لایەکەوەیە، ئەوکاتە ئێمە نابێ موحاسەبەی نە حکومەتی عیراق بکەین، نە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەبێ هەموو کەسێك بە پێی قەدری سەلاحیات و ئیمتیازات دەسەلاّتەکانی، باشترین چارەسەر لەم سەرو بەندەدا بەڕاستی گەڕانەوەیە بۆ بنەماکانی داد و دادگەری، داوا دەکەم ئەو پێشنیارانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە بکرێت بە بڕیار، بڕیارێکی مولزیم، ئەوەی لە سەلاّحیاتی ئێمەدایە حکومەتی هەرێم چی بکات، لە ڕووی فریا گوزاریەوە، لە ڕووی بەکارهێنانی کارت و فشارەوە بۆ سەر دەوروبەر، بۆ سەر ولاّتانی دەوروبەر، ئینجا تەحەکوم بکەین بۆ یاساو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان، کە نابێ خاکی کوردستان ببێتە مەیدانی یەکلا کردنەوەی کێشە سیاسیەکانی دەوروبەر، خاکی کوردستان سەروەریەکی هەیە موقەدەسە لە لایی هەموو خەڵکی کوردستان، ئەبێ هەموو کوردێك لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەڕاستی ، بە چاوی ڕێز و بە چاوی حورمەتەوە سەیری هەرێمی کوردستان بکات، ئەوجا داوا دەکەین لە خەڵکانی تریش بەچاوی ڕێزو نەوازشەوە و بە چاوی حورمەتەوە سەیری خاکی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی ئەم کێشانە دووبارە نەبنەوە، چارەسەرێکی ڕیشەیی و بنەڕەتی بۆ بکرێت، بە دوور لە موزایەداتی سیاسی، هیوادارم ئەم دانیشتنە، دانیشتنێکی بە ئەنجام بێت، بتوانین بگەینە کۆمەڵە بڕیارو تەوسیاتێك کە فیعلەن ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێ لە چارەسەر کردنی کێشەکان، بەتایبەتی ئەم کێشەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عبدالقادر بازرگان، کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالقادر اکرام جمیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمووومان ئاگادارین کە لەم ڕۆژانەدا جارێکی تر ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان تووشی تۆپ باران و هێرشی ئاسمانی جمهوری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی تورکیا بوونەتەوە، وە هەر یەکێکیان بە بیانووی تایبەتی خۆی، جمهوری ئیسلامی ئێران بە بیانوی بوونی پژاك و دەوڵەتی تورکیا بە بیانووی بوونی پەکەکە، ئەمە جگە لە پێشێلکاری سنووری خاکی عیراق و هەرێمی کوردستان، زیانێکی زۆری گیانی ومالّی بە هاوولاّتیانی نیشتەجێی ئەم ناوچانە گەیاندووە، ئێمە هەروەکو فراکسیۆنی چاکسازی تورکمان و بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان تەئکید لەم خالاّنەی خوارەوە دەکەینەوە، یەکەم، دەست بەجێ کردارە سەربازیەکان ڕابگیرێت لە لایەن جمهوری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی تورکیا، چونکە ئەمە پێچەوانەی یاسا و پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکان و پێشێلکاریەکی تەواوی مافی مرۆڤە، دوو، داوادەکەم لە پژاك و پەکەکە، کرداری سەربازی دژی جمهوری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی تورکیا ئەنجام نەدەن لەسەر سنووری خاکی هەرێمی کوردستان، دەبێت ڕێگای دیالۆگ بەکاربێنن لەگەڵ ئێران و تورکیا، بۆ چارەسەر کردنی کێشە سیاسیەکانیان، هەروەها دەبێت پژاك و پەکەکە حیساب بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە ئەو ئەزموونە ئەزموونی ئەوانیشە، سێیەم، ئەگەر حکومەتی هەرێم و حکومەتی عیراقی فیدرال تەئکیدن

لەوەی کەوا هێرشی ئاسمانی تورکیا هۆیەکەی پەکەکەیە، ئەوا دەبێ، سنوورێك بۆ جووڵەی سەربازی پەکەکە دابنێ لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق، چوارەم، داوا لە جمهوری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی تورکیا دەکەم لە کاتی بوونی هەر کێشەیەکی سنووری پەنا ببەنە بەر دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی عیراق و هەرێمی کوردستان، پێنجەم، داوا لە دەوڵەتی عیراق دەکەم، بەتایبەتی لە سەرۆك کۆماری عیراق و سەرۆکی حکومەتی عیراق و وەزارەتی دەرەوەی عیراق، کە بەکاری خۆیان هەڵبستن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان بە ڕێگای دیالۆگ، شەشەم، لیژنەیەك پێك بهێندرێت لە عیراق و ئێران و تورکیا، بۆ دیاری کردنی سنووری هەرێمی کوردستان، دیاری کردنی پێشێلکاریەکانی سەر سنوورەکانی مابەینی عیراق و ئێران و تورکیا، حەوتەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقی هەڵبستن بە قەرەبوو کردنەوەی زیان لێ کەوتووەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.احمد کەرەمکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە لیژنەی ناوخۆ دەکەم بۆ ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە ڕێك و پێکە، پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی کەس و کاری ئەو حەوت شەهیدەو قوربانیەکانی تر دەکەم، کە بەداخەوە لە درێژەی بۆردومانەکانی فڕۆکەی جەنگی تورکیابوونە قوربانی، هیواداریین لە خوای گەورە بە زوویی ئەو موسیبەتە لەسەر هەرێمی کوردستان لابەرێ، بە توندی ئیدانەی بۆردومانەکانی فڕۆکەکانی تورکیا دەکەین، کە بۆتە هۆی کوشتنی خەڵکی مەدەنی و هاووڵاتیانی بێ دیفاع و هاووڵاتیانی بێ تاوان، کە لەسەر زێدی باب و باپیران و لەسەر ڕەزو باخ و بێستانەکانی خۆیان ژیان دەبەنەسەر، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بە پێویستی دەزانین لە ڕێگەی دبلۆماسی و لە ڕێگەی حکومەتی ئیتیحادی نوێنەرەکانمان لە بەغدا، بە تایبەت لە دەرەوە هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکە بدرێت، وە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو مەسەلەیە ئاگادار بکرێتەوە، هەموو کەناڵەکان بەکارێنین بۆ فشار خستنەسەر تورکیا، بۆ ڕاگرتنی هێرش و پەلامارەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ڕێزگرتن لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، عورف و داب و نەریتی دراوسێیەتی، دیارە هیچ دەوڵەتێك مافی بەزاندنی سنووری دەوڵەتێکی تری نیە، پەلاماردانی لە قووڵایی خاکەکەی و بەزاندنی زەوی و ئاسمانەکەی نیە، بەڵکو ئەگەر ڕووبەڕووی هێرش و پەلامار بوویەوە، لەناوخاکی خۆی بەرگری لەخۆی دەکات، مافی ئەوەی نیە خاکی وڵاتێکی تر ببەزێنێت، لە ڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشەوە، ئەم کارە کارێکی نا دروست و نا شەرعیە، جێگەی خۆشحاڵیە کە ڕۆژی 8/23 زانایانی ئیسلامی لە بەیاننامەیەکدا هێرش و پەلامارەکانی تورکیای بە کارێکی نا شەرعی و دوور لە بەهای مرۆڤایەتی لە قەڵەمدا، داوای ڕاگرتنی کردووە، کە ئەمە هەموو پێشێلکاری سەرەوەری خاکی وڵاتێکی موسوڵمانیشە، دیارە لە حاڵەتی ئەوەی کە وڵاتێك سنووری دەبەزێندرێت، پێویستە بێتە وەلام و بە ئەرکی

سەرشانی خۆی هەڵبستێت، حکومەتی ئیتیحادی لەم ڕووەوە بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە لە پاراستنی سنوورەکانی وڵاتەکەی، کە پێشێل دەکرێن و ئەبەزێندرێن، هاووڵاتیانی دەکوژرێن و ئاوارە دەکرێن، گوندو دارستان و کانیاو فوتابخانەو مزگەوت و هەموو شوێنەکانی وێران دەکرێن، کوا هەڵوێستی حکومەتی ئیتیحادی؟، ئەوە سێیەمین کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمانە لە مانگی ڕەمەزاندا، لەسەر پرسی ناوچە سنووریەکان، بارودۆخی هەرێم، تاوەکو ئێستا هەڵوێستێکی جدی بەدی ناکەین لە لایەن حکومەتی عیراقەوە سەبارەت بەم مەسەلەیە، نەمان بینی سەفیری وڵاتێك بانگ بکرێت، یاخود وەفدێك ڕەوانەی وڵاتانی دراوسێ بکرێت بۆ گفتوگۆ کردن و چارەسەر کردنی کێشەکە، هەروەها بە حوکمی بەرپرسیارێتی خۆی ئەمریکاش بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە لەو بوارەدا، بەو ئیعتیبارەی کە عیراق لە ژێر ئیحتیلالی ئەو دایە، بەڵکو بە پێچەوانەوە مافی ئەو سنوور بەزاندنەشی داوە بە تورکیا، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە تورکیا مافی خۆیەتی بەرگری لە خۆی بکات، لەبەر هێرشەکانی چەکدارانی پەکەکە، لە کاتێکدا مافی بەرگری لە چوارچێوەی سنووری وڵاتەکەی خۆیدایە نەوەك لە دەرەوەی سنووری خۆی، ئێمە بە پێویستی دەزانین کە وەفدێکی هەرێم بۆ تورکیا بنێردرێت، بۆ گفتوگۆ کردن و لە یەکتری گەیشتن، لەگەڵ وڵاتی تورکیا، بۆ پەنا بردن بۆ چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە، چونکە سەردەمی دیالۆگە، شەڕو توندو تیژی هیچ کات چارەسەر نیە بۆ کێشەکان، بەتایبەت کێشەیەکی نەتەوەیی وەك کێشەی کورد، یان مەسەلەی کورد، بەڵکو دان نان بە مەسەلەی کورد و چارەسەر کردنی بە شێوازێکی واقعیانە، هەموو لایەك لە قەیران و کێشەکان ڕزگار دەکات، چارەسەری پرسەکان دەکات،  بیستمان وەفدێکی هەرێم سەردانی تارانی کردووە، بۆ گفتوگۆ کردن و چارەسەر کردنی کێشەی سنوور لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەمە بەڕاستی کارێکی باشە، بەهەمان شێوەش وەفدێك ڕەوانەی تورکیا بکرێت، بۆ ئەوەی کەناڵی دبلۆماسی بەکاربهێنین، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من ڕۆژی 2011/8/20، سەردانێکی مەیدانی ئەو گوندانەم کرد، کە وەفدی پەرلەمانی بەڕێز سەردانی کردوون، بەتایبەت زارگەلی و پردەشال و بۆکریسکان لە سنووری ناحیەی وەرتێ، کە بەڕاپۆرتێك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێزم کرد، لەو داواکاریانەی کە لە لیژنەکە هاتبوون، زائیدەن کە چەند داواکاریەکی تر هەبوو، حەزم کرد ئەوانەش لێرە بخەمە ڕوو، کە داواکاری خەڵکی ناوچەکە بوون، لە ئەنجامی کۆبوونەوە لەگەڵ موختارو ئەنجومەنی ئەو گوندانەو خەڵکەکەی بۆمانیان ڕوون کردەوە، بەتایبەت ئەوان داوای ئەوە دەکەن کە زەمانەتی ئەوە هەبێ کە چۆن بتوانن ژیان  بگوزەرێنن، پاراستنیان نیە خەڵکی ئەو ناوچەیەیە، چۆن ئایا ئەتوانن بمێننەوە، یان نەمێننەوە، چاك کردنەوەی بە پەلەی کارەبا، کە کارەبای ئەو ناوچانە هەمووی بچڕاوە، ئەوان داوا دەکەن کە بە زوویی کارەبایان بۆ چاك بکرێتەوە، کە ئەمە لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ نەبوو، هەروەها ناردنی تیمی پزیشکی بۆ پشکنینی خەڵکەکە، لێکۆڵینەوە لە ئەگەری بوونی ماددەی کیمیاوی لەو بۆمبانەی لە بۆردومانەکاندا بەکارهاتوون، چونکە هەندێك هەواڵ بڵاو بوونەتەوە کە ماددەی ژەهراوی ماددەی کیمیاوی لە بۆمبەکاندا هەیە، بۆیە پێویستە تیمی پزیشکی ڕوانەی ئەو ناوچانە بکرێن،

وێڕای قەرەبوو کردنەوەی خەڵکەکەو هەوڵی چارەسەری سیاسی لە لایەن حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵەوە، کە لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆشا هاتبوو، لە کۆتایشدا منیش پێشنیار دەکەم، کە وەك هەوڵێك بۆ ڕاگرتنی هێرش و پەلامارەکان و کۆتایی هێنان بەو ڕەوشە، بۆ دروست کردنی فشار، نامەیەك ئاراستەی ئەو ڕێکخراو لایەنانە بکرێت، یەکەم، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، دووەم، ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی، سێیەم، قونسوڵی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، چوارەم قونسوڵی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، پێنجەم، ئەو لایەنانەی تر کە لە شەڕدان بە تایبەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە ڕەچاوی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکەن، بیانوو نەدەنە دەست ئەو وڵاتە بۆ پەلاماردانی هەرێمی کوردستان، بەگرنگیشی دەزانین کە هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان و خەڵکی کوردستان، بەیەك هەڵوێستی و بە یەکگرتووییەوە ڕووبەڕووی ئەو مەسەلەیە ببینەوە، وەك کێشەیەك کە ڕەهەندی نیشتیمانی هەیە، خەمی هەموو لایەکمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عمر عبدالعزیز.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، ئەوەی کە تاکە گیانێك ئەباو ئەیکوژێت، یان فەساد بلأو ئەکاتەوە وەکو ئەوە وایە هەموو مرۆڤایەتی لە بەین بردبێ، ئەوەی کە دەبێتە باعسی ڕاگرتنی گیانی تاکە مرۆڤ، وەکو ئەوە وایە هەموو مرۆڤایەتی لە مردن ڕزگار کردبێ، ئەوە تێڕوانینی قورئانی پیرۆزە بۆ نرخ و بایەخی مرۆڤ، زۆر بەداخەوە کە دووبارە کۆبوونەوە نائاساییەکەمان تایبەتە بە تۆپ باران کردنی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سنوورەکانمان، بوونە قوربانی چەندین هاووڵاتی سڤیل و بێ دەرەتانی ئەو وڵاتە، من سەرەتا پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی خێزانی قوربانیان دەکەم، هیوادارم خوای گەورە بە شەهید وەریان بگرێت، بەو پێیەی کە بێ تاوان کوژراون، دەست خۆشی لە لیژنەکە دەکەم، لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان، کە هەموو جارێك بەدەم ئەم کێشانەوە دەچێت، پشتگیری لە داواکارەکانیان دەکەم، بە ئیزافەی زۆرێك لە هاوکارانم ئاماژەیان پێی کرد، وابزانم دووبارە کردنەوەیە کە ئەوە عەرز بکەین، کە تۆپ باران کردنی هەردوو وڵاتی دراوسێمان، کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا بۆ ناوچە سنووریەکان، شەهید و بریندار کردنی هاووڵاتیانی مەدەنی و سووتاندنی ڕەزو باخی هاووڵاتیان، ئاوارە بوونی چەندین خێزان، پێچەوانەی هەموو پرەنسیپە ئاسمانی و زەمینیەکانە، پێچەوانەی هەموو جاڕنامەکانی مافی مرۆڤە، لەگەڵ هیچ لەو میساقە نێو نەتەوەییانە یەك ناگرێتەوە بە تایبەتی حقوقی دراوسێیەتی، کە بە داخەوە لە هەموو کۆبوونەوەیەك ناچارین دووپاتی بکەینەوە، بۆیە ئێمە ئەو تۆپ بارانانە ئیدانە دەکەین، هیواداریین کە بەشێوەیەکی جدی لە دوای ئەم کۆبوونەوەیە پەرلەمان بتوانێت، بە نووسراوێکی ڕەسمی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکاتەوە، لە نیگەرانی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی پەرلەمان و

حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، ئێمـە لـەم بۆنەیـە داواکـارین بـە شـێوەیەکی فـەرمی ئـەم ئۆپەراسـیۆنە سەربازیانە ڕابگیرێن لەسـەر سـنووری هـەرێمی کوردسـتان، داواکاریشـین حکومـەتی تورکیـا بەتایبـەتی ئـەم ڕووداوانەی دوایی کە کارەساتێکی جەرگ بڕبوو، پۆزشی ڕەسمی بۆ خەڵکی کوردستان و حکومەتی هـەرێمی کوردستان بێنێتەوە، ئەوە دڵنیا دەکەینەوە، هەموو لا دڵنیا دەکەینەوە، کە چارەسەری سـەربازی بەداخـەوە کـە دەیـان سـاڵە ئـەم ئەزموونـە دووبـارە دەکرێتـەوە، تـاقی ئەکرێتـەوەو شکسـتی هێنـاوە، داواکـارین کـە پێداچوونەوەیەك بە سیاسەتی خۆیان بۆ چارەسەری گرفتە ناوخۆییەکان بکەن، چ کۆماری ئیسلامی ئێران، چ حکومەتی تورکیـا لەگـەڵ ئـەو تەرەفانـەی کـە کێشـەیان لەگەڵیانـدا هەیـە، هـەروەها ئـەو لایەنانـەش کـە کێشەیان لەگەڵ ئەو وڵاتانە هەیـە، هـەقی خۆیـەتی کـە موراجەعەیـەکی جـدی لـە جـۆری چـالاکیەکانیان و هەڵسوکەوتیان، بۆ بەکارهێنانی خاکی کوردستان بکەنەوە، بۆ چارەی گرفـت و کێشـە سیاسـیەکانیان، ئێمـە شانازی دەکەین بەوەی کە یەکێك لە سەروەریەکانی هەرێمی کوردسـتان، ئـەوە بـووە کـە کوردسـتان بووەتـە داڵدەو بووەتـە جێگـای ژوانـی بەیـەك گەیشـتنی هـەموو هێـزە سیاسـیە کوردسـتانیەکان، بۆیـە وا ئـەزانم ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستان، ئەزموونی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، ئەبێ بە هەموومانەوە لە فکـری پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و گەشەدان بـە حاڵـەتی سیاسـی کوردسـتان بـین، لەگـەڵ ئـەوەش مـن پشتگیری لە بـرای بـەڕێزم کـاك کـاردۆ دەکـەم، کـە بەڕاسـتی هەنـدێ لایـەن لـەم مەسـەلە پێویسـتە زۆر بـە شەفافانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، پێویستە پەرلەمانی کوردستان، خەڵکی کوردستان و نوێنـەرانی شـەرعی خـەڵکی کوردسـتان، ئاگایـان لـە بـەعزێك لـەو مەسـائیلانەبێ کـە ئەوەنـدەی بـە پێـی پرۆتۆکۆل و بـە پێـی پرەنسیپە سیاسـیەکان ئـەگونجێ، هەماهەنگیـەکی جـدی هـەبێ لـە نێـوان حکومـەت و پەرلـەمان، بـەعزێك مەسائیل شەفافانەتر باس بکرێن، خـەڵکی کوردسـتان بەرچـاو ڕوون بـێ، لـە نەتیجەی نوێنـەرانی خـەڵکی کوردستان بتوانن بەپێی ئەو واقعە سیاسی و ئەمنیەی کە لە وڵاتی ئێمە هەیە، مامەڵە لەگـەڵ ڕووداوەکـان بکرێت، و هەڵوێست وەربگرن، ڕەنگە دووبارە کردنەوەی قەسەی هاوەڵانم بێ زۆری لەسەر ناچم کە منـیش وائەزانم مەسئولیەتی ئەساسی لـەم ڕووداوانـە لەسەرشـانی حکومـەتی فیـدرالی عیراقـە بـە پێـی ئـەو مـاددە دەستووریانە، کە هەق وایە جدی تر حکومەتی هەرێم لەگەڵ ناوەند ئەو مەسەلانە یـەکلا بکاتـەوە، کـە چ لـە ڕووی پاراسـتنی سـنوورەکان، چ لـە ڕووی هـەوڵی دبلۆماسـی بـۆ چارەسـەری ڕیشـەیی ئـەو گرفتـە سـەر سنووریانەی کە هەیـە، چ لـە ڕووی قـەرەبوو کردنـەوەی زیـان لێ کـەوتووان، کـە بـە داخـەوە سـەرەڕای ئـەو هـەموو داواکاریانـەی پەرلـەمانی کوردسـتان لـە دوو کۆبوونـەوەی پێشـوو، هـەنگاوێکی جـدی لـە لایـەن حکومەتی عیراقەوە نـابینم، بۆیـە هـەر کەمتەرخەمیـەك لـەم بـوارە، مـن بـە پێشـێلکاری ئـەو دەسـتوورەی دەزانم، کـە زۆرینـەی خـەڵکی عـیراق دەنگـی پـێ داوە، هـەق وایـە بـە جـدی ئێمـە لەسـەر ئـەوە هەڵوێسـت وەربگرین، ئەگەر حکومەتی عیراق بە دەم ئەو داواکاریانەی خـەڵکی کوردسـتان و پەرلـەمانی کوردسـتانەوە نەچـێت، ئـاخیر سـەرنجم ئەوەیـە مـن پشـتگیری لـە قسـەکانی کـاك دڵشـاد دەکـەم لـەو بەشـە باسـی لـە یەکخستنەوەی نێوخۆی ماڵی کوردستان کرد، من پێموایە ئـەم ڕووداوانـە مەسـجێکن، پـەیامێکن بـۆ ئـەوەی

خەڵکی کوردستان و نوێنەرانی خەڵکی کوردستان، هێزە سیاسیەکانی کوردستان، من بە پێویستی دەبینم لە هەمووکات زیاتر بە جدی بە دەم داواکاریەکانی خۆمانەوە بچین، بە دەم داواکاریەکانی خەڵکی کوردستانەوە بچین، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جدی هەڵوێست وەربگرێت لەم مەسەلەیە، هێزە سیاسیەکان بە تایبەتی لایەنەکانی دەسەڵات وەکو ئۆپۆزسیۆن، ئەم هەلە بقۆزنەوە بۆ یەکخستنەوەیەکی جدی ناوخۆ، گفتوگۆکان بە جدی گەرم و گوڕ بکەنەوە، بەتایبەتی بەم ڕەمەزانەو بەم بەرەبەری جەژنانە، کە بەرەو جەژن دەچین، کە ئەزانم لە هەموو کات زیاتر پێویستمانە یەکدەنگی و یەك هەڵوێستی بپارێزین، ئەگەر ئاوا ڕووداوێك وامان لێ نەکات گوێ لە یەکتر بگرین، دان بە هەڵەکانی خۆمان بنێین، موراجەعەیەکی جدی هەڵوێستە سیاسیەکانمان نەکەین، ئیتر کەی ئێمە بەخۆمان دێینەوە؟، چ پەیامێك لەمە موئەسرتر و جدی ترە کە ئێمە داچلەکێین؟، بۆیە من هیوادارم ئەم هەلە لە کیس نەدەین، ئەم ڕووداوانە دەرسیان لێ وەربگرین، بە جدی دەست کەینەوە بە گفتوگۆیەکی جدی هێزە سیاسیەکان بە تایبەتی ئەوانەی کە بەرپرسیارێتیان لەسەر شانە، بە دەم یەکترەوە بن، داواکاریەکانی خەڵکی کوردستانیش ئەوەندەی لە سنووری توانا دایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەمیانەوە بچێت، ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمەوە هەیە، بۆ مەسەلەی ئاوارەکان من پشتگیری لە داواکاری و پێشنیارەکانی لیژنەی ناوخۆ دەکەم، وا دەزانم ئەوەندە لە توانادا هەیە بکرێت، لەوە زیاتر ڕەنگە نەکرێت، بەڵام بەشێکی کە زۆر جدیە کە هەنگاو نانە بەرەو چارەی ڕیشەیی ئەمانە، هەوڵێکی دبلۆماسی جدیە، چ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بە ڕێگەی پەیوەندیەکانمانەوە، چ لەگەڵ حکومەتی ناوەند، ئەم مەسەلەیە بە جورعاتی موسەکین تێ نەپەڕێنین، هەوڵێکی جدی بدەین، هەنگاوی جدی بنێین بۆ ئەوەی باس لە چۆنیەتی چارەسەری ڕیشەیی ئەم مەسەلەیە بکەین، کە بە داخەوە هەموو جارێ ئەیڵێینەوە، خەت ناهێنین بە ژێر ئەم ڕستەیە، هەموومان تەئکیدی لەسەر دەکەینەوە بەس هەنگاوی جدی بۆ نانێین، من ئەڵێم کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو لایەنە سیاسیەکان، پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێزە سیاسیەکانی کوردستان، هەمووی لە ڕێگەی پەیوەندیەکانەوە باس لەم خاڵە بکەن، کە چی بکەین ئەم ڕووداوانە دووبارە نەبنەوە، ئێمە ئەبوایە ئەم کۆبوونەوانەمان بۆ پێش خستنی حاڵەتی سیاسی بوایە، بۆ پەسەند کردنی یاسایی تر بوایە، لە حاڵەتێکی ئیجابی دانیشتبینایە، بە داخەوە کۆبوونەوە دەکەین، بەیاننامە دەردەکەین، ئیدانە دەکەین، هەموومان یەك قسەین کە ئەنەما هیچ گرفتێك نیە لەم وڵاتە، بەڵام کە کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ دێت، دووبارە لەوانەیە حاڵەتەکە دووبارە ئەبێتەوە، ئێمە لەگەڵ کۆتایی هێنان بە کۆبوونەوەی پێشوو، تۆپ بارانەکان چڕ کرانەوە، سەرای ئەوەی بەیاننامەیەکی تێرو تەسەلیش لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوو، بەڵام نەمان دی هەنگاوی جدی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە یا بە دەمەوە چوونی ئەو ڕاسپاردانە بدرێت، بۆیە من کۆتایی قسەکەم بەوە دێنم، داواکارم سەرۆکایەتی بەڕێز لە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوون بکات بۆ ئەو جۆرە بڕیارو ڕاسپاردەو یاداشتانەی کە لەم پەرلەمانەوە دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بەدواداچوون هەیە، ئەوە نیە کۆبوونەوە بکەین و خەلاس، هەموو موحاوەلەیەك هەیە، بەلاّم تورکیا، ئێران بە ئێمە ئەڵێ، بە سەرکردایەتی ئێمە ئەڵێ، هەتاوەکو ئەو هێزانە لەو مەنتیقەیە ببن بە چەکەوە، ئێمە بە قسەتان ناکەین و لێتان ئەدەین، ئەمە هەقیقەتێکە هەقە هەموو کەسێك بیزانێ، سولبی مەوزوعەکە ئەمەیە، داوا دەکەن کە تۆ شەڕی ئەوان بکەیت و نایکەی، وە ناشی کەین، چونکە شەڕی میللەتی خۆمان ناکەین، بۆیە ئەویش لێت ئەدات دەسەلاّتی منیش نیە، بتوانم دەستی بگرم و لەماڵی خۆمی دابنێم، نا ناتوانم، ئەگەر ئەو قوەتەمان نەبوایە یەك و دومان لێ نەئەکرد، بەلاّم بە هەقیقەت ئەمە هەقیقەتەکەیە، ئەم وەزعەی ئێمە چ شتێکی مەعقول و مەنتقی لەسەری موناقەشە بکەین، گفتوگۆ بکەین خاڵ بخەینە سەر حەرفەکان حەرەکە بکەین لەسەری، ئەوەی کە تەسەور بکرێت، کە دوای جەلسەکە هیچ ناکرێت، وانیە، ئیحتیرام بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە وا تەسەور دەکەن، پەیوەندی بەردەوامە لە مستەوای ڕێزدار سەرۆکی هەرێم، سەرۆکایەتی حکومەت، سەرۆك کۆماری عیراق، وەزیری خارجیە، قەنەواتەکانی تری دبلۆماسی کە هەمانە، لەگەڵ ئەمریکیەکان، لەگەڵ ولاّتانی تری دەرەوە، لەگەل ولاّتانی عەرەبی ئەوانەی کە هێشتا تاقەتێکی ماوە، بەلاّم حوجەی ئەم دوو لایەنە ئەوەیە، ئەڵێن سەبەبەکە ئەوەیە، هەرچەندە ئەوە بەهانەیە، بە قەناعەتی منی شەخسی بەهانەیە، کێشەیەکیان هەیە لەناوخۆ چارەسەری ناکەن، ئینجا بەهانەیەك هەیە پەلاماری ئەوە دەدەن، بۆ ئەوەی ئێمە بەهانەیان بە دەستەوە نەدەین لەگەڵ هەموو لایەنەکان روئیەیەکی وازحمان هەبێ، موراعاتی ئەم هەرێمە بکرێت، ئەوجا بزانین چی ئەبێ، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم، ئەکرێ بپرسم یەعنی بە شوێن پرسیار سەرنجەکەم عەرز دەکەم، مەسەلەن دوای کۆبوونەوەی یەکەم و دووەم، هەر ئەو قسانەی کە ئێستا جەنابت کردت، تۆزێکی تر بە وازحتر و ڕۆشنتر، 12 خاڵمان ئێمە نووسیوە، ئەمەیان ناکرێ، ئەمەیان وەلاّمی نەبوو، ئەمەیان حکومەتی عیراق نایکات، ئەمەیان هەرێم ناتوانێت، ئێمە ئێستا.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لەبەر چاوت ڕوونە کاك عمر عبدالعزیز، بە هەقیقەت پێت دەڵێم، هەتاوەکو ئەوانە لەو حدودە بە چەکداری بێن، ئێمە لێتان ئەدەین، ئەمە مەوزوعەکەیە، ئینجا ئێمە ئێستا چی بکەین؟، گشت لایەنەکان لەناو پەرلەمان هەیە، ئەوانی کە نوێنەریان لە پەرلەمان نیە، لایەنەکانی سیاسی ئەوانیش ئیحتیرامیان بۆ ئەم مەجلسە هەیە، هەموومان بەیەکەوە فەرموون چی بکەین، ئەوە پەرلەمانە قەرار دەدات، هەموو لایەنێکیش مولتەزمە بە بڕیاری ئەو پەرلەمانە چۆن حەرەکەت بکەین؟، لایەنەکانی تر، ئەو بەهانەیان بەدەستەوەیە، ئەڵێن ئەمەیە و ئێمە لێتان دەدەین، لەو مەنتقەیە ئەدەین، ئەمەریکاش

پشتیوانیان لێ ئەکات، ئەمە حەقیقەتێکە، بۆ ئەوەی وازح بێت بۆمـان، نەیشارینەوە، کـە هـەوڵمان نـەداوە، هەوڵمان داوە بەس وامان پێ ئەڵێن، بەڕێز عبدالله حاجی مەحمود، کەرەمکە.

**بەڕێزعبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا لەگەڵ ڕێزو تەقدیر و دەست خۆشیم بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ، وە پشـتگیری و پشـتیوانی دەکـەم، سەرەتا ئیدانەی بۆردومان و تۆپ بارانەکانی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەکـەین، پرسـەو سەرەخۆشـی ئاراستەی جەماوەری کوردستان بە گشتی و کەس و کـاری شـەهیدانی بۆردومانـەکانی ئـەم دواییـەی تورکیـا دەکەین، کە وەك کارەساتێك هەموو ویژدانی زینـدووی هەژانـد و، هیـوای زوو چـاك بوونـەوە بـۆ برینـدارو هێور بوونەوە بۆ ناوچـەکەو گەڕانـەوەی ئاوارەکـان بـۆ سـەر زێـدی مـاڵ و بـاخ و مـەزارەکانیان دەخـوازین، بەداخەوە بارو دۆخی ناوچە سنووریەکان تـا دێـت ئـاڵۆزتر دەبـێ، ڕۆژانـە هاووڵاتیـانی هـەرێمی کوردسـتان ڕووبـەڕووی تـۆپ بـاران و هێرشـی ئاسمـانی هـەردوو دەوڵـەتی کۆمـاری ئیسلامی ئێـران و کۆمـاری تورکیـا دەبێتەوە، کە بەداخەوە ئەو هێرشانە بوونەتە مایەی زیان گەیاندن بە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان کە سەرئەنجام شەهید و برینداری زۆری لێ کەوتـەوە، هـەروەك دەبینـدرێت ئـەو هێرشـانە بـە شێوەیەکی ترسناك پەرە ئەسێنێت، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هاووڵاتیانی هەژارو بێ تاوان دەبنە قوربانی، ئەو کێشە نەخوازراوە کە هیچ کـات هـەرێمی کوردسـتان و گەلەکـەی بەشـێك نـەبوون لـەو کێشـەیە، بـەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو بۆردومانانـەی هـەرێمی کوردسـتان بەزانـدنی سـنووری نێودەوڵـەتی وڵاتێکـی تـر و زیانـە گیـانی وماددیـەکان، پێچـەوانەی بنـەماکانی یاسـای نێودەوڵـەتی وئامانجـەکانی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان، میسـاقی نێـو نەتەوەییـەکان و بنـەماکانی مـافی دراوسـێیەتی، حسـنی جیـوار و ئاسایشـی هەرێمی، هەروەك بـوونی هێـزی پـژاك و پەکەکـە، لـە ناوچـە سـنووریە شـاخاویەکان بەهانەیـەکی بـەهێزە بەدەست وڵاتانی دراوسێوە دەدات کە بەهۆیەوە پەنا بۆ توندو تیژی دەبەن، مەترسـی ئـەوەش دەکرێـت کـە بەردەوام بوونی تۆپ بارانەکان فراوانتر ببێت و لەشکر کێشی بەدوای خۆیدا بهێنێت، کە ئەمە خزمەت بـە بەرژەوەندی گـەلی کـوردی ناکـات، بـەڵکو زیانـە سیاسـی و گیـانی و ماددیـەکانی وەك لـە ڕابـردوودا بینـراو گەورەتر و مەترسیدار تر ببن، بە حیسـاب نـەکردن و ڕێـز نـەگرتن لـە تایبەتمەنـدی هـەرێمی کوردسـتانی عیراق لە لایەن پەکەکەو پژاکەوە، سەرئەنجام ئاگری شەڕەکە فراوانتر دەبێـت، دەبێتـە مایـەی زەرەرو زیـان بۆ بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەگەڵ تێبینـی ئـەو ڕاسـتیەی کـە هـیچ کەناڵێکی پەیوەندی فەرمی لە نێوان ئەو هێزانەی ناوچە شاخاوییەکانی سنووری هـەرێمی کوردسـتان نیـە، بەڵام لە ڕووی یاسایی و عورفی و سیاسی و تەنانەت خەباتی چەکداریشەوە، دەبوو پژاك و پەکەکە ڕێزیان لە سەروەری هەرێمی کوردستان و ئازادی ئەمڕۆی کوردستان بگرتایە، کە بەری ڕەنـج و خەبات و تێکۆشانی دەیـان سـاڵی خـەڵکی کوردسـتانە، پێویسـتە خوێندنەوەیـەکی ڕوونتریـان هەبوایـە بەرامبـەر بـە ئـەزموونی ئـەمڕۆی کوردسـتان، وەك هـەرێمێکی فیـدراڵ لـە چوارچـێوەی عـیراق، ئـەرکی هـەموو کـوردێکی دڵسۆزە

هاوكاری و پشتیوانی ئەزموونی ئەمڕۆی هەرێمی كوردستان بكات، كە دەسەلاٌتێكی شەرعیە لە عیراقدا و، لە ناوچەكەو دونیاوە ڕێزی لێ دەگیرێت، خەڵكی هەرێمی كوردستان، لە قۆناغێكدا كە پێویست بوو خەباتی چەكداریمان كرد، بە قوربانی گەورەو خەباتی ئیرادەی گەلەكەمان، بەرگریمان لە خاك و خەڵك و كەرامەتی گەل و نەتەوەكەمان كردو، توانیمان بوون و مانەوەی نەتەوەكەمان بپارێزین، ئێستاش پێویستە كوردانی بەشەكانی تری كوردستان، لەجیاتی دروست كردنی كێشەو گرفت هاوكاریمان بكەن، تێوەنەگلانی هەرێمی كوردستان و لەگەل و دامەزراوەكانی تر و سەروەریەكەی لە هەر كێشەیەكی سیاسی و سەربازی و هەڕەشە لە ئێستاو داهاتوو بكات، هەروەك لەسەر ئاستی ناوخۆشیان، لەگەلٚ ڕووداو و گۆڕانكاریەكان، ڕەوشی سیاسی لە ناوچەكەدا دەركەوت، بەشێوازی شەڕی چەكداری كێشەكان یەكلایی نابێتەوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من ئەو خالاٌنە بە پێویست دەزانم، یەك، هەوڵەكان چڕ بكرێتەوە بۆ گرتنە بەری هەموو شێوازێكی گفتوگۆ كردن لە ڕێگای سەركردایەتی سیاسی كورد لە عیراق و كوردستان لەگەلٚ هەر یەك لە كۆماری ئیسلامی ئێران، كۆماری توركیا، بۆ ڕاگرتنی دەست بەجێی ئەو بۆردومان و هێرش و ئۆپەراسیۆنانە، لە ئەستۆ گرتنی ئیلتیزامی قانونی سیاسی بەرامبەر بە هەرێمی كوردستان، ئیلتیزامی ئینسانی بەرامبەر بە دانیشتوانی ناوچەكەو قوربانیەكانیان، لە هەرێمی كوردستانیش پێویستە پژاك و پەكەكە لە ئەنجام و ئاكامی دژواری بەكارهێنانی سنوورەكانی هەرێمی كوردستان، لە توندو تیژیەكانی ئاگادار بكرێتەوە، پێویستە پەكەكەو پژاك ڕێز لە ئەزموونی ئەمڕۆی كوردستانی عیراق بگرن و دوور بكەونەوە لەو هەنگاوانەی كە دەبێتەهۆی تێكچوونی بارودۆخی سەقامگیری هەرێمی كوردستان و خەڵكەكەی، ئالۆزكردن و مەترسی هێنان بۆی بەرپرسیاریەتێكی مێژوویی گەورەی ئەبێ، دوو، پێویستە دەسەلاٌتی فیدراڵی عیراق و ئەو لایەنانەی كە ئەركی پاراستنی سەروەریان لە ئەستۆ دایە بە ئەركی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵسن، ڕۆڵی دەستووری خۆیان ببینن، بۆ پاراستنی هەرێمی كوردستان و خەڵكەكەی، لە ڕێگەی كەناڵە یاسایی و دبلۆماسیەكانەوە، خوێن ڕێژی و ماڵ وێرانی كردنەكەی، خەڵكی بێ دیفاع ڕابگیرێ، سێ، پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان، لە پاڵ هەوڵە سیاسیەكانی بۆ وەستاندنی ئەو ڕەوشە دژوارە، كاری بە پەلە بكات بۆ بەهاناوە چوونی ئاوارەكان و خەڵكی ناوچە سنووریەكان و بەشەهید لە قەلەمدانی قوربانیەكان، هاوكاری زەرەرمەندانی ماددی و گیانی ئەو ناوچانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز محمد سعید كەرەمكە.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا درووود و ڕەحمەت بۆ گیانی شەهیدان، پرسەو سەرەخۆشی بۆ كەس و كاریان و هاوغەمی و هاو سۆزی بۆ خەڵكی ناوچە سنووریەكان و زیان لێ كەوتووەكان، داوای دەست خۆشی بۆ لیژنەی ناوخۆ، پشتگیری خاڵەكانیان دەكەین، كە لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە، هەروەها ئیدانەو مەحكومی ئەو دەست درێژی و

هێرشانه دەکەین، کە دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان و خەڵکی ناوچە سنووریەکان، ڕاستیەکی ئاشکرایە کە بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان و پێشێل کردنی سەروەری خاکەکەی پێچەوانەی پەیماننامەو یاسا نێودەوڵەتیەکانە، دەبێت ئیجرائاتی یاسایی و نێودەوڵەتی بەرامبەر بکرێت، ڕاستیەکی تر کە دەبێ حکومەتەکانی ئیقلیم بزانن کە حەلی عەسکەری فەشەلی هێناوە، فەشەل دەهێنێ، بەتایبەتی لەم سەردەمانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆیە دەبێ لە ڕێگەی دیموکراسی و بە شێوازی سیاسی و ئاشتی کێشەکانیان چارەسەر بکەن، من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوانە بگرینەبەر، یەکەم، داوا لە حکومەتی عیراق و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بکەین کە مەوقفی ڕەسمی و یاسایی و دەستووریان ببێت، مەوقفی عەمەلیان ببێت بەرامبەر بەم دەست درێژیانەو بەم سنوور بەزاندنانە، هەر لە موزەکەرەدان بە سەفارەتی ئەو دەوڵەتانە، دەوڵەتی تورکی و دەوڵەتی ئێرانی، هەتا هەر ڕێ و شوێنیکی تری یاسایی و دەستووری، هەروەها پێشنیار دەکەم، کە هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی حکومەت، یاداشتێك بدەن بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئاسایش و یەکێتی ئەوروپاو موئتەمەری ئیسلامی و هەر مەحافلێکی تری دەولی، بۆ ئەوەی ئەوان مەوقفی سیاسی و مەوقفی یاسایی خۆیانیان هەبێ، تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای لاهای نێودەوڵەتی، بەدواداچوون بکرێت لە لایەن دەستەیەك یان لیژنەیەك لە پارێزەران و یاسا ناسان، یان هەر لیژنەیەك لەسەر ئاستی هەرێم، خاڵێکی تر پێشنیار دەکەم لیژنەیەك لە نوێنەرانی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستان پێك بهێندرێت، سەردانی عیراق و سەردانی ئومەمی موتەحیدە بکات بۆ بەدواداچوونی عەمەلی ئەم کەیسەو، بۆ گفتوگۆ لەگەڵیان، لەگەڵ ئەوەش داوادەکەم لە نوێنەرانی کورد و کوردستان، گەلی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران و لە حکومەتی بەغدا، کە مەوقفیان ببێ، ئەوانیش بەدواداچوونیان ببێ، خاڵێکی تر سەردانی قونسوڵخانەکان بکرێت لە بەغداو لە هەرێم، بۆ تەعبیئە کردنی ڕای گشتی، لە ڕووی سیاسی و دبلۆماسی و لە ڕووی یاسایی بۆ ئەوەی هەڵوێستیان ببێ قونسوڵخانەکان، بەتایبەتی هێزەکانی فرە ڕەگەز، کە هەڵوێستیان ببێ لەسەر ئەم ڕووداوانە، داوا بکەین لە حکومەتەکانی ئیقلیم بۆ کۆتایی هێنان بەم هێرشانە، بۆ پۆزش هێنانەوەو قەرەبوو کردنەوەی خەڵکە زیان لێ کەوتووەکان، خاڵێکی تر، ئەگەر ئەم حاڵەتانە بەردەوام بوو، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد و هەموو لایەنەکان پیاچوونەوە بکەن بە هەڵوێستی سیاسی و هەڵوێستی پەیوەندیەکانی خۆیان بۆ ئەو دەوڵەتانە، هەر کارتێکی فشاری سیاسی و یاسایی بگرنەبەر، خاڵێکی تر داوا دەکەم و پێشنیار دەکەم، حەلی کاتی و خێرا بۆ بەدەمەوە چوونی خەڵکە ئاوارەکە بگیرێتەبەر بەپێی داواکانی خۆیان، بە پێی ئەو داوایانەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ هاتووە، هەر لە قەرەبووکردنەوەی ماددی و بەدەمەوەچوونی هاوکاری ماددی و دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆیان، کە ئێستا لە حاڵەتێکی ناڕەحەتی و ناخۆش دەژین، بەڕێزان، ئەم کۆبوونەوانەی پەرلەمان ئەرك و مەسئولیەتێکی پیرۆزە ئێمە ئەو کۆبوونەوانە دەکەین، بەلاَم ئایا کاریگەری ئەم کۆبوونەوانە لە ڕووی سیاسی و لە ڕووی یاسایی و لە ڕووی عەمەلیەوە چیە؟، ئەنجامەکەی

چیه؟، من ئەو پرسیارە دەکەم، خاڵێکی تر خۆزگە نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێم و نوێنەری سەرۆکایەتی حکومەت لێرە ئامادە بوونایە، بۆ هەماهەنگی هیواداریشم ئەو هەماهەنگیە بکەین، بۆ ئەوەی بەیەکەوە هەرسێ سەرۆکایەتیەکە بە جدی و لیژنەی سێ قۆڵی دروست بکەن، بۆ بەدواداچوونی ئەو خاڵانە، ئەوەی کە بەڕێزان داواکاریەکەیان کرد، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکەن لە هەموو ئاستێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، یەکێك لە پێشنیارەکان فەرمووی داوا بکەین لە حکومەتی ئیقلیم کۆتایی پێ بێنێ، چۆن؟، یەعنی ئەوە زۆر زۆر موهیمە چۆن کۆتایی پێ بێنین؟، نوقتەیەکی زۆر وازح هەیە، پێش ئێستا باسمان کرد، ئەگەر هەر بڵێین حکومەت دەی کۆتایی پێ بێنە، خۆ حکومەت شەڕەکەی نەکردووە، ئەوە یەك، دوو، هەر بۆ مەعلوماتی ئێوەی بەڕێز، ئێمە لەگەڵ وەزیرە پەیوەندارەکان پەیوەندیمان کرد کە ئیمڕۆ لێرە بن لەگەڵتان، هەریەکەیان بە ئیش مەربوت بەو مەوزوعانە هەریەکی لە شوێنێکن لە هەولێر نین، بۆیە لاوانیش ئە لێرە ئەبوون ئیمڕۆ، ڕێزدار بەفرین حسین خلیفە کەرەمکە.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لێرەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی خانەوادەو کەس و کاری ئەو پۆلە شەهیدە دەکەم کە دیمەنە کارەسات بارەکەیان، دیمەنە جەرگ بڕەکەیان ویژدانی هەموو کەسێکی زیندوو ئەهەژێنێ، لەیادمان نەچێ کە لە ڕاپەڕینی بەهاری شۆڕشی عەرەبیدا بینیمان، کە چۆن کۆماری تورکیا داوای دەست هەڵگرتنی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤی ئەکرد کە ڕابگیرێ، بەڵام هەتا ئەو دیمەنە کارەسات بارە کە نمایش کرا لە پەرلەمانی کوردستانەوە، کە تەعبیرە لە ئیرادەی میللەتێك ئەوە سووکایەتیە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ و پێشێلکردنی خودی ئەو مافانەیە، کە ئەو داوا ئەکات لە وڵاتانی عەرەبی ڕەچاو بکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە کاتێکدا کە ئێمە شەرەفی وەرگرتنی ئەندامێتیمان پێ سپێردرا، پەیمانمان بە خوا و بە گەلەکەی خۆماندا کە ڕاست گۆیانەو دڵسۆزانە بۆ میللەتی خۆمان بکەین، ئێستاش بە هەمان ڕەوت و بە ڕاست گۆیانە لەسەر ئەو بارودۆخە سیاسیانەو بە تایبەت، ئەو دەست درێژیانەی کە ئەکرێتە سەر ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستانەوە، ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە، بۆیە پێویستە ڕاست گۆیانە لەگەڵ میللەتی خۆماندا بدوێین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کۆماری تورکیا لەکاتێکدا کە سەرکردەکانیان زۆربەیان لایەنێکی ئیسلام دۆستن، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕووبەڕوو بوونەوەو لەشکر کێشی و هێزی سەربازی و تۆپ باران کردن و فڕۆکە جەنگیەکانیان، سنوورەکانی هەرێمی کوردستان تۆپ باران دەکەن، شەهید و برینداربوونی لێ دەکەوێتەوە، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان هەرێمێکی موسوڵمانی دراوسێی تورکیایە، ئەگەر بیانووی ئەوان بوونی پەکەکە یاخود پژاکە، بە بۆچوونی من ئەمە بیانوویەکی بێ بنەمایەو بێ پاساوی یاساییە، لەکاتێکدا بوون و وجودی پەکەکە لە قووڵایی خاکی تورکیادایە تەنانەت لە ئەنقەرەو لە هەموو شوێنەکانی تورکیا

وجوديان هەيەو چالاكی خۆيان پێشكەش دەكەن، هەر لـە توركياشـەوە سەرچاوەيان گرتـووە، پەكەكـە لـە لای ئێمەوە نين، بەڵكو لە توركيا خۆيەتی، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پێويستە ئەو دەوڵەتانـەش توركيـا و ئێـران، لە ئاست ئەو هەقە ملكـەچ بـن كـە نەتەوەيـەكی وەكـو كـورد لـە وڵاتـانی ئـە وانـدا هەيـەو پێويسـتە ئـازاد بـن، پێويستە مافی ئەوەيان هەبێ بە زمانی خۆيان قسە بكـەن، مـافی ئـەوەيان هەيـە كـە دەوڵـەتيان هـەبێ، بـەڵام ئێمە ئەبينين ئەگەر ئەوە پرۆسەی كرانەوەی ديموكراسی بێ بە ڕووی كوردا، ئەبێ داخستنی ئەو ڕەحمەتە چ كارەساتێكی لێ بكەوێتەوە، ئەوان مافی ئازاديان لە نەتەوەيەكی گەورەی وەكو كورد لە توركيادا پێشێل و زەوت كردووە، دەرگای ئازاديان بە ڕوويانـدا داخسـتووە، بـەڵام پێويسـتە ئـەوان بـیر لـەوە بكەنـەوە هێـزی سـەربازی، لەشكر كێشی نەكەن بە بنەمای چارەسەر كردنی كێشەو گرفتە ناوخۆييەكان، بەڵكو پێويسـتە بـە شـێوەيەكی عاديلانـە، كێشـە سياسـی و تايبەتيـەكانی نێوخۆيـان لەگـەڵ پەكەكـە، بـە شـێوازی مەدەنيانـەی سـەردەميانە بتوانن كێشەكانی خۆيان يەكلايی بكەنەوە، لەهەمان كاتدا جمهوری ئيسلامی ئێران كە دەوڵەتێكی موسوڵمانە ئەبێ لە ڕوانگەی ئاينی پيرۆزی ئيسلامەوە هەڵسوكەوت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دا بكات، بەهەمان شێوە چـۆن لە عيراق و گەلی كورد توانی بـە بەشـێك لـە مافـەكانی خـۆی بگـات، نيمچـە سـەربەخۆيەكی بەدەسـت هێنـاوە، پێويستە ئەو وڵاتانەش هەست بە بوونی ئەو بكەن، نەتەوەيەكی جياوازتر لـە وڵاتـانی ئەوانـدا بـوونی هەيـە، پێويستيان بە سەربەخۆيی هەيە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە وەكو نەتەوەی كورد نـە ئـەنفال، نـە كيميـا باران، نە زيندە بەچاڵ كردن و ترساندن، ئێستاش تۆپ باران كردنـی فڕۆكـە جەنگيـەكانی ئـەو وڵاتانـە ئێمـە ناترسێنێ، ئێمـە ئەمانـەوێت ميللـەتی خۆمـان نەكـەين بـە كۆچـی قوربـانی هـەر وڵاتێكـی تـر، پێويسـتە لـە بنەڕەتـدا كێشـە سياسـيە چـەق بەسـتووەكان چارەسـەر بكـەن، ئالۆزيـەكان چـيتر بـەم شـێوەيە نەچـێت، بـە بۆچوونی من ئەمەش سياسەتێكی نەخشەڕێژراوی ئامانج گرتـووی دژ بـە كـوردە، بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان نابێ بە هەر بەهانەيەك، بەهەر بيانوويەك هەبێ، چ توركيا و چ ئێران هێزو بازووی خۆيان لـە سـنوورەكانی هەرێمدا تاقی بكەنەوە، كێشەو گرفتە نێوخۆيـەكان و سـنووريەكانی ئێمـە، تاكـە زەرەريـش لێـرە خـەڵكی بـێ دەرەتان و سڤيل بێت، چونكە ئەو پێشێلكاريانەی ئەو دەوڵەتانە ئەيكەن هاوسێ و دۆستی ئێمەن، پێچەوانەو دژە بـە هـەموو عـورف و عـادەتيكی ئـاينی و ئاسمـانی، ئينسـانی و ئـەخلاقی و پێچـەوانەو دژە بـە هـەموو مەبدەئێكی ئينسانی، دژە بە هەموو ئەو ڕێكەوتننامانەی كەوا هەن و ئێستا (UN ) كاری لەسەر دەكات، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لەكاتێكدا كە سەرۆك كۆماری توركيا فرمێسكی سۆزی باوكانە بۆ وڵاتانی برسـی و تينـووی لێ قەوماوی وەك ئەفريقا هەڵئەڕژێ، كە ئێمەش هاوسۆزيان لەگەڵ دەكـەين، بـەڵام لـە هـەمان كاتـدا ئـەبينين دەستی هاوكاريان بۆ درێژ ئەكات و سەردانی فەرميانەيان ئەكات، لەهەمان كاتدا ئـەبينين منـاڵانی كوردسـتان لـە ناوچـە سـنووری و شـاخاويەكان چـۆن جەسـتەی پيرۆزيـان تێكـەڵ بـە يـەكتری ئـەبێت، ئايا ئەمەيـە مـافی دراوسێيەتی؟ ئايا ئەمەيە مافی مرۆڤ؟، لەكاتێكدا كە ئـەبينين وڵاتێكـی وەكـو توركيـا خـاوەن شـكۆی ئاشـتی و تەبايی و ڕێكخستنی هەموو وڵاتان پيشان ئەدات، خۆی كردووە بە سەفيری ئاشتی، من ئەمە بە هـيچ جۆرێـك بە مافی دراوسێيەتی نازانم و ئەمە ڕێز گرتن نيە لـە مافـەكانی مـرۆڤ، بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان، ديـارە كـە

هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵیە بە پێی دەستووری عیراق، لەنێو عیراقی فیدراڵ دایە، بەشێکە لەو عیراقەو بەشێکی دانەبڕاوە لێی، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو ئەرکە دەستووریانەی کە دەستوور خستوویەتیە ئەستۆی حکومەتی ناوەندی لە پارێزگاری کردن لە سنوورەکانی عیراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، دابین کردنی ئەمنیەت و ئاسایش ئەبینن هەڵسوکەوتێکی شەرمنانە هەبووە لەم ڕووەوە، ئیتر نازانم لەبەر خاتر و ختور کورد ئەڵێ شەرمنانە تاوەکو ئێستا هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم دۆخە ناهەموارەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، دیارە هێزی هاوپەیمانان بە تایبەتی ئەمریکا تاوەکو ئێستاش لە عیراقدا وجودی هەیەو نەکشاوەتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام ئەبینین کە تاوەکو ئێستا نەوەك هەڵوێستێکی بێ دەنگانەی نواندووە، بێ هەڵوێستیشی لەم بارەیەوە هەیە، بەڵکو ڕێ خۆشکەریشە بۆ تورکیا، وەکو لە لێدوانێکی بەڕێزیان ئاماژەیان پێی کردووە، ئەوان لە هەڵوێستی ئەوان تێدەگەن کەوا سنوورەکانی هەرێمی کوردستان تۆپ باران دەکەن، بەمافێکی ڕەوای ئەوان ئەزانن کە وڵاتان تۆپ بارانی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، شەهید و بریندار بوونی لێ بکەوێتەوە، لەکاتێکدا کە خۆیان بە ئاڵا هەڵگری مافەکانی مرۆڤ و پێشێل نەکردنی ئەزانن، بەداخەوە لە بری دەستی هاوکاری لە ناوچە سنووریەکان، ڕێگە بە بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان ئەدات و بەمافێکی ڕەوای تورکیای ئەزانێت، دیارە سنووری هەرێمی کوردستانیش کرابە مەیدان، بۆ چڕکردنەوەی ململانێی وڵاتانی دراوسێ، لەکاتێکدا ئەوانە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن، ئەو کارانەی ئەوانیش پێچەوانەی کارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێویستە وەکو کورد ئێمە لەسەر ئاستی ناوخۆیی لە عیراق، چ لە هەرێمی کوردستان ئەرکە دەستووریەکان بکرێتە بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، بۆ کۆتایی هێنان بەو بارودۆخە ناهەموار و ئاڵۆزەی کە یەخەی کوردستانی گرتووە، داوا بکرێت لە بەڕێزان سەرۆك کۆمار، سەرۆك جەلال تاڵەبانی، سەرۆك بارزانی کە هەموو هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ کەسی یەکەم کە تەمسیلی گەلانی عیراق و کوردستان دەکەن، ئەرکە یاسایی و دەستوورەکانی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ فشار دروست کردن بە کۆتایی هێنان بەم کێشە درێژخایەنە، داوا بکرێت لە (UN) لە کۆمکاری نەتەوەی عەرەبی، لە وڵاتانی عەرەبی، لە کۆنگرەی ئیسلامی، لە قونسوڵخانەکان کە لە هەرێمی کوردستان هەن، ئەوانیش وجودی خۆیان بەکاربهێننن ئەوان بەشێك بن لە کەرەستەی چاکسازی کردن ، یان لە کەرەستەی کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە وەکو چارەسەرێك، لە هەموو شتێك گرنگتر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەکخستنی ماڵی کوردە، یەکخستنی گوتاری سیاسیمان لە بەرامبەر هەر ئەگەرێکی مەترسی کەوا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان ئەبێتەوە، بەتایبەت لەم سەردەمەداو لەم حاڵ و وەزعی کوردستانە، کەوا ئەبینین چ وڵاتانی دراوسێ و چ خودی عیراقیش وەزعی ناوچە دابڕێندراوەکانمان لە لایەك و، وەزعی ناوچە سنووریەکان لە لایەکی ترەوە، بۆیە ئەمە وا پێویست ئەکات کە گوتاری سیاسیمان یەك بخەین، هەموو هێزی سیاسیی کوردستان، هەموو سەرکردایەتی سیاسی یەك بۆچوون و یەك دەستوور و یەکگرتوو و تەبایانە، بتوانن هەوڵ و وچانی خۆیان بخەنە کار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار جیهان كەرەمكە.

**بەڕێز د.جیهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بیدایەت دەست خۆشی لە لیژنەی ناوخۆ دەكەم، بۆ ئەو ڕاپۆرتە ڕێكو پێكە كە تەقدیمی پەرلەمانی كردووە، هەروەسا پشتگیری ئەو پێشنیارێت هاتینە كرن دڤی ڕاپۆرتیدا دكەم، كە گەلەك ژ وان پێشنیارا هەر هزرامە دابوون كە ئەڤرۆ ئەم پێشنیار بكەین، ئەوانا پێشنیار كرنە ئەز پشتگیری ئەڤ پێشنیارە دكەم، بەس من خاڵەك هەیە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەز حەز دەكەم تەئكید سەر دكەم، ئەڤ گرفتە نوكە هەرێما كوردستانێ تێدایە كە هێرشەكێ ئەز بینم ژ هەمی رەخنا سەر هەیە، ڕەخنەكا سەر ئیرانێ، ڕەخنەكا سەر توركیا، سەر سنوورا هەرێمێ كوردستانی، كە گرفتەكا میللەتێ هەرێما كوردستانێ هەمی نەتەوە ڤە هەمی ئاین ڤە، تەئسیرەكا سلبی ل سەر ئەڤ خەلكە هەیە، ئەز وەك پەرلەمانتارەكێ، پەرلەمانا كوردستانێ هێڤی دارم خەڵكێ مە، ئەو ژی ئەز بینم تەرەفەكا مەسئولە ژ حەل كرنا ڤی كێشەیە، كو بەردەوام بن خۆپیشاندانا، دەركەون سەرجادا دەنگێ خۆ بلند بكەن، تەئسیرەكێ ل سەر بیدایەت حكومەتا عیراقا فیدرال بكەن، كو زیترین وەخت حەل كرنا ئەڤ كێشەیە بێتە كرن، هەروەسا خەلكێ مە ئەڤێ دەرڤەژی، ئەوێ وڵاتێ دەرڤە، ئەوژی خۆپیشاندان بكەن دەنگ وان وڵاتا، وان ئەو دەوڵەتی جیهانێ، كە تەدەخولەكی زووترین وەخت بكەن و ئەڤ كێشەیە بێتە چارەسەركرن و ئەڤ موشكیلە بێتە حەل كرن، چونكە ئەز دەبینم ئەڤ دڤان ڕۆژەدا دەنگی خەلكی پتر گەهیتن، یەعنی ئەگەر خەڵك خۆپیشاندانا و موزاهەراتا دەركەڤن گەلەك موشكیلە و گرفت دێنە حەل كرن، ژبەرهەندێ ئەز جارەكا دی دووبارە دكەم كو خەلكی مە مەسئولە دڤێ حل كرنا، ڤێ موشكیلەیە پێدڤیا موستەمر بن سەر موزاهەرە، موستەمر بن سەر خۆپیشاندان، ئاخافتنێت من دێ هەمی هاتنە كرن لای هەڤالان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، سوپاس بۆ جیهان إسماعیل بنیامین، قسەی كەسی تیكرار نەكردەوە، تكایە محاوەلە بكەن ئەوانەی وتراوە هەموو گوێیان لێ بووە تیكرار نەبێ، لەبەر ئەوەی هێشتا زۆر بەڕێز ماون موداخەلە بكەن، بەڕێز جلال علی، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەكو هاوكارانم دەستخۆشی لە لێژنەی ناوخۆ دەكەم، پشتگیری زۆربەی خاڵ و داواكارییەكانیان دەكەم، ئەگەر غەلەت نەبم، دوێنێ وا تێ دەگەم لە وەزارەتی خاریجی عیراقی سەفیری توركیا بانگ كرا، ئیحتیجاجی دراوەتێ، داوای ڕاگرتنی بۆردومانەكەیان كردبوو، ئومێدەواریشم هەموو لێژنە پەیوەندیدارەكان بەم مەسەلەیەوە بەدواداچوون و ڕاپۆرتی خۆیان هەبێ، چونكە بەڕاستی زەرەرەكە زەرەرێكی سیاسی، كۆمەڵایەتی و ئابووریشە، پێموایە ئەگەر هەموو لێژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمانی

کوردستان ڕاپۆرت و بەدواداچوونیان هەبێ ڕوونتر دەبێ لامان بۆ چارەسەرکردنی هەنووکەیی کێشەکانی کە ڕوویداوە و زەرەرەکانی کە لە ناوچەکەمان و وڵاتەکەمان دراوە، بەڕێزان میللەتەکەمان یان زۆربەمان پێمان وابوو دوای ساڵی 2003 مەترسی گەورەمان لەسەر نەماوە، چ لە ڕووی ناوچەیی و ناوخۆیی و دەر و دراوسێ و نێودەوڵەتی، بەڵام ڕووداوەکان و مێژوو سەلماندی کە مەترسییەکان بەردەوام بوون و لە زیادبووندان، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی یە کە ئێستا هەڕەشەکان گەیشتۆتە سەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان، سەر ئەزموونی میللەتەکەمان بە هەموو دەنگ و ڕەنگەکانییەوە، کە هەڕەشە گەیشتە سەر ئەزموون مەعنای وایە میللەتی گەلی کوردستان، گەلی کوردستان بە میللەتە جیاوازەکان، بە ڕەنگە جیاوازەکانەوە هەڕەشەی گەیشتۆتە سەر، هەڕەشەکەش بە کوژاندنەوەی ئەو چرایەیە کە لە کوردستانەوە هەڵکراوە، ئەگەرچی ڕووناکی چراکەش زۆر بە تین نەبێ، لە ئاستی پێویست دا نەبێ، بۆیەش پێویستە کە پێویستییەکی مێژوویی یە هێزە سیاسییەکانی ناوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی دا بە هەموو دەنگ و ڕەنگەکانەوە ببنە پایەیەکی گرنگ و بەهێز بۆ بەرگری کردن لەم ئەزموونەی لە کوردستان دا چراکەی هەڵبووە، هەروەها بەرپرسیاریەتێکی مێژوویی یە بۆ کوردانی بەشەکانی تری وڵات کە لە ئاستی ئەو مەسئولیەتەدا بن، پشێوییمان بۆ نەنێنەوە، کە دەڵێین بە پێی دەستووری عیراق هەرێمی کوردستان فیدراڵی یە، دیارە بە میللەتی هەرێمی کوردستان دراوە، بە خەڵکی تر نەدراوە کە لە ناو هەرێمی کوردستان دا پشێویمان بۆ بنێنەوە، ئەو پشێوییە وا دەکات کە لە ئاستی حیوار و لەیەك گەیشتن، هەتا لەگەڵ وڵاتە دراوسێکان دا کە محاوەلات هەیە کە سەردان بکرێ بۆ ئێران، بۆ تورکیا بۆ ڕاگرتن، بۆ چارەسەرکردنی ڕیشەیی ئەو کێشانەی کە ڕوودەدات ساڵانە، لەوانەیە ئەو پشێوییانەی کە ئەنرێتەوە ببێتە ڕێگرێك بۆ ئەو هەوڵانە کە دەدرێت، من تەئکید دەکەمەوە لەوەی کە ڕەتێکی تریش کە لێژنەکانی پەیوەندیدار بەم مەسەلەیەوە لە هەرێمی کوردستان ڕاپۆرت و بەدواداچوون و کۆبوونەوەی خۆیان هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەم ڕۆژە مێژوویی یەدا کە بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە یەکەم قسەمان دەبێ بەوە دەست پێ بکەین سەری نەوازش بێنینە خوارێ بۆ ئەو قوربانییانەی کە لەو ڕۆژ سەختانەدا بەرامبەر بە سڤیلی کورد و بەرامبەر بە منداڵانی کورد کراوە، لە هەمان کات دا قسەی خۆمان وا ئاراستە دەکەین بۆ ئەو وڵاتە دراوسێ یانە کە لەگەڵ وڵاتێکی وەکو عیراق کە خۆی لە (أمم المتحدة) کە خۆی ئەو تەوقیع و پەیماننامانەی دراوسێیەتی کە هەیە کە نابێ پێشێلی دراوسێیەتی بکەن و مافی مرۆڤ لە دەست بدەن بەڕاستی، کە لەم بۆردومانانەی کە دەکرێت بە هەر پاساوێك بێت کە کراوە کە هاتوون خەڵکی بێ تاوانی

ئەم وڵاتەیان خستۆتە بەر زەرەر و زیانەوە، من لێرەدا موناشەدەی هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەم، موناشەدەی و داواکردنی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم کە خوێنی سۆلینی شەش مانگ بە هەدەر نەڕوا، کە ئەو کاتەی کە هەموو وڵاتان هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی پێشێل کردن نەبێ بەرامبەر بە مافەکانی منداڵ، منداڵی ئێمە کە کاتێ کە خۆی دەگوێزێتەوە لە شوێنێ بۆردومان دەکرێ بچێ بۆ شوێنێکی زیاتر ئاسایشی تێدا بێ، لەوێ دا بۆردومان بکرێ، لەوێدا خۆی و بنەماڵەی حوسێنی باوکی کە ببێتە سیمبولی ڕاستی زیاتر ڕاگەیاندنەکان لەسەری جەخت بکەن، کە خوێنی ئەوانە نابێ بە فیڕۆ بچێ، لەبەر ئەوە لە شوێنێکی دراوسێی وەکو وڵاتی تورکیا کە وڵاتێکی موسوڵمانە، وڵاتێکە کە گەشبینییەکی تێدا دەبینین، بەڕاستی لەم ئەخیرانەدا بە تایبەتی لە سیاسەتی ئەردۆگان کە خۆی حەز بە تێگەیشتن و وەرگرتنی مافەکانە وا داوا دەکەین کە زیاتر کێشەکانی کوردی ناوخۆیان لە ناو خۆیان چارە بکرێ، بەڕاستی پاساوی ئەوەی بێن لە وڵاتێکی دراوسێ ی خۆیان کارێکی وا بکرێ، وابزانم زەرەرەکە لە هەردوولا دەکەوێت، زەرەر تەنها لە کورد ناکەوێ، بەڵکو لە وڵاتە دراوسێکەش دەکەوێ، لەبەر ئەوە ئێمە داوا دەکەین کورد نە بە تۆپ و نە بە تەیارە لە ناو دەچێت، ئەگەر بە تۆپ و تەیارە لەناوچووبایە، وابزانم مێژوو ئەوەندەی بەرامبەر کورد وەستاون بەرامبەر بەهیچ میللەتێ نەوەستاون، نە دەتوێتەوە، نە تەواو دەبێ بە بۆردومان، ئەوڕۆ ڕۆژێ دایالۆگە، ڕۆژی ئەوەیە کە بتوانن لەگەڵ یەکتری بە ئاسایی بژین و بەڕاستی بتوانن پێشێلی زیاتر نەکەن بەرامبەر بەو میللەتەی کە تەنها ڕێز و بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی لەگەڵ دراوسێکانی خۆی کردووە، عیراق کراوەتەوە بە تایبەتی هەرێمی کوردستان بۆ جوانترین کاری جوان کە بکرێ لەلایەن دراوسێکان، بۆ خزمەت کردنی ئەوانیش و ئێمەش لە هەمان کات دا، لەبەر ئەوە پاساوی ئەوەی کە بێن بۆردومانی بکەن، وابزانم بە هیچ نەوعێك قبوڵ ناکرێ، داوا دەکەم لەوە چەند خاڵێك کە بە هیوام تیکراری تێدا نەبێ، بەڵام ئەگەر تیکرارێکیشی هەبێ مەحمودە لەبەر ئەوەی هەمووومان سوور بین لەسەر ئەو چەند خاڵەی کە:

یەکەم/ پێویستە عیراق بە جیددی زیاتر بێتە سەر خەت، کە ڕۆژی تێگەیشتن و دایالۆگ بەکاربێنێ، ڕێگا چارەسەرەکانی دیبلۆماسی هەمووی بەکاربێنێ، داوا بکات کە سەفیرەکانی بەڕاستی عیراق لە ئەنقەرە و لە تارانیش کە ئەوانە ڕاکێشرێنەوە و بگەنە ئەنجامێك کە بزانن لەبەرچی لەم ڕۆژەدا ئەم کارانە دەکرێت.
دووەم/ قەرەبوو کردنی هەر زەرەر و زیانێك کە دەکرێت لەم بۆردومانانە بخرێتە ئەستۆی ئەو وڵاتەی کە دەبێتە هۆکار بۆ زەرەر و زیان بۆ وڵاتەکەی تر، بێ دەنگی ئەمریکا بەڕاستی کە هەر خۆی بوو دژی دیکتاتۆرییەتە و دژی ئەوەیە کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکرێ، وابزانم مەسئولییەتێکی یاسایی لەسەریەتی، لە هەمان کاتیش دا ئەخلاقی زیاتر وای لێ دەکات کە بێتە ئەم دەڤەرە و زیاتر تەماشا بکات کە بۆچی بەم شێوەیە زەرەر و زیان لە خەڵکی بێ تاوان دەدرێت، لە کۆتایی دا من قسەکەم ئەوەیە دەڵێ: (وعسى أن تكرهوا شيئاً و هو خير لكم)، من پشتگیری خۆم لە کاك عمر و بەڕاستی لە کاك دڵشادیش دەکەم

له چەند خاڵێك دا كە دەڵێت ئەمڕۆ ئەم ڕۆژە ناخۆشەی كە ئێمە پیایدا دەڕۆین وامان لێ دەكات بە هەموو موعارەزە و بە هەموو كوردستانییەوە بە هەموو لایەنەكانی ترەوە زیاتر سوور بین و یەك مەوقیف بین، هەموومان وەكو كورد یەكتری بگرینەوە، كە زیاتر و چیتر قبوولٚ نەكرێ پێشێلی مافەكان بكرێ، لەبەر ئەوە پێیان دەڵێم بۆ كێ ئەو زەنگە لێدەدەن؟ بۆ كوردێك كە تەنها حەزی لە ئاشتی یە، لە دیالۆگە، لە تێگەیشتنە، بۆ كوردێك حەزی لێیە لە هەر پارچەكانی تریشی مافەكانیان وەربگیرێ، لەبەر ئەوە داوا دەكەم لەو دوو حكومەتەی ئێرانیش و توركیاش زیاتر بەخۆیاندا بچنەوە، زیاتر لەگەڵ كوردەكانی خۆیان موشكیلەكانی خۆیان حەل بكەن، لە شوێنی خۆیان دا، پاساوی ئەوە نەكەن، گریمان لە ناو ئەرزەكە پارچەیەك یان چەند كەسێك هەبوو، ئایا ئەو چەند ملیۆنە، (15) ملیۆنی ئێران و (20)، (30) ملیۆنی توركیا بە بۆردومانی كوردستانی عیراقی چی یە؟ چارە دەكرێ؟ نەخێر، بە دیالۆگ دەكرێ، بەوە دەكرێت كە بزانن ئەوان مافیان هەیە، ئیتر كورد بە شەرمانە باسی ناكات، بەڵكو بەسەربەرزیانە، چونكە تەنها و تەنها دەمانەوێت بە ئاشتی بژین لە وڵاتەكەی خۆمان، دەمانەوێ دراوسێتێ خۆمان بپارێزین، دەمانەوێ ئەوانیش بزانن كە ئەوڕۆ ڕۆژی وەرگرتنی مافەكانە، چیتر ئەوە نەما خەڵكی لە ژێر دەست بێ، شێخ وەسانان تەواو بوو كە شەوی جەژن دیسان لە ڕەمەزاندا دەستی بە خەنەی منداڵە كوردەكانمان دیسانەوە خرانە بن خاك، ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوە نەما لە ناو ڕەمەزان دا كە بە لێوی وشك و برسێتی یەوە گەنج و پیرەكانمان بكەونە بەر ئەو مەترسی و ئەو منداڵانەمان، سوپاس بۆ هەمووان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ئاسۆ كریم، فەرموو.

**بەڕێز بكر كریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەگەر هەڕەشە و تەحەدیاتی ئێران یان توركیا هەروەها بوونی پێكەكە، پژاك لەسەر سنوورەكان بەهەردوو دیوی هەرێمی كوردستان دا لەسەر سنوورەكان، ئەگەر ئەوانە لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی ئێمە بن كە بە تەئكید ئەوە لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی ئێمەن، ئەوە هەل و مەرجی ناوخۆی هەرێمی كوردستان بەشێكی زۆری پەیوەندی بە ویست و ئیرادەی خۆمانەوە هەیە، لەبەر ئەوە بەشێكی زۆری برادەران، پەرلەمانتاران جەختیان لەسەر ئەوە كردەوە كە پێویست دەكات بەرەی ناوخۆمان ڕێك و پێك بكەینەوە، ناو ماڵی خۆمان ڕێك بخەینەوە، پرۆسەی سیاسی بخرێتەوە سەر سككەی ڕاستی خۆی، ئاشتەوایی نیشتمانی بە عاقاری دروستی خۆیدا ببردرێ، ئەوە بەڕاستی بە وەڵامێكە كە دەكرێ ئێستا كاری لەسەر بكرێ و هەموو لایەنەكان، چ ئەوانەی لە بەرەی دەسەڵاتن، چ ئەوانەی لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنن بە بێ مەرج بگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی دانوستاندن، بەیەكەوە لەسەر لانی كەمی موتەتەڵەبات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدیاتەكان ڕێك بكەون، ئەوە بە بڕوای من كە دەكرێ لەم هەل و مەرجەدا كاری داخوازی یە لە هەردوو بەرەدا، پێشموایە خەڵكی كوردستانیش هەر چاوەڕوانی ئەوە لە هەموو لایەكمان دەكەن، چونكە

وەکو مـن دەبینـم بەڕاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئێمەش بەشێکین لەو ناوچەیە لەبەردەم گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی دایە، گۆڕان بەسەر موعادەلەکاندا دادێت، هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی ئەم تەتەوراتانە بە قازانجی خەڵکی کوردستان نەشکێنەوە، گەلی ئێمە بەڕاستی لێرە لە هەرێمی کوردستاندا هەندێك دەستکەوتی خۆی بە دەست هێناوە، ستاتۆیەکی قانونی و سیاسی خۆی هەیە، تا ڕاددەیەك دۆزەکەی چۆتە پێش، چاوەڕوان دەکرێ لەو هەلومەرجی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ئێرەدا دێ دیسان بە قازانجی گەلی ئێمە بکەوێتەوە، من پێموایە بەشێك لەو هەوڵ و تەقەلایانە، جا پەکەکە بە تەئکید ڕەنگە بوونی پەکەکە، بوونی پژاك لێرەدا وەکو حیججە، وەکو بیانوو بێنە بەکارهاتن، بە تەئکید ئەوانیش هەن، بیانووێکە بە دەست ئەوانەوە، بەڵام ئەوان پێش بەتایبەتی لە تورکیا بە پێی موتابەعەی من بۆ میدیای تورکی، بۆ وەزعی سیاسی لە ناو تورکیا، تەنانەت هی ئێران و هی ناوچەکەش وەکو من دەیبینم پلانی پێش وەختە هەبووە، ململانێ هەیە لە نێوان هەردوو وڵات دا بۆ جێگرتنەوە و مونافەسە لەسەر مەنتیقەی نفوز، بە تایبەتی کە قسەی وا هەیە کە بە پێی ئیتیفاقیەی سۆفاش کە دەبێ هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق تا کۆتایی ئەمساڵ بکشێنەوە، بۆیە لەسەر ئەرزی واقیع دا مونافەسە هەیە، چ ئینجا هەردوولا دواتر ئیتیفاق بکەن لەسەر تەقسیمی مەناتیقی نفوز، چ مونافەسە بێ، بە بڕوای من بە پێی ئیحتیمالیش هەیە، ئەگەری زۆریش هەیە لە دوای جەژن وەکو من دەبینم لە میدیای تورکی، تەقریبەن خەڵکی تورکیا بە حەددێك تەعبیئە کراوە دژی کورد، بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور بکرێ، ئەوە مەترسییەکە بەڕاستی ئێمە دەبێ هەموو لایەکمان لەبەرچاوی بگرین، بۆیە من جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر ئەوە کە ئەوە پەکەکە بوونی هەبا، نەبا لەسەر ئەو مەوزووعە بۆ پێش گرتن لەو تەتەوراتانە، تورکیا و ئێران پەنایان بۆ ئەو شتە دەبرد، بۆیە بە دوور نازاندرێ بەڕاستی کوردستان ببێتە گۆڕەپانی تەراتێن، بەشێکی کوردستان ببێتە مەیدانی ساغ کردنەوەی ئەو ململانێ یە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا، من لەگەڵ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان هاوکۆکم کە نابێ ئێمە بەڕاستی وزە و تواناکانی خۆمان بە کەم بگرین، وە نەبێ ئێمە هیچ کارتێکمان بە دەستەوە نەبێ، بەڕاستی گرنگترین شت ئەوەیە کە ئێمە پشت ئەستوور بین بە هێز و توانای خۆمان، بە هێزی لە بن نەهاتووی خەڵکی کوردستان، بە ئیرادەی خۆمان ئەم گەلە بەڕاستی وەکو بە پێی هەموو وەسائیقی نێودەوڵەتی ماڤ خۆی هەیە بە کەرامەت بژی لەسەر خاکی خۆی، هەرێمی کوردستان سەلماندوویەتی بۆ هەموو لایەنەکان قەت (أبداً) مەترسی نەبووە بۆ سەر ئەمنییەت و ئاسایشی دەر و جیرانەکانمان، بۆیە جارێکی تر دەڵێم کاتی ئەوە هاتووە بە جیددی بیر لە ناوەوەی خۆمان بکەینەوە، دووەمیش/ لە ڕاستی دا وەکو دەبیندرێ، یەکێك لەو شتانە ڕاستە خەڵکی ئێمە هاتوونەتە سەر جاددە، خۆپیشاندان دەکرێ، پرۆتستۆ هەیە، ئیحتیجاجات هەیە، بەڵام وەکو من دەیبینم چ لە ناوەوەی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات بەڕاستی بەپێی پێویست نیە، ئەوە کارتێکە بەڕاستی دەکرێ ئێمە پەنای بۆ ببەین، بۆیە دەکرێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە جیددی تر بێنەوە، خەڵکی ئێمە بە جیددی تر لە مەترسییەکان، لە تەحەددیاتەکان وریا ببنەوە، شتێکی دیکە بەڕاستی وەکو سەرنج دەدرێ چ میدیای

عەرەبی، میدیای ئەوروپی، میدیای ئەمریکیش زۆر بە کەم بایەخەوە سەیری ئەو تەتەوراتە دەکەن، بە داخەوە ڕەنگە کە متەرخەمی لە ئێمەش هەبێ، پێموایە پێویست بەوە دەکات حەملەیەك لەسەر ئەو ئاستەش بەڕێ بخەین، بەڕاستی لە مەترسییەکانیان ئاگادار بکەینەوە، خەڵکی سڤیلی ئێمە دێنە کوشتن، بۆیە بەڕاستی ئەوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مافی مرۆڤی لێ ئاگادار بکرێتەوە، ئەوانە دەکرێ دیسان کار لەسەر ئەو لایەنەش بکرێ، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ئامینە زیکری، فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان پەرلەمنتاران، ئەز دەستپێکا تێبینییەکی سەر ڕاپۆرتا یا لیژنا ناوخۆدا دەسپێکەم ڕاستە سەردانا وان بۆ هەندەك دەڤەرا یا هاتە کرن، بەس ڕاپۆرتا وان دا دەڤەرێ تێت ئامێدیێ بگرە، نێروە، ڕێکان دەڤەری بەرواری بالا هەروەسا پەرخێ کەشان کو شێلە دزێ، سیریێ کو گرێدا دەڤەرا ئامێدیێ و زاخۆنە و بەردەوام کومارا تورکیا تۆپ باران کرن، ناڤ ڕاپۆرتا وان دا مەجهول بوو جێی خۆ تێدا نەدیتبا، جێی خۆ تێدا نەگرتبوو، مە چەن پێشنیارێت هەین، ژوانا پشتەڤانێ هەڤالا خو دکەم کو پێتڤییە ڕایا گشتیا کوردستانی بەردەوام ڕێکاری پێڤانی دوور و درێژ و بەردەوام بێهنە کرن کو زەغتی بێنینە سەر وەلاتێ دوورمان دوورێت، ڕایا گشتیش بکەین، ژ لایەکی تر با مولەتێ بدەینە کۆمارا تورکیا و ئیرانێ وەختەکێ دەستنیشان بکەین، تۆپبارانا ڕاوەستێنین سەقفەکی بۆ دانێین کە ئەگەر بەردەوام بن دێ دووبارە بن، ئیدی بێدەنگ نەبین سەروان تۆپباران کرنا، تشتێ هەیە گرنگە ئەڤرۆکە وەکو ئەم پێتڤینە ڕێکخستن و یەك هەڵوێستیا مالا کوردییە، گوناهباران کرن یان ژی تۆمەتبار کرنا هیچ لایەنەك نە بەرژەوەندی کێشەیا کوردییە، ژبەرهەندێ یەك هەڵوێستی سەر پرسێت نەتەوەیی ئێك گرتنێ و ئەڤرۆکە هەمی قەزییەی کوردی یان مەترسییەکا پێتڤیا ئەڤ ئێك هەڵوێستی یە ما بەین هەمی پارتە سیاسیێ کوردستانی دا یا دیار بیتن، برێکا نوێنەراتین حکومەتا هەرێما کوردستانێ لە دەرڤەیێت وەڵاتی وەکی ئەز بینم لۆ بی یا وان لۆبیەکا لاوازە، لۆبیەکا قوەت بکەن کو ڤان کریا دوژمنێت مە ئەو کارێت نایاسایی دژی مافی مرۆڤی، نە دیموکراسیێ سەر هەرێما کوردستانێ، ئەڤرۆکە ئەنجام دا گەهینە بۆ وەڵاتا هەندەکو ئەوژی دەنگ بهێن و بەرامبەر وێ یی بێدەنگ نەبن و موداخەلە تێدا بکەن، ژ لایەکی تر با ڕۆژنامە نڤیسی جیهانی تایبەت بهێن پەیاما خۆ ڤان خەبەر و دەنگ و باسان بگەینە ئەوڤە کو ڕۆژنامە خۆ باڵا بکەن، ڕەئیەکا گشتیا جیهانیش سەر بابەتی ئەم دروست بکەن، بڕاستی بابەتەکی کو من بەحس بکەن، بابەتی بنگەهێن

عەسكەرینە، معەسكەرێ كو ئەڤرۆكا ناڤ هەرێمێت هەین، تایبەت مەنتەقێت مە كو چەند معەسكەر هێت هەین، ژ بامەرنێ و ئامێدیێ، سیریا و بارۆخێ و كانی ماسی و گرێبیێ و سەر گەلی زاخۆ، كو پێتڤیا ئەڤە ئەم هەلوێستەكی بكەن وەختێ هاتی دەركەون براستی سالا 2008 ئیحتیمالە هەمی پەرلەمانتار هەمی جەماوەری كوردستانی بێ ئاگا بێ، وەختە تەهدیدا یا مەزن سەر سەر ژیانا هاوولاتی هەرێما خۆی كرن، هەتا با مەرنێ هێز هاتنە جولاندن بۆ هەندێ كو فشارەكێ یان ژی هێرش كرنە سەر هەرێمێ، ژبەرهەندێ وەختی هاتی كو ئەڤەش هەرێمێ دەركەڤن، سەبارەت برینا عیلاقێت ئابووری من وەك كەس رەئیەكا جودا هەی، چونكە هەتا نووكە ئەم نەزانێ ئەگەر مە عیلاقێت خۆیا ئابووری گەل ئیرانێ یان گەل توركیا برِی، ئایا زەرەمەندێت ئێكێ ئەمین، یان دەولەتا ئیرانی بی؟ چونكە نەمە چ ئامار بەردەست هەنە، نە مە چ زانیاری هەنە، نە حكومەتیش هەتا نووكە چ تشتەك، تەصریحەك سەر بدا، كە گش لایەنی مە دێ موستەفید بی برێنا ڤان عیلاقاتەدا، ئەگەر دەولەتا ئیرانێ و كۆمارا توركیێ زەرەرمەندێ ئێكێ نەبن، ئەم وەك هەرێم زەرەرێ كەین، ئەگەر ئەڤە وەك كارتەكا، یا زەختەكا مەعنەوییە بەراستی دیتنا من نە تشتەكی مەنتیقی یە، ئەم وی كاری بكەن، چونكە كەمەك زەحمەتی چێ كرین، دێ هەمیت ژ ناڤ چن و گەلەكا زەحمەتە دیسان عیلاقات دروست بكەینەوە، پێ تڤیا بەرێز ئۆردوغان و بەرێز ئەحمەدی نەژاد داخوازا لێبوورینێ بەرامبەر ئەو پێشێلكاری كو بەرامبەر گەلی كوردستانی كرین، داخوازا لێبوورینی گەلی كوردستانا بكەن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار عەزیمە نجم الدین، فەرموو.

**بەرێز عظیمة نجم الدین:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بۆخۆی ئەم تۆپبارانە، ئەم سنوور بەزاندنەی حكومەتی ئێران و توركیا بە تۆپباران كردن و بە قەصف كردنی تەیارە لە هەرێمی كوردستان من بە هەموو شێوەیەك كوشتنی ئەو هاوولاتییە مەدەنییانە و هەموو ئەوانەی لەسەر سنوورەكەنە زەرەر و زیانیان پێ گەیشتووە، هەردوو دەولەتی توركیا و ئێران ئیدانە و مەحكوم دەكەم لەبەر ئەوەی كە كورد لەسەر خاك و ئاو و ژیانی خۆیەتی، بەلام پێشێلكردنی سەروەری یاسا و نیشتمانی خۆی پێشێل دەكرێ و هەروەها ماڤی هاولاتیانیش پێشێل كراوە لەوەی كە هاوولاتیانی مەدەنی بەر ئەو بۆردومانانە كەوتوون، من لێرەدا دەمەوێ قسە لەسەر خالێك بكەم كە ئێستا لە هەرێمی كوردستان دا ئەوە سێیەم دانیشتنە ئێمە كۆبوونەوەی نائاسایی بكەین لەسەر واقیعی ئێستای هەرێمی كوردستان و ئەو وەزعە نالەبارەی كە ئێستا رووبەرووی ئێمە بۆتەوە لە سێ لایەنەوە، من پێموایە ئەوە تەنیا بەلایەنێك ئەم شێوە هێرشانەی كە دەكرێتە سەر هەرێمی كوردستان، من پێموایە ئەوە ئیتیفاقێكی سێ لایەنە بێ، لەبەر ئەوەی كە كورد جارێكی تر ئەم ئەزموونەی كورد باوێنە مەترسی یەوە، من پێموایە هەرێمی كوردستان لە دوای ئەم سێ دانیشتنە تەنیا ئیدانە كردن و ئەو مەحكوم كردنەی ئەو

تۆپبارانـە و ئـەم حاڵەتـەی کـە لـە کوردسـتان دا هەیـە بـەس نیـە، لەگـەڵ ئـەوەی کـە گوێمـان لـێ بـووە لـە سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانیشەوە تەنیا بەیاننامە و ئیدانە و مـەحکوم کـردن بووە، بەداخەوە دەبوایە ئەمڕۆ لە پەرلەمان دا سەرۆکی حکومەت و نوێنەری ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق یان ئەوانەی کە لە حکومەتی عیراقیدان، ئەو نوێنەرانەی کە بەشداریان کردووە، یـان هەڵساون بـەوەی کـە با بڵێین لە ڕووی دیبلۆماسی یەوە چی کـراوە بـۆ چارەسـەر کردنـی ئـەم قەیرانـەی کـە ئێسـتا لـە هـەرێمی کوردستان هەیە ڕوون کردنەوەی خۆیان بدایـە، ئـەمڕۆ لـە کوردسـتان پەرلـەمان مەرجەعیـەتێکی شـەرعی خەڵکی کوردستانە، خەڵك دەبێ بە ئاگا بێ لەویە کە چارەسەرە دیبلۆماسیەکان ئەوانەی کە بڕیاری سیاسی لە سیاسییەکانی کورد لە بەغدا چیان کردووە و هەڵوێستەکانیان چی بووە؟ هـەروەها ئـەو هەوڵانـە بەچـی شێوەیەك بووە؟ ئێمە ڕاستە ناڵێین لەڕووی چەکدارییەوە ئێمە توانای ئەوەمان هەیە ڕووبـەڕووی ئێـران و تورکیـا و حکومـەتی عێـراقیش ببینـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەداین کـە هەڵوێسـتێکی تەندروسـت هـەبێ و هەروەها بێ دەنگ بوون لە ئاست ئەم کێشە، ئەم قەیرانە گەورەی کە ئێستا لـە هـەرێمی کوردسـتاندایە لـە ئاست ئەم واقیعە تاڵەی کە ئێستا ڕووبەڕوومان بۆتەوە، بێدەنگ بوون لە ئاستی دا، ئەگەر ئێمە داکۆکی لـە خۆشمـان نەکـەین، داکـۆکی لـە هـەر پارچـەیەکی کوردسـتان بکـەین کـە خـەباتی تیـا دەکـرێ، خـەباتی ڕزگـاریخوازان دەبـێ بـە پـیرۆز سـەیر بکـرێ، نـەك ئـەوەی ئێمـە لـە هـەرێمی کوردسـتان دا بڵـێین ئێمـە ئەزموونەکەمان لێ تێك دەچـێ و ئێمـە هـەر پارچـەیەکی کوردسـتان لـە نـاو خـاکی خـۆی دا حـەقی خـۆی وەرگرێ، من پێموایە هەر هاووڵاتییەکی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێ، لە هەر شـوێنێکی دونیـادا بـێ ئێمـە دەبـێ لـە پەرلـەمانی کوردسـتان دا هەڵوێسـتێکی ڕوون و ئاشـکرامان هـەبێ، هـەروەها پشـتگیریان بکەین، جارێکی تر هیچ کاتێك نە بە بڕیاری سیاسـی لـە هـەرێمی کوردسـتان دا، نـە سیاسـەتمەدارانمان، نـە هـیچ لایـەنێکی سیاسـی بتـوانێ جارێکی تـر بیـەوێ بـە شـەڕ کـردن ڕووبـەڕووی ئـەم لایەنانـە بێتـەوە لـە کوردستان دا بەو شێوەیەی کە دوژمنانمان دەیانەوێ ئێمە لە خاکی کوردسـتان دا دەریـان بکـەین، بۆیـە مـن داواکارم لێرەوە لە پەرلەمانی کوردسـتان، سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردسـتان مـن پێموایـە کـە ئێسـتا ئـەو واقیعـەی کـە ئێسـتا لـە نـاو هـەرێمی کوردسـتان کـە بـوونی ململانـێ و نـاکۆکی و ناسـەقامگیری بمانـەوێ و نەمانـەوێ لـە دوای ($17$)ی شـوباتەوە لـە هـەرێمی کوردسـتان هەیـە، جگـە لـەوەی کـە لـە عیراقـیش دا حکومرانی جێگیر نیە، ئەوە فرسەتێکە قۆزراوەتەوە بـۆ ئـەوەی جـارێکی تـر پـەلاماری کوردسـتان و عـیراق بدرێتەوە، ئەگەر عیراقیش نەتوانێ بە پێی ئەو یاسایانەی کە یاسای ژمـارە ($110$) لـە هـەرێمی کوردسـتان ئێمە نەتوانین هێز بەکاربێنین، هەروەها عیراقیش نەتوانێ، بەڵام ئێمە دەتوانین لە ڕێگای ئاگـادار کردنـی ئەنجومەنی ئاسایشی نێـو نەتـەوەیی، هـەروەها ڕێکخراوەکـانی مـافی مرۆڤـەوە، کێشـەی کـورد بـەڕای گشـتی، هەروەها لە ڕێیی میدیاکانەوە ئێمە کێشەی کورد بەڕای گشتی جیهان بگەیەنن، کێشـەکان چارەسـەر بکـرێ، دیارە ئەو تۆمەتبارکردنەی کە ئێمە دەڵێین دەسەڵاتدارانی کورد لە هـەرێمی کوردسـتان دا دەسـتیان هەیـە،

یان دەڵێین بێ دەنگن لە ئاست ئەم کێشە گەورەیە، یان ئەم بۆردومان کردن و هێرشە بەو شێوەیە، بۆیە تکام ئەوەیە زۆر بە مەوزوعی سەیری بکەن، کاک عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناتوانن ڕووبەڕوی قەیرانەکان ببنەوە کە ڕۆژانە و مانگانە ڕوبەڕوومان دەبێتەوە، دیارە برادەران پێشنیاری زۆریان خستەڕوو من ئەو پێشنیارانە دووبارە ناکەمەوە، دەست خۆشی لە برادەرانی لیژنەی ناوخۆ دەکەم کە ئەرکیان کێشا و چوونە ناوچەکە بە شێوەیەکی مەیدانی ئەو ڕاپۆرتەیان ئامادە کرد، بەڵام لە ڕاستی دا من هاوڕام لەگەڵ پەیمان خان، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم کە خاڵی 6 لە ڕاپۆرتەکە هەبێ، ئەگەر هەشبێ من لەگەڵ ئەوەم تاوەکو کێشەکان بەڕێگای دیالۆگ لەویا هەبێ، چونکە بەڕاستی وەکو کاك ئاسۆ ئاماژەی پێی کرد، ئەوەی کە وای کردووە ئەمڕۆ ئێران و تورکیا تۆپبارانی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بکەن و خەڵکی ئێمە شەهید بکەن لەڕاستی دا کێشەی پژاك و پەکەکە نیە، بەڵکو ئەو گۆڕانکاریە گەورەیە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بە تایبەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کە گرتووەتەوە، تورکیا و سوریا و ئێرانیش بەدەر نین لەو گۆڕانکاریانە، ئەوان دەیانەوێ کێشەکان بنێرنە دەرەوە و ئەوان دەیانەوێ هەرێمی کوردستان بکەنە مەیدانی یەکلایی کردنەوەی کێشەکان، بۆیە ناکرێ ئێمە ببینە بەشێك لە وتار و لە تۆمەتەکانی ئەوان و لە پەرلەمانەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان گومانەکانی ئەوان و قسەکانی ئەوان و تۆمەتەکانی ئەوان بسەلمێنین، من پێموایە ئەگەر قسە لەسەر برایانی پژاك و پەکەکە بکرێت لەڕاستی دا دەبێ بەو ئاراستەیە بێت لەناو ئەم ڕاپۆرتە یاخود لەناو ئەم قەرارە دەبێ بەو ئاراستەیە بێ ئێمەی هەرێمی کوردستان چەند پێمان بکرێت ڕۆڵی ناوبژیوانی بگێڕین لە بەینی لایەنەکانی کێشەکە، هەروەها بۆ تورکیا و ئێران باس بکەین کە کێشەی ڕەوای گەلی کورد هەیە لە سنوورەکانی خۆیاندا و لە وڵاتەکانی خۆیاندا پێویست دەکات بەشێوەی دیموکراسیانە و لەناو دەستوورەکانیاندا دەستەبەری مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن، ئەمە حەقیقەتێکە و ئەمڕۆ یان سبەی دەبێ بکرێت، من پشتیوانی ئەو پێشنیارەی کاك کاردۆ دەکەم لەڕاستی دا بە گەڕانەوە بۆ ماددەی 47 ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە پەرلەمان دەتوانێ بۆ هەر کێشەیەك کە لە پەرلەماندا باس دەکرێت کە لیژنەی کاتی دروست بکات و ئەم کێشەیە لەبەرئەوەی کێشەیەکی بەردەوامە و گەورەیە پێویست دەکات لیژنەیەك هەبێ با بڵێین چاودێری کاروباری ئەم دۆخە نالەبارە بکات کە ڕووبەڕووی هەرێمەکەمان بووەتەوە، هەروەها من داوای ئەوە دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە دەبینین ڕۆژانە لەناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان وەکو کاك ئاسۆ ئاماژەی پێیدا خەڵکی خۆپیشاندان دەکەن و ناڕەزایی دەردەبڕێ لەڕاستی دا ئەرکی حکومەت ئەوە نیە ڕێگر بێ لەبەردەم ئەوان، ئەرکی ئێمەی پەرلەمانە دەرفەت بۆ ئەوە بڕەخسێنین خەڵکی خۆپیشاندان بکات، خۆپیشاندان و ناڕەزایی خەڵك پشتیوانیەکە هەم بۆ کێشەی ڕەوای گەلی کورد و هەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەم بۆ پەرلەمانی کوردستان، بە عەکسەوە من پێموایە دەبێ ئێمەی

پەرلـەمانتاران لـە پێشـی پێشـەوەی خۆپیشـاندانەکان بـین و هاوکاریـان بـین و دەرفـەتیان بـۆ بڕەخسێنین، نوقتەیەکی تر کە زۆر گرنگە تورکیا ئیدعای ئـەوە دەکـات کـە دەوڵـەتێکی ئیسـلامیە، مـن پێشـنیاری ئـەوە دەکەم مامۆستایانی ئایینی سبەی تەواوی وتارەکانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ قسە کردن لەسەر ئەو بابەتـە و ئیدانەکردنی ئەو بابەتە لەڕاوانگەی ئیسلامەوە، ئەو دەوڵەتە ئیـدعای ئـەوە دەکـات نوێنەرایـەتی ئـایینی ئیسلام دەکات، کەچی ئەوەی دەیکات بە هیچ شێوەیەك لەگـەڵ ئـایینی ئیسلامدا یەکناگرێتـەوە، بۆیـە مـن هیوادارم بەیانی کۆی وتاری هەموو مزگەوتەکان تەرخان بکرێت بـۆ ئـەو بابەتـە و بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی هـەموو چـین و توێـژەکان کـە لـە ئێوارەکـە بـە ئامـادەبوونی هـەموو پەرلەمانتاران لەگەڵ خەڵك دا خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری بکـرێ و ئەگـەر بشـکرێ لـە ئـەورووپاش ئەمانـە بکەین، دوا قسەی من ئەوەیە کە هیوادارم پەرلەمانی کوردستان ئـەمڕۆ دانیشـتنەکانی خـۆی بـە بڕیـارێکی جدی کۆتایی پێ بهێنێ، بڕیارێك بێت کە لایەنی کەم ئیتر کاك دڵشادیش ئەو گلەییانەی نـەمێنێ بـا بڵـێین ڕاگەیانــدنکارەکان لــە ئێمــەی پەرلــەمانتارانی دەکــەن، منــیش پێموایــە ئەگــەر پەرلــەمانتار لــە ئاســتی مەسـئولیاتی خۆمـان نـەبین خـەڵکی کوردسـتان و ڕاگەیانـدنکاران حـەقی خۆیانـە ڕەخنـەمان لێ بگـرن و لەڕاستی دا ئەو نوقتەیەی کە زۆر گرنگە لەبیرم چوو باسـی بکـەم بەڕاسـتی پەرلـەمانی کوردسـتان ئـەمڕۆ ڕاستە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام چاوی هەر چوار پارچەی کوردسـتان و هـەموو کـوردی لەسەرە، ئێستا نوێنەرایەتی بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلی کورد و کوردستان دەکـات، بۆیـە دەبـێ بڕیارەکانمـان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی دا بـێ و نـابێ هـیچ بڕیـارێکی ئێمـە لـەم پەرلەمانـە نـابێ ببێـتە مایـەی ئـەوەی خوانەکردە شەڕی کورد بە کـورد دروسـت بێـت، خوانـەکردە ڕێککەوتنـەکان لەگـەڵ تورکیـا لەسـەر بنـەمای مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە لیژنـەی نـاوخۆ دەکـەم کـە سـەردانی ئـەو ناوچـانەی کـردووە و ڕاپۆرتیـان ئامـادە کردووە، دەستیان خۆش بێت، بەڕێز ئەوە سێیەم جارە لەو ماوەیە ئێمـە کۆبوونـەوەی نائاسـایی دەبەسـتین دەربارەی تۆپبـاران کـردن و بۆردومـان کردنـی ناوچـە سـنووریەکانی کوردسـتان، لـە کۆبوونـەوەی نائاسـایی یەکـەم جـار مـن باسـم کـرد و گـوتم شـکم لـەوە هەیـە کـە بـەیانی تورکیـاش دانیشـێ و تەسـفیەی هـەرێمی کوردستان بکات، شکەکەشم لە جێی خۆی بوو، بەرێز باسی سەرۆك کۆمار و بارزانی کرا کە داوایان کردووە ئـەو تۆپبارانانـە ڕابگـیردرێ و بۆردومانـەکان ڕابگـیرێ، ڕاسـتە ئەوانـە نوێنـەری خـەڵکن و بڵـێین سـەرۆکی هەرێم تەمسیلی هەموو هـەرێمی کوردسـتان دەکـات و سـەرۆك کۆمـاریش بـە هـەمان شـێوە، بـەڵام دەبوایـە سەرۆك کۆمار داوا لە هەردوو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نوێنەران لە بەغدا، سەرۆکی

هەرێم لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران لە کوردستان وەفدێکیان ئامادە کردبا بە زووترین کات بچووبان بۆ بەغدا و ئەو کێشەیان چارەسەر کردبا، لەبەرئەوەی ئەگەر بە تەمای ئەو عەرەبانە و بە تەمای نوری مالکی و ئوسامە نجێفی و ئەوانە بین کێشەی کورد چارەسەر بکەن، ئەوا کێشەی کورد چارەسەر ناکەن، کورد ئەو خەمە خەمی خۆیەتی و دەبێ خۆی چارەسەری بکات، هەرچەندە پاراستنی ئەو ناوچە سنوورییانە لە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵیە، ئێمە زۆر باش دەزانین، کورد زۆر باش دەزانێ و زۆر لەمێژیشە نە تورك و نە فارس و نە عەرەب کوردیان ناوێ و بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێ کورد لەناوبچێت، ئەوە مێژووە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ، وەك کاك ئاسۆ و هاوکارم باسی کرد ئێمە ترسمان لەوە هەیە کە ئێستا دادەنیشین و باس دەکەین و ئیدانەی دەکەین و مەحکومی دەکەین، بەلأم هیچ نەتیجەی نابێت، لەبەرئەوەی ترسی ئەوەمان هەیە کە لە دوای جەژن دووبارە لەوەی خراپترمان لێ بەسەر بێتەوە، ئەگەر بێینە سەر ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ ئەو ناوچانەی کە تۆپبارانی دەکات وەك بەڕێزت باست کرد هەمووی بیانووەو هیچی تریش نیەو مەنتیقەی گوندەکانی بۆکلیسکان و زارگەلی و پردەشاڵ و ئەوانە هیچی پەکەکەی لێ نیە و بەلأم بوردومانیشی کردووە و وێرانیشی کردووە، تورکیا بۆ خۆی زۆر باش دەزانێ ئەوە مافی دراوسێیەتی و جیرانەتیە و ئەگەر یەکێك هەڕەشەی لێ بکرێت لەوانەیە خانەوادەیەك هەڕەشەی لێ بکرێت، لە ئەندامانی خێزانەکەی بکات و پەنا بباتە بەر جیرانەکەی خۆی، یەعنی ئەوە شتێکی زۆر تەبیعیە ئەگەر پەکەکە و پژاك لەناو هەرێمی کوردستانیش بێت، بەلأم چالاکیەکانیان لەناو سنووری خاکی هەرێمی کوردستان نەبێ و لەناو سنووری تورکیا و ئێران بێت ئەو کاتە دەتوانن ئەوان سنووری خۆیان بپارێزن و ئەگەر لە پەکەکەی دەدەن یان لە پژاك دەدەن هەرچەندە ئێمە لەگەڵ ئەوە نین لە هیچ لایەك بدرێت و مافی خۆیانە داوای ئازادی دەکەن و کو تورکیا و ئێران دان بە خۆپیشاندانەکانی لیبیا و مصر و تونس و ئەوانە دەنێن، حەق وایە پێش هەموو کەسێك ناو ماڵی خۆیان ڕێك بخەن و مافی کورد بدەن ئینجا دەستپێشخەری بکەن، ئەگەر بێینە سەر داواکاری خەڵکی ئەو ناوچانە خاڵی دووەم منیش لەگەڵ پەیمان خانم داوا دەکەن ئەگەر ئەوە ئەزعەف وئیمانە و داوای شوێنێکی دی دەکەن، لەبەرئەوەی ئەگەر تۆپبارانەکان یان بۆردومانەکان پەرەی سەند، بەلأم خاڵی دووەم پەیوەندی بە خاڵی 5 ەمەوە هەیە، خاڵی 5 یش کە خەڵکی ئەو ناوچانە سلفەی عەقار وەردەگرن و خانوو دروست دەکەن، ئەو کاتە ئەگەر دیسانەوە ئەو ناوچانە چۆڵ بکرێت و خۆ مەنتیقەی سەر سنووریش نینە و زارگەلی و پردەشاڵ هەمووی 40 کم وابزانم یان 50کم لە ڕانیە و لە سەنگەسەری دوورە، زۆر دوور نیە، ئەگەر خەڵکی ئەو مەنتیقانە چۆڵی بکەن ئەو کاتی تورکیا زۆر بە ئاسانی دێت داگیری دەکات و وەك ناوچە دابڕاوەکان کێشەی لێ دروست دەبێت و کێشەکەش ئاڵۆز تر دەبێت، ئەگەر باسی ئیدانە کردن بکرێت ئەوا ئیدانە کردن شەفەهیە، بەس ئێمە کاری جدیمان دەوێ، کاری جدیش ئەوەیە کە لە خاڵی 4 داواکاری پێشنیارەکانی لیژنە و تۆمارکردنی سکالأ، خاڵی 6 داوا لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی تورکیا و پارتی کرێکاران بکرێت، ئەگەر بە تەمای حکومەتی تورکیا بین و دانیشێ و کێشەکەی چارەسەر بکات لەگەڵ پارتی کرێکاران ئەوە نەیکرد

لەبەرئەوەی پارتی کرێکاران چەند ساڵە، چەندین جار ئاگربەستیان ئیعلان کردو شەڕیان ڕاگرت، بەڵام تورکیا ئامادە نەبوو هیچ دانیشتنێکیان لەگەڵ بکات، هەوڵی جدی ئەوەیە ئەگەر کورد دەستپێشخەری دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو لاو ئەو لا حەقە دەستپێشخەریش بین بۆ چارەسەر کردنی کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان و پژاکیش بە هەمان شێوە، خاڵی 7 زۆر باشە، بێینە سەر خاڵی 8 حکومەتی هەرێم چاوبخشێنێتەوە و پێداچوونەوە بکات لە پەیوەندیەکانی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمەی میللەتی کورد بە گشتی کورد نازانم نە لە لاوازیمانە نە لە دڵسۆزیمانە نە لەوەمانە ڕێز زۆر لە خەڵك زیاد لە حەدی خۆی دەگرین، لەبەرئەوەی ماوەیەك پێش ئێستا جەنابی ئۆردوغانیناموبارەك هاتە هەولێر ئەوە حەقی خۆمە و حەزیش ناکەم بیسڕنەوە، لەبەرئەوەی مافی خۆمە ئەو قسەیەی بکەم، کو ئەو ئازایە تەیارەی بنێری و خەڵکی کوردستان شەهید بکات و منداڵ شەهید بکات ئێستا من دووبارەی دەکەمەوە جەنابی ئەردۆغانی ناموبارەك هاتە هەولێر زیاد لە حەدی خۆی کورد ڕێزی لێی نا و حەق وایە ئەگەر هەرکەسێك دێت ئەگەر بە ڕێزلێنان مافی خۆیەتی، بەڵام بە قەدەر سەنگی خۆی ڕێزی لێ بنێین، من هەولێرم دیت ئەو مەنتیقانەی هۆڵی مامۆستا سعد و پارکی سامی عبدالرحمن و شوقەکان و ئەبو شەهاب و ئەو مەنتیقانەی کە دیتم یەعنی لەبەر ئاڵای تورکیا سوور و سپی دەچوو، ئەوەندە ئاڵای کوردستانی لێ نەبوو، لە کاتێك کە سەرۆکی هەرێم کە چووە تورکیا یەك ئاڵای کوردستانیان لە پشتی سەری بۆ دانەنابوو، باشە ئەو ڕێزە زۆرە! ڕاستە لە ڕێز لێنانە لێی دەنێ، بەڵام ئەوە قابیلی ئەوە نینە ئەوەندە ڕێزەیان لێ بندرێت، لەتۆڵەی ئەوەی ئەوەندە ڕێزەمان لێنان و لە تۆڵەی ئەوە هەستان بۆردومانی مەنتیقەکانیان کردین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر تەماشای تێبینیەکان بکەین و تەمەشای ئەوەندە خانووە بکەین کە خێزان و ئاژەڵداری ئەوەندە ئاوارە بووە و ئەوەندە نازانم ئەو ماڵانەی کە بێستانیان بەجێ هێشتووە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر خاڵی دووەم ئەگەر تەماشای خاڵی دووەم بکەین خاڵی دووەم جێ بەجێ بکرێت زۆر زۆر لەوەی زەرەرمەند تر دەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز هەر بۆ ئاگاداری جەنابت و ئەم بەڕێزانە و ئەوانەی گوێیان لە ئێمە بووە، نەك ئەمڕۆ و دوێنێ و ئەو هەفتەیە، هەوڵ هەیە لە هەموو مستەواکان لەوەتەی تۆپباران دەکرێت لێرە، لەوەتەی ئەو کێشەیە هەیە لە مەنتیقە حەرکەیەکی مکۆکی لە بەینی هەرێمی کوردستان و بەغدا و ئەنقەرە و واشنتن و ئیتحادی ئەورووپی بەردەوام هەیە، هەوڵێکی موستەمیت هەیە کە ئەمریکاش پشتیوانی لێ دەکرد تاوەکو ماوەیەکی زۆر نزیك کە بەهێز لە هەموو لایەکەوە بچێتە ئەو مەنتیقەیە، چونکە بە ئێمە دەڵێن ئێوە کوردستانن و مەنتیقەیەکتان هەیە لە دەستی ئێوە نیە، ئێوەش ناتوانن بچنە ناوی و دەسەڵاتتان هەبێ، بەڵام ئەم هەرێمە بوو نەیهێشت ئەو کوشت و کوشتارە ڕووبدات، ئێستاش بەردەوامە لەسەر ئەوە، ئێستاش محاوەلات هەیە، بەڵام هەر دەوری هەرێم لەو بارەوە زۆر نەتەوەیی و بەرز و پیرۆزە، ئێستا ئەم دانیشتنە بۆ ئەوەیە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری خەڵکی کوردستانن چ شتێکی کۆنکرێت، نەك شتی

عمومی، بڵێین ئەوە ئێمە بڕیارمان دا شەڕەکە ڕابوەستێ، ناوەستێ، چونکە بە قسەت ناکات، بەغداش بڵێ بە قسەی ناکەن، بۆیە دەبێ جوانتر بیربکەینەوە و نە مەسائیلی نەتەوەی خۆمان پشتگوێ بخەین و لە هەمان کات بتوانین لەگەڵ لایەنەکان دیالۆگێکی باش هەبێ بۆ ئەوەی ڕێگەی گونجاو وەربگرین، ئەو حەرەکەیەش کە جەنابت بفەرمووی و بڵێی تازە بکەین، هەیە و بەردەوامە، ئێستا ئیحتمالە لە تاران خەڵکێك هەیە و لە بەغدا و لە ئەنکەرە خەڵکێك هەیە، لەگەڵ ئەمریکیەکان دانوستانی بەردەوام هەیە، لەگەڵ ئیتیحادی ئەوروپی هەیە، لەگەڵ ئومەمی موتەحیدە هەیە، یەعنی ئەوە نیە ئێمە دانیشتووینە و هیچ نەکراوە، بەس شەڕی ئێران و عیراق دوو دەوڵەت بوون هەردووکیان عزو بوون لە ئومەمی موتەحیدە چەند ساڵ بەردەوامە، کوێت دەوڵەتێکە کە گشت غەرب پشتیوانی بوو چی بەسەر هات و پاشان چی لێ کەوتەوە، ئێمە هەرێمێکین لەناو دەوڵەتی عیراق خاوەنی بیر وباوەڕێکی پاك و بەرز و پیرۆزین و مەشاکلێك هاتووە دەبێ ئێمە حەلی بکەین، لێرە جوان بیر بکەینەوە پێکەوە، هەوڵ بدەین حەلی بکەین و کە ئێرە زەرەر نەکات و ئەو برایانە زەرەرەنەکەن و تەعەدا قەبوڵ نەکرێت، بەردەوام نەبێ، ئەو دەوڵەتانەش زەرەر نەکەن لەم حەرەکاتانەی کە هەیە لەم مەنتیقەیە بۆ ئەوەی ئەو ئاگرە گەورەتر نەبێت، زۆر سوپاس بۆ جەنابت و کاك کاوە فەرمووو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی خانەوادەی شەهیدەکان دەکەم و دەست خۆشی لە لیژنەی ناوخۆ دەکەم کە بە ئەرکی خۆیان هەستاون و ڕاپۆرتێکی باشیان ئامادە کردووە، پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك دڵشاد دەکەم بەڕاستی بابەتیانە مەوزوعەکانی خستەڕوو، ئەوەی کە من هەندێ تێبینیم هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە بەڕاستی ئەو بیانوو و پاساوانەی کە تورکیا کردوویەتە بیانوو بۆ بۆردومان کردنی ناوچە سنووریەکان پێموا نیە عیلاقەی بە چالاکی چەند گەریلایەك هەبێ لە مەنتیقەکانی کوردستانی تورکیا کە ئەنجامی دەدات، زیاتر پەیوەندی بەو بارودۆخە هەیە کەلە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە وڵاتانی عەرەبی داهەیە کە خەریکە تەوازوناتی هێز بەرەو گۆڕان دەچێت، ئەوانەش وەکو ئێران و تورکیا دوو زلهێزن ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەو تەوازوناتانەوە هەیە، لە زۆر شت ناکۆك، بۆ نموونە لە سوریا کە ئەو وەزعە هەیە، دەوڵەتی تورکیا بە توندی دژی نیزامی بەشار ئەسەدە، دەوڵەتی ئێران بە توندی پشتیوانی دەکات، یەعنی دوو هەڵوێستی دژ بە یەکیان هەیە، ئێمە دەبێ وەکو هەرێمی کوردستانی عیراق کە هەرێمێکی ئارام و سەقامگیرە دەبێ زۆر ژیرانە و حەکیمانە تەعامول لەگەڵ ئەو بارودۆخە بکەین کە بارودۆخێکە ئاڵۆزە و موعەقەدە و تێکەڵ و پێکەڵی تێدایە، ئەوە عیلاقەی بەوە نیە کە ئەو سنوورانە هەندێ موعارەزە و پێشمەرگەی پەکەکە و پژاکی تێدایە، ڕاستە بیانوویان هەیە و دێن بەو بیانووە ئێمە ئازار دەدەن، بەڵام صراع و ململانێی ئەوان لە مێژووە وە زۆر قوڵتر و گەورەترە لەسەر دەسەڵات و نفوزە

لەسەر مەنتیقەکە بەتایبەتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، ئەوەی کە لەسەر ئێمە پێویستە وەکو ئیمکانیەتی خۆمان کە هەمانە وەکو ئیمکانیانی مرۆیی و سیاسی و دیبلۆماسی هەمانە و هەمووман بەگەڕخستووە و زیاتر چڕی بکەینەوە، یەکێکیان ئەوەیە بەڕاستی ئێمە  کە وەکو برادەران ئاماژەیان پێی دا حەزناکەم دووبارەی بکەمەوە، لە کەناڵە دبلۆماسیەکان و لەمستەوای سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و لە سەرۆك کۆماری عیراق و وەزیری خارجی، دەبێ عیراق وەکو خۆی تەماشا بکەین، بەڕاستی حکومەتی عیراق ئەو حکومەتە نیە ئەوەی کە ئێمە وەکو لە دەستوور ئیلزامی بکەین و بیکات، حکومەتی عیراق بە عەکسەوە لە هەندێ لا کێشەمان بۆ دروست دەکات کە کەمتر نیە لەو کێشەی لە سنوور بۆمان دروست کراوە، ئەوەی سەعدیە و جەلەولاش کێشەیەکە، کێشەیەکی نەتەوەیی قورسە بەڕاستی چاوپۆشینی حکومەتی عیراقی لەبەرامبەر تیرۆرستان و شۆڤینیەکان ئەویش کێشەیەکە کە قسەی لەسەر کراوە و بەردەوامیش قسەی لەسەر دەکرێت، ئەوەی کە بە ئێمە دەکرێت یەکێکیان ئەوەیە کە وەکو گوتم لە ڕێگای کەناڵە دبلۆماسیەکانەوە دەتوانین هەندێ ئیش هەیە ئێمە دۆستی خۆمان هەیە و وەکو ئەندام پەرلەمانانی کوردستانی تورکیا و هەندێ ئەندام پەرلەمانی تورکن بەڕاستی ئێمە دەتوانین ئەو کارەساتەی ئەو خێزانە شەهیدە کە حەوت سەر خێزان بوون لە منالی یەك سالیەوە تا دایك و باوکیان کە شەهید کران، ئێمە بیوروژێنین و بیکەینە مەسەلەیەکی ئینسانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیاش دا کە بیوروژێنین وببێتە مەوزوعێك، بەڕاستی ئەو دەنگە بچێتە ناو پەرلەمانی تورکیا و بچێتە ناو شەقامی تورکیاش  بۆ ئەوەی ببێتە فشارێك و ببێتە مەسەلەیەکی گرنگ کە ئێمە بتوانین ئەو مەسەلەیە لەڕێی ئیعلامی بە وێنە کە لەوانەیە کرابێت، بەڵام زیاتر ئیهتمامی پێ بدرێت و بە بەرنامە بیکەین بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی ئەو پەیوەندیانەی ئێمە خۆمان هەمانە لەگەڵ پەرلەمنتارەکانی کوردستان و پەرلەمانتارەکانی حکومەتی تورکیا و هەتا حزبی عەدالە و تەنمیە خۆی هەندێ دۆستایەتی لەگەڵ حیزبەکانی خۆمان هەیە دەتوانین لە ڕێگەی ئەو کەناڵانەوە بتوانین ئەو مەوزوعانەی تێ بگەیەنین کە فعلەن ئەو هێرشانە و بۆردومانی حکومەتی تورکیا، بۆردومان کردن نیە لەسەر چەکدارانی پەکەکە، بەڵکو بۆردومانە لەسەر هەندێ خەڵکی سیڤیل کە ئەوەش نموونەکەیەتی، کە ئێمە دەتوانین پیشانی بدەین، خاڵێکی تر من پێم باشە و نازانم چەند دەکەوێ و چەند ناکەوێ، ئەویش ئەوەیە بەرژەوەندی حکومەتی تورکیا زۆر لە کوردستان داهەیە، بە دەیان بازرگان و کۆمپانیای ئیستسماریان لێرە هەیە و میعماریان لێرە هەیە، ئایا ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی ژووری بازرگانیەوە بتوانین لەگەڵ ژووری بازرگانی تورکیا هەتا ئەگەر لەسەر مستەوایەکی زۆریش نەبێ بتوانین یەعنی ئێمە قسەی لەسەر بکەین و ئەو مەسەلانە بوروژێنین کە لەسەر ئاستی ئابووریش زەرەرە بۆ هەموو لایەك کە چ لەسەر ئاستی ئینسانیش ئەو مەسەلانە کە پێیان ڕابگەیەنین بۆ ئەوەی ئەوەش بکەینە کارتێکی فشار لەناوەخۆی تورکیا و حەتمەن ئەو دەوڵەمەند و بازرگانانەی تورکیاش ڕاستەوخۆ تەئسیریان لەسەر حکومەت و دەسەڵاتدارانی تورکیا هەیە، ئەوەی دیکە کە بەڕاستی برادەران ئیشارەتیان پێی کرد، من جارێکی تر تەئکید لەسەری دەکەمەوە

ئێمە وابکەین ئەومەسەلەیە لە ئیعلامەکانی خۆمان و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خۆمان نەیکەینە ململانێ ی سیاسی و کێشەی سیاسی ناوخۆمان، بەڵکو بە مەسەلەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی وەری بگرین و زیاتر جهودەکانی خۆمان بگۆڕین بۆ زیاتر دوورخستنەوەی ئەو ئاگرە بە بەرگرتن لەو کێشەیە کە بەرەو ڕوومان دەبێتەوە و سەقاگیری لە هەرێمەکەمان تێك دەدات و بەو ئاراستەیە قسەی لەسەر بکەین و تەعبیئەی خەڵکی خۆمان بکەین و هەروەها پشتگیری لەوەش دەکەین ئێمە بتوانین شەقامی خۆمان بجولێنین بە خۆپیشاندان و بە مانگرتن لەبەرامبەر ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەی کە بە خەڵکی سیڤیلی ئێمە دەکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە پێشەکی دا پشتگیری وتە بە نرخەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم دەکەم کە دوێنێ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دانیشتنێکی کرد کە وتی ئێمە چیتر بێ دەنگ نابین لە شەهید بوون و لە ماڵوێران بوونی، شەهید بوونی خەڵکی سیڤیل و بێ دەسەڵاتی میللەتەکەمان، من پشتگیری ئەو وتە بە نرخانەی دەکەم، هەروەها ئێمە هەمووومان دەزانین ئەزموونی هیچ میللەتێك لە دنیادا بە قەدەر ئەزموونی میللەتەکەی ئێمە بە ماڵوێرانی و بە دەربەدەری بنیات نرابێت، چەندین شەهیدمان داوە بە ئاواتەوە بوون ئاڵای کوردستان ببینن بشەکێتەوە بەسەر دامودەزگاکان دا، پێویستە هەموو کوردێك لە هەر چوار پارچەکە ئەم ئەزموونە بە هی خۆی بزانێ، بەرژەوەندی ئەم میللەتە داماوە خێر لەخۆ نەدیوە بپارێزێ، چونکە ئێرە کە من قسەکانم دووبارە ناکەمەوە، بەڵام ئیجبار دەبێ کە زۆر شت بڵێیتەوە کە بووە بە داڵدەی هەموو کوردێك، لەبەرئەوە دەبێ هەموو کوردێك ئەم ئەزموونە بە ئەزموونی خۆی بزانێ، پاراستنی سنوورەکانیش هەموو دەزانین کە نابێ خۆمانی لێ وابکەین کە نەزانین، هەموومان دەزانین کەوا لە سەڵاحیەتی حکومەتی فیدراڵە، تەنانەت تاوەکو ئێستا پەرلەمانی عیراق نەیتوانیوە ئەو ڕێککەوتنامەیە هەڵوەشێنێتەوە کە عیراق و تورکیا و ئێران بۆیان هەیە کە چەند کیلۆمەترێك داخلی ئەرازی یەکتری بن بە بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ یەکتری و پرسیار لە یەکتری بکەن، لەبەرئەوە دەبێ ئێمە زۆر بە واقعانە کە پشتگیری قسەکانی کاك دڵشاد دەکەم کە بیر بکەینەوە ئێمە بێ دەنگ نەبووین و بێ دەنگیش نابین، ئەوا سەرۆکایەتی پەرلەمانە چەندین دانیشتنی نائاسایی کردووە، هەروەها ئەوە سەرۆکی هەرێمە کە بە هەموو شێوەیەك بە ئاشکرا و بە دبلۆماسی لە هەوڵ دایە کە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت، پێویستە لەسەر هەموو کوردەکانی تریش بارودۆخی ئێمە بزانن کەوا ئێمە ناتوانین لەگەڵ هێرشێکی نابەرامبەر لە هەموو

**توانایەکی خۆیـان ئێمـه نابەرامبـەرین لـه گـەلیان دا و ئێمـه نـاتوانین بچینه شـەڕێکەوە، ئێمـه کاتەکـەمان محریجه کە وەکو جەنابت وتت ئێمە هێڵی سوورمان داناوە جارێکی تـر بـۆ کـورد کوشـتن، هـەروەها توانـای سوپاشمان نیە لەگەڵ نە تورکیا و نە ئێـران تـەنها ئێمـە دەتـوانین بـە دبلۆماسـیانە کـاری خۆمـان بکـەین و جـەنابی سـەرۆکی هـەرێمیش هـەموو کاتێـك ئـەو کارتـەی بـەکارهێناوە، هـەوڵێکی زۆریشـی داوە کـە بـە دبلۆماسی کە کوردەکانی تورکیا لەگەڵ حکومەتی تورکیا ڕێك بخات و ئەو هەوڵەش بەردەوامە و لەبەرئەوە من داوا دەکەم کە بە هیچ شێوەیەك ئێمـە نـەڵێین سـەرۆکی هـەرێم بـێ دەنگـە، یـان پەرلـەمان بـێ دەنـگ بووە، با وا لە خۆمان نەکەین کە خەڵکانێك تەسەور بکەن، چەند کەسانێك تەسەوری ئەوە بکەن کـە ئێمـە بێ دەنگین و ئێمە گوێ نادەین بە منداڵی خۆمان بکوژرێ و ئافرەتی خۆمان بکوژرێ، مەسـەلەکە ئـەوە نیـە، مەسەلەکە زۆر لەوە ترسناکترە کە خەڵکێك بیری لێ دەکاتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سمیرە خان فەرموو.**

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەست خۆشی لە لیژنەی نـاوخۆ دەکـەم بـۆ ئـەو ڕاپۆرتـە، سـەرەتا هـەروەکو ژیـان خـان گـوتی پشـتگیری لـە قسەکانی سەرۆك بارزانی دەکەم، ئەم شەڕەی ئێستا تورکیا دژ بە پەکەکە دەیکات، یەکەم جار نیە و دوایین جاریش نابێ، چـونکە پەکەکـە لـە سـاڵی 1984 ەوە دەسـتی بـە شـەڕی چـەکداری دژی تورکیـا کـردووە لـە زەمانی بەعسەوە ئەو مەجالە دراوەتە تورکیا هجوم بکاتـە نـاو خـاکی ئێمـەو دژی پەکەکـە بوەسـتێ، بۆیـە پێویستە ڕێگاچارەی بنبڕکردنی ئـەم کێشـە سـنووریە بدۆزرێتـەوە، داوا لـە تورکیـا بکرێـت کـاری جـدی تـر بکرێت بەو پێیـەی پرۆسـەی گەڕانـەوەی ئاشـتی بـەڕووی کـورد دا بکاتـەوە، هـەرێمی کوردسـتانیش هـەوڵی زیاتر بدات بۆ هاوکاری کردن لـەو پرۆسـەیەدا، هەڵوێسـتی حکومـەتی عـیراق ڕوونـە و بـە ئاشـکرایی خـۆی ناکاتە ساحبی هەرێمی کوردستان و زۆر قسەکانی ترسنۆکانەیە یـان بـە سسـتی جوابیـان دەداتـەوە، ئەگـەر خـۆی بـە خـاوەنی هـەرێمی کوردسـتان نـازانێ بـا پـێ بـەوەدابنێ کـە سـوپای عـیراق توانـای ئـەوەی نیـە و دبلۆماسی وڵاتیشی هەم توانای ئەوەی نیە، بۆیە داوا دەکەین کە بەرژەوەندی دانیشتوانی هەرێم لەبەرچاو بگیردرێت، چونکە ئەم دەستکەوتە دەستکەوتێکی مەزنە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بە ڕەنـج و خـەبات و قوربانی زۆر هاتووەتە دی، دەکرێ بەڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، ئەگـەر نـا هەڵوێسـتی هـەر تاکێکی هەر چوار پارچەی کوردستان و هەموو کوردێك لە وڵاتدا ئەگەر لە (Face book) بە یـەك وشـە دەبێتە مەترسیەکی گەورە بـۆ ئێـران و تورکیـا، هـەروەها داوا دەکـەین لیژنـەیـەك پێـك بێـت کـە سـەردانی چەند وڵاتێکی ئەوروپی بکات، هەتا ئەگەر بۆ خـودی بـەیتی ئەبیـەزیش بێـت ئەمـە مەسـەجە بـە وڵاتـانی ئـەوروپی بگەیـەنێ، چـونکە ئەگـەر بـە وڵاتـی تورکیـا و ئێـران و عـیراق بگەیـەنین هـیچ چارەسـەرمان بـۆ نادۆزنەوە، هەروەها کاری جدی بکرێت بۆ دەرکردنی ئەو بازگەی سەربازی تورکیـا کـە لـە خـاکی هـەرێم دا**

هەیـە، لـە ئامێـدی و كـانی ماسـی و بامـەڕنێ، پشـتگیری تـەواوی خـاڵی 4 دەكـەم كـە لـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی ناوخۆهاتووە تۆماركردنی سكاڵا لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە دژ بە دەوڵەتی توركیا لـە دادگـای لاهای نێودەوڵەتی و نەتەوەیی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان لیژنـەی پەیوەندیـەكانمان هەیـە، هـەموو ئـەو وڵاتانەشـی كـە موهتەمن بەو كێشەیە قونسوڵیەیان لەناو شاری هەولێر هەیە، ئیتر بـۆ لێـرە هەڵسین بـڕۆین بـۆ ئـەوروپا، بۆچی لێـرە ئـەوە قونسـوڵیە و ئـەوەش لیژنەكەیـە، هەرچیتان هەیـە بیدەنـە لیژنـەی پەیوەندیـەكان، مـن لیقائیان بۆ تەرتیب دەكەم، چ لەلای من و چ لەلای خۆتـان و چ لـە قونسـوڵیە بچـن و بیـانبینن، كـاك سـالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە بە خوێندنـەوەی ڕووداوەكـان دەركـەوت لـە هـەرێمی كوردسـتاندا هـەم دنیا بینی هەم ڕوئیامان بۆ ئەحداسەكان لەڕاستی دا لاوازە، من دێمەوە سەر نموونەی خاتوو دانیال مـیتران كە لە پەرلەمانی كوردستان لە خولی سێیەم كە وتەیەكی پێشكەش كـردو لـە دوتـوێی وتـەكانی دا دوو، سـێ پەیامی هـەبوو، یـەكێك لـە پەیامـەكانی ئـەوە بـوو كـە ئـەم دۆخـە تازەیـەی لـە كوردسـتان لـە دەرئـەنجامی هەڵبژاردنەكان هاتە كایەوە دەرفەتێكی زێڕینەیە بۆ یەكڕیزی ماڵی كورد، بۆ بەدەستهێنانی ئەومافانەی كە هێشتا بەدەست نەهاتوون و دەوڵەمەند كردنی زیاتری تەجروبەی دیموكراسی، ئاماژەشی بەوە كرد كە ئـەم تەجروبەی لە هەرێمی كوردستان هەیە جێـی ئومێـدی هـەموو خـەڵكی كوردسـتانە لـە هـەموو پارچـەكانی تری كوردستان، دیارە دانیال میتران یەكێكە لەوكەسانەی كـە لـە نزیكـەوە چـاودێری ڕووداوەكـان دەكـات و موتەعاتفە لەگەڵ دۆزی خەڵكی كوردستان، بۆیە ئەو پێشبینیانەی دەكـرێ ئێسـتاش ئێمـە بیكەینـە بنـەما، لەڕاستی دا لە نێـوان ئێمـە و ئـەوانی تـردا و بـە تایبـەتی هـەرێمی كوردسـتان و توركیـا ئەگـەر بـەراوردێك بكـەین هێشـتا هەرێمەكـەی ئێمـە لـە ئاسـتی نـاوخۆ دا پەرتـەوازەین وەكـو هێـزە سیاسـیەكان، لـە ئاسـتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا گەلی كورد و نەتـەوەی كـورد نەتەوەیـەكی دابـڕاو و پەرتەوازەیـە، بـەڵام ئەگـەر بـۆ وڵاتێكی وەكو توركیا سەبارەت بەكورد ئەوان كۆك و یەكگرتوون و لە ئاستی نێودەوڵەتیش دا یـەكگرتوون، بۆ ئێمە گرنگە لە ئێستادا جەخت بكەینەوە سەر كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان كە لە هەولێری پایتەختی هـەرێمی كوردسـتان ببەسـترێ و هـەموو ناوەنـدەكانی تایبـەت بـە دۆزی كـورد بانگهێشـت بكـرێ بـۆ ئـەوەی بتوانین لە دەرەوەی ئاستی هەرێمی كوردستانیش خوێندنەوەیەكی جدیمان هەبێ بۆ ئەو ڕووداوانەی كە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا ڕوودەدەن و ناوچەكە دەكوڵێ، لەڕاستی دا ئەو ڕووداوانەی كە ڕوودەدەن كاریگـەری

ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر هەمموو ئەو کیانانـە هـەن کـە هـەن، بـۆ نموونـە ئێمـە لـە وڵاتـی سـوریا ئێسـتاکە لـە سـاتە وەختـی هەڵتەکانـدن دایـە، ئەگـەر بیگێڕینـەوە ئاسـتی کۆمەڵایـەتی، ئەگـەر لـە مـاڵی خۆشماندا دراوسێکانمان خوانەخواستە کەسێکی لێ بمرێ تۆ مـاڵی نزیکـی، کۆمـەڵێك هەیـەجان و کۆمـەڵێك هاوخەمی دێ بەسەریا کە دەکرێ گۆڕانکاری لە ژیـانی خـۆی و لـە تـەعامول دا بکـات، بـەڵام ئێمـە و وڵاتـان یەك بـە یـەك دەڕووخـێن و ئێمـە ڕوئیامـان نیـە چۆن مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو بارودۆخـە بکـەین، چـونکە کـە بمانەوێ یان نەمانەوێ بە تایبەتی وڵاتانی هاوسنوور لەگەڵ ئێمە کاریگەری ڕاسـتوخۆیان لەسـەر ئاییـندەی ئەم تەجروبەی ئێمە دەبێ، ئەگەر چی ڕووخاندنی حکومەتەکان بۆ ئەو وڵاتانە گرفتێکی لەوانەیـە هێنـدە گـەورە نـەبێ کـە ئەوانـە دەوڵـەتن دواجـار وەکـو قـەوارە دەمێننـەوە، بـەڵام بـۆ هـەرێمی کوردسـتان ئـەو گۆڕانکاریانەی ئەگەر ئێمە بەم دۆخە و بەم دەمودەستە وا مامەڵە بکەین، بێ گومان تەجروبەکە لەبـەردەم هەڕەشـە و مەترسـی دایـە، بیریشـمان نەچـێ لـە زووەوە دەوتـرێ ئـەم تەجروبەیـەی ئێمـە تەجروبەیـەکی دەڵەمەیە، من تەسەورم وایە ئەو ئەحداسـانەی لـە تورکیـا هاتوونەتـە کایـەوە، بـە تایبـەتی لەسـەر دەسـتی چەند هەنگاوێکی بچووکی ئیسلاح لە ڕێگای حزبی عەدالەت و تەنمیـەوە دەری خست بەهـەر کرانەوەیـەك گەلی کورد لە تورکیا دۆزەکەی دەچێتە پێش، خـەڵکی زیـاتر دەرچـێتە پەرلـەمان و ناوچـە کوردسـتانیەکان لەوێ ئیرادەی خەڵکی کوردستان بەڕێوەی دەبات، بۆیە لە دوای هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە ئەو مەترسیە زۆر زاڵ بووە، بۆیە تەراجوع کراوە لە زۆر مەسەلەی تر و من تەسەورم وایە لە ئاییندە دا گۆڕانکـاری گـەورەتر ڕوودەدات و کاریگەری لەسەر ئێمە دەبێ، نوێ کردنەوەی خیتا بێ یەك نەتـەوەو یـەك ئـاڵاو یـەك دەوڵـەت لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیاوە پیشاندەری ئەوەیە کە دەیانەوێ هەمموو جوهدێکی  کورد لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە کار لەسەر ئیعتراف پێ نەکردنی بکەن، لەڕاستی دا سەرکەوتنی تەجروبـەی هـەرێمی کوردستان وەکو ئەزموونێکی دیموکراسی ئەمەش جارێکی تر مەترسیەکی گەورەتری هەیە بۆ ئەو وڵاتانـە، بۆیـە دەیانـەوێ شـەڕەکانی نـاوخۆی خۆیـان بگوێزنـە دەرەوە وەکـو بەشـێك لـە پەرلـەمانتارە بـەڕێزەکان ئاماژەیـان پێیـدا، لـەو ئەحداسـانەی لـە مەنتیقەکـە ڕوودەدات هـەر وڵاتێـك بەرنامـەی خـۆی هەیـە کێشـە هەناویەکانی خۆی بهاوێژێتـە دەرەوەی خـۆی، بەداخـەوە هـەرێمی کوردسـتان کراوەتـە ئـەو گۆڕەپانـەی کـە دەیانەوێ ململانێ و کێشـەکانی خۆیـان تێـدا یەکلابکەنـەوە، لەمەشـدا حکومـەتی ئیتحـادیش بەشـێکە لـەو پرۆسەیە، ئەوەی لە ناوچەکانی کێشە لەسـەر دەگـوزەرێ، جـارێکی تـر پەیوەنـدی بـەو ئەحداسـانەوە هەیـە کەلە ناوچەکەدا ڕوودەدەن، پەرلەمانی کوردسـتان زیـاد لـە چـەند دانیشـتنێکمان کـردووە، کۆمـەڵێك پـەیام جارێکی تر ئاراستەی حکومەتی ئیتحادی دەکرێتەوە، مـن لێـرە بەڕاسـتەوخۆی و بـە ڕاشـکاوی دەڵـێم دوای ئەو دانیشتنانەی کە کردوومانە و لە نزیکەوە چاودێری ئەحداسەکانی ناوچەکانی کێشە لەسەر بە تایبەتی سەعدیە و جەلەولام کردووە، ئەوە تێ دەگەم حکومەت بە بەرنامـە ئـەو دۆخـەی دروسـت کـردووە و ئێمـە نابێ چاوەڕێی حکومەتی ئیتحادی و بە تایبەتیش کابینەکەی مالکی بکەین بۆ هەر هـەوڵێکی جدی، ئـەبێ

گومانمان هەبێ ئەو دۆخەی دواجار لە ئاییندەی نزیك دا دێتە پێشەوە بۆ تێكچونی بارودۆخ لە هەرێمی کوردستان دا ئەوان بەشێکن لەو پرۆسەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، براستی ل دەستپێکێ سەرەخۆشیێ لە مالا وان شەهیدا دکەین، دلگرانیا خۆ بۆ خەلکێ خۆیێ خۆڕاگرێ دەڤەرێت سنوریێ دکەن، ڕاستی ئەز ئاماژەیێت ب ئاخافتنا خوشکا خۆ ئامینە خانێ دکەم کو دڤێتن لە ڕاپۆرتا لیژنەیەت دا بەحسێ دەڤەرێت نێروە و ڕێکان و بەرواریا وێ نەکو تەمام ببیتن، خالا دیتر براستی ئەز دبینم وەزع گەلەکی هەستیارە و دڤێتن سەرکردایەتیا کوردی بیرکرنەکا هۆشیارانە هەبیتن بۆ سەردانی کرنێ دگەل ڤێ ناوچەیێ دا چونکی ئەم دبینین ناوچەیەت بەرەڤ گۆڕانکاریێ گەلەکا مەزن یا دچیت، تەئیدی کارتێکردنا وی گەلەکا مەزنا لسەر هەرێما کوردستانێ، لبەر هەندێ بیرکردنەکا یا هەژی حەکیمانە بێتن و سەرکردایەتیا کوردی هەبیتن بۆ هەرێما کوردستانێ و ڤێ ئەزموونا ئەڤرۆکە ب دەست خەلکێ مە کەفتی، دگەل هەندێ دا تەبعەن دڤێتن ئەم یەکا هەن خۆ چێکەین، هەرێما کوردستانێ دیر بێخین ژ هەمی مەترسیا و محاوەلا بکەین ئاسایش و پاراستنا ئەزموونا خۆ و هەرێما کوردستانێ تەبعەن محاوەلە بکەین ئاسایشا وێ بپارێزین، گەلەك ئاخافتنێت من هاتنە گوتنێ بتەنێ ئەز ئاماژە ب دوو تشتا دکەم یا ئەوەلی داخازێ نێنەرێت مە لە ئەنجومەنی نوێنەران دکەین کو دڤێتن داخازێش ژ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکەن بۆ دانیشتنەکا پەرلەمانی ب تێروتەسەلی چ کریە، یەعنی بەرناما وانە چیە بۆ ئەڤ مەترسیەت ئەڤرۆکە لسەر سنوورێت هەرێما کوردستانێ وەکو ئەرکەکی دەستووری و سیادی دڤێت ئەوە بکەن، براستی دڤێتن نوێنەرێت مە ل بەغدا زەختەکێ مەزن بکەن و فعلەن یەعنی ئیحراجا حکومەتا مالکی بێتە کرنێ د ڤێرێ دا، خالا دی تر ئەز دبینم کو هەماهەنگیەکا زێدەتر هەبیتن ناڤ بەینا سێ لایەنادا، ئەم دبێژین واشنتن و بەغدا و هەڤلێرێ، بەس ئەڤێ هەماهەنگێی کو مەتلۆبە زێدەتر تەحەروکێ بۆ بکاتن، ئەز دبێژم یا فەرە کو هەرێما کوردستانێ ئەڤێ ڕۆلێ خۆ یێ دبلۆماسی یێ جاران زێدەتر شولی کارا بکاتن، فعلەن شول بکاتن بۆ ڤان هەنێ کو مە گوتی مادێ 140 ەو ئەڤ خالێت سنوورینە تەبعەن ئەڤ کێشێت موعەلەقن ناڤ بەینا مە و بەغدادا دڤێتن ئەم گەلەك گەلەك کارەکی باش لسەر دبلۆماسی و کاری دبلۆماسی و دانوستاندنێ ئەم بکەین، ئەڤ هەماهەنگیا هەنێ چونکی ئەم خودان ڤەزیەینە براستی دڤێتن ئەم داخازا مافێ خۆ بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتامن دەمەوێ لەوەوە دەست پێ بکەم ئەگەر بڕیارە پەرلەمان مەرجەعی سیاسی و یاسایی خەڵکی کوردستان بێت، پێویستە ئێمە لەسەر ئەو پرسەی کە کۆبوونەوەی نائاسایی بۆ دەکەین کە پرسی بۆردومان کردنی ناوچە سنوورییەکان لەلایەن تورکیاوە، کە لەو بۆردومانە خەڵکی بێ دیفاع و هاووڵاتیانی مەدەنی بوونەتە ئامانج کەسانێك ئاوارە بوون لەو شوێنانە زەرەر و زیانێکی زۆر کەوتووە ئەبێ پەرلەمان لەم بابەتە لە چوارچێوەی ئیدانە کردن و دەرکردنی یاداشت و بەیاننامە دەرچێت، چونکە لەڕووی یاساییەوە بەیاننامە و ئیدانەکردن هەموومان دەزانین هێزی یاسایی واتە قوەی قانونی نیە، ئێمە پێشتر لە کۆبوونەوەکانی دیکە ئەو باسانەمان کرد، هەمووشمان دەزانین سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵوێستی هەبووە لەسەر ئەم بابەتە و هەڵوێستی سەرۆکایەتی پەرلەمان پێموایە هەڵوێستی هەموو پەرلەمانە، بۆیە دەبێ ئەم کۆبوونەوەیە چەند بڕیارێکی پێ دەرچێ، چونکە ئێمە پێشتر باسمان لەوە کرد کە جارانی تر ئیدانە هەبووە، بەڵام هیچ چارەسەرێك نەکراوە، ئێمە هەموومان باسی چارەسەری ڕیشەیی بۆ کێشەکان دەکەین، بەڕاستی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ بە وردی باسیان لەوە کردووە کە یەکەم خاڵی داواکاری خەڵکی ئەو دەڤەرەش چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە، هەموومان دەزانین کە هەوڵەکان بەردەوامە بۆ ئەو بابەتانە، وەکو جەنابت ئاماژەت پێی کرد بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کەباس لەوە دەکرێت کە ئێمە هەوڵی دبلۆماسی دراوە پێشتر لەگەڵ ئەو لایەنانە، چ لەگەڵ تورکیا و چ کۆماری ئێران قسە کراوە، ئەوان بیانووی خۆیان هەیە بۆ ئەو بابەتە، ئەگەر لەڕووی سیاسیەوە بەڕێگە و کەناڵی دبلۆماسی ئەو کێشەیە چارەسەر ناکرێت ئێمە پێمان باشە لەلایەکی ترەوەو بە ڕێگەیەکی تر لەڕێی فشاری ئابووریەوە کەپێشتر باس لەوە کرا کە کۆمەڵێك کۆمپانیای تورکی لێرە کاردەکەن، ئێمە هەوڵ بدەین لەڕێی فشارەکانی ئابووریەوە تورکیا وا لێ بکەین کە ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە ئەوان پیادەی دەکەن ڕابگرێ، خاڵی تر کە من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی ئێمە زۆر جار باس لەوە دەکەین ڕاستە چ ناوەندە نێودەوڵەتیەکان بێ یان حکومەتی ناوەندی بێت لە ئاست ئەم پێشێلکاریە زەقانەی مافی مرۆڤ کە بە ئاشکرا دەکرێت بەرامبەر بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و بێ دەنگن، بەڵام ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان دەبێ خۆمان لە هەوڵی ئەوە بین کە لایەنی کەم کاریگەری ئەم ڕووداوانە لەسەر هاووڵاتیانی خۆمان کەم بکەینەوە، چ ئەرکی حکومەتی هەرێمە من لەو پێشنیارانەی لیژنەی ناوخۆ پێم باشە بوترێت پێویستە حکومەت ئەمانە بکات نەك داوا بکەین لە حکومەت، ئەبێ بڵێین پێویستە حکومەت چەند هەنگاوێکی جدی و بە پەلە بنێ بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئەم پێشێلکاریانە یان ئەم ڕووداوانە لەسەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە بینیومانە خەم ساردانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم دۆخە کردووە، ئەو شەهیدانەی کە لەو ڕووداوانە بوون پێویستە لە هەرێمی کوردستان دا ئەوان لە ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان سوودمەند بن و ئەو هاووڵاتیانەی کە ئاوارە بوون پێویستە حکومەت ئەو پێداویستیانەی کە پێداویستی سەرەتایی ژیانە بۆیان دابین بکات و زۆر جار ئێمەساڵانە ئەمە دووبارە دەبێتەوە، پێشنیاری ئەوە بکەین

که کەمپێك دروست بکرێت لەسەر سنوورەکان بۆ ئەوەی لە کاتی دروست بوونی ئەم حاڵەتانە زۆر بە پەلە و بە شێوەیەکی کتوپڕ لە هەوڵی گەیاندنی هاوکاری بن بەو خەڵکانە و ئەو زەرەر و زیانانەی کە لە خەڵك کەوتووە لەو ناوچانە هەمووی قەرەبوو بکرێتەوە و حکومەتی هەرێم لەو ئیحتیاتەی کە دانراوە بۆ کارەساتی کتوپڕ لە هەوڵی ئەوە بێ ئەوە چارەسەر بکات و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدەکانی تۆپبارانەکانی تورکیا دەکەم، وێڕای پشتگیریم و دەستخۆشی بۆ لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە سەردانی ئەو دەڤەرانەی کردووە، بەڵام ڕەخنەیەکم هەیە وەکو پشتیگری ئامینە خان دەکەم دەڤەری بادینانی تیا نەخستیە، چیای مەتین پێش چەند ڕۆژیش تۆپبارانی کردووە و بەردەوامیش تۆپباران دەکرێن ئەو دەڤەرە گەلی پسە خالە زاخۆ هەموو کات کەس ناتوانێ بچێتە ئەوێ و تۆپبارانی دەکەن، تا بێتە (کەشانێ) و ئەو گوندانەی لەسەر شاخی مەتینن هەموو تۆپباران کرینە و تا (نێروە و ڕێکانی) ئەمەش دەبوایە ئاماژەی پێ کردبا و ببێتە خاڵێك و تیایدا بنووسرێ و ئەگەر پاش ئێستاش بێت، لە داواکاریەکانی لیژنە خاڵی 3 کە دەڵێ داوا دەکەین هەرچی مۆڵگەی سەربازی و هەوالگری وڵاتانی دراوسێ هەیە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان نەمێنن، ئەمە زۆر خاڵێکی ئیجابی و باشە، ساڵێك پێش ئێستاش ئێمە لێرە کۆبوونەوەیەکی وەها نائاسایی کردبوو لەسەر ئەو تۆپبارانەی کە تورکیا دەیکات، هەروەها ئیشارەتم پێ دابوو لە زاخۆ لە گەلی سپی هیچی نیە، هی پەکەکە، پێشمەرگەی ئێمەی لێ نیە هەتاوەکو پەکەکە یان کەسێکی تری لێ بێت، لەسەر چیای زاخۆ و گەلی سپی دەبابەی تورکیا هەنە، تا بگاتە میتی تورکیا و لەناو زاخۆ هەیە و لە گەڕەکێك لەوسەر بۆ ئەو سەر مەحروم کریە کەسێك ناتوانێ تێ بپەڕێ، ئەمانە کاریان چیە و ئیشیان چیە؟ لە زاخۆ بگرە بۆ بیە وبیگوڤا و تا بگاتە بارۆخێ و کانی ماسی و بامەڕنێ و ئامێدی هەمووی مۆڵگەی دروست کردووە و بینای دروست کردووە و کۆنکرێتی کردووە، کەواتە ئەوە بۆ خۆی لەوێ مایەوە و دەڵێت ئەمە هی خۆمە و ناچێتە دەرێ، نەك بڵێی بە موەقەتی ماوە، ئێمە دەبێ لەسەر ئەم خاڵە بەڕاستی بوەستین و ئینزاری بکەین و ئاگاداری بکەین خیلالی 48 سەعات لەوێ نەمێنێ، بەڕاستی لەوێ دەربچێت، ئەمە زۆر خاڵێکی ئیجابی و زۆر باشە، خاڵی 6 کە باس دەکات ئێمە لەسەر خۆمانی دەکەینە ماڵ، کە ئەوانە لەوێ هەنە، کەواتە حەقی پێ دەدەین کە بێنە ئەوێ و شەڕی لەگەڵ بکەین و ئێمەش بەردەکەوین، بە ڕەئی من ئەو خاڵە زیادە وەکو پەیمان خان ئیشارەتی پێیدا، ئەمە لەسەر ئێمە دەبێتە ماڵ، با دیالۆگی هەبێ لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ خەڵکی خۆیان و ئەوانەی کە خەڵکی خۆیان و دەوڵەتی خۆیان دیالۆگی لەگەڵ بکەن و بێنە سەر مێزی گفتوگۆ بکەن، بەڵام نەڵێین کە ئەوە کێشەی ئەم و ئەوە نازانین ئەوە نیە، کە هەیە لە ناو

خەڵکی ئێمە قەبوڵی ناکەین، ئیتر ئەوە سنووری خۆیەتی با بیگرێ و بۆ خۆی چیان لێ دەکات لە دەخلی خۆیان با لێی بکات، خاڵی 8 کە دەڵێین حکومەتی هەرێم چاوخشاندنەوە و پیاچوونەوە بە پەیوەندیە سیاسیەکان بکات، چاوخشاندنەوە یەعنی ساڵی پێ دەچێت، ئێمە لێرە بڕیار بدەین کە حکومەتی هەرێم پەیوەندیەکانی تیجاری یان ئەو کۆمپانیایانەی کە لە ناو هەرێمی کوردستان ئیش دەکەن ئینزاری بکەین خلالی هەندە سەعاتە و 48 سەعات و چەند سەعاتێکی بۆ دابنێین ئەگەر تۆپبارانەکە نەوەستێنێ و ئەو تەعەدایە لەسەر ئێمە نەوەستێنێ دەربچێت، ئێمە پەیوەندیە تیجاریەکان بوەستێنین و موعەلەقی بکەین و تا ماوەیەکی تر تا ئەو مەترسیە لەسەر ئێمە هەستێ، من لێرە نموونە دێنمەوە کە ئێمە هەموومان دەمانەوێ ناوماڵی کورد و ریزەکانی کوردستان ڕێك بخەین، هەموومان یەك ڕەئینە لەسەر ئەوە، هەموومان ئەوەمان پێ خۆشە، ئەگەر ئەوە نەبێت ئێمە هیچمان پێ ناکرێت، من پێموایە ئەوەی کە ئێستا حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ ئێمەی دەکات کە داواکانی ئێمە هیچ نین وجێ بەجێ ناکات و یان حکومەتی تورکیا ئەو تەعەدایە لە ئێمە دەکات و یان تورکیا هەمووی لەلاوازی کوردیە، لە لاواز بوونی ئێمەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ یەك نەبوونی ڕیزەکانی کورد، ئێمە هەموومان یەك ڕەئینە و با یەك بگرین، ئەگەر ئیرادەیەك هەیە و ئیرادە هەیە با ئەم یەکگرتنەو ئەم یەکڕیزیەی میللەتی کورد ببێ، بۆ نابێ؟ کێ مانیعە؟ لەسەر چی وەستاون؟ با بڵێین شەرت و شروت هەیە وەکو ئۆپۆزسیۆن و وەکو دەسەڵات ئەو شەرتانە هیچ نین، هیچ تەعجیزیەکی لەناو نیە، تەنها خاڵن، ئەو خاڵانەش هیچ نینە، دادگایی کردنی بکوژ و لە هەموو دونیا کەسەکی یەکێك بکوژێ یان شەقەکی لەیەکێك بدات دەچێتە مەحکەمە، بەشکو بەری ببێ، ئەوە یەکێکە لەو خاڵانە، دووەم/ گەڕاندنەوەی بودجە یەعنی بودجەی ئەو حیزبانەی ئۆپۆزسیۆن، هیچ مافێکی و هیچ حەقێك و هیچ بڕگەیەکی ماددەیەکی سیاسی نیە کە ئەوانە بگیرێن و لێ ببڕنەوە، بە چ یاسایەك ئەو پارەیان لێ بڕیوە، هی سێیەم ئەوەیە کە کۆتایی هێنان و سزادانی سیاسی لەناو هەرێمی کوردستان، ئێمە هەموو برای یەکین و هەموومان بە قسە و بە گفتوگۆ و دیالۆگ بین لەگەڵ یەك قسە بکەین، من ڕەخنە دەگرم با یەکێکی تر جوابی من بداتەوە زۆر ئاساییە، بەڵام سزادان و گرتن و لابردن و ئەمە نابێ، هی چوارەم ئەوەیە کە ئەو یاسایانەی ڕەهەندە نیشتمانیانە با ئێمە تەوافوق بین لەسەری، با چیە، با ڕۆژی ئێمە و دوا ڕۆژی ئێمە، نەك بۆ ئێستای ئێمە کە هەینە و تەواو، من لێرە بۆ ئەوەی لە بابەتەکە دەرنەچم و وەکو هەندێ هاوڕێ تۆمەتی نەبەخشمەوە دەمەوێ تەئکید لەسەر دۆخە مەترسی دارەکە بکەم، کە دیارە بەرپرسیاریەتی ئەساسی لە ئەستۆی دەزگا فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڕاستی ئێمە لەوەی کە ئەم نووسینەمان یان ئەو ڕاپۆرتەی کە لیژنەی ناوخۆ نووسیویەتی زۆر خاڵی باش و ئیجابی تیایە و ئێمە لەسەری بوەستین و بخەینە عەمەل و یەعنی وەکو کار لێی دەربچێ نەك نووسین بێت، نەك هەروا ئێمە ئیدانەی بکەین، وەکو جەنابت ئیشارەت پێی کرد کە هەموو سەفارەتی دەوڵەتان لێرەن و هەموویان ئاگاداربکەینەوە بەو ڕاپۆرتە، بەو ئیدانە کردنەو بەو داخوازیانە، دوای ئەوە یەکێك لەمانە بدەین بە سەفارەی تورکیا و ئێرانیش، ئەو شتانەی کە ئێمە باسمان کرد، ئێمە بایکۆتی

دەكەین لەگەڵی مەسەلەن تیجارەت ناكەین، حدودەكان ڕادەگرین، دوو هەزار سەیارەی توركی ڕۆژانە داخلی گومرگ دەبن و دوو هەزاری تری لێ دەردەچێت، ئەو دوو هەزارە شت دەبەن وشت دێنن، پارە وەردەگرن، ئیستفادە دەكەن، ئەگەر ئێمە ئەو شتانە وەكو عەمەلی و وەكو مەوقف وەربگرین ببێتە زەختێك لەسەر حكومەتی توركیا، دوای ئەوە ئیتیحادی ئەوروپی پێ ئاگادار بكەینەوە، ئەمریكای پێ ئاگاداربكەینەوە، هەرچەندە وەكو جەنابت ئیشارەتت پێی دا و ڕاستە ئەویش لە زەعیف بوونی ئێمەیە ئەمریكا وا ئێمەی پەراوێز كردووە، ئەگەر ئێمە بەقوەت بین، ئێمە بەهێز بین ئەمریكا قەت ئێمە پەراوێز ناكات، چونكە ئێمە دۆستێكی ئەمریكاین، دۆستی ئەوانین لێرە لەو مەنتیقەیە، دەبێ ئێمە خۆمان بە قوەت بكەین بە ڕێكخستنی ناو ماڵی خۆمان و بە ڕێكخستنی نەتەوەی كورد هەمووی، وەكو برادەران ئیشارەتیان پێی دا كۆنگرەی نەتەوەیی كورد لە ناو كوردستاندا زۆر موهیمە و زۆر گرنگە، ئەمە ببێت ئینشاالله دەبێتە زەختێكی سەرتاسەری هەموو دوژمنەكانمان، ئیتر خەڵكی ئێمە كە $23$ی ئەم مانگە سەردانی مەنتیقەی بەرواریم كرد لە دوای تۆپبارانەكە، چوومە میسكا و شیلادزا و دەرگەلێ و هەتا چوومە گویلكا و زڤری و كانی ماسی و بیدهێ و........، خەڵكەكەم بینی چی دەڵێن، دەڵێن تۆپباران هەیە و هەموو شەوێ تەیارە لەسەر ئێمە هەیە و ئەترسین و لێرە خەریكین چۆڵی دەكەین، بەڵام دەترسین لە داهاتوو شتی گەورەتر ببێ كە وەكو ئۆپەراسیۆن و وەكو هجومێكی سەرتاسەری بێتە سەر مەنتیقەكە، جەیشی توركیا زۆر نزیكی حدود بووە و جەیشێكی زۆری هێناوە بە پلانە و بە بەرنامەیە ئیتر ئێمە پێشی بگاتە ئەوە ئێمە زەختی خۆمان بكەین و كاری خۆمان بكەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عبدالرحمن ئەگەر گوتمان $48$ سەعات دەرچۆ، ئەگەر دەرنەچوو چی بكەین؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر دەرنەچوو ئەوا ئێمە دەست بە خۆمان دەكەین و چیمان دەكرد پێش ئێستا، من ئیشارەتم پێی دا ئەگەر ئیجازە بدەی خاڵێك دەڵێم، ئێمە لە $76$ قیادەی موەقەت هەبوو لەناو حدودی توركیا بوو لەم دیو نەبوو لەو دیو بوو، چەند دروست بوو ساڵێك لەوێ بوو، یەك تەیارەی عیراقی نەهاتە سەر ئێمە، كە هاتینە ئەو دیوی كۆماری لەسەر ئاوەكە بووین، سێ جار قەسفی كردین حكومەتی عیراقی، چونكە ئێمە بستێك هاتبووینە ناو خاكی عێراق، ئێستا ئێمەش لێرە هەر ئەو پێشمەرگەینە و هەر ئەو خەڵكەینە كە ئەو ئیرادە و هیمەتی ئێمە هەمانە با نەمێنێ، با یان بمێنێ یان نەمێنێ، ئێمە هەموومان پێشمەرگەین و هەموومان زەخت دەكەین و بە موزاهەرە لەناو شار و بە موزاهەرە لەناو خەڵكی ئێمە لە دەرەوە دەچین و هەمووومان چەك هەڵدەگرین و دەچینە بەرامبەری، هەر ئەوەیە ئێمە هیمەتێكمان هەیە و ئیرادەیەكمان هەیە ئێمە تەنازول ناكەین بۆ ئەو دوژمنانەی كە بە هەزارەها ساڵە تەعەدا لە ئێمە دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێكی زۆری قسەكانم كرا، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگەو لێرە تیشكی بخەینە سەر و هەڵوەستەی لەسەر بكەین، ئێمە كە نوێنەری خەڵكین ولەناو خەڵكین گومانێكی گەورە لەلای خەڵك دروست بووە جا ئەم گومانە كێ لێی بەرپرسیارە ئایا ئێمە حكومەت و پەرلەمان و سەرۆكایەتی هەرێم بەرپرسیارە یاخود هێزەكانی ئۆپۆزسیۆن تەفسیراتی ئەم مەوزوعانە بەشێوەیەكی دیكە بۆ خەڵك كراوە، بەڵام بە نەتیجە ئێمە وەك سیستمی سیاسی و وەك دەسەڵات وەك هەموو لایەنەكان بە ئۆرپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە زەرەردەكەین بە دۆڕانی ئینتمای خەڵك بۆ ئەم سیستمە سیاسیە و بۆ ئەم حكومەتی هەرێمە كە پێمان وابێ ئەم موئامەرە نێودەوڵەتیە كە ئێمە باسی بەهاری عەرەبی دەكەین و باسی تێكچوونی تەوازونی هێز دەكەین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموو ئەوە كورت بكەینەوە بۆ سەفقەیەكی تیجاری كە زۆر جار پێی تۆمەتبار دەكرێین لەنێوان حكومەتی هەرێم و وڵاتانی دەرەوە، یاخود هەر شتێكی تر بێت كە بۆیە ڕێگامان داوە بە وڵاتانی دراوسێ بێ، هاووڵاتی سیڤیل و خەڵكی مەدەنی ئێمە بكوژن و خەڵكەكەمان تۆپباران بكەن، لەو ڕوانگەیەوە ئێمە باسی بكەین كە ئەم كێشەیە ئەگەر واز لە جوملەی عام بێنین و كێشەیەكی یاساییە و پێموایە هیچ كەسێك نیە نكوڵی لەوە بكات كە ئەم كێشەیە كێشەیەكی یاساییە و لەڕووی یاساییەوە دەچێتە ناو بابی یاسای نێودەوڵەتیەوە، كۆمەڵێك شت باس دەكرێت ڕۆژانە بۆ ئەوەی كە چۆن ئێمە ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە ببینەوە، من جارێكی تریش گوتم زۆرجار بیرمان دەچێتەوە ئێمە هەرێمێكین و لەناو دەوڵەتی عیراقین و زۆرجار وا باسی هەرێمی كوردستان دەكەین كە وەك ئەوەی ئێمە دەوڵەتێك بین هەم لە قودرەتی هێز و هەم لە ڕووی قانونیەوە، كاتێك باسی ئەوە دەكەین كە ئەم كێشەیە لەڕووی یاسای نێودەوڵەتیەوە پێویستە چارەسەر بكرێت، باسی ئەوە دەكەین كە پێویستە حكومەتی عیراقی ئەم پرسە بە پرسێكی سیادی یان مەسەلەی پاراستنی سنوور لە دەسەڵاتی حكومەتی عیراقی دایە، باسی ئەوە دەكەین كە پێویستە حكومەتی عیراقی بێ و بە ئەركی خۆی هەستێ، لە كاتێك دا دەبێ و ئەوەمان لەبەرچاو بێ حكومەتی عیراقی ئەگەر لەم كاتەدا بە ئەركی خۆی هەستا هێزی عیراقی دێت لە سنوورەكان جێگیر دەبێ و هێزی عیراقی ڕووبەڕووی دەوڵەتی توركیا دەبێتەوە و هێزی عیراقی لەو سنوورە دا دەبێ و لە موقابلی ئەوە دا دەبێ پرسیاری ئەوەش لە خۆمان بكەین ئایا ئەم دەرئەنجامە تا چەند بۆ هەرێمی كوردستان بە باش دەشكێتەوە و ئەوەمان قبوڵە یاخود نا؟ كاتێك باسی ئەوە دەكەین كە وەفدی پەرلەمانی عیراقی بێت و با وەفدی ئێمە بچێتە پەرلەمانی عیراقی با بێن ناوچە سنووریەكان ببینن، من نامەوێ لێرە باسی بكەم، بەڵام هەر كەسێك چوو بێت و ناوچە سنووریەكانی بینی بێ دەزانی ئەگەر وەفدی عیراقی بێت و سەردانی بكات و چی دەبینێ و چیش دەخوێنێتەوە لەناو پەرلەمانی عیراقی، لە كاتێك دا ئەم ڕاپۆرتە ئەگەر هەر شتێكی تیا بوو، هەر دەرئەنجامێك شكاوە لەسەر هەرێمی كوردستان

قبوڵمانه ئێمه وەك هەرێمی کوردستان کە داوای ئەو ئیلتزاماتە لە حکومەتی عیراقی دەکەینە یان نا، یاخود کۆی ئەو شتانە ئێمە تەنها بۆ ئەوە باس دەکەین کەوا قودرەتی هێزی کوردی نوێنەرانی کورد لە بەغدا بشکێنین، نەك بە دیوەکەی دیکە تەواوبین، داوا دەکەین ئێمە بە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان دابچینەوە کە کراوە، منیش لەگەڵم، بەڵام هەموو پەیماننامەیەك کە تۆ داوای مافێك دەکەی ئیلتزاماتت دەخرێتە سەرشان، کاتێك ئێمە داوای ئارامی و پاراستنی سنوورەکانمان دەکەین لەبەرامبەر ئەوە دا داوای ئیلتزامێك دەکرێ لە هەرێمی کوردستان کە پێویستە پێی هەڵسێ، کە لەوانەیە لە دەرەوەی پەیماننامە بە شەفەهی داوای ئەو تەکلیفە لە هەرێمی کوردستان کرابێ و بەڵام نەیکردبێ، ئایا ئەگەر ئەم پەیماننامە بوو ئەم ئەرکە خرا سەر هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر وەرگرتنی مافێك دا هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسیەکان قبوڵی ئەو دەرئەنجامە دەکەن؟ قبوڵ دەکەن بچنە ژێر ئەو بارەوە؟ هەموو ئەوانە پرسیارن و تەنها دیوێك نیە کە ئێمە هێزەکان لە هەرێمی کوردستان پێ تاوانبار دەکەین و پێویستە دیوەکانی دیکەش ببینینەوە کە من ئەوانە لەڕووی پرسیار بەجێ دێڵم، من لەگەڵ ڕێزگرتنم لە خەبات و قوربانی دان و هەوڵ و شۆڕشی هەموو هێزەکانی پارچەکانی تری کوردستان، بەڵام ئێمە بۆیە داوای پاراستنی ئەم شۆڕشانە دەکەین و داوای بزووتنەوەی رزگاری خوازانە دەکەین کەوا ڕێز لە ئیرادەیان بگرین، لە پێناو ئەوەیە شتێك بۆ کیانی کوردی دروست بکەین، بەڵام ئەم کیانی سەر واقعی هەرێمی کوردستان پێموایە ئەوەی ئێمە لە هەنگاوی گەورەتری بڕیوە پێویستە بەرلەوە ڕێزگرتن لەم واقعەی هەرێمی کوردستان هەم واجبی ئێمەیە و هەم واجبی هێزەکانی پارچەکانی تری کوردستانە، لەو پێناوەوە من تەئکید لەسەر قسەکەی کاك سالاریش دەکەمەوە کەوا گرتنی ئەم کۆنگرە نەتەوەییەی کوردستان ئەرکێکی هەرێمی کوردستانە و ئەرکێکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە کە پەلە بکرێت بۆ یەکخستنی ئەم خیتابی کوردە، زۆرجار کە باسی یاسای نێودەوڵەتی دەکەین، یەعنی لەڕووی قانونیەوە بە یاسای نێودەوڵەتی زۆر جار بە قانونی هێز پێناسە دەکرێت، لەباتی هێزی یاسا، واتە بەردەوام قانونی نێودەوڵەتی لە دەست ئەو وڵاتانەیە کەوا لە تەرازوودا لەبەرامبەر وڵاتانی تردا هێزیان زیاترە و قوە و نفوزیان زیاترە، پێویستە بپرسین دەوڵەتێکی حلفی ناتۆ کە لە تورکیا تەوازونی هێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا بزانین خۆمان ببینین لە چی دایە، ئەوە لەڕووی ئاسایی دا بەم شێوەیە هێز لە بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان دایە، ئەی لە کاتی دانی هەر موبەررێك لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا بە تەئکید نەتائیجەکە سلبی تر دەکەوێتەوە و خراپ تر دەکەوێتەوە، من تەئکید لەسەر هەوڵی زیاتری دبلۆماسی دەکەمەوە|، هەموو ئەو قسانەشم لە پێناو ڕەواندنەوەی ئەو گومانانەیە لەلای خەڵك، چونکە بەڕاستی من بە مەترسیەکی گەورەی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان دەبینم هەوڵ دراوە، زۆر سەردان کراوە و هەموو عیلاقات کراوە لەسەر هەموو مستەواکاندا، بەڵام سەردانی ڕەسمی دەوڵەتی تورکیا بکرێت و سەردانی ڕەسمی یەکێتی ئەورووپاش بکرێت، پێموایە لە ڕابردوو دا بۆ زۆر مەسەلەی تر ئەم سەردانانەمان کردووە و خراپ نیە و ڕۆڵی خۆی دەبینێ، وە جارێکی دیکەش لەمەسەلەی ئێراندا باسی ڕاگرتنی پەیوەندی ئابووری کرایەوە، ئەمە خیارێکە

بەڕاستی لەبەردەم ئێمە دایە و ئێستا هەرێمی کوردستان ئەگەر جاران تەنها دەروازەیەکمان بریتی بوو لەو وڵاتانە بە پێی ئەوەی تەنها سنووری وشکاییمان هەبووە بەڵام ئێستا سنووری ئاسمانیمان هەیە و بە بڕیارێکی سەرپێی ناکرێت، ئایا ئەمە حکومەت و لایەنە پەیوەندارەکان ئیلزام بکەین کە لە حاڵەتی دانی بڕیارێکی وا چەند بە زەرەری هەرێمی کوردستان و چەند بە زەرەری هاووڵاتیان دا دەشکێتەوە و چەندیش لە قازانجمانە و بەدیلەکانی ئەم ڕێگایە چیە، ئەگەر نا ئەمە یەك لە خیارەکانە بەڵام بە دیراسەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز گرتنی ڕێگا لە ئابووری هەندێك لەو شەریکانە ئەهلینە، یەعنی هەر هی حکومەت نیە، هەندێکیش هەیە هی حکومەتە، ئەوە تەبەعاتی قانونیشی لەسەر هەیە، پاشان تۆ زەرەر بە لایەك بدەی ئەویش شکاتت لێ دەکات و پاشان مەجبور دەبی تۆ خەسارەت بدەی، بەڵام لە حاڵەتێکی وا زۆر مەجالی تر هەیە و خەڵك دەتوانێ بیکات، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن بیکەن، بەس ئێمە بەو ئاقارە کارێك دەکەین و تەمەنا دەکەین ئەوە تەشەنە نەسەنێ، ئەوانی ئیعادەی نەزەر لەخۆیان بکەنەوە، کێشەی خۆیان لەناو ماڵی خۆیان چارەسەر بکەن، ئەمانی ئەملاش حساب بۆ سنوورەکان بکەن، وا نەکرێت بەهانەیەك لەدەستی ئەوان هەبێت، ئینجا کێشەکان ئارام دەبێتەوە، بەڵام ئەم تۆپبارانەش بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز هەمووشتان دەزانن، هەمووتان لەم زروفە ژیاون، ئەوە ماوەیەکی زۆرە بەین بەین دووبارە دەبێتەوە، ئێستا خەریکە تەحەولاتی ناوچەکە دەبێت، بەڵام تووندوتیژییەکی گەورە خەریکە ڕوودەدات، بۆیە دەبێت بەهانە نەدەینە دەست کەس، ڕێزدار فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیە، سوپاس بۆ ئەرك ومانـدووبوونی لیژنـەی نـاوخۆش، کە ئەرکیان کێشاو ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلیان ئامادە کردووە، ئەوەی کە من لێرەدا بەپێویستی دەزانم باسی لێوە بکەم، بەڕاستی ڕەوتی ڕووداوەکان وامان پێ دەڵێت کە ئێمە جگە لە ئیدانە کردن بچینە سەر باسێکی تر و بابەتێکی تر، چونکە ئەوە سێیەمین کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستانە، لەگەڵ ئەو هەموو کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەی بەڕێزتان وسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئەم ڕەوشەی ئێستای هەرێمی کوردستان ساز دەدرێت، دیارە هەر لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ و ئەم لەحزەیەش، لەگەڵ هەموو ڕێزم بۆ ئەو ڕاو بۆچوون دەربڕینانە ئێمە داوای مەوقیف لە دەوڵەتی ناوەندی دەکەین لەبەغداد، کە هەڵوێستیان هەبێت، من پێم وایە ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی خۆیان کێشەمان بۆ دروست نەکەن کێشەکانی تر زۆر قابیلی چارەسەرە، ئەو کێشەی ئێستا لەناوچەکانی جەلەولاو سەعدیەو قەرەتەپەو ناوچەی گەرمەسێر بەگشتی هەیە، ئەگەر زۆر زیاتر نەبێت لەم کێشەیە کەمتر نیە، چونکە

هەتا ئێستا بەپێی ئامارەکان 12 شەهیدمان هەیە لە تۆپبارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا، بەڵام سەدان شەهیدمان لەناوچەکانی خواروو هەیە، بەڕاستی ئەم هێرشانە دەریان خست کەوا دەوڵەتانی دەوروبەر ئەم ئەزموونە بەماڵی هەموو تاکێکی کورد دەزانن، پێویستیشە هەموو تاکێکی کورد ئەم ئەزموونە بەماڵی خۆی بزانێت، بۆ پارێزگاری کردن لێی، لەدانیشتنەکانی ڕابردوو دیسان ئەم باسانەمان کرد هەرچەند بەڕێزت ئیشارەتت پێدا کە دووبارە نەبێت، بەڵام ئەوە چەند دانیشتنێکە یەك بابەت قسە دەکەین، بە حەقیقەت هەر بەسەر ئەو قسانەدا دەچینەوە، ئێمە هەموو حەیاتی خۆمان و مێژوومان زۆر بەچاکی لاپەڕەکانی پڕکردۆتەوە، لەکارو چالاکی و خەبات و قوربانی دان بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئەزموونەی کە بەدەستمان هێناوە، لەهەمان کاتدا بە بەردەوامی لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکانیش ئیدانەی مەوقیفی ئەو دەوڵەتانە دەکەین کە دێن هێرش دەکەنە سەر ئێمە، من لێرەدا دەڵێم دوو لایەن هەیە، کە ئێمە پێویستە بەڕاستی ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان زۆر بە بوێرانە ڕوونکردنەوە ڕوون بکەینەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ خەڵکە سیاسیەکان، بۆ ڕۆشنبیران، بۆ ڕای گشتی لە کوردستان، ڕوونکردنەوەکان چیە؟، یەکەم: ئەگەر ئێمە بۆ خۆمان وەکو کورد سەبەبی ئەم هێنانی تۆپباران وساروخ بارانەین لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیا و ئێرانەوە کە دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان، بەڕاستی پێش ئیدانە کردنی ئەوان، ئەبێت بێین عیلاجی ئەم دەردەی خۆمان بکەین، یان ئەم حەرەکاتەی خۆمان بکەین، کە خۆمان بووین بە سەبەب، من لەگەڵ ڕای هەموو ئەو بەڕێزانەم بە تەئکید ئێمە لەگەڵ چەوساندنەوەی یەك تاکە کورد نین لەسەرتاسەری جیهان، هەر کەس ولایەنێك بێت کورد بچەوسێنێتەوە، بەڵام بەهەمان شێوە خەڵکیش پێی قبوڵ نیە کەوا ئێمە لە ماڵی خۆمانەوە ئاگر لەماڵی خەڵکی تر بەربدەین، بۆیە ئێمە پێویستە لەپەرلەمانی کوردستان ڕاشکاوانە بچینە سەر خاڵە ئەساسیەکان، هەر نەڵێین ئیدانەو ئیدانە، ئیدانە باشە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا دەوڵەتی تورکیا دەیکات، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە تەئیدی بکەین، چونکە جارێکیان سەرۆك وەزیرانی تورکیا زۆر بەڕاشکاوانە ئەڵێت ئێمە هەرکاتێك کە توانیمان کۆنترۆڵی وەزعی ناوخۆی خۆمان بکەین، قسەیەکی تر لەسەر قەندیل دەکەین، بەڵام بەتەئکید ئەم قسەی زۆر حەقە، زۆر واقیعە، کە توانیویەتی بەم نەوعێتە دەری ببڕێت، بۆیە ئەوان هەتاکو ئێستا نەیانتوانیوە نە تورکیاو نە ئێران، کۆنترۆڵی وەزعی ناوخۆی خۆیان بکەن، دێن بیانووەکە بە ئێمە دەگرن، بەڵام لێرەدا ئەصڵی مەسەلەکە وازحە مەعلومە کە چیە؟، ئەویش پێم وایە ئەو ئاسۆ ڕوونەی کە دەرکەوتووە بەم نەوعێتە بەریان پێ ناگیرێت، ناتوانن ئەو ئاسۆ ڕوونە کە ڕوو لە کورد دەکات، چونکە وەکو ئەڵێن لەبەهاری عەرەبیدا ڕووی لەزۆر وڵاتانی تر کردووە، بە تەئکید ئەمە پێویستە هەم تورکیا کە ئێمە بەدراوسێیەکی کاریگەری خۆمانی دەزانین، وە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەهەمان شێوە ئێمە زۆر مەسائیلی موشتەرەکمان هەیە، ئومێد دەکەین واز لەم جۆرە حەرەکاتانە بهێنن، تەنها پەنا بۆ خیاری سەربازی نەبرێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان، چونکە هەرێمی کوردستان سەرکردایەتی سیاسی کورد، هەموو کاتەکان داوایان کردووە بەشێوەیەکی سیاسیانە چارەسەری کێشە سیاسیەکانی کورد بکرێت، نەك

بەشێوەیەکی سەربازییانە، چونکە قەت مەسائیلی سەربازی چارەسەری هیچ کام لە کێشەکانی نەکردووە تا ئێستا بیکات، ئێمە ئەوە چەند جارێکە هەموو مەسئولیەتەکانمان خستۆتە سەر شانی خۆمان، بەلام بەپێی ئەو ئەرکە یان بەپێی خەبات و تەزحیاتی ڕابردوومان، ئەمە شعور کردنە بە مەسئولیەت، بەلام من داوا دەکەم سەرجەم نەتەوەی کورد، لەئاست ئەم تۆپباران و شەهید کردن و قەتڵ و عام کردنی خەڵکی کوردە بەدەنگ بێن، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم وەزعەی ئێستا لەهەرێمی کوردستان هەیە، برایانمان لەکوردستانی تورکیا چ هەڵوێستێکیان بووە تا ئێستا، هەم میللەت، هەم ئەندام پەرلەمانەکانیان، ئەمە بەڕاستی هەموو زەخت و ئەرکەکە کەوتووەتە سەر شانی ئێمە لە هەرێمی کوردستان، ئێمەش هەمیشە دەڵێین ئامادەین هەموو وەلامدانەوەیەك بدەین، وە ئامادەین هەموو قوربانیەکیش بدەین، بەلام ئامادەی مساوەمە کردن لەسەر پرسی نەتەوەیی خۆمان وەکو کورد نین، بەهەمان شێوە برایانمان لە کوردستانی ڕۆژهەلات، چ هەڵوێستێکیان نواندووە تا ئێستا، ئەوان بۆ خۆیان لەوێ سەرقاڵن بە کاری ئاسایی خۆیانەوە، ئێمەش لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی، لەسەر مەسەلەی کورد کەوتووینەتە ژێر ساروخ باران وتۆپبارانی هەم تەیارەکانی تورکیا و هەم تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، چونکە ئەم کێشەیە تەنها کێشەی هەرێمی کوردستان نیە، هەرێمی کوردستان بووە بە هەدەف، پێویستە ئەمە ئەگەر زوڵمە لەکورد دەکرێت، بەتەئکید زوڵمە لەکورد دەکرێت، سەرجەم نەتەوەی کورد بێتە جواب، لەسەر ئەم زوڵمە، لەسەر ئەم تەعدایە کە لەهەرێمی کوردستان دەکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من پێشنیار دەکەم، داواش دەکەم، لە ئێستادا کە ئەو جۆرە حاڵەتە گرژییە دەبینین، کە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، میدیای کوردی ئێستا ڕووی کارەکانی خۆیان بکەنە ئەو وەزعەی کە ئێستا لەهەرێمی کوردستان دروست بووە، یەکەم: بۆ تێگەیاندنی خەڵکی کوردستان و سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، دووەم: بۆ تێگەیاندن و ڕوونکردنەوەی ڕای گشتی، چونکە وەکو زۆر لەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێکرد، بەشێك لەخەڵکی خۆمان لەناوخۆی هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان تاوانبار دەکەن، سەرکردایەتی سیاسی کورد تاوانبار دەکەن، لەسەر ئەساسی ئەوەی کە چرای سەوز داگیرساوە بۆ ئێران و تورکیا تا بێن بەم نەوعە کار بکەن، کە ئەمە بەڕاستی من بەبێ ویژدانی دەزانم، کە بەم شێوەیە بیر بکرێتەوە یان سەرکردایەتی سیاسی کورد تۆمەتبار بکرێت لەوەی کە ئەوان ڕێگایان پێداون کە بێن ئەمە بکەن، وەکو پێشتر ئیشارەتمان پێکردووە، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد، وە جەنابی سەرۆك بارزانی موساوەمەی بکردایە، خەڵکی کوردستان کیمیا باران نەدەکرا، خەڵکی کوردستان ئەنفال نەدەکرا، خەڵکی کوردستان لەگەڵ خاك یەکسان نەدەکرا، لەبەر ئەوە ئومێدەوارم میدیای کوردی زیاتر ئێستا ئیتیجاهی خۆیان بدەن بەڕوونکردنەوەی ئەو وەزعەی کە ئێستا هەیە و ڕووی لەهەرێمی کوردستان کردووە، چونکە بەڕاستی زوڵمێکی بێ ئەندازە لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئێمەش بە حەقیقەت لەئاستی پێویستدا ڕوونکردنەوەمان نیە، چونکە وەکو پێشتر ئەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێدا، قسە کەری وەزارەتی بەرگری بەغداد، حەق بە تورکیا دەدات کەوا بێت ئەو حەرەکاتە بکات، ئەڵێت ئەوە حەقی خۆیەتی لەبەر ئەوەی بە حەقیقەت ئایا ئەمە حەقی خۆیەتی؟ یان

ناحەقە بە ئێمەی دەكات؟، چونكە وەكو پێشتر ئیشارەتم پێكرد، ئەوان ئەگەر توانیان كۆنترۆڵی وەزعی ناوخۆی خۆیان بكەن، ئینجا بێن لەگەڵ ئێمە قسە بكەن، بڵێن كاكە ئێمە ناوخۆی خۆمان پاك كردۆتەوە، ئەوەتا لەلای ئێوە نیشتەجێ بوون و خەریكی تەدریب و مەعەسكەرات وتەدریبی چەكن، دوایی دێنەوە گیانی ئێمە ئەمە قسەیەكی ترە، بەڵام ئەوان هەتا ئێستا ئەو گرفتەیان چارەسەر نەكردووە، تا بێن بەر ببنە گیانی ئێمەو وەكو ئێستا دەیبینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئێمە لەبەر ئەو كێشەیە، لە نەتەوەی خۆمان، لە میللەتی خۆمان، لە پارچەكانی تر نارازیی نین، ئێمە نەتەوەیەكین وەكو میللەت لەسەر خاكی خۆمانین، هەر زروفێكی دەولی زەمانێك فەرزی كردووە، هەر پارچەیەك لە شوێنی خۆیدا، هەمووی جێگای ڕێزن، هەر لایەنێكیش كێشەی خۆی هەیە، تەمەنا دەكەین كێشەكانیان، لەگەڵ ئەو وڵاتەی كە تێیدا دەژین بەڕێگایەكی ئاشتیانەی دوور لە توندوتیژی چارەسەر ببێت و ئەوانیش وەكو نەتەوەكانی تری ئەو وڵاتە كە لەگەڵیان دەژین بە ئەمن و ئاسایش، لەناو تەجروبەیەكی دیموكراسی ژیان بەرنە سەر، بە قەناعەتی ئێمە ئەمڕۆ لێرەدا ئەوەیە هەیە، بەتوندوتیژی نە ئێمە دەگەینە نەتیجە، نە ئەوانەشی كە دەیانەوێت ئێمە لەناو بەرن ئەگەنە نەتیجە، تەنها ڕێگا، ڕێگایەكی دروست بۆ گەیشتن بە دواڕۆژێكی باشتر دیالۆگ وئاشتی و پابەند بوونە بە بنەمای دیموكراسی، ڕێزدار عومەر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێكی تر سەرەخۆشی خۆمان بۆ كەسوكاری شەهیدەكان و هیوای زوو چاك بوونەوەش بۆ بریندارەكان دەخوازین، بەدیتنی من بۆردومان كردنی گوندەكان و شەهید كردنی هاووڵاتیان یان چەند هاووڵاتیەكی كوردستان، ئەمە مەبەستەكە نیە، مەبەستەكە ئێمە، ئەگەر بە گەورەتر سەیری بكەین، قسە كردنە وە چۆنیەتی ویستنە بۆ ئەوەی كە بزانین كە كورد، لەداهاتوودا لە نەخشەی داهاتووی سیاسی ئەم ناوچەیەدا چۆن بێت؟، توركیا، ئێران، وڵاتانی تر، ئەیانەوێت كورد لەم ناوچەیە چۆن بێت؟ وە ڕۆڵەكەی چۆن بێت، قسە كردنە لەسەر ئەوە، هەوڵە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا هەرێمی كوردستان و پارچەكانی تری كوردستان لە توركیا، لە سوریا، لە ئێران، بەچی دەگەن؟، بۆیە ئەو هەوڵ و تێكۆشان وململانیەی كە هەیە لەم پێناوەدا، لەلایەن دەوڵەتان وهێزە ئیقلیمیەكانیش چ لەناو توركیا، چ لەناو ئێران هەموو ئەو هەوڵانەن كە بۆ ئەوەن جارێكی تر هەر یەك لەم دەوڵەتانە، هەر یەك لەم دامەزراوە ئیقلیمیانە، هێزو نفوزی خۆیان لەناوچەكەدا بۆ ساڵانی داهاتوو دەستنیشان بكەن، ئاراستەكەشی دیاری بكەن، بۆیە بەشێك لەوەی كە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، دۆزی كوردە، وە هەرێمی كوردستانە بە تەحدید، وە پارچەكانی تریش، بۆیە ئێمە وەكو هاووڵاتیانی كوردستان، وەكو سەركردایەتی هەرێمی كوردستان، لەسەرمانە زۆر بەوازحی بە هاووڵاتیانی خۆمان بڵێین، ئێمە بە دونیا بینینێكی گەورەتر، بەدیدێكی فراوانتر مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە بكەین،

ئەم بارودۆخەی کە هەیە، ئیمکانە بۆ چەند مانگێکی تریش بخایەنێت، جارێکی تر ئێمە داوا لەجەماوەری بەشەرەفی کوردستان و گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی تریش بکەین، ئێمە جارێکی تر زۆر زیاتر لەجاران، پێویستیمان بە خۆ ڕاگری هەیە، پێویستیمان بە هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەری ومەدەنی هەیە، بۆ ئەم بابەتەش ئەهلیەتی خۆمان ئەبێ هەبێت، ئێمە تەماشا بکەین، بۆ عەرەبەکان ئێستا باس لەبەهاری عەرەبی دەکرێت، بە تەئکید دەبێت لەم بارودۆخەو لەم کاتە مێژووییەدا بۆ کوردیش ئەبێت پێناسەیەك هەبێت بۆ داهاتوو، چونکە مێژوو ئەمە ئەنووسێتەوە، ناکرێت ئێمە بە توندوتیژی، ناکرێت بە قەتعی عیلاقە لەگەڵ وڵاتانی دەروبەرو، لەگەڵ هێزە ئیقلیمیەکان مامەڵە بکەین، بەڕێزان ئێمە تەماشای خۆمان بکەین، ڕاستە ئێمە هێزێکی جەماوەری لەبن نەهاتوومان هەیە، تاکە نموونەیەکین لە عێراقدا، کە جێگای ئومێد بێت بۆ دیموکراتی و پێکەوە ژیان، بەڵام مانای ئەوە نیە کە ئێمە لەڕووی سەربازی، لەڕووی ئابووری، لەڕووی دیبلۆماسیەوە، شان بدەین لە شانی ئەو وڵات و ئەو هێزە ئیقلیمیانەی کە لەم ناوچانەدا هەن، کە چالاکی سیاسیان هەیە بۆ ئەوەی نفوزی خۆیان لەداهاتوودا بەرفراوان و گەورە تر بکەن، بۆیە دەبێت بەووردی مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە بکەین، بەڕای من باشترین ئالیەت و باشترین پەیام هەڵگرتنی لەم دۆخەدا، هەڵگرتنی پەیامی ئاشتی و پێکەوە ژیانە، ئەو پەیامەی کە بۆ ئێمە وەکو گەلی کورد ناسنامەیەکی باش دەبێت لەداهاتوودا، وە لەم کاتە مێژوویەشدا دواتر هەموومان دەتوانین پێوەی شانازی بکەین، چ ئەو کوردانەی کە لێرە دەژین، چ ئەوانەشی کە لەپارچەکانی تر دەژین، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بەڕەئی بەندە، پێویستیمان بەوە هەیە کە لەسەر سێ ئاستی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە بکەین، ئاستی یەکەم: لەناو هەرێمی کوردستاندایە، لە ئێستا زیاتر لەجاران پێویستە هێزو لایەنە سیاسیەکان، جەماوەری کوردستان زیاتر پشتیوانی بۆ ئەو ڕایەتەو، بۆ ئەو پەیامە بکەین، کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەند جارێك، چ لەناوخۆی هەرێمی کوردستان، چ لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە موناسەبەت و لە یادە جیاجیاکان ئەوانەی کە هی نیشتمانی بوون، یان ئەوەی هی نوێنەرایەتی و قونسوڵخانەیەکی تایبەت بوون، لە وڵاتانی دەرەوەش کە پێشکەشی کردووە، باسی لە ئیرادەو ویستی گەلی کوردستان کردووە، بۆ ئەوەی کە دەیەوێت بە ئاشتی و پێکەوە بژین لەگەڵ وڵاتان وگەلانی تر لەناوچەکەدا، بۆیە ئێمە پێویستە لەسەرمان چ پەرلەمانتاران، چ هێزو لایەنە سیاسیەکانی تر، چ جەماوەری کوردستان، پشتیوانی لەم ڕایەتە بکەین، بە باوەڕی من ئەمە باشترین خاڵی بەهێز وئالیەتێکە کە ئێمە بیگرینە بەر، بەهەمان شێوە هێزو لایەنە سیاسیەکانی تریش، لە پارچەکانی تری کوردستان پێویستیمان بە پشتیوانی ئەوان هەیە، ئالیەتی گرتنە بەری ئاشتی، پێکەوە ژیان، خەباتی دیموکراتی و مەدەنیانە، ئەمە ڕێگە چارەیە بۆ ئەوەی کە گەلی کورد، لە پارچەکانی تر کە لەڕووی ئابووری، لەڕووی سیاسی، لەڕووی دیبلۆماسی هێزێکی وای نیە، تۆ ناتوانیت بە خەباتی چەکداری لە ئێستادا بەرەنگاری وڵاتێکی زلهێزی وەکو تورکیا، ئێران ببیتەوە، بۆیە پێویستە لە ئێستادا، بەتایبەتی پارت و هێزە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، لە ئێستادا ئەوان لەحزەیەکی باش و دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوان کە ئەم خەباتە مەدەنیە، ئەم هەوڵە دیموکراتیە بەکار بهێنن، لە ئێستادا هێزو

لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە باکوری کوردستان، ژمارەیەك پەرلەمانتاریان هەیە، پێویستە لەڕێگەی پەرلەمانی تورکیاوە، هەوڵ وتێکۆشانی چالاکی سیاسی، دیبلۆماسی بدەن، بۆ ئەوەی لەڕێگەی کەناڵە جیاجیاکانەوە بۆ گەیشتن بە مەبەست و بە ئامانجەکانی گەلی کورد لەوێوە هەوڵ بدرێت نەك بگەڕێنەوە سەر چیاکان و سەر سنوور، بە چەك و بە تفەنگ ئەم هەوڵ و تێکۆشانە بدەن، ئەمە تۆ ناگەیەنێت بە ئامانج، لەبەر ئەوەی، ئەو کەسەی کە بەرامبەرتە زۆر لەتۆ بەهێزترە، ڕاستە تۆ هێزێکی لەبن نەهاتووت هەیە، کە ئەویش جەماوەر وگەلی کوردستانە، بەڵام لە داهاتوودا بۆت دەردەچێت دەرئەنجامەکەی ئەوەی کە بەتۆ گەیشتووە، دواکەوتنە، نەگەیشتن بە ئامانج، بەفیڕۆدانی زیاتری خوێن وگیانی هاوولاتیانی کوردستانە، ڕێگە مەدەنیەکە، ڕێگە دیموکراتیەکە، پاڵپشتی دواتر، هێزی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشی بەدوادا دێت، ئێمە هەرکاتێك لەناو خۆمان وەکو هەرێمی کوردستان، لایەن و هێزو پارچەکانی تری کوردستانی گەورە ئەو ئالیەتەمان گرتنە دەست، ئەو کاتە لایەنە پەیوەندیدارەکانی تریش کە تورکیا، ئێران، سوریاش لەداهاتوودا مەجبور دەکەین بەڕێگەی دیموکراتیانەو ئاشتیانە مامەڵە لەگەڵ ئێمەدا بکەن، نەك ڕۆڵەکانمان بخەنە زیندان وگیانی هاوولاتیانمان لێ بسەنن، خوێنی ڕۆڵەکانمان بە فیڕۆ بدەن، بۆیە جارێکی تر من داوا دەکەم، لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان هەمووومان پاڵپشتی وقسەمان لەسەر ئەوە بێت، کام ڕێگا باشە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان وپارچەکانی تریش بیگرنە بەر، بۆ ئەوەی لەم گرژیەو لەم بارودۆخە تەم و مژاوییەی کە عێراق و ناوچەکە هەمووی بەتێکڕا پێیدا تێدەپەڕێت، بۆ ئەوەی داهاتوویەکی باشتر و گەشتر بۆ خۆمان فەراهەم بکەین، نەك ئەوەی کە هەمانە بیخەینە خەتەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عومەر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمە امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕووداوەکانی سەرسنوور دەبێت لەڕوانگەیەکەوە خوێندنەوەیان بۆ بکەین، هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین، کە پێمان وابێ ئەم ڕووداوانە خاوەن ڕەهەند وبوعدی نێودەوڵەتی وهەرێمی ونەتەوەیین، ئەم ڕووداوانە لەسەردەمێکدایە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەحاڵەتی وەرچەرخانێکی گەورەی سیاسی و مێژوویدایە، بە ئاراستەیەك کە دەیەوێت لەسەر پرەنسیپەکانی دیموکراسی و گەڕانەوەی سەروەری بۆ گەل و نەتەوەکان و شکۆمەند بوونی مافی مرۆڤ دووبارە خۆی ڕێك بخاتەوە، بێگومان ئەم وەرچەرخانە کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەوتی بەدیموکراتی بوونی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، ئەگەر بە فیدڕالی بوونی ئەم وڵاتانەش لە ئایندەدا چاکتر و باشتر دەهێنێتە پێشەوە، هەروەها ئەم ڕووداوانە لە حاڵەتێکدان کە هەنگاو بە هەنگاو ڕەوشی عێراق بە ئاراستەیەك دەچێت کە هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق بکشێنەوە، بۆیە ئەوەی پێی دەوترێت فەراغی هێز، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ولە عێراقدا ئێستا لە ئارادایە، بۆیە ئەم وڵاتانە، کۆماری تورکیا، کۆماری ئیسلامی ئێران، لەڕاستیدا دەیانەوێت فەراغی هێز لەسەر ئاستی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕبکەنەوەو خۆیان ببن بە دەوڵەتی سەرکردەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئێستاو لە ئایندەدا، لەو نێوەدا دەیانەوێت ڕەوتی بەدیموکراسی بوون لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەقازانجی دۆزی کورد بەرەو پێشەوە نەچێت، هەروەها لەسەر ئاستی عێراقیش، ئەگەر هاوکێشەی هێز بگۆڕدرێت قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان بەئاراستەیەك نەچێت کە لە ئایندەدا پێگەی لەڕووی سیاسی و لەڕووی دیبلۆماسیەوە بەهێزتر بێت وکە لە ئایندەدا بەرەو قەوارەیەکی سیاسی و نەتەوەیی و سەربەخۆیی هەنگاو بنێت، ئالێرەوە دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین خوێندنەوە بۆ ئەم ڕووداوانە بکەین، بەڵام لەڕاستیدا کۆماری تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت لەو ڕاستیە بگەن، کە ڕاستە ئێمە وەکو گەلی کوردستان ونەتەوەی کورد، تۆپمان نیە، فڕۆکەی جەنگیمان نیە، سوپای مۆدێرنمان نیە، بەڵام خاوەن ناسنامەین، خاوەن ئیرادەین، بەدوای ئازادی ومافی خۆماندا خەبات و تێکۆشان دەکەین، لەڕاستیدا بەبێ چارەسەرکردنی عادیلانەی دۆزی گەلی کورد لەهەموو پارچەکان، دەرکەوتووە نە لەدوێنێ، نە لە ئێستا، نە لەداهاتوودا، سەقامگیری وئاسایش وئاشتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نایەتە ئاراوە، هەروەها ڕێگا چارەی سەربازی و سەرکوت کردن لە دوێنی و لە ئێستاو لە ئایندەشدا خزمەتی هیچ لایەك ناکات، ئالێرەوە دەبێت لەخۆمان بپرسین ئێمە لەسەر ئاستی نەتەوەیی چی بکەین باشە؟، ئێمە لەهەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ڕەسمی ولەسەر ئاستی ناڕەسمی هەمووکات پشتیوانی لەخەباتی ڕزگاریخوازی پارچەکانی تری کوردستان دەکرێت، بەڵام لەباری یاساییەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لەڕۆژهەڵات و لە باکوور دەبێت ئاگایان لەوە بێت کەوەکو چۆن کردنی خەڵکی مەدەنی بە ئامانج و کوشتنی خەڵکی سیڤیل پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتیە، بەڵام یاسای نێودەوڵەتیش ڕێگا بەوە نادات دەوڵەتێك خاکەکەی، ئاوەکەی، ئاسمانەکەی، بەکار بهێندرێت بۆ ئەوەی کە لەژێر سەروەری و سیادەی ئەوەوە هەڕەشەو مەترسی بچێت بۆ ناو دەوڵەتێکی تر، یاسای نێودەوڵەتی ئەمەشی قەدەغە کردووە، بۆیە بەڕێزان وەکو باسم کرد بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە پارچەکانی تر، دەبێت ئاگاداری ئەم بوعدە یاساییەش بن، لەوێوە هەوڵ بدەن، کە ئێمە لەڕووی یاسای نێودەوڵەتیەوە ئیحراج نەبین و پێگەمان لاواز نەبێت، لەلایەکی ترەوە لەڕووی نەتەوەییەوە، قەوارەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان مانایەك و سومبولێکی نەتەوەییانەی هەیە، بۆ هەموو پارچەکانی تری کوردستان، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێمە ئەرکی نەتەوەیی ئەوانیشە، نەك دروست کردنی کێشە، لەوێشەوە هەوڵ بدەن کە ئاسانکاری پێشکەش بە ئێمە بکەن، پشتیوانیمان بکەن، هەوڵ بدەن تا پێیان دەکرێت بەشێوەیەك خۆیان بگونجێنن کە نەبنە مایەی سەرئێشەو دەردەسەری، یان بچووکترین پاساو نەدرێت بە دەوڵەتانی تر تا بەم شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵ بکەن، هەروەها ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە، لەڕووی نەتەوەییەوە سەرکردایەتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە پارچەکانی تری کوردستان، هەوڵ بدەین کە بە لەبەرچاوگرتنی وەرچەرخانەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەی پێی دەوترێت داڕشتنی ستراتیژیەتێك بۆ خەباتی ئاشتی و دیموکراسی بهێنینە ئاراوە، بۆ ئەمەش دەکرێت ئێمە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین، هەوڵ بدەین کە ئەوان لەچوارچێوەی

ديموكراسيەت وئاشتى خوازيدا خەباتى خۆيان بەرەو پێشەوە بەرن، چونكە ناكرێت ئێمە لە توركيا سەنگەرى پەرلەمان چۆڵ بكەين، پەنا بۆ توندوتيژى وخەباتى چەكدارانە بەرين، سەردەمەكە وادەخوازێ كە ئێمە هەوڵ بدەين خەباتى ديموكراتى خەباتى پەرلەمانى، خەباتى مەدەنى، خەباتى ميديايى لەپارچەكانى ترى كوردستان بەهێز بكەين، لەبەرامبەر خەباتى چەكدارييدا، لەسەر ئاستى هەرێمى كوردستان و لەسەر ئاستى ناوخۆى ئێمەش، لەڕاستيدا ساتەوەختى ئەوەيە كە ئێمە هەوڵ بدەين مامەڵە كردن لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا چەند نموونەيەكى هەيە، يەكێكيان ئەوەيە، كە ئێمە هەوڵ بدەين وەكو حزبە سياسيەكان و لايەنە سياسيەكان، هەوڵ بدەين ئەم ڕووداوانە بكەين بە كەرەستەو ماددەى ململانێى سياسى لەو سۆنگەيەوە، لێكدابڕانى سياسى، بێ متمانەيى سياسى، دڕدۆنگى سياسى، زياتر لەهەرێمى كوردستان بڵاو ببێتەوە، ئەم لايەنە مەسئولياتەكە بخاتە سەر لايەنەكەى تر، ئەوى تر بيخاتە سەر لايەنەكەى تر و ديفاع لەخۆى بكات، لەڕاستيدا ئەم مۆدێلە مۆدێلێكى سلبيە، خزمەتمان پێناكات، ناتوانێت بەشێوەيەك بەهێزمان بكات كە لەئاست وەڵامدانەوەى مێژوويانەو نەتەوەييانەى قۆناغەكەدا بين، نموونەى دووەم: ئەوەيە كە ئێمە پێمان وابێت ئەم هەڕەشانە، هەڕەشەى جدين، ئەم تەحەدياتانە ڕووبەڕوى هەمووومان دەبێتەوە، بۆيە ئەرك وبەرپرسيارێتى سەرشانى هەموو لايەكمانە، بەوانەى كە لەناو دەسەڵاتى سياسيدان، بەوانەى كەلەناو بەرەى ئۆپۆزسيۆندان، بەو لايەنانەى كە لەدەرەوەى بازنەى دەسەڵاتى سياسين، هەمووومان بەيەكەوە هەوڵ بدەين، كە گفتوگۆ لەگەڵ يەكترى بكەين، پێمان وابێ كە شكست لەڕووى نەتەوەييەوە، لەڕووى سياسى و بەرژەوەندييە باڵاكانەوە، تەنها شكست نيە بۆ پارتى و يەكێتى و گۆڕان و يەكگرتوو كۆمەڵ و ئەوانى تر، بەڵكو شكستە بۆ هەرێمى كوردستان، سەركەوتنيش لەبەرامبەر ئەم تەحەدياتانەدا، سەركەوتن نيە تەنها بۆ لايەنێكى سياسى بەڵكو سەركەوتنە بۆ هەمووومان، دەمەوێت ئاماژە بەنموونەيەك بدەم، كاتێك كە كۆنگرێسى ئەمريكا دەنگى دا بۆ بەكار هێنانى هێز بۆ ئەوەى كە هێز بەكار بهێندرێت بەرامبەر بە عێراق و ئەفغانستان، ديموكراتيەكانيش دەنگياندا، لێيان پرسين بۆ ئێوە دەنگتاندا، وتيان شكست لەدەرەوەى ئەمريكا، تەنها شكست نيە بۆ جمهورييەكان، يان بۆ ديموكراتيەكان، بەڵكو شكستە بۆ هەموو ئەمريكا، سەركەوتنيش لەدەرەوە، سەركەوتنە بۆ هەموو ئەمريكا، نەك بۆ تەنها حزبێك، لەڕاستيدا دەبێت ئێمە لەو ڕوانگەيەوە لەو مەنتقەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕووداوانە بكەين، بۆ ئەمەش دەكرێت ئێمە هەوڵ بدەين گفتوگۆ بكەين، گروپێك پێك بهێنين بەناوى گروپى ئامادەكردنى بەرنامە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەى ئەم تەحەديات و هەڕەشانە، كە دەكرێت ئەم گروپە، لەچەند ئاستێك هەوڵ بدات، مامەڵەيەكى واقيعيانە، مەنتقيانە، واريد لەڕووى خۆهەڵسەنگاندنێكى ڕياليستيانە، لەڕووى بوونى هێزەوە لەگەڵ ڕەوشەكە بكات، بۆ نموونە: زۆر گرنگەو دەكرێت ئێمە هەوڵ بدەين كە هەڵمەتى ميديا لەسەر ئاستى ناوخۆ و نێودەوڵەتى باشتر و بەهێز تر بكەين، لەوەى كە ئێستا هەيە، واتە يەكخستن لەگوتارى ئيعلاميماندا بێتە ئاراوە، لەسەر ئاستى ناوخۆو لەسەر ئاستى دەرەوە، هەروەها دەكرێت ئێمە ڕەوەندى كورد لەسەر ئاستى هەموو وڵاتانى دونيا لەچوارچێوەى بەرنامەيەك و ميكانيزمێك كە

هەمووومان ئیتیفاقی لەسەر دەکەین، هەوڵ بدەین سوودی لێ وەربگرین، لەسەر ئاستی ناوخۆش بەهەمان شێوە، دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ئاستی ناوخۆ و لەسەر ئاستی دەرەوە، واتە پێویستە ئێستا ئێمە گفتوگۆی سیاسی لەنێوان لایەنە سیاسیەکان بێتە ئاراوە بۆ پێکهێنانی گروپێکی لەم بابەتە، بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ڕووداوەکان، لەسەر ئاستی دامودەزگای ڕەسمیش من پێشنیار دەکەم، کە هەر سێ سەرۆکایەتیەکە، هی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت، پێشنیاری کۆبوونەوەیەك بکەن، کە هەر سێ سەرۆکایەتیەکە لەسەر ئاستی عێراق چ لەبەغداد بێت، چ لەهەولێر بێت، بەیەکەوە کۆببنەوە، بۆ ئەوەی لەڕوانگەی تەدویل کردنێکی ئیجابیانەی واقیعیانەی گونجاو لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی بەرنامەو ئالیەتی پێویست دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ناسك تۆفیق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا منیش حەزدەکەم پرسەو سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی کەسوکاری شەهیدان بکەم، لەوێوە دەست پێدەکەم کە بەڕاستی دیارە ئێمە موخەیەر نەبووین کاتێك کە بەکورد خەڵق بووین، وە موخەیەر نەبووین کە لەشوێنێکی جوگرافی وادا نیشتەجێ بووین کە سنوورەکانمان بەسنووری سێ دەوڵەتی زلهێزەوە بێت، بەڵام دیارە موخەیەرین لە چۆنیەتی سیاسەت کردن لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا، کاتێك ئێمە سنوورمان بەستراوە بەسێ دەوڵەتەوە کە (تورکیا، ئێران، سوریا)یە، پێم وایە ئەگەر سوریاش مەشغوڵی ناوخۆی خۆی نەبوایە، ئێستا یان دەستخۆشی لێ دەکردن، یان جارجار ئەویش تۆپێکی تێ دەگرتین، سنووری باشووریشمان ئەوە ناوچە جێ ناکۆکەکانە، کە خۆمان دەزانین وەزعی چۆنە، کەواتە ئێمە لە هەرێمێکداین ئاوایە وەزعی جوگرافێکەمان، خاوەنی زمانێکیشین موخەیەر نین تێیدا، بەڵام موخەیەرین لە سیاسەت کردن، من تا ئێستا نازانم سیاسەتی ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا چۆنە؟، ئایا لەسەر ئەو ئاستەیە کە دەیبیستین، ئێمە دەسەڵاتمان نیە، هەرێمێکی لاوازین، ئەوان دەوڵەتن وخاوەنی کیانن، کەواتە ناتوانین مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، غەیری ئاشتی، ئەمەش دەڵێن دەبێت لە ڕێگەی دیبلۆماسیەوە بێت، لەگەڵ حکومەتی مەرکەزدا بێت، حکومەتی مەرکەزیش هەتا ئێستا دوو وەزارەتی خۆی تەشکیل نەکردووە، کە سەرۆکی هەرێم هۆکار بوو بۆ تەشکیل کردنەوەی ئەو حکومەتە، ئەگەر ئەوە حاڵی حکومەتی مەرکەزی بێت، ئەوەش حاڵی دەوڵەتەکانی دراوسێ بێت، من حەزدەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان وەڵامێکی دروستمان بداتەوە، یان با بڵێم کۆبوونەوەیەکی تایبەت بکەین، بۆ ئەوەی بزانین سیاسەتی واقیعیانەو عەمەلیانەی کە بگونجێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم وەزعەی کە تێیداین چۆنە؟،

ستراتیژیەتمان چۆنە؟، چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەین؟، چونکە بەڕاستی ئەوەی کە ئێستا لە وەڵامەکان و لەهەندێ لە قسەکانی بەڕێز کاك گۆران ئەیبیستم، جوابەکانی بەڕێزیشت بۆ هەندێ شت، دەردەکەوێت کە دەبێ بڵێین (ئاسمان بەرزو زەوی سەخت)، ئەی ئێمە چی بکەین لەم بەینەدا، ئەگەر نەتوانین قسە لەگەڵ زلهێزەکانی دەرەوە بکەین، لەگەڵ مەرکەزیشدا ئەوە وەزعمان بێت، ئەی ئێمە چی بکەین، بۆیە بەڕاستی من پێم وایە، ئەبێت لەم کۆبوونەوەیەی پەرلەمان بەکۆمەڵێك بڕیارەوە دەربچین، من دەستخۆشی زۆر لە لیژنەی ناوخۆ دەکەم، کە بەڕاستی بە داواکارییەکانی هاووڵاتیان دەستیان پێکردووە، من دەڵێم پشتگیری تەواوی داواکارییەکانی خەڵك دەکەم، چونکە بەڕاستی من جاری پێشووش ئەوەم وت، وتم ئەگەر ئێمە ناتوانین چارەسەری کێشەکانی ئەوان بکەین، خۆ ناکرێت بەبێ ڕەزامەندی خۆیان وەکو پشتێنەی ئەمنی بەکاریان بهێنین، ئەم خەڵکە خۆی داوا دەکات، ئەڵێت ئەگەر حەلت بۆ من پێ نیە، بەلانی کەمەوە گیانم ڕزگار بکەن، قەرەبوو کردنەوەی ماددی زۆر ئاسانە، بەڵام قەرەبوو کردنەوەی جەستەیی و شەهید بوون زۆر قورسە، ئێمە جارێکی تر ڕەسمێکی تر دروست بوویەوە لەمێشکماندا کە هیچ فەرقی نیە لە کۆمەڵکوژی کیمیاباران و ئەنفال، ئەوە جارێکی تر خێزانێك تیا دەچێت بەو شێوە وەحشی گەرییەی کەخۆمان بینیمان، بۆیە بەڕاستی من دەڵێم ئەو خاڵە بکەین بە خاڵی یەکەم لە داواکارییەکانیان، کە خۆیان دەڵێن ئەگەر ناتواندرێت چارەسەری بنەڕەتی بکرێت، با شوێنێکمان بۆ دابین بکەن تا بەلانی کەمەوە گیانمان بپارێزرێت، من دەڵێم لەم داواکارییەی ئەمانەوە دەست پێدەکەم، چونکە ناکرێت بەبێ ڕەزامەندی خۆیان بیانکەین بە پشتێنە، ئەوە جیایە ئەگەر خەڵکێك خۆی بێت بڵێت من وەکو پشتێنەی ئەمنی ئەچم بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە خەڵکی تر داگیری نەکات، خۆم دەبمە پشتێنەی ئەمنی، ئەوە جیایە لەوەی کە هاووڵاتیەکی سڤیل خۆی نایەوێت، بۆیە بەڕاستی من پشتگیری ئەو داواکارییانەیان دەکەم، خاڵێکی تر دێمە سەر داواکارییەکان و پێشنیارەکانی لیژنە، دیارە دواتر لەڕوانگەی ئەمەوە بەیاننامەکەی خۆمان دەردەکرێت، من دەڵێم خاڵی یەکەم هەر لابەرین، چونکە ئەم ئیدانەیە کراوە و بڕاوەتەوە، خاڵی (3 و6) بکرێت بەیەك، هەردووکیان وەکو یەك دابڕێژرێتەوە، خاڵێکی تر پشتگیری ئەو خاڵە دەکەم، کە کاك عبدالله وتی وەزارەتی ئەوقاف تەکلیف بکرێت، ڕۆژی هەینی هەموو زانایانی بەڕێز ئیشارەت بدەن بە ڕەوایی دۆزی کێشەی کورد و ئەو وەزعەی کە دەخوڵقێك لەسنووری هەرێمدا، تا چەند دژی هەموو پرەنسیپە ئیسلامیەکان وهەموو پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکانە، حەزدەکەم خاڵێك زیاد بکرێت، کە بەڕاستی ئێمە هەموومان ئیشارەتمان پێدا، ناکرێت ماددەی (48)ی پەیڕەوی ناوخۆ هەتا ئێستا جێبەجێ نەکەین، ڕاستە لیژنەی تایبەتمەندمان هەیە، بەڵام ئەو لیژنانەی کە پەیوەندیان بەم کێشەیەوە هەیە، سێ لیژنەی سەرەکین، ماف مرۆڤ، ناوخۆ، پێشمەرگە، ئەکرێت لەم سێ لیژنەیەدا، لیژنەیەك هەڵبژێردرێت کە نوێنەری سەرجەم فراکسیۆنەکانی تێدا بێت، تایبەت بێت بە بەدواداچوونی ئەو خاڵانەی کەئێمە وەکو پەرلەمان ئێستا دایدەڕێژین، ناکرێت هەروا خاڵ دابڕێژین و بەیاننامەیەك دەربکەین دواتر ئێمە لەڕاگەیاندنەکان بڵێین وەڵڵا هیچمان نەدی، بۆ چونکە نایبیستین، بەڵام ئەگەر لیژنەیەکی تایبەتمەندی

پەرلـەمانی دروسـت کـرا، ئەمـە قورسـیەك دەدات بـۆ دەرەوە لەهـەمان کاتیشـدا بـە بڕیـاری پەرلەمانـەوە دەچێتە دەرەوە، لەهەمانکاتیشدا من داواکارم لە لیژنەی پەیوەندییـەکانی پەرلـەمان دەوری خـۆی ببینێـت، بـۆ بانگهێشـت کردنـی قونسـوڵ گەرییـەکانی تورکیـا وئێـران، مـادام ئێمـە تـەنها ئـەتوانین لەسـەر ئاسـتی دانوستاندن و گفتوگۆ و دیالۆگ قسە بکەین، کەواتە دەبێت بانگهێشـت بکـرێن ولەنزیکـەوە قسـەیان لەگـەڵ بکرێت، خاڵێکی تر کـە حەزدەکـەم لەبەیاننامەکەمانـدا تێیـدا بێـت، داوا بکرێـت لـە حکومـەتی تورکیـا کـە بـەڕەسمی داوای لێبـوردن لـە خـەڵکی هـەرێمی کوردسـتان بکـات، کـە بەڕاسـتی لـەم ڕەمەزانـەو لـەم بـەرە جەژنانەدا ئەو وێنەیەی دروست کرد لەمێشکی هاووڵاتیانی کورددا، کە بەداخەوە زۆر حەیفە، کـە بانێکـەو دوو هەوا لەو کاتەی کە دەڕوات (350)ملیۆن دۆلار بۆ خـەڵکی سـۆماڵ دابـین دەکـات، بـەڵام بەهـەمان ئـەو نرخـە تۆپبـارانی هاووڵاتیـانی هـەرێمی کوردسـتان بکـات لـەناو خـاکی خۆیـدا، ڕەسمێکـی ئـاوا لەمێشـکماندا دروسـت بکـات کـە بەڕاسـتی هـیچ فـەرقێکی نیـە جـارێکی تـر دەیڵێمـەوە لەگـەڵ کیمیابـاران و ئەنفالـدا، بەداخـەوە ئێمـە دوو قەزیـەی گـەورەمان لەدادگاکانـدا بەجینۆسـاید ناسـراوە، بـەڵام پـێش ئـەوەی سـوود وەربگـرین لـەو بەجینۆسـاید ناسـاندنە، ئـەوە قەزیەیـەکی تـرمـان هاتـە پـێش، ئەگـەر هـاتو ئەمانـە هـەر چارەسـەری نـەبوو، مـن پێشـنیار دەکـەم کـە نوێنـەرانمان لـە ئەنجومـەنی نوێنەرایـەتی عێـراق، بـایکۆتی کۆبوونەوەکان بکەن، تـا بەجـدی ئـەم کێشـەیە دەبێتـە کێشـەی پەرلـەمانی بەغـداد، چـونکە ناکرێـت ئێمـە بەشدار بین لە پەرلەمانێکدا، بەڵام هیچ هەڵوێستێکی نەبێت لەسەر تۆپباران کردنی سـنوورەکانی هـەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بەنیسبەت هەرێمی کوردستان بەپێی ئەوەی کە شەخصیاتی بەهێز لـەناو ئـەم هەرێمـە هەیە ودەوریان هەیە، عیلاقاتێکی داخلی و ئیقلیمی و دەولی بەخۆیەوە پەیدا کـردووە، پەیوەنـدیش ئـەوە نیە ئێمە لەگەڵ کەس قسە نەکـەین، مـن زۆر بـە ئاشـکرا لێـرە لـەپێش ئێـوە زۆرجـار دووبـارەم کردۆتـەوە لەهـەموو مستەوایەك حەرەکـەت هەیـە، لەگـەڵ ئـەمریکا هەیـە، ئـەمریکا دەڵێـت تورکیـا حەقیـەتی، ئـەوە حەقە بۆتان وازح بێت، ئەڵێت تورکیا حەقیەتی کە بەو کارە هەڵدەستێت، سەبەبت بۆ دێنێتەوە، بـەڵام نـە قەتعی عیلاقە لەگەڵی کراوە، هەوڵدانیش بەردەوامە، کە قەناعەتیان پـێ بهێنـدرێت، دەوری خۆیـان بـەکار بهێنن، کە وەزعەکە بـەو شـێوەیە نیـە، لەگـەڵ ئیتیحـادی ئـەوروپی هەیـە، لەگـەڵ تورکیـا خـۆی عیلاقـەی بەهێز هەیە، لەگەڵ ئێران هەیە، وەفدی موتەبادیل دەچێت ودێت، قونسوڵیاتیان لێرە هەیە، لەگەڵ عێراق پەیوەنـدی هەیـە، ئـەوە نیـە دەسـت لەسـەر دەسـت دانیشـتبین و بڵێین هـیچ نیـەو دەسـەڵاتمان نیـە، ئێمـە هـەدەفمان ئەوەیـە لـەم کێشـەیە بەسـەلامەتی هـەموو دەربچـین، تورکیـاو ئێـران کێشـەکانی خۆیـان لـەناو وڵاتەکەی خۆیان چارەسەر بکەن، ئاگرەکەیان نەهێننە ئەم دیو، توونـدوتیـژی لەسـەر سـنوورەکان نـەکرێت، چونکە چارەسەری نە کێشـەی تورکیـا و ئێـران ئـەکات، نـە بـۆ کـوردیش سـوودی هەیـە، لـەم مونتەڵەقـەوە ئەمانـەوێت ئـەم بەڕێزانـەی لێـرە دانیشـتوون کـە نوێنـەری هـەموو خـەڵکی هـەرێمی کوردسـتانن، ئـەم

تەجروبەیەی کە هەیە، عیلاقاتی دەولی پەیدا کردووە، عیلاقاتی ئابووری پەیدا کردووە، ئیستقراری پەیدا کردووە، فەرقە لەگەڵ شوێنەکانی تری ناو عێراق ودەوری هەیە کە ئەوانیش خۆیان بگرنە یەك، بۆ ئەوەی بە باشی بتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێت وزیاتر ببێتە نموونەیەك بۆ گشت عێراق، هەوڵ دراوە لەگەڵ دراوسێکان عیلاقەیەکی باش هەبێت، هەمیشە وادەزانرا ئێرە خەتەرە لەسەر دەوڵەتەکانی دراوسێ، ئەوە ئیسپاتی کرد کە نەخێر ئێمە وەکو هەرێمی کوردستانی عێراق خەتەر نین لەسەر کەس، فەرموون پەیوەندی ئابووری، بازرگانی، ڕۆشنبیری خۆش دەکەین لەگەڵ یەکتری، ئەمڕۆ کێشەیەك هەیە، واقیعێکە نابێت ئینسان ئینکاری بکات، ئەوان وەکو بەهانەیەك بەکاری دێنن، ئینجا ئەصڵی کێشەکە ئەوانن یان ئەوان نین، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئەبێت ئێمە لەسەر ئەوە تەرکیز بکەین، چۆن چی بکەین؟ ئەو بەهانەیە نەهێڵین، خۆمان ورۆڵەکانی نەتەوەکەشمان تێیدا زەرەرمەند نەبین، پرۆسەی دیموکراسیش بەردەوام بێت، بەنیسبەت عێراقیش من پێشتر باسم کرد، نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، نموونەیەکیشم بەرامبەریان هێنایەوە، خۆیان باوەڕتان هەبێت هیچیان لەدەست نایەت، ئینجا هەر قسەش بکەن، ئەوە هەر بەقسەیان ناکەن، ڕێزدار هاوڕاز خۆشناو، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش دەستپێك سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵەو خانەوادەی شەهیدان دەکەم، کە لەهەردوو بۆردومانەکەی ئێران و تورکیا گیانیان لەدەست داوە، لەڕاستیدا من پێم خۆشە سەرەتای قسەکانی خۆم لەو بارەیەوە بە وتەیەکی سەرۆکی هەرێم دەست پێ بکەم، کە هەر زوو لە سەرەتای بۆردومانەکەی تورکیادا بەیاننامەیەکی دەرکرد، نیو دێڕ لەو بەیاننامەیە دەڵێت(ئەم کارە هیچی تر جێگای قبوڵ کردن نیە) بەڕاستی ئەمە لەڕووی مەعنەویات بۆ خەڵکی ئێمە شتێکە زۆر جێگای لەسەر وەستانە، لەڕووی کار لەسەر کردن وبڕیار لەسەردانیش وابزانم زۆر گرنگە ئێمە لەسەری بوەستین، چونکە بەڕاستی خەریکە لە باگراوندی ئەو دوو دەوڵەتە وەك مێژوو دەخوێندرێنەوە، خۆشمان خەریکە جارێکی تر لە مێژوودا دەژین، ئەو مێژووەی کە بۆ ئێمە بەڕاستی زوڵم و ستەمێکی زۆری تێدا بووە، وە هەمیشە هەوڵی ئەوە دراوە کە ئێمە کیانێکی سەربەخۆمان نەبێت، کە ئێمە نەتوانین سەربەخۆیانە بژین و پێکهاتەیەکمان هەبێت بەجۆرێك کە ئیستقراری بۆ کورد تێدا بەدی بێت، بەڵام بوونی ئەم هەرێمە ئەمە واقعێکەو، واقعێکی بەرجەستەشە، ناکرێت بەپێچەوانەی ئەوەوە تەماشا بکرێت، هەمووشمان ئەوە دەزانین کە بەڕاستی ئەم بۆردوومان کردنەی تورکیا و ئەوەی ئێرانیش، بەڵام قسە لەسەر ئەوەی تورکیایە، ئەمە شتێکی هەر لەخۆ و هەر لە هێکرا نیە، لە لەحزەیەکدا نەهاتووەتە پێش و لەبەرامبەر کردەیەکی چەکداری، یان لەبەرامبەر کردەیەکە کە یەکتر کوشتن بێت ئەمە ڕوویدابێت، نەخێر بەڕاستی دیارە هەمووومان دەزانین کە پێشتر قسەی لێکراوە، لە حکومەتی تورکیا قسەی لێکراوە، بەرنامەی بۆ دانراوە، بە بەرنامە داڕشتن ئەم کردەوەیە کراوە، ئەوان بەرنامەشیان هەیە بۆ ئەوە، بۆیە من پشتگیری ئەو ڕاپۆرتەی ناوخۆ دەکەم، کە

هەم دەستخۆشی زۆریان لێ دەکەم، هەم پشتگیری خاڵ بەخاڵیشی دەکەم، کە هەم لەڕووی داواکارییەکان، هەم لەڕووی پێشنیارەکانیش، بەڵام پێم وایە ئەو پێشنیارانەی کەهاتن وئەو داواکاریانەش کە لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ هاتوون، دەبێت بەهەند وەربگیرێت و بڕیاری جدی لەسەر بدرێت و لەسەر وەرەقە نەمێنێتەوە، داواش دەکەم لە حکومەتی هەرێم کە خەمخۆرتر هاوکاری و هاریکاری لەوکاتە سەختەدا پێشکەش بە هاووڵاتیان بکات، کە تووشی ئەم تەنگەژەیەو ئەم ناڕەحەتیە بوون، بەتایبەت ئەو دوو خاڵەی کەخۆیان داوایان کردووە، خاڵی (2 و4) لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ بەهەند وەربگیرێت، من پێم باشە هەوڵە دیبلۆماسیەکان کە ئێستا هەمووومان گەیشتووینەتە ئەو قەرارەو بڕیارمان لەسەر ئەوەیە کە هەوڵی حەکیمانەو هەوڵی دیبلۆماسیانەو هەوڵی سیاسیانە چارەسەری کێشەکانە، من پێم باشە ئەم هەوڵانە چڕتر بکرێتەوە هەم لەناوەوە وهەم لەدەرەوەش، بۆ ئەوەی بگەین بە ئەنجامێکی چارەسەر، حکومەتی ناوەند هێندەی باسی لێوە دەکەین و بێ هیواین لە وەی کە شتێك بکات، بەڵام بەڕاستی ئەو بەپێی دەستوور مولزەمە بەکار لەسەرکردن و کار بۆ کردن و چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، یەعنی ئەگەر من بەڕاستی دەڵێم، ئەگەر ئەو بێ توانا بێت، من لەلایەکی تر شتێکی تر دەبینم، خەمخۆری نابینم، بەڵکو خەم ساردی لە حکومەتی ناوەند دەبینم بەرامبەر بەو کێشەیە، یەعنی ئەگەر ئەو لاوازو بێ دەسەڵاتەو ناتوانێ ئەوە بکات، من پێم وایە لەلایەکی تر خەم ساردەو جدیش نیە، چونکە لەسەر کێشەی تر زوو بەخەبەر دێت و زوو بەئاگا دێت و هەوڵ دەدات، بەڵام لەسەر ئەو کێشانەی ئێمە من ئەوە نابینم، بۆیە من پێشنیارێکم هەیە، جا نازانم تاچەند دەچێتە بواری کار لەسەر کردنی، پێشنیارەکەم ئەوەیە کە لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ لیژنەی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەگەر تەنسیقێکیان هەبێت، بۆ ئەوەی زەختێك لەسەر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دروست بکرێت، چەند بڕیارێکی گرنگ، چەند بڕیارێکی جدی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنێکدا بۆ ئەم بابەتە، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چەند بڕیارێکی جدی بدرێت بۆ ئەم کێشەیە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، حکومەتی مالکی پێ مولزەم بکات بۆ چارەسەکردنی ئەم کێشانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شڤان احمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من پشتگیری لەقسەکانی برای بەڕێزم کاك دڵشاد دەکەم، وە زۆر لە برادەرانیش کە صیاغەی قسەکانی کاك دڵشاد بوو پشتگیری لەوانیش دەکەم، شەهید کردنی خەڵکی سیڤیل لەژێر هەر پەردەیەك و بەهەر بیانوویەك، کارێکی دژ بە مرۆڤایەتیە، دژ بەیاساکانی ناوخۆو نێودەوڵەتی وبگرە دژ بە هەموو ئاینێکیشە، بۆیە ئەمە ئەنجامدراوە لە کوردستان قابیلی قبوڵ نیە، بەو مانایەی کە گەلی کوردستان دەستی لەئەژنۆ نابێت بەرامبەر ئەو تاوانەی کە بەرامبەر بە خەڵکی سیڤیلی کوردستان دەکرێت، بەو ڕێگایانەی

كە بۆی لواوەو دەكرێت بەرگری لەخۆی بكات، من داوا دەكەم لەپاڵ ئەو خیاراتانەی كە باسكران بۆ حەلی ئەم كێشەیە، ئەم گرفتە، ئەم تاوانە گەورەیە كە ئەنجامدراوەو دەدرێت، لەپاڵ ئەو خیارانە خیارێكی تر بگرینە بەر، بۆ ئەوەی بتوانین هەنگاوێك بۆ چارەسەری بچینە پێش، ئەو هەنگاوەش ئەوەیە كە پێشەكی لەماڵی كوردیەوە دەست پێبكەین، كە هەموو ئەو میدیا كوردیانەی كە هەمانە، بەهەموو ڕەنگەكانیەوە ڕوو لەم تاوانەو تاوانەكانی تریش بكرێت، كە پێشتر ئەنجام دراون، بەردەوامن بەرامبەر بە گەلی كوردستان، وە ئیبراز كردنیان لە ئاستی نێودەوڵەتی، لەئاستی ناوخۆیی، بۆ ڕای گشتی ناوخۆی و دەرەوە، بۆ وروژاندنی هەستی جادەو شەقامەكان بەتایبەتی هی توركیا، كە توركیا ئەم تاوانە ئەنجام دەدات و مەنافیە دژ بەوانەی كە باسم كردن، بۆ ئەوەی هەموو ئەو لایەنانە لەئاستی نێوخۆیی ودەرەوە بچنە بن باری مەسئولیەتی مێژوویی وئینسانی خۆیان وكاری پێویست ئەنجام بدەن، من پێم باشە لێرە خاڵێك ئیزافە بكرێت بەناوی پەرلەمانی كوردستانەوە داوا لەهەموو ئەو گەریلاو چەكدارانە و پەژاك و ئەوانەی كەهەن كە ئەوەی ئێستا لەكوردستان ئەنجام دەدرێت، ئەوانیش مەسئولن وەكو هەر تاكێكی كورد، وەكو هەر كەسێك كە ئەم تەجروبە بەخوێنی هەزارەها شەهید بەدەست هاتووە، ئەم داوایە داوای پەرلەمانە، دەبێت لەوە حاڵی ببین كە داوای پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەوانیش بچنە ژێر باری مەسئولیەتی مێژوویی خۆیان، مەسئولیەتی نەتەوایەتی خۆیان، مەسئولیەتی ئینسانی و ئەخلاقی خۆشیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سوپاس بۆ هەموو لایەكتان موداخەلەكان تەواو بوو، من جارێكی تر داوا لەو بەڕێزە دەكەم ئەو فیلمەی ئەو تاوانە نیشان بداتەوە، بۆ ئەوەی لەمێشكمان بمێنێت، لەهەموو مەجالێكیش قسەی لەسەر بكرێت، لیژنەی ناوخۆ ئێستا دوای گوێگرتنتان لە موداخەلەی ئەندامە بەڕێزەكان، ئێوە پێشنیاری چیتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وێڕای سوپاس بۆ هەموو ئێوەی بەڕێز، سەرەتا ئێمە ئەو تێبینیەی بەڕێزان كاك خورشید، ئامینە خان، كاك عبدالرحمن، سەبارەت بەنەچوونی لیژنەكەمان بۆ سنووری بادینان بەهەند وەردەگرین، ئەوەی ڕاستی بێت لەوێ مەعلومات وشتی وا بەئێمە نەگەیشتووە، چوونمان بۆ ناوچەی بناری قەندیل وناوچەی سۆران وسنووری قەزای ڕەواندوز..

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئەوە پێویست بە شەرح ناكات، قسەی خۆیان كرد، بەڕێزان ئێستا هەمووتان موداخەلەتان كرد، گوێمان لەقسەكانتان بوو، مولاحەزەكانتانمان نووسی، ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆش هەیە، ئەتانەوێت ئێوارە جارێكی تر دابنیشینەوە، بۆ ئەوەی لیژنەی ناوخۆ، باشە كاك اسماعیل قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم، وەسەرەتا دەستخۆشی لەهەمووە ئەندامە بەڕێزەکانیش دەکەم، کە پشتیوانیان لەڕاپۆرتەکەی ئێمە کرد، دیارە ماوەی (2 ، 3) ڕۆژیشە ئەو تۆپباران و بۆردومانە وەستاوە، هەوڵە دیبلۆماسیەکانیش بەردەوامن، چ لەکوردستان و چ لە عێراقیش، ڕاپۆرتەکەی ئێمەش پێم وایە هەموو بابەتەکانی تێدایە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەگەر برادەران بەباشی بزانن، هەموو لیژنەکانی تریش ڕاپۆرتیان هەبێت لەسەر ئەو مەسەلەیە، بۆ ئەوەی بە پرسێکی باشەوە پەرلەمانی کوردستان لێی دەربچێت، وە بیدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی تەخویل بکرێت بۆ ئەوەی بە بەیانێکی ڕێکوپێکەوە بتوانین سەرۆکایەتی بڕیاری خۆی بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ڕاپۆرتەکە ئێمە پشتیوانیمان کرد، بەڵام سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان و بەگشتی ئەوەی کە قسەی کرد، پێشنیاری زیاتری هەبوو، بۆیە پێویستە فرسەتێك بدرێت، زۆربەی ئەوانەی کە بەشداریان کرد لەو ڕاپۆرتەدا بوون یان ئەوەی کە ئیزافە دەکرێت، چیان هەیە بیخەنە سەری، لێرە بەشێوەیەك بێت کە هەمووومان لەسەری موتەفق بین کە ئەمە هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستانە، بۆ ئەوە دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک عماد، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەناوچەی ئامێدی، ئەمڕۆ بەیانی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، بۆ زانیاریتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک خلیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من تێبینیەكم لەسەر سلادیدەكە هەبوو، دیارە بـەپێی هـەموو پێـوەرە ئاینیـەكان و كۆمەڵایەتیـەكان، ئەمانە بەشەهید حساب دەكـرێن، بـەس لـە تایتڵەكـەدا بیـنم ئەمـە بـەكوژراو هـاتبوو ناوەكانیـان، داواكـارم ناوەكە بگۆڕدرێت لەسەر سلایدەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بورهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا ئێمە پار مانگی 11 كۆبوونەوەمان كرد، لەسەر تۆپبارانی ئێران، ئەمساڵ لەسـەر سـەعدیەو جەلـەولا كردوومانە، لەسەر تۆپبارانی ئێران كردوومانە، وا قەسفی توركیاشی هاتە سەر، من ڕەئم وایـە لەسـەر ئـەم بەیانەی كە بەڕێزتان دەری دەكەن، خۆتـان بـاش دەزانـن لـەڕووی قـوەتی یاساییەوە، یاسا هەیـە پەرلـەمان دەتوانێت دەری بكات، قەرار هەیە، تەوصیات هەیە، بەیاننامەو هەڵوێست هەیە، هەڵوێست (اضعف الامـان)ە زۆر زەعیفە، من داوام وایە بەڕێزتان بەشێوەی بڕیارێـك بێـت كـە قـوەتی ئیلزامـی هـەبێت بـۆ لایەنـەكان، ئێستا ڕەنگە لە یەكێك لـە فەقەرەكانـدا جـەنابت نوێنـەرانی كورد لەبەغـداد تـەخویل بكـەیت كـە عـەرزی ئەنجومەنی نوێنـەرانی عێراقـی بكـەن، عـەرزی وەزارەتـی دەرەوەی بكـەن، مـن داوام لەبـەڕێزت ئەوەیـە بـۆ ئیسپاتی وجودی زیاتری پەرلەمانی كوردستان وبۆ بەقوەت كردنی كە زیاتر جێی متمانەی خـەڵك بـین، بـا لەهەڵوێست وەرگـرتن تێپـەڕین، بـا ئـەو بەیانـەی كـە دەری دەكـەین، بەقـەرای یاسـایی دەربچێت، نـەك بـە هەڵوێست، ئەگەر بۆ هەڵوێست كۆببینەوە، ئـەوە هەڵوێسـت هـیچ قـوەتێكی یاسـایی مـولزەمی نیـە بـۆ هـیچ لایەنێك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەڕای مـن زۆر پێشـنیار هـات، ئـەو پێشـنیارانە ئەگـەر لیژنـە بەهەنـدی وەرگرتبێـت، هـەر ئێسـتا بیخەنـە دەنگدان و بیخەنە ناو ڕاپۆرتەكەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سەمیر، فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەموداخەلەكان لەڕاستیدا ئیزافات (2 ، 3) خاڵە، من دەیخەمە بەردەست بەڕێزتان، بۆ ئەوەی بـە تەصویت یەكلا بكرێتەوە، ماباقی تر لەو (10) خاڵەیە كە لەڕاپۆرتەكەی لیژنەی ناوخۆدا هاتووە، (پـەیمان

**خان، كاك عبدالله مەلا نوری، دوو برادەری تر) ئیقتراحیان کرد خاڵی (6) لاببرێت، کە موخاتەبەکردنی پارتی کرێکاران و تورکیایە،...**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئیجازە بدە برای بەڕێزم، ئەمە نزیکەی (50)ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان قسەیان لەسەر کرد، ڕەئی موختەلیف درا، ئەو ڕەئیانە ئەبێت صیاغە بکرێت، ئەمە ئەڕوات بۆ هەموو ناوەندەکان، پاشان بێنەوە جارێکی تر بیخوێننەوە، دوایی ڕەئی لەسەر بدەن، یان لیژنەی ناوخۆ تەکلیف بکەن، دابنیشێت بەو کارانە هەڵبستێت و لەگەڵیدا لیژنەی یاسایی هاوکاری بکات، کاك عومەر عبدالعزیز، فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێشنیار دەکەم، هەر ئەوەی کە خۆت وتت، ئەصڵ وایە بەڕاستی پشتگیری ئەو پێشنیارەی کاك کاردۆش دەکەم، ئەصڵ وایە پەرلەمانتاران ئاگایان لەدوا صیاغە بێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم، کۆی سەرنج و تێبینیەکان بەدەر لەوانەی کە کاك سەمیر ئیشارەتی پێکرد، هەندێ خاڵی تریش هەیە، ئیزافە بکرێن وصیاغەیەك ئامادە بکرێت، 2 سەعاتی تر دیاری بکە تا بێینەوە دەنگی لەسەر بدەین، ئەوە ڕێگای ئاسایی و یاسایی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان بیخەینە دوای بەربانگ، جارێکی تر لێرە کۆدەبینەوە، سەعات 8ی شەو لێرە ئامادە بن تکایە، دانیشتنەکە دوادەخەین تا سەعات 8ی ئێوارە، لیژنەی یاسایی و ناوخۆ بۆ صیاغەی ئەخیر ئامادە بن، زۆر سوپاس، بەخواتان دەسپێرم.**

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، ئێستا داوا لە لیژنەی ناوخۆ دەکەین کەرەم بکەن بۆ سەر مەنصە، فەرموون، لیژنەی ناوخۆ فەرموون بۆ راگەیاندنی هەڵوێستەکەو بیخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ وگفتوگۆی تێرو تەسەلی ئەندامە بەڕێزەکان، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ بەزۆرینە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە بەو شێوەیە صیاغەی بەیانەکەی بکەین، کە ئێستا دەیخوێنمەوە:

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو رووداوە نەخوازراوانەی کە بەهۆی بۆمبارانی فڕۆکە جەنگیەکانی کۆماری تورکیا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراو لە ئاکامدا چەندین شەهیدو بریندراری لێکەوتەوە، ئەمە وێڕای ئاوارەو دەربەدەر بوونی هاووڵاتیانی سڤیل و گوندنشینە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و سووتاندنی رەزو باخ و کوشتنی مەڕو ماڵاتیان و تێکچوونی بارو گوزەرانی ژیانی سادەو ساکاریان و کاریگەری نەرێنی بەسەر دەروونی هاووڵاتیان و ژینگەی ناوچەکەو تێکدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان.

پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی خۆی لە رۆژی 2011/8/25 ئەنجامدا، تایبەت بە خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر بۆردومانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن فڕۆکە جەنگیەکانی کۆماری تورکیاوە، دوای گفتوگۆ و پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە هەڵوێستی خۆی راگەیاند:

1- پەرلەمانی کوردستان پرسەو سەرەخۆشیی خۆی بۆ کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەو بۆردومانانە رادەگەیێنێ و هیوای چاکبوونەوەی بە پەلەش بۆ برینداران دەخوازێ.

2- بە توندی ئیدانەو مەحکومی ئەو پێشێلکاریە ئاشکراو بەرچاوانە دەکەین، کە لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق، لەلایەن فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا روویان داوە.

3- داوا لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەکەین، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دادگا نێودەوڵەتیەکان بکات، بۆ ئەوەی بڕیاری گونجاو لەبارەی پێشێل کردنی سەروەری خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق لەلایەن فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا وەربگرن، کە بۆتە هۆی شەهیدبوون و بریندارکردنی خەڵکی بێ دیفاع.

4- داوا دەکەین هەرچی بنکەی سەربازی و هەواڵگری لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان هەیە نەمێنن و بگەڕێنەوە ناو خاکی خۆیان و رێز لە سەروەری خاکی هەرێمی کوردستان بگرن.

5- داوا دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەرێگەی حکومەتی عیراقی فیدراڵەوە سکاڵا دژ بە دەوڵەتی تورکیا لە دادگای لاهای نێودەوڵەتی تۆمار بکات.

6- حکومەتی تورکیا بە فەرمیی داوای لێبووردن لە گەڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات و قەرەبووی خێزان و خەڵکە زیان لێکەوتووەکان بکاتەوە.

7- داوا دەکەین لایەنە پەیوەندارەکان بەرێگە چارەی ئاشتیانەو دیالۆگ و دیبلۆماسیانە کێشەکانیان چارەسەر بکەن و خاکی هەرێمی کوردستان نەکەنە گۆڕەپانی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و چەکداری بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان و رێز لە سەروەری خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق بگرن.

8- داوا لە بەرێز سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەکەین هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە، بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی ریشەیی بۆ ئەو کێشە سنوورییانە.

9- لە حاڵەتی بەردەوامبوونی هێرشەکاندا حکومەتی هەرێم چاوخشاندنەوەو پێداچوونەوە بە پەیوەندی و سیاسەتە ئیقلیمیەکانی خۆی بکاتەوە.

10- لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ پێویستە بەخێرایی بە هانای خەڵکە ئاوارەو زیانلێکەوتووەکانی ناوچە بۆردومانکراوەکان بچن و قەرەبووی زیانلێکەوتووەکان بکەنەوەو چارەسەری گرفتە تەندروستی و پەروەردەیی و خزمەتگوزارییەکانیان بکەن.

11- لیژنە هەمیشەییە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان پێویستە هەر یەکەو بەپێی تایبەتمەندیی کارەکانیانەوە، بە دواداچوون بۆ ئەو بارودۆخانە بکەن و دیراسەیەکی ورد ئامادە بکەن و ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، خوا ئاگادارتان بێت تا پاش جەژن بەخێر بچن.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەستپێك

## دووشەممە ڕێکەوتی 12\9\2011

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك

## دووشەممە ڕێكەوتی 2011/9/12

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2011/9/12 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی دەستپێك خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی دەستپێكی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2011/9/12 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان - عێراق بەم بۆنەیەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەكەم، دانیشتنی دەستپێك، ڕۆژی دانیشتن 2011/9/12، ڕێو ڕەسمی كردنەوەی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، بەپێی حوكمی بڕگە (1) لە ماددەی (5) وهەر دوو بڕگەی (1، 2) لە مادده (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو بڕیار درا كاتی كردنەوەی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی

سێیەمی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 12/9/ 2011دا بێت، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بەم بۆنەیەوە.

بەڕێزان، ئێستا داوا لەئێوەی بەڕێز دەکەین ساتێك، دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق، فەرموون، زۆر سوپاس.

بەڕێزان، سوپاس بۆ یەزدان کە هەموو لێرە حازرن و دەورەکەمان دەکەینەوەو دەست بەکار دەبین، پێشەکی داوا دەکەین لە دەوڵەتە جیرانەکان، لە تورکیا، لە ئێران دەست هەڵبگرن لەو تۆپبارانانەی بەسەر میللەتەکەماندا دەیهێنن، رێگایەکی ئاشتیانەو دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکان بدۆزنەوە، دووبارە داوایان لێ دەکەین کە تۆپبارانەکانیان را بگرن و بۆردومانەکانیان رابگرن، چونکە لەبەرژەوەندی گەلی ئەو وڵاتانەو گەلی کوردستان و هیچ مرۆڤێکدا نییە.

بەڕێزان، داوا لە ئێوەی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بە گشت پێکهاتەکان و لیستەکان دەکەین ئەم دەورەیەمان ئینتاجی باشی هەبێت، کاری باشتر بکەین، دەورەی پێشووتریش تەکمیلەی یەکتر بووینەو کاری باش کراوە، ئەمجارە زیاتر تەرکیز بکەین و زیاتر کاری باشتر بکەین و ئینتاجمان باشتر بێت، ئەو یاسایانەی کە گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت و دەردەچووێندرێت لەبەرژەوەندی گەلەکەمان بێت و زۆر ورد بیری لێ بکەنەوەو ئیستیفادە لە شارەزا بکەن، لەوانەی کە پسپۆرن لەو بوارانەوە، بتوانرێت ئەو یاسایانەی کە لەناو ئەم پەرلەمانە موافەقەتی لەسەر دەکرێت لەلایەن ئێوەی بەڕێزەوە زۆر پتەو و زۆر بەهێز بێت و، زۆر سوود بەخش بێت بۆ میللەتەکەمان، لە هەمان کاتدا داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین کە زۆر کارا بن بۆ چاودێری ئیشوکارەکانی سوڵتەی تەنفیزی، بەدوای کارەکانی دەسەڵاتدا بچن و پرۆژەکان، بەپێی ئەو پرۆژەیەی کە لە یاسای بودجە دەسەڵات دراوەتە حکومەت کارەکانی لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان ئەنجام بدات، موتابەعەیەکی ورد بکەن لە پرۆژەکان لە چ ئاستێکن، کەموکورتیەکانیان لەکوێیە، چی پێویستە باش بکرێت، زۆر تەرکیزی لەسەر بکرێت و کاری باشی بۆ بکرێت و هەوڵی زیاتری بۆ بدەین و، تکاشمان لێتان ئەوەیە هەر کەموکورتیەك دەبینن بیهێننەوە لە لیژنەکەی خۆتان گفتوگۆی لەسەر بکەن و بگەنە حەقیقەت، پاشان بە راپۆرتی خۆتان بێتە سەرۆکایەتی، ئەگەر پێویست کرا لەگەڵ حکومەت توانیمان چارەسەری بکەین بە رێگایەکی ئاسایی، لەگەڵیان گفتوگۆ دەکرێت و چارەسەر دەکرێت، ئەگەر پێویست بوو لەناو پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەین دێین لەناو پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکەین و بڕیاری لەسەر درا، ئەو وەختە دەتوانیت هەموو رێگایەکی یاسایی، ئیعلامی بگریتە پێش و باسی بکەیت، بەڵام کارێك کە جێگای شك بێتن و نەگەیشت بێتە قەناعەت لایەنێکی پێ تۆمەتبار بکەین، ئەوە نەختێك زووە، لەبەر ئەوە تکامان لێتانە رەچاوی ئەو خاڵە بکرێت.

بەڕێزان، پەرلەمانی ئێمەش، وەکو پەرلەمانەکانی تری دنیای دیموکراتی بەرەو پێش دەچێت، ئەو پەرلەمانانەش کە ئەمڕۆ لە ئاستێکی بەرزو پێشەوەن و کاران و دەوریان هەیە، رەنگە بە زورفێکدا دەرباز بوو بێت گەلێك لە زروفی ئەمڕۆی ئێمە خراپترو نا لەبارتر بوو بێت، بەلاّم ئەمڕۆ دەیان بینین دەوریان هەیە، نەك تەنها دەوریان لەناو ولاّتەکەی خۆیاندا هەیە، بەڵکو بۆ دنیای دەرەوەش دەوریان هەیە، بۆیە لەسەر ئەم بەڕێزانەی کە لەناو ئەم پەرلەمانەنن ژمارەی هەمووومان (111) کەسین، کە ئەساسی پێشکەوتنی پەرلەمانەکەمان لیژنەکانەو، لیژنەکان پێویستە زۆر کاراترو زۆرتر کار بکەن، زۆرتر بەدواداچوون بە رێگایەکی زانستی بکەن و ئیستیفادە لە خەڵکێك بکەن، ئەو خەڵکەی کە پسپۆرن لەو بوارانە، مەرج نییە ئەندامێکی پەرلەمان لە گشت بوارێك پسپۆر بێتن، بەلاّم دەتوانێت ئیسیتفادە لە توانای ئەو کەسانە بکات بە تەنسیق لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێمە هەموو پشتیوانی و دەعمێك دەخەینە بەردەستتان، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسانێکی پسپۆر بتوانن هاوکاریتان بکەن، ئێمەش لەگەڵتان بوەستین، بۆ ئەوەی سوودیان هەبێت بۆ ئیش و کاری پەرلەمانەکەمان.

بەڕێزان، لەم ماوەیەدا ئێمە کارمان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ پەرلەمانەکانی تری دنیا باشتر بکەین و بتوانین پێکەوە کار بکەین و ئیستیفادە لە تەجاروبیان بکەین، حەقیقەتی وەزعی خۆشمان هی ناو کوردستان لە رێی پەرلەمانەوە ببینن و ببیستن، بۆیە ئەو بەرنامەی کە دامانابوو لەو خولە، ئەو خولە زۆر ئەکتیف دەبێت، زۆر کاراتر دەبێت لە لبنانەوە دەستمان پێ کرد، هەروەها لەگەڵ ولاّتەکانی تر وەك ئیتالیاو نەمساو ئەوروپاو ئەڵمانیاو ئیتیحادی ئەوروپی و ئەمریکاو کوێت و ئوردن و دەوڵەتەکانی ئیسلامی مەنتیقەی ئێران، ئەو عیلاقەیە لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەو پەرلەمانانە بەهێز دەبێتن، پاشان لیژنەکانی پەرلەمان بەدواداچوونی داڕشتنی ئەو پەیوەندییانە دەکاتن، ئەمڕۆ چەند بەڕێزێك کە لەناو مەوزوعەکەیەو ئەو پەیوەندییەی کە دروست دەبێت، پێویستی بە بەدواداچوون هەیە، پێویستەو پاشان وفودی تری پەرلەمانی کوردستان بچێتە ئەو پەرلەمانانەو وفودی ئەوانیش دەعوەتی ئەم پەرلەمانە بکەین لەم خولەدا ئەو کارە دەست پێ دەکەین، بە تەئکید نەتیجەی زۆر باشیشی دەبێت، سبەیش وەفدێك کە پێشتر پەیوەندیمان لەگەڵیان کردووە لەگەڵ رێکخراوی (وێست منستر فاوەندێیشن) ئەوەش سبەی دێنە ئێرە، لە هەندێك بوار تەجروبەی خۆیان شەرح دەکەن و، لێرە جێگەو رێگەیان بۆ دادەنرێت، تەمەنا دەکەم لە گشت فراکسیۆن و لیستەکان و زۆربەی خوشك و برایەکان، ئەوانە حازر بن و ئاگادار دەکرێنەوە لەلایەن کاروباری پەرلەمانەوە، بۆ ئەوەی گوێ بیستی بن، چونکە چەند رۆژێك لێرە دەبن، تاکو بتوانن ئیستیفادەیان لێ بکەن، جارێکی تریش دێنەوە.

راگەیاندنی پەرلەمان وەکو دەبینن ئێستا لەو بوارەدا هەیە، بەلاّم زۆر پێویستی بەوە هەیە کە کاراتر بکرێت و باشتر بکرێت، کاری لەسەر دەکەین و نەتیجەکەشی بۆ ئێوەی بەڕێز مەعلوم دەبێت وحەقیقەتی

ئیشەکانی لیژان و جەلساتی پەرلەمان و هی سەرۆکایەتی وەکو خۆی بە ئەمانەتەوە دەگەیەنرێتە خەڵکی کوردستان بەبێ دەستکاری و بەبێ کەموکورتی، بەس محاوەلە دەکەین بێ لایەنیەکەی خۆی بپارێزێت و نەبێتە لایەنی سیاسی، یان لایەنە سیاسیەکان ئیستیفادەی لێ نەکەن، وەك تەلەفزیۆنەکانی تری ناو هەرێمی کوردستان بە ئەمانەتەوە ئیشەکانی خۆی دەست پێ دەکات و بەردەوام دەبێت و باشتریش دەبێت. داوا لە ئێوەی بەڕێزیش دەکەین زیاتر بچنە ناو خەڵکەوەو لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی، لەگەڵ تاکەکان، لەگەڵ ئیدارەکان، فەرمانگەکان زیاتر ئاگاداری ئێشوئازاری خەڵکی خۆمان ببین لەناو کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانین باشتر خزمەتیان بکەین.

لەم پشووی هاوینە پەرلەمان هەندێ ئیش و کاری خۆی کردووەو دەوامیش هەبووە، زۆر لەو خوشك برایانەی کەئێستا لێرەن بەردەوام لە کار بووینە، هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز لەم پشووی هاوینە (2955) نووسراو لە بەینی سەرۆکایەتی و لیژنەکان و دیوان و کاروباری پەرلەمان هاتوچۆی کردووە لەگەڵ حکومەتدا، پێنج دانیشتنی نائاسایی ئەنجام دراوە بۆ تۆپباران کردنی ئێران و تورکیا، کە سنوورەکانمانیان تۆپباران دەکرد، (192) میوانداری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، خەڵکی کوردستان، بیانی، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەکان هاتوون، چوار وەزیر ئامادە بوونە لە دانیشتنەکانی ناو پەرلەمان و چواریش لە سەرۆیەکاتی ئامادە بوونە، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە هەوڵ نەدەین خۆمان زیاترو باشتر کار بکەین، پێویستە چەند بە ئامانەتەوە، چەند بە دڵسۆزییەوە کار بکەین و ئیستیفادە لە تەجاروبی لایەنەکانی تر بکەین هەر کەمە، چونکە راستە ماوەیەکە پەرلەمانی کوردستان هەیە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ پەرلەمانی جیرانەکانمان، لەگەڵ وڵاتەکانی تر، ئێمە هێشتا زۆر ساواین، پێویستە فێر بین، ئێمە دڵنیاین لە دڵسۆزی گشت ئێوەی بەڕێز، بە هەموو تاقەتیشتانەوە هەوڵ دەدەن خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێویستە هەمووومان بەهەموو تاقەتەوە هەوڵ بدەین خۆمان باشتر فێر بکەین.

بەنیسبەت پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش، بە تەئکید لەم دەورەیە هەمواری دەکەین، هەوڵ دەدەین ئیستیفادە لە تەجاروبی پەرلەمانەکانی تری وڵاتانی دیموکراتی وەربگرین، خوێندنەوەی بۆ کراوە، بەڵام تاخیر بووە، بۆ ئەوەی بێتە بەردەست ئێوەی بەڕێز، هەندێك ئیزافاتی تر لە تەجاروبی خەڵکی تر لەگەڵی بە نووسراوی رەسمی بۆ هەر یەك لە ئێوەی بەڕێز دێت و رەئی خۆتان لەسەر دەدەن و لەناو ئەم پەرلەمانە موناقەشەی دەکەین.

ئەمرۆ خولەکەمان ئیتر بەردەوام دەبێت و هەمووتان تاقەتێکی باش و ئەکتیڤن و، خزمەت بە میللەتەکەمان، بە خاکەکەمان دەگەیەنن تەمەناش دەکەین ئەو وڵاتانەی جیران، کە باسی دیموکراتی

**دەکەن، باسی ئاین دەکەن، بەخۆدا بچنەوە بۆ چارەسەری کێشەکان، بە کوشتن چارەسەری کێشەکانیان نابێت، لە ولاتێك کێشەیەك هەیە، تەرەفێك داوای دەکات بچێت لێی بدات، ئیعدامی بکات، بکوژێت، راوی بنێت و بێیت لە سنووریش لێی بدەیت، منیش دیموکراتیم و ئەویش لە یاسا لایداوە، نەختێك ئەگەر جۆرێك بیری لێ بکەیەوە، نە مەحکەمەی بۆ کراوە، نە ئەمری حاکمی بۆ دەرچووە، نە دیفاعی لەخۆی کردووە، بۆیە ئەمە پێشێل کردنی مافی مرۆڤە، ئێمە داوایان لێ دەکەین لە هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدەین و عیلاقەیەکی باشمان هەبێت، پەیوەندییەکی باشمان هەبێت و سوودمان بۆ یەکتر هەبێت و توندوتیژی نەمێنێت، چونکە بە ئەمانەتەوە زەمانی توندوتیژی رۆیی، جاران لە هەندێك ولات زیاتر لە (35) سالْ خەلایەی چەکداری هەبوو نەیانتوانی تەئسیر بکەن، مەسەلەن میسر بۆ نموونە بێنین، بەلام بە (17) رۆژ میللەت توانی تەخت و سەنتەتی سەرو ژێر بکات، ئەمڕۆ رۆژی چەك نەماوە، رۆژی هێزی میللەتە، دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و خوای گەورە پشت و پەنای هەمووان بێت، تەمەنای سەرکەوتن بۆ ئێوەی بەڕێز دەکەم، خوا ئاگادارتان بێت و کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 19\9\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)

## دووشەممە ڕێكەوتی 2011/9/19

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2011/9/19 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (1)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2011/9/19 دا بەم شـێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ كردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەكان بۆ هێزەكانی ناوخۆ (قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي) ژمارە (17)ی ساڵی 2008ی عێراقـی فیـدراڵ لە هەرێمی كوردستان.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ كردنی یاسای سـزایی هێزەكـانی نـاوخۆ (قـانون عقوبـات قوى الامن الداخلي) ژمارە (14)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی كوردستان.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای جـێ بـەجێ كردنـی یاسـای ئوسـولی دادگـایی سـزاییەكانی سـەربازی (قانون عقوبات العسكرى العراقى) ژمارە (19)ی ساڵی 2007ی عێراقی فیـدراڵ كـە لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژە بڕیاری (دروست كردنی یەكەی نیشتەجێ بوون بۆ فەرمانبەرو خەڵكی كەم دەرامەت لە هەرێمی كوردستان).

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت لە هەرێمی كوردستان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانـەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (1)، رۆژی دانیشتن 2011/9/19، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2011/9/19 بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەکان بۆ هێزەکانی ناوخۆ (قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي) ژمارە (17)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ناوخۆ (قانون عقوبات قوى الامن الداخلي) ژمارە (14)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگایی سزاییەکانی سەربازی (قانون عقوبات العسكري العراقي) ژمارە (19)ی ساڵی 2007ی عێراقی فیدراڵ کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە بڕیاری (دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ فەرمانبەرو خەڵکی کەم دەرامەت لە هەرێمی کوردستان).

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

پەرلەمانتارانی بەڕێز، لەبەر ئەوەی پێویست دەکات لە شوێنی کاك فرسەت کە بە ئیجازەی رەسمی، لەبەر رووداوێکی خێزانی خۆیان ئیجازەی وەرگرتووە، دەبێت لە جێگای کاك فرسەت پەرلەمانتارێك دەست نیشان بکەین، بۆ ئەوەی ببێتە سکرتێری پەرلەمان تا ئەو ماوەیەی کاك فرسەت دێتەوە، من خۆم بۆ ئەو کارە کاك شێروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکەم، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەوەی پێی باشە کاك شێروان حەیدەری لەو ماوەیە ببێتە سکرتێری پەرلەمان تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ دژە؟ یەك کەس دژە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو کاك شێروان، فەرموو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەیەکی نیزامیم هەیە، وەکو جەنابتان ئاگادارن بەپێی ماددەی (54) بڕگەی دوو خاڵی دوو، بۆ هەر دە ئەندام پەرلەمان هەیە کە پێشنیاری بابەتێکی گشتی بکەن بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بیخاتە

بەرنامەی کاری دانیشتنەکانەوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە رۆژی 2011/9/11 (24) ئەندام پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان پێشنیارێکمان بۆ بەڕێزتان خستەڕوو، داوامان کردووە بابەتی گرتنی رۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی نایاسایی و، هەروەها لێدانیان بخرێتە بەرنامەی کارەوە، کەچی ئەمڕۆ نەخراوەتە بەرنامەی کارەوەو من پرسیارم ئەوەیە لە بەڕێزتان بۆ نەخراوە بەرنامەی کارەوە؟ بەپێی هەمان ماددە لە خاڵی سێ، مادام نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، ئێستا لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان پێویستە ئەم بابەتە بخاتە دەنگدانەوە، ئایا قسەی لەسەر بکرێت، یاخود قسەی لەسەر نەکرێت؟ بەتایبەتی لە کاتێکدا داواکارییەکەی ئێمە کە داوامان کردووە هەر یەکە لە بەڕێزان وەزیری رۆشنبیری و وەزیری ناوخۆ ئامادەییان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی بەرنامەی کار ئێمە سەرۆکایەتی لەگەڵ لیژنەی قانونی ئەوانەمان بە چاك زانی بیخەینە بەرنامەی کارەوە، خۆ ئەمە کۆتایی دنیاش نییە، رۆژەکانی داهاتوو کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەردەوام دەبێت، لە ئایندە ئینشائەللا دەیخەینە بەرنامەی کارەوە، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بەرنامەی کارەوە، ئێمە ئەندامانی پەرلەمان پڕۆژە یاسایەك سەبارەت بە خانەنیشین و خزمەتی هێزەکانی ناوخۆمان پێشکەش کرد، لە پێش ئەم پڕۆژە یاسایانەی کە ئێستا لێرە ریزبەندی بۆ کراوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت، ئەوە نەخراوەتە بەرنامەی کار، ئەمە یەك، دوو/ لە خاڵی پێنج باسی خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 دەکات، باجی دەرامەت، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، لەکاتێکدا بە ژمارەی یاسایی پڕۆژەیەکی تر هەیەو موناقشەشی لەسەر کراوە، کەچی ئەم نەخراوەتە بەرنامەی کار، بەس باسی پڕۆژەکەی حکومەت دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ خاڵی یەکەم، هەفتەی داهاتوو دەیخەینە بەرنامەی کارەوە، ئەوە خاڵی یەکەمت، خاڵی دووەمیش/ ئێمە ئەو راپۆرتە، یان ئەو پڕۆژەیەمان ناردووە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، تا ئێستا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران جوابیان نەداوەتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو پڕۆژەیەی کە خودی ئەنجومەنی وەزیران ناردیتیان ئەوەمان خستە بەرنامەی کارەوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە خاڵەکانی ئەمڕۆکە کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت پەیوەندی بە باجی دەرامەتەوە هەیە، لە حەقیقەتدا من بە سەریعی تەماشام کرد باجی دەرامەت لە سەلاحیەتی مەرکەزدا نییە، بەڵام ئێمە هەمیشە لە نوێنەرانی حکومەت گوێمان لێ دەبێت و، لە بەڕێزان لە وەزیری..................

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ببوورە، ئەو موناقەشەیە لە کاتی باس کردنی پرۆژە یاساکە باشتر نییە، لێرە موناقەشەی بکەیت؟ لەکاتی بەرنامەی کار رەئیەکانی خۆت بڵێ.

ئێستا لیژنەی یاسایی با بفەرموون بۆ ئێرە، فەرموون بۆ خاڵی یەکەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم/خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەکان بۆ هێزەکانی ناوخۆ (قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي) ژمارە (17)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو، پرۆژەکە کاتی خۆی حکومەت داوای کردووە لە پەرلەمان بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کەوا ئەم بابەتە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمان، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم قانونە لە هەرێمی کوردستان، ئەو پرۆژەیە لەلایەن ئەو بەڕێزانەی خوارەوە پێشکەش کراوە کە واژوویان کردووە:

1- د.رۆژان عبدالقادر دزەیی.

2- کاردۆ محمد پیرداود.

3- شێروان ناصح حەیدەری.

4- ئامینە زکری سعید.

5- ئەڤین عمر احمد.

6- خورشید احمد سلیم.

7- عماد محمد حسین.

8- شیلان عبدالجبار عبدالغنی.

9- احمد سلیمان عبدالله(بلال).

10- د.بشیر خلیل حداد.

پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی بەو شێوەیە:

## مشروع قانون رقم ( ) لسنة 2010

### قانون انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي رقم (17) لسنة 2008 في الاقليم

المادة الاولى:

انفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية لقوى الامن الداخلي رقم (17) لسنة 2008 في اقليم كوردستان – العراق.

المادة الثانية:

يوقف تطبيق الفقرة الثانية من المادة (28) من القانون اعلاه ويحل محلها مايلي:

ثانياً/ أ/ لوزير الداخلية في اقليم كوردستان – العراق تشكيل محكمة او اكثر في الاقليم ويحل محل وزير الداخلية الاتحادية اينما ورد ذكره في القانون.

المادة الثالثة:

يوقف تطبيق الفقرة (ح) ثانياً من المادة (92) من القانون ويحل محلها مايلي:

ح- يتلى مرسوم رئاسة الاقليم على المحكوم عليه بالاعدام.

المادة الرابعة:

(تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب اينما ورد ذكرها في القانون).

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون بعد مضي (30) ثلاثون يوماً في تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

### یاسای جێ بەجێ كردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەكان بۆ هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی فیدراڵ ژمارە (17) بۆ ساڵی 2008 لە هەرێمی كوردستان – عێراق

ماددەی یەكەم:

جێ بەجێ كردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەكانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی فیدراڵ ژمارە (17) بۆ ساڵی 2008 لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

ماددەی دووەم:

پیادە كردنی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (28) لە یاسای سەرەوە رادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە لەجێی دادەنرێ:

دووەم/ أ/ وەزیری ناوخۆ لە هەرێمی كوردستان – عێراق دادگایەك، یان زیاتر لە هەرێم دادەمەزرێنێ و شوێنی وەزیری ناوخۆی فیدراڵ دەگرێتەوە لە هەر شوێنێك ناوی هاتبێ لە یاساكەدا.

ماددەی سێیەم:

پیادە کردنی بڕگەی (ح/ دووەم) لە ماددەی (92)ی یاساکە رادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:
(ح- مەرسومی سەرۆکایەتی هەرێم لەسەر حوکمدراو بە لە سێدارەدان دەخوێندرێتەوە.
ماددەی چوارەم:
(دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و بەڕێوەبەری پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدراڵیەکان و بەڕێوەبەری پایەکانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێ).
ماددەی پێنجەم: ئەم یاسایە دوای تێپەڕ بوونی (30) سی رۆژ بەسەر مێژووی بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت. سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی دەکەین، فەرموون بۆ بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ناوخۆ (قانون عقوبات قوی الامن الداخلي) ژمارە (14)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو، ئەو پرۆژەیە لەلایەن ئەو بەڕێزانەی خوارەوە کە واژوویان کردووە:

1- کاردۆ محمد پیرداود.
2- شێروان ناصح حەیدەری.
3- د.رۆژان عبدالقادر دزەیی.
4- ئامینە زکری سعید.
5- ئەڤین عمر احمد.
6- خورشید احمد سلیم.
7- عماد محمد حسین.
8- شیلان عبدالجبار عبدالغنی.
9- احمد سلیمان عبدالله(بلال).

10- د.بشير خليل حداد.

پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی بەو شێوەیە:

**قانون انفاذ قانون عقوبات قوى الامن الداخلي رقم (14) لسنة 2008 في اقليم كوردستان**

**المادة الاولى:**

انفاذ قانون عقوبات قوى الامن الداخلي رقم (14) لسنة 2008 في اقليم كوردستان – العراق.

**المادة الثانية:**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (30) ثلاثين يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

پرۆژەکە بە زمانی کوردی بەم شێوەیە:

**یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای سزاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (14) بۆ ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای سزاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (14) بۆ ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان – عێراق جێ بەجێ دەکرێت.

**ماددەی دووەم:**

ئەم یاسایە دوای تێپەڕ بوونی (30) سی رۆژ بەسەر مێژووی بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکات، لەگەڵ ئەندامان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنە یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەین، فەرموون بۆ بڕگەی سێیەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەکانی سەربازی (قانون العقوبات العسكري العراقي) ژمارە (19)ی ساڵی 2007ی عێراقی فیدراڵ کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

ئەم پرۆژەیە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئاراستەی پەرلەمان کراوە، ژمارەی نووسراوە (1608)ە لە رێکەوتی 2011/6/29.

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/ پرۆژە**

بە هاوپێچ پرۆژە یاسای (قانون انفاذ اصول المحاكمات الجزائية العسكري العراقي وقانون انفاذ قانون العقوبات العسكري العراقي) كە لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (9)ی رۆژی 201/5/31 پەسند كراوە بۆتان دەنێرین، بە مەبەستی خستنە بەردەستی پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری، لەگەڵ ڕێزدا.

د.بەرهەم ئەحمەد صالح

سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران

ناوەڕۆكی پرۆژەكە:

## قانون رقم ( ) لسنة 2011

### قانون انفاذ قانون العقوبات العسكري في اقليم كوردستان – العراق

المادة (1):

انفاذ قانون العقوبات العسكري العراقي رقم (19) لسنة 2007 في اقليم كوردستان – العراق والعمل بأحكامه.

المادة (2):

تحل سلطات الاقليم محل السلطات الاتحادية الواردة في هذا القانون.

المادة (3):

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة (4):

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة (5):

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

پرۆژەكە بە زمانی كوردی دەخوێنمەوە:

## یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2011

### یاسای جێ بەجێ كردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەكانی سەربازی لە هەرێمی كوردستان – عێراق

ماددەی (1):

جێ بەجێ كردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەكانی سەربازی عێراقی ژمارە (19) بۆ ساڵی 2007 لە هەرێمی كوردستان – عێراق و كاركردن بە حوكمەكانی.

ماددەی (2): دەسەڵاتەكانی هەرێم شوێنی دەسەڵاتەكانی فیدراڵ لەم یاسایەدا دەگرنەوە.

ماددەی (3): پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

ماددەی (4): كار بە هیچ دەقێك ناكرێ گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بن.

ماددەی (5): ئەم یاسایە لە رۆژی بلاَوکردنەوەی لە رۆژنامـەی فـەرمی (وەقـایعی کوردسـتان)دا جـێ بـەجێ دەکرێ.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان و ئەنـدامانی پەرلەمان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە دەکرێت، فەرموون بۆ بڕگەی چـوارەم، بـۆ خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کـردن لەسـەر ئـەم بڕگەیـە پێویسـتە لیژنـەی دارایـی و ئـابووری و لیژنـەی ئاوەدانکردنەوەش لێرە ئامادە بن لەگـەڵ لیژنـەی یاسـایی کارەکـانی خۆیـان ئـەنجام بـدەن، ئێسـتا فـەرموون دەقی پرۆژەکەو راپۆرتەکان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی دوایی بخەینە بەردەمی پەرلەمانتارەکان و قسەی لەسـەر بکەن.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی داراییش راپۆرتی هەیە لەو بارەیەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی چوارەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە بڕیاری دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ فەرمانبەرو خەڵکی کەم دەرامەت لە هەرێمی کوردستان.

ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە هەردوو زمان، کوردی و عەرەبی دەخوێنینەوە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون تأمين السكن**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية بتـاريخ 21/گولآن/2711 كوردي المصادف ليـوم 2011/5/11 الميلاديـة لدراسة مشروع قرار (تأمين السكن للمواطنين وذوي الدخل المحدود في اقليم كوردستان - العـراق) المقـدم مـن قبل العـدد القـانوني لاعضـاء البرلمـان والمحـال الى لجنتنـا بعـد القـراءة الأولى لـه في البرلمـان بجلسـته الاعتياديـة المرقمة (1) في 2011/3/29 وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى مايلي:

ان الافكار الواردة في المشروع معالج بموجب قانون تأمين السكن للمواطنين في اقليم كوردسـتان - العـراق رقـم (7) لسنة 2008 وليس هناك فراغ تشريعي لتشريع وسن قانون جديد بشأنه والموضوع فقط يخص متابعـة ومراقبة تنفيذ القانون رقم (7) لسنة 2008 وهذا من صلب واجبات اعضاء البرلمـان ولجانـه والبرلمـان ككـل، لذا نقترح ونوصي برفض المشروع.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت. مع التقدير.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەربارەی پڕۆژە بڕیاری دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی 21/گوڵان/2711ی کوردی بەرامبەر بە 2011/5/11ی زایینی کۆبووەوە بۆ دیراسەت کردنی پڕۆژە بڕیاری (دابین کردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان و خاوەن داهاتی سنووردار لە هەرێمی کوردستان - عێراق)، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (1)ی ڕۆژی 2011/3/29 ڕەوانەی لیژنەکەمان کراوە، دوای گفتوگۆو تاوتوێ کردن، لیژنە ڕای خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

ئەو بیرۆکانەی کە لە پڕۆژەکەدا هاتوون، بەپێی یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (7)ی ساڵی 2008 چارەسەرکراون. لێردا هیچ بۆشاییەکی یاساکاریی لە ئاردا نییە بۆ یاسادانان و دەرچوواندنی یاسایەکی نوێ لەبارەیەوەو بابەتەکە تەنیا تایبەتمەندە بە بەدواداچوون و چاودێری جێبەجێ کردنی (یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2008)، ئەمەش لە ئەرکە بنەڕەتیەکانی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمان و پەرلەمان بە گشتی. بۆیە پێشنیاز دەکەین و ڕادەسپێرین پڕۆژەکە ڕەت بکرێتەوە.

تکایە ئاگاداری بفەرموون و ئەسڵی پڕۆژەکەو ڕای لێژنەی یاسایی لە بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ وتوێژ لەسەرکردنی و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوەو دەنگدان لەسەری. لەگەڵ ڕێزدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو راپۆرتەکەت بخوێنەوە.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

پرۆژە بڕیاری دروست دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ فەرمانبەرو خەڵکی کەم دەرامەت

1- لە بودجەی ساڵانە بڕی هەشتا ملیار دینار تەرخان بکرێت بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون لە سندووقی نیشتەجێ بوون.

2- ئەو یەکەی نیشتەجێ بوونە کە بە ستوونی دروست بکرێت، ئەو کەسانە دەگرێتەوە بەپێی ئەم بڕگانەی خوارەوە:

أ- ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە لە دامودەزگاکانی حکومەت کار دەکەن، کە مووچەیان لەنێوان (300 هەزار تا ملیۆنێك) دایەو خێزاندارن.

ب- ئەو خێزانانە دەگرێتەوە کە لەخوار هێڵی هەژارییەوە دەژین و، داهاتی مانگانەیان لە (200) هەزار دینار کەمترە، بەتایبەتی ئەوانەی لەناو بینای حکومەت و بنکە سەربازییە چۆڵەکانی سەردەمی رژێمی پێشوو دەژین و هیچ پێداویستیەکی ژیانیان بۆ دابین ناکرێت.

3- ئەم یەکە نیشتەجێ بوونانە بەم رووبەرانەی خوارەوە دروست دەکرێن:

أ- بۆ فەرمانبەران (90) مەتر دووجا کەمتر نەبێت و لە (110) مەتر دووجا زیاتر نەبێت، تێچوونی یەکە نیشتەجێیەکە بەپێی رێژەیەك لێی وەردەگیرێتەوە، کە لەماوەی (15) ساڵدا بدرێتەوە بە حکومەت.

ب- بۆ ئەو کەسانەی کە کەم دەرامەتن لە خاڵی دوو برگەی (ب) هاتووە دەیانگرێتەوە، لە (60) مەتر دووجا کەمتر نەبێت و لە (70) مەتر دووجا زیاتر نەبێت و، تێچوونی یەکەی نیشتەجێ بوونەکە بەشێوەیەك وەردەگیرێتەوە کە نیوەی لەلایەن حکومەتەوە دەدرێت و نیوەکەی تریش بە مانگانە بە بڕی (100) هەزار دینار وەردەگیرێتەوە.

4- هەموو دیزاین و دەرخستە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە جێ بەجێ دەکرێت، هەروەها سەرپەرشتی کردن و بانگهێشت کردنی راستەوخۆ............

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سەعید ئەوە پرۆژەکەیە، یان..........، تۆ راپۆرتەکەی خۆت بخوێنەوە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/ راپۆرت**

ئاماژە بەنووسراوتان ژمارە (340) لە 2011/3/30 گەیشتووە بە دەستمان، سەبارەت بە دەقی پرۆژە بڕیاری دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ فەرمانبەرو خەڵکی کەم دەرامەت.

تێبینیەکانی ئێمە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1- سەرەتا ئەمە پرۆژە بڕیارە، نەك پرۆژە یاسا بەمانای ئەوەی کار ناکاتە سەر پرۆژەکەی ژمارە (7)ی ساڵی 2008، بۆ تێبینی ئەم یاسایە تا ئەم بەروارە کاری پێ نەکراوە.

2- ئەو پرۆژە بڕیارە باس لە تەرخان کردنی بڕە پارەیەك دەکات، کە (80) ملیارو، لە بودجەی ساڵی 2011دا دەرکەوت کە (49) ملیار تەرخان کراوە بۆ جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2008داو، جیاوازی ئەو یاسایە لەگەڵ پرۆژە بڕیارەکە ئەوەیە کە پرۆژە بڕیارەکە خەڵکی کەم دەرامەت کە لە خوار هێڵی هەژاری دەژی و داهاتی مانگانەیان لەخوار (200) هەزار دینارەو، بەپێی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2008دا لە ماددەی (4) دەبێ ئەو کەسەی داوای یەکەی نیشتەجێ بوون دەکات دەبێت لە 10٪ی

خەملێندراوی هەبێت و دەبێ بیدات، ئێمە پێمانوایە ئەوانەی کەم دەرامەتن ئەو پارەیان نییەو، ئێمە لە برگەیە کە بۆ ئەو خەڵکە کەم دەرامەتە دووپات دەکەینەوە، کە نیوەی تێچوو وەرنەگیرێتەوەو، نیوەکەی تریش بە بڕی (100) هەزار دینار زیاتر نەبێت وەربگیرێتەوە مانگانە لێی.

3- ئەوەی تێبینی دەکرێت هەتا ئێستا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن هەموو ئامادەکارییەکانی خۆی تەواو کردووە لە دابین کردنی زەوی و، دابین کردنی دیزاین و پرۆپۆزەلی یەکە نیشتەجێ بوونەکان و، ئامادەیە بۆ بانگەواز، بەپێی ئەو بڕە پارەیەی کە لە بودجەی ساڵی 2011دا لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر دراوە، کە تەرخان بکرێت بۆ یەکەی نیشتەجێ بوون، بەڵام هەتا ئێستا لە وەزارتی دارایی بڕیار نەدراوە لەسەر بودجەی وەگەڕخستن بێت، یاخود بودجەی وەبەرهێنان و، ئەمە کێشەیەکی دروست کردووە، لەبەر ئەوە پرۆژەکە بەو تێچوونە زۆرانە کە بانگەوازی بۆ دەکرێت دەبێت سەرچاوەی داراییەکەی لەسەر بودجەی وەبەرهێنان بێت و، وەزارەتی پەیوەندیدار تەمویل بکرێت. ئەو پڕۆژانەی کە تێچوونیان زۆرە دەبێ بانگەوازیان بۆ بکرێت، سەرچاوەی داراییەکەی لەسەر بودجەی وەبەرهێنان بێ، وەزارەتی پەیوەندیدار تەمویل بکرێت.

4-ئێمە دووپات لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە بەهیچ شێوەیەك ئەو کەسە سوودمەندبووبێ لەو پڕۆژەیە کە هیچ یەکەیەکی نیشتەجێی هەبووبێ، لە پێشینەی خانووبەرە سوودمەندنەبێ، پارچە زەوی وەرنەگرتبێ.

5-سوودمەندان لەو پڕۆژە بڕیارە ئەبێ بێوەژن و خاوەنی منداڵی خوار 18 ساڵە یاخود کەم دەرامەتە یان نابینا یان کچانی قەیرە، خانەنشین، ئەگەر بە شێوەیەك خانووی نیشتەجێ بوونی نەبێ لەتەمەنی خانەنشینی.

لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوە ئێمە پێشنیار دەکەین ئەم خاڵانەی ئێمە بەهەند وەربگیرێن، لە کاتی جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2008)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕاپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە بڕیاری ناوبراو، ئاراستەی لیژنەی دارایی کراوە، بەنووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان، ژمارە( ك 340 ) لە 2011/3/30 لیژنەی داراییش کۆنووسی پێ کردووە، ئەمەش پوختەی کۆنووسەکەیە، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کۆنووسی ژمارە 71، ڕێکەوتی 2011/4/24 ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك 340) لە بەرواری 2011/3/30 دەربارەی دەقی پڕۆژە بڕیاری دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون، بۆ فەرمانبەر و خەڵکی کەم دەرامەت، کە لە دانیشتنی ژمارە (1) ی ڕۆژی سێ شەمەی ڕێکەوتی 2011/3/29 پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کردووە،

**لیژنەکەمان 71مین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا لە 2011/4/24 بۆ لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لەسەر پڕۆژە بڕیاری سەرەوە، بە زۆرینەی دەنگ گەیشتە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:**

**بڕیار:**

**1-لیژنەکەمان وەکو بیرۆکە پشتگیری لە پڕۆژەکە دەکات.**

**2-بەڵام لیژنەکەمان بە باشی دەزانێت کە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕای حکومەت وەربگرێت لەم بارەیەوە پێش پەسەند کردنی لە لایەن پەرلەمانەوە، تا بزاندرێت ئەم پڕۆژە بڕیارە تا چەند لەگەڵ بڕیار و یاساکانی پێشتر گونجاوە کە لەم بارەیەوە دەرچووە، بە تایبەتی لەگەڵ یاسای دابین کردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان، ژمارە(7) ساڵی (2008) هەروەها لە ڕووی هونەریەوە، بەم جۆرە کۆنووس داخرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە خاڵی دوو، داوای ڕای حکومەتمان کردبوو، تا ئەو کاتە ڕای حکومەتمان لەو بارەیەوە بە دەست نەگەیشتووە، تەنها بۆ زانینت، لەگەڵ ڕێزدا.**

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەم پڕۆژە یاسایە ڕاپۆرتەکانی خوێندرانەوە هی هەرسێ لێژنەکە، بەڵام ئەوەی مولاحەزەدەکەین دوو بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەری، یەکێکیان دەڵێ ئەم پڕۆژە یاسایە ڕەت بکرێتەوە، ئەوی تریشیان دەڵێ بە پێی ئەو مولاحەزاتانەی کە خۆیان نووسیویانە دەیانەوێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت، جا ئێمە ڕێگە دەدەین بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی، چەند پەرلەمانتارێك دیفاع لەوە بکات کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، چەند پەرلەمانتارێکیش ئەگەر ڕەئی وایە ڕەت بکرێتەوە، لەگەڵ ڕەت کردنەوەی بێ، ناوی خۆتان بڵێن بۆ ئەوەی تەسجیل بێ، پەیمان عزالدین، ئاشتی عزیز، کوێستان محمد، بەشیر خلیل، کاروان صالح، سۆزان شەهاب، جمال طاهر، پێمان خۆشە یەك تێبینی بڵێین، دوو ڕای جیاواز هەیە، بەڵام بیکەینە موناقەشە و گفتوگۆی لەسەر بکەین، یان ژمارەیەك هەڵسن دیفاعی لێ بکەن و ژمارەیەکیش هەڵسن ڕەتی بکەنەوە، خۆی مەفروزە وابێ، نەوەك هەموو موناقەشەی لەسەر بکەن بەڕاستی، هەر فراکسیۆنێك سێ کەس قسەی تێدا بکات، چونکە ئەوە دەبێتە گفتوگۆ، لە ڕیزی پێشەوە پەیمان عزالدینمان نووسیوە، کوێستانمان نووسیوە، ئاشتیمان نووسیوە، لەو سەریش کاك کاروان با قسە بکات، لێرەش فەرموو کاك د.بشیر، سۆزان خان، کاك جمال، عبدالسلام، تکایە ئەوە دەکاتە گفتوگۆ و موناقەشە کردن لەسەری کە ئەو هەموو خەڵکە قسە لەسەری بکات، نەختێك موراعاتی مەسەلە قانونیەکانیش بکەن بەڕاستی، ئێستا ئەوانەی خوارەوە قسە دەکەن، پەیمان عزالدین، ئاشتی عزیز، ئەمە موناقەشە کردن نیە، ئەمە چەند پەرلەمانتارێك هەڵسنەوە تەئیدی بکەن، ئەوی دیکەش ڕەفزی بکات، ئەوە ئەگەر ئەو هەموو ناوانە بنووسین دەبێ بکەوینە موناقەشەکردنەکەیەوە، فەرموو کاك شوان بزانم نوقتەی نیزامی چیت هەیە.**

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی تا ئێستا پەیڕەو كراوە لەناو پەرلەمانی هەرێمی كوردستاندا بۆ دوو ڕای جیاواز، ئەگەر نەچینە ناو موناقەشەی گفتوگۆ كردن لەسەر دەقی پڕۆژە یاسا، ئەوەی تاوەكو ئێستا پەیڕەو كراوە لەسەر دوو ڕای جیاواز، یان دوو بەدوو بووە، یان سێ كەس لەگەڵێن و سێ كەس دژین، لەبەر ئەوە تكام وایە بەڕێزتان ئەوە پەیڕەو بكەن، چونكە ئەگەر وابێ هەمووی قسەی خۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا وای دابەش دەكەین ئەوەی ڕەتی دەكاتەوە، پێنج كەس قسە بكات، ئەوەی دەیەوێ گفتوگۆ بكات، پێنج كەس قسە بكات، ئێستا ئەو ناوانە دەنوسین ئەوەی دەیەوێ ڕەت بكرێتەوە، كێ دەیەوێ پێنج ناو بڵێن ئەوەی ڕەتی دەكاتەوە، ئەوەی دەیەوێ گفتوگۆ بكرێت، ئێستا كاك عونی لەوانەیە كە ڕەت بكرێتەوە قسەی خۆی بكات.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جگە لەوەی كە ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی كە ڕاپۆرتەكەمان نووسیوە، سەبارەت هۆیەكانی ڕەت كردنەوەی ئەو پڕۆژەیە، من وەكو ئەندام پەرلەمانێك عونی بەزاز، داوادەكەم ئەو پڕۆژەیە ڕەت بكرێتەوە، لەبەر ئەوەی:

یاسای دابین كردنی یەكەی نیشیتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی كوردستان، ژمارەی (7) ساڵی 2008، كە لە خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان دەرچوو، یاسایەكی زۆر گرنگە، ئەو ئەحكامانەی كە تێیدایە هەمان ئەحكامە كە لە پڕۆژە بڕیارەكەدا هاتووە، یەك لەوانە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، هەڵدەستێت بە بینا كردنی شوقە یان خانووی سەكەنی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان، واتە هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان، سوودمەند دەبن لەو بینایانە كە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە هەڵدەستێت بە بینا كردنی، وەزارەتی شارەوانی بە پێی یاسای ژمارە (7) ساڵی 2008، زەوی تەرخان دەكات بۆ ئەم پڕۆژانە، زەویەكە بێ بەرامبەرە، واتە حكومەت زەوی دەداتە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بێ موقابیل، كاتی دروست كردنی زەویەكان، تەنهاو تەنها ئەو پارانەی كە فعلی حەقیقەتەن سەرف دەكرێن، بیناكردنی شوقەكە یان خانووەكان ئەوە وەردەگیرێتەوە، مەشروعەكە بەو شكلەیە كە ئەو كەسەی ئارەزوومەندە بۆ وەرگرتنی ئەو شوقەیەی یان ئەو خانوانە، لە 10٪ی ئەو پارەی تەرخان دەكرا، ئێمە كاتی خۆی مەیدانیەن چووین موراجەعەتی چەند پڕۆژەمان كرد، ڕەئی چەند خەبیرو موهەندسمان وەرگرت، سەبارەت بە چۆنیەتی دروست كردنی ئەو خانوانە یان ئەو شوقانە، بۆمان دەركەوت كە كاتی خۆی تەنها

دوو دەفتەرو بیست وەرەقە دەرۆیشت بۆ بینا کردنەکان، دوو دەفتەر، واتە دەکاتە دووسەدو بیست و دوو هەزار دۆلاری ئەمریکی، ئەو پارەیە کە فعلی سەرف دەکرا بۆ بینا کردنەکان، عەردەکە، زەویەکە بە بەلاش بوو بێ موقابیل، ئەو کەسەی کە سوودمەند دەبوو لەو پرۆژەیە 10٪ی پارەکەی دەدا، بیست و دوو وەرەقەی دەدا، ئەوانی دیکەش بە قەردی درێژ خایەن بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ، پاش ئەوەی کە بیناکە تەواو دەبوو، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە خۆی بیناکانی تەواو دەکرد، تەوزیعی سەر ئەو کەسانەی دەکرد کە بە ڕیزبەندی ناوی خۆیان تەسجیل کردووە، بۆ ئەوەی سوودمەند بن لەو پرۆژانە، لە مەزایەی موهیمی یاساکە ئەوەیە کە ئەو کەسەی ئەمری خوای دەکات، خوا نەکات، عەفوو دەبێ لە وەرگرتنی قەرزەکان، واتە قەرزەکانی نادات، دوو: قەرزەکە بێ فائیدەیە و سوودی لەسەر نیە، ناحیەی شەرعی خەڵك ناتوانێت گلەیی بکات، بڵێت ئەوە فائیدەی قانونی لەسەرە حەرامەو یان حەڵاڵە، سێیەمینیان ئەو کەسانەی کە داوا دەکەن، کە ئەو پرۆژانە شمولیان بکاتەوە، هەمان ئەو ئەفکارەی کە لە قانونەکەدا دێت، واتە لەو بڕیارەی کە پێشنیار کراوە هاتووە، یەك لەوانە دەڵێت لە ماددەی (3)ی پرۆژەکەدا خانونەکە، دەبێ ئەو کەسەی داوای بەناو کردنی نیشتەجێ بوون دەکات، هیچ شوقە یان خانوویەکی نیشتەجێ بوونی بۆخۆی بەناو نەبێت، سوودمەند نەبووبێ لە هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان، دوو، ئەو سولفەی خانووبەرەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داویەتی، واتە هەمان ئەفکاری پرۆژەکە پرۆژەی بڕیار لە قانونەکەدا هاتووە، جگە لەوەش لە کاتی گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011، لەماددەی (16) بڕگەی (3) بڕی 49 ملیار دینار تەخسیس کرا، بۆ جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە 7 ساڵی 2008، واتە دەڵێ (المادة السادسة عشرة، ثالثاً: تخصيص مبلغ قدره تسعة و اربعونة مليار دينار لتأمين سكن للمواطنين من ذوى الدخل المحدود وفقاً لقانون تأمين السكن في اقليم كوردستان رقم (7) لسنة (2008) )دووبارەی دەکەمەوە هاوولاتی سادە و فەرمانبەر سوودمەندن لەو یاسایە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەینە وەکو ئەندام پەرلەمان ئەو پرۆژەیە ڕەت بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی وەزیری دارایی و هەڤاڵەکانی دەکەم، بەخێر بێن، عبدالسلام فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویستم لەسەرەتاوە ئاماژە بەوە بکەم، کە مەیلی هەندێك لە ئێمە بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو یاسایە، مانای نیەو بەوە تەفسیر نەکرێت، کە ئێمە لەگەڵ ئەوە نین یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هەژار و کەم دەرامەت جێبەجێ بکرێت، کە پرۆژە یاسایەك ڕەت ئەکرێت، بێگومان ئەمە هەڵوێستە بەرامبەر خودی ئەم تێکستە، نە بەرامبەری بابەتەکە، وەکو لە هەرسێ ڕاپۆرت هاتووە، یاسایەك هەیە، ئیلزامی حکومەتە کە ئەم ئەرکەی لەم پرۆژە هاتووە ئەنجام بدرێت، هەروەها لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوەش هاتووە، لە هۆیەکانی کە خوێندرانەوە، یاسایەك هەیە ئەنجام نەدراوە، کە فلان شتە، واتە ئەگەر یاسایەك

هەبێ بۆ ئەو وڵاتە بۆ ئەنجامدانی کارێك، ئەو کارە ئەنجام نەدراوە، بە یاسایەکی تازە موشکیلەکە حەل نابێت، هەمان ئەو هۆیانەی کە بوونە هۆی ئەگەری یاسای کۆن جێبەجێ نەکرێ، من پێشبینی دەکەم کە بە یاسایەکی تازە هەمان ئەوەکان ئەمێنن، بۆیە ئەرکی ئێمەیە وەکو پەرلەمان بچین هەوڵ بدەین، ناچاری حکومەت بکەین لایەنەکانی پیوەندیدار ئەو یاسایەی کە حکومەت خستوویەتیە سەر شانی خۆی وەکو ئەرك، لە خیلالی ئەو یاسایە یەکەی نیشتەجێبوون، ئەوە ئەنجام بدرێت، ئەوە ئیشی دروستی پەرلەمانە، تەنها یاسا دەرکردن و پەلە کردن لە دەرکردنی ژمارەیەکی زۆری یاسا هیچ کێشەیەك حەل ناکات، بۆیە من تەسەور دەکەم، دەرکردنی ئەم یاسایە هیچ ئیزافەیەك ناکات، بە عەکسەوە ڕەنگە ناڕەزایی زیاد بکات، ئێمە هیچمان نەکرد، بە عەکسەوە دەبێ ئێمە تەرکیز بکەین چۆن ئەو موشکیلەیە حەل بکەین، ئەمە یەك لە هۆیەکان، تەسەوڕ دەکەم و مادام یاسایەکمان هەیە با هەوڵ بدەین وەکو پەرلەمان ئەوە جێبەجێ بکرێت، ئەگەر هەستمان کردبێت لەوێ هەندێك کەموکوڕی هەیە، یان هەندێ شتی تازە هەیە، زۆر ئاسانە پڕۆسەی هەموارکردنی ئەو یاسایە پێشکەش بکرێت، ئەو خاڵانەی کە بە مەرج یان بە پێویست ئەزاندرێت هەبن، با ئیزافەی بکەینە سەر ئەو یاسایە، ئەوە ببێتە ئیشی ئێمە، ئەوە لە بنەمای کاری پەرلەمانتاریە، نەك هەمیشە ئێمە یاسایەك دەربکەین و لە دووی یاسایەك، یەك شتی تر هەیە لەو یاسایەی کە ئەمە هۆی یەکەم بوو بۆ من، کە بڵێم داعی نیە ئەو یاسایە دەربکەین، هۆی دووەم، پرێنسیپێك هەیە دەبێ جیاوازیەکی زۆر وازح بکەین بەینی تەملیك کردن، یان دانی یەکەی نیشتەجێبوون، بە فەرمانبەر، یان توێژێك، یان چینێك کە بە قیست بێت، یان بەشێوەیەك بێ لە ئەخیرەوە ببێتە موڵکی ئەو، ئەمە ئەرکێکە، ئەرکی دووەمیان دابین کردنی جێگای ژیان و نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی هەژار، کە لە ژێر هێڵی فەقیری ئەژین، ئەمانە ئەگەر بە یەك چاو تەماشایان بکەی، ئەوی تر دەتوانی بە پێی داهاتی خۆی ڕێژەکەی بۆ تەحدید بکەی، پارەکە بدات ئەبێتەخاوەن خانوو، چونکە فەرمانبەرەو داهاتی هەیە، ئەوی تر لەبەر هۆیەك لە هۆیەکان، ئێستا بەشێوەیەکی کاتی کەوتۆتە ژێر هێڵی هەژاری، پارەی نیە، نە ئەتوانێ پێشینە بدات، نە ئەتوانێ قستەکان بدات، لەوێ دەبێ ئێمە جودابکەینەوە، ئێمە ئەو دوو ئەرکە بە یاسایەکی تازە، بە هەموار کردنی یاسایەکی هەیە، ئەرکێك دابنێینە سەر شانی حکومەت، ئەمانەی کە لە ژێر هێڵی  هەژارین، هەندێ یەکەی نیشتەجێبوون هەبێ هی حکومەتن،  ئەمانە دابین بکات تێدا بژین، تەبعەن ئەرکی حکومەتە لەڕێگای هەموو سیستەمەکانی کە هەیەتی، وا بکات ئەم خێزانە نەمێنێت لە ژێر هێڵی هەژاری، واتە ئیشی بۆ دەدۆزیەوە، یان منالێکی تەعین بوو، یان هەر ئەوە، ئەوە نامێنێت لەژێر هێڵی هەژاری، دەرئەچێت، ئەبێتە هاووڵاتیەکی تر، یەکێکی تر کە لەژێر هێڵی هەژاری ئەژیت دێت سوود وەرئەگرێت لەو شوقانە، ئەمە ڕەچاو نەکراوە لەم یاسایە، شبە مستحیلة بەناو زۆر جوانە بۆ ئەو خەڵکەی لەژێر هێڵی هەژاری ئەژین یەکەی نیشتەجێی نەدەینێ، بەڵام داوای پێشینەو داوای قستی لێ دەکەین، ڕەچاو نەکراوە، بۆیە من ئیقتراح دەکەم ئەم یاسایە پەلە نەکرێت لە دەرکردنی، ئەو خاڵەو بیرۆکە جوانانەی کە هەیە لەو پڕۆژەیە لە ڕێگای پڕۆژە یاسایەکی هەموار کردنی ئەم یاسایەی هەیە پێشکەش

بکەین، بۆ ئەوانەی کە پێیان ناکرێ ئەو یەکانە بکڕن، چارەیەك بدۆزینەوە ئیلزامی حکومەت بکەین، چەند یەکەیەکی نیشتەجێ دابین بکات، بۆ ئەوانەی هەژارن، وەکو چۆن بڵێین ئەوانەی مەسەلەن پەناهەندە دەکرێت لە زۆر دونیا، بۆ ئەوانەی لەبەر هەر هۆیەك بێ ناچار بوونە، حکومەت دەبێ جێگایەك دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەکاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، تێبینی ئەوەم کرد کە ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە یاسای ژمارە (7) 2008 جێبەجێ نەکراوە، لە خاڵی سێهەم دەڵێن، ئەوەی تێبینی دەکرێ لە پاش دەرچوونی بودجە، پاش پەسەند کردنی بودجەی ئەمساڵ، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن، ئامادەکاری خۆی کردووە، زەوی تەرخان کردووە، دابینی کردووە، دیزاینی کردووە، پرۆپۆزەڵی پێشکەش کردووە، هاتوون لێرە باسی کێشەیەکیان کردووە، کە لە سولبی کاری پەرلەمان دایە، خۆشبەختانە ئەمڕۆ بەڕێز وەزیری دارایی لێرەیە، کە دیارە ئەمان بە پەیوەندی کردن، بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، بە پەیوەندی کردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، بۆیان دەرکەوتووە کە ئیشکالیەتێك هەیە، لە جیهەی سەرف کردنی ئەو پارەیە، لە نێوان بودجەی وەبەرهێنان یاخود بودجەی وەگەڕخستن، من لە 100٪ پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەم، دەرچوونی بڕیارێك قەت بەقوەت تر نیە لە یاساکە، بەڵام ئێمە لێرە فرسەتێکمان لەبەر دەستدایە، مادام ئەم بیرۆکەیە هاتۆتە ئاراوە، بۆ دروست کردنی خانووی نیشتەجێبوون، یاساکە هەیە، بەڵام بە مەنزوری کۆمەڵێك لە ئێمەو زۆریش لە ئێمە، پێمان وایە ئەو قانونە هەندێ تەعدیلاتی دەبێ تیایە بکرێ، هەموار کردنی دەبێ تیا بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو چینەش بگرێتەوە، کەوا ناتوانن ئەو پێشەکیەش کە بەڕێز کاك عونی باسی کرد، کە دەکاتە دوو هەزار و دووسەد دۆلار، یاخود دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار، ئەوانیش ئەو ئیمکانیەتەیان نیە، ئێمە ئێستا لەژێر ئیختیارەکەین، ئێمە پێی ناڵێین ڕەت کردنەوە، ئێمە پێی دەڵێین پێویستە ئێستا بەڕێز وەزیری دارایی لێرەیە، ئەو حاڵەتەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، بۆچی هەتا ئێستا ماددەیەکی یاسای بودجە کە باس لە تەرخان کردنی 49 ملیار دینار دەکات، بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون، بۆ هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراوە؟، بۆچی پارەکە جێبەجێ نەکراوە؟، بۆچی ئیشکالیەتی ئەوە هەبێ لەنێوان ئەوەی کە لەسەر وەگەڕخستن بێ یاخود وەبەرهێنان بێ، چونکە ئێمە پارەکەیمان لە زمنی سندوقی نیشتەجێبوون بڕیوە، ئایا سندوقی نیشتەجێبوون پارەکەی لەسەر وەبەرهێنانە یان لەسەر وەگەڕخستنە ؟، هەر مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو پارەیەی 49 ملیار دینارەکە بەهەمان پارەی سندوقی نیشتەجێبوون مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، چونکە ئێمە لەوێ بڕیومانەو لە هەمان بڕگە هێناومانە، کەواتە ئەمە پێی ناوترێ ڕەت کردن، دەست خۆشی

لەپێشکەشکەرانی ئەم یاسایە دەکەم، بەڵام ئێمە کە یاسامان هەبوو، قەت ناتوانین پڕۆژە بڕیارێك دەربکەین بڵێین ئەو یاسایە تەفعیل بکەن، ئەوە شتێکی نا یاساییە، بەڵام دەتوانین هەموار کردنێك پێشکەش بکەین، بڵێین ئەو ماددەیەی کە باس لە پێشەکی دان و قەرز دانەوەکە دەکات، هەموار بکرێ بۆ ئەوەی لە سوودی خەڵکابێ، بەتایبەتی چینی کەم دەرامەت و هەژار سوودی لێ وەربگرێ، هەر لەسەر ئەم هۆیە من ئەمە بە حاڵەتێك دەزانم، لە بەدواداچوونی لیژنەکان، لە سولبی کاری لیژنەکان، بۆیە پشتگیری لە ڕای هەردوو لیژنەی دارایی و یاسایی دەکەم، کە ئێمە ئێستا پێویستیمان بەم پڕۆژە بڕیارە نیە، بەڵکو پێویستیمان بە وەلاْمدانەوەی وەزارەتی داراییە، بۆ جێبەجێ نەکردنی ماددەیەك لە بودجەی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەگەڵ پشتگیری تەواوم بۆ چارەسەر کردنی قەیرانی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هەموو هاووڵاتیان، بەڵام ناکرێ دوای پەسەند کردنی بودجە ئێمە بێین خەرجی نوێ لێرە پەسەند بکەین، نەفەقاتی نوێ، ئایا ئەو دەسەڵاتەمان هەیە؟، ئایا لە توانای حکومەت هەیە؟، ئێمە لەکوێ ئەو بڕە پارەیە کە لە پڕۆژە بڕیارەکە هاتووە، دەتوانین دابین بکەین، هەروەها بابەتێك کە بە یاسا ڕێکخرابێ، لە ڕووی یاساییەوە هیچ کێشەیەك نەبێ، بێین ئێمە یاساکە بەلاوە بنێین و فەرامۆشی بکەین، بێین پڕۆژە بڕیارێك پێشکەش بکەین، داوا بکەین کە ئەو بڕیارە پەسەند بکرێ، بابەتێك یاسای بۆ دەرچووبێ پێویست ناکات بە بڕیارێك دووبارە چارەسەر بکرێ، یاخود باسی لێ بکرێ، سەبارەت بە ناوەڕۆکی پڕۆژە بڕیارەکە باسی زۆر وردەکاری دەکات، کە شوێنی لە ناو بڕیارەکە نیە، بۆ نموونە باس لەوە دەکات کە مووچەی فەرمانبەرەکە چەند بێ، چۆنیەتی دانەوەی قەرزەکە یاخود ئەو پارەیەی کە خانووەکەی بۆ دروست دەکرێ، هەروەها ڕووبەری زەویەکە چەند بێ، ئەو وردە کاریانە لەناو بڕیار جێگەی نابێتەوە، پێویستە بە ڕێنمایی چارەسەر بکرێ، زۆر سوپاس، بۆیە من لەگەڵ گفتوگۆ کردنی پڕۆژە بڕیارەکە نیم، بەڵام وەکو مەبدەء لەگەڵ ئەوەم بابەتە چارەسەر بکرێ، یاساکە تەفعیل بکرێ و کاری پێبکرێت، بۆیە من پشتگیری لەو بابەتە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو:

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو ئەو ئەندامە بەڕێزانە کاك عونی و کاك عبدالسلام و د.ڕۆژان باسیان لەسەر کرد، ئێمە فەراغێکی یاساییمان لەسەری نیە، شتێك نیە کە پێی بڵێین یاسا نیە بۆ تەئمین کردنی سەکەن بۆ هەموو مواتنین، یاسایەکمان هەیە بە واتا ناحیەی تەشریعی، ئێمە هیچ فەراغێکمان نیە هەتا یاسایەك دابنێین، قوەی قانونی وەکو باسی لەسەر کراوە ئیلزامیەتی قانون زاڵترە بەسەر قەرارات، لە یاساکەی ژمارە 7، ئەگەر وردەکاری لەو بڕیارە هەبێ کە پێشکەش کراوە، یاسای ژمارەی 7 زۆر بە وازحی باسی لە کەلیمەی مواتین کردووە، ئەرگەر باس لە قەیرەو شوو نەکردوو ئەمانە کرابێ، ئەو بە موتلەقی باسی کەلیمەی مواتنی کردووە، واتا هەموو کەسێك لە هەرێمی کوردستان، ئەگرێتەوە، چ کچ بێ، چ کوڕبێ ، چ شوو نەکردووبێ، وەکو برادەرانم باسیان لەسەری کرد، ئیمتیازاتی ئەم یاسایە ئیلتیزاماتی زۆر زیاترە بەدەلیلی چی؟، بە دەلیلی ئەوەی لەوانە ئەڵێ نابێ هیچ کەسێك موستەفید بێ، دەلیلی دووەمی ئەوەیە کەوا ئەو پارەیەی کە ئەیدرێتێ بۆ ئەو وەحدە سەکەنیەی ئەچێتە ناوی بە مەودایەکی دوورو درێژ، بە قەرزێکی بیست و پێنج ساڵی لێی وەرئەگیرێتەوە، لەو لاوە ئەو دەینە تەئمینە لە لایەن هەندێ لایەنی پەیوەندیدارەوە، خوانەکردە ساحێب قەرز ڕۆژی تەواو بوو، کەس و کارەکەی ئیعفا کران لە هەموو دەینەکان، ئەمە سوودێکی گەورەیە بۆ ئەو کەسە، بێ لەوە ئێمە ئەو یاسایەی کە باسمان لەسەری کردووە، باس لە کولفەیەکی زۆر کەمی وەحدە سەکەنیەکە ئەکات، کە پێی بفرۆشرێت، بە لە 1٪ ئیزافە بۆ قیمەتی فیعلی دروست کردنەکەی، لەبەر ئەوە وەك ناحیەی تەشریعی لەبەر ئەوەی فەراغی یاساییمان نیە، پێویست ناکات یاسا لەسەر یاسا، بەڵام ئەکرێت هەندێ بڕگەی ئەو یاسایە، ئەگەر لە بواری جێبەجێ کردن عەمەلی نیە، نەیتوانیوە هەدەفەکانی خۆی بپێکێ، ئەکرێ بە پڕۆژە بڕیارێکی تر، بە پڕۆژە یاسایەکی تر هەمواری چەند بڕگەیەکی تر بکرێ، لەو یاسایەی کە ئێستا بەکار دەهێندرێت، هەروەها وەکو ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی، ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان، لیژنە تایبەتمەندەکان بۆیان هەیە و ئەشکرێ بەدواداچوونی بۆ بکەن، لێپرسینەوەی لەسەر بکەن، بۆچی تەنفیز نەکراوەو بۆچی تەنفیز ناکرێ؟، کێن ئەو کەسانەی کە سوود مەندن؟، نەقوستانی ئەو بڕگەو ماددانە چیە؟، هەتا بە پڕۆژەیەکی تر تەعدیل بکرێ، بۆیە منیش هاوڕام لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو ئەکەم کە ئەم پڕۆژەیە موناقەشە بکرێ، یاساکە پەسەند بکرێ، لەبەر ئەم هۆکارانە، یەکەم، ئەوەندەی ئێمە بەدواداچوونمان بۆی کردووە تێگەیشتووین کە دروست کردنی یەکەی

نیشتەجێبوون، سندوقی نیشتەجێبوون نەیتوانیوە قەیرانی نیشتەجێبوون چارەسەر بکات، بە تایبەتی چارەسەری قەیرانی نیشتەجێبوونی لای هەژارو کەم دەرامەتەکان نەکردووە، لای فەرمانبەران و لای خێزانە تازە دروست بووەکان نەکردووە، هەموومان ئەزانین ئێستا لە هەرێمی کوردستان بە هەزارەها خێزان هەیە کرێچین، بە سەدان خێزان هەیە کە ئێستا لە بینای داڕووخاوی حکومیدان، بۆیە ئەگەر ئەم بڕیارە پەسەند بکرێ بە دڵنیاییەوە کێشەی ئەم کرێچیانە چارەسەر ئەبێ، بە دەیان بیناش بۆ حکومەت ئەگەڕێتەوە، خاڵی دووەمم، ئەوەیە کە ئەمڕۆ سێ ساڵ و دوو مانگ تێئەپەڕێ بەسەر یاسای ژمارەی (7) ساڵی 2008 تا ئێستا ئەم یاسایە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەگەڵ ئەوەی خاڵی سێیەمم ئەوەیە کە لە بودجەی ساڵی 2011، 49ملیار دینارمان داناوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، تا ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەم پڕۆژەیە وردەکاری زۆر زیاتری تیایە، کە هۆکارە بۆ یارمەتی دانی خێزانە کەم دەرامەت و هەژارەکان، بۆ خێزانە تازە دروست بووەکان، ئەوەی زۆر گرنگە لەم یاسایە دەست نیشانی کردووە، کە ساڵانە بڕێك پارە لە بودجەی هەرێم تەرخان بکرێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە کە لە یاسای ساڵی 2008 نیە ئەمە، خاڵی ئەخیر و شەشەمم ئەوەیە هەردوو لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو دارایی کە دوو لیژنەی پەیوەستن بەم مەسەلەیە، زیاتر پەیوەستیان هەیە بەم بڕیارە وەك لە لیژنەی یاسایی پشتگیری بڕیارەکە ئەکەن، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە بە لە سەدا سەد پشتگیری ئەکات، لیژنەی دارایی تەنها داوای ڕەئی حکومەت ئەکات، ئێستا حکومەت خۆیان لێرەن، بۆیە من ئەخیر شتم ئەوەیە کە پشتیگری ئەم بڕیارە بکەین، بچێتە بواری گفتوگۆ کردنەوە، پەسەندی بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاری خێزانە هەژارو کەم درامەتەکان و فەرمانبەران بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەمیر سەلیم فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پڕۆژە بڕیارە من لەگەڵ ئەوەدام بچێتە قاڵبی گفتوگۆ کردنەوە، چونکە لە ڕاستی دا لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانە، یاسای ژمارە (7) ساڵی 2008هەتا ئێستا حکومەت نەیتوانیوە بیخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە، لەگەڵ ئەوەش ساڵانە تەخسیساتی مالی هەیە بۆ ئەو حاڵەتە، ئەکرێ ئەم پڕۆژە بڕیارە بکرێتە میکانیزمێك بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، هەتا ئێستا هاووڵاتی کەم دەرامەت لە ماوەی ئەم سێ ساڵی ڕابردووە، نەیتوانیوە موستەفید بێ لە سندوقی نیشتەجێبوون، بە پێچەوانەوە پارەدارەکان زیاتر ئیستیسماریان کردووە، زیاتر توانیویانە سوودی لێ وەربگرن، کە ئاسەواری سلبی بەسەر ژیانی هاووڵاتی کەم دەرامەتەوە زیاتر بووە، قەیرانەکەی بۆ ئەوان قوڵتر کردۆتەوە، لەبەر

ئەوە من لەگەڵ ئەودام ئەم بڕیارە بچێتە بواری گفتوگۆ کردنەوە، بۆ ئەوەی پەرلەمانتارانی بەڕێز بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەبارەی بدەن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەوە دەکەم کە ئەم پڕۆژەیە، پڕۆژەیەکی گرنگە، پێویستە بمێنێتەوە، بەرگری لەوە دەکەم کە ئەمە کۆمەڵێك کێشە لەناو ئەم پڕۆژە بڕیارە چارەسەر ئەکات، بە بڕوای من وەکو ئەوە کە یاساکە جێبەجێ نەکراوە، بە تەعلیمات ئیمکان نیە کە تەفعیلی ئەم پڕۆژەیە بکەین یان بابڵێین، تەفعیلی ئەو یاسایە بکەین کە لە 2008 دەرچووە، کە هەنگاوەکانی بۆ جێبەجێ کردن لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بووە، من بەرگری لەوە دەکەم کە ئەو پڕۆژەیە موعالەجەی کۆمەڵێك کێشەی کردووە کە پڕۆژە یاساکە لێی بەدەرە، یان درکی پێ نەکردووە، لەوانە زیادکردنی و تەخصیص کردنی ئەو پارەیە لە بودجەی ساڵانە بۆ 80 ملیار، هەم ئەوە وەکو سەقفی پارەکە ڕێژەیەکی زیاترە، لە هەمان کات دا نەریتێکی یەك دوو ساڵەیی هەیە جێگای دەستخۆشکەرییە کە ئێمە لە موناقەشە کردنی بودجەی ساڵانەی ساڵی دارایی دا، هەر پڕۆژەیەك کە تەخصیصی مالی بۆ کراوە سەرکەوتووتر توانراوە بخرێتە چوارچێوەی جێبەجێ کردنەوە، ئێمە ئومێد دەکەین ئەو 80 ملیارە پتر لە 49 ملیارەکە زیاتر خزمەت بە خەڵك بکات و تەخصیصێکی مالی باشترە، دوو/ کێشەیەك هەیە لە کوردستان دا ئێمە نکوڵی لێ ناکەین، مەسەلەی تاپۆ کردنی خانووە بێ تاپۆکان، کە ئەوە بەڕاستی دیاردەیەکی ناشیرین و نەخوازراوە، بەڵام خەڵك لە ناچاری دا، ئێمە هەموومان کۆڕاین لەسەر ئەوەی کە دیاردەی خانووی بێ تاپۆ لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دا دیاردەیەکی فراوانە، بە بڕوای من ئەگەر ئێمە ئەم پڕۆژە بڕیارە جێبەجێ بکرێت و بخرێتە چوارچێوەی جێبەجێ کردنەوە ئەو دیاردەیە بنبڕ دەبێت، هەم دیاردەیەکی شارستانیەتە شوێنی کە ناچار نەبن حیزبە دەسەڵاتەکان لە پێش ئینتیخاباتەکان دا بە لێشاو بڕیار بۆ تاپۆکردنی هەندێك خانوو و زەوی بدرێت کە ئەوە حاڵەتێکی خراپە، بەڕاستی دوور دەکەوینەوە لەم مەسەلەیە، لە هەمان کات دا گەڕانەوەی ڕێژەیەکی باش لە کولفەی خەدەمات دا بۆ ئەو ناوچانە ئەگەر هاتو خەدەمات لە ناوچەیەکی دیاریکراو یەکەی نیشتەجێبوون، ئەم یەکەی نیشتەجێبوونانە لە یەکەوە نزیك بێت، لە هەمان کات دا ڕێژەیەك لە پارەش دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، کە ناچار نەبێت لە ناوچەی پەرتەوازە خەدەماتی ئاو و کارەبا و پێداویستییە صحییەکان دابەش بکات، ئەو کاتە لە یەك ناوچەی دیاریکراوە و جۆرێك لە ئەرکی حکومەتیش کەم دەبێتەوە، بۆیە من سەرەڕای پشتگیری کردن لە ناوەڕۆکی پڕۆژە بڕیارەکە تەئیدی ئەوە دەکەم ئەو پڕۆژەیە بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.أرسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك کاروان، فەرمووو، توخوا کاك کاروان با بزانین ئەو نوقتە نیزامییە چییە؟ فەرمووو.**

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕاپۆرتی لێژنە تایبەتمەندەکان دا کە هاتبوو دوو حاڵەت هاتە پێشەوە کە جەنابتان عەرزتان کردبوو، بەشێك لە ئەندام پەرلەمانان دیفاع بکەن لە پرۆژە بڕیارەکە، بەشێکیش ڕەدی بکەنەوە، بەلاّن ئێستا ئێمە لە بەردەمی ڕەت کردنەوەدا نین، ئەو بەڕێزانەیش کە لەگەڵ باسی ڕەت کردنەوەکە کرا، باسی ڕەت کردنەوە ناکەن، بەڵکو تەئکید دەکەنەوە لەسەر کەم و کورتی یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2008، واتا تەعدیل بکرێ بەو بڕیارەی کە هەیە، حەز دەکەم جەنابتان لە ڕووی یاساکەوە ئێمە بخەنە بەردەمی دوو ئەگەر، تەعدیل بکرێ بە ماددەکانی ئەم پرۆژە بڕیارە، یان پرۆژە بڕیارەکە خۆی بۆ خۆی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بۆیە ڕەت کردنەوەکە نەماوە ئەوەی من دەیبینم، بۆیە حەز دەکەم لێژنەی یاسایی و جەنابتان ئەو مەوزووعە بە هەند وەربگرن.

**بەڕێز د.أرسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان من پێموایە ئێمە وەکو لێژنەی ئاوەدانکردنەوە کە ماوەی دوو ساڵە بەدواداچوون لەسەر یەکەی نیشتەجێبوون دەکەین لە هەرێمی کوردستان، ئەوانەی کە باس لە پرسی ئەوە دەکەن کە یاسای ژمارە 7 بە ئەرکی خۆی هەڵساوە یان توانیبێتی بڕێك لە خەمی میللەتەکەمان، خەمی هەژارانی ئەو وڵاتە کەم بکاتەوە، ئەوە لە ڕاستی دوورە، لەبەر ئەوەی ئەو حەقیقەتە زۆر بەڕاشکاوانە باس دەکەین، کە سەدان کۆمپانیای وەبەرهێنان لەو هەرێمە یەکەی نیشتەجێبوون دروست دەکات، بەلاّم بۆ ئێمەی خواپێداو، نەك بۆ هەژارانی شارەکەمان، نەك بۆ ئەوانەی کە مووچەی سێ سەد هەزار و چوار سەد هەزاریان هەیە بە تەنها بەشی کرێکەی ناکات، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تریان/ من تێناگەم بۆ ئەو پرۆژەیەی ئێمە کە لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بەدواداچوونمان لەسەر کردووە، ماوەی چەندین مانگە ئێمە دێین و دەچین لەسەر ئەوەی کە چارەسەرێك بۆ پرسی نیشتەجێبوون لەو وڵاتە بدۆزینەوە، بەڕێزان من پۆلیسێك لە کوێ بێنم بتوانێ مووچەکەی بەس بدات بە کرێ خانووەکەی؟ کە ناتوانێ بژی، بۆیە پێشمەرگەیەك لە کوێ بێنم بتوانێ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خۆی دابین بکات؟ کە لە حاڵەتێك دا هەموو ئەو کۆمپانیای وەبەرهێنان و سەرمایەگوزەرایانەی کە لە هەرێمی کوردستان یەکەی نیشتەجێبوون دروست دەکەن، ئەوانە

بۆ ئەو کەسانەن کە ئیقتیداریان هەیە، سەروەت و سامانیان هەیە، خەڵك 15 خانوو دەکڕێ بۆ توجارەت و بازرگانی، دوایی دەیفرۆشێتەوە، هەموو ئەو حەقیقەتە باش دەزانین، بە پێنج دەفتەر دەیکڕێ دواتر بە 10 دەفتەر دەیفرۆشێتەوە، بۆیە ئێمە لەو پرۆژەیە چارەسەری چینی کەم دەرامەتمانە کردووە فەقەت، ئێمە نەمانگوتیە ئەو پرۆژەیە بۆ خەڵکێکی خاوەن ئیمکانیەتە، بەڵکە ئەو پرۆژەیە بۆ ئەو کەسانەیە کە کەمترین مووچەیان هەیە، هاووڵاتیانی ئەو هەرێمە زۆربەیان لە ئاستێکی هەژاری نزم دا دەژین، ناکرێ ئێمە، فەرموون ئێوە موناقەشەتان تەواو بکەن من دوایی قسە دەکەم، دوای ئەوە ئەگەر بێت و ئێمە باس لەوە بکەین جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەگەر بێت و باس لەوە بکەین زۆرینەی خەڵکی ئەو شارە، خەڵکی ئەو وڵاتە کرێچین، لە حاڵەتێك تۆ هەزاران شوققەت دروست کرد، پێنج، شەش ساڵە تەواو نەکرا، کۆمپانیاکەی ڕایکرد، ئێستا  بە سەرمایەگوزاری ترت داوە دەیفرۆشێتەوە بە خەڵك، لە حاڵەتێك دا کە تۆ چارەسەرێکت نیە، ئەو حکومەتەی ئێمە ساڵانە چەند سەد ملیارێك تەرخان دەکات بۆ ئیستیسمارات و یەکەی نیشتەجێبوون، بەڵان ئەو پرسە چارەسەر نەکراوە، من حەز دەکەم هەموو پەرلەمانتاران زۆر بەڕاشکاوی دەڵێم هەرچوار دەورەی هەولێر یەکەی نیشتەجێبوونە، بەڵام کەمترین کەس کە هەژار بێت توانیویەتی ئیستیفادە لەوە بکات، ئەو پرۆژەی ئێمە شوێنی ئەوەی کردۆتەوە کە خەڵکانی کەم دەرامەت، خەڵکانی مووچەی نزم، خەڵکانی کە بێکارن، هەژارانی ئەو شارە تێیدا سوودمەند دەبن، برادەران لە چاوی خۆمان، لە چاوی خەڵکی بە ئیمکانیەت سەیری ئەو پرۆژەیە نەکەین، خەڵکێك 90 مەتر لە یەکەی نیشتەجێی ستوونی سوودمەند بێ، ئایا ئەوە زەرەری کێی تێدایە؟ بۆ ئەو یاسایەی ژمارە 7 تا ئێستا چارەسەری چی کردووە؟ من لە کاك عەونی دەپرسم کە جەنابی لە لێژنەی یاسایی باس لەوە دەکات کە ئەو یاسایە، من حەز دەکەم بۆم باس بکات لە سەدا چەندی کرێی نیشتەجێبوون کرێچی، هەژاری توانیویێتی و بتوانێ لەو یەکەی نیشتەجێبوونانەی کە دروست دەکرێ سوودمەند بێ؟ ئێمە پرسمان لەسەر ئەوەیە خەڵکێك مووچەکەی بەشی کرێکەی ناکات، بەڕێزان با ئێمە بیر لەوە بکەینەوە، با ئەو جارە لە بەرنامەی ئەو حکومەتەی ئێمەدا، لەمەودوا لەو ئەوە بێ کە ئەو خەڵکە هەژارە ببووژێنینەوە، هەوڵی ئەوە بدەین یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ جێبەجێ بکەین، لە حاڵەتێك دا کە زیادەڕۆیی نامێنێ وەکو ئەوەی کە کوێستان خان باسی کرد، کە خۆتان دەزانن لە هەرێمی کوردستان خەڵکێك بەربۆتە گیانی ئەو وڵاتە بە کەیفی خۆی خانوو دەکات، بە بێ نەخشە، بە بێ پلان، حکومەتیش بۆیە دەبێ بە ئەمری واقیع، ناچار دەبێ بەسەریدا تۆماری بکات، نەخێر تۆ بچیتە ناو پرسی ئەوەی کە هاوکاری بکەی، پشت و پەنای بی، ڕێگای پێشان بدەی، بە پێی یاسایەك قەرەبووی ناکەیتەوە، دێی پێی دەڵێی ئەوە خانوو بۆ تۆ، مانگێ بە نیسبەت ئەو مەسەلەیەی کە دامانناوە نیسبەتێکی کەم قەرەبووی حکومەت دەکەیتەوە، دەڵێی ئەوە بە 30 ساڵ، بە 15 ساڵ قەردی حکومەت دەدەمەوە شوێنی خۆی، بەڵام لە حاڵەتێك دا ژینی خۆش گوزەران و لە ئەوانەی کە خواپێداون بەس لەوانە بپێچینەوە، وەڵڵا کێشە پرسمان ئێمە هیچ کێشەمان نیە، لە هەرێمی کوردستان خانووی 1500 مەتری هەیە، وا دەکرێ، بەڵام چی لە کرێکارێك و پۆلیسێك و پێشمەرگەیەك

**بكەم كە ناتوانێ لەوێ خانوو تەسجیل بكات، ئێمە پرسمان ئەوەیە كێشەی كەم دەرامەتان و هەژاران، پرسی یەكەی نیشتەجێبوون لەو وڵاتە چارەسەر بكەین، ئەوەش لەگەڵ ویژدانی هەموومان كاریگەری خۆی هەیە، حەز دەكەم زۆرباش بزانن كە یاسای ژمارە 7 نەیتوانیوە چارەسەری پرسی یەكەی نیشتەجێبوون بۆ هەژاران و بۆ كرێچیانی ئەو وڵاتە جێبەجێ بكات، كەمترین خانوو لەو وڵاتە بە پێنج دەفتەرە، خەڵك لەو شارەی ئێمە لە پایتەختی هەرێم لە گۆڕستان دەخەوێ برادەرینە، خەڵك هەیە ماڵی لە ناو گۆڕستانە، ئێمە با واقیعی بین، ئەو حكومەتە بێتە ناو ئەوەی كە بە ئیلتیزاماتی خۆی هەستێ، بڕێك لەو پارەیەی كە بۆ كۆمپانیا و ئیستیسماراتی وەبەرهەمهێنان دایناوە، بڕێك لەو پارەیە با بداتە وەزارەتی ئاوەدان كردنەوە، وەزارەتی ئاوەدان كردنەوە ئیستیعدادی هەیە، ئامادەباشی تێدایە، ئێمە لە لێژنەی ئاوەدان كردنەوە لەگەڵیان دانیشتووین و توانایان تێدایە كە ئەو پرسە چارەسەر بكەن، سوپاستان دەكەم.**

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**باشە ئێمە پرۆژەیەكمان هەیە، وەختی خۆی ئیقرار كراوە، بەڵێ، بەڵام بۆ كەسێك قسە لەسەر ئەوە ناكات بڵێ/ ئەم پرۆژەیە لە ئایندە هەموار بكرێ، یەعنی بۆ ئەو پرۆژەیەی كۆن ڕەت بكەینەوە، پرۆژەیەكی تر بێنینەوە، بە هەرحاڵ، پەیمان خان فەرموو.**

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من بە دڵنیاییەوە لەگەڵ ئەوەدام كە ئەو پرۆژە بڕیارە گفتوگۆی لەسەر بكرێ، قسەی لەسەر بكەین بەوەی كە پەسند بكرێ، لەبەر كۆمەڵێك سەبەب، یەعنی ئێمە حەقیقەتێك هەیە ڕاستە یاسا هەیە، یاسای ژمارە 7 هەیە كە لە ساڵی 2008 دەرچوێندراوە لەم پەرلەمانە، بەڵام حەقیقەتێك هەیە لەگەڵی دا كە گرفتی نیشتەجێبوون یەكێكە لە گرفتە هەرە گەورەكان، ئێمە بۆ ماوەی دوو ساڵە لەو خولەدا لە كاتی موناقەشە كردنی بودجەدا یەكێك لە ڕەخنەكان خۆمان وەكو ئەندامی پەرلەمان دەیگرین لە حكومەت، لە وەزارەتی پلاندانان بەشێوەیەكی تایبەتی، ئەوەیە كە پلانێكی ستراتیجی بەدی ناكرێ لە ناو پرۆژەی بودجەدا بە قەدەر ئەوەی هەر صەرف كردنە، بیر لەوە ناكرێتەوە كە ئەم صەرف كردنانە لە پلانێكی ئیستراتیجی دا قەیرانێك لە قەیرانەكان چارەسەر بكات، ئێستا بە بڕوای من یەكێك لەو خاڵە گرنگانەی كەوا دەكات ئێمە ئەو گلەییەمان نەمێنێ و لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئەم پرۆژەیە ئامادە كراوە، دەبێتە یەكێك لە پلانە ستراتیجییەكان بۆ داهاتوو، یەعنی دەكرێ ئەوە بكەینە خوتەیەكی پێنج ساڵی یان 10 ساڵی بۆ نەهێشتنی قەیرانی نیشتەجێبوون كە یاسای ژمارە 7 نەیتوانیوە ئەوە بكات، چونكە یاسایەكە یەعنی بە دەقیقتر دەكرێ بڵێین/ ئەم پرۆژە بڕیارە یاساكە لە قسەوە دەكات بە كردار، دەیكات بە كردارێك كە تۆ لە**

ماوەی پێنج ساڵ دا یان لە ماوەی 10 ساڵ دا لە ڕێی تەحدید کردنی بڕێکی دیاری کراو کە لێرە بە 80 ملیار دەستنیشان کراوە، تۆ بتوانی لە موددەیەکی قیاسی دیاری کراو دا کۆتایی بە گرفتی نیشتەجێبوون بێنی، ئەوە یەکێك لە ئیجابیاتەکانی ئەم پرۆژە بڕیارە، ئیجابیاتێکی تری ئەم پرۆژە بڕیارە ئەوەیە کە تەنانەت لە ڕووی هەندەسیشەوە موعالەجەی نیشتەجێبوونی کردووە، یاسای ژمارە 7 ڕاستە یاسایەکە بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونە، بەڵام ئەم یەکانە وەکو زۆربەی برادەرانی پێش من باسیان کرد، یەکەیەکە کە بەڕاستی خەڵکی کەم دەرامەت ناتوانێ تیایدا بەشدار بێ، تەحدیدیشی نەکردووە، بەڵام کە ئەم پرۆژە بڕیارە ئەو حاڵەتە دەبەستێتەوە، هەم لە ڕووی مەساحەوە، کە تۆ دەتوانی خەڵکێکی زۆرتر لە مەساحەیەکی دیاریکراودا جێگە بکەیتەوە، هەم لە ڕووی تێچوونیشەوە موعالەجەی ئەم حاڵەتەی کردووە، کەواتە لێرە پرسیار دەمێنێتەوە، مادام هەمووومان بەوانەی لەگەڵ ئەو پرۆژە بڕیارەین، بەوەی لەگەڵ ئەو پرۆژە بڕیارەدا نین، ئێمە لەگەڵ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبووندا ین، ئەوە چ زەرەرێکی هەیە کە تۆ یاسایەك هەیە دەزانی کۆتایی بە کێشەکە نەهێناوە ئیقراری پرۆژە بڕیارێك بکەی کە دەزانی باشترو چاکتر قەیرانێك چارەسەر دەکات؟ بۆیە من پشتیوانی ئەوەم کە ئەم پرۆژە بڕیارە دەنگی لەسەر بدەین، بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، کە بە تەصەوری من هیچ گرفتێك دروست ناکات بۆ ئەوەی کە ئێمە چاوەڕێی هەموارکردنەوەی یاسایەك بکەین کە هەموومان ئێمە لەم وڵاتەداین باش دەزانین هەتاکو یاسایەك هەموار دەکات ئێمە پرۆژە یاسامان هەیە لە ساڵی یەکەمی خوڵی سێهەمی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، هەتاکو ئێستا نەهاتۆتەوە موناقەشە کردن، ئینجا هەموارێك تەقدیم بکەیت و دوای هەموارەکە ڕەنگە دوایی لە خولی چوارەمی پەرلەمان دا پەسند بکرێت و دواتر تەعلیماتیش بە پێنج ساڵ دوای ئەوە بۆی دەردەچێ، یەعنی بۆیە ئێمە موشکیلەمان چیە ئەگەر ئەم پرۆژە بڕیارە چارەسەر بکەین؟ من پێموایە کە لە مەصلەحەتی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس، نوقتەی نیزامی یە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا، بەڵام هەست دەکەین ناگەین بە حەلێکی وا، ئەم یاسایە نە ڕەت بکرێ، ئەم پرۆژەیە نە ڕەت بکرێتەوە، نە بەو شێوازە پەسند بکرێت، حەلی سێیەم هەیە لێرەدا، چونکە ئەو وتەی بەڕێزان وتیان بۆ مەسەلەی پەسند کردنی کۆمەڵێك خاڵی تێدایە ڕاست دەکەن، بۆ ڕەت کردنەوەکەشی هەروایە، کێشەکەی ئێمە ئەوەیە ئاخۆ پەرلەمانی کوردستان تا چەند توانیویەتی بە ئەدای کارکردنی خۆی هەڵبستێت؟ چاودێری دام و دەزگای جێبەجێ کردن بکات؟ کێشەی ئێمە جێبەجێ نەکردنی یاسای 7، یەك، بمبووری دووەمیان ئەو کەم و کورپییانەی لەوێدایە، بۆیە پێشنیارێکی تر بێتە کایەوە، بەو ئەوەی کە کاك

نەریمان و کاك عبدالسلام کردیان، ئێمە لێرەدا ئەو خاڵانـەی کـەوا هەیـە بـۆ ئـەوەی ئـەو بڕیـارە جێبـەجێ بکرێتەوە لە یاسای ژمارە حەوت دا بخرێتە بەرنامەی کارەوە، سەقفێکی زەمەنی......

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە نوقتە نیزامییەکەت دەرچووی، ئاخر بـە نوقتـەی نیزامـی هـەموو وەختەکـە دەڕوات بەڕاسـتی، فـەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگام بدەی بە نوقتەی نیـزام وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی بـەڕێزت بدەمـەوە کـە وتـت بـۆ کـەس قسـەی لەسـەر یاسـای سـاڵی 2008 نـەکردووە؟ دیـارە بەدواداچـوون زۆر کـراوە، مـن بۆخـۆم دوو جـار، لـە خـولی پێشووش و ئەم خولەش پرسیارم ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پەیوەندیـدار کـردووە، تا ئێستا وەڵام نەدراوەمەتەوە، لە بودجەی ساڵی 2009، لە بودجەی ساڵی 2010، لە بودجەی ساڵی 2011 زۆربـەی ئەنـدامان قسـەیان لەسـەر ئـەم یاسـایە کـردووە، تـا ئێسـتا نەچـۆتە بـواری جێبـەجێ کردنـەوە، بەدواداچوون کراوە بەڵام وەڵامی نەبووە حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز اسماعیل / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئێستا چەند کاغەزێکیشمان بۆ هاتووە، دەڵێن بـا ئێمـە یاسـا کۆنەکـە هـەموار بکـەین، ئێمـە نـاتوانین قەراری هەموارکردنەکە بدەین لێرە، ناتوانین ئەوە بکـەین، بـەڵام بـا ئـاخیر کـەس کـاك حەمـە سـعید قسـە بکات، دوایی قسەی تر لەسەری دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم گرفتێك هەیە هەمیشە لە نێوان لێژنەی یاسایی و لێژنەکانی تـر دا کـە لێژنـەی یاسایی قسە لەسەر زاراوە یاساییەکان و ناوەڕۆکی زاراوە یاساییەکانی ناو یاساکە بکات، نەك پسپۆڕێتی یاسـا بکات، پسپۆڕێتی ئەم پرۆژە بڕیارە پسپۆڕییە سەبارەت بە لێژنەی ئاوەدانکردنەوە......

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز اسماعیل / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید هەموو ئەندام پەرلەمانێك حەقی هەیە ڕەئی خۆی بڵێ، ڕەئی خۆی دەڵێ.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـاڵێکی تـر یاسـای ژمـارە 7ی سـاڵی 2008 جێبـەجێ نـەکراوە، ئەگـەر جێبـەجێش بکـرێ ئـەو ئامـانج و ئەهدافانە ناپێکێ کە لە بڕیارەکـە هەیـە، نـابێ بـە بـەدیلی بڕیارەکە، ئەگـەر یاسـای ژمـارە 7 ئێمـە بێـنین هەمواری بکەین، دیسان ئەهدافەکانی بڕیارەکە ناپێکێ، خاڵێکی تـر بەڕاسـتی یاسـاکە بـۆ خـەڵکی عامـە، بـۆ هاووڵاتییە بە گشـتی، بـەڵام بڕیارەکـە بـۆ خـەڵکێکی، چـین و توێـژێکی زۆر مەحـدوودی دیـاری کـراوە، کـە

خەڵکی کەم دەرامەت و فەرمانبەری هەژار و داهاتیان مەحدوودە و بۆ کێشەیەکی مەحدودە، یاساکە کێشەی موەزەف و کێشەی خەڵکی کەم دەرامەت چارەسەر ناکات، بۆچی؟ چونکە لە بڕیارەکە وردەکاری زۆر هەیە، بۆ نموونە/ لە یاساکە داوای لە 10٪ی پێشەکی دەکات، کە خەڵکی موەزەفی هەژار، خەڵکی خوار هێڵی هەژاری لە 10٪ی نیە بیدات بە خانووەکە، کەواتە کێشەکان چارەسەر ناکات، خاڵێکی تر/ برینی مانگانە لە یاساکە زۆر زۆرە، بەڵام لە پرۆژە بڕیارەکەی ئێمەدا بڕەکەی کەم کردۆتەوە، خاڵێکی تر لە یاساکەدا داوای لە 1٪ی کولفە دەکات، کولفە زیاد بخرێتە سەر خانووەکان، بەڵام لە بڕیارەکەی ئێمە نەك داوای لە 15 دەکات، بەڵکو داوای عەفو کردنی نیوەی دەکات، خاڵێکی تر/ لە یاساکەدا مەساحەی خانووەکان فراوانە، مەساحەیەکی زۆرە، 130 مەتر و 150 مەترە کە بە خەڵکی هەژار و موەزەفی کەم دەرامەت و کە مووچەکانیان کەمە چارەسەر ناکرێت، بەڵام لە پرۆژە بڕیارەکەی ئێمە چۆتە ناو ئەو وردەکارییانەوە کە بە شێوەیەکی هەندەسەیی کێشەکەمان چارەسەر کردووە کە بە بینای عەموودییە، شوقەیە، مەساحەی 90 مەتر تا 100 مەتر، مەساحەی 60 مەتر تا 70 مەتر، خاڵێکی تر بەڕاستی من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ماوەی نزیکەی ساڵ و نیوێکە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و لەگەڵ دەستەی باڵای وەبەرهێنان دانیشتووین، گفتوگۆیەکی چڕوپڕمان کردووە لە بارەی ئەم کێشەی کرێچی، لە بارەی ئەم خانووانەی کە کۆمپانیاکان دروستیان دەکەن، ئەوانیش هاوڕان لەگەڵ ئێمەدا، کە بەم میکانیزمی کۆمپانیایانە، ئەوانەی کە کۆمپانیاکان یەکەی نیشتەجێ بوون دروست دەکرێ و دەعمی سندووقی نیشتەجێبوونی تیایە، بە هیچ شێوەیەك کێشەی کرێچێتی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت و فەرمانبەری هەژار ناکرێ، خۆیان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و دەستەی وەبەرهێنان وادەڵێن، ئەوانیش لەگەڵ ئێمەدان، هەردوولایەن دەستەی وەبەرهێنان هەموارکردنی یاساکەی و تەعلیماتی نوێی هەیە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەڕاستی ئەویش (proposal) و میکانیزمی تازەی هەیە کە گفتوگۆ و موناقەشەی بەینی لێژنەکەی ئێمە و وەزارەت، لەبەر ئەوە من پێموایە یاساکەش هەمواربکرێ هەر ئەو ئەهدافانە ناپێکێ، بۆیە ئەوە بۆ حاڵەتێکی مەسەلەن ئەم بڕیارە ساڵێ، دوو ساڵ جێبەجێ بکرێ کە ئەزمەی کرێچێتی، کە خەڵکی کەم دەرامەت، هەژار، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە، ئێستا کێشەیەکی زۆر هەیە لە شارو شارۆچکەکان دا کە بینای حکومەت و مەعەسکەرەکان، ئەو بینایانە، ئێستا بۆ نموونە شوققەکانی مەعهەدی پەیمانگای قالاوە، خەڵکێکی زۆر و ماڵێکی زۆری تیایە دەکرێ ئەوانە موەزەفیشن یان خەڵکی کەم دەرامەتن ئەو خانووانە دروست بکرێ و ئیلزام بکرێ بۆ ئەوەی بینای حکومەت چارەسەر بکرێ، زیادەڕەوی و تەجاوز نەکەن، کۆمەڵێ کێشەی تری پێ چارەسەر دەکرێ بە ئیزافەی هەژاری و بە ئیزافەی کرێچێتی، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز اسماعیل / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشك و برایان زۆر قسەیان کرد، تەبعەن شەش کەس قسەی کرد کە دەبێ گفتوگۆ بکرێ، پێنج کەس قسەی کرد کە ڕەت بکرێتەوە، بەڵام چەند ڕەئیەکی تریشمان بۆ هاتووە، هەندێ دەڵێن ئەوە دوابخرێ، ژمارەیەك پەرلەمانتار پێیان باشە هەمواری بکەن، یەعنی ئێمە ئەم قسە کردنانەی ئێستامان لەسەر ئەم

پرۆژە یاسایە تەئجیل بكرێ بۆ ئەوەی فەترەیەكی تر ژمارەیەك لە پەرلـەمانتارەكان یاسا كۆنەكـە هـەموار بكەن، ڕەئیەكی باش هاتۆتە پێشەوە، لەبەر ئـەوە ئەگـەر هـەموو قسـەتان كـرد نـەك، زۆربـەی زۆر قسـەتان كرد بەڕاستی، ئێستا مـن پـێش ئـەوەی قسـە بكـەن پـێم باشـە وەزیـری دارایـی لێرەیـە، ڕەئـی خـۆی لەسـەر هەندێك پرسیار و ئەو بابەتە ڕوون بكاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی دوو حاڵەت ئاراستەی من كرا كە وەڵام بدەمەوە، جارێ لە پێشەوە مـن بەڕاسـتی بـۆ بابـەتێكی تـر هاتبووم، ئەمرتان كردبـوو و ئامـادە بـووم، وا دیـارە ئـەم بابەتـەش ئێسـتا ئیسـارە كـراوە، یەكـەم/ بـە هـیچ شێوەیەك وەزارەتی دارایی ناتوانێت ماددەكانی موازەنـە جێبـەجێ نـەكات، ئەگـەر جێبـەجێی نـەكات، ئایـا خۆی پەرلەمان كە ئێستا وا دەڵێن، خوشكی ئازیزم كەوا دەڵێت، ئایا هاتن بۆ ئەوەی تـەحقیق بكـەن لەگـەڵ ئێمەدا لە وەزارەتی دارایی بـزانن بـۆ جێبـەجێمان نـەكردووە یـان بـۆ نـەكراوە؟ ئـەوە یـەك، ئەگـەر بێـت و وەزارەتی دارایی ماددەیەك جێبەجێ نەكات، من پێموایە حەقە پەرلەمان لەسـەر ئێمـە نەوەسـتێ، یەكسـەر موحاسەبەمان بكات، ئەوە یەك، ئینجا دێمە تەفاصیلی ئەوە، ئەم مەوزووعە، مەوزووعی ئـەم پارەیـەی كـە ئێستا تەخصیص كـراوە، ئەصـلەن ئـەوە بـە دەسـت وەزارەتـی مالیـە نیـە، پەرلـەمان پارەكـەی تەخصـیص كردووە، پارەكە مەوجوودە، من ناتوانم ئەو پارەیە دەستكاری بكـەم بـە پێـی ماددەیـەك لـە ماددەكـانی ئـەم ساڵی پەرلەمان كە موصادەقە كراوە، دەبێ پارەكە تەدبیر بكرێ و بكرێتـە سـندووقێكەوە، واتـا مـن نـاتوانم ئـەو پارەیـە بـە هـیچ شـێوەیەك وەكـو وەزارەتـی دارایـی بـۆ شـتێكی تـر ئیسـتیفادەی لـێ بكـەین، پارەكـە مەوجوودە، بەڵام من لێرە پرسیارم ئەوەیە، كـەی موازەنـە موصـادەقە كـرا؟ ئایـا وەزارەتـی ئاوەدانكردنـەوە ئەرزی پەیدا كرد؟ ئایا كەشفی كرد؟ ئایا دیزاینی كرد؟ ئایـا دای بـە موقەتەنـدەرینی كـرد؟ دایـە مقاوەلـە؟ داوا لە ئێمە كرا بە ڕەسمی پارە بدەین بۆ سلفەی یەكەمی مقاول یان بۆ پێشەكی ئـەو مقاولـە كـە بیدەینـە ئەو شەریكەیە؟ بەڕاستی من خۆم ئەو مەوزووعە بەلای مـن دا نـەهاتووە كـە داوایـان كردبـێ پـارە بـۆ ئـەو مەوزووعە، من وتێبتم ئەوە لەسەر وەبـەرهێنان بێـت، یـان لەسـەر ئـەوە بێـت، لەسـەر هـەر شـوێنێك بێـت پارەكە دانراوە و پەرلەمان تەخصیصی كردووە، پارەكە مورەصەدە، ئەوە حەزم كـرد ئـەوە ڕوون بكەمـەوە، ئەوە یەك، دووهەم/ بە نیسبەتی ئەم یاسایە ئەوەی ئێستا كە دەڵێن با حكومەت ئەوە لێرە مەوجوودە، من بەڕاستی ڕەئی حكومەتم لەلا نیـە كـە هـاتووم، هـەروەكو وتم بـۆ بابـەتێكی تـر هـاتم، ئـەم یاسـایەش لـەلای حكومەتەوە نەهاتووە پێموایە، كە ئێمە بڵێین ئەوە ڕەئیەكەمان ئەوەیە كە ناردوومانە بۆ ئێـرە، بۆیـە مـن ئەگەر مەسەلەی ڕەئی حكومەت بێ، دەبێ بگەڕێمەوە حكومەت و ڕەئی ئەوان بێنم، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز اسماعیل / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نیزامی یە؟ ڕەئی سێیەم فەرموو بزانم چیە؟

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە كاك ئەرسەلان يەعنى ئێمە وەكو لێژنـەی مـەعنى چـەند لەمێـژە دەسـتمان هـەڵبڕی كـەس هـينى نەكردين، من هەميشە لەم پەرلەمانە يەك كێشە دەبينمەوە، ئەويش ئەوەيـە ئـەم پـرۆژە ياسـايە خراوەتـە بەرنامەوە، وەكو ئەو برادەرانـە وتيـان ئـەوە پـێش پەسـندكردنى بودجـە ئـەم پـرۆژە ياسـايە پێشكەش بـە سەرۆكايەتى پەرلەمان كراوە، بەڵام كێشـەكە لەوەيـە بەڕاسـتى هـيچ تەنسـيقێك لـە بـەينى ليجـانى مـەعنى نـەبووە، لێژنـەی دارايـی، لێژنـەی ياسـايی، لێژنـەی ئاوەدانكردنـەوە، يـەعنى دەبـوو ئـەم سـێ لێژنەيـە كۆبوونەوەی خۆيان بكەن، ڕاپۆرت ئامادە بكەن، حكومەتيش بانگ بكرێ، بۆيە مـن ئێسـتا پێشـنيارى ئـەوە دەكـەم موناقەشـە كـردن لەسـەر ئـەم كۆبوونەوەيـە دوابخـرێ، هـەم حكومـەت، هـەم ليجـانى مـەعنيش كۆبوونەوەی هاوبەش بكەن، بڕيار لە تەعديل كردن دەدەن، ياخود بڕيـار لـە پێشكەش كردنـى ئـەم پـرۆژە ياسايە دەدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسلان بايز اسماعيل / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

با بزانين دوا ڕەئی لێژنەی ياسايی چيە؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلە لێرە هەمواركردن يان تەئجيل كردن يان موناقەشە كردن يـان نـەكردنى، رەفزكردنـی ئـەم ياسـايە، رەفز نەكردنى نييە، من پێموانيە نە لێژنەی ياسـايی، نـە سـەرۆكايەتى پەرلـەمان، نـە هـەموو ئەندامـەكان دژی ئەوە بن كە هيچ هاووڵاتييـەك لـە كوردسـتان دا بمێنێتـەوە بـە بـێ يەكەيـەكى نيشـتەجێ، هـەموومان هاوڕاين لەگەڵ ئەوەی يەكەيەكى نيشتەجێ بۆ هەموو هاووڵاتييـەكى كوردسـتان دابـين بكـرێ، بـەڵام ئێمـە ئێسـتا لەبـەردەم ياسـايەكداين كـە لـە سـاڵی 2008دا دەرچـووە، ئـەوە ياسـايەكە چۆتە بـوارى جێبـەجێ كردنەوە، لە بودجەی ئەمساڵدا 49 مليار دينارى بـۆ تەخصـيص كـراوە، جەنابى وەزيـر ئيشـارەی بـەو 49 مليـار دينـارە دا، ئەگـەر بێـت و ئـەم ياسـايەی ئێسـتا كـارى لەسـەر نـەكرێ و نەخرێتـە بـوارى جێبـەجێ كردنەوە، ئەوە بوەستێندرێ و موناقەشەی لەسەر نەكرێ، مەصيرى ئەم 49 مليار دينارە چی بەسەر دێت؟ وەكو جەنابى وەزير ئاشكرای كرد دەچێتە سندووقێكەوە، ئـەوە نـەك خزمـەت بـە ياساكە بگەيـەنێ، ئـەوە زەرەری لـە ياسـاكە دا، زەرەری لـە هـەموو هاووڵاتيـان دا كـە نەبنـە خـاوەنى يەكـەی نيشـتەجێبوون، (أمـا) مەسەلەی ئەوەی كە ئەم ياسايە جێبەجێ نەكراوە، نەواقيصى هەيـە، خزمـەتى هـەموو هاووڵاتيـان ناكـات، خزمەتى بێ دەرامەت ناكات، خزمەتى موەزەفى كـەم دەرامـەت ناكـات، ئـەوە مـەوزووعێكى تـرە، ئـەوەی كـە پێشكەش كراوە پرۆژە بڕيارە، ئەوە ياسايە، ياسا بە بڕيارێك تەعديل ناكرێ، پرۆژە ياسـا بـە پـرۆژە ياسـای هەمواركردن مـادە و بڕگـەكانى تەعـديل دەكـرێ، ئەگـەر بێـت و ئـەو بەڕێزانـەی ئـەو پرۆژەيـان پێشكەش كردووە بتوانن لە كـاتێكى داهـاتوودا پـرۆژە بڕيـارێكى تـر، پـرۆژە ياسـايەك پێشـكەش بكـەن، نـاوی بنـێن (پرۆژە ياسای هەمواركردنى ياسای ژمارە 7ی ساڵی 2008) لە هـەموو بڕگـە و ماددەكـانى بتـوانن هـەموار

بکەن، چەند بڕگە و ماددەیەکی بتوانن هەموار بکەن، ئەو کاتە دەکرێ قسەی لەسەر بکەن، بەڵام ئەم بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، ئەم خاڵەی کە باسی لەسەر کراوە بەرامبەر بە دوو ڕاپۆرتە، ڕاپۆرتێکیان ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی یە کە داوای رەفزکردنی دەکات، کە دەڵێت داوای رەفز کردنی دەکات بە دافیعی ئەوە نیە ئێمە لە لیژنەی یاسایی دژی ئەو کەسە بین لە کوردستان دا نەبێتە خاوەنی یەکەیەکی نیشتەجێ، ئەم رەئیە مەرفووزە موتلەقەن لەلای لیژنەی یاساییی، پێشموایە حەق بەخۆم دەدەم لەلای هەموو ئەندام پەرلەمانەکان ئەو قسە بکەم، مەرفووزە، هەموومان پێمان باشە هەموو هاووڵاتییەك خاوەن یەکەیەکی نیشتەجێ بێ، بەڵام ناکرێت ئێمە یاسا لەسەر یاسا دابنێین، یاسا بە یاسا تەعدیل دەکرێ، کاتێکیش موشەریع یاسا دەردەکات کە فەراغێکی تەشریعی لە وڵاتەکەدا هەبێ، ئێمە فەراغمان نیە، ئەمما ئەو یاسایە نەیتوانیوە ئەو هەدەفەی خۆی بپێکێ، بەسەرچاو، دەتوانێ پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکرێ، هەمواری بڕگە و ماددەکانی ئەم یاسایە بکرێ، لەبەر ئەوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، پێویستە ئێستا بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا رەفز بکرێت یاخود تەئید بکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز اسماعیل / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان قسەکانیان ئاراستەی خودی منیان کرد، کە من لەگەڵ ئەو پرۆژە بڕیارەدا نیم، واتا من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کوردستان دابین بکرێ، بەداخەوە پێم باش نەبوو بەو شێوەیە ئاراستەی من بکرێ، (بالعکس) من لەگەڵ ئەوەدام هەموو هاووڵاتیانی کوردستان ببنە خاوەن یەکەی نیشتەجێ بوون لە کوردستان، بە ئەمان و ئاسایش دا بژین، ئەوە ئومێدی منە لە ژیانی خۆم، من زۆر داکۆکیم لەو بابەتە کردووە، هیچ لەگەڵ ئەوەدانیم کۆمپانیاکان بێن لە کوردستان ئیش بکەن، پارەیەکی زۆر قازانج بکەن، بە چەند دەفتەر مولکەکەیان بفرۆشن کە حکومەت بۆیان تەخصیص دەکات بە پێی یاسای وەبەرهێنان، بێ بەرامبەر، بەڵام سوودەکە تەنها و تەنها بۆ کەسانێکە، بۆ کۆمپانیاکانە، بەڵام من دووپاتی دەکەمەوە، کە لەگەڵ ئەوەدام هەموو هاووڵاتیانی کوردستان سوودمەند بن و ببن بە ساحێبی خانوو یان یەکەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان، یان شوققە، گوتمان کە قانونی ژمارە 7ی ساڵی 2008 لە پەرلەمان دەرچووە، واتا ئێمە موقەصیرین کە وەکو پەرلەمانتار یان پەرلەمان بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی یاساکانمان نەکردووە، هەرچەندە من خودی خۆم نووسراوم ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، داوام کردووە لەوەی پێشتر کە یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2008 جێبەجێ بکرێت، نووسراوەکە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا، بۆ وەزارەتی دارایی کرا، هەندێك ئەندام پەرلەمان ئاماژەیان بەوەدا کە وەزارەتەکان جێبەجێی یاساکان دەکەن، باشە ئەگەر وەزارەتێك جێبەجێی یاساکە ناکات، بۆ داوا ناکات ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزە وەزیرەکە بێتە

بەردەم پەرلـەمان موحاسـەبە بكـرێ، سـەحبی سـیقەی لـێ بكـرێ، بڵـێ/ قانونێـك دەرچـووە بـۆ جێبـەجێی ناكەی، ئەوە كرایە؟ دوو/ ئەگەر قانونێك دەرچووە لە پەرلەمان جێبـەجێ نـاكرێ، واتـا برِیـاریش دەربچـێ جێبەجێ ناكرێ، ئەگەر مەبەستەكە ئەوە بێت، بەڵام ئێمـە نـابێ بـەو ئیسلوبە قسـە بكـەین، ئێمـە هـەموو هەدەفمان ئەوەیە دابین كردنی یەكەی نیشتەجێ بوون بۆ هەموو هاووڵاتیـانی كوردسـتان مسـۆگەر بكـەین، ئەوە ئومێدی ئێمەیە وەكو لێژنەی قانونی، مـن وەكـو ئەنـدام پەرلـەمان عـەونی بـەزاز، ئومێـدەوارم پـێش ئەوەی ڕۆژێك كە ژیانم لە دەست بدەم ببینم هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان كـەم دەرامەتـەكان بـە تایبەتی ببن بە ساحیب خانوو، ببن بە ساحیبی شوققە، بە خۆشی لە ژیانێكی ئارام دا بژین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز اسماعیل / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری دارایی حەقیەتی كە دەڵێ من بێ ئاگام لـەو مەوزووعـە، چونكە بـۆ ماددەیـەكی تـر هـاتووە، بەڵام من هەتا دوێنێش بەدواداچوونم لەگەڵ بەڕێزان بەڕێوەبەرایەتی گشـتی دارایـی كـرد و هـەتا جـەنابی لێرە نەبوو، ڕۆژی پێنـج شەممە ئێمە لەگەڵ هەندێ پەرلەمانتاران لە سلێمانی بەدواداچوونی زۆرم كردووە بۆ ئەو $49$ ملیارە، كێشەیەك هەیە وەزارەتی ئاوەدان كردنەوە خۆی فەرمانی پێـدراوە كـە بـەو یاسـایە كـار بكات، یاسای ژمـارە $7$ی $2008$، بەڕاستی ئـەو كێشـەیەی كـە بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی دارایـی باسـی دەكـەن، حەقیشیانە، ئەوە شتێكە وردەكاری خۆیانە كە دەڵێن ئەو $49$ ملیارە بۆمان دەبـێ ڕوون بكرێتـەوە، چـونكە ئێمە خۆتان دەزانن وەزارەتی پلاندانان پرۆژەی وەبەرهێنان دادەنـێ، ئێسـتا ئـەم یەكـەی نیشـتەجێبوونانە هەمووی دەبێ بە پرۆژەی لەسـەر بودجـەی وەبـەرهێنان، لەبـەر ئـەوە تكام وایـە بـەڕێزی ئـەم مەوزووعـە یەكلا بكرێتەوە، فەرمانیان پێ بدات كە ئیتر ئەوە نازانم چۆن دەخرێتـە سـندووقەوە، بـە عەكسـەوە دەبـێ لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بە پێی برِگەیەكی بودجە كە تەنسیقێك دەكەن، ئـەو پارەیـە وا بكرێـت كـە بـە شێوەی مقاوەلات لە بودجەی وەبەرهێنان دا دابنرێت، بە پێی ئەو ڕێژەی كە دانراوە بۆ هەر سێ پارێزگاكە ، چـونكە ئێسـتا ئـەوان لـە سـلێمانی هـەموو شـتێكیان ئامـادە كـردووە لـە زەوی و لـە هـەموو دەزگـای ئاوەدانكردنەوەی پرۆژەكان، پێیان وتین كە بۆ $228$ یەكەی نیشتەجێ بوون ئەوان هەموو شتێكیان ئامـادە كردووە، بەس چاوەڕێی ئەوەن كـە فـەرمان بـدرێت كـە تـەمویل بكـرێن و لەسـەر چ بودجەیـەك ئـەوە جـێ بەجێ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر موناقەشەی لەسەر كرا ئـەو مەوزوعـە ئەگـەر ئێسـتا مـەجال بـدەین هـەموو قسـەیان لەسـەری دەبێـت، خۆی دوو ڕەئی ئاشكرا هەیە، یەكێكیان دەڵێت ڕەد بكرێتەوە، ئەوەی تریان دەڵێ گفتوگۆی لەسـەر بكرێـت، بـەڵام مـن بـۆ خۆشـم ڕەئیـەكی تـرم هەیـە ئەگـەر مەجموعەیـەك لـە پەرلـەمانتاران ئەگـەر وەكـو دەڵـێن

خوانەخواستە ئەگەر ڕەد کرایەوە، بۆ هەموار کردنی، من خۆم ئەوەڵ کەس تەوقیعی دەکەم، وەعدیشتان پێ دەدەم لە نزیکترین فرسەت بیهێنینە بەرنامەی کار و موناقەشەی لەسەر بکەین، بەڵام مەجبورین وەکو سەرۆکایەتی بیخەینە دەنگدانەوە، چونکە هەر کەسەو قسەی خۆی کرد، کاك اسماعیل نوقتەی نیزامی نەبێت ڕاتدەگرم، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عمر زۆر تەوزیحی دا ئێمە خەریکین دەچینە هەڵەیەکی قانونیەوە، تۆ قانونت هەیە ویاسات هەیە، خەلەل لە یاساکە جێ بەجێ نەکراوە تا بزانین موزاعەفاتی هەیە، نوقسانی هەیە؟ ئەمە یەك، یەعنی ئێمە ئێستا باشە وای دابنێین بڕیار لەسەر ئەوە درا کە گفتوگۆ بکرێت، کەواتە ئۆتۆماتیکی چووینە ناو هەڵەیەکی قانونیەوە، دوای ئەوە ئێمە ئێستا لە موناقەشەی بودجە نین، یەعنی هەشتا ملیار لە کوێ بێنین ئێستا؟ ئێستا سەنەی مالی نیە، هەشتا ملیار لە کوێ پەیدای دەکەی و فەرزی بکەی لەسەر حکومەت؟ بۆیە بە قەناعەتی من هەموو تێبینیەکانم ئەوەی ئەو خوشك و برایانە باسیان کرد بەڵێ شتی زۆریان وت، بەڵام لە ڕاستی دا ئەوانە زۆری بە ڕێنمایی حەل دەکرێت و چارەسەری بۆی هەیە، بۆیە من داوا دەکەم، تەواو پشتیوانی لیژنەی یاسایی دەکەم ئەمە نەخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر خرایە دەنگدانەوە کارێکی نایاسایی دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهەرحاڵ موناقەشە زۆر کراو دەرگای موناقەشە دادەخەین، هەردوو ڕەئیەکان دەخەینە دەنگدانەوە، قسەکەی خۆم دەڵێمەوە جارێکی تریش ئەگەر دوای دەنگدانەکە ژمارەیەك پەرلەمانتار بۆ هەموار کردنەکەی هەوڵیان دا و شتێکیان تەقدیم کرد، من هاوکاریان دەبم، ئێستا بۆ جاری یەکەم ڕەد کردنەوەکەی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پرۆژە بڕیارە ڕەد بکرێتەوە؟ 21 لەگەڵ ئەوەیە کە ڕەد بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە گفتوگۆی لەسەر بکرێت؟ 26 کەس لەگەڵ ئەوەیە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بۆیە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، لیژنەی یاسایی فەقەرە، فەقەرە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکەین، لیژنەی یاسایی فەرموون، نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باس لە ڕەئی سێیەم کرا کە هەموو ئەو بۆچوونانەی کە لە پرۆژە بڕیارەکە هەیەو ئەوەی هی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە هەیە بۆ هەموار کردن بوو ئەوە نەخرا دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ناتوانین تەعدیل کردنی قانون لێرە بدەینە دەنگدانەوە ئایا ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کە قانون تەعدیل دەکەین یان قانون تەعدیل ناکەین، ئسوڵی تەعدیل کردنی قانون ڕێگای یاسایی خۆی هەیە بە ڕێگای یاسایی خۆی تەعدیلی قانون پێشکەش دەکرێت، بۆیە بەڕاستی ئەم ئیقتراحەمان بە نەزەری ئیعتبار وەرنەگرت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من گلەییم لە یەکەم لەحزەی دەست بەرز کردنەوە تەرحی ترم هەبووە، بەڵام بە نەزەری ئیعتبار وەرنەگیرا، لەناو پەرلەمانی کوردستاندا زیاد لە چەندین کەس بۆچوونی سێیەمیان دەربڕی، ئەو بۆچوونە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ و بە پێی عورفی پەرلەمانی دەبێ بە نەزەری ئیعتبار وەربگیردرێت، من ئێستا لەو کەسانەم کە دەنگم داوە ئەو پرۆژە یاسایە دوانەخرێت، بەڵام لەڕاستیدا لە باری قانونیەوە ئێمە ئیشتبا دەکەین، چونکە یاسایەکی تر هەیە، لەباری واقعیەوە پێویستی مەسەلەی نیشتەجێ بوون ئەو گرفتە وەکو خۆی حزوری هەیە، لەبەرئەوە، لە نێوان ئەم دوو حاڵەتە دا وەزعی سێیەم هەیە و دەبوو ئێمە بە دیقەت تر ئەمەشمان بە نەزەری ئیعتبار وەربگرتبایەو ئێستا نەچووە با ئیشی لەسەر بکەین، ئەم ڕەئی سێیەمە، بخرێتە دەنگدانەوە لەسەر چ بنەمایەك؟ لەسەر بنەمایەك ئەگەر قسەکانم تەواو بکەم، یەکەم، لەبەرئەوەی ئێمە لەگەڵ یاساکە ئەم پرۆژەیە تێهەڵکێش بکەین و لە چوارچێوەیەکی یاسایی وەکو هەموار کردنەوە، لێرە لەڕێگەی لیژنە پەیوەندارەکانەوە ماوەی زەمەنی تەحدید بکرێت لە دوو مانگ تێ پەڕ نەکات، ئەو پرۆژەیە جارێکی تر بێتەوە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی تەعاروز نەکات لەگەڵ قانونی پێشوو و ئەو گرفتانە چارەسەر بکات کە لەم پرۆژە بڕیارەدا هاتووە، لەو ڕوانگەیەوە بۆچوونی جدی و واقعی ئەوەیە ئەم مەسەلەیە بە هیچ حاڵەتێك ڕەد نەکرێتەوە، لە نێوان ڕەد کردنەوە و ڕەد نەکردنەوە دا حاڵەتی سێیەم هەیە، ئەویش دوابخرێت بۆ ماوەیەکی زەمەنی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندارەکان بە هەموو ئەندامەکانیەوە ڕێك بکەون کە جارێکی تر بهێندرێتەوە ناو پەرلەمان، باشە ئەگەر ئێمە فەراغی قانونیمان نیە ئیستنادی یەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیکاتە سەر لیژنەی قانونی بۆ؟ بۆ بەرنامەی کار لە دانیشتنەکاندا، بۆ ئەو کاتە قبوڵتان کردووە کە ئەمە بێتە بەرنامەی کارەوە و ئێمەش ڕووبەڕوی ئەم جەدەلە بیزەنتیە بکرێینەوەو هەموو جارێك و لە هەموو دانیشتنەکاندا؟ لەو ڕوانگەیەوە ئەم پرۆژەیە بە پرۆژەیەکی گرنگ بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان دەزانێ، مەسەلەی نیشتەجێ

بـوون و سـندوقی نیشـتەجێ بـوون و قـەرزی عـەقار و هـەموو ئەمانـە پرۆسـەیەکن حکومـەتی هـەرێمی کوردستان ئیشی لەسەر کردووەو خـەڵکی بەویـژدانیش هەسـت دەکـات ئـەو گۆڕانکاریانـە بـووە و خـەڵکیش بەرەبەر دەبێتە خـاوەن یەکـەی نیشـتەجێ بـوونی خـۆی، بـەڵام ئەمـە تـەکامولی نـەکردووە و پێویسـتی بـە دەفعەی زیاتر هەیە و پێویستی بە گوژمەی زیـاتر هەیـە و ئـەو پرۆژەیـە لەسـەر بنەمایـەك دارێـژراوە کـە ئەندامانی زۆرینەی فراکسیۆنەکان بە واقعیانە دایانڕشتووەتەوە و لەو ڕوانگەیەوە داواکارم ئەگەر لە نێوان ڕەد کردنـەوە و ڕەد نەکردنـەوە دا حاڵـەتی سـێیەم پەرلـەمانی بـەڕێز بـە نـەزەری ئیعتبـار وەری دەگرێـت، حاڵەتی سێیەم پەیڕەو بکرێت و ئەگەر نا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا سکرتێری پەرلەمان لەڕووی یاساییەوە ڕوونکردنەوەیەکتان دەداتێ، کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو پێشتریش ئیشارەتم پێی دا بە نیسـبەت تەعـدیلی یاسـا ئێمـە نـاتوانین لێـرەوە قـەراری لێ بـدەین، لەبەرئەوەی هەروەکو ئیشارەتم پێیدا لەبەرئـەوەی تەعـدیلی یاسـایەکە ڕێگـای یاسـایی خـۆی هەیـە، ئەگـەر تەقدیم کرا بـە تـەئکید پەرلەمان دەبێ خوێندنەوەی یەکەمی بـۆ بکـا لیجان ڕەئـی خۆیـان لەسـەری بـدەن، ئەمە یـەك، بـە نیسـبەت خـاڵی دووەم و پێشـنیاری دووەم ئێسـتا ڕەئـی پەرلـەمان وەرگـیرا لەسـەر گفتوگـۆ کردن، بەڵام دەکرێت ئەوەی کە کاك سالار دەیڵێت دواخستنی گفتوگۆکە ئیمکان هەیـە بدرێتـە دەنگدانـەوە بۆ ئەوەی زیـاتر مەوزوعەکـە دیراسـەت بکرێـت، ئەمـە ئیمکـان هەیـە بەڕاسـتی، لـەو بەینـەش ئەگـەر ئـەو تەعدیلە هاتە ئاراوە تێهەڵکێشەك بکرێت و بۆ تەعدیلێك کە بە شێوەی تەعدیلەکە بێتەوە ناو پەرلەمان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا هەمووومان موتەفقین لەسەر ئەوەی کە کێشەی نیشتەجێ بوون بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت، هەروەها بـە تایبـەتی بـۆ ئەوانـەی کـە کـەم دەرامـەتن، بۆیـە ئێمـە هـەمووومان موتەفقین لەسەر ئەوە، ئێمە لەبەردەم دوو حاڵەت داین، حاڵەتە یاسایەکمان هەیە کە جێ بـەجێ نـەکراوە، پرۆژە بڕیارێك کە بە تازەیی پێشکەش کراوە، بۆیە لەڕاستی دا بۆ ئـەوەی کـە ئێمـە هـەمووومان موتـەفقین دێین میکانیزمـە یاساییەکە چۆن بێـت، لەڕاسـتی دا مـن لەگـەڵ ڕێگاچـارەی سـێیەمم ئـەویش ئەوەیـە کـە گفتوگۆکە دوابخرێت بەمەبەستی ئەوەی لیژنـەیەکی هاوبەش لە نێوان لیژنە پەیوەنـدارەکان پێکبهێنـدرێت بە مەبەستی ئامادە کردنی پرۆژەیەك بۆ هەموار کردنی پرۆژە یاساکە کە ناوەڕۆکی ئەم پرۆژە بڕیارەی کە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین لەناو پرۆژە تەعدیلەکەدا ئامادە بێت تا بتـوانین هـەم پـرۆژە بڕیارەکـە کـە

ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەكەین یان قابیلی ئەوەیە كە خراوەتە دەنگدانەوە، ناوەڕۆكەكەی لەناو پرۆژە یاسایەكەی كە تەعدیلی پرۆژە یاسایەكەی پێ دەكەین ئامادە بێت، لەم حاڵەتەدا هەم مەفهومی پرۆژە بڕیارەكە حزوری دەبێت، هەمیش پرۆژە یاسایەكەی كە لە ڕابردوو دا هەبوو تەعدیل دەكرێت و هەمیش ئەو ئامانجەی كە دەمانەوێ لەڕاستی دا ئەوەیە كە كێشەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵكی كەم دەرامەت بە شێوەیەكی تایبەتی و بە شێوەیەكی گشتی چارەسەر بكەین و لە داهاتوو دا دەتوانین ئامانجەكە بپێكین، بۆیە تكام وایە لە سەر ڕێگای سێیەم كە ئەویش ئەوەیە دواخستنی گفتوگۆ بەمەبەستی هەموار كردنی پرۆژە یاساو مەفهومی پرۆژە بڕیارەكە بە یەكەوە بگونجێنین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی قانونی فەرموون، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە خیلافێك لە بەینی ڕاپۆرتەكاندا هەیە، ئەو ڕایەی كە كاك عمر نورەدینی دای ئەوە ڕەئیەكی زۆر سائیبە بۆ دواخستنی موناقەشەكە، بەڵام نەك ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە ببێتە پرۆژە یاسای هەموار كراو، دەكرێ لیژنەكان دابنیشن لەسەر ئەوە، ئەم پرۆژە بڕیارە، چونكە ئەمە پرۆژە بڕیارە قوەی قانونی لە یاسا كەمترە، ئەم ناتوانێ یاساكە هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام دەكرێ لە یاساكە بڕگە و ماددەكانی ئەو وەربگێردرێت بە ڕاپۆرتێكی موشتەرەك پێشكەش بكرێت ئەو كاتە گفتوگۆی لەسەر بكرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من هیچ جەدوایەك نابینم بۆ ئەم نیقاشە، ئەمە ئێستا خرایە دەنگدانەوە و بڕیار درا گفتوگۆی لەسەر بكەین، جەدوای دواخستنی ئەمە چیە؟ لیژنە بەڕێزەكان ئەوانەی مەعنین دیویانە، ئاوەدانكردنەوە و دارایی و یاسایی و هەموو دیویانە، بەڕێزان چەند جار تەئكیدیان كردەوە حكومەت ئاگادارە لە جێ بەجێ نەكردنی یاسای ژمارە 7 ی 2008 ، بڕێكی باش تەرخان كراوە كە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە پێی هەڵنەستاوە، ئێمە بكەوینە موناقەشە ئێستا نیوەمان كردبوو، ئەو سەرنج و تێبینیانەی بەڕێزان هەیانە، كەوا گومان دەبەن دەبێتە تەعاروز لە گەڵ ئەو و لە خودی موناقەشەكە قسەی لەسەر بكەن، دوای ئەوە ئەم بڕیارە بەڕاستی دەقاودەق تەعاروزی نیە لەگەڵ ئەو، ئەو باسی هاووڵاتیانەو ئەمە زۆر سنووداری كردووە و باسی فەرمانبەر و كەم دەرامەتەو، ئێستا ئێمە نیوەمان تەواو كردبوو، چ پێویست دەكات ئەوەندە دوای بخەین و دووبارە دوو مانگی تر و سێ مانگی تر و حكومەت وەرە سەر خەت و حكومەت بە ڕاشكاوانە و بەڕێز وەزیری دارایی دەڵێ لە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە هیچیان بە من نەوتووە، بەڕێزان لە

لیژنەكان دەڵێن حكومەتمان ئاگادار كردووەتەوە و وەڵامی نەداوینەتەوە، ئێستا لەسەر چ ئەساسێك دوای دەخەین؟ لیژنەیەك هەیە ئاگای لێ نەبێ و ئەمە پرۆژەیە تەوزیع نەكراوە، پێشتر نەمان دیوە؟ هەموومان دیومانە و قسەمان لەسەری كردووە، جەدوای دواخستنی نابینم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی لەڕاستیدا ئەم پێشنیارە تازەیە، ئەگەر وردی بكەینەوە پێشنیارەكە تازەیە، من پێم باشە ئەو پرۆژە بڕیارە چونكە پەیوەندی بە مەعیشەتی خەڵك و بە سوكنەی خەڵك هەیە، جۆرێك تەوافوقی عامی لەسەر بكەین، من فەقەت وەكو پرسیارەكە ئەگەر ئەمە هەندێ تاخیر بكرێت، گفتوگۆكەی بۆ چەند ڕۆژێكی دیكە چ لە مەسەلەكە دەگۆڕێ؟ بۆ ئەوەی تەوافوق لە نێوانی خۆتان دروست بكەن باشە، نەك دوایی ببێتە دەنگدان و خەڵكە فەقیرەكە دوایی زەرەرمەند بێت بەڕاستی، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو شت ئیتباع دەكرێت لە كاتی وادا، یەكێكیان پەیڕەوی ناوخۆ، یەكێكیان عورفی كارپێكراوە لە پەرلەماندا، هەم پەیڕەوی ناوخۆ و هەم عورفی كارپێكراو هەتاوەكو ئێستا لەم دوو ساڵەدا لە دوای دەنگدان ڕێگەی نەداوە بە هیچ پێشنیارێكی تازە، ئەگەر پێشنیارەكە سائیبیش بوو بێ و ئەگەر مەجالی ئەوەشی هەبووبێ كە جگە لەوەی كە.... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەزانی چۆنە یەك مولاحەزە، پێشی ئەو دەنگدانە كاغەزیان بۆ ئێمە نووسیوە، چەند كەسێك پێشنیاریان كردووە، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم/ نەخرایە دەنگدانەوە، دووەم/ حاڵەتی تری لەم جۆرە زۆر بووە كە قسەی زۆر سائیب و پێشنیاری زۆر باش و لە بەرژەوەندی خەڵك لە دوا دەنگدان هاتووە، بەڵام بە بەردەوامی نەهێڵدراوە ئەسڵەن بە نوقتەی نیزامیش قسەی لەسەر بكرێت، لەبەرئەوە تكایە پابەند بن بە پەیڕەوی ناوخۆ و عورفی موتەبەعەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من جارێكی تـر دەیڵێمـەوە، هەشتا ملیـار دینـار ئێستا لـە دەرەوەی بودجـە حكومـەت ئیلـزام دەكـەی، 49 ملیارەكـەشمان لـە كـیس دەچـێت، 49 ملیارەكـەش خـەڵك نـاتوانێ سـوودی لێ وەربگـرێ، ئایـا ئێمـە لەگـەڵ ئـەوەداین خـەڵك وا هەڵخەڵـەتێنین بڵـێین خـەیاڵێك هەیـە و نـاوی هەشـتا ملیـارە و بـەڵام نیـە، یـا ئێمـە بەدواداچوون بكەین بۆ 49 ملیارەكە كە ئێستا زۆر بە ڕاشكاوانە شلێر خان باسی كردووەو بەدواداچوونیان بۆ كردووە، بەڕێوبەری گشتی دارایی وتوویەتی ئێمە نازانین پارەكە لە كام لایە، مەعەل عیلم ئـەو بـەڕێزە زۆر باش دەزانێ پارەی سندووقی نیشـتەجێ بـوون لەسـەر وەبەرهێنانـە، خۆیـان زۆر بـاش دەزانـن دروست كردنی ئەشكالیەت بۆ ئەو 49 ملیارە ئەوەیە كێشەكە، نەك ئێمەبێین ئێستا پرۆژە بڕیار، دوای ئەوە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، تكایە بۆ ئەوەی، چونكە من گوێم لە هەندێ تەعلیقات بوو ئەمە هـیچ حساباتێكی تیـا نیە ئەم موناقەشاتانە هیچ حساباتێكی تیا نیە، ئەم موناقەشەیە تەنها بۆ ئەوەیە ئێمە خۆمان بخەینـە نـاو هەڵەی یاساییەوە بە بوونی یاسایەك پرۆژە بڕیارێك دەربكەین كە قـوەتی یاسـاكەی نیـە، حكومـەت تـاوەكو ئێستا یاساكەی جێ بەجێ نەكردووە، بڕیارەكە زەمانی چیە كە جـێ بـەجێ دەكرێـت؟ ئەمـە خـاڵی یەكـەم، خـاڵی دووەممـان ئەوەیـە بەڕاسـتی مـن و كۆمـەڵێك هەسـتاین باسـی خـەیاری سـێیەممان كـرد، بـەڕێز كـاك شێروان ئیشارەتی پێیـدا كـە نـاتوانرێ تـۆ بـە دەنگـدان بڵێـی هـەمواری دەكەمـەوە، بـەڵام خـۆ دەكرێـت بـە دەنگـدان دوای بخـەین بـۆ ئـەوەی كـە لێـرە هـاتووە و كـەموكورتی لـە یاسـاكە هەیـە، جـارێكی تـر دەیڵێمەوە، كەس تەفسیری ئەوە نەكات كە ئێمە دژی ئەوەین كە یەكەی نیشتەجێ بوون دەكرێت بۆ كەسـی فەقیر و هەژار و كەم دەرامەت، دوای ئەوە بیرمان نەچێتەوە یاساكە هەر زۆر كەس هەبووە لێرە دا لە كاتی بودجەدا داوای جێ بەجێ كردنی كردووە، بۆ ئێستا ئەو یاسایە بە كەموكورتیەكانیەوە ئەوسا ڕازی بـووین جێ بەجێ بكرێت، ئێستا دەمانـەوێ پـرۆژە بڕیـارێكی بكـەین بەسـەردا، بـەڕێزان مەسـڵەحەتی عامـە ئـەوە دەخوازێ ئێمە ئـەو پـرۆژە یاسـایە هـەموار بكەینـەوە و ئەگـەر ئـەو بڕیـارەش گفتوگۆی لەسـەر كـرا دەبـێ هەشتا ملیارەكە بكەوێتە ساڵی ئاییندەوە، چونكە پارە نیە، بەڵام 49ـەكە هەر لێی خۆش نابین، ئێمە دەبێ ئەمڕۆ ئەوە یەكلابكەینەوە بۆچی ئەو 49 بەڕاستی سەرف ناكرێت؟ بۆ ئەو ئەشكالیەتە دروست بكرێت؟ دەبێ لایەك لە لاكانی دەری بخات كە كەموكورتیەكە لە كوێ دایە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕاستی زۆر موناقەشە كرا، دەنگدان كرا، گفتوگۆی لەسـەر دەكرێت، بـەڵام ڕەئیـەك هەیـە ئـەو گفتوگۆیـە ئێستا بێت یان دوابخرێت؟ لەبەرئـەوە هـەردووكی دەخەینـە دەنگدانـەوە، قـانون وا ڕێگـا دەدات هـەردووكی بخەینـە دەنگدانـەوە، ئێمـە قـەرارمان داوە گفتوگـۆ بكرێـت، بـەڵام گفتوگۆیەكـە ژمارەیـەك دەڵـێن ئێسـتاو، ژمارەیەك دەڵێن نەخێر با دوابخرێت، لەبەرئەوە هەردووكی دەخەینە دەنگدانەوە، ئێسـتا ئـەوەی كـە دەڵـێ ئێسـتا گفتوگـۆی لەسـەر بكرێـت، تكایـە دەسـتی بەرزبكاتـەوە؟ باشـە، كـێ دەڵـێ موناقەشـەكە دوابخرێـت؟ گفتوگۆكە لەم بارەیەوە دوابخرێت، تكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ ئێستا گفتوگۆكە تـەئجیل كـرا، مـن وەعـدتان

پێ دەدەم هەوڵ بدەین بە زووترین کات من خۆم  تەرەف دەبم لەگەڵتان بۆ ئەوەی بەزووترین کات ئەو گفتوگۆیانە ئەنجام بدەین، فەرموون ئێستا بۆ فەقەرەی 5 لە بەرنامەی کار، کاکە شێخ فەرمووو.

**بەڕێزشێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەشکالێك هەیە ئێستا لەو مەوزوعەدا، ئێستا ئەوەی کە من تێی گەیشتووم فعلەن ئەمە خۆی ئەشکالە، پارەیەك تەخسیس کراوە کە 49 ملیار دینارە، ئەم پارەیە لە موازەنە 10٪ ی تەشغیلی هەڵگیراوە و دانراوە، بەڵام لە نەسی قانونەکەشدا نەهاتووە، ناڵێ بخرێتە سەر وەزارەتی تەختیت، چونکە ئەم پارەیە ئەگەر بۆ مەشاریع بێ دەبێ وەبەرهێنان سەرفی بکات، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا من تەئکید دەکەمەوە کە پارەکە دەبێ سەرف بکرێت، بەڵام دەبێ تەوزیحێك بدرێت بە ئێمە ئێستاکە ئایا هەر لەسەر تەشغیلیەکە سەرف بکرێت یان لەسەر وەبەرهێنان سەرف بکرێت؟ ئەوە نەهاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بڕۆنە سەر بڕگەی 5، کاك نەریمان ئەگەر لەسەر فەقەرەی پێشووە نیە، ئەگەر شتێکی تازەیە قەیناکات، دەی ئەگەر تازەیە فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەبەردەم پێشێلکاریەکی زۆر فەزیح و ئاشکرای پەیڕەوی ناوخۆین، لە یەکێك لەوانە.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی 5 لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ (خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە 26 ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە).

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتێکمان ئامادە کردووە، ئێستا بەهەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی دەیخوێنینەوە.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون التعديل الاول لقانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل رقم (26) لسنة 2007**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم 24/گەلاوێژ/2711 كوردي المصادف ليوم 2011/9/15 الميلادية لدراسة مشروع قانون (التعديل الاول لقانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل

**رقم 26 لسنة 2007)، هناك مشروعان بصدد تعديل قانون ضريبة الدخل، الاول مقدم من قبل مجلس الوزراء بالكتاب المرقم (765) في 2011/4/3 والثاني مقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (12) في 2010/5/3. وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى توحيد المشروعين وتقدم ملاحظاتها بالشكل الآتي:**

**اولا: تقترح اللجنة تغيير تسلسل الفقرات كتابة الى رقما و جعلها على شكل مواد به.**

**ثانيا: بالنسبة للفقرة (اولا) من المشروع تؤيد اصل الفقرة و تقترح اعادة صياغتها بالشكل الآتي نظرا لتكرار عبارة (بغض النظر) اكثر من مرة:**

**المادة الاولى:**

**تلغى الفقرة (ثانيا) من المادة الثانية من القانون رقم (26) لسنة 2007 و تعدل الفقرة الثانية من القرار رقم (520) لسنة 1987 بالشكل الآتي:**

**(تعفى من ضريبة الدخل معاملات الهبة بين الابوين و الابناء و بين الزوجين في العقار مهما تكررت و بغض النظر عن جنس العقار و استخدامه و كون الواهب و الموهوب له مقيما او غير مقيم).**

**ثالثا: تؤيد اصل الفقرة الواردة و تصبح بتسلسل المادة الثانية و بالشكل الآتي:**

**المادة الثانية:**

**تلغى الفقرة (ثالثا) من المادة (2)من قانون رقم (26) لسنة 2007، و اعادة العمل بالفقرة (20) من المادة (7) من قانون رقم (113) لسنة 1982 وتعدل الفقرة (20) بالشكل الآتي:**

**أ- الدار او الشقة المعدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع او بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع.**

**ب- قطعة ارض واحدة معدة للسكن على ان لا تزيد مساحة الارض المعدة للسكن المذكورة على (800) مترا مربعاً، فان زادت مساحتها عن هذا الحد خضعت الزيادة للضريبة.**

**ج- لا يستفيد المكلف من الاعفاء الوارد في البندين (أ،ب) من هذه الفقرة الا مرة واحدة خلال خمس سنوات من تاريخ التمتع بالاعفاء.**

**د- تلغي(د،ه،و،ز،ح،ط،ى) من الفقرة (20) من المادة السابعة من القانون.**

**رابعا: الغاء الفقرة (ثالثا) نظرا لعدم الحاجة الى التأكيد على تطبيق فقرة من القانون النافذ وهو قانون رقم (26) لسنة 2007.**

**خامسا: (الفقرة رابعا) تصبح بتسلسل (المادة الثالثة) ونقترح اعادة صياغتها بالشكل الآتي:**

**المادة الثالثة:**

تعدل الفقرة (ثامنا) من المادة (2) من قانون رقم (26) لسنة 2007 و يحل محلها ما يأتي:

(تفرض ضريبة مقطوعة بنسبة تصاعدية من قيمة العقار او حق التصرف فيه المقدر وفق احكام قانون تقدير قيمة العقار ومنافعه رقم (85) لسنة 1987 او البدل ايهما اكثر على مالك العقار او صاحب حق التصرف فيه عند نقل الملكية او حق التصرف بأية وسيلة من وسائل نقل الملكية او كسب حق التصرف او نقله كالبيع والمقايضة والمصالحة والتنازل وازالة الشيوع وتصفية الوقف او المساطحة ويعامل المستأجر معاملة المالك عند ايجار العقار الذي دخل في تصرفه بعقد المساطحة ويحتسب وفقا لما يأتي:

1- تنزل نسبة (50٪) من قيمة العقار المقدر او البدل ايهما اكثر قبل احتساب الضريبة.

2- يخضع للضريبة المبلغ المتبقى تحتسب كما يلي:

- 1٪ لغاية 100,000,000 مائة مليون دينار عراقي.

- 2٪ لما زاد عن 100,000,000 مائة مليون دينار عراقي و لغاية 200,000,000 مائتي مليون دينار عراقي.

- 3٪ ما زاد عن 200,000,000 مائتي مليون دينار عراقي و لغاية 300,000,000 ثلاثمائة مليون دينار عراقي.

- 5٪ مازاد عن300,000,000 ثلاثمائة مليون دينار عراقي.

* تقترح اللجنة اضافة مادة بتسلسل (المادة الرابعة) وبالشكل الآتي:

(تبقى القوانين و القرارات الضريبية المعمول بها في اقليم كوردستان نافذة المفعول وبما لا يتعارض مع احكام هذا القانون).

**الاسباب الموجبة**

تقترح اللجنة الاسباب الموجبة التالية للمشروع:

لتخفيف العبء الضريبي على كاهل المواطنين واعادة النظر في الاعفاءات الضريبية، فقد شرع هذا المشروع.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە کوردیەکەی بیخوێننەوە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

**ب/ راپۆرتێك دەربارەی پرۆژە یاسای یەکەمین هەمواری یاسای هەموار کردنی پیادە کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (26)ی ساڵی 2007**

**لیژنەی کاروباری یاسا رۆژی 24/ گەلاوێژ/ 2711ی کوردی بەرامبەر بە رۆژی 2011/9/15ی زایینی کۆبووەوە، بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای (یەکەمین هەمواری یاسای هەموار کردنی پیادە کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە 26ی ساڵی 2007). سەبارەت بە هەموار کردنی یاسای باجی دەرامەت دوو پرۆژە هەن. یەکەمیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە نووسراوی ژمارە (765) لە 2011/4/3دا پێشکەش کراوە، دووەمیشیان لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە لە پاش یەکەمین خوێندنەوەی لە پەرلەماندا لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (12)ی رۆژی 2010/5/3 ڕەوانەی لای لیژنەکەمان کراوە. لە پاش گفتوگۆ و راگۆڕینەوە، لیژنە گەیشتەی ئەوەی هەردوو پرۆژەکە بکاتە یەك و تێبینییەکانیشی بەم شێوەیەی دادێ پێشکەش دەکات:**

**یەکەم: پێشنیار دەکات ڕیزبەندی بڕگەکان لە (نووسین)ـەوە بکرێنە (ژمارە) و لە شێوەی مادده لە نێوانیادا دابندرێت.**

**دووەم: سەبارەت بە بڕگەی (یەکەم) لە پرۆژەکەدا پشتگیری لە بنەچەی بڕگەکە دەکەین و پێشنیاریش دەکەین بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە، لەبەر ئەوەی دەستەواژەی (بەدەر: بە چاوپۆشین) پتر لە جارێك دووبارە بووەتەوە.**

**ماددەی یەکەم:**

**بڕگەی (دووەم) لە ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007دا رەت دەکرێتەوە و بڕگەی دووەمیش لە بڕیاری ژمارە (520)ی ساڵی 1987 بەم شێوەیەی دادێ هەموار دەکرێت:**

**(باجی دەرامەت لە سەر مامەڵەی دیاریی نێوان دایك و باب و رۆڵەکانیان و نێوان هاوسەران (ژن و مێرد)دا لە خانووبەرەدا نامێنێت، هەرچەندی دووبارەش ببێتەوە و بە چاوپۆشین لە ڕەگەزی خانووبەرە و بەکارهێنانی و بەخشەر و پێ بەخشراو، یان نیشتەجێ بێت یان نانیشتەجێ).**

**سێیەم: پشتگیری لە بنەچەی بڕگەکە دەکەین وەك کە هەیە و لە ریزبەندەدا دەبێتە ماددەی دووەم و بەم شێوەیەی دادێ:**

**ماددەی دووەم:**

**بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (2) لە یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007دا رەت دەکرێتەوە و دووبارە کار بە بڕگەی (20) لە ماددەی (7) لە یاسای ژمارە (113)ی ساڵی 1982 دەکرێت و بڕگەی (20)یش بەم شێوەیەی دادێ هەموار دەکرێت:**

**أ- خانوو یان شوقەی ئامادە کراو بۆ نیشتەجێ بوون لە کاتی گواستنەوەی موڵکایەتییەکەی بە فرۆشتن یان بە هەر رێکارێك لە رێکارەکانی گواستنەوەی موڵکایەتی، هەقی فرۆشتنەکەشی هەرچەند بێت.**

ب- پارچە زەوی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێ بوون بە مەرجێك ڕووبەری ئەو زەوییە ناوبراوەی بۆ نیشتەجێ بوون ئامادە کراوە لە (800) مەتر دووجا زیاتر نەبێت، ئەگەر ڕووبەرەکەی لەوە زیاتر بوو، ئەوا زیادەکە باجی دەکەوێتە سەر.

ج-راسپێردراو (موکەللەف) لەو بەخشینەی لە هەردوو بەندی (أ،ب)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە سوومەند نابێت تەنیا بۆ یەك جار نەبێت لە ماوەی پێنج ساڵدا لە بەرواری سوود وەرگرتن لە بەخشینەکەوە.

د-(ع،هـ،و،ز،ح،ط،ی)ی

لە بڕگەی (20) لە ماددەی حەوتەمی ئەم یاسایە ڕەت دەکرێنەوە.

چوارەم: ڕەت کردنەوەی بڕگەی (سێیەم)، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات پیادە کردنی بڕگەیەك لە یاسایەکی کار پێ کراو کە یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007ـە دووپات بکرێتەوە.

پێنجەم: (بڕگەی چوارەم) بە ریزبەند دەبێتە (ماددەی سێیەم) و، پێشنیاریش دەکەین بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

ماددەی سێیەم:

بڕگەی (هەشتەم) لە ماددەی (2) لە یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 هەموار دەکرێت و ئەمە دادێ جێی دەگرێتەوە:

(باجێکی براوەی خانووبەرە بە ڕێژەیەکی روو لە سەر لە بەهای خانوو، یان ماڤ هەڵسوکەوت کردن پێی، کە بەپێی حوکمەکانی یاسای خەملاندنی بەهای خانوو و، سوودەکانی ژمارە (85)ی ساڵی 1987، یان کرێیەکە کە کامیان پتر بێت بە لای خاوەن خانووەکە، یان خاوەن ماڤ هەڵسوکەوت کردن پێیەوە لە کاتی گواستنەوەی موڵکایەتی، یان ماڤ هەڵسوکەوت کردن بە هەر هۆکارێك لە هۆکارەکانی گواستنەوەی موڵکایەتی، یان بەدەست هێنانی ماڤ هەڵسوکەوت کردن، یان گواستنەوەی وەك فرۆشتن و ئاڵوگۆڕ و ئاشتەوایی و دەست لێ هەڵگرتن و لادانی شیوع و پاکتاو کردنی وەقف، یان موساتەحەو کرێچییش مامەڵەی خاوەن موڵکی لەگەڵدا دەکرێت لە کاتی بە کرێدانی ئەو خانووەی چووەتە بەر هەڵسوکەوتی ئەووەوە بە گرێبەستێکی موساتەحەو، بەم جۆرەی دادێش هەژمار دەکرێت:

1- ڕێژەی (50٪)ی بەهای خەملێندراوی خانوو، یان کرێیەکەی دادەشکێندرێت، کە کامیان زیاترە بەر لە هەژمار کردنی باجەکە.

2- ئەو بڕەی دەمێنێت باجی دێتە سەرو بەم شێوەیەی دادێ هەژمار دەکرێت:

1- 1٪ تا 100,000,000 سەد ملیۆن دیناری عێراقی.

2- 2٪ بۆ ئەوەی لە 100,000,000 سەد ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕ دەکات تا 200,000,000 دوو سەد ملیۆن دیناری عێراقی.

3- 3٪ بۆ ئەوەی لە 200,000,000 دوو سەد ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕ دەکات تا 300,000,000 سێ سەد ملیۆن دیناری عێراقی.

4- 5٪ بۆ ئەوەی لە 300,000,000 سێ سەد ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕ دەكات.

* لێژنە پێشنیازدەكات ماددەیەك بە زنجیرەی (ماددەی چوارەم) بخرێتە سەرو بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ:

(یاساكان و بڕیارەكانی لە بارەی باجەوە كە كاریان پێ دەكرێ لە هەرێمی كوردستان وەكو خۆیان دەمێننەوەو جێبەجێ دەكرێن، بە مەرجێك لەگەل حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك نەبن).

**هۆیە پێویستیەكان**

لیژنە هۆیە پێویستیەكانی خوارەوە بۆ پڕۆژەكە پێشنیاز دەكات:

بۆ سووك كردنی بار گرانی باج لەسەر شانی هاوولاَتیان و چاوخشاندنەوە بە لێبووردنەكانی باج، ئەم پڕۆژەیە دەرچووێنرا. سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی راپۆرتتان تكایە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش خوێندنەوەی راپۆرتەكەمان، داوا لە بەڕێزتان دەكەین رەزامەندی بفەرموون بە هاتنی جێگری سەرۆكی لیژنەی دارایی و ئابووری كاك خورشید بۆ هاریكاریمان، لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەندامە بەڕێزەكان.**

لە هۆیە پێویستیەكانی ئەم پرۆژە یاسایە هەڵەیەكی چاپەمەنی تیا بوو لە كۆتایی هۆیە پێویستیەكاندا، كە دەڵێت ئەم پرۆژەیە، بۆیە من ئەو دێرە لەسەرەوە دەخوێنمەوە بەشێوە راستیەكەی:

لیژنە هۆیە پێویستیەكانی خوارەوە بۆ پرۆژەكە پێشنیاز دەكات:

بۆ سووك كردنی بار گرانی باج لەسەر شانی هاوولاَتیان و چاوخشاندنەوە بە لێبووردنەكانی باج ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوو پـرۆژە یاسا هـاتووە بـۆ لیژنـەی دارایـی و ئـابووری، یـەکێکیان/ لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانەوە هاتووە، بەنووسراوی سەرۆکایەتی ژمارە (ك498) لە (2011/5/5).**

**ئەویتریان/ پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای دەرامەت، بە نووسـراوی ژمـارە (ك499) لـە (2011/5/5) کـە لەلایـەن حکومەتـەوە هـاتووە، لیژنـەی دارایـی راپـۆرتی خـۆی لەسـەر ئامـادە کـردووە، ئـەو راپۆرتـەی ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان کـردووە بـە نووسـراوی (193) لـە (2011/7/20)، کـە پوختـەی کۆنووسەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

**لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کۆنووسی ژمارە (102)، رێکەوتی 2011/7/19**

**ئاماژە بە هەردوو نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان:**

**1- نووسـراوی ژمـارە (ك/498) لـە (2011/5/5)، هـاوپێچ لەگـەڵ وێنەیـەك لـە دەقـی پـرۆژە یاسـای (هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە 26ی ساڵی 2007)، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەنـدامانی پەرلـەمان پێشنیارکراوە، لە دانیشتنی ژمارە (12)ی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (2011/5/3) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.**

**2- نووسراوی سەرۆکایەتی ژمارە (ك/499) لە (2011/5/5)، هاوپێچ لەگەڵ وێنەیـەك لـە دەقـی پـرۆژە یاسـای (هـەموارکردنی یەکـەمی یاسـای ژمـارە 26ی سـاڵی 2007)، کـە لەلایـەن سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان پێشـنیار کـراوە بـە نووسـراوی ژمـارە (765) لـە (2011/4/3)، کـە لـە دانیشتنی ژمارە (12)ی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (2011/5/3) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.**

**هەردوو پرۆژە یاساکە دەربارەی هەموارکردنی یاسای باجی دەرامەتە لە هەرێمی کوردستان، لیژنەکەمان بە هەماهەنگی لەگـەڵ لیژنـەی یاسـایی میوانـداری نوێنـەرانی وەزارەتـی داراییـان کـرد لـە لیژنـەی یاسـایی لـە ڕێکەوتی (2011/6/27) بۆ گفتوگۆ کـردن لەسـەر ئـەم پـرۆژە یاسـایە، چـەندین بـیرو بۆچـوون لـەنێوان هەردوولا ئاڵوگۆڕ کرا لەو بارەیەوە. میوانەکان بریتی بوون لە بەڕێزان:**

**⋆ بەڕێز بێستون محمد کریم/ بەڕێوەبەری گشتی باجەکان/ سلێمانی**

**⋆ بەڕێز نیهاد ابراهیم جۆزەلی/ بەڕێوەبەری باجەکان/ هەولێر**

**⋆ بەڕێز عبدالجبار رشید محمد/ بەڕێوەبەری جێبەجێ کار/ سلێمانی**

بـۆ ئـەم مەبەسـتە لیژنەکـەمان (102)ـەمین کۆبوونـەوەی نائاسـایی خـۆی ئەنجامـدا لـە بـەرواری (2011/7/19)، بۆ لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لەسەر هەردوو پرۆژە یاساکەو، بەزۆرینەی دەنگی ئامادە بووان گەیشتە ئەم تێبینی و بڕیارانەی خوارەوە:

یەکەم/ تا ڕادەیەك هەردوو پرۆژەکە نـزیکن لەیەکەوە، بـەڵام ئـەو پرۆژەیـەی کـە لـە حکومەتـەوە هـاتووە ڕوونترو فراوانترە، بۆیە لیژنەکەمان هەوڵ دەدات لەم کۆنووسەدا کـەڵك وەرگرێـت لەهـەردوو پرۆژەکـە، بـۆ کەم کردنەوەی قورسایی دانی باج لەلایەن هاووڵاتیانەوەو، کەمکردنەوەی ڕۆتـین و ئـاڵۆزی و دواکـەوتن لـە جێبەجێ کردنی مامەڵەی هاووڵاتیان، بەم شێوەیەی لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەکرێت.

دووەم/ دەربارەی (یەکەم) لە پرۆژەی پێشنیارکراوی حکومەت دەربارەی پووچەڵ کردنەوەی بڕگەی (ثانیاً) لە (المادة الثانیة)، کە لە پرۆژەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانیشدا هـاتووە، لـە یاسـای ژمـارە (26)ی ساڵی 2006و، هەموارکردنی بڕگەی (2) لە بڕیاری (520)ی ساڵی 1987، کە لە پرۆژەی حکومەتدا بـەم شێوەی خوارەوە هاتووە:

{تعفى من الضريبة معاملات الهبة بين الأبوين والأبناء وبين الزوجين مهما تكررت وبغض النظر عن جنس العقار واستخدامه وبغض النظر كون الواهب والموهوب له مقيماً او غير مقيماً}.

بڕیاری لیژنە:

لیژنەکەمان ڕەزامەندە لەسەر دەقی ئەم گۆڕانکاریەو، پێشنیار دەکات بە زیاد کردنی وشـەی (الاشـقاء)، واتـا { بين الأبوين والأبناء والأشقاء}.

سێیەم/ دەربارەی (دووەم) لـە پـرۆژە یاسـای حکومـەت لـەبارەی پووچـەڵ کردنـەوەی (سـێیەم) لـە مـاددەی (2)ی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007، کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانیش ئاماژەی بـەم پووچـەڵ کردنەوەیە داوەو، گەڕانەوە بۆ بڕگەی (20)ی ماددەی (7)ی یاسـای بـاجی دەرامـەت ژمـارە (113)ی سـاڵی 1982 هەموارکراو و، هەموارکردنی بڕگەی (20) بەم شێوەیەی خوارەوە:

یاخود (أ) وەکو لە پرۆژەکە هاتووە:

أ- الدار او الشقة المعدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع او بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع.

ب- قطعة ارض واحدة معدة للسكن على ان لا تزيد مساحة الأرض المعدة للسكن المذكورة على (800) متراً مربعاً، فأن زادت مساحتها عن هذا الحد خضعت الزيادة للضريبة.

ج- لا يستفيد المكلف من الأعفاء الوارد في البندين (أ و ب) من هذه الفقرة الا مرة واحدة خلال خمس سنوات من تأريخ التمتع بالأعفاء.

د- تلغى (د، هـ، و، ز، ح، ط، ي) من الفقرة (20) من المادة السابعة من القانون.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم/ دەربارەی (سێیەم ) لە پـرۆژە یاسـای حکومـەت کـە ئامـاژە بـە کـارکردن بـە (حەوتـەم) دەکـات لـە (ماددەی دووەم) لە یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007، کە ژمارەی یاسایی ئەنـدامانی پەرلـەمانیش ئامـاژەی

**پێدەدات، دوای گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئاماژە پێدراو لەسەرەوە، ئەم خاڵە پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات وەك لە (سێیەم)ی پرۆژەی حکومەتدا هاتووە، بەهۆی ئەوەی لە خاڵی (دووەم)ی پرۆژەی حکومەتدا بە هەموارکراوی هاتووە، پرۆژەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانیش ئاماژە بەم پووچەڵ کردنەوەیە دەدات، واتە کار بە (سێیەم) نەکرێت و، بسڕێتەوە لە پرۆژە یاساکە.**

**بڕیاری لیژنە:**

**ئەم پێشنیارەی حکومەت لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆی لەسەر کراو دواتر بە نووسراوی فەرمی ئاگاداری لیژنەی دارایی کراو، پەسندە.**

**پێنجەم/ دەربارەی (چوارەم) لە پرۆژە یاسای حکومەت لەسەر هەموارکردنی بڕگەی (هەشتەم) لە ماددەی (2) یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007، ئەم دەقەی خوارەوە بخرێتە شوێنی:**

**(تفرض ضريبة مقطوعة بنسبة تصاعدية من قيمة العقار او حق التصرف فية المقدر وفق احكام قانون تقدير قيمة العقار ومنافعه رقم (85) لسنة 1978 او البدل ايهما اكثر على مالك العقار او صاحب حق التصرف فيه عند نقل الملكية او حق التصرف بأية وسيلة من وسائل نقل الملكية او كسب حق التصرف او نقله كالبيع والمقايضة والمصالحة والتنازل وازالة الشيوع وتصفية الوقف او المساطحة ويعامل المستأجر معاملة المالك عند ايجار العقار الذي دخل في تصرفه بعقد المساطحة وتحتسب وفقاً لمايلي:**

**1- تنزل نسبة (50٪) من قيمة العقار المقدر او البدل ايهما اكثر قبل احتساب الضريبة.**

**2- يخضع للضريبة المبلغ المتبقي وتحتسب كما يلي:**

**100000000 × 1٪ ، ما زاد عن 100000000 × 2٪، ما زاد عن 200000000 × 3٪، ما زاد عن 300000000 × 5٪**

**3- تطبق الفقرة (1) اعلاه على الحصة او السهام المباعة من العقارات المفرزة بصورة غير رسمية ايضاً بنسبة السهام او الحصص.**

**4-لا تسرى احكام الفقرة (1) اعلاه اذا كان البائع قد نقل ملكية حصة او سهم مما يملكه من عقار مالم قد يكن مضى اكثر من سنة على تاريخ نقل الحصة او السهم.**

**لە هەمان کاتدا لە پرۆژە یاسای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان لە (ثانیا) ئاماژە بە پووچەڵ کردنەوەی بڕگەی (هەشتەم) دەکەن لە ماددەی (2)ی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007و، هەموارکردنی بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**{تستوفي دائرة التسجيل العقاري المختصة اثناء اجراء معاملات نقل ملكية العقار من البائع غير المشمول بالفقرة (اولاً) اعلاه ضريبة بنسبة 0,5٪ وتقيد ايراداً لخزينة الاقليم دون حاجة الى احالة المعاملة الى دائرة الضريبة في الاقليم}.**

**بڕیاری لیژنە:**

**بەپێی بۆچوونی لیژنە هەموارکردنی بڕگەی (هەشت) لە ماددەی (2) بەپێی پڕۆژە یاسای حکومەت وردترو زانستی ترو یاسایی ترە، بەڵام پێویستی بە ئەنجامدانی مامەڵەی درێژخایەن و ڕۆتینی ئیداری و هەڵسەنگاندنی دارایی هەیە.**

**لە هەمان کاتدا هەموارکردنی بڕگەی ناوبراو بەپێی پڕۆژە یاسای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئاسانترە بۆ جێ بەجێ کردن و کەمکردنەوەی ڕۆتینی ئیداریو بارسووکی لەسەرشانی هاوولاّتیو دەزگا ئیداریەکانی حکومەت.**

**بڕیار:**

**لیژنە بە باشی دەزانێت کە هەردوو پێشنیارەکە لە هۆڵی پەرلەمان یەکلایی بکرێتەوە، بەهۆی هەستیاری بابەتەکەو، پێشنیار دەکەین بۆ وەرگرتنی ڕای نوێنەرانی حکومەت و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بۆ بڕیاری کۆتایی. بەم جۆرە کۆنووس داخراو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری خوێندراریەوە، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری، دوای دەخەین بۆ بەیانی سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ، لەبەر ئەوەی دانیشتنی ئەمڕۆ کۆتایی هات، بەخێر بێن.**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**